ن/ حامد الحمدانی

# نوری سەعید

## پیاوی ئەرکە مەزنەکانی بەریتانیا

**و/ خالید هەرکی**

## پێشکەش

پێشکەشە بەو بستۆکەی لێی هاتمە دونیاو چاوم لێێ کرایەوەو لێێ فێری هەمو شتێکی باش بوم ، پێشکەشە بە شارە بێنازەکەم مەسیف بە سەربەن بە پیرمام بە ناوداران .
.
بە قەسری ژمارە هەشت و هەوارگە خۆشەکەی جاران.

## پێڕسک

-------------


**پێشەکیی وەرگێر** .

**بەشی یەکەم :**

**نوری سەعید کێیە؟**

**بەشی دووەم:**

نوری سەعید بەرهەڵستکارانی پەیماننامەی 1922 سەرکوت دەکا.
یەکەم /حکومەت هەلمەتێکی رەشبگیر دژی بەرهەڵستکاران دەست پێدەکا.
دووەم/ چۆن بریاری پەیمانی 1922 سەپێندرا ؟
سێیەم/ گەل تەحەددا دەکاو حکومەتیش تەقە لە خۆپیشاندەران دەکا.
چوارەم/ پەرلەمان بە شەو کۆدەبێتەوەو لە ژێر هەرەشە ی نوێنەری سامیی بەریتانی بریار لەسەر پەیمانەکە دەدا .
پێنجەم/ دەقی پەیماننامەی ساڵی 1922.

بەشی سێیەم:

ئەرکی وەزارەتەکەی نوری سەعید بریاردانە لەسەر پەیماننامەی 1922.

یەکەم/ جەعفەر عەسکەری لە بریاردان لەسەر پەیماننامەکە سەرکەوتو نابێ وحکومەتەکەی دەست لەکار دەکێشێتەوە .
دووەم/ عەبدولموحسین ئەلسەعدون لە بریاردان لەسەر پەیماننامەکە سەرکەوتو نابێ، خۆدەکوژێ.
.
سێیەم/ نوری سەعید وەزارەت پێک دەهێنێ،ئەرکی بریاردانی پەیماننامەکە لە ئەستۆ دەگرێ .
چوارەم/ رێکارەکانی نوری سەعید بۆ مسۆگەر کردنی پەیماننامەی 1930 .
پێنجەم/ دەقی پەیماننامەی 30ی حوزەیرانی 1930 .
شەشەم/ پیاوەکانی دەولەت سەبارەت بە پەیماننامە چیان ووتوە؟
حەوتەم/ مان گرتن و خۆپیشاندانەکان سەرتاسەری عێراقیان گرتەوە.
هەشتەم/ نوری سەعید شۆرشی شێخ مەحمود دادەمرکێنێ .

بەشی چوارەم:

لە ژێر فشاری گەورە کۆمیسەری بەریتانی ، نوری سەعید دووبارە وەزارەت پێک دەهێنێ .
یەکەم/ ناکۆکیەکانی ناو وەزارەت و دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتی نوری سەعید.
دووەم/ گەورە کۆمیسەر زۆر لە مەلیک دەکا تا داوا لە نوری سەعید بکا وەزارەت پێکبهێنێ.
سێیەم/ مەلیک فەیسەل داوا لە نوری سەعید دەکا دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتەکەی رابگەیەنێ .
چوارەم /نوری سەعید شۆرشی بارزان سەرکوت دەکا .
پێنجەم / عێراق دەچێتە ناو (کۆمەڵەی نەتەوەکان) و کۆتایی هاتن بە پەیماننامەی 1930.
شەشەم/ مەلیک فەیسەل داوا لە سەعید دەکا دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی رابگەیەنێ .

بەشی پێنجەم:

مردنی مەلیک فەیسەل ، جێنشین غازی ئەرکی پادشایەتی دەگرێتە ئەستۆ.

یەکەم / مردنی مەلیک فەیسەل لە دۆخێکی ناروندا .
دووەم/ نوری سەعید و ئینگلیز گومان لە مردنی مەلیک فەیسەل دەکەن .
سێیەم/ نوری سەعید لەهەولی دورخستنەوەی مەلیک غازیدایە .
چوارەم / کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە نەجەف .
پێنجەم/ شۆڕشی خێلە عێراقیەکان لە فوراتی ناوەراست(ئەوسەت).
شەشەم/ پەرە سەندنی شۆڕش و راسپاردنی یاسین هاشمی بۆ پێکهێنانی وەزارەتی نوێ .

بەشی شەشەم:

کودەتای بەکر سدقیی ساڵی 1936

یەکەم/ کودەتای بەکر سدقی وپێکهێنانی حکومەت بە سەرۆکایەتی حیکمەت سلێمان.
دووەم/ کوشتنی جەعفەر عەسکەری و راکردنی نوری سەعید .
سێیەم/ کوشتنی بەکر سدقی ، مەدفەعی حکومەت پێکدەهێنێ .
چوارەم / نوری سەعید پیلان بۆ سەرنگونکردنی حکومەت دەگێری.
پێنجەم/ لەژێر فشاری چوار جەنەرالەکە حکومەتی مەدفەعی دەروخێ ، نوری سەعید حکومەت پێکدەهێنێو تۆلە لە کودەتاچیەکان دەسێنێتەوە .

بەشی حەوتەم:

کوشتنی مەلیک غازی .

یەکەم/ بەریتانیاو نوری سەعید پیلان لەسەر مەلیک غازی دەگێرن.
دووەم/ کوشتنی مەلیک غازی .
سێیەم/ فەیسەلی منداڵ دەبێتە پادشاو وەسی (الوصی عبدالاله) دەبێتە پێسپێردراو(وصی).
چوارەم / دەست لەکار کێشانەوەی نوری سەعید، دوبارە رایدەسپێرن بە دامەزراندنی کابینە وەزاریی نوێ .
پێنجەم/ نوری سەعید پەرلەمان هەلدەوەشێنێتەوە .
شەشەم/ نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالاله) پیلان دژی سوریا دەگێرن بۆئەوەی بیخەنە سەر عێراق.

بەشی هەشتەم:

جەنگی دووەمی جیهانی، بزوتنەوەی گەیلانی.

یەکەم/ جەنگی دووەمی جیهانی و بزوتنەوەی گەیلانی و هەلوێستەکانی نوری سەعید.
دووەم/ نوری سەعید بۆ جاری پێنجەم حکومەت پێکدەهێنێ .

سێیەم/ رەشید عالی کابینەی وەزاری پێکدەهێنێ .
چوارەم/ گۆرانکارەکانی پەیوەندیەکانی عێراق و ئەلمانیا، عێراق و بەریتانیا .
پێنجەم/ قەیرانێکی مەترسیدار لە نێوان وەسی (الوصی عبدالالە) و گەیلانی ودەست لەکارکێشانەوەی وەزاری .
شەشەم/ وەسی (الوصی عبدالالە) تەها هاشمی رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری.
حەوتەم/ بزوتنەوەی گەیلانی و چوار جەنەرالەکەو هەلوێستی نوری سەعید .
هەشتەم/ دور خستنەوەی وەسی (الوصی عبدالالە) و دانانیالشریف شەرەف لە شوێنی وەکو پێسپێردراو(وصی) .
نۆهەم/ هێزەکانی بەریتانیا حکومەتی گەیلانی دەروخێنن، وەسی (الوصی عبدالالە) دەگێرنەوە.

بەشی نۆیەم:
نوری سەعید وەزارەت پێکدەهێنێو تۆلە لە کودەتاچیەکان دەکاتەوە .

یەکەم/ نوری سەعیدکابینەی وەزاریی شەشەم پێکدەهێنێ و تۆلە لە کودەتا چیەکان دەکاتەوە.
دووەم/ نوری سەعید عێراق لە شەری ئیمپریالیزم دەئاخنێ .
سێیەم/ نوری سەعید دەستور هەمواردەکاتەوەو وەسی (الوصی عبدالالە) دەکاتە جێنیش.
چوارەم/ نوری سەعید ساختەکاری لە هەلبژاردنەکاندا دەکاو کابینەی وەزاریی هەشتەم پێکدەهێنێ .
پێنجەم/ ناکۆکیەکانی نێوان نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالالە) و دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتی نوری سەعید.

بەشی دەیەم:

نوری سەعید دەگەرێتەوە سەر حوکم و کابینەی نۆیەم پێکدەهێنێ .

یەکەم/ ئەو بارو دۆخانەی بونە هاوکار بۆ گەرانەوەی نوری سەعید بۆ سەر حوکم.
دووەم/ نوری سەعید کابینەی نۆیەمی خۆی پێکدەهێنێ .
سێیەم/ نوری سەعید کەش و هەوایەکی لەبار سازدەکا بۆ هاوپەیمانێتیەکی نوی لەگەل بەریتانیا .
چوارەم/ حزبە نیشتمانیەکان بەیاننامەیەک دەردەکەن رەخنە لەحکومەت و پرۆژەکانی دەگرن .
پێنجەم/ دەست لەکار کێشانەوەی نوری سەعید و راسپاردنی صالح جەبر بۆ کابینەی نوێ .
شەشەم/ هەوڵی سەپاندنی پەیماننامەی (پۆرت سمۆث) و رۆلی نوری سەعید.
حەوتەم/ دەستپێکردنی راپەرینی کانونی دووەم و روخانی کابینەی وەزاری.

بەشی یانزەهەم:

گەرانەوەی نوری سەعید بۆ سەرشانۆ.

یەکەم/ نوری سەعید دوبارە دەگەرێتەوە سەرشانۆ .
دووەم/ لەبار بردنی کێشەی فەلەستین .
سێیەم/ نەهێشتنی ئاسەواری راپەرین و سوکایەتی کردن بەکەسایەتیە نیشتمانیەکان.
چوارەم/ نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالالە) و ئیمپریالیستەکان پیلان دژی سوریا دەگێرن.
پێنجەم/ نوری سەعید حزبی یەکێتی دەستوری دادەمەزرێنێ.

بەشی دوانزەهەم:

نوری سەعید و دانوستانەکانی نەوتو هاوپەیمانیەکانی سەربازیی.

یەکەم/ ئەرکە نوێکانی حکومەتی نوری سەعید ..
دووەم/ نوری سەعید هەولدەدا عێراق بە پەیمان و نەخشەکانی ئیمپریالیزم ببەستێتەوە.
سێیەم / نوری سەعید دانوستان لەگەل کۆمپانیا نەوتیەکانی بەریتانی و ئەمریکی دەکا.
چوارەم/ نوری سەعید بەردەوام دەبێ لە قەلاچۆکردنی حزبی شیوعی و بزوتنەوە نیشتمانیەکان.
پێنجەم/ نوری سەعید و کێشەی کورد .
شەشەم/ شۆڕشی بارزانی بە رابەرایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی .
حەوتەم/ شۆڕشی کوردی بە رابەرایەتی بەرێز موستەفای بارزانی.

بەشی سیانزەهەم:

تێکچونی باری ئابوری و سیاسیی ولات.

یەکەم/ یاداشتە بەرزکراوەکانی حزبە نیشتمانیەکان بۆ وەسی (الوصی عبدالالە).
دووەم/ حزبە نیشتمانیەکان بایکۆتی هەلبژاردن دەکەن.
سێیەم/ تێکچونی دۆخەکان و راپەرینی تشرینی 1952 .
چوارەم/ فەیسەلی دوەم بالغ دەبێ، تاجی پادشایەتی لەسەر دەنێ .
پێنجەم/ حزبی نیشتمانیی دیموکراسی یاداشتێک بۆ مەلیک بەرز دەکاتەوە.
شەشەم/ حکومەت تاوانێکی مەزن دەرهەق بە زیندانیە سیاسیەکان ئەنجام دەدا.
حەوتەم/ حکومەت مانگرتنی کرێکارانی نەوتی بەسرە سەرکوت دەکا .

بەشی چواردەم:

حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرەو پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی هەنگاو دەنێن.

یەکەم/ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرە پێکدەهێنن بۆ بەشداریکردن لە هەلبژاردن.
دووەم/ نوری سەعید بۆ لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆن دەگەڕێتەوە سەر حوکم .
سێیەم/ نوری سەعید دەست بە هێرشەکانی دەکاو هەموو دیاردەکانی دیموکراسیش لەناو دەبا .
چوارەم/ نوری سەعید ژمارەیەک لە مەراسیمی نادەستوری دەردەکا.
پێنجەم/ پەرچەکرداری حزبە نیشتمانیەکان لەسەر فەرمانە نارەواکان.
شەشەم/ نوری سەعید پەیوەندیەکانی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت دەپچڕێنێ.

بەشی پانزەهەم:

نوری سەعید بۆ جاری سیانزەهەم کابینەی وەزاری پێکدەهێنێ .

یەکەم/ ئەرکەکانی کابینەی نوێی نوری سەعید .
دووەم/ مانگرتنی موسل و ڕاگەیاندنی حالەتی نائاسایی لەلایەن نوری سەعیدەوە.
سێیەم/ نوری سەعید پالپشتی لە هێرشەکانی سەر میسر دەکا و ڕاپەڕینی جەماوەریش سەرکوت دەکا .
چوارەم/ بەردەوام بون لە پیلانگێران دژی سوریە .
پێنجەم/ پشتگیریکردنی ڕژێمی کەمیل شەمعون لە دژی شۆڕشی گەلی لوبنان.
شەشەم/ حزبە نیشتمانیەکان بڕیاری دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی دەدەن.
حەوتەم/ دەقی بەیاننامەی حزبی نیشتامی دیموکراسی .
هەشتەم/ کاردانەوەی دەسەلات لەسەر بەیانی بەرەی نیشتمانی.

بەشی شانزەهەم:

یەکگرتنی سوریاو میسر و کاردانەوەی نوری سەعید .

یەکەم/ بەهۆی چربونەوەی پیلانەکانی لە دژیدا، سوریا یەکێتی لەگەل میسر ڕادەگەیەنێ.
دووەم/ بە فەرمانی بەریتانیا عێراق و ئوردن یەکێتی هاشمی ڕادەگەیەنن.
سێیەم/ دەقی ڕێککەوتنی یەکێتی هاشمیی نێوان عێراق و ئوردن.
چوارەم/ دروست بونی نائارامی لە ناوچەکەو گەڕانەوەی نوری سەعید بۆ سەرحوکم .
پێنجەم/ نوری سەعید سەرۆکایەتی حکومەتی یەکێتی هاشمی دەکا .
شەشەم/ ڕوخانی حوکمی پادشایەتی وکوژرانی نوری سەعیدو وەسی (الوصی عبدالاله).

دۆکۆمێنتاری.

## پێشەکی

-----------

خوێنەری ئازیز، هەرچەندە ناو نیشانی ئەم پەرتوکە لەژێر ناوی کەسایەتیەکی کارەکتەری حوکمرانیی عیراقی سەردەمی پادشایەتیە ، بەلام لە راستیدا مێژوی خوێناویی حوکمرانی عێراقی سەردەمی پادشایەتیە، واتە لە دروست بونی دەولەتی عێراقی حالی حازرەوە کە هەندێک زۆر بە پیرۆزەوە لێێ دەروانن تا ئەوکاتەی دەسەلاتی پادشایەتیی هاوردە لە ئوردنەوە لەناو دەبردرێ و عێراق دەبێتە حوکمی کۆماری، بەهۆی بەرێوە بردنی حوکمیش لە رێگەی ئاگرو ئاسنەوە سەرکوتکاری لەو ماوەی 37 سالەی حوکمرانیدا زیاترلە 50 کابینەی حکومی پێک هێندراون هەر ئەو نەریتەش بوو بۆ عێراقیەکان جێماوە، حوکمی توندو تژی و سەرکوتکاری و پەراوێزی کە تا ئەمرۆش بەردەوامی هەیە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ هەموو کەسێک ئەوانەی بیانەوێ شتێک لە مێژوی عێراق بزانن پێویستە ، بەلام لە هەمویان بە پێویستتر بۆ رۆلەی باشوری کوردستانە تاکولە مێژوی خۆیان شارەزا بن و بزانن چۆن بەبێ ویژدانی و بە زۆر و بێ رەزامەندیان ئەو پارچە گرنگەی کوردستانیان بۆ بەرژەوەندی لایەنی داگیرکەر و رازی کردنی شۆڤینیزمی دەوروبەربە عێراقیانەوە لکاندوەو ئێمەیان کردۆتە برابەش لە کێشەو ململانێ و کەلتورە سەقەتەکەی خۆیان کە لە جەزیرەوە بەدیاری بۆیان هێناوین، خوێنەری کورد دوای دامەزراندنی ئەو ولاتەی ئێستا کە بە عێراق ناوی دەبەن لە قاهرە 1920 بریاری لەسەر دەدەن و سالێ دواتر دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنی بە سێ سالیش دواتر ئینجا دەتوانن یەکەم پارێزگار بۆ سلێمانی دامەزرێنن و لەوکاتەوە یەکلایەنە توانیان بلێن ئەمەش دەکەوێتە ناو سنوری عێراق.

نوری سەعید لە بنەرەتدا گوایە بەرەگەز کوردی فەیلیە بەلام دیارە کە زۆلە کوردبوە ، هەروەها ئەو کوردانەی رۆلیشیان هەبوە لەناو دام و دەزگا حکومیەکەی ئەوسا لەو بە ئابروترو دلسۆزتر نەبونە بۆ دۆزی کورد ، چ فەرماندە سەربازیەکان یا وەزیرە کان و ئەوانەی بەرپرسیارێتی کۆشکی پادشایەتیان پێدەسپێردرێ لە رەگەزی کورد کە دوا سەرۆک وەزیرانی عێراقیش لەکاتی سەرنگونکردنی رژێمی پادشایەتی کورد بوە، وێرای چەندین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران کە بە دامەزراندن دانراون زۆربەیان سەرۆک هۆزو پیاوی بازرگان و فەرماندەی سەربازی بونە، مەرجی پۆست وەرگرتنی هەمویان دلسۆزی بوە بۆ کۆشکی پادشایەتی، ئەو پادشایەی نە بە رەزامەندی ئێمە، نە بۆ بەرژەوەندی ئێمە هاتوەو نە لە رەگەزو خوێنی ئێمەش بوە، ئەمە نوسەر خۆیشی لە زۆر شوێن ئاماژەی پێدەدا .

لە تەمەنی منداڵیمان و کاتێک دیرۆکی کوردمان لەسەر زاری چیرۆک خوان یا کەسانی تری نا پسپۆر لەم بوارە دەبیست گوایە ناودارو کەسایەتیە کانمان بەم شێوە رۆلیان هەبوەو کەسانی کارەکتەر بونە لە سەردەمانی خۆیان، بەراوردمان دەکردنەوە لەگەل واقع حالی ئێستامان، لەگەڵ یەکیان نەدەکردەوە و لەیەک دوور بون ئەوکات پرسیارێک لێمان قیت دەبۆوە ، ئاخۆ گەر ئەمە پێگەی کەسایەتیەکانمان بوبێ بۆ تا ئێستا کورد وەکو گەلانی دەر و دراوسێ بە مافە سەرەتاییەکانیشی نەگەیشتوە؟ بۆ نەتەوەکان بە چەندین

دەوڵەتیان پێکهێناوە و ئێمە نەبوینە خاوەن هیچ و تا ئێستاش گرەو لەسەر خاکی خۆمان دەکەین؟ ئەم پرسیارانە بۆ ئەوکات بێ وەڵام بون ، بەلام ئێسا کاتێک لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە ئەو وەلامەمان دێتە دەست، کە گرێ کوێرەکە لە کوێیە .

نوری سەعید پالەوانی ئەم کتێبە، دەستی لە هەموو گۆرانکاریەکی عێراقدا هەبوە هەر لە دامەزراندنیەوە تا شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 و لەناو چونی . لە ماوەی تەنها بیست وهەشت ساڵی ئەو سەردەم 14 جار بۆتە سەرۆک وەزیرانی عێراق وچەندین جاریش وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی پێسپێردراوەو دواجاریش لە پرۆسەی یەکگرتنی هەردوو ولاتی عێراق و ئوردن پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئەو یەکگرتنەش دەگرێتە ئەستۆ کە بە یەکێتی عەرەبی ناو بردرا بەلام خۆشبەختانە زوو جوانەمەرگ بوو چونکە بە مردویی لەدایک دەبێ، بەریتانیا کە ئەوکات عێراق لە ژێر ئینتداب و چاودێری ئەودابوو و دواتر بە چەندین پەیماننامەی بێئابرو پێیەوە بەسترابۆوە نەیدەتوانی هیچ جولەیەک بەبێ نوری سەعید بکا، هەرکاتەی بکەوتبایە ئاستەنگی سیاسی و کێشەو گرفتێک لە عێراق بەهۆیەوە حکومەت هەڵدەوەشایەوەو پێکهێنانی دەبوە کارێکی قورس، ئەم پەنای بۆ نوری سەعید دەبرد و حکومەتیان پێ دادەمەزراند و دواتر دەستی لەکار دەکێشایەوە بۆ ئەلقە لەگوێیەکی خۆیان ، بۆیە ناویان نابو ( پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا). پیاوو ئەلقە لەگوێی عەیار 24 ی ئینگلیز بوو بەرلەوەی هی پادشا بێ هەرچەندە هەردوکیان لە یەک سەرچاوە بوون . وێرای ئەو نازناوەی خۆی ئەندازیاری پیلان و لەناوبردنی کەسایەتی سیاسی و سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و بزوتنەوە کوردیەکان و هەڵوەشاندنەوەی حزب و یانەو سەندیکا و قەدەغەکردنی رۆژنامەو بلاوکراوەکان و چەندین کاری دژ بە دیموکراسی ومافەکانی هاولاتیان بوو.

وەرگێر / **خالید هەرکی**

2015/3/20 ڤێلپ/ئارنهێم/هۆلاند

xalidherki@serben.com

Facebook- ( Xalid Herki )

## بەشی یەکەم :

## نوری سەعید کێیە؟



نوری سەعید

نوری سەعید لە ساڵی 1888 لە بەغدا لە خێزانێکی مامناوەندی هاتۆتە دونیا ، باوکی لە سەردەمی عوسمانیەکان لە یەکێک لە فەرمانگە حکومیەکان بە ناونیشانی (ووردبین) فەرمانبەر بوە ، خۆی لە مەزهەبی سونەیەو لە ئەکادیمیای سەربازی لە ئەستەنبۆل خوێندویەتی ، بە پلەی ئەفسەری یەک ئەستێرە (ملازم) دەردەچی، هەروەها کۆلیژی ئەرکان دەخونێ و لێی دەردەچێ، دواتر دەچێتە ریز گروپی ئەفسەرانی شەریفی کە لە 1916بەشداری لە شۆڕشی عەرەبی دەکەن دژی عوسمانیەکان بە سەرۆکایەتی پادشا ( حسێن کوری عەلی ) پادشای حیجاز ، هەروەها ژمارەیەکی تری زۆر لە ئەفسەران چونە پاڵ مەلیک فەیسەل ی یەکەم ئەوکاتەی ماوەیەکی کەم پادشایەتیی لە سوریا دەکرد ، ژمارەیان گەیشتە 300 ئەفسەر و سڤیل، یەکێک لەوانە (روستەم حەیدەر) بوو کە بەرێوە بەرێکی خوێندنگا دەبێ لە بەعلەبەگی لوبنانی. بەڵام هێزەکانی فەرەنسی دەسەلات وتەختی پادشایەتیی مەلیک فەیسەل دەروخێنن و لە پادشایەتیی وەلا دەنێن و لە سوریای وەدەر دەخەن ، دواتر بەریتانیەکان بڕیار دەدەن بیکەن بە پادشای عێراق بۆیە ئەفسەرە شەریفیەکان دەبنە هاوسەفەری بۆ عێراق ، لەو ئەفسەرانە ( نوری سەعید ، جەعفەر عەسکەری، عەلی جەودەت ئەیوبی، جەمیل مەدفەعی، یاسین هاشمی و براکەی تەها هاشمی، تحسین عەسکەری، شاکر وادی) ئەم ئەفسەرانە هەمویان پلەو پۆستی باڵایان لە حکومەتەکەی عێراق وەرگرت لەوانە پۆستی سەرۆک وەزیران ، مەلیک فەیسەلی کوری حسێن ، روستەم حەیدەر دەکا بە سکرتێری تایبەتی و پارێزەری نهێنیەکانی خۆی، ئەم کەسایەتیە هاورێیەتی مەلیک فەیسەل دەکا تا مردنی کە لەو ماوەیە چەند پۆستی تری پێ دەسپێردرێ لەوانە وەزیری دارایی و سەرۆکی دیوانی پادشایەتی) .

سەرەرای ئەوەی ئەم کۆمەڵە ئەفسەرە شەریفیانە جگە لە هەندیکیان نەبن ئەوانیتر هەمویان لە چینی مامناوەندیی خوارەوە بون ، بەڵام بە درێژایی رۆژگارەکە توانیان دەست بەسەر زەوی کشتوکاڵیی دەوڵەتدا بگرن و ببن بە چینێکی دەوڵەمەندو پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ کەسایەتی و لایەن و خانەوادەی دەوڵەمەندو سەرمایەدار لە عێراق دروست بکەن . .

هەموو چاودێرە سیاسیەکان ومێژوو نوسەکانی ئەو سەردەم ئەو راستیە دەزانن کە مەلیک فەیسەل شانسی باش نەبوو لە حوکمرانی، ئەگەر ئەو پشتگیریەی بەریتانیا و کۆمەڵێک ئەفسەری شەریفی نەبونایە ، زۆر لە کەسایەتیی عێراقی ئەوکات خۆیان لە مەلیک فەیسەل بە شایستەتر دەبینی بۆ پادشایەتی عێراق ، لە سەروی هەمویانەوە ( عەبدولرەحمان نەقیب و طالب ئەلنەقیب ) کە بە ئاشکەرا رایگەیان کە ئەو لە مەلیک فەیسەلی(نەناس،غەریب) شایەستە ترە، بۆیە گەورە کۆمیسەری بەریتانی لە 16ی نیسانی 1921 بڕیاری دا کە طالب ئەلنەقیب بۆ دورگەی سیلان دورخاتەوە ، ئەمە دوای ئەوەی دڵنیا دەبێ کە طالب ئەلنەقیب هەرەشەیە بۆ سەر پرۆژەی دانانی جێنشین فەیسەلی کوری حسین بە پادشای عێراق . مەلیک فەیسەل لە نێو ئەفسەرە شەیفیەکانی سەرەتایی بەگشتی زۆرترین متمانەی بە نوری سەعید هەبوو بۆیە رایدەسپێرێ بە دامەزراندنی دەزگای پۆلیس و ئاسایش دواتر دەیکا بە فەرماندەی گشتیی پۆلیس، نوری سەعیدیش هەولەکانی چر دەکاتەوە لە دامەزراندنی دۆست ولایەنگرانی لەو پۆستانەی هەستیار وگرنگن ، لە دامەزراندنی سوپای عێراقیش بەپێی برگەی هەشت لە مادەی 26 ی دەستوری عێراقی.پۆستی جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقیی پێ دەسپێرێ کە فەرماندەی گشتی مەلیک خۆی بوو.

هەروەکو باسمان کرد چەندین جاریش پۆستی وەزارەتی بەرگریی وەرگرتوە ، بە حوکمی ئەوەی جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ولات بوە لە هەموو کابینەکانی وەزاریدا سەرپەرشتیاری وەزارەتی بەرگری بوە ، نوری سەعید هەولی بۆ ئەوە دەدا کە زۆرترین ئەفسەری شەریفی لە نێو

دەسپێکی وەزارەتی بەرگریدا دابمەزرێنێ و بەرزترین پلەیان پێبدا، لە کۆی 19 ئەفسەری پلەبەرز 12 یان لە ئەفسەرە شەریفیەکان دەبن.

بەهۆیەوە نوری سەعید توانیی دەسەلاتی سیاسیی خۆی بەسەر هەموو بوارەکاندا بسەپێنێ تا وای لێهات سەرجەم سیاسەتمەدارەکان بکەونە ئەو بروایە کە ریشە کێشکردنی نوری سەعید کارێکی ئاسان نەبێ ، تایبەتمەندیەکی تری هەبوو ئەویش پەیوەندیی لەگەل توێژەکانی کۆمەلگا خۆش وتوند بون ، دلسۆزیی بۆ هەڤالەکانی هەبوو، پیاوێکی بە جولەو چالاک بوو ، ئەوەتا (توفیق ئەلسویدی) بەم شێوەیە باسی دەکا: ( کەسێکی فێلبازو وشیارەبۆیە دەتوانێ لە بیستەکانا بە پراکتیکی ببێتە دەستی بالای مەلیک فەیسەل ). هەروەها ( طالب مشتاق) بە گلۆرەی بەفری شوبهاندوە کە تا گلۆربێتەوە ورده ورده مەزن دەبێ، سیاسەتمەدارەکان لە حیلەو پیلانەکانی دەترسان ، لە هیچ کارێک سل نەدەبۆوە ئەگەر ئەو کارە چاوتێبرینەکانی تێر بکردباو پیلانەکانی جێبەجێ بکردبایە و بە پلەیەکی بەرزتری بگەیندبا، ئەمە گەیشتبوە ئەو رادەی رکابەرە سیاسیەکانی ترسی زۆریان لێی هەبوو ، لە توانایدا بوو زۆر بە ئاسانی رکابەر و ململانێکارەکەی لە پیلانێکدا لەناو بەرێ، هەر خۆی بوو لە 22 ی شوباتی 1924 پیلانی تیرۆرکردنی (توفیق الخالدی) وەزیری ناوەخۆی ئەنجام دا، چونکە خالدی مەیلی رکابەری و ململانێی لەگەڵ ئەفسەرە شەریفیەکاندا هەبوو، رێگەی بەکەس نەدەدان رۆڵی لە کاروباری ولاتدا هەبێ ، لەسەر دەستی ئەم پیاوە دوو لە پیاوەکانی نوری سەعید تیرۆر دەکرێن ( شاکر قەرەغولی و عەبدوللا سریە) دەبن، ئەم پیلانەی بە هاندانی راستەوخۆی نوری سەعید دەبێ ، دەڵێن مەلیک فەیسەل و جەعفەر عەسکەریش دەستیان لەو تیرۆرکردنە هەبوە بە بیانوی ئەوەی بە لایەنگری رژێمی کۆماریی دەزانن .



بەڵام لە راستیدا بەشداری یا لایەنگریکردنی مەلیک فەیسەل لەم کوشتنە شتێکی گوماناویە ، تێوەگلانی ناوی مەلیک فەیسەل بۆ ئەوە بوە تا ناوی نوری سەعید کە پیلانگێری راستەقینە بوە لەو میانە وون بێ .
مردنی مەلیک فەیسەلیش لە سویسرا لە 7 ی ئەیلولی 1933 دیسان جێی گومانە، چونکە بە مردنی ئەو یادەوەریە نوسراوەکانیشی وون دەبن، گومان لەوەدا بوو کە مردنەکەی لە ئەنجامی ژەهرخواردنداب‌ێ ، نوری سەعید بە هاوکاری ئینگلیز ئەم تاوانە ئەنجام دابێ ، چونکە لەم دواییە (هۆشداری لە دوای هۆشداریان بۆ دەنارد) بەهۆی دامرکاندنی شۆڕشی ئاسوریەکان لە سەر دەستی بەکر سدقی ، لەم روەوە بالوێزخانەی بەریتانیا لە سویسرا راپۆرتێکی لەم بارەیەوە بەرز کردبۆوە کە تیایدا هاتبوو: ( لەوانەیە ئەم مردنەی مەلیک ژەهرخوارد کرابێ لە ئەنجامی ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەو ژنەی کە پەیوەندی خۆشەویستیی لەگەڵدا هەبوو یاخود لە رێگەی هاندانی سیاسەتمەدارەکانەوە ئەم کارە ئەنجام درابێ ) .

دیارە نوری سەعید و روستەم حەیدەر لە کاتی مردنی مەلیک لەبان سەری بونەو هاو سەفەریشی بونە، ئەوەی گومانەکەمان لە راستی نزیک دەکاتەوە ئەو ناکۆکی و تێکچونی پەیوەندیەی نێوان مەلیک فەیسەل ونوری سەعید بوو کە لە دوا ساڵی حوکمرانییدا تێیکەوتبوو، ئەمە وێرای ئەو پەیوەندیە دۆستایەتی و متمانە پێکردنەی مەلیک بە نوری سەعید بەڵام لەم دواییە چەند کێشەیەک کەوتبوە نێوانیان بونە مایەی تێکچونی پەیوەندیەکانیان ، ئەم ساردیە لە پەیوەندیی نێوانیان بە ئاشکەرا بەدی دەکرا، هاتو چۆکان ئاسایی نەبون و ساردیەکی زۆریان تێکەوتبوو تا کار گەیشتبوە ئەو رادەیە، نوری سەعید لە 1933 بە گوێی بەرپرسێکی ئینگلیزدا بچرپێنێ و پێی بڵێ: (چیتر من توانای ئەوەم نیە ئەرکی سەرۆکایەتی وەزیران بگرمە ئەستۆ تا مەلیک فەیسەل لەسەر لوتکەی حوکمی عێراقە ).

بەڵام پرسی کوشتنی مەلیک غازی هیچ گومانێک هەڵناگرێ کە ئینگلیزەکان کەلە دوای ئەم کارەوە بون ، بەڵام ئەوەی نەخشەی دارشت و جێبەجێی کرد نوری سەعید و عبدالەلاە بون، دواتر دێینە سەر ئەو باسەش. بەم شێوەیە ئەستێرەی نوری سەعید لە درەوشانەوەدا دەبێ تا بۆ یەکەم جار پۆستی سەرۆک وەزیران لە 1923 دەگرێتە ئەستۆ ئەمەش بۆ مەرامێکی ئینگلیز دەبێ ئەویش جێبەجێ کردنی داخوازیەکی ئەوانە کە بریاردان و واژۆکردن بوو لەسەر پەیماننامەی 1930ئەو پەیماننامەیە عێراق بۆماوەیەکی دورو درێژ بە رەورەوەی ئیمپریالیزمی بەریتانیەوە دەبەستێتەوە ، لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە بە وردی باس لە ناوەرۆکی ئەم دەبوایە حکومەتی سەعدونی(پەیماننامەیە دەکەم چۆنیەتی بەرێکردنی لەلایەن وەزیرەکانی و رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی لە ناو رای گشتیی ناوەخۆو لەلایەن پیاوە ناودارە عێراقیەکانەوە .

## بەشی دووەم:

## نوری سەعید بەرهەڵستکارە جەماوەریەکانی پەیماننامەی 1922 سەرکوت دەکا.

یەکەم :حکومەت هەلمەتێکی رەشبگیر دژی بەرهەڵستکاران دەست پێدەکا.
دووەم: چۆن پەیمانی 1922 بڕیاری لەسەردرا ؟ .
سێیەم: دەقی پەیماننامەی ساڵی 1922 .

### یەکەم : حکومەت هەلمەتێکی رەشبگیر دژی بەرهەڵستکاران دەست پێدەکا.

هەوالنامەی کتێب

دەبوایە حکومەتەکەی ئەلسەعدون(موحسین ئەلسەعدون) ئەو ئەرکانەی پێی سپێردرابون جێبەجێیان بکا ، کە بریتی بون لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن، بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکە، بڕیاردان لەسەر یاسای بنەڕەتی، یاسای هەلبژاردن، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بریارانەش حکومەت پێویستی بە دروست کردنی کەش و هەوایەکی گونجاو هەبوو تا بتوانێ بێ تەگەرە جێبەجێیان بکا ،پاش ئەو هەراو کێشانەی دروست بون لە ئەنجامی واژۆکردنی پەیماننامەکە لە نێوان نوێنەری حکومەتی عێراق کە حکومەتی (ئەلنەقیب) بوو لەگەل گەورە کۆمیسەری بەریتانی (سیر برسی کۆکەس) ، چونکە ئەم پەیماننامەیە گورزێکی کوشندە بوو بەر ئۆپۆزسیۆن و پیاوە ئاینیەکانی کەربەلا دەکەوێئەلبەت ئەوان زۆر بەتوندی دژی ئەم پەیماننامەیە وەستانەوە . .

حکومەتی عێراق لە 27ی حوزەیرانی 1923 شێخ مەهدی ئەلخالصی و دوو کورەکەی دەستگیر دەکاو بۆ دەرەوەی عێراقیان دور دەخاتەوە ، هەروەها هەردوو خزمی بەناوەکانی (عەلی ئەلتەقی) و (سەلمان ئەلسەفوانی) یش، هەر لەم بوارە چەند رۆژنامەیەکی لە دەرچون قەدەغەکردو زۆری لەو خەڵکەش کرد کە بەشداری لەو هەڵبژاردنە بکەن کە بڕیاربوو ئەنجامی بدەن . چونکە گەورە کۆمیسەری بەریتانی سوربوو لەسەر ئەنجام دانی بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەو پەیماننامەیە بدرێ ، لەو کاتەی لە دژی ئەو پەیماننامەیە شەپۆلی نارەزایی دروست دەبێ و بەهۆیەوە حکومەتی عێراقیش ژمارەیەک لە پیاوە ئاینیەکان دوردەخاتەوە ئیتر داواکاری ئەو خەلکە هێور کردنەوەی دۆخەکان و گەراندنەوەی دورخراوەکان بوە بەڵام دیارە حکومەت گوێ لە داواکاریەکانیان ناگرێ و ژمارەی 30 لە پیاوی ئاینی تر بۆ ئێران دور دەخاتەوەو 50 ی تریش دەخاتە ژێر چادێریەکی توندی پیاوەکانی ئاسایش ، ئەم رێکارانە بونە مایەی

گرگرتنی شەقامی عێراقی لە ئەنجام جەماوەر رژایە سەرشەقامەکان بۆ رەتکردنەوەی پەیماننامەو دەربڕینی نارەزایی دژی رێکارەکانی حکومەت .



موحسن ئەلسەعدون

بەهۆی ئەو فشارانەی گەورە کۆمیسەری بەریتانی خستبویە سەر حکومەتەکەی عەبدولموحسین ئەلسەعدون بۆ بڕیاردان لەسەر پەیماننامەی عێراقی- بەریتانی لە 1923 و نارەزایی جەماوەری خەلکی عێراق ، سەرەرای ئەم رێکارە نابەجێیانەی حکومەت لەسەر جەماوەر و راوەدونانی کەسایەتیە نیشتمانپەروەرەکان ئینجاش ئەلسەعدون لە بڕیاردانی سەر پەیماننامەکە سەرکەوتو نەبوو کە حەز و داخوازیی گەورە کۆمیسەری بەریتانی بوو ، دیارە ئەمەش بەهۆی برگە بێویژدانیەکان بوە کە بەرانبەر بە گەلانی عێراق کرابون و لەم پەیماننامەیەدا جێگیر ببون.

لەم پەیماننامەیە هەموو سەروەریەکانی عێراق لە گەلی عێراق سەندرابونەوەو رێگە بە بەریتانیا درابوو سامان و سەروەتی عێراق دەست بەسەردا بگرێ ، کاتێک گەورە کۆمیسەر ناتوانێ لە رێگەی فشارەکانی سەر عدالموحسین ئەلسەعدونی سەرۆک وەزیرانەوە داخوازیەکەی جێ بەجێ بکا، سەرۆک وەزیرانیش ناچار دەبێ دەست لە کار دەکێشێتەوە ، ئەوەبوو لە 1923/10/15 نامەی دەست لەکارکێشانەوەی رادەستی مەلیک دەکا ، دیارە هەر بە زویی مەلیک دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبول دەکاو (جەعفەر عەسکەری) رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزاریی نوێ ، لە 1923/11/22 کابینەی نوێی وەزارەت پێک دەهێندرێ .

## دووەم: چۆن پەیماننامەی 1922 بڕیاری لەسەردرا؟

لە 2 ی نیسانی 1924 (جەعفەر عەسکەری) پەیماننامەی عێراقیی بەریتانی و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکەی و رێککەوتنەکانی لێی جیا دەبنەوە پێشکەشی ئەنجومەنی دامەزراندن کرد و داوای لێ کردن بە پەلە بڕیاری لەسەر بدەن.

پاساوی بۆ ئەم پەلەیە ئەوە بوو کە بریتانیا دەیەوێ عێراق بکاتە ئەندام لە کۆبەندی نەتەوەکان و کێشەی سنوری عێراق و تورکیا یەکلایی بکاتەوەو سەربەخۆیی عێراق مسۆگەر بکا و کێشەی ویلایەتی موسلیش چارەسەر بکا ، بۆیە دەبێ پەلە لە بڕیاردان لەسەر ئەم پەیماننامەیە بکرێ ، ئەو کێشەیەی موسلیش دیارە تورکیا لە هەولی ئەوەدابوە کە بیخاتەوە سەر سنورەکانی خۆی ، ئەم پاساوانە بەریتانیا دەستی پێوە گرتن و کردنی بە بیانوی زەرورەتی پەیماننامەکە ، ئەمەش وەلامی عەبدولموحسین ئەلسەعدونە بۆ نارازیەکانی ئەم پەیماننامەیە کە خەلکانی نیشتمان پەروەر بون، ووتی: ( برایان بە راشکاوی پێتان بلێم بەریتانیا پرسی موسلی بە بڕیاردانی ئەم پەیماننامەیە بەستۆتەوە ، جا یا لەدەست دانی موسل یا واژۆ کردنی پەیماننامەکە)

بەهۆی پێداگری گەورە کۆمیسەری(کۆمیسەری سامی) بەریتانی و فشارەکانیەوە جەعفەر عەسکەریی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەبەستی بوو هەرچی زوە ئەو پەیماننامەیە تێپەر بکا ، بەلام ئۆپۆزسیۆن داوای دەقی پەیماننامەکەی کرد تا بەسەر ئەندامان‌دا دابەش بکرێ وئەوان بە ئاسودەیی گفتوگۆی لەسەر بکەن و هەلی بسەنگێنن ئەوسا بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی سەرجەم هاولاتیان لێی بە ئاگابن، ئەم پێشنیارە لەلایەن ناجی ئەلسویدیەوە پێشکەش کرا، پێشنیارەکە خرایە دەنگدان رەزامەندی زۆرینەی وەگرت، ئەوسادەقی پەیماننامەکە بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا دابەش کرا ، دواتر ناجی السوێدی داوای کرد کە لیژنەیەک بۆ پشکنین و هەلسەنگاندنی ئەم پەیماننامەیە پێکبهێندرێ بە مەرجێ لە هەر لیوایەک (پارێزگایەک) ئەندامێکی هەبێ، هەروەاشی لێهات لیژنەیەک لەم ئەندامانەی خوارەوە پێکهات بۆ ئەو مەبەست بریتی بون لە:

1- یاسین ئەلهاشمی
2- زامل ئەلمناع
3- ئاسیف ئاغا

4- فالح ئەلسەهیود
5- عدای ئەلجریان
6- شەریف ئاغا
7- میرزا فەرەج
8- عومەر تەعلەوان
9- حەبیب ئەلخیزەران
10- داود چەلەبی
11- موحەمەد زەکی
12- فەهد ئەلهزال
13- حەبیب تالەبانی
14- عەبدولواحید سکەر
15- سالح شکارە

لیژنەکە دەستبەکار بوو بۆ گفتوگۆکردنی بەندەکانی پەیماننامەکە بۆ ئەم مەبەستە 29 دانیشتنی بەیانیان و 20 دانیشتنی ئێوارانیان ئەنجام دان، لەم دانیشتنانەیاندا سەرجەم وردەکاریەکانی پەیوەست بەم پەیماننامە بە هاوپێچ وبرگەکانیەوە گفتوگۆیان لەسەر کردن ، لە کۆتاییدا راپۆرتێکیان بە 65 پەر بەرزکردەوە، لەوکاتەی کە لیژنەکە گفتوگۆی لەسەر پەیماننامەکە دەکردو برگەکانی شی دەکردنەوە شەقامی عێراقی جۆشی تێکەوتبوو بەهۆیەوە دەخرۆشا ، لە هەمان کاتیشا مامۆستاو پارێزەرو زاناو رۆشنبیرەکان کۆبونەوەو خۆپیشاندانیا ئەنجام دەدان، داوای هەموارکردنی برگەکانی پەیماننامەیان دەکرد کە بە شێوەیەک بێ لەگەڵ داخوازیەکانی گەل و سەربەخۆییەکانی بێتەوە، دیارە ئەم کۆبونەوەو خۆپیشاندانانە کاریگەریان هەبوە لەسەر راو بۆچونی هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن ولیژنەکە، ئەم هەڵوێستەی خەڵک مەلیک و گەورە کۆمیسەری خستە دلەراوکێوە بەتایبەت کاتێک تەقە لە دوو لە ئەندامانی ئەنجومەن دەکرێ لەوانەی لایەنگری مەلیک و گەورە کۆمیسەری بەریتانی دەبن ئەوانیش (عەددای ئەلجریان و سلمان ئەلبراک) بون ئەم هەرەشەیە دۆخێکی مەترسیدار وپر لە هەرەشە خولقاند کە بەهۆیەوە هەندێک لە ئەندامان دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان راگەیاند و هەندێکیتریش لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن ئامادە نەدەبون بە بیانوی جۆراوجۆر. .

دواتر دەنگۆی ئەوە بلاو بۆوە کە ئەم تەقەکردنەش لەلایەن حکومەتەوە بوە بۆئەوەی بیکا بە بیانویەک لەسەر ئۆپۆزسیۆن بەهۆیەوە بتوانێ فشاریان بخاتە سەرو وهەندێکیان لێ دەستگیر بکا لەوانەی چالاک و دژی پەیماننامەکەن، دەگوترا کە ئەوەی تەقەی لەو ئەندامانەی ئەنجومەن کردوە یەکیک بوە لە پیاوەکانی نوری سەعید بەناوی شاکر قەرەغولی و بە هاوکاری عەبدوللا سریە، حکومەت بەوە نەوەستا هەلسا بە داخستنی چەند رۆژنامەو گۆڤارێک کە سەر بە ئۆپۆزسیۆن بون لەوانە (الشعب ، الناشئه والاستقلال) بۆ ئەوەی دەمکوتی ئۆپۆزسیۆن بکاو ناچاریان بکا بە تێپەرکردنی پەیماننامەکە، بەڵام پێداگری جەماوەر بە درێژەدان بە خەبات وبەرەنگار بونەوەی پیلانەکانیان وتێکچونی رەوشی ولات بەهۆیەوە حکومەتی ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوە. بەڵام مەلیک و گەورە کۆمیسەر زۆریان لە جەعفەر عەسکەری کرد لە حکومەتەکەی بمێنێتەوە تا ئەوکاتەی پەیماننامەکە رەزامەندیی لەسەر وەردەگیرێ . .

گەورە کۆمیسەری بەریتانی لە نزیکەوەو زۆر بە وردی چاودێری دانیشتنەکانی ئەنجومەنی دامەزراندنی دەکرد لەو گفتوگۆیانەی لەسەر پەیماننامە دەکرا ، بۆ ئەم مەبەستە گوتاری بۆ لایەنگران و نارازیەکان ئاراستە کردو داوای لێ کردن ئەم پەیماننامەیە رەتکەن، لە وتارو تورەبونی ئەندامانی ئەنجومەن پەست ببو کە دژایەتی پەیماننامەیان دەکرد بۆیە لە دواکەوتنی زۆر دلگران بوو بەهۆیەوە لە 26 ی نیسانی 1924یاداشتێکی ترسناکی ئاراستەی مەلیک کرد کە لە ناوەرۆکدا هەرەشە ئامێز بوو ئەمەش دەقەکەیەتی :

خاوەن شکۆی پایە بەرز مەلیک فەیسەل ، مولکداریت هەمیشەیی بێ :

خاوەن شکۆ:

زۆرجار لە بارەی پەیمننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیا داوا کراوە کە حکومەتی بەریتانیا رەزامەندی لەسەر هەموارکردنەوەی پەیماننامەکە بدا بەتایبەتی لەو برگانەی ئەندامان گومانیان هەیە لەوەی دەستێوەردانێکە لە کارو باری ناوەخۆ ، مایەی ئابرومەندیە بۆمن کە پێتان رابگەیەنم حکومەتی بەریتانیا نیازی نیە بە هیچ جۆرێک هەمواری هیچ برگەیەکی بکا، نە لە دەقی برگەکانی پەیماننامەکە، نەلە پرۆتۆکۆلەکان، نەلە رێککەوتنەکانیدا ، جا کارەکە لای ئەنجومەن ماوەتەوە یا ئەوەتا بە تەواوەتی قەبولی بکا بە پرۆتۆکۆل و رێککەوتنەکانەوە یا رەتی بکاتەوە، جا چۆنی بەبەرژەوەندی عێراقی دەزانن با وا بکەن .

ئەمە بۆیە حکومەتی بەریتانی وا بریاری داوە چونکە هەموارکردن ودەستکاریکردنی هەر برگەیەکی پەیماننامە یا پرۆتۆکۆل یا رێککەوتنەکان دژی بنەماکانی رێککەوتنە نێودەولەتیەکانە لە دێر زەمانەوە .)

ئەم یاداشتەی گەورە کۆمیسەر بۆ مەلیک وەکو هۆشداریی و ئاگاداریەک وا بوو کە دەبێ ئەو پەیماننامەیە بە زوترین کات لە ئەنجومەن رەزامەندیی لەسەر بدرێ بێ دواکەوتن، دیسان لە 26 ی ئایاری 1924 گەورە کۆمیسەر یاداشتێکی تریشی ئاراستەی مەلیک کرد تیایدا هاتوە :

خاوەن شکۆ، من حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیم لە تەواوی ئەو هەلوێستانەی حکومەتی عێراق و ئەنجومەن ئاگادار کردەوەو بە هەموو وردەکاریەکانیەوە سەبارەت بە پەیماننامەی نێوان حکومەتی عێراقی وحکومەتی بەریتانی ، لەم روەوە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی منیان سەرفراز کردوە کە پێتان بلێم : (حکومەتی بەریتانی نیازی نیە بە هیچ جۆرێک هیچ دەستکاریەک لە پەیماننامەو پرۆتۆکۆل و رێککەوتن و هاوپێچەکانیدا بکا بەر لە واژۆکردنی بەلام دوای واژۆکردنی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەکرێ بە گیانێکی دادپەروەرانە باس لە هەندێک دەستکاری بکرێ لەو برگانەی پەیوەندیان بە بابەتی داراییەوە هەیە ، دلنیام کە جەنابتان رێوشوێنی فەرمی دەگرنە بەر لە بلاو کردنەوەی ئەم نوسراوە)

دۆستی بەرێزتان(هنری دوبس)

------------------------------------------

## گەل پێداگری دەکاو حکومەتیش تەقە لە خۆپیشاندەران دەکا

لەوکاتەی کە فشارەکانی گەورە کۆمیسەری بەریتانی لەسەر مەلیک وحکومەتی عێراقی وئەنجومەنی دامەزراندن چڕ دەبنەوە بۆ ئەوەی بەبێ دواکەوتن ئەو پەیماننامەی نێوان حکومەتی عێراقی وبەریتانی بەبێ دەستکاری وهەموار وکەمکردنەوە رەزامەندیی لەسەر بدرێ ، لەو کاتە خۆپیشاندانەکان گەرمتر دەبن وشەقام گر دەیگرێ بە بەرزکردنەوەی داخوازیی هەموارکردنەوەی پەیماننامەکە بە شێوەیەک سەروەری ولات وسەربەخۆییان بپارێزێ .

لەم پێناوە گەل وهێزە سیاسی ونیشتمانپەروەرەکان چالاکیەکانیان توندتر دەکەن تا هەلوێستی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لە نێو ئەنجومەن بەهێز بێ و رێگە نەدەن ئەم پەیماننامەیە رەت بێ . کاتێکیش گەل گوێبیستی ئەوە بوو کە 26 ی مایسی 1924 ئەو پەیماننامەیە لە ئەنجومەن گفتوگۆی لەسەر دەکرێ ، خەلک رژایە سەر شەقام دژی بەرێکردنی، ئاپۆڕی خۆپیشاندەران گەیشتە بەر دەرگای بنای ئەنجومەن، لەوکاتەی کە ئەنجومەن لە ژورەوە خەریکی گفتوگۆ بوون لەسەر پەیماننامەکە دەنگی زولالی ئەوخەلکە گوێی ئەندامانی لیژنەیان کاس کردبوو بۆیە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناچار دەبێ بێتە بەردەم خۆپیشاندەران و داوایان لێ بکا کە مان بە خۆیاندا بگرن ومتمانە بە نوێنەرەکانیان بکەن کە لە ژورەوە گفتوگۆ لەسەر دوا بڕیاری پەیماننامەکە دەکەن ، پەیمانیشی پێدان کە سازش لەسەر مافەکانی ئەوان ناکا .

بەڵام ئەو خەلکە گوێ بە وتەو پەیمانەکانی نەدا، تا دەهات ئاپۆڕەکە گەرمتر دەبوو دەنگی نارەزایی بەرویاندا بەرزتر دەبۆوە، لەم میانە هەندێک گرژی وروبەرو بونەوە رویان دا بەهۆیەوە نوری سەعید داوای لە وەزیری بەرگری کرد هێزی سەربازی بکێشێتە ئەو ناوچەیە بۆ پاراستنی ئارامی دۆخەکە ، دواتر روبەروبونەوە لە نێوان سوپاو خۆپیشاندەران روودەدا ، سوپا گوللەی کوشندە بەکار دەهێنێ و چەند کەسێک بریندار دەبن، دوای ئەم توندو تیژیە بەهۆی بەکارهێنای چەکەوە سوپا توانیی بڵاوە بە خۆپیشاندەران بکا و دەست بەسەر رەوشەکەدا بگرێ .

دیارە حکومەت هەستی بە مەترسی کردوە لە بانگکردنی سوپا بۆ کۆنترۆلکردنی رەوشەکەو روداني توندو تیژی لە نێوان جەماوەر وسوپا، بۆیە بەیاننامەیەکی دەرکرد وەکو پاساوی ئامادەکردنی سوپا لەو ناوچە گەرمانە ،ئەوەبوو لە 29 ی ئایاری 1924 سەرۆک وەزیران بەیاننامەیەک لەم بارەیەوە دەردەکا

وتیایدا داوا لەو خەلکە دەکا کە دان بەخۆیانەوە بگرن ودڵنیایان دەکاتەوە کە سازش لەسەر مافەکانیان وخاکی عێراق ناکا، بەڵام دەبێ لەم بارەیەوە ئارامی بپارێزن وچاوەروانی ئەنجامی کۆبونەوەکان بکەن . هەر بەهۆی ئەو نائارمیەوە ئەنجومەن بڕیاری دا گفتوگۆکردن لەسەر پەیماننامەکە بۆ 3 ی ئایار ( بەروارەکە بە هەڵە هاتوە راستیەکەی دەبێ 30 یان 31ی ئایار بێ .و) دوا بخا، بەڵام لە ورۆژە ژمارەیەک لە ئەندامان لە کۆبونەوەکە دواکەوتن و ئامادە نەبون ، تەنانەت ئەوانەی ئامادەش بون روخساری ترسیان لەسەر سیما دیار بوو، هەندێکیش لە ئامادەبوەکان نەچونە ناو هۆلی کۆبونەوەکە بۆیە سەرۆکی ئەنجومەن ناچار دەبێ کۆبونەوەکە بۆ رۆژی 2 ی حوزەیران دوابخا ، لەکاتی دەرچونی ئەندامانی ئەنجومەن لە بنایەی ئەنجومەن لەوکاتە گەورە کۆمیسەر (هنری دوبس) بە یاوەری راوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆی(کرونو ئەلیس) خۆی کرد بە ژورا ، ناچار ئەندامانی ئەنجومەن دەگەرێنەوە ناو هۆلی کۆبونەوە تا گوێ لە پەیامی گەورە کۆمیسەری بەریتانی بگرن ، گەورە کۆمیسەر بە شێوازێکی هەرەشە ئامێز دواو ووتی:

( زانیومە کە هەندیک لە ئەندامانی ئەنجومەن راپۆرتێکیان داوە کە نابێ ئەنجومەن ئەم پەیماننامەیە قبول بکا ئەگەر بەریتانیا لەسەر بنەمای ئەو راپۆرتەی لیژنەی هەلسەنگاندنە کە ئەنجومەن دایمەزراند پەیماننامەکە هەموار نەکاتەوە ، کە ئەمەش حکومەتەکەی من پێیّ وایە رەت کردنەوەی پەیماننامەکەیە ، دەبێ لیژنەکە ئەوە بزانێ ئەم رەتکردنەوە چ کاریگەریەکی لەسەر تورکیا وپرسی ویلایەتی موسل هەیە، زانیاریمان پێ گەیشتوە کە کاتێک (سیر برسی کۆکەس) گەیشتۆتە ئەسیتانەو لەسەر پرسی ویلایەتی موسل لەگەل کاربەدەستانی تورکیا قسەی کردوە گەیشتونەتە ئەوەی کە رازی بن موسل لەسەر عێراق بمێنێتەوە، بەڵام کاتێک ئەوەیان زانیوە کە ئەنجومەن پەیماننامەی نێوان عێراق و بەریتانیایان رەت کردۆتەوە ئیتر ئەوانیش رای خۆیان گۆریوەو داوای موسل دەکەنەوەو رازی نین لەوەی ئەم پرسە بدرێتە کۆمەڵەی نەتەوەکان) .

وتەکانی گەورە کۆمیسەر لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەن وەکو هۆشداریەک وابوو کەیەک بژاردەیان هەیە، یا رەتکردنی پەیماننامەکە یا دەستبەرداری ویلایەتی موسل ، ئەویش ویلایەتی موسلی بەدەستەوە بوو کە وەکو کارتی فشار بەکاربیێنێ .

بەر لە دەرچونی لە هۆلەکە دووبارە داوای لە ئەندامانی ئەنجومەن کرد پەیماننامەکە وەکوخۆی تێپەڕکەن وپەیمانی ئەوەشی پێدان کە داواکاریەکانی لیژنەش بە هەمواركردنی پەیماننامە، دوای واژۆکردنی دەبێ .

لە 2 ی حوزەیران ئەنجومەن بە ئامادە بونی 63 ئەندام لە کۆی 100 ئەندام کۆبوەوە ، دەستکرا بە گفتوگۆکردن لەسەر پەیماننامەکە لە کاتی گفتوگۆکە دەمە قالیەکی توند لە نێوان ئەندامانی لایەنگر ودژی پەیماننامەکە دروست بوو، تیایدا ناشیرنترین دەستەواژەیان بەرانبەر بەیەکتری بەکار هێنا .

لەو ساتەوەختانەدا مەلیک خۆی لە نێوان دوو پراگماتیکی جیا لەیەکدا دەبینیەوە، هەردوکیان بۆ ئەو وەکو ئاگر وابون، واقعێک گەورە کۆمیسەر و فشارەکانی و پێشێلیی مافەکانی عێراقیەکان واقیعەکەی تریش ئاگری جەماوەر وئۆپۆزسیۆن بوو ، سەری لەم گێژاوە دەرنەچوو نەیزانی کامیان رازی بکا. چۆن دەتوانێ گەورە کۆمیسەر و جەماوەری گرگرتو لە یەک کاتدا رازی بکا . مەلیک بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیێک، لە 9/حوزەیرانی 1924 ئەنجومەنی دامەزراندنی بانگێشی کۆبونەوە کرد لەو کۆبونەوەدا ووتی: ( من پێتان ناڵێم ئەم پەیماننامەیە قەبول کەن یا رەتی کەنەوە، بەڵام دەڵێم ئەگەر قەبولتان نەکرد

ئەلتەرناتیفێک بدۆزنەوە ئەو ئەلتەرناتیفەتان دەبێ بزانن چیە ، بەدەستی خالی دەرمەچون چی لە بەرژەوەندی عێراق و گەلەکەیەتی ئەوە بکەن، ئەگەری رەتیشتان کردەوە شتێ مەکەن من لەو نێوەندە بمێنمەوە، لە نێوان ئەرز وئاسمان مەم هێلنەوە شوێنی منیش دیاری کەن ، بۆیە داواتان لێدەکەم بیر لە هەموو حالەتەکان بکەنەوەو ئەم دەرفەتەش بە سوک و ئاسانی لەدەست مەدەن ) .

لە 10 ی حوزەیران ئەنجومەن کۆبونەوەی 23 یەمینی خۆی بەست ، لەو کۆبونەوەیە سەرۆکی ئەنجومەن دەڵێ: ( هەندێک لە ئەندامان پێشنیارێکیان پێشکەش کردوە داوا دەکەن پرسی پەیماننامە دوابخرێ بۆ پاش یەکلایی بونەوەی پرسی ویلایەتی موسل) ، دواتر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (جەعفەر عەسکەری ) داوای قسەکردنی کرد ، لە وتەکانیدا داوای لە سەرۆکی ئەنجومەن کرد بەهۆی هۆکاری سیاسیی دەرەکیەوە داوا دەکەم ئەم پەیماننامەیە دوا نەخرێ، مەبەستی هەرەشەکانی حکومەتی بەریتانی بوو . بەڵام ئەنجومەن بڕیاریدا دوا بخرێ بۆ رۆژی دوایی ، ئەم دواخستنە گەورە کۆمیسەری تورە کرد ئەوەبوو فشاری زیاتری خستنە سەر کە دەبێ ئەم پەیماننامەیە بڕیاری لەسەر بدرێ بەزۆر، هەر ئەودەمە گەورە کۆمیسەر بەتەلەفۆن پەیوەندی بە مەلیکەوە دەکا و پێی دەڵێ کە ئێوارە بۆ کارێکی گرنگ لای ئەو ئامادە دەبێ ، دیارە یاداشتێکی ئامادە کردبوو کە بیدا بە مەلیک بڕیارێک دەربکا بە هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەن و داگیر کردنی بنایەی ئەنجومەن .

کاتێکیش گەورە کۆمیسەر دەگاتە کۆشکی پادشا یاداشتەکەی پێدەدا، تیایدا هاتبوو :

( حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لە کات وساتێکی وەک ئێستادا کە حکومەتی عێراق پێیدا تێدەپەرێ لە هەرەشەی ناوەخۆ ودەرەکیی بۆ پاراستنی خاکی عێراق ناتوانێ چیتر رێگە بەو جەنجالی وپاشا گەردانیە بدا کە باڵی بەسەر عێراقدا کێشاوەو هەرەشەی هەمەلایەنەی لەسەر دروست کردوە، ئەو یاداشتانەی لەم دواییەشدا بۆ ئەنجومەنی دامەزراندن بەرزکراونەتەوە هیچ لەیەک نزیک بونەوەیەکیان لێ بەدی ناکرێ. دواتر هیچ ئومێدێکیش نیە کە ئەنجومەن بڕیارێکی ئەرێنی وراشکاوانە لەسەر ئەو پەیماننامەیە بدا بۆیەو لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانە پێمراگەیەندراوە کە حکومەتی شکۆداری بەریتانی مەرجی درێژە پێدانی پاراستنی شکۆداریەکەی بەندە بە بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکە ، دەبێ ئەم بڕیارە بە زوترین کات دوای راوێژکردن لەگەل حکومەت وئەندامانی ئەنجومەن وەربگیرێ، هەر بەو هۆیەشەوە دەبێ سەرفراز بکرێیت کە لە هەرکاتێکا بتەوێ ئەنجومەنی دامەزراندن هەلوەشێنیتەوە وئەم دەسەلاتەش لای تۆ بمێنێتەوە بۆ هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی دامەزراندن ئەو هەموارەش دەسەلاتی ئەوەت پێبداماوەی چوارمانگی سەرەتایی پێکهێنانی ئەنجومەن هەڵەشاندنەوەی لەدەسەلاتی خۆتدا دەبێ ، بەپێێ ئەو سەرفرازیەو دەسەلات پێدانە هەر ئەم شەو کە شەوی 10 لەسەر 11 یە ئەم ئەنجومەنە هەلوەشێنەوە بە پێچەوانە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی چیتر بەم شێوەیە پشتگیریتان ناکات . بە ئەرکی فەرمی خۆم دەزانم پێت بلێم کە ئەم فەرمانە بە فەرمی لە رێگەی سەرۆک وەزیرانەوە بە سەرۆکی ئەنجومەن رابگەیەنی بەر لە کاتژمێر حەوتی بەیانیی رۆژی 11ی حوزەیران و لە رێگەی وەزیری ناوەخۆش بنای ئەنجومەن دابخە پاش ئەوەی رێنمای پێویستی بۆ دەردەکەی و دەوری بە هێزێکی تەواوی پۆلیس دەگری کە توانای پاراستنیان هەبێ .

مەلیک فەیسەل بە ئامادە بونی سەرۆکی وەزیران (جەعفەر عەسکەری) و سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن (یاسین هاشمی) لەگەڵ گەورە کۆمیسەر کۆبونەوە تارێگە چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە ، لەم کۆبونەوەیەدا بە سێ قۆلی بە تیرو تەسەلی باس لە رێگە چارەیەک کرا بەڵام گەورە کۆمیسەر ووتی : :

( داوای كۆبونەوەیەكی ئاوەرتەی(نائاسایی) ئەنجومەنی دامەزراندن بكە بەر لە نیوەشەو كە بڕیار لەسەر پەیماننامەكە بدەن، بە پێچەوانە ئەوە دەبێ بكەیت كە لە یاداشتەكە نوسیومە ئەویش هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنە).

هەر ئەوكات مەلیک فەرمانی دا سەرۆكی ئەنجومەن ئامادەبێ ، كاتێک ئامادە بوو مەلیک و گەورە كۆمیسەر فەرمانیان پێ دا كە دەبێ هەر ئەم شەو ئەندامانی ئەنجومەن ئامادە بكاو لەسەر پەیماننامەكە كۆببنەوەو بڕیاری لەسەر بدەن بێ دوا كەوتن. .

سەرۆكی ئەنجومەنی دامەزراندن بە یاوەری سەرۆک وەزیران و یەكێک لە پیاوە نزیكەكانی مەلیک چونە دەر، گەورە كۆمیسەر لەگەڵ مەلیک مایەوە تا بەردەوام بێ لە فشارەكانی بۆ ئەوەی بەر لە كاتژمێر دوانزە بڕیار لەسەر پەیماننامەكە بدەن ، لە گەرانەكەیاندا بەرێوەبەری پۆلیس بە ژمارەیەک پۆلیسەوە یاوەری هاورێكەی مەلیكی كرد، دەرگا بە دەرگاو ماڵ بەماڵ بەدوای ئەندامانی ئەنجومەندا دەگەران ولەماڵ دەیان هێنانە دەر بۆ ئەوەی لەو كۆبونەوەیە بەشدار بن كە بەم نیوەشەوە دەبەسترێ بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر پەیماننامەكە ، لەم بارەیەوە (حاجی ناجی) ئەندامێكی ئەنجومەن دەبێ دەگێرێتەوە دەڵێ: ئەو شەوە منیان لەناو پێخەفەكەم دەرهێناو بەزۆر منیان خستە ناو سیارەیێكەوە بێ ئەوەی بزانم بۆ كوێم دەبەن بۆ زیندان یا گوڵەبارانكردن ، ئەویان یەكێک بوو لە ئۆپۆزسیۆنەكان .

هەواڵنامەی کتێب

*** *** ***

**ئەنجومەن بەو شەوە كۆدەبێتەوەو لە ژێر هەرەشە بڕیار لەسەر پەیماننامەكە دەدا:**

بەرێوەبەری پۆلیس وپیاوەكانی توانیان بەو شەوە لە كۆی 100 ئەندام 68 یان ئامادە بكەن لە شەوی 10 لەسەر 11ی حوزەیران بەر لە نیوەشەو ، لە سەرەتای كۆبونەوەكە(عەبدولموحسین ئەلسەعدون) كۆبونەوەكەی كردەوەو لەگەڵ ئامادەبوانی ئەندامانی ئەنجومەن دواو ووتی: (ئەنجومەنە بەرێزەكەتان ئەمرۆ كۆبونەوەكەی بۆ بەیانی چوارشەم دواخستبوو بەڵام جەنابی شكۆدار مەلیک ئێمەی ئاگادار كردەوە كە بەرێز گەورە كۆمیسەر دەڵێ پرسی یاداشتەكان نابی بۆ رۆژێكی تر بگواسترێتەوە چونكە ئەمە دەبێتە رەتكردنەوەی پەیماننامەكە ،بۆیە داوام لە ئێوە كردوە كە ئامادە بن ئەمەش ئەركی منە بۆیە كردومە) .
.

هیچ شتێک لەبەردەم ئەنجومەن نەمایەوە جگە لە بڕیاردان نەبێ ،بۆیە بەم نیوەشەوە لە ژێر هەرەشەی هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەن خرایە دەنگدان كە 37 ئەندامیان رازی بون 24 یش دژی بون 8 ئەندامیش

دەنگیان نەدا ، بەم شێوە پەیماننامەکە لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندن بڕیاری لەسەر درا .

کاتێک گەورە کۆمیسەر ئەمەی پێگەیشت لە خۆشیا رایکردە لای مەلیک و خۆشحالی خۆی دەربری بە رەزامەندی پەیماننامەکە بە هەموو هاوپێچو پرۆتۆکۆلەکانیەوە ، چونکە لە بەندی 18 ی پەیماننامەکەدا دەڵێ: ئەو پەیماننامەیە پەسند ناکرێ کاتێک لەلایەن دوو گروپ واژۆ دەکرێ تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی دامەزراندن رەزامەندی وبڕیاری لەسەر نەدا . دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو ئەندامانەی رەزامەندیان دابوو بەر لە واژۆکردنی ئەم برگەیان بۆ زیاد کردبوو ( هەرکاتەی حکومەتی بەریتانی لەو پەیمانە پەشیمان بۆوە کە ویلایەتی موسل لەسەر عێراق بمێنێتەوە ئەوکات ئەم پەیماننامەیەش هەڵدەوەشێتەوە و ئەم بڕیارە هیچ بەهایەکی نامێنێ ) .

پاش ئەوەی پەیماننامەکە پەسندکراو بەهۆیەوە حکومەتی بەریتانیا دەستکەوتی نەوتی بەدەست هێنا ئەوسا لە 16 ی کانونی یەکەمی 1925 کۆمەڵەی نەتەوەکان خاوەندارێتی عێراقی بۆ موسل پەسند کرد. سنورەکانی عێراقیشی بە سنورەکانی ناوبراو لە برۆکسل ناوبرد، کۆمەڵەی نەتەوەکان داوای لە عێراق کرد پەیمانێک لەگەڵ بەریتانیا واژۆ بکا مافی چاودێری (انتداب)ی بۆ ماوەی 25 ساڵ پێ بدا ، دواتر هەر واشی لێهات پەرلەمان لە 18 ی کانونی دووەمی 1926 رەزامەندی لەسەر پەیماننامەیەکی نوێی دا، سەرەرای ئەوەی ئۆپۆزسیۆن نارەزایی خۆیان لەم پەیماننامەیە دەربری و داوایان کرد بەر لە پەسند کردنی بدرێتە لیژنەیەکی پەرلەمانیی تایبەت . بەڵام سودی نەبوو . بەپێێ پەیماننامەی بەریتانیی عێراقیی تورکی کە لە 5ی حوزەیرانی 1926 واژۆیان لەسەر کرد، بەریتانیا فشارێکی توند دەخاتە سەر تورکیاو دەمکوتی دەکا ، بە پێێ ئەو پەیماننامە بەریتانیا گوژمەی نیو ملیۆن لیرەی بەریتانی بدا بە تورکیا وەکو بەشە نەوتی تورکیا ، پاش ئەوەی تورکیا شکست لە رازی کردنی بەریتانیا دێنێ کە ویلایەتی موسلی پێبدا لە بەرانبەردا مافی دەرهێنانی پترۆلی پێ بدا ، بەڵام بەریتانیا ئەمەی رەتکردەوە چونکە بەرژەوەندیەکانی ئەوان زیاتر لەگەڵ پێدانی موسل بە عێراق بوون بەهۆیەوە بە تەواوەتی خۆی بەسەر سەروەریەکانی عێراقدا سەپاند وسەرجەم کەنالەکانی سیاسی وئابوری وسەربازیی عێراقی کۆنترۆل کرد ، ئەمەش لە رێگەی ئەو پەیماننامەوە بوو کە لە ژێر هەرەشە تێپەراند .

ئەمەش دەقی پەیماننامەکەیە :

## دەقی پەیماننامەی عێراقیی بەریتانی لە 1922

خاوەن شكۆ پادشای بەریتانیا        خاوەن شكۆ پادشای عراق

لەبەر ئەوەی خاوەن شكۆی بەریتانیا دانی بە فەیسەل كوری حسێن ناوە وەكو پادشای عێراق ، دیسان لەبەر ئەوەش كە پادشای عێراق بەرژەوەندیەكانی ولاتەكەی باش دەزانێ و شەونخونی لەسەر بەرەو پێشچونی دەكا بۆیە لەگەڵ پادشای بەریتانی هاوپەیمانیەک دەبەستن، دیارە خاوەن شكۆ پادشای بەریتانیش بروای وایە كە لە ئێستادا پەیوەندیەكانی لەگەڵ پادشای عێراق لە باشترین دۆخدایە بۆیە ئەویش ئەم هاوپەیمانیەی واژۆكرد كە پێی وایە باشترین رێگەی هەڵبژاردوە بۆ درێژەدان بە پەیوەندیەكانی ، بە پشت بەستن بەو راستیانە ئەم دوو بەرێزانەی دەستنیشانكردوە واژۆی ئەم پەیماننامەیە بكەن : لە لایەن خاوەن میرنشینی یەكگرتوی بەریتانیای مەزن و ئیرلەندا و مولكەكانی بەریتانیای ئەودیو دەریا و ئیمپراتۆری هیند بەرێز ( سیر برسی كۆكس) باوەرپێكراوی بەریتانیا لە عێراق. لە لایەن پادشای عێراقیش بەرێز و خاوەن فەخامەت (عەبدولرەحمان نەقیب) سەرۆک وەزیرانی عێراق ونەقیبی جوامێرانی بەغدا ، پاش ئالوگۆر كردنی نوسراوەكانیان دەركەوت رێككەوتنەكە بەم شێوەیە بووە:

بەندی یەكەم:

لەسەر داوای پادشای عێراق ، پادشای بەریتانیان پەیمان دەدا كە لە ماوەی دیاری كراوی ئەم پەیماننامەیە سۆزداری پەیمانەكانی بێت لە هەركاتێكی پێویست عێراق پێویستی بە راوێژ یا هەر هاوكاریەک هەبێ بەتایبەت ئەوەی سەروەریەكانی عێراق ببەزێنێ بە هانای عێراقەوە بێت، بۆ ئەم كارەش خاوەن شكۆی بەریتانی گەورە كۆمیسەر (مندوب سامی) و كونسلێک و جەنەراڵێک یاوەریی بكا بە هاوكاریی دەوروبەرێكی تەواو رادەسپێرێ ئەم ئەركە جێبەجێ بكەن .

بەندی دووەم:

خاوەن شكۆ پادشای عێراق پەیمان دەدا لەو ماوەیە هیچ فەرمانبەرێک لە رەگەزی ناعێراقی دانامەزرێنێ لەو شوێنانەی كە پێویستیان بە ئیرادەی مەلەكیە، بەبێ رەزامەندی خاون شكۆی بەریتانی ، دواتریش لە رێككەوتنێكی جیادا مەرج و ژمارەی ئەو فەرمانبەرە بەریتانیانە دەستنیشان دەكەین كە لە حكومەتی عێراقدا خزمەت دەكەن.

بەندی سێیەم:

خاوەن شكۆی عێراق دەبێ رەزامەندی لەسەر دارشتنی یاسایەكی بنەرەتی بدا ئەو یاسایەش بدرێتە ئەنجومەنی دامەزراندن تا بریاری لەسەر بدا ، بەمەرجێ لە چوار چیوەی پەیماننامەكە دەرنەچێ و لەگەڵی ناكۆک نەبێ ، بەو مەرجهش ئارەزوو بەرژەوەندی ومافی سەرجەم پێكهاتەكانی عێراق رەچاو بكاو لە بەرژەوەندیاندابێ ، كە تیایدا مافی ئاین پەرستی ومافە كەسیەكانی هەموو تاكێک فەراهام بكا بەمەرجێ دژی داب ونەریتە باوەكان نەبێ ، دیسان دەبێ پابەندی ئەوە بێ كە هیچ جیاوازیەک لە نێوان پێكهاتە ئاینی ونەتەوی و ئەتەنیەكان نەكا ، مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ هەموو نەتەوەكان دابین بكاو مافیان پێشێل

نەکا بەو شێوەی لەگەڵ بەرنامەکانی فێرکاری حکومەتی عێراقی بێنەوەو لەگەڵیدا ناکۆک نەبن ، دەبێ ئەم یاسا بنەرەتیە رێچکەکانی دەستوری و یاسادانان و جێبەجێکردن دیاری بکا کە دواتر بەهۆیەوە بڕیار لەسەر پرسە گرنگەکان دەدا وەکو پرسی دارایی و سەربازی .

بەندی چوارەم:

بێئەوەی دەستکاری بەندی 17و 18 بکرێ لە پەیماننامەکە دەبێ پادشای عێراق رەزامەندی بدا کە ئاماژە بەو راوێژکارانە دەکا کە خاوەن شکۆی بەریتانی لە رێگەی گەورە کۆمیسەرەوە بە عێراق رادەگەیەنێ لە بوارە گرنگەکانی دارایی و سەربازی لە درێژی ئەو ماوەی پەیماننامەیە ، دەبێ خاوەن شکۆی عێراق لە هەمو کاروبارەکانی گرنگ وەکو دارایی و سیاسەتی کاش و دراوی عێراقی دەبێ راوێژ بە گەورە کۆمیسەرەوە بکا و دەبێ سیاسەتێکی تەندروستی دراوی بگرێتە بەر تا سیستەمێکی توکمە بێتە کا ئەمە لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق قەرزاری حکومەتی بەریتانیە.

بەندی پێنجەم

خاوەن شکۆی عێراق مافی ئەوەی هەیە نوێنەرایەتیەکی سیاسیی لە لەندەن و سەرجەم ولاتانی تری هەبێ ، ئەمەش لە رێگەی رێککەوتنێکی نێوان هەردوو گەورە تیمەکانەوە دەبێ ، لەو شوێنانەی کە نوێنەریشیان لێێ نیە ، خاوەن شکۆی بەریتانی لاریی نیە نوێنەرایەتیەکە بە نوێنەری خاوەن شکۆی بەریتانی بسپێرێ لەو ولاتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی هاوڵاتیانی عێراقی لەوێ ، خاوەن شکۆی عێراق خۆی ئەوراقی پشتپێبەستنی بالوێزەکانی بێگانە پەسند دەکا پاش ئەوەی رەزامەندی خاوەن شکۆی بەریتانی وەردەگیرێ لەسەر دامەزراندنیان .

بەندی شەشەم:

خاوەن شکۆی بەریتانی هەوڵی ئەوە دەدا لە زوترین کات عێراق ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان .

بەندی حەوتەم:

خاوەن شکۆی بەریتانی پەیمان و سۆز دەدا کە لە زوترین کات و لەسەر بنەمای رێککەوتنێک کە هەردوو گروپی گەورە کۆمیسەر ئامادەی دەکەن هاوکاریەکانی سەربازی سوپای خاوەن شکۆی عێراق بکا ، ئەم رێککەوتنە بە جیا دەکرێ تیایدا چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو هاوکاریانە دیاری دەکرێ بەژمارە، دواتر ئەم رێککەوتنە دەدرێتە ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

بەندی هەشتەم :

بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری خاکی عێراق نابێ نە بە کرێدان نەبە واز هێنان نەبە بەخشین بە هیچ لایەنێکی بێگانە، ئەمە نابێتە رێگر لەبەر دەمی خاوەن شکۆی عێراق بۆ دابین کردنی شوێن حەوانەوەی بالوێز و کۆنسوڵی ولاتانی دەرەوەی .

بەندی نۆیەم

هەولێرناسەی کتێب

خاوەن شكۆی عێراق پەیمان دەدا كە پلان و پرۆژەكانی خاوەن شكۆی بەریتانی پێشنیار دەكا ئەو خاوەندارێتیی بەكا لە جێبەجێ كردنی بە شێوەیەكی دادپەروەرانە بۆ مسۆگەر كردنی بەرژەوەندیەكانی بێگانەكان ، بەهۆی جێبەجێ نەكردنی پارێزبەندی وئیمتیازاتەكانیان كە بەپێی تایبەتمەندیەكان پێشتر هەیانبوو ، دەبێ دەقی ئەم رێككەوتنە بە جیا دارێژرێ و پێشكەش بە كۆمەڵەی نەتەوەكان بكرێ .

بەندی دەیەم

دەبێ هەردوو گروپی واژۆكار لەسەر پەیماننامەكە رەزامەندی لەسەر رێككەوتنی بەجیا بدەن بۆ مسۆگەر كردنی جێبەجێ كردنی پەیماننامە و رێككەوتنەكان تا لە بەرانبەر بە جێبەجێكردن ودڵنیاكردنەوەی خاوەن شكۆ ی بەریتانی وخاوەن شكۆی عێراقی بەرپرسیاربن . دەبێ خاوەن شكۆی عێراق بەرانبەر بە فەراهام كردنی كەرەستەی یاسادانانەكان سۆز بداو پێشكەش بە كۆمەڵەی نەتەوەكان بكرێ.

بەندی یانزەهەم:

نابێ لە عێراق نە پارێزراوە(رعایە) بەریتانیەكان نە هەرپارێزراوێكی (رعایە) تری بێگانەی سەربە كۆمەڵەی نەتەوەكان هیچ تایبەتمەندیەكی جیاكەرەوەیان هەبێ لەگەڵ هیچ لە هاوڵاتیەكی تری ولاتانی ئەندام لە كۆمەڵەی نەتەوەكان ، مەبەست لە پارێزراوانی ولاتان ، كۆمپانیاكانن ئەوانەی بە پێێ یاسای دەولەت دامەزراون ورێگەیان پێدراوە لە كاروبارەكانی باج ودەرامەت وبازرگانی ودەریاوانی و كاروبارە پیشەییەكان و كاری بەلەمكاری دەرایاوانی و بەلەمی پادشایەتیی هەوایی ، هەروەها نابێ لە عێراق هیچ جیاوازیەک لە نێوان هێنان و ناردنی كالاكانی ولاتاندا هەبێ ، هەروەها دەبێ ئازادی هات و چۆی كالاكان لەسەر خاكی عێراق بە پێی یاسا ئازاد بكرێ و هیچ رێگریەكیان لێ نەگیرێ .

بەندی دوانزەهەم:

نابێ هیچ رێگریەک لە كاری ئاین بلاوكردنەوە بكرێ و هیچ رێگا یەكیان لێ بگیرێ یا دەست بخرێتە ناو كاروباریانەوە ، یا جیاوازی لە نێوان بانگخوازێكەوە تا بانگخوازێكی تری ئاینی بكرێ بەهۆی ئاین یا رەگەزەوە ، بەمەرجێ كاری ئەو بانگخوازانە دژی داب ونەریتەكان وكاری حكومەت نەبێ و رێگری لە كاری ئەوان نەكا.

بەندی سیانزەهەم:

دەبێ خاوەن شكۆی عێراق پەیمان بدا كە بە پێێ توانا هاوكاری جێبەجێ كردنی بەرنامەكانی كۆمەڵەی نەتەوەكان بكا لە قەلاچۆكردن و چارەسەری كردنی نەخۆشیەكان چ نەخۆشیی ئاژەل بێ یا روەک یا ئادەمیزاد بەقەدەر ئەوەندەی لە تواناداییەو رێگر نیە لەبەر دەم كارە كۆمەلایەتیەكان.

بەندی چواردەهەم:

دەبێ خاوەن شکۆ پەیمان بدا لە ماوەی 12 مانگ لە رۆژی واژۆ کردنی ئەم پەیماننامەوە، یاسای پاراستنی ئاسەوارەکان دابڕێژێ و سۆزی جێبەجێ کردنیشی بدا ، ئەم سیستەمەش لەسەر بنەماو ڕێنماکانی هاوپێچی پەیماننامەکە بێ بە پێێ برگەی 421 لە پەیماننامەی ئاشتەوایی کە لە 10ی ئابی 1920 واژۆ کراوە ئەمەش جێێ سیستەمی عوسمانی دەگرێتەوە کە تایبەت بوو بە ئاسەوارە کۆنەکان ، لەم روەشەوە یەکسانی جێبەجێ دەکرێ و نابێ هیچ جیاوازیەک لە نێوان هاوڵاتیانی بێگانە دروست بکرێ لە گەران بەدوای ئاسەوارەکاندا چ ئەو دەولەتانەی ئەندامن لە کۆمەڵەی نەتەوەکان یا ئەودەولەتانەی خاوەن شکۆی بەریتانی رێگەی پێداون ئەو دەولەتانەش کە خاوەن شکۆ رێگەیان پێدەدا دەبێ هەمان مافی دەولەتە ئەندامەکانیان هەبێ کە لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەندامن .

بەندی پانزەهەم:

رێککەوتنێک لە نێوان هەردوو گروپ ئەنجام دەدرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی پەیوەندیە داراییەکان، تیایدا لەلایەک ئاماژە بەوە دەکرێت کە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی بیدا بە حکومەتی عێراق، گوژمەی ئەوەندەی کە بە هاوپێچ لەسەری رێککەوتون ، هەروەها حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی دەبێ ئەوەندە هاوکاری پێشکەش بە حکومەتی عێراق بکا بە قەدەر پێویستیەکانی کە لەسەری رێک دەکەون لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ، لە لاکەی تر دەنوسرێ کە لەسەر حکومەتی عێراقە ئەو پارەیە بەم شێوەیە بداتەوە کە وەکو قەرز پێی دراوە ، ئەم رێککەوتنەش دەدرێ بە کۆمەڵەی نەتەوەکان .

بەندی شانزەهەم:

حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی پەیمان دەدا کە بە پێێ توانا بەڵێنەکانی جێبەجێ بکا و هیچ رێگری و تەگەرەیەک لە رێگای پەیوەندیەکانی عێراق دروست نەکا کە بە مەبەستی گومرگی و مەبەستەکانی تر دروستی دەکا لەگەل هەر دەولەتێکی خۆی مەبەستیەتی .

بەندی حەڤدەهەم:

لەکاتێک ئەگەر هەر کێشەیەک لە نێوان ئەم دوو گروپە دروست بوو بەهۆی لێکدانەوەی جیا لە برگەکانی پەیماننامەکە ، کێشەکە دەبەنە دادگای نێودەولەتی هەمیشەیی ، کە لە بەندی 14 لە پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا هاتوە ، ئەگەر لە حالەتێکدا ناکۆکی لە نێوان هەردوو دەقەکەی عەرەبی وئینگلیزیدا هەبوو بەهۆی وەرگێرانیەوە لەو حالەت دەقە ئینگلیزیەکە بە سەرچاوە وەردەگیرێ.

بەندی هەژدەهەم:

ئەم پەیماننامەیە لەو کاتەوە کاری پێ دەکرێ کە لە لایەن هەردوو گروپی دیاری کراو واژۆ دەکرێ و لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندنیشەوە رەزامەندیی لەسەر دەدرێ ، ئەوکات بۆ ماوەی 20 بیست سال کاری پێدەکرێ ، کاتێکیش ئەو ماوە تەواو دەبێ ئەوکات هەردوو گروپ سەیری دۆخەکە دەکەن ئەگەر پێویستی نەکرد درێژەی پێبدرێ ئەوا کۆتایی پێدێ ، ئەوکات کۆمەڵەی نەتەوەکان کۆتایی هێنانەکە پشتراست دەکاتەوە ئەگەر نەچێتە ناو بەندی شەشەم ، لە حالەتی کۆتایی هێنانیش دەبێ کۆمەڵەی نەتەوەکان

ئاگادار بکرێتەوە ، ئەم دوو گروپەش هیچ رێگریەکیان لەبەردەم دا نیە ئەگەر لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بە مەرجەکانی ئەم پەیماننامەیەدا بچنەوە ئەگەر پیویستی کرد هەروەها بە مەرجەکانی رێککەتنەکەش کە بە جیا گرێبەستی بۆ کرابوو لە ئەرتیکلەکانی 7،15،17 ئەگەر پێیوستی کرد هەموار یا دەستکاریەکی تری بکرێ ئەگەر کات یا دۆخ یا بەرژەوەندیان ئەوەی ویست دەکرێ ئەنجامی بدەن ودواتر ئاگاداری کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەن بەو دەسکاریە دواتر دەبێ واژۆی پەسند کردنەکە لەلایەن هەردوو گروپ بکرێتەوە .

ئەم پەیماننامەیە بە ئینگلیزی وعەرەبی نوسراوەتەوە، وێنەیەکیش لە هەردوو زمانی لە خەزنەکانی خاوەن شکۆی بەریتانی هەڵدەگیرێ، بۆ پەسندکرنی ئەو زانیاریانەی سەرەوە هەردوو گروپ واژۆو مۆریان لەسەر کرد.

لە بەغدا بە دوو وێنە دروست کراوە لە رۆژی 1922/10/10کە دەکاتە 19ی سەفەری 1341 ی کۆچی.

سیر بیرسی کوکس
گەورە باوەرپێکراوی
خاوەن شکۆی بەریتانیا

عەبدولرەحمان نەقیب
نەقیبی ئەشرافی بەغدا
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق

هەوالنامەی کتێب

## بەشی سێیەم

## ئەرکەکانی وەزارەتی نوری سەعید
## بڕیاردان لەسەر پەیماننامەی 1930

**یەکەم/ جەعفەر عەسکەری لە بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکە سەرکەوتو نابێ ودەست لە حکومەت دەکێشێتەوە : :**

**دووەم/ عەبدولموحسین ئەلسەعدون لە بڕیاردانی پەیماننامە سەرکەوتو نابێ، خۆکوشتنی:**

**سێیەم/ نوری سەعید وەزارەت پێک دەهێنێ و ئەرکی بڕیاری پەیماننامەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی:**

**نوری سەعید پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە.**

**نوری سەعید سەختەکاری لە هەلبژاردندا دەکا بۆ ئەوەی بتوانێ بڕیار لەسەر پەیماننامە بدا .**

**دەقی پەیماننامەی 1930.**

**پیاوە مەزنەکانی ولات سەبارەت بە پەیماننامەکە چیان ووتوە؟**

**چوارەم/ نوری سەعید مانگرتنە سەرتاسەریەکەو خۆپیشاندانەکان سەرکوت دەکا .**

**پێنجەم/ نوری سەعید شۆرشی شێخ مەحمودی حەفید سەرکوت دەکا .**

**یەکەم/ جەعفەر عەسکەری لە بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکە سەرکەوتو نابێ ودەست لە حکومەت دەکێشێتەوە:**

جەعفەر عەسکەری بڕیاردانی پەیماننامەی 1930 ی خستبوە ئەستۆی خۆی ، بۆ مەبەستی دارشتنی رەشنوسی پەیماننامەکە چوبوە لەندەن کە لەوێ بینوسێ و واژۆی بکا بۆئەوەی دواتر بیخاتە بەر دەم پەرلەمان بۆ بڕیار لەسەردان . بەڵام کاتێک دەگەرێتەوە بەغدا خۆی لەبەردەم هەلوێست و واقعێکی ناخۆش دەبینێتەوە کە وەزیری ناوەخۆ (رشید عالی گەیلانی) و یاسین هاشمی (وەزیری دارایی) دەستیان لە کار کێشاوەتەوەو شەقامی ولاتیش لە گرگرتن دایە دژی ئەو پەیماننامەیە کە لە پەیماننامەی پێشوی باشتر نیە ئەوەی لە 1922و 1926 واژۆکرا ، دیارە هێشتا بەریتانیا کۆد وبەندی توند دەخاتە سەر عێراق و تەگەرە لەبەردەم گەشەکردنی ئابوری وسەربازیی دروست دەکا و دەست دەخاتە نا وکاروباری ناوەخۆو دەرەوەی لە وردترین کارەوە تا مەزنترین کار .

بۆیە پێێ کارێکی سەخت بوو ئەنجومەنی نوێنەران روبەروی ئەم پەیماننامە بکاتەوە ئەوەبوو هیچی لەبەردەم نەما جگە لەوەی لە 1928/1/8 دەست لە کار کێشانەوەکەی پێشکەش بە مەلیک بکا ، هەر زوو مەلیک قەبولی کردو ،عەبدولموحسین ئەلسەعدونی لە 1928/1/14 راسپارد کە کابینەی سێیەم پێک بهێنێ .

**دووەم/ عەبدولموحسین ئەلسەعدون لە بڕیاردانی پەیماننامە سەرکەوتو نابێ و خۆکوشتنیەکەشی:**

دیارە یەکەم ئەرکی سپێردراوی ئەم کابینە بڕیاردانە لەسەر پەیماننامە نوێکە لە ئەنجومەنی نوێنەران ودەست کردن بە وتوویژ و دان وستان بۆ هەموار کردنی ڕێککەوتنە سەربازی ودارابیەکان .



موحسن ئەلسەعدون

بەهۆی ئەوەی حکومەتە نوێکە زۆرینە پێک ناهێنێ لە ئەنجومەنی نیشتمانی ، ئۆپۆزسیۆنیش بەهێزە و ئەم پەیماننامەیە بە ئاسانی رەت ناکرێ بۆیە سەرۆکی وەزیران داوا لە مەلیک دەکا تواناکانی بخاتە گەر بۆ هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان و بڕیاردان بۆ هەلبژاردنێکی نوێ ، مەلیک داواکەی عەبدولموحسین ئەلسەعدونی جێبەجێ کرد ، ئەوەبوو لە 18 /1/ 1928 مەلیک دەسەلاتەکانی خۆی بەکار هێناو پەرلەمانی هەلوەشاندەوە ، پاش ئەوە حکومەت هەلمەتێکی چڕ و پڕی گواستنەوەی فەرمانبەرە مەزن وکاربەدەستەکانی حکومەت دەست پێکرد بۆ ئەوەی بردنەوەی هەلبژاردنەکە مسۆگەر بکاو ئەوانەی لە شوێنە هەستیارەکانن خەلکانی خۆیان بخەنە شوێنیان .

بەلام رووداوی مەزن لە سەرەتای دەست پێکردنی کابینەکەی عەبدولموحسین ئەلسەعدون رویان دا یەکێک لەوانە تاوانبار کردنی (ضاری الشعلان) و منداڵەکانی بە کوشتنی کۆلۆنێل (لیجمان) بوو کە دوای

روداوەکانی 1920 حکومەتی بەریتانی ئەمی بەم روداوە تاوانبار کردبوو بڕیاری دەستگیرکردن و دادگایی کردنی دابوو بۆیە شێخ ضاری ناچار دەبێ رابکا ، کەچی لە ئەنجامی دەستکیسیەکدا حکومەت توانیی لە 1927/11/3 دەستگیری بکا و دوای دادگایی کردنی حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنێ، لەگەڵ ئەوەی لە حالەتێکی ناجوری تەندروستیدا بوو ، دواتر حوکمەکەی بۆ کرا بە هەمیشەیی ، چەند رۆژێکی پێچو لە شێخ زیندان گیان لەدەست دەدا، مردنی شێخ جادەی وروژاند لە هەموو لایەک بوو بە خۆپیشاندان و هێرشیان کردە سەر نەخۆشخانە و تەرمی شێخیان دەرکرد و ئاپۆڕی جەماوەر بەدوایدا رژانە سەر شەقامەکان ومەزنترین خۆپیشاندانیان ساز کرد کە تیایدا هێرشیان دەکردە سەر حکومەتی عێراق و بەریتانیا، ئەمە یەکەم تەگەرە بوو حکومەتی توشی شۆک و شلەژان کرد .

دواتر لە 28 ی شوباتی 1928 کاتێک(ئەلفردموند) ی بەریتانیی بەرەگەز جو سەردانی بەغدا دەکاو لە لایەن گەورە کۆمیسەر و کاربەدەست و پیاوە مەزنەکانی جوی بەغداو کاربەدەستانی بەغدا پێشوازیی لێدەکرێ، ئەمە زیاتر دۆخەکە تێک دەدا، ئەم سەردانە زیاتر ئەو خەلکەی هانداو شەقامەکان لە جەماوەری راپەریو زمەی دەهات ، دروشمی دژ بە جوەکان وحکومەتەکانی بەغداو بەریتانیا بەرز دەکرانەوە ، حکومەت ناچار دەکا هێزی چەکدار بۆ بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بەکار بێنێ کە لەم روداوە چەندین خۆپیشاندەر و پۆلیس زامدار بون . خۆپیشاندانەکە بە شێوەیەک مەزن بوو ژمارەی نزیکەی 20 بیست هەزار خەلکی لەخۆ گرتبوو، رویان کردە ستێشنی شەمەندەفەری کەرخ کە بڕیار بوو کەژاوەی میوانە جوەکە بەوێدا تێبپەرێ بۆیە حکومەت ناچار دەبێ ئاراستەی کەژاوەکە بگۆرێ بەرەو کازمیەو لەوێشەوە بۆ ئەعزەمیە کە گەورە کۆمیسەر لێێ نیشتەجێ بوو ئەویش بوو بە میوانی .
حکومەت هەلمەتێکی توندی دژی کەسە نیشتمانپەروەرەکان دەست پێکرد لەم روەوە (یانەی تەزامن) ی داخست کە بەوە تاوانبار کرابوو کەسانی هاندەری ئاژاوەی لێ ئەندامەو بەرپرسە ، هەرچی گردبونەوەو خۆپیشاندانیش هەیە بە بڕیارێکی تایبەتیی قەدەغە کرد ئەگەر مۆلەت وەرنەگرن .

وەزارەتی زانست( وەزارەتی پەروەردەی ئێستا دەگرێتەوە.و) چەندین خوێندکارو مامۆستای لە خوێندن و سەرکار لاداو دەریکردن ، هەندێکیانی رەوانەی دادگا کردن ، وەزیری زانست(توفیق ئەلسویدی) دەڵێ حکومەت سورە لەسەر قەدەغەکردنی خۆپیشاندان تەنانەت ئەگەر پێویست بکا تەقەش لە خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان دەکا لاریی نیە لە وەرگرتنی هەر هەلوێستێک بۆ قەدەغەکردنی .

گەورە کۆمیسەرش لەبەر دەم مەلیک نارەزایی خۆی دەربری بەوەی خۆپیشاندەران سوکایەتی بە بەریتانیاو زایۆنیزم دەکەن ، بەڵام خۆپیشاندانەکان لە 10 ی شوبات دوبارە بونەوە ، ئەمجارەیان لە مزگەوتی حەیدەرخانە ئاپۆڕێکی تر دەرچو بە هێرش بردنە سەر بەریتانیا روخانی پەیمانی بلفۆرد و زایۆنیزم هوتاف لێدەدرا، بەهۆیەوە روبەروو بونەوە لەگەڵ پۆلیس رویداو چەندین کەسیان لە گوتارخوێنەکان دەستگیر کردو دایانە دادگا، دۆخەکەیان بە بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران کۆتایی پێهێنا ، بەهۆی ئەوەی کە پەرلەمان هەلوەشاوەتەوە بۆ دەستگرتنی باشتر بەسەر دۆخەکاندا حکومەت چەندین بڕیاری دەرکرد بە قەدەغەکردنی خۆپیشاندان وسزادانی هاندەرانی ، یەکێک لەو سزایانەی سەرپێچی کەران (جەلد) لێدانی بە قامچی و ژێرچاوکردن وخستنە ژێر چاودێری پۆلیس بوو تەنانەت دەرکردن لەسەر کار ودابراندنی خوێندکاران لە خوێندن و دورخستنەوەی هەندێکیان و چەندین سزای تر کە هەمویان لەگەڵ دەستوردا ناکۆک بون ، ئەم مەراسیمانە کۆمەڵێک نارەزاییان لەگەل خۆ هێنا لەلایەن حزب و کەسایەتی و قەوارە سیاسیەکانەوە کەهەمویان پێیان وابوو ئەم سزاو مەراسیمانە ستەمکارن. لە

ئەنجامی ئامادە بونی راوێژکاری بەریتانی لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە وەزارەتی داد کە لەو دانیشتن ئەو فەرمانە ستەمکارانە دەرکرابون، ( حیکمەت سلێمان ) کە وەزیری داد بوو دەستی لە کار کێشایەوە، لە ئەنجامی ئەم فشارانە لە 17 ی ئایاری 1928 فەرمانەکان هەڵوەشێندرانەوە .

لە 1928/2/22 حکومەت بریاری هەڵبژاردنێکی نوێی دا، ئۆپۆزسیۆن لە هەوڵی خۆ ئامادەکردن وکۆکردنەوەی هێزەکانیدابوو، حکومەتیش فشاری زیاتری خستە سەریان بۆئەوەی لەم هەڵبژاردنە بە ئەنجامێکی زۆرینە دەرچن تا بتوانن پەیماننامەکە تێپەرکەن، هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن حکومەتی بەوە تاوانبار کرد کە خەڵک دادەمەزرێنێ لە پەرلەمان وساختەکاری دەکا وفشار دەخاتە سەر خەڵک ئینجا راپێچی دەنگدانیان دەکا تا دەنگ بە نوێنەری ئەوان بدەن، هەر چۆنێکی بێ لە 9 ی ئایاری 1928 هەڵبژاردنەکە ئەنجام درا بەو شێوەی حکومەت خۆی دەیویست بە بەکار هێنانی هەموو شێوازەکانی فشارو هەرەشە بەسەر هاوڵاتیانەوە بۆیە هەردوو حزبی ( ئیستقلال و وەتەنی) لە یاداشتێکدا بۆ سەرۆکی وەزیران تانەیان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دا . لە 13 ی ئایاری 1928 یەکەم دانیشتنی ئەنجومەن بەرێوە چوو، مەلیک ووتاری تەختی پادشایەتیی خوێندەوە کە تیایدا ویستی پاساو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن بێنێت وبە بیانوی ئەوەی داخوازی گەل بوە لەسەر پرسە مەترسیەکان ، مەبەستی لەم زاراوەیە پرسی بەرێکردنی پەیماننامەو پێداهاتنەوەی رێککەوتنە سەربازی وداراییەکان بوو .

کاتێک ئەو خەڵکە لە نیازی ناپاکی حکومەت گەیشت ، هەڵسان بە کۆکردنەوەی خۆیان ویەکخستنی ریزەکانیان ، ئەوەبوو حزبێکی سیاسیان دامەزراند کە دژی ئەو پیلانانە بوەستێ و ببێتە حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە بەناوی ( حزبی نیشتمانی (الوطنی) بە سەرۆکایەتی (جەعفەر ئەبو تمەن) و سەرکردەکانیشیان بریتی بوون لە : (موحەمەد مەهدی بەسیر، عەلی مەحمود شیخ عەلی ، ئەحمەد عزەت ئەعزەمی ، عەبدولغەفور بەدری ، مەولود موخلیس ، بەهجەت زینەل ، مەحمود رامز) . حکومەتی عەبدولموحسین ئەلسەعدون لە 1928/11/10 بریاری دا لەسەر هەموارکردنی رێککەوتنی سەربازی ودارایی وتووێژ لەگەڵ بەریتانیادا بکا ، بۆ ئەم مەبەستە هەریەک لە وەزیری دارایی وبەرگری و زانستیی سەرفراز کرد کە دانوستان لەگەڵ بەریتانیادا بکەن، بەریتانیاش لەلای خۆیەوە هەریەک لە گەورە کۆمیسەر و مارشاڵ(ادور ولنکتون) و سکرتێری دارایی (خانەی اعتماد) بۆ ئەم پرسە سەرفراز کرد.

شاندی بەریتانی دوو رەشنوسیان بۆ هەردوو رێککەوتنەکە ئامادە کردبوو کە شوێن رێککەوتنەکانی 1922 بگرێتەوە ، بەڵام شاندی عێراقی هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان ئەم رەشنوسەو رێکەوتنە کۆنەکە بەدی نەدەکرد بۆیە پێیان وابوو کە وەکو یەکن بەهۆیەوە رەتیان کردەوە ، ئەوان(شاندی عێراقی.و) دوو رەشنوسی تریان ئامادە کردبوو کە تیایدا مافەکانی عێراق دەپارێزراو زیاتر لە ژێر چەپۆکی بەریتانی وهەیمەنەتی رزگاریان دەبوو و سەروەری عێراقیان دەگێرایەوە. لە یاداشتە سەربازیەکەی عێراقی مافی بە عێراق دابوو ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەی ولات بپارێزێ لەجیات بەریتانیا کە هەتا ئەوکات لەدەست بەریتانیا بوە .

رەشنوسی رێککەوتنەکەی داراییش تیایدا هاتبوو کە مولکیەتی هێڵی شەمەندەفەر بۆ عێراق بگەرێتەوەو خەرجیی گەورە کۆمیسەری بەریتانیش چیتر عێراق نەیگرێتە ئەستۆ . دوو یاداشتەکەی شاندی عێراقی گەورە کۆمیسەری تورە کرد بۆیە هەر زوو رەتی کردنەوە، ئەمەش بوە مایەی دروست بونی قەیران لە نێوان حکومەتی عێراق و گەورە کۆمیسەری بەریتانی، دواتر حکومەتی عێراقی لە

12/27 یاداشتێکی دایه گەورە کۆمیسەری تیایدا هەڵوێستی حکومەتی لەمەر دانوستانەکان ڕونکردەوە، ئەمەش دەقی یاداشتەکەیە :

1- بەرپرسیارێتی بەرگری نیشتمان دەبێ لە ئەستۆی سوپای عێراقیدا بێ.
2- دەستنیشان کردنی فەرماندەی هێزی هاوبەشی بزوتنەوەکان دەبێ لە لایەن مەلیک فەیسەڵەوە دیاری بکرێ .
3- بەرێوە بردنی دادگا سەربازیەکان دەبێ لەدەست ئەفسەرانی عێراقی بێ .
4- دەسەڵاتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی بەریتانی بەسەر سوپای عێراقەوە رەت دەکەینەوە.
5- کەمکردنەوەی ئەفسەرە بەریتانیەکانی ناو سوپای عێراقی.
6- ئەو برگەی کە تایبەتە بە بەرگریی دەریایی لە عێراق رەت دەکەینەوە .

سەبارەت بە رێککەوتنی داراییش حکومەت وا دەبینێ کە :

1- عێراق خۆی لە دارایی هێزەکانی ئاسمانی وزەمینی خۆی بەرپرسە ، ئەو هاوکاریانەش کە حکومەتی بەریتانیا دەیدا هەموی دەچێتە گیرفان ئەفسەرە بەریتانیەکانی ناو سوپای عێراق کە ژمارەیان زۆرن وپێویست بەم ژمارە زۆرە ناکات.
2- لە توانای حکومەتی عێراقیدا نیە خەرجی دیوەخانەی کۆمیسەر بدا.
3- دەبێ رێککەوتنی باجی گومرگی هەموار بکرێتەوە، بە شێوەیەک بێ لە بەرژەوەندی عێراقدا بێ.
4- دەبێ حکومەتی عێراقی خۆی خاوەنی هێلی ئاسنینی شەمەندەفەر بێ ، حکومەتی عێراقیش ئامادەیە تێچوی ئەو پرۆژە بە بەریتانیابداتەوە .
5- دیاری کردنی ماوەی بەسەرچونی رێککەوتنی دارایی.

لە کۆتاییەکەدا حکومەتی عێراقی ئاگاداری گەورە کۆمیسەری بەریتانیی کردەوە کە ناتوانێ پەیماننامەکە بخاتە بەردەستی ئەنجومەن تائەم دوو رێککەوتنە بەم هەمواریەوە واژۆ نەکرێن . کاتێکیش گەورە کۆمیسەر ئەم دوو یاداشتەی حکومەتی عێراقی دەبینێ ، زۆر بەتوندی وەلامیان دەداتەوە، بەتایبەت ئەو برگەی دەڵێ: ناتوانین پەیماننامەکە بخەینە بەردەست ئەنجومەن تا ئەم دوو رێککەوتنە واژۆ نەکرێن ، دواتر داوای لە عێراق کرد ئەوە رابگەیەنێ کە بەهۆی ئەوەی رێککەوتنی نوێ ئەنجام نەدراوە ، بۆیە تائێستا رێککەوتنە کۆنەکە کارپێکراو دەبێ.

کاتێکیش سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاداشتەی گەورە کۆمیسەر پێدەگا راستەوخۆ داوای کۆبونەوە دەکا، لەو کۆبونەوەیە سەرجەم روداوەکەو رەنگدانەوەکانی لەگەل ئەندامان باس دەکا بەتایبەت لەگەڵ ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن کە بریتی بون لە (رەشید عالی گەیلانی] و[جەعفەر ئەبو تمەن] و[یاسین هاشمی) بە تێر وتەسەلی باسیان لە یاداشتەکەی بەریتانیا کرد و داوای لێکردن رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ئەم گرفتە بدۆزنەوە ، سەرجەمیان ئەو رێگەچارەی بۆیان دیاری دەکرد دەست لەکار کێشانەوە بوو کە هەمویان گفتی ئەوەشیان پێیدا کە بەشداری لە حکومەتێکی تری نوێ نەکەن . دوای ئەم دانیشتنە سەعدون سەرکردەکانی حزبەکەی خۆی (حزبی تقدم) بانگ کرد وهەڵوێستەکەی پێراگەیاندن و داوای لێکردن کە چی بکا ؟ ئەوانیش پشتگیری خۆیان بۆی دەربری، بۆیە ئیتر ئەویش پشتەستور دەبێ ، راستەوخۆ نامەیەک بۆ گەورە

کۆمیسەر دەنێرێ و تیایدا دەنوسێ: گەلی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەران لەوە کەمتر رازی نین کە حکومەتەکەی بە دوو یاداشت پێی داون، حکومەتیش رازی نیە رایبگەیەنێ کە رێککەوتنەکەی سەربازی و دارایی کۆن کاری پێدەکرێ تا کاتێکی نادیار، چونکە رێککەوتنی نوێ لەم بارەیەوە رەزامەندی لەسەر نەدراوە، ئەگەر حکومەت هەنگاوێکی لەم شێوە بنێ بەمانای گەرانەوەیە بۆ دواوە ، ئەمە شەرمەزاریە بۆ ئێمە ئەگەر کارێکی لەم جۆرە بکەین چونکە ئەوکات هیچ کام لە وەزیرەکان روی ئەوەیان نابێ بچنەوە سەر کارەکانیان دەبێ هەمویان واز بێنن ، ئەوەشت پێ رابگەیەنم کە من بەهۆکاری تەندروستیەوە دەست لە کار دەکێشمەوە و سەبارەت بە پەیماننامەو رێککەوتنەکانیش هیچ بە ئەنجومەن راناگەیەنم نەبادا بڕیارێک بدەن مایەی شەرمەزاری و پەشیمانی بێ.

هەر زوو لە 1929/1/19 بە بروسکە گەورە کۆمیسەر وەزیری کۆلۆنیالەکان (مستعومەرات) ی لەو رەوشە ناخۆشە ئاگادار کردەوە بەتایبەت کە ئەلسەعدون دەست لە کار دەکێشێتەوە ، کاتێکیش وەزیر بروسکەکە دەخوێنێتەوە ، پەیوەندی بە ئەلسەعدونەوە دەکا و تکای لێ دەکا کە لە کارەکەی بەردەوام بێ ، وێرای ئەوەی لە هەموار کردنەوەی رێککەوتنە سەربازی وداراییەکە سەرکەوتو نەبون ، هەروەها پەیمانی پێدا کە بەریتانیا درێغی ناکاو هەموو هەولەکانی دەخاتە گەر بۆ بە ئەندام بونی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان و جێبەجێ کردنی هەندێک لە داواکاریەکانی حکومەتی عێراق . بەڵام ئەلسەعدون لە هەمان رۆژ 19ی کانونی دووەم یاداشتێکی تری بۆ وەزیری کۆلۆنیالەکانی بەریتانی نارد وەکو وەلامدانەوە کە تیایدا داواکاریەکەی وەزیری رەت کردەوەو سوربونی خۆی لەسەر دەست لەکار کێشانەوەکە دوپات کردەوە و وتی: ( چیتر ئامادە نیم بەرپرسیارێتی هەلگرم).

لە 20 کانونی دووەم ئەلسەعدون دەست لەکارکێشانەوەی خۆی دایە دەست مەلیک ، هەرچەندە مەلیک بە دڵێکی ناخۆشەوە لێی وەرگرت و داوای لێ کرد کە درێژە بە کارەکانی بدا تا کابینەی نوێ پێکدێت، بەڵام ئەو هەر سور بوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی.

بەهۆی هەلوێستە توندەکان و پێداگریی بەریتانیان بەرانبەر بە دوو رێککەوتنەکەی بەریتانیا ، مەلیک فەیسەل نەیتوانی لە ماوەی سێ مانگدا حکومەت پێکبهێنێ ، کاتێک گەورە کۆمیسەر دەبینێ دۆخەکان بە بنبەست گەیشتون رادەکاتە لای مەلیک و زۆری لێ دەکا کە حکومەت پێکبهێنێ بەر لەوەی کارەکان خەراپتر بن ، مەلیکیش پێی رادەگەیەنێ کە من ناتوانم کەس راسپێرم حکومەت پێک بێنێ بەهۆی هەلوێستە توندەکانی بەریتانیا. لەوکاتە سەعدون بۆ پشتگیری کردنی هەلوێستی مەلیک دوبارە ئاگاداری مەلیک دەکاتەوە کە ناتوانێ درێژە بە کارەکانی بداو داوای لێ دەکا دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبولکا و تکای لێکرد کە یەکێک راسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزاری . لەو رۆژاندا دەسەلاتی حوکم لە بەریتانیا لە دەست حزبی پارێزگارانەوە دەرچوو کەوتە دەست حزبی کرێکاران ، ئەوکات بەهۆی دەمەقالیەکی نێوان گەورە کۆمیسەر ( هنری دوبس) و مەلیکەوە حزبی کرێکاران گەورە کۆمیسەر دەگوازنەوە، بەم شێوە خزمەتەکانی لە مانگی شوباتی 1929 کۆتایی پێدێ ، ئیتر حکومەتی بەریتانی بڕیار دەدا ( گلبەر کلایتی) جێێ بگرێتەوە ئەویش لە 2 ئاداری 1929 گەیشتە بەغدا بۆ دەست بەکار بون وەکو گەورە کۆمیسەری بەریتانی .

بەم گۆرانکاریە گەلی عێراق ئومێدی خواست کە سیاسەتەکانی بەریتانی بەرانبەر بە عێراق گۆرانکاریان تێ بکەوێ . دوای هاتنی حزبی کرێکاران بۆ سەر حوکمی بەریتانی و ئالو گۆرکردنی گەورە کۆمیسەر ، گەورە کۆمیسەری نوێ لە وتەیەکیدا لەبەر دەم پادشای عێراق پەیمانی دا کە هەرچی لە بەرژەوەندی عێراقدایە ئەوە بیکا و داوای ئەوەی کرد کە متمانە و بروا بە یەکتر بکەین . کۆمیسەرە نوێکە سەردانی (عەبدولموحسین ئەلسەعدون) ی کۆنە سەرۆک وەزیرانی کردو ئەویش داوای لێ کرد لە یاداشتەکەی پەشیمان بێتەوەو بگەرێتەوە سەر کار ، بەڵام ئەم وەلامی دایەوە گوتی ناتوانم من درێژە بەکارەکانم بدەم لە کاتێکا بەریتانیا بەپیر داخوازیە شەرعیەکانی عێراقەوە نایەت. .
گەورە کۆمیسەر ئەم هەلوێستەی ئەلسەعدونی بە حکومەتی بەریتانیا راگەیاند ، ئەوکات ئیتر حکومەتی بەریتانیاش هەستی بەوە کرد کە دروست بونی پەیوەدنیی لەم شێوە ونانەوەی ئاژاوە لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیادا نیە و بە دوری نازانێ روبەروی هەڵەی مەزنی بکا، بۆیە ئاگاداری گەورە کۆمیسەری کردەوە کە بەریتانیا ئامادەیە عێراق بکا بە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەمەرجێ عێراق لە رێگەی رێککەوتن و پەیماننامەوە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە عێراق مسۆگەر بکا، هەروەها ئامادەشین لەگەڵ عێراق لەسەر داواکاریەکانیان رێک بکەوین کە لە دوو رێککەوتنەکانی سەربازی و داراییدا هاتون . لە 21 ی نیسان گەورە کۆمیسەر دەقی ناوەڕۆکی یاداشتەکەی حکومەتی بەریتانیی بە مەلیک راگەیاند، مەلیک فەیسەل هەولێدا نوری سەعید راسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ، بەڵام ئەلسەعدون مەلیک فەیسەلی ئاگادار کردەوە کە ئەندامانی حزبەکەی لە پەرلەمان ئامادە نین متمانە بە نوری سەعید ببەخشن ، کاتێکیش مەلیک هیچ چارەی نەما بۆیە لە 28 ی نیسانی 1929 توفیق ئەلسویدیی راسپارد بە پێکهێنانی کابینەی نوێ بەو ئومێدەی لەو هەلوێستەی رزگار بکا، ئەوەبو زۆر بەپەلە دەست کرا بە پێکهێنانی وەزارەتەکان. پێکهاتەی وەزیرەکان لە وەزیرەکانی کابینەی سەعدون وحزبەکەی ئەو بون ، بەڵام حزبەکەی ئەلسەعدون بەو مەرجە رێگەی بە وەزیرەکانی دا کە رێککەوتنەکەی سەربازی ودارایی هەمواربکەنەوە بۆئەوەی متمانەی پەرلەمان وەدەست بێنن .
لە ئەنجامی راسپاردن وپێکهێنانی کابینەی نوێ لەلایەن توفیق ئەلسویدیەوە شەپۆلێکی نارەزایی دروست بو جگە لە تورەبونی جەماوەر سەرجەم حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش تورە بون ، بۆیە تەمەنی ئەم کابینە زۆر کورت دەبێ ،لە ئەنجام هیچی پێنەکرا جگە لە بەرپەرچدانەوەی خۆپیشاندانەکانی جەماوەریی 30ئابی 1929 نەبێ کە دژی رەفتارەکانی سایۆنیزم و هێزەکانی بەریتانی لە فەلەستین رێکخرابوو، لەو بەرپەرچدانەوەیە پۆلیس بە توندی میللەتی سەرکوت د کردو حکومەتیش هەردوو رۆژنامەی (الوطن ، النهضە) ی داخست و هۆشداریشی دایە گۆڤاری (الوطن العربی) چونکە زنجیرە وتارێکی دژی پەیمانی بلفۆرد و کارە درندانەییەکانی سایۆنیزمەکان لە فەلەستین دابەزاندبوو ، بۆ ئەم رەفتارەی حکومەت، (حزبی الوطنی) نارەزایی دەربری کە ئازادیەکان کپ دەکرێن و حکومەت شێوازی توندو تیژی دژی گەل بەکار دێنێ . بەهۆی هەلوێستی جوامێرانەی جەماوەرو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرانبەر بە رەفتارە ناشیرنەکانی حکومەت هیچ لەبەر دەم توفیق ئەلسویدی نامێنێتەوە جگە لە دەست لە کار کێشانەوەی کە لە 25 ی ئابی هەمان ساڵ واتە دوای 4 چەار مانگ لە مانەوەی لە کابینە نوێکە دەستی لە کار کێشایەوەو حکومەتەکەی هەلوەشاندەوە ، ئیتر ئەمجارەشیان حکومەتی ئەلسەعدون دەگەرێتەوە کە کابینەی چواردەبێ ، ئەوەبوو مەلیک موحسین ئەلسەعدونی دوبارە راسپاردەوە لە 19ی ئەیلول تا کابینەی نوێ پێکبهێنێ . لەم میانەی وازهێنانی توفیق ئەلسویدی و دەستبەکار بونی ئەلسەعدون لەم ماوەدا گەورە کۆمیسەر (گلبرت

کلایتی) به نەخۆشی دڵ وەستان لە 9/11 کۆچی دوایی دەکا.
.

عەبدولموحسین ئەلسەعدون لە 9/19 کابینە نوێکەی پێکهێنا ، سەرەتاو لە دەستپێکی کابینەکەی بە هەلسەنگاندنی دۆخی سیاسی دەست پێکرد،ووتی: حکومەتی بەریتانیا پەیمانی داوە بێ مەرج لە 1932 عێراق بکا بە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان. ئەوەشی رونکردەوە کە بەریتانیا ئارەزوی هەیە لە رێککەوتنێکی نوێدا پەیوەندیەکانیان درێژە پێبدەن لەسەر هەمان بنەمای پەیوەندیەکانی بەریتانی و مسری ، ئاماژەی بەوەدا کە ئەم هەلوێستە نوێیەی بەریتانیا وەکو پەشیمان بونەوەیەک دێت بەرانبەر بە هەلوێستە توندەکانی پێشوی لە دژی سەروەری و ئازادیەکانی عێراق ، ئەلسەعدون لە پێشەوەی بەرنامەی کاری حکومەتی ئەم ئەرکانەی دانابون :

1- کاربۆ پەیماننامەیەکی نوێ بکرێ، بۆ پەلە کردن لە بە ئەندام بونی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بەر لە 1932 ، لەو پەیمانەی دەشبەسترێ هیچ سیمایەکی داگیرکاری بەریتانیای بەسەروە نەبێ .
2- کۆتایی هێنان بە بەرپرسیارێتیە بەرگریەکانی بەریتانیا بەرانبەر بە عێراق ، ئەم ئەرکە بە سوپای عێراق بسپێردرێ و خزمەتی سەربازیش بکرێتە بە زۆر بۆ ئەوەی سوپایەکی بەهێز دروست بکرێ لە توانایدا بێ بەرگری لە سەروەریەکانی عێراق بکا.
3- کەمکردنەوەی ئەفسەرە بەریتانیەکان لە ناو سوپای عێراقی و پشکێنەرو فەرمانبەرەکانی کە ژمارەیان زۆرەو پێویست بەو ژمارەیە ناکا، لە شوێن ئەوان فەرمانبەری عێراقی دابمەزرێنرێن.
4- چاوخشاندنەوە بە یاسای باجی گومرگ و هاندای پیشەسازی نیشتمانی بە شێوەیەک بتوانێ روبەروی پیشەسازیی بێگانە بوەستێتەوەو بەرگەی ململانێکان بگرێ ، بەهۆی مردنی کت وپری گەورە کۆمیسەر(گلبەرت کلایتی) بە نەخۆشیی دڵوەستان، حکومەتی بەریتانیالە 1929/10/7 بڕیاری دا سی(فرانسیس هیمفریز) شوێن ئەو بگرێتەوە ، لە هەمان ساڵ لە 12/10 کۆمیسەرە نوێکە گەیشتە بەغداو دەست بەکار بوو ، لە هەمان کاتیشدا حوکمەتی بەریتانی پێداگریەکەی دوبارە کردەوە بە وەرگرتنی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 1932. حکومەتی ئەلسەعدون دەستی بە وتووێژ کرد بۆ دارشتنی پەیماننامەیەکی نوێ کە ئومێد و داخوازیەکانی گەلی عێراق دەستەبەر بکا ، شاندی دانوستانکاریش پێکهاتبون لە وەزیرانی بەرگری و دارایی و ناوەخۆ . لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش سەعدون بەرنامەی حکومەتەکەی خستە روو بەڵام ئۆپۆزسیۆن هێرشێکی توندیان کردە سەرو بەوە تاوانباریان کرد کە لە گفت و هەلوێستەکانی پێشوی پەشیمان بۆتەوە،لە پێداگریەکانی لەسەر رێککەوتنەکانی سەربازی ودارایی و داخوازیەکانی گەلی عێراق ، بەڵام سەعدون زۆر بەتوندی وەلامیدانەوە بەقەدەر ئەوەی کاتی خۆی وەلامی ئەو ئەندامانەی دابۆوە کە راگەیاندنەکانی بەریتانیایان قەبول بوو ، کە دواتر بەریتانیا لە ووتەکانی خۆی پەشیمان ببۆوە، ئەوکات وتبو: :
( ئەگەر ئەمە روبدا من پێم وایە پرسی سەربەخۆیی بەندە بە ئازایەتی میللەت ، ئەگەر میللەت سەربەخۆیی ویست ئەوا دەبێ کەش و هەواکەی بۆ لەبار کەیت و دۆخێکی لەباری بۆ دروست کەی، ئەمە بە ووتە و گوتاری خالی نابێ ، سەربەخۆیی بە هێز و خۆ بەختکردن وەدەست دێ ، ئەمە ئەوەبوو کە دەمویست بیلێم).

--------------------------------------------

**خۆکوشتنی عەبدولموحسین ئەلسەعدون:**



ووتەکانی عبدالمحسن ئەلسەعدون لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگۆو کاریگەری زۆری لەلای ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن وئەندامانی لایەنگری بەریتانیادروست کرد لەوکاتەی وتبوی سەربەخۆیی بە هێز وەردەگیرێ و داوای لە گەل کردبوو ئامادەکاریی بۆ بکەن، ئەم وتەیەی لای ئۆپۆزسیۆن زۆر کاریگەرو مایەی قەبول بوو لە بەرانبەردا لایەنگرانی بەریتانیا بەم ووتەیە پەست بون بۆیە هەندێک لەو کەسانەی پێیان ناخۆش بوو ئەم وتەیان گەیاندە جێگری گەورە کۆمیسەر (میجەر یانک) کە ئەویش هەر زوو رەخنەی لێگرت و ووتەی ناشیرنی پێووت بە رادەیەک دڵشکاوی کرد کە هەرگیز پێێ هەرس نەدەکرا بۆیە ئەوەندە کاری تێکرد تا بیری بۆ خۆکوشتن چو ئەوە بوو لە 1929/11/13 لولەی دەمانچەکەی ئاراستەی سەری خۆی دەکا وبە گوللەیەک خۆی دەکوژێ ، بەم خۆکوشتنەی هەڤالانی و مەلیک وگەورە کۆمیسەر توشی شۆک دەکا، لەپاش خۆی نامەیەک بۆ (عەلی) ی کوری جێدەهێلێ کە تیایدا بە چەند خالێک ئامۆژگاری و هۆکارەکانی خۆکوشتنی دەنوسێ، ئەمەش دەقی وەسیەتنامەکەیە :

( کورم ،چاوەکانم ،عەلی ، بم بورە لەوکارەی کە کردم کە دوای خۆم تاوانێکم جێهێشت،ئەمەش چونکە لەم ژیانە بێزار وبێ ئومێد بوم ئەو ژیانەی نە خۆشی نە ئابرو نە تامم لێێ نەدی، نەتەوەکەم چاوەروانی خزمەتم لێدەکا ، ئینگلیزیش رازی نیەو منیش بێ پشت وپەنام ، عێراقیەکان قوتابیی سەربەخۆن، لاواز و بێ دەسەڵاتن، زۆر لە پرسی سەربەخۆوە دورن،ئەوان ناتوانن ریز لە کەسانی بسپۆری وەکو من بگرن ،

وا بیردەکەنەوە کە من ناپاک(خائن) و کۆیلەی ئینگلیزم؟ لەم کارەساتە مەزنتر چیە؟ من مەزنترین خۆبەختکاری ئەم نیشتمانەم ، هەمو سوکایەتیەکم لە پێناو ئەم نیشتمانە هاتوتە رێ ، لە پێناو ئەم بستۆکە پیرۆزە کە باوک وباپیرانم لەسەری ژیاون هەموو زەلیلیەکم قەبول کردوە ، کورِم دوا ئامۆژگاریم بۆت ئەمەیە:

1- لەگەڵ براکابچوکەکانت میهرەبان بە ، کە بە یەتیمی دەمێننەوە، ریز لە دایکت بگرەو دلسۆزی نیشتمانەکەت بە .
2- تا سەر ئێسقان دلسۆزی مەلیک فەیسەل ونەوەکانی بە .

بم بورە کورەکەم عەل .
واژۆ
عبدالحسن ئەلسەعدون

(1929/11/13 . و)

حکومەت هەواڵە دڵتەزێنەکەی بلاو کردەوە ، تەرمی لە گۆرستانی (باب الشێخ) نێژرا ، ناشتنەکە کرابە رێورەسمێکی شیاوو کەم وێنە کە سەرجەم کەسایەتیە سیاسیەکانی عێراق لە دوای تەرمیدا دەرۆیشتن و ێرای ئاپۆرێکی مەزنی جەماوەر کە هەمویان داخ وئەسەفیان بۆی دەخواست بە لەدەست دانی کەسایەتیەکی نیشتمانپەروەر ، بەم شێوە تا گەیاندیانە گۆرستان وبەخاکیان سپارد، بروسکەی پرسەنامە لە هەموو کونجەکانی دونیاوە دەهاتن ، هەمویان هاوخەمی خۆیان دەردەبرِی .

بەڵام گەورە کۆمیسەر رەخنەی لە حوکمەت گرت کە وەسیەتنامەی سەعدونیان لە رۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە، گوایە ئەمەی وەکو هاندانی خەلکە دژی سیاسەتەکانی حکومەتی بەریتانیا بەرانبەر بە عێراق کە دەبێتە مایەی وروژاندنی خەلک دژی بەریتانیا ، بەڵام مەلیک و حکومەتەکەی هەولیان دا هێوری کەنەوەو پاساو بۆ بلاوکردنەوەی وەسیەتنامەکە بێنن . دوای تەواو بونی پرسەکە حکومەت لە دۆخێکی دەستلەکار کێشاوە دا بوو. دوای بلاو بونەوەی وەسیەتنامەکەی شەقامی عێراق گرِی گرت بۆیە کارێکی ئەستەم بوو لەم بارو دۆخەدا بتوانرێ حکومەتی نوێ پێکبهێندرێ ، مەلیک فەیسەل لەگەل جێگری گەورە کۆمیسەر رێککەوتن کە (ناجی ئەلسویدی) بۆ کابینەی نوێ راسپێرن، ئەوەبوو لە 1929/11/18 مەلیک فەرمانی راسپاردنی دەرکرد ، کابینەکە پێکهێندراو سەۆکی وەزیران لە نامەیەکدا بۆ مەلیک دەنوسێ کە پەیمان دەدەم لەسەر هەمان نەهجی سەرۆک وەزیرانی کۆچکردوو برۆم، جەختیشی لەوە کردەوە کە دەرفەتی تەواو بە وەزیرە بەرێزەکان بدا دەسەلاتەکانیان بەکار بێنن و سنورێکیش بۆ دەستێوەردانەکانی گەورە کۆمیسەر، راوێژکارە بەریتانیەکان دابنێم و خواست وئاواتەکانی گەلی عێراقیش لە هەردوو رێککەوتنەکەی سەربازی و دارایی بهێنمە دی ، لەم روەوە ئاگاداری هەمان ئەو لیژنەی کرد کە سەعدون دایمەزراندبوو بۆ دانوستان لەگەل بەریتانیا، لیژنەکە بە سەرۆکایەتی گەورە کومیسەر دەستی بەکارەکانی خۆی کرد ، بەڵام جارێکی تر لیژنەکە توشی رەتبونەوەی داواکاریەکانی عێراقی هات لەلایەن گەورە کۆمیسەرەوە بۆیە هەلوێستی هەردوو لا لەیەک دور بون و نەگەیشتن بەیەک و دانوستان نەیتوانی

هیچ                                    بەدەست                                    بێنێ                                    .

لەسەردەمی ئەم کابینەیە بوو کە دەستی ئەمریکی بە فەرمی دەخزێتە ناو عێراق ، ئەمەش پاش ئەوەی حکومەتی ئەمریکی لەلایەک وبەریتانی وعێراقی لەلایەک لە 1930/1/9 پەیماننامەیەک دەبەستن تایبەت بە مسۆگەر کردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە عێراق ، ئەم پەیماننامەیە لە ژێر هەیمەنەی ئەموریکا وبەریتانیادا بوو کە بەرژەوەندیەکانیان تێکەڵ بەیەک ببون ، ئەوەی لەم پەیماننامەیە بۆ عێراق بە سود بوو ، دانپیانانی ئەمریکا بوو بە دەولەتی عێراق. بەڵام ئەم حکومەتە نەیتوانی هیچ لەو پەیمان وبەرنامانەی حکومەتی سەعدون خستبونیە ئەستۆی خۆی جێبەجێیان بکا ، حکومەت هەولیدا کە بودجەی فەرمانبەرە بەریتانیەکان کەم کاتەوە بۆئەوەی باری قورسی عێراق سوک بێت ، بەڵام ئەمەشیان روبەروی تورەبونی گەورە کۆمیسەر دەبێتەوەو بە توندی رەتیدەکاتەوە بۆیە داوا لە مەلیک دەکا لەم سەرۆک وەزیرانەی رزگار کا ، ئەوەبوو بەهۆیەوە لە 1930/3/9 حکومەتی ناجی ئەلسویدی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش بە مەلیک کرد و مەلیکیش رەزامەندیی لەسەر دا ، ئەم دەست لەکارکێشانەوە گەورە کۆمیسەری دلخۆشکرد ، سویدی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەدەبێ و لە کۆبونەوەیەکدا هۆکاری دەستلەکار کێشانەوەکەی ئاشکەرا دەکا کە تیایدا فەرمانبەرە بەریتانیەکانی بەوە تاوانبار کرد کە حوکمی عێراق دەگێرن ، دواتر یاسین هاشمی گوتارێکی خوێندەوەو ووتی ئینگلیز بە هەوەستی خۆیان حوکمی ولاتەکەمان دەکەن وبە پێێ بەرژەوەندیەکانیان مەلیک دەسوڕێنن کە هیچی بەدەست نیە و ناتوانێ بەرویاندا بوەستێتەوە.                                    .

وازهێنانی حکومەت وهۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوەی کە خستیانە ئەستۆی ئینگلیز بوە مایەی هەلچونی شەقام و بەهۆیەوە خەلک رژانە سەر شەقام دژی دەستێوەردانەکانی ئینگلیز لە کاروباری وولات . خۆپیشاندانەکان سەرتاپای ولاتیان گرتەوەو نوێنەری خۆپیشاندەران کۆبونەوەو داوای سەربەخۆیی تەواوی عێراق و دەست کێشانەوەی ئینگلیز لە دەستێوەردانەکانی ناو حوکمدا کرد، بروسکەکان لە سەرجەم لایەن و ولات بۆ خۆپیشاندەران دەچون رۆژنامەکان هەوالەکانیان بلاو دەکردەوە مەترسی و شلەژان پەرەی سەند ، ئەوەبوو لە 12 ی ئادار خۆپیشاندەران دەوری بەغدایانداو دوکان وبازاریان داخستن ، گەورە کۆمیسەر لە راگەیاندنێکدا بۆ فەرمانبەرە بەریتانیەکان داوایان لێدەکا لەماڵ دەرنەچن ، خۆپیشاندەران شەقامەکانیان کۆنترۆل کردو ئاپۆری جەماوەرە تورەکە روی لە (باب الشرقی) کردو لەوێشەوە بۆ خانوی بالوێزو کونسولەکان بەدەم هیتافی دژ بە بەریتانیاو دەسەلاتەکەی لە عێراق و داخوازی سەربەخۆییەکی تەواو بۆ عێراق ، ئەوکات ئیتر گەورە کۆمیسەر داوا لە مەلیک دەکا نوری سەعید راسپێرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت .

---

**نوری سەعید کابینە پێکدەهێنێ و بڕیار لەسەر پەیماننامەکەش دەدا:**

بەم شێوە لەسەر راسپاردەی مەلیک و گەورە کۆمیسەر ، نوری سەعید لە 1930/3/23 کابینەی یەکەمی خۆی پێکدەهێنێ ، ئەم راسپاردنە ئەو گۆچانە بوو کەلەسەر حوکمی عێراق بوو ئەم پیاوە 14 جار حکومەتی پێکهێنا لە 1930 وەتا ئەوکاتەی لە رێگەی کودەتایەکی سەربازی لە 14 ی تەموزی 1958 سەرەوژێر دەبێ ، لەو ماوەیەدا رۆلێکی مەترسیداری لە سیاسەتی عێراقدا گێرا ، بە دلسۆزیەکی تا سەرئێسقان بۆ ئینگلیز کاری دەکردو بەوهۆیەوە ناوبانگی دەرکرد ئەوکەسەش بوو کە بە دەرکردنی بڕیاری ستەم وزالمانە ناوی دەرکردبوو، بەهۆیەوە هەموو جولانەوەو ئازادیخوازێکی سەرکوت دەکرد ، هێرشی توندی دەکردە سەر هاولاتیانی خۆی بە ئاگر وئاسن دەم کوتی دەکردن ، هەموو پێشێلیەکی دەستوری پیادە دەکرد بێ گوێدانە هیچ بەهایەک ، هەلوێستی دژایەتیشی لە بزوتنەوە رزگاریخوازیەکانی عەرەبی وەرگرت بۆ ئەوەی دلّی ئینگلیز رازی بکا ، پێکهاتەی وەزارەتەکەشی بەم شێوەیە بوو :

1- نوری سەعید سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە
2- جەمیل مەدفەعی وەزیری ناوەخۆ.
3- عەلی جەودەتالایوبی وەزیری دارایی .

4- جەمال بابان وەزیری داد.
5- جمیل الراوی وەزیری کار و نیشتەجێبون .
6- عبدالحسین الچلبی وەزیری زانست(مەعارف)

لەگەڵ دەستبەکار بونی نوری سەعید رایگەیاند کە ئەرکی کابینەکەمان بەستنی هاوپەیمانیە لەگەڵ بەریتانیا لەسەر بنەمای سەربەخۆیی و بونی عێراق بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ، بەڵام لە راستیدا کابینەکەی بۆ ئەوە هاتبو تا پەیماننامەی 1930 بسەپێنێ و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی رەتکا.

## دانوستانەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا:

لە 1930/3/31 دانوستانەکان دەستیان پێکرد بۆ بەستنی هاوپەیمانێتیەکی نوێ لە نێوان عێراق و بەریتانیا ، لە لایەن بەریتانیاوە سیر( هیمفریز) گەورە کۆمیسەری بەریتانی لە عێراق سەرۆکایەتیی دەکرد بە ئەندامێتی هاوکاری (میجەر یونک و مستەر ستاجەر) لە لایەن عێراقیشەوە مەلیک خۆی سەرۆکایەتی شاندەکەی عێراقی دەکردو بە ئەندامێتی هەریەک لە نوری سەعید و جەعفەر العسکری و روستەم حەیدەری ، لەم دانوستانەدا مەلیک رۆلێکی بەرزی گێرا ، لە و رۆژانەی کە دانوستانەکان بەردەوام بون حکومەت راگەیاندنی توندی سەبارەت بە دانوستانەکان دەردەکردن بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکاریەکانیەوە ، تا ئەوکاتەی لە 1930/4/8 حکومەت لە بەیانێکیدا دەڵێ:

هەردوو شاندی دانوستان لەسەر ئەم خالانە رێککەوتن:

1- ئەم پەیماننامەی ئێستا لەبەر دەستە بۆ وتووێژو بڕیار لەسەردان ، لەوکاتەوە کاری پێدەکرێ کە عێراق دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان.
2- پێگەی عێراق هەروەکو لە پەیماننامەکەدا هاتوە ئەوکات دەبێتە دەولەتێکی سەربەخۆ.
3- لەوکاتەی پەیماننامە نوێکە دەکەوێتەکار، هەموو رێککەوتن وپەیمانەکانی پێشوی نێوان عراق و بەریتانیا هەڵدەوەشێنەوەو ئەم پەیماننامەیە شوێنیان دەگرێتەوە، هەروەها ماوەی ئینتدابەکەش(چاودێری) کۆتایی دێ .

بەهۆی ئەو متمانەی بەریتانیەکان بە نوری سەعیدیان دابوو و پشتگیریی مەلیک فەیسەل بۆی نوری سەعید رۆلێکی کاریگەرو بەرچاوی لە ئەنجام دانی پەیماننامەی 30 ی حوزەیرانی 1930دا هەبوو.
.

گەلی عێراق دڵنیا بون کە ئەم وتووێژە ئەوەندە درێژە ناکێشێ بۆیە لە چاوەروانیدا بوون، ئەوەبوو لە 1930/4/30 حکومەتی عێراق رایگەیاند کە لەگەل حکومەتی بەریتانیای مەزن پەیماننامەی واژۆ

کردوە، لەو رۆژەی عێراق بە فەرمی دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەورۆژەوە کاری پێدەکرێ ، دەقی پەیماننامەکەش لە رۆژنامەکان لە بەغداو لەندەن لە یەککاتی دیاریکراو کە دواتر لەسەری رێکدەکەوین بلاو دەکرێتەوە .

نوری سەعید دەست بەکارەکەی کرد بایەخی زۆر بە پەیوەندیەکانی عێراق و بەریتانیا دەدا کە وەکو تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو بۆی ، بەهۆی ئەو بایەخپێدانەی لەو تاقیکردنەوەیدا سەرکەوت و بوو بە یەکەم پیاوی بەریتانیا بێ رکابەر ، بەریتانیا لەورۆژ بەدواوە هەرجارەی کارێکی قورسی هەبوایە پرسی پێکهێنانی وەزارەتی بەو دەسپارد کە لە داهاتوشدا بە چاکی بەدی دەکەن ، دواتر نوری سەعید بەم رێکارانە هەڵسا:

## 1/ نوری سەعید ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێنێتەوە:

دوای ئەوەی حکومەت پەیماننامەکەی واژۆکرد هەنگاوی داهاتوی بریاردان وپەسندکردنە لە ئەنجومەنی نوێنەران ، چونکە ئەوەی نوری سەعید لەوە دلنیابوو کە ناتوانێ لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسندی بکا بەهۆی نەبونی زۆرینە بۆیە روی لە مەلیک کرد تا ئەنجومەن پەک بخاو دەسەلاتەکانی مەلیک بەکاربێنێ بە هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی هەلبژاردنێکی نوێ، هەرچەندە ماوەیەکی ئەوەندە بەسەر هەلبژاردنەکەدا تێپەر نەبوو کە هەر پێنج مانگێک دەبوو بەلام بۆ ئەوەی زۆرینە وەدەست بێنن مەلیک بریاری هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی داو رایگەیاند کە ئامادەکاری بکرێ بۆ هەلبژادنی نوێ ، نوری سەعیدیش بەرەو لەندەن بەرێ کەوت بۆ رێکخستن ووتوویژ لەسەر رێککەوتنە نوێکەی دارایی وسەربازی و هەموارکردنی ئیمتیازەکانی نەوت . لە 18 تەموز دەقی رێککەوتنەکە درایە دەست رۆژنامەنوسان بەمەبەستی بلاوکردنەوە، لە رۆژی دواتر لە رۆژنامەکان دابەزی ، بە دابەزینی رێکەوتنەکە خەلک خرۆشاو جەماوەر رژایە سەرشەقامەکان وبروسکەی نارەزایی لە هەموو لایەک نێردران و دروشمی نارەزایی دژی بەریتانیاو ئیمپریالیزم و کاربەدەستانی عێراق بون لە سەروی هەمویانەوە نوری سەعید ، ئەم پەیماننامەیە بێ دەستکاری دابەزیبوو هیچی لە دەسەلاتەکانی بەریتانیا لەسەر سەروەریەکانی عێراق کەم نەکردبونەوە بەلکو توندتری کردبون بۆ چەندین ساڵی داهاتوی درێژ کردبۆوە .

## 2/ نوری سەعید سەختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکا :

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران هەلوەشێندرایەوە لە 10ی تەموزی 1930 بریار درا هەلبژاردن ئەنجام بدرێ ، بانگەشەکان دەستیان پێکردو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان تواناکانی خۆیان یەکخستن بۆ شکست پێهێنانی پەیماننامەکە ، بەڵام حکومەت فشاری توندی خستە سەر هێزە نیشتمانیپەروەرەکان هاوکات سەختەکاری و پشتگیریی لە کاندیدەکانی خۆی کرد ، ئەمە وای کرد سەرکردەی نیشتمانی (جەعفەر ئەبو ئەلتمەن) لە بەیاننامەیەکدا خۆی لە هەلبژاردنەکان بکێشێتەوە چونکە دڵنیابوو لەوەی نوری سەعید لە

ڕێگەی ساختەکاریەوە ئەوکەسانە دێنیتە پێش کە پیاوی ئەون و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانێ پیلانەکانی خۆی لە ئەنجومەنی نوێنەران بەرێ بکا .

دیارە هەلبژاردنەکان بە پراکتیکی لە 20 /1930/10 لە کەش و هەوایەکی ئالۆز و ئاژاوەدا ئەنجام دران ، دە ڕۆژ بەر لە هەلبژاردنەکان واتە لە 10/10 نوری سەعید خۆی پۆستی وەزارەتی ناوەخۆی گرتە دەست بۆ ئەوەی لە کاتی هەلبژاردنەکاندا بتوانێ بە هەوەستی خۆی فشار بخاتە سەر لایەنەکان و گوشاریش بخاتە سەر لایەنگرە یەدەگەکان تا دەنگ بە لایەنگرانی حکومەت بدەن هەر لەو میانە ژمارەیەکی زۆری لەو فەرمانبەرانە لە شوێنەکانی خۆیانی گواستنەوە کە کاریگەریان لەسەر ئاراستەکانی هەلبژاردندا هەبوو ، ئەم ترسەی ئەوکاتە لێنیشت کاتێک فەرمانبەرە مەزنەکان خۆیان کاندید کردبوو و ببونە رکابەری مەترسیدار بۆ کاندیدەکانی ئەوان ، بەڵام نوری سەعید بەم شێوازە توانیی ئەنجومەنێک هەلبژێرێ کە لە کۆی 88 ئەندام 70 ئەندام مسۆگەر بکاو دڵنیا بێ لەوەی دەتوانێ بەهۆیانەوە پرۆژەکانی لە ئەنجومەن بەرێ بکا لە سەروی هەمویانەوە پەیماننامەکەی نێوان حکومەتی عێراق و بەریتانیا بوو ، دەقی پەیماننامەکەش بەم شێوەیە بوو :

## 3/ دەقی پەیماننامەی 30ی ئاداری 1930:

خاوەن شکۆ پادشای عێراق ، خاوەن شکۆ پادشای بەریتانیای مەزن و ئیرلەنداو مومتەلەکاتە کانی بەریتانیا لەودیو دەریاو ئیمپراتۆریەتی هیند . کاتێک ئارەزوی پتەوتر کردنی پەیوەندیەکانی دۆستایەتیمان هەبێ و پاراستنی هۆکارەکانی لەیەکتێگەیشتن و درێژە پێدان بە ئەلتەرناتیفەکانی و کاتێکیش خاوەن شکۆی بەریتانیا لە پەیماننامەکەی عێراق و بەریتانیا لە 1926/12/23 بەرانبەر بە بیستی مانگی جەمادی ئاخر لە 1344ی کۆچی پەیمانی داوە کە لە ماوەی داهاتوو ناوە ناوە سەیری دۆسیەی وەرگرتنی عێراق بکا لە ئەندامێتی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە هەر چوار سال جارێک ئەو هەولانە نوێبکاتەوە ، جا ئایا ئەمەی پێدەکرێ؟

بەهۆی ئەوەی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیای مەزن و ئیرلەندای باکور حکومەتی عێراقی لە 1926/9/14 ئاگادار کردۆتەوە کە بە هەموو توانایەکەوە ئامادەیە کە عێراق لە 1932 بکا بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ، سەبارەت هەمان پرس کۆمەڵەی نەتەوەکان لە 1929/12/14 رایگەیاندوە کە ئەمە نیازیەتی ، بەهۆی ئەوەی وەکو لە پەیماننامەکەدا هاتوە لەوکاتەی عێراق دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان ، راستەوخۆ دەبێتە وولاتێکی سەربەخۆ وپەیوەندیە کۆنەکانی ئینتداب لەوکاتەوە کۆتاییان پێدێ ، بەڵام هەردوو خاوەنشکۆ وای دەبینن ئەو پەیوەندیە دۆستایەتیەی لە نێوانیاندا هەیە ناکرێ بەم شێوە کۆتایی پێبێ بۆیە دەبێ لە شێوەیەکی تر ڕێکبخرێنەوە ، بۆ گەیشتن بەو مەرامە هاوپەیمانێتیەکی نوێمان سازداوە لەسەر بنەمای سەربەخۆ و ئازادی و یەکسانیەکی تەواو ئەم هاوپەیمانێتیەش لە دەستبەکاربونی عێراق لە ئەندامێتیی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە دەست پێدەکا بۆ ئەم مەبەستەش دوو نوێنەرمان دەست نیشان کردون ئەوانیش :

لەلایەن خاوەن شکۆپادشای عێراق، سەرۆکی وەزیران و وەزیری دەرەوە، هەلگری خەلاتی ڕێنسانس وسەربەخۆیی پلەی دووەم . .

له لایەن خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن وئیرلەندای باکور و مومتەلەکاتەکانی ئەودیو دەریاو ئیمپراتۆری هیند ، لفتانت کولونێل (هنری هیمفریز) گەورە باوەرپێکراوی خاوەن شکۆی بەریتانی له عێراق . هەردوو بەرێز دوای ئەوەی نامەی باوەرپێکردنیان ئالو گۆر دەکەن کە هەموی تەواو بوە ، لەسەر ئەم خالانە رێککەوتن :

بەندی یەکەم:

ئاشتی و دۆستایەتیەکی هەمیشەیی لە نێوان پەیوەندیەکانی هەردوو خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن وعێراقدا هەیە ، ئەمە دەبێتە مایەی دروست بونی هاوپەیمانیەکی پەسندکراو لە نێوان هەردوو لایەنی هاوپەیمان ، پشت بەستن بەو پەیوەندیە مکومیەی نێوانیان و دۆستایەتیە بێگەردیەیان گفتوگۆ ووتووێژی دۆستانە لە نێوانیان ئەنجام دەدرێ لە هەموو بوارەکاندا لەنێوانیاندا راوپرسێکی راشکاوانە بەیەکتری دەکرێ نەک تەنها لەروی کاروباری سیاسەتی دەرەوە بەڵکو پەیوەندیی بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیشەوە هەبێ ، هەردوو لا پەیمانی ئەوە دەدەن کە لە ولاتێکی بێگانە هیچ هەلوێستێک نەنوێنن دژی ئەم پەیماننامەیە بێتەوە یا دژی بەرژەوەندیەکانی لایەنەکەی تر بێت .

بەندی دووەم:

دەستەی باوەرپێکراوی هەر لایەک لەلایەن لایەنیتر بروای پێدەدرێ و وەکو نوێنەری سیاسی (دبلۆماسی ) رەفتاری لەگەڵدا دەکرێ بەپێی عورفی کارپێکراو.

بەندی سێیەم:

ئەگەر کێشەیەک لە نێوان عێراق و ولاتێکی سێیەم دروست بوو ئەوکات لایەنی دوەم هاوکاری لایەنی یەکەم دەکا تا بە پێی بنەماکانی نێودەولەتی کێشەکە بە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ ئەمەشیان بەپێێ رێنماکانی میساقی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پەیماننامە نێودەولەتیەکان کە دەکرێ بە هەمان شێوە جێبەجێی بکەین .

بەندی چوارەم:

ئەگەر لایەنێک لەو دوو لایەنەی هاوپەیمان لەگەل ولاتێک یا لایەنێک کەوتە جەنگ ئەوا بە پێی بەندی سێیەمی سەرەوە لایەنی دووەم هاوکاری تەواوی لایەنی یەکەم دەکا چونکە هاوپەیمانیەتی ، بەهەمان شێوە بەپێی بەندی نۆیەم لە خوارەوە. لەکاتی جەنگێکی سەختیشا هەردوو لایەن تواناکانیان یەکدەخەن بۆ بەرگری و خۆپاراستن لەو جەنگە . لەحالەتی ئەوەی حکومەتی عێراق دەکەوێتە جەنگ یا مەترسیی جەنگی لەسەر دەبێ، ئەوکات هاوکاریەکانی خاوەن شکۆی عێراق بۆ خاوەن شکۆی بەریتانی ئەوە دەبن کە کارئاسانی بکا بۆئەوەی هەمو زەویەکانی عێراق و بەندەرو هێڵی ئاسنین و ودەریاو فرۆکەخانەو هەموو رێگاو بانەکانی کراوە بن لەبەردەم خاوەن شکۆی بەریتانی کراوە بن بۆ بەکار هێنانیان .

بەندی پێنجەم:

لە لایەن هەردوو تیمی هاوپەیمان ئەوە رونە کە ئەرکی پاراستنی بار ودۆخی ئاسایشی ناوەخۆی عێراق ، بەپێی بەندی چوارەم، پاراستنی لە مەترسیە دەرەکیەکان لە بەرپرسیارێتی خودی پادشای عێراق دایە ، لەگەڵ ئەمەشدا خاوەن شکۆ پادشای عێراق دان بەوە دەنێ کە پاراستن و پاسەوانی هاتو چۆ بنەرەتیەکانی خاوەن شکۆی بەریتانی بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام لە بەرژەوەندی هەردوو لایەنی هاوپەیمان دایە . لە پێناو ئەمەو وەکو ئاسانکاریەک بۆ پەیمانەکانی خاوەن شکۆی بەریتانی و بەپێێ بەندی چوارەم کە لەسەرەوە هاتوە خاوەن شکۆی عێراق بەدرێژایی ماوەی کارای پەیماننامەکە دوو پێگە بۆ خاوەن شکۆی بەریتانی تەرخان دەکا بۆبەکارهێنانی وەکو بنکەیەکی ئاسمانی، یەکێکیان لە بەسرە یا دەورو بەری، ئەویتریان لە رۆژئاوای فورات کە دواتر خاوەن شکۆی بەریتانیا خۆی شوێنەکە دیاری دەکا ، هەروەها خاوەن شکۆی عێراق رێگە بە خاوەن شکۆی بەریتانی دەدا لەو شوێنانەی کە بنکەی ئاسمانین کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان داوە هێزی سەربازیی لێ نیشتەجێ بکا بەپێی برگەکانی پەیماننامە،دەبێ ئەمەش لاتان رون بێ کە بونی هێزی سەربازی لەسەر خاکی عێراق مانای داگیرکردن نابەخشێ بەهیچ شێوەیەک و پێشێلی سەروەریەکانی عێراقیش نین .

بەندی شەشەم:

پاشکۆی ئەم پەیماننامە بەشێک دەبێ لێی جیا ناکرێتەوە.

بەندی حەوتەم:

ئەم پەیماننامە شوێن ئەو دوو پەیماننامانە دەگرێتەوە کە لە بەغدا لە 1922/10/10 واژۆ کراوە کەدەکاتە 19ی مانگی سەفەری 1341ی کۆچی و پەیماننامەی 1926/12/13 دەکاتە 28 ی جەمادی ئاخر 1344 ی کۆچی، لەگەڵ رێککەوتنە لقیەکانی کە هاوپێچیانن ، هەرکاتەی ئەم پەیماننامەیە کەوتە کار ئەوانیتر هەڵدەوەشێنەوە ، ئەم پەیماننامە بە دوو زمانی عەرەبی وئینگلیزی نوسراوەتەوە دەقەکەی دوایی دەبێتە دەقە بنەرەتیەکە کە کاری پێدەکرێ .

بەندی هەشتەم:

هەردوو لایەنی دانوسان کار دان بەوە دەنێن کە لە وکاتەی کار بەو پەیماننامەیە کرا هیچ بەرپرسیارێتیەک سەبارەت بە عێراق لەسەر خاوەن شکۆی بەریتانی نامێنێ ، بەڵکو بەرپرسیارێتیەکە تەنها دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن شکۆی عێراق بۆیە تیمی دانوسانکاران دەبێ کار بۆ گواستنەوەی ئەو بەرپسیارێتیە بکەن لە خاوەن شکۆی بەریتانیەوە بۆۆ خاوەنشکۆی عراق.

بەندی نۆیەم:

لەم پەیماننامە هیچ پێشێلکاریەک لەسەر یاساو پەیمانەکانی نێودەولەتی نابێ چی ئەوانەی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەرچونە یا پەیمانی قەدەغەکردنی شەڕ کە لە پاریس لە 8/27 /1928 واژۆ کراوە.

بەندی دەیەم:

ئەگەر لەسەر لێکدانەوەی پەیماننامە یا جێبەجێکردنی هەر کێشەیەک کەوتە نێوان لایەنانی دانوسانکار و ئەوان بە وتووێژ نەیان توانی چارەسەری بکەن ئەوا رو لە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەکرێ بۆ چارەسەری ویەکلاکردنەوەی .

بەندی یانزەهەم:

ئەم پەیماننامەیە بە زوترین کات واژۆ دەکرێ ولەو رۆژەی عێراق دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ماوەی 25 ساڵ کار بەم پەیماننامەیە دەکرێ لە رۆژی کارپێکردنیەوە ئەژمار دەکرێ ئەگەر تا 20 سالیش دەست بەکار بێ ، هەر کاتەی پێویستیش کرا هەردوو تیمی دانوسانکار درێژە بەو پەیماننامەیە دەدەن بۆ مسۆگەرکردنی رێوشوێنی حەوانەوەو هاتوچۆ و پاراستنی خاوەن شکۆی بەریتانی ، لەکاتی بونی ناکۆکیش لەم روەوە ئەوا دەدرێتە کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ یەکلایی کردنەوە.

وەکو بڕیاردان لەسەر ناوەرۆکی ئەم پەیماننامە هەردوو تیمی دانوسانکار واژۆیان لەسەر کردو بە مۆری تایبەتی خۆیان مۆریان کرد، لە بەغدا لە رۆژی 30 حوزەیرانی 1930 بەرانبەر بە 2 ی مانگی سەفەری 1349 ی کۆچی.

هنری همفر نوری سەعید

**هاوپێچ**

**برگەی (1)**

بە پشت بەستن بە بەندی پێنجی پەیماننامە،لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر خاوەن شکۆی بەریتانی خۆی ژمارەی ئەو هێزەی لە عێراق جێنیش دەکرێ دیاری دەکا ،ئەمەش پاش راوێژکردن لەگەڵ خاوەن شکۆی عێراق ئەنجام دەدرێ ، هێزەکانی بەریتانیش لە هندیە جێنیش دەکرێن بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەمەش دەبێ بە راوێژ لەگەڵ خاوەن شکۆی عێراق بکرێ بۆئەوەی جێگەی هێزەکانی بەریتانی دیاری بکرێ و بە تەواو

بونی ئەو ماوە دیاریکراوەش هێزەکانی بەریتانی لە هندیە دەکشێنەوە ، هەروەها خاوەن شکۆی بەریتانیا بۆی هەیە ماوەی پێنج ساڵ هێزەکانی لە موسل جێنیش بکا لە رۆژی دەست بەکار بونی پەیماننامەکەوە ئەژمار دەکرێ بە پێی بەندی پێنجەمی پەیماننامە، خاوەن شکۆی عێراقیش بۆی هەیە ئەو شوێنەی هێزەکانی بەریتانی لێی جێنیش بونە بەکرێ بیدا بە خاوەن شکۆی بەریتانی .

## برگەی(2)

بەومەرجەی هەر هەموارێک لەو پەیمانەدا بکرێ بە رەزامەندی هەردوو تیمی هاوپەیمانبێ د ، پارێزبەندی وئیمتیازەکانی دادوەری داهاتەکانی پادشایەتی کە هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق وەدەستی دێنن کە لە برگەی یەکدا هاتوە دەبێ وەکو خۆیان بمێننەوە ، ئەم دەستەواژە سەرجەم هێزەکانی بەریتانیا وئەو هێزەی یاوەری خاوەن شکۆیە بە هەموو توێژەکانیەوە لە عێراق دەگرێتەوە چ بەپێی ئەم پەیماننامە یا هاوپێچەکەی یا بە رێککەوتنێکی تایبەتی رێکدەخرێ ، هاودەم لەگەل ئەمانەش کار بە و یاساو داب ونەریتانە دەکرێ کە لە ناوەخۆی عێراق پیادەیدەکەن، ئەمە هێزەکانی بەریتانیش دەیانگرێتەوە ، بەتایبەت ئەو دەستکەوت و پارێزبەندیە خۆجێیانەی کە کاری پێدەکەن .

## برگەی (3)

لەوکاتەی ئەم پەیماننامەیە دەکەوێتە کار خاوەن شکۆی عێراق رەزامەندی لەسەر هاتو چۆو جولەپێکردن ومەشقپێکردنی ئەو هێزانە دەدا کە لە برگەی 1 ئاماژەمان پێیداوە، بە پێدانی ئاسانکاری گەیاندن و پەیوەندیەکانی سیمی و بێسیم .

## برگەی (4)

دەبێ لەسەر داوای خاوەن شکۆی بەریتانیا خاوەن شکۆی عێراق پەیمانی ئەوە بدا و لەسەر خەرجی خاوەن شکۆی بەریتانیاو بەپێی ئەو رێککەوتنەی تیمی هەردوو لا لەسەری رێکدەکەون پاسەوانی تایبەتی خۆی بۆ ئەو شوێنانە تەرخان بکا کە خاوەن شکۆی بەریتانیا وەکو پێگەی بنکە ئاسمانیەکانی خۆی بەکاریان دێنێ ، ئەمەش بەپێی ئەو پەیماننامەیە دەبێت کە لە نێوانماندا واژۆ کراوە، ئەگەر پێویستیشی کرد یاسای تایبەتی بە رەزامەندی هەردوو تیم بۆ ئەم مەبەستە دادەرێژرێت.

## برگەی (5)

خاوەن شکۆی بەریتانیا پەیمانی ئەوە دەدا کە خاوەن شکۆی عێراق هەرداواکاریەک بکا سەبارەت بەم خالانەی خوارەوە، لەسەر خەرجی خۆی، خاوەن شکۆی بەریتانیا بۆی جێبەجێ بکا، ئەمانیش :

1- هونەری سەربازی و دەریاوانی و ئاسمانی و زەمینی فێری ئەفسەرە عێراقیەکان بکا لە بەریتانیا .

2- هەموو کەلوپەل و تەقەمەنی وچەکە نوێکانی سەربازی و کەشتیی سەربازی و فرۆکەی نوێ بدا بە سوپای عێراق .

3- ئەفسەری خاوەن ئەزمون و شارەزای بەریتانی لە بواری سەربازی وئاسمانیدا بدا بە عێراق بۆ مەشق پێکردنی سوپای عێراق و فیرکردنیان .

## برگەی (6)

بەهۆی ئەوەی نیاز وئارەزو لە یەکبونی جۆری مەشق و راهێنانەکان لە نێوان هەردوو لادا هەیە ، بۆیە هەرکاتەی سوپای عێراق پێویستی بە پسپۆر و شارەزای بواری سەربازی هەبوو دەبێ لە بەریتانیا وەرگرێ. دەبێ خاوەن شکۆی عێراق پەیمانی ئەوەش بدا کە هەرکەسێک لە پیاوەکانی سەربازی بۆ خولی سەربازی یا مەشق و فێربونی زانیاریەکان بۆ پەیمانگەو دانیشگاکان بۆ دەرەوە بنێرێ دەبێ بۆ بەریتانیای بنێرێ نەک بۆ ولاتێکی تر ، بەمەرجێک ئەوکەسانەی لە ولاتی خاوەن شکۆی بەریتانی وەرناگیرێن کە مەرجی وەرگرتنیان تیا نیە نابێ رێگریان لێ بکرێ کە بۆ ولاتێکی تریان بنێرێ . دەبێ خاوەن شکۆی عێراق ئەو پەیمانەش بدا کە کەلوپەلە سەربازیەکانی سوپاکەی جیاوازیان نەبێ لەگەل کەل و پەلە سەربازیەکانی بەریتانیا . دەبێ خاوەن شکۆی عێراق ئەو پەیمانەش بدات لە کاتی گواستنەوەی پێداویستیەکانی سەربازیی خاوەن شکۆی بەریتانیا بۆ ناو عێراق ئاسانکاری تەواوی گواستەنەوەو پاراستنی لە رێگای ئاسنین و رێگای دەریایی و زەمینیەوە بکا لە کاتی تێپەرینی هێزەکان و پێداویستیە سەربازیەکانی خاوەن شکۆی بەریتانیا ، رێگەش بە کەشتیەکانی خاوەن شکۆی بەریتانیا بدا کە سەردانی کەناری عەرەبی بکەن بەمەرجی ئەوەی بەر لە سەردانی کردنەکە ئاگاداری خاوەن شکۆی عێراق بکرێت بە سەردانی کردنیان بۆ بەندەرەکانی عێراقی.

خانوی پشت پێبەستن ن.س.ف(دار الاعتماد)

بەغدا لە 30ی حوزەیرانی 1930

---

بەرلەوەی نوری سەعید پەیماننامەکە بخاتە بەردەست ئەنجومەنی نوێنەران ، حزبێکی سیاسیی دامەزراند(حزب العهد) لەوکەسانەی کە بۆ نوێنەرایەتی پشتگیری کردن و کردنی بە ئەندامی ئەنجومەن بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشت بۆ بەرێ کردنی پەیماننامەکە. .

لە 1930/11/4 ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر پەیماننامەکەدا ، لە دواتر داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد لە 11/16 کۆببنەوە ،کۆبونەوەکە لە ساختمانە (بنایە) نوێکە کرا (بنایەی زانکۆی ال بیت) کە لە کاتی بونی بە سەرۆک وەزیران ئەو زانکۆیەی هەلوەشاندبۆوە کە دەکەوتە گەرەکی (اعضمیە) کاتی خۆی بە بڕیارێک مومتەلەکاتی ئەم زانکۆیەی خستبوە سەر ئەمانەتی بەغدا و کردبوی بە ناوی

ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، رێو شوێنی توند گیرانە بەر وەکو ئامادەباشیەک بۆ هەر ئەگەرێک ، لە رۆژی دیاری کراو بۆ گفتوگۆ لەسەر پەیماننامەکە نوری سەعید ئەم پێشنیارەی خستە بەردەم ئەنجومەن:

( لەبەر ئەوەی دەقی پەیماننامەکەی 30ی حوزەیرانی 1930 خرایە بەردەست رای گشتی کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەریوە ، لەکاتێکیشا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەن لەسەر بنەمای رادەربرین بوە بۆ ئەم پەیماننامەیە، بۆیە پێشنیاردەکەم ئەنجومەنە بەرێزەکەتان بە زوترین کات ئەم پەیماننامەیە پەسند بکا).
پێشنیارەکە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەن پەسند کراو پەیماننامەکە دوای گفتوگۆو کێشمەکێش لەلایەن ئۆپۆزسیۆن کە ماوەی چوار کاتژمێری خایاند دواجار خرایە دەنگدان،لە ئەنجام 69 دەنگ بە بەڵێ بۆ پەیماننامەکەو 13 دژ و 5 ئەندامیش ئامادە نەبون، ئەم پرۆسەیە بە هات و هاوارێکی زۆری ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن بەرێکراو تەواو بوو . ئێستا هیچ تەگەرێک لەبەر دەم نوری سەعید نەما بۆ پەسندکردنی پەیماننامەکە جگە لە مەلیک خۆی نەبێ کە کاتی دانوستانەکانیش مەلیک خۆی سەرۆکایەتی تیمی دان وستانی عێراقی دەکرد ، ئەنجومەنی پیرانیش مەلیک خۆی دایمەزراندون، بە فەرمانی ئەو کار دەکەن .
.

لوتکە ئۆپۆزسیۆنەکان لە نمونەی (جعفەر ئەبو ئەلتمەن و ناجی ئەلسویدی و یاسین هاشمی) هیچیان بەدەستەوە نەما جگە لەوەی بروسکە ئاراستەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بکەن ونارەزایی خۆیان دەربڕن لە تێپەڕکردنی ئەم پەیماننامەیە، بە گوتەی ئەوان هیچ سەروەریی بۆ عێراق نەهێشتۆتەوەو رێگە بۆ بەریتانیا خۆش دەکا بە هەوەستی خۆی خێر و بێری وولات هەلمژێ.

## 4/ پیاوە مەزنەکانی وولات سەبارەت بەم پەیماننامەیە چیان ووتوە ؟

نوری سەعید کارەکانی خۆی سەبارەت بە تەواو کردنی پەیماننامەکە بەکۆتایی نەهێنابوو کە شەقامی شارەکان گر دەگرن و خەلکە نارازیەکە دەرژێنە سەر شەقامەکان دژی بەستنەوەی عێراق بە گلۆرەی بەریتانیەوە ، بەڵام پیاوە مەزنەکان و سیاسەت مەدارانی وولات هیچیان پێنەکرا زیاتر بکەن جگە لە رەخنەگرتن لەو پەیماننامەیە و ئاشکەرا کردنی مەترسیەکانی ئەنجامی ئەم پەیماننامەیە و پێشێلکردنی سەروەریەکانی عێراق کە دژی بەرژەوەندیەکانی عێراق کراوە ، هەمویان لاری و رەتکردنەوەیان راگەیاند بەنمونە :

رەشید عالی گەیلانی کە لە سەرۆک وەزیرە پێگەیشتوەکانە دەڵێ: (کەمترین شت کە بگوترێ لەسەر ئەم پەیماننامەیە ئەوەیە کە ئینتدابێکی کاتیی بە داگیرکردنێکی هەمیشەیی گۆریەوە و بارە قورسەکەی ئێستاشی قورستر کرد) .
یاسین هاشمی ئەویش یەکێکە لە کۆنە سەرۆک وەزیران و چەندین کابینەی وەزیرانی بردوە بەرێوە ووتی: ( ئەم پەیماننامەیە هیچی لە دەستکەوتەکانی عێراق زیاد نەکرد کە بەدەستی هێنابوو، بەلکو کەمی کردەوە و لە ولاتانی عەرەبیشی نامۆکرد ، مەودای نێوان هەردوو دراوسێ رۆژهەلاتیەکەیشی دور خستەوە و سەربەخۆکەیشی بە فۆرمێکی داگیرکاری بۆ دارشتین ، تکاشم لە گەلی عێراق ئەوەیە ئەم پەیماننامەیە قبول نەکەن ). هەروەها حکمەت سلێمان ئەویش کۆنە سەرۆک وەزیران بوو ووتی: ( پەیماننامە نوێکە داگیرکردنێکی هەمیشەییمان پێدەبەخشێ ،ئیمتیازێکی واشی بەخشیە بەریتانیا کە هەرگیز

نەیبینیوە ، پاشخانە داراییەکانیشی زیانێکی مەزن بە عێراق دەگەیەنن ) .

موحەمەد رەزا شەبیبی ئەویش گەلێک جار پۆستی وەزیری بینیوە دەڵێ: ( من سەرتاپای ئەم پەیماننامەیە رەت دەکەمەوە چونکە عێراقی لە بارێکی گران بار کردوە ، لە بەرانبەریشدا هیچ مافێکی خۆی بەدەست نەهێناوە لەکاتێکا لایەنی تر دەستکەوتی زۆری بەدەستهێناوە لەم پەیماننامەیەدا ) .

عبدالعزیز قەساب کۆنە وەزیر بوە لە کابینەکانی پێشوو وتی :( ئەم پەیماننامەیە داخوازیەکانی گەل ناهێنێتە دی ، جگەلەمەش هەموو هەول و تێکۆشانەکانی رماندن ئەوانەی بۆ کەم کردنەوەی ئازارو مەینەتەکانی پەیماننامەکانی پێشوو درابون ، من ئەم پەیماننامەیە رەت دەکەمەوە ، گەلیش رەتی دەکاتەوە ) .

حەمدی پاچەچی ئەویش کۆنە سەرۆک وەزیران بوە ووتی:

(پەیماننامە نوێکە وادەکا کە کابوسی بەریتانیا لەسەرمان هەمیشەو بەردەوام بێ یوسف غەنیمە کۆنە وەزیر بوە ووتی :

( پەیماننامەکە لەگەل سەربەخۆیی تەواوو ئاواتەکانی گەلدا نایەتەوە و لە بەرژەوەندی وولاتدا نیە).
کامل چادر چی ئەمیش وەزیرێکی پێشوو بوەو سەرۆکی حزبی نیشتمانی دیموکراسیەو یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆن ووتی: (ئەنجامی ئەم پەیماننامەو کلکەکانی ئەوەیە پاراستنێکی بەریتانیی توند ترو داگیرکاریەکی هەمیشەییە ). بەڵام بەداخەوە هەموو ئەو سیاسەتمەدارانەی سەرەوە لە ووتەکانی خۆیان پەشیمان بونەوە جگە لە کامل چادرچی نەبێ ، هەمویان لە وەزارەتەکانی داهاتوو بەشداریان کردو برگەکانی پەیماننامەیان جێبەجێ کردن و ووتەو تیرو تانجەکانی خۆیان جویەوە .

بەڵام توند ترین کەسایەتیی ئۆپۆزسیۆن فەرماندەی نیشتمانپەروەر (جەعفەر ئەبو تمەن) بوو سەرۆکی حزبی نیشتمانی ، کە لە 1930/11/1 یاداشتێکی بەناوی حزب بۆ نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو فرەنساو بەریتانیاو ئیتالیاو ئێران و تورکیاو کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد ،تیایدا شێوازی پێکهێنانی کابینەی وەزیرانی نوری سەعیدی شەرمەزار کرد بە شێوازێکی نادەستوریی دایە قەلەم کە گەمەی سیاسیی تیادا کردوە کاتێک کۆبونەوەکانی دوا خستون دواتر ئەنجومەنی نوێنەرانی هەلوەشاندۆتەوە لەکاتێکا تەمەنی نەگەیشتبوە 5 مانگ و داخستنی 20 رۆژنامە و دادگایی کردنی چەند سەرنوسەرێک و رێگەنەدانی حکومەت بە کۆبونەوە جەماوەریەکان و بەستنی دەمی خەلک بە هەموو شێوەیەک و ئەنجام دانی هاوپەیمانیی شوم لەگەل لایەنەکانی تر کە گەل رەتی دەکاتەوە چونکە لە بەرژەوەندی ولاتدا نیە ، زۆربەی هێزە نیشتمانیەکان ئەم پەیماننامەیە رەت دەکەنەوە لەوانە حزبی نیشتمانی کە حزبێکی پێگە فراوانی جەماوەریە ئەم پەیماننامەیە بە پوچەلی دەزانێ . هەروەها چەندین کەسایەتیی ناوداری کوردی ئەم پەیماننامەیان رەت کردەوەو بروسکەی نارەزاییان بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد لە 20 و 26 ی مانگی تەموز .ئەمەو هەندێک لە ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب لە نوێنەرەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان ووتیان: (ئەگەر عێراق ئەم پەیماننامەیە قبول بکا واتە دوای ئەوەی لە دەست ئینتداب رزگاری دەبێ دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی داگیرکاری ) . (مسیو بار) ئەندامی لیژنەی هەمیشەیی لە نوێنەرایەتی فەرەنسا ووتی: ( بەراستی من نامەوێ ولاتی من پەیماننامەیەک قەبول بکا وەکو ئەوەی عێراق قەبولی کردوە ).

بەم شێوە نوری سەعید سەلماندی کە لە ئینگلیز، ئینگلیزترەو پیاوی بێ رکابەری ئیمپریالیزمی ئینگلیزە ، هەر ئەمەشە بۆتە مایەی ئەوەی ببێتە بڕبڕەی پشتی ئیمپریالیزم لە عێراق و پشتی پێ ببەستن و بتوانێ لە ماوەی 1930 تا شۆرشی 14ی تەموزی 1958 کە رژێمی پادشایەتیی سەرنگون کرا ، 14 کابینەی وەزاری پێک بێنێ .

## مان گرتنی گشتی و خۆپیشاندان سەرتاسەری عێراق دەگرێتەوە :

کاتێک لە ساڵی 1921 عێراق دامەزرا ئەو کات هیچ یاسایەک نەبو بۆ سەندنی باج وداهاتی گومرگ وشارەوانی ، تەنها ئەوەندە لەسەر زاری فەرماندەی هێزەکانی بەریتانی لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا راگەیەندرا کە دەبێ دانیشتوانان باجی شارەوانی وگومرگ بدەن ، کاتێکیش نوری سەعید دەسەلاتی گرتەدەست لە راگەیاندنێکدا یاسای تایبەتی بە باجوەرگرتن دەرکرد، لیستی تایبەت بە باجەکان لە 1930/5/10 خستە بەردەست ئەنجومەنی نوێنەران و بڕیاریان لەسەری داو مەلیکیش پەسندی کرد .
ئەم لیستەی باجەکان دیسان شەقامی هەژاند، شەپۆلێکی تری نارەزایی خەلکی هەژار و جوتیاری بەدوای خۆیدا هێنا، حزبەکان بە فەرمی نارەزاییان دەربری ، رۆژنامەکان بە هەمان شێوە چونکە ئەم یاسایە ئەوخەلکەی لە بارێکی قورس بارکرد کە لە توانای ئەو خەلکە هەژارو زەحمەتکێشەدا نەبوو بیدا چونکە هەر لە خۆیەوە خەلکەکە بەدەست بژێویەوە دەینالاند ئەم بارەشی هاتە سەر ئیتر زیاتر هەستیان بە قات و قری کرد ، دەبوایە ئەمە روبدا چونکە کاتێک نوری سەعید ئەم پەیماننامەیە لەگەل ئینگلیز واژۆ دەکا وعێراق لە حالەتی ئینتدابەوە دەکا بە ولاتێکی داگیرکراوو خێرو بێرەکەی دەکەوێتە دەست بەریتانیاو بۆ دەرەوەی دەنێرێ ئەو خەلکەش زیاتر بەم حالەتەوە بەم یاسا نوێیانە هەراسان ونارەحەت دەبن ، بەهۆیەوە خەلکەکە بۆ بژێوی رویان لە شونەکانی فرێدانی خاشاک دەکرد ، بۆیە هێزە نیشتمانیەکان داوای مان گرتنی سەرتاسەریان لە وخەلکە کرد دژی سیاسەتی پیادەکراوی حکومەت بەرانبەر بە گەلی عێراق .
بەم شێوە بەغدا لە 5 ی تەموزی 1931 مان گرتنێکی سەرتاسەریی ئەنجادا ، ئەم مانگرتنە سەرجەم تەوەرو توێژەکانی گرتەوە، بازارەکان داخران دەرمانخانەو سەوزەفرۆش و کوتال وخۆراک فرۆش بە گشتی فەرمانگە کارگوەزاریەکان هەمویان دەستیان لە کار هەلگرت ، هاتوو چۆ وەستا خەلکی بە پیادە هاتو چۆیان دەکرد ئەم مان گرتنە دوو هەفتەی خایاند ، سەرەتا لە کازمیەو ئەعزەمیەو دەستیان پێکرد دواتر سەرجەم گەرەکەکانی بەغدای گرتەوە ، لەوێشەوە بەرەو شارەکان هەنگاوی نا بۆ حلەو دیوانیە و کەربەلاو ناسریەو نەجەف و خانەقین و بەسرە و باقی شارەکانی تری عێراق، ئەورۆژە قەیرانێکی مەزنی خۆراک دروست بوو .
ئەم مانگرتنە مەزنترین روبەرو بونەوەو تەحەداکردن بوو لەگەل حکومەتی عێراق ، بەتایبەتی کاتێک لەم مانگرتنە لە بەسرە لە 15ی تەموزا روبەروو بونەوە لەگەل هێزی پۆلیس رودەدا ، لەوێ خەلک لە مالەکانیان دێنەدەرو هێرش دەکەنە سەر دام ودەزگاکانی حکومی و بە هیتاف رسوای دەکەن ، گەمارۆی پارێزگا دەدرێ و پارێزگار رادەکاو ئۆتۆمبێلەکەی لەلایەن خەلکە راپەریوەکە بەرد باران دەکرێ لە

ئەنجام لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس توشی توندو تیژی دەبن. کاتێک هێزەکانی پۆلیس لە تواناياندا نابێت شەپۆلی جەماوەر بوەستێنن پەنا بۆ هێزی سوپا دەبەن و سوپایەکی زۆر لەو ناوە بلاوە پێدەکەن کە ئەوانیش بە تەقە وەلامی خەلکە راپەریوەکە دەدەنەوە ، دواتر حکومەتی عێراق پەنا بۆ حکومەتی بەریتانیا دەبا کە بێتە هاوکاریی ، ئەویش سوپای ئینگلیز دادەبەزێنێ و کەشتیەکانی لە کەنار نزیک دەکاتەوە ، لەئەنجامی ئامادە بونی هێزەکانی سوپای عێراقی و بەریتانی تەقەیەکی زۆر لەو خەلکە دەکرێ و ژمارەیەک لە کوژراوو بریندارى لێدەکەوێتەوە، بەم شێوە حکومەت و هێزەکانی ئینگلیز دەتوانن دەست بەسەر دۆخەکەدا بگرن و بلاوە بەو خەلکە بکەن .

**پێنجەم/ نوری سەعید شۆڕشی شێخ مەحمود سەرکوت دەکا:**

لە 1927 کاتێک شێخ مەحمود بزوتنەوەکەی سەرکەوتو نابێ رێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی بەریتانی واژۆ دەکا ، بەپێێ ئەو رێککەوتنە دەبێ شێخ مەحمود لە دەرەوەی عێراق بژی بەمەرجی گەراندنەوەی هەموو مومتەلەکاتەکانی و یەکێک لە شوێن خۆی دەست نیشان بکا بۆ بەرێوە بردنی کاروبارەکانی لە جیات ئەو ، کاتێکیش نوری سەعید لە 1930 پەیماننامەکە لەگەڵ عێراق دەبەستێ ئەوکات شێخ مەحمود هەستی بەوە کرد کە ئینگلیز مافەکانی کوردی فەرامۆش کردوە ، شێخ مەحمود ویستی سود لەو راپەرینەی جەماوەر و خەلکی سلێمانی وەرگرێ کە بەهۆیەوەو هاودەنگ لەگەڵ شارەکانی تری عێراق راپەریون دژی ئینگلیز و نوری سەعید و داگیر کردنی شارباژێر ، شێخ مەحمود سود لەو هەڵە وەردەگرێ و یاداشتێک بۆ گەورە کۆمیسەری بەریتانی دەنێرێ تیایدا داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکا کە دەولەتێکی کوردی لە سەر خاکی کوردستان دابمەزرێنێ سنورەکەی لە زاخۆوە دەست پێ بکا تا خانەقین .

حکومەتی عێراق هۆشداری دایە شێخ مەحمود کە عێراق جێ بهێلێ و چەکدارەکانیشی بکێشێتەوە ، بەڵام شێخ گوێی بەم هۆشداریە نەدا و لە هەولی بەرفراوان کردنی دەسەلاتەکانی بەردەوام بوو ، بۆیە حکومەتی عێراق بە هێزێکی مەزنەوە بە دوو رەتل هێرشی کردە سەر شێخ مەحمودوو بزوتنەوەکەی ، رەتلی یەکەمی بەرەو چوارتا نارد رەتلی دووەمیش بەرەو پێنجوین، شەڕ دەستی پێکرد بە هاوکاری فرۆکەکانی بەریتانیا ماوەی شەش مانگی خایاند زیانی گیانی ومادی لە هەردوو لایەک کەوتن . بەڵام لە کۆتاییدا حکومەتی عێراق بە هاوکاری بەریتانیا توانیی دەسەلاتەکانی بەسەر سەرجەم سنورەکانی باشوری کوردستاندا بسەپێنێ و شێخ مەحمودیش بە پیاوەکانیەوە رابکا بۆ ماوەیەک بەڵام لە 13ی ئایاری 1931 بە ناچاری خۆی دایە دەست ، حکومەتی عێراق بۆ سەماوە دوری دەخاتەوە دواتر دەیبەنە ناسریەو دواجار بۆ عانە ، دوای ئەوەی دەست بەسەر مولک و مالیدا دەگرن لە سلێمانی، رێگەی پێدەدەن لە بەغدا نیشتەجێ ببێ .

-----------------------------

## بەشی پێنجەم

## مردنی مەلیک فەیسەل لە دۆخێکی نادیار
## وەرگرتنی تەختی پادشایەتی لەلایەن مەلیک غازیەوە

**یەکەم / مردنی مەلیک فەیسەل لە دۆخێکی نادیار.**
**گومانەکان لە دەوری بەریتانیاو نوری سەعیددا دەخولێنەوە.**
**نوری سەعید هەول دەدا جێنشین غازی لە تەختی پادشایەتی دور بخاتەوە.**

**دووەم/ ئاڵۆز بونی دۆخەکان لە سەردەمی مەلیک غازی.**
**1- شۆڕشگێرە خێلەکیەکان سەرتاپای عێراق دادەگرن بە ماڵی سیاسەت مەدارانیشەوە.**
**2 – سوپای عێراق بە پاڵپشتی بەریتانیا هۆزەکان سەرکوت دەکا .**

**حکومەتی عێراق یاسای دادگای سەربازی دەردەکا .**

**یەکەم/ مردنی مەلیک فەیسەلی یەکەم لە دۆخێکی نادیار.**

لە یەکەم رۆژی مانگی ئەیلولی 1933 مەلیک فەیسەل بۆ چارەسەری نەخۆشی گەیشتە شاری برنی سویسری ، هەر ئەوکات پەشۆکیی بە سیماوە دیاربوو ، لە ئوتێل بلیڤیو کە دەکەوێتە سەر روباری (ئالار) لێی دابەزی، لەو ئوتێلە مەلیک پێشوازیی لە میوانەکانی خۆی کرد لە دۆستەکانی و رۆژنامەنوسانیش هەروەها ، لە لێدوانەکانی هەولی دەدا راگەیاندنەکانی ناحەزانی عێراق بەدرۆ بخاتەوە لەسەر ئەو روداوانەی لەو رۆژان لە عێراق رویاندابوو لە ئەنجامی یاخی بونی ئاشوریەکان لە حکومەت و روبەرو بونەوەی حکومەتیش لە گەلیان بە شێوازێکی توند، بۆیە لە کاتی قسەکردنیدا دەیدا لە مێزەکەی بەر دەمی ، ئەمەش نیشانەیەکی تری نا ئاسایی بونی بوو کە پێیەوە دیاربوو. چونکە ئەو لەسەر بەکار هێنانی توندو تیژی لەگەل ئاشوریەکان لەلایەن مەلیک غازیی جێنشینیەوەکۆمەڵێک هەرەشەی لە حوکمەتی بەریتانیەوە لەم بارەیەوە پێ گەیشتبوو . .
لەم بارەیەوە هۆشداریەکی توندی لە بەریتانیەکان پێگەیشت کە دەبێ بە زوترین کات بگەڕێتەوە عێراق وجلەوی کارەکان بگرێتەوە دەست بۆ هێور کردنەوەی دۆخەکان بەتایبەت لەگەڵ ئاشوریەکان ، ئەمەش دەقی ئەو هۆشداریەی وەزارەتی دەرەوەی بەرتیتانیایە کە ئاراستەی ئەو کرابوو: بەردەوام بونی توندو تیژیەکان دژی جولانەوەی ئاشوریەکان و پێداگری حکومەت لەسەر بڕیارەکەی خۆی و گوێنەدان بە بڕیارەکانی ئێوە ، ئەم دۆخە حالەتێکی نەشیاوی لە رای گشتی بەریتانیا دروست کردوە ، بۆیە ئەگەر نەگەڕێنەوە عێراق و خۆتان جلەوی چارەسەریەکان نەگرنە دەست و دۆخەکان ئارام نەکەنەوە خاوەن شکۆی بەریتانیا ناچارە هەلوێستەکانی بەرانبەر بە بەرپرسیارێتی و پەیوەندیەکانی لەگەڵتان بگۆڕێ.
مەلیک فەیسەل سێ رۆژی بەم شێوە بە تەندروستیەکی سەختەوە بردەسەر ، لە 7 ی مانگ مەلیک توشی ژانە سکێکی توند هات ، بەخێرا دکتۆرە تایبەتیەکەی ئامادە دەبێ و دەرزیەکی ژێر پێستی لێدەدا تا ئازارەکانی کەم دەبنەوە و کەمێک هەست بە ئارامی دەکا ، بەڵام لە نیوەشەودا تەندروستیەکەی زۆر خەراپ دەبێ بۆیە هەریەک لە نوری سەعید و روستەم حەیدەر و تەحسین قەدوری لە ژورەکەی ئامادە دەبن ، کاتێک چاویان پێی کەوت مەلیک لە حالەتێکی زۆر خەراپدا بوو ، دوا ووشە کە بەسەر زامانیدا هاتن ووتی : ( من ئاسودەم ، خزمەتی میلەتەکەی خۆمم کرد ، ئەوەی ئەرکی من بوو بەجێم گەیاند ، دەبا دوای من میلەت بە هێز و یەکگرتووی بمێنێتەوە ) دواتر یەک هەناسەی درێژی خوارد و گیانی دەرچو ، هەر یەکسەر نوری سەعیدو روستەم حەیدەر بە بروسکەیەک ئاگاداری بەغدایان کردەوە بە مردنی مەلیک

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە( لەم نیوەشەوەدا گەلی عێراق توشی کۆسپێک هات، بە مردنی گەورەو خۆشەویستیان فەیسەل پادشا ،ئەمەش لە ئەنجامی وەستانی دڵ بوە ). راپۆرتی دکتۆر دەڵێ مردنەکە لە ئەنجامی گیرانی خوێنهێنەرەکان بوە، ئەم راپۆرتە ئەو کات کۆمەڵێک پرسیار و سەرسورمانی بەدوای خۆیدا هێنا ، چونکە ئەم حالەتە تەنها لەو کەسانە روودەدرێن کە لەتەمەنا زۆر بەسالا چووبن لە کاتێکا مەلیک هێشتا تەمەنی بە پەنجا نەگەیشتبوو . دواتر تەرمی مەلیکیان بە رێورەسمێکی فەرمی و شکۆدار بردە بەغداو لە 14ی مانگ لە گۆرستانی ئەعزەمیە نێژرا ، کە گۆرستانی پادشایانە بوو .

## 1/ گومانەکان لە دەوری بەریتانیاو نوری سەعیددا دەخولێنەوە.

گومان لە مردنی مەلیک فەیسەل دروست بوو چونکە وەکو ئاماژەمان پێیدا راپۆرتی دکتۆر دەڵێ لە ئەنجامی گیرانی بۆریەکانی خوێنهێنەر بوە لەم حالەتە ژان دەکەوێتە سنگی نەک سکی کە بەر لەمردنی مەلیک ژانەسکی لێبوە ، بۆیە گومانێکی زۆر لەوە دەکرێ کە مەلیک ژەهردەرخوارد کرابێ، دەشگوترا گوایە ئینگلیزو نوری سەعید دەستیان لەو ژەهردەرخواردەدا هەبوە ئەمەش زایتر گومانەکانی لە راستی نزیک کردەوە، ئەو راپۆرتەبوو کە سەفیری بەریتانیا ( هیمفریز) لەم دواییە بلاوی کردبۆوەو تیایدا هاتبوو: :

جەعفەر عەسکەری ونوری سەعید بریاریان دابوو کە چیتر بەرپرسیارێتی هەلنەگرن ئەگەر گۆرانکاریەکی تەواو لەسەر کەسایەتی مەلیکدا نەکرێ ، نوری سەعیدیش پێداگری دەکا کە چیتر دەسەلات نەگرێتە دەست تا مەلیک لەسەر دەسەلاتە و لە سەردەمی غازیش هیچ پێشکەوتنێک نایەتە دی بۆیە دەبێ گۆرانکاری لە سیستەمی جێگۆرکێ و دەسەلات وەرگرتنی ویراسیدا بکرێ کە (جێنشین زەید) دوای مردنی مەلیک فەیسەل بکرێتە پادشای عێراق. دوای مردنی مەلیک فەیسەل ئەم یاداشتانە دیار نەمان گوم کران دەشلێن کە نوری سەعید لە پشت گوم کردنی ئەو یاداشتانەوەبوو .

**** ***

## 2/ نوری سەعید هەول دەدا جێنشین غازی لە تەختی پادشایەتی دور بخاتەوە.

دوای مردنی مەلیک فەیسەل نوری سەعید هەولی بروا بە سەرۆکی وەزیران رەشید عالی گەیلانی و رۆستەم حەیدەر وەزیری ئابوری و گواستنەوە و ئەوانەی لە خانەوادەی پادشاوە نزیکن بێنێ و رازیان بکا کە جێنشین غازی لە تەختی پادشایەتی دوربخاتەوەو شازادە زەید شوێنگرەوەی مەلیک فەیسەل بێ ، بە بیانوی ئەوەی جێنشین غازی لە ئەقلا ناتەواوەو کەلکی پادشایەتی نایە ، بەڵام گەیلانی ئەم داوایەی نوری سەعیدی بە توندی رەتکردەوە ، زۆر بەپەلە رێورەسمی سوێند خواردنی مەلیک غازیی لەبەر دەمی

ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانی ئەنجام داو بە فەرمی تاجی پادشایەتیی لە رۆژی 8 ی ئەیلولی 1933 لەسەر نا وەکو مەلیکی عێراق و بەمەش پیلانەکانی نوری سەعید شکستیان خوارد .



مەلیک غازی

بەبۆنەی وەرگرتنی فەرمانە دەستوریەکانیش کە واش پیادەدەکرا دەبێ سەرۆک وەزیران دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بدا بە مەلیک بۆیە ئەم رێورەسمەش ئەنجام درا ، مەلیکیش دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبول کردو هەر خۆیشی راسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ.

## دووەم/ ئالۆز بونی دۆخەکان لە سەردەمی مەلیک غازی .

بە مردنی مەلیک فەیسەلی یەکەم هاوکێشە ناوەخۆییە سیاسیەکان تێک چون ، ململانێ و رکابەری لە نیو ئەفسەرە شەریفیە پێگەیشتوەکان دروست بوو کە هەریەکەیان دەیویست بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستی لە جلەوی حوکم گیربێ، جارێکیان فاکتەری خێلەکی و جارێکیان فاکتەری ئەنجومەنی نوێنەرانیان بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنا، کار گەیشتە ئەو ئاستەی سوپا دژی یەکتری و بۆ مەرامەکانیان بەکار بێنن . لەم میانە نوری سەعید ئەمەی بە دەرفەتێکی باشی خۆی زانی تا لایەنگران و دەسەلاتەکانی لە نیو حوکمدا بەرفراوان بکا، بۆیە کاتێک نوری سەعید لە رێگەگرتن لە مەلیک غازی سەرکەوتو نابێ ئەمجارەیان لە

ڕێگەی زاواکەی (جەعفەر عەسکەریەوە ) لە هەولی خۆ نزیک کردنەوەدابوو لە مەلیک غازی و هەولی دەست خستنە ناو کاروبارە ناوەخۆییەکانی دەدا، لەوانە ڕێگەگرتن لە هاوسەرگیریی لە کچەکەی (یاسین هاشمی) و سەپاندنی هاوسەری کردنی لەگەل (شازادە عالیە) خوشکی وەسی (الوصی عبدالاله)، ئەمەشی لە ڕێگەی هاندانی (مەلیک عەبدوڵلە)ی مامیەوە بوو کە دەستی لەو کارەی هاوسەرگیریی وەرداو بەسەریدا سەپاند کە هاوسەرگیری لەگەل ئەم نەکاو لەگەل ئەویتریان بکا ، بەڵام ئەم هاوسەرگیریە کە لە ساڵی 1934 ئەنجام درا سەرکەوتو نەبوو چونکە دواتر لەخۆی دورخستەوە تا ئەوکاتەی دەکوژرێ .

.

ڕەشید عالی هەولیدا کە پەرلەمان هەلوەشێنێتەوەو هەلبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدا بەلکوو زۆرینە بۆخۆی وەدەست دێنێ ، ئەم پێشنیارەی خستە بەردەستی مەلیک غازی بەڵام نوری سەعید لە ڕێگەی بالوێزی بەریتانیاوە ڕێگریان لێی کرد ، بۆیە بالوێزی بەریتانیا لەم بارەیەوە هۆشداری خەتەرناکی هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان دەداتە مەلیک غازی ، لەبەر مەترسی دەرچونی زۆرینە لە (ئەخائیەکان).
هەروەها مەلیک عەبدوللاش لە نامەیەکیدا بۆ برازاکەی ڕێگری لە ئەنجام دانی ئەم هەلوەشاندنەوە کرد لە نامەیەکدا دەڵێ: ( لە ژێر هەر بار ودۆخێکدا بێ نابێ پەرلەمان هەلوەشێنیتەوە ، ئەگینا ناچار دەبی کە دوبارە هەلبژاردنێکی تریش ئەنجام بدەیت بەمەش روبەروی ململانێیەکی سیاسی دەبیتەوە ). بۆیە مەلیک غازی داواکەی گەیلانی رەت دەکاتەوە ، بەمەش هیچ لەبەر دەمی گەیلانیدا نامێنێتەوە جگە لە دەست لە کارکێشانەوە نەبێ کە لە 1933/10/28 دەستی لە کار کێشایەوەو کابینەکەی هەلوەشاندەوە .

.

بەڵام مەلیک حەزی لێبوو کە پەیوەندیەکانی لەگەل (ئەخائیەکان) وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە ئەوان لەتەکیەوەبون لە هێرشەکەیدا بۆ سەر ئاشوریەکان، بۆیە مەلیک (یاسین هاشمی) ڕادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ بەڵام بەمەرجی ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران هەلنەوەشێنێتەوە، یاسین هاشمی ئەم مەرجەی رەتکردەوە و بەهۆیەوە راسپاردەکەشی رەتکردەوە ، دواتر جەمیل مەدفەعیی بۆ پێکهێنانی کابینە راسپارد ، هەرچەندە مەلیک نوری سەعیدی رانەسپاردبوو بۆ پێکهێنانی کابینەکە بەڵام نوری سەعید لەم کابینەیە پۆستی وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی بەرگریش بە وەکالەت پێ سپێردرا بەم شێوەیە دەستی بەسەر گرنگترین وکاریگەرترین کەنالەکانی سیاسەتی دەولەتدا گرت ، سەردەمی حوکمرانی مەلیک غازی بە ئاژاوەو نائارامی ناسرا لەو سەردەم جولانەوەو یاخیبونی خێلەکان لە سەرتاپای ولات رویاندا ، لەم روداوانە رۆلی سیاسەتمەدارەکان رۆلێکی دیار وبالا بوو کە بۆ مەرامە سیاسیەکانی خۆیان دەیان نایەوە ، ئەو ئاژاوانە توانیان دوو کابینەی وەزاری بروخێنن ،(توفیق ئەلسوێدی) سەبارەت بە رۆلی نوری سەعید لەو جولانەوە خێلەکیانە دەڵێ:

(هەرچەندە نوری سەعید راستەوخۆ بەشداریی لەو جولانەوە خێلەکیانەدا نەکردوە بەڵام پشتگیریی لێ کردون و رەخنەی گرتوە لە بەکار هێنانی هێز بۆ سەرکوت کردنیان ) . کاتێکیش بەهۆی ناکۆکیەکانی ناو ئەنجومەنی وەزیران جەمیل مەدفەعی دەست لەکار دەکێشێتەوە، مەلیک غازی (عەلی جەودەتئەیوبی) رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزیران کە لەوێش نوری سەعید وەکو وەزیری دەرەوە بەشداریی تێدا کرد ، کە پۆستی سەرۆکایەتی دیوانی مەلەکی خالی دەمێنێتەوە نوری سەعید هەول دەدا (جەعفەر عەسکەریی ) زاواکەی ئەم شوێنە پر بکاتەوە بەڵام مەلیک غازی ئەم داواکاریەی رەت دەکاتەوەو لەو

شوێنە روستەم حەیدەر دادەمەزرێنێ وەکو سەرۆکی دیوان .

گەلی عێراق ئەم کابینەی بە درێژە پێدەری کابینەی پێشتری دەزانی بۆیە ئۆپۆزسیۆن هێرشی کردە سەری و لە یادی تاج نانەسەری مەلیک غازیدا کە رێکەوتی 8 ی ئەیلول بوو بلاوکراوەیان بەسەر خەلکدا دابەشکردو تیایدا هێرشیان کردە سەر حکومەت و سیاسەتەکەی و هۆکاری برسی بونی ئەو خەلکەیان دەخستە ئەستۆی حکومەت ، بۆ ئاشکەراکردنی سەرچاوەی بلاوکراوەکان هەولی زۆریان دا هیچیان وەگیر نەکەوت بۆیە هێرشیان بردە سەر بارەگای رۆژنامە (ئەهالی) و بۆ ماوەی ساڵێک دایانخست ، لە راستیشدا گومانی ئەوە دەکرا کە حزبی شیوعی کە ئەو ساڵ دامەزرابوو لە پشت ئەو بلاوکراوەوە بوبن بۆیە حکومەت هەلمەتێکی راوەدونان و گرتنی ئەوکەسانەی بەرپا کرد کە گومانی شیوعی بونیان لێ دەکرا چونکە چالاکی زۆریان دەنواند .

چالاکیەکانی ئۆپۆزسیۆن دژی حکومەت لەلایەن کەسایەتیە سسیاسیەکانەوە چرتر بون و سەرۆک خێلەکانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش دورخرانەوە ، بانگی بەستنی کۆبونەوەیەکیان کرد لە ماڵی حکمەت سلێمان ، لەو کۆبونەوەیە ئەم کەسایەتیانە ئامادە بوون: رەشید عالی گەیلانی و یاسین هاشمی و ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەوانەی هاوپەیمانێتیەکی دژی حکومەتیان پێکهێنابوو ، لەو کۆبونەوەیە یاسین هاشمیان وەکو سەرۆکی خۆیان هەلبژارد ، لە نیو خۆیاندا لەسەر میساقێک رێککەوتن و کردیان بە کارنمەی خۆیان، بریتی بوو لە پشتگیری لە مەلیک و چارەسەریی کێشەی هۆزەکان بێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ حکومەت و بەشداری نەکردن لە حکومەت بێ گەرانەوە بۆ ئەم ئەنجومەنە .

***   ***

## کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لە نەجەف:

ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە کۆبونەوەی (سلێخ) هاوپەیمانیان بەست بە پێویستیان زانی پشتگیری پیاوە ئاینیەکانیان لەگەڵ بێ بۆیە بریاریان دا کۆنگرەیەک لە نەجەف ببەستن لە 22 ی ئاداری 1935 لە ماڵی (شێخ موحەمەد حسين الكاشف الغطائ) لەم کۆنگرەیە ژمارەیەک لە کەسایەتیی سیاسیی و سەرۆک هۆز و پیاوی ئاینی ئامادە بون سەرباری خاوەن ماڵ و ئەم بەرێزانەش [ عەبدولواحید سگەر] و[جەعفەر ئەبو تمەن ] و[موحسین ئەبو تەبیخ] وهەریەک لە پارێزەران [ موحەمەد ئەمین چەرچەفچی] و[ذیبان الغبان ] و[موحەمەد عبد الحسین ] و دەیان کەسایەتیی تر کە ژمارەیان لە 200 کەسایەتی تێپەرکرد. لەم کۆنگرەدا باس لەو رێگە چارانە کران کە دەکرێ بگرێتەبەر بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکانی وولات بۆ چاکسازی و رێگە گرتن لە دەستکاری دەستور کە وەزیرەکانی یەک لە دوای یەک دەسەلاتیان دەگرتە دەست بۆ مەرامەکانی خۆیان لێکدانەوەی جیایان لە دەستوردا دەکرد لەو کۆنگرە هەریەک لەم پارێزەرانە [ عەبدولواحید سگەر] و[جەعفەر ئەبو تمەن ] و[موحسین ئەبو تەبیخ] و [ موحەمەد ئەمین چەرچەفچی]

و[ذیبان الغبان ] و[موحەمەد عبد الحسین ] راسپێردران بۆ دارشتنی میساقێک بۆ هێزەکانی هاوپەیمانێتی ئۆپۆزسیۆن ، هەر لەم کۆنگرە بڕیار درا کە یاداشتێک بۆ مەلیک بەرز بکرێتەوە تیایدا ئەم داواکاریانە بکرێن :

1- نەهێشتنی جیاوازی ئەتەنی وبەشداری پێکردنی سەرجەم پێکهاتە جیاکانی وولات لە نەتەوەو ئاین لە کارە ئیداری و پەرلەمانیەکان .
2- هەموار کردنی یاسای هەلبژاردن کە لەسەر بنەمای دوو پلە ئەنجام دەدرێ ، بکرێتە یەک پلە ، بۆئەوەی کاریگەری حکومەت لەسەر دەنگدەر نەمێنێ و وەکو متمانەش بە هەلبژاردنەکان و راستگۆیی پرۆسەکە و رێگە گرتن لە دەستکاری ئەنجامەکانی .
3- ئەندامێکی شیعە لە دادگای پێداچونەوەی عێراق دابنرێ ، ئەمەش وەکو هاو تایفەکانی تر دەبێ.
4- ئازادی رۆژنامەگەری فەراهام بکرێ، هەموو گوشارەکانی سەر رۆژنامەوانی هەڵبگیرێن ، تەنها دادگا مافی چاودێریی لەسەر هەبێ .
5- خاوێنکردنی دام ودەزگاکانی ولات لە گەندەلچیان و بەرتیل خۆران.
6- رەچاوی یەکسانی خزمەتگوزاری تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانی تر لە سەرتاپای عێراق بکرێ.
7- ئەوەی بەشداری لە بزوتنەوەی نیشتمانی بکا رێگەی لێ نەگیرێ، جا ئەو کەسە هەر پۆست وکارێکی هەبێ ، فەرمانبەر یا سەرباز و پۆلیس یا کاسبکار.
8- چاکسازی لە سیستەمی ئیداریدا بکرێ.
9- هەموار و گشتگیرکردنی لیژنەکانی مافی زەوی و پەلە کردن لە یاسای بانکی پیشەسازی و کشتوکالی.
10- نەهێشتنی باجی زەوی و ئاوو گۆرینی باجی (کۆدە) لەسەر ئاژەل، بکرێ بە باجی بەکاربردن(استهلاک).
11- هەر یاسایەک دژی ئەم داواکاریانە بێت هەلبوەشێندرێتەوە.

بەڵام دواتر هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان جیابونەوەی خۆیان لەم هاوپەیمانێتیە راگەیاند و لەسەر یاداشتەکەیان واژۆ نەکرد ،بەبیانوی ئەوەی یاداشتەکە زۆر بەزمانێکی زبر نوسراوە و داواکاری نە توانراون بۆ جێبەجێکردنیان . ئەو سەرۆکهۆزانە لە کۆنگرەکە دەرچونو نامەیەکیان بۆ مەلیک و ئەنجومەنی وەزیران بەرز کردەوە تیایدا پشتگیری خۆیان بۆ مەلیک و ئەنجومەنی وەزیران دەربری .
ئەم کۆنگرەو دەرچونی ژمارەیەک لە ئەندامانی وبەرز کردنەوەی یاداشتەکەیان ، دۆخێکی گرژیان لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن خولقاند ، حکومەت لە بیری ئەوەدابوو کە گورزێک لە ئۆپۆزسیۆن بوەشێنێ بەڵام لە ترسی راپەرین و یاخیبونی هۆزەکان دەترسا ، ئەوەندەی نەمابوو کار لە کار بترازێو دۆخەکە بە تەواوەتی بە هۆی تێکچونی نێوان حکومەت و هۆزەکان لەبار بچێ ، بۆیە ناچار حکومەتەکەی ئەیوبیشلە 23ی شوباتی 1035دەست لە کارکێشانەوەی خۆی دایە مەلیک ، دوای دوو رۆژ مەلیک رەزامەندی لەسەردا ، مەلیکغازی (یاسین هاشمیی) بۆ پێکهێنانی وەزارەت راسپارد . بەڵام بەهۆی ئەوەی مەلیک بەسەر یاسین هاشمیدا سەپاند کە لەو حکومەتە دەبێ هەریەک لە جەمیل مەدفەعی وعەلی ئەیوبی بەشداری پێبکاو نابێ لە کابینەکەشی رەشید عالی گەیلانیی تیادابێ کە بە روخاندنی حکومەتەکانی

تاوان بار کردبوو له ڕێگەی هۆزەکانەوە ، بەهۆیەوە یاسین هاشمی ئەو داوایەی مەلیکی ڕەت کردەوە بە پێکهێنانی کابینەی نوێ ، یاسین هاشمی مەرجەکانی مەلیکی بە مەرج و داواکاری بالوێزی بەریتانیای دەزانی ، بالێزی بەریتانیا داوای کرد کە (جەمیل مەدفەعی) ڕاسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ و نوری سەعیدیش وەکو وەزیری دەرەوە بەشداری پێبکەن .

--------------------------------------------------

**شۆڕشی هۆزەکان لە فوراتی ناوەراست**

------------------------------------------------------

هاتنی وەزارەتی مەدفەعی بەرنامەی سەرکوتکردنی هۆزەکان و ئۆپۆزسیۆنی گەلەری و حزبی و هێزە نیشتمانیەکانی لەگەڵ خۆدا هێنا، لەسەر ئەم بنەمایە حکومەت بڕیاری چەکداماڵینی هۆزەکانی دا ئەوانەی هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیان کردوە دژی حکومەت ، ئەوکات ولات لە حالەتێکی کوڵاندا بوو ، هۆزەکان خۆیان پڕچەککرد و خۆیان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی حکومەت ئامادە کرد ، کشتوکاڵ و کاری بازرگانی پەکیان کەوت ، گیانی یاخیبون لە نێو هۆزەکان پەرەی سەند گەیشتە ئاستێک بانگی ڕوخانی حوکمەتیان دەکرد ، لەم میانە هۆزەکانی (ئەگرەع) قەلای (دەغارە) یان داگیرکرد کە دەکەوێتە خواروی حلە بە 60 کم.   هەروەها کۆمەڵێک لە هۆزی (فتلە) بەسەرۆکایەتی (عەبدولواحید سەکەر) هەڵسان بە کاری تێکدانی پرد و بەنداوەکانی سەر ڕوبارەکانیان لە ئەبو سەخەر و شامیە بۆ ڕێگەگرتن لە هێزی حکومی . لە لە هەمان ڕۆژدا دیالەش هۆزەکانی (عزە) کە شێخ حەبیب الخیزران سەرۆکایەتیی دەکا ناحیەی مەنسوریەی جەبەلی داگیر کرد، بەم شێوە مەشخەلی شۆرشی هۆزەکان لە دیوانیە  و دیالە هەلگیرسا .

بەهۆی تێکچونی دۆخەکان حکومەت داوای کۆبونەوەیەکی وەزاریی کرد بە ئامادە بونی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆ مستەر (کرونوالیس) و سەرۆکی دیوانی مەلەکی ، بۆ دوان لەو بارودۆخە مەترسیدارە ، بڕیاریان دا کە حکومەت هەلمەتێکی سەربازیی توند بکاتە سەر هۆزەکان بۆ سەرکوتکردنیان ، لە 23 ی ئاداری 1935 فەرمان بە سوپا درا هێرش بکاتە سەر هۆزە یاخیبوەکان و بەتوندی وەلامیان بداتەوەو داواش لە بالوێزی بەریتانی کرا کە بە هێزی ئاسمانی پشتیوانی و هاوکاریان بکا ، کاتێک هێزی

سەربازی جولەیان پێکرا، فرۆکەکانی شەرکەری بەریتانی لە ئاسمان دەبینران، هۆزەکانی مشخاب وشامیە ورمێثەو عەفەک و فلتەو چەند هۆزێکی تر هاتنە پاڵ هۆزە راپەریوەکانی تر بۆ پاڵپشتی دژی حوکمەت ، ئەم هەلوێستەی هۆز و خەلکی شارەکان حکومەتی توشی شۆک کرد لە پەرەسەندنی گڵپەکە دەترسا . سوپای عێراق ئەوکات لەو ئاستەدا نەبوو لە روی توانا وپێکهاتەو ژمارەوە بتوانێ لەم هەلمەتانە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێ ، هەموو سوپاکە لە 15 فەوج پێکهاتبوو جۆری چەکەکانیشی سوک وسادە بوون بۆیە لە توانایاندا نەبوو بەم کارە هەڵسێ ، داوای لە لیواکان کرد بە چەند فەوجێک بەشداری بکەن ، حکومەت ترسی لەم یاخی بونەی هۆزەکان هەبوو چونکە لە شێوەی یاخی بون و راپەرینەکانی پێشودا نەبوو تەنانەت لە چەشنی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودیشدا نەبوو لە سلێمانی هەروەها شۆرشەکەی ئاشوریەکانیش چونکە زۆربەی سەربازەکانی سوپای عێراقی لە رۆلەکانی هۆزە عێراقیەکان بوون بۆیە لەوەش ترسی هەبوو کە لە ناو سوپاش هەلگەرانەوەو راپەرین دروست بێ .
.

لەسەر پێشنیاری بالوێزی بەریتانیا ، حکومەتی عێراق بانگێشتی ئەو هۆزانەی کرد کە بەشداریان لە راپەرین د نەکردوەوا پشتگیری ئۆپۆزسیۆنیشیان نەکردوە ، تاببە هاوکاری کردنیان بیانخاتە ناو ئەو گێژاوەی خۆی تێی کەوتوە و وا نیشان بدا کە ئەمە ناکۆکی وململانێی نێو هۆزەکان خۆیانە ، بەڵام لەم پیلانەیان سەرکەوتو نەبون بۆیە ناچار بون کۆبونەوەی ئەنجومەن کە بڕیار بوو لە 12ی ئادار ئەنجام بدرێ بۆ گفتوگۆ لەسەر بارو دۆخەکان پەکبخا . ئەنجومەنی پیران دژی هەنگاوەکانی حکومەت وەستا کە بە دروستکردنی هەرا و نەزانین ناوی برد ، (جەعفەر ئەبو ئەلتمەن) لە رۆژنامەی (مبداء) وتارێکی لەم بارەیەوە نوسی ، لەو وتارەیدا شیکردنەوەو توێژینەوەی لەسەر روداوەکاندا کردو داوای لە حکومەت کرد ژیرانە هەلس و کەوت بکا بۆ ئەوەی وولات لەم دۆزەخە رزگار بکا کە خەریکە تێی دەکەوێ ، داواشی کرد چاکسازی ئابوری و چارەسەری سیاسیانەی ولات بکا ، هەروەها پارێزەران نارەزاییان دژی هەلوێستەکانی حکومەت دەربری و داوایان کرد ئەم خوێن رشتنە راگرن ودەست بکەن بە چاکسازی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی.
دیسان شێخ (کاشف الغطا) داوای لە حوکمەت کرد ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازیە راگرن لە جیات ئەو چاکسازی لە ولات ئەنجام بدەن ، (عەبدولواحید سگەر)یش داوای لە حکومەت کرد دەست لە کار بکێشێتەوە و حکومەتێکی نوێ پێکبهێندرێ کە ئەرکی چاکسازی ویەکێتی نیشتمانی بگرێتە ئەستۆ و کاری چاکسازی ئەنجام بدا.
لە لایەن کەسایەتیە سیاسیەکان و حزبەکانەوە بروسکەی نارەزایی بە لێشاو بۆ مەلیک نێردران هەمویان داوای چاکسازی و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ و راگرتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانیان دەکرد و چارەسەری کێشەکان بە رێگەی ئاشتیانە ، مەلیک وای دەبینی کە ئەم سیاسەتەی حکومەت بەرەو هەڵدێری دەبا ، بۆیە داوای لە سەرۆکی دیوانی مەلەکی کرد کە بە سەرۆک وەزیران رابگەیەنێ ئەم سیاسەتەی حکومەت دژی هۆزەکان چاوپێداخشاندنی بۆ بکا و بە ژیرانە چارەسەری دۆخەکان بکا ، کاتێک ئەم فەرمانە گەیشتە دەست سەرۆکی وەزیران ، هەستی بەوە کرد کە بەهەڵەدا چوە بۆیە لە 15ی ئاداری 1935 دەست لەکار کێشانەوەی خۆی دایە دەست مەلیک غازی و ئەویش دوای دوو رۆژ قەبولی کرد .

----------------------------

## پەرە سەندنی شۆڕش و راسپاردنی (یاسین هاشمی) بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نوێ:

بۆ هێور کردنەوەی دۆخەکان مەلیک غازی، یاسین هاشمیی راسپارد بە پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نوێ و ئارام کردنەوەی دۆخەکانیشی خستە ئەستۆ ، هاشمی دەستی بە وتووێژ کرد بۆ پێکهێنانی کابینەکە ، هاشمی هەولیدا حیکمەت سلێمان لە کابینەکەی بەشداری پێبکا بەڵام حکمەت سلێمان داواکەی رەت کردەوە بەهۆی پابەند بونی بە بڕیارەکانی کۆنگرەی سلێخ ەوە کە دەبێ بە مەرجی ئەوەی هەریەک لە کامل چادرچی وجەعفەر ئەبو ئەلتمەن و عبدالقادر اسماعیل رازی بن ئەوسا دەتوانێ بەشداری لە کابینەکەی بکا ، دیارە پەیوەندی بەو کەسانەوە کراو ئەوانیش رەزامەندی خۆیان دەربری لە بەشداری پێکردنی حکمەت سلێمان لە کابینەکە بەڵام مەرجی ئەوەیان بۆ دانا کە دەبێ وەزارەتی ناوەخۆی پێبسپێرن ، ئەم مەرجە یاسین هاشمیی خستە هەلوێستێکی ناخۆش ، دواتر هەولی دا کە رەشید عالی گەیلانی بەشداری پێبکا لە کابینەکەی بەڵام ئەویش هەمان مەرجی هەبوو کە وەزارەتی ناوەخۆی پێبسپێرن بۆیە ناچار راسپاردەکەی مەلیک غازیی رەت کردەوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دۆخەکان مەترسیدار و ناسک بون، مەلیک لەسەر ئەوەر رازی بوو کە هەرچۆنێکی بێ ئەم کابینەیە پێکبهێندرێ ، ئیتر ناچار وەزارەتی ناوەخۆ درا بە رەشید عالی گەیلانی و وەزارەتی دەرەوەش بە نوری سەعید و وەزارەت بەرگریش بە جەعفەر عەسکەری. بەهۆی هەلوێستەکانی پێشوی لە پەیماننامەی 30 ی حوزەیرانی 1930 ەوە بالوێزی بەریتانیا لە حکومەتەکەی هاشمی دلخۆش و رازی نەبوو ، بەڵام هاشمیی بەم وتانەی خوارەوە بالوێزی بەریتانیای دڵنیا کردەوە :

( ئێستا دۆستێکی نوێمان هەیە کە پێشتر دوژمنمان بو ) .

یەکەم ئەرکی سەرشانی ئەم حکومەتە چارەسەر کردنی کێشەی هۆزەکان بوو ، بۆیە بەلاغێکی نوسی و بە هۆی فرۆکەکانەوە بەسەر هۆزە راپەریوەکاندا بەسەریاندا فڕێ دایە خوارەوە ، تیایدا داوای لەو خەلکە دەکرد کە ئارام بن و بگەرێنەوە سەر کاری خۆیان و مالەکانیان بۆ کەس جێنەهێلن و پەیمانی چاکسازی وخزمەتگوەزاریی پێدان و داوای لە سەربازەکان کرد بگەرێنەوە سەربازگاکانی خۆیان و شاندێکی بۆ لای هۆزەکان نارد بۆ گفتوگۆ و هێورکردنەوەیان بە سەرۆکایەتی (رەشید عالی گەیلانی) وەزیری ناوەخۆ و نوری سەعیدی وەزیری دەرەوە تا رازیان کەن بە چەک دانان . بەڵام هۆزەکان بە پەیمانەکانی حکومەت بروایان نەهات و داوایا کرد حکومەت دەست لەکار بکێشێتەوە . حکومەت لە هەنگاوی دواتر هۆشدارییدایە هۆزە راپەیوەکان کە لە ماوەی 3 رۆژدا چەک دابنێن و خۆیان بدەن بەدەستەوە ، بە پێچەوانە هێزیان لە دژ بەکار دێ ، بەم شێوە هۆزەکان لە داواکاریەکانیان پاشگەز بونەوە بەڵام ئەم دۆخە ئەوەندەی نەخایان کە خەلکەکە لە ترکزە بوو دۆخەکانیش لە لێواری تەقینەوەدا بون .

## سوپا شۆڕشی هۆزەکان لە (رمیثە) سەرکوت دەکا :

بەهۆی سستی وپاشگەزبونی حکومەت لە جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی ، دوبارە کەش و هەوای نائارام لە دۆخی سیاسیی عێراق دروست دەبنەوە ، لە هەنگاوێکی تردا حکومەت حزبەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە بۆئەوەی ببێتە هەنگاوی یەکەمی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی حزبایەتی لە ولات ، بەمەش زیاتر دۆخەکان ئاڵۆز دەبن و دوبارە داخوازی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت دێبێتەوە داخوازی راپەریوەکان ، کاتێک حکومەت هەستی بەم مەترسیانە کرد هەڵسا بە دەستگیر کردنی یەکێک لە لوتکەی پیاوە ئاینیەکانی نەجەف (شێخ ئەحمەد ئەسەد الله) و بریاری لێسەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقیشی لەسەرداو بۆ دەرەوەی عێراقی دور خستەوە .

کاتێک ئەم هەواڵەی دەستگیر کردنی شێخ ئەحمەد ولێسەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقی ودورخستنەوەی بلاو دەبێتەوە ، ئەمجارەیان هۆزەکانی رومێسە هار دەبن و رادەپەرن ، پیاوەکانی ئەم هۆزانە لە ناحیەکە کۆدەبنەوە بە چەکەوە هێرش دەبەنە سەر ستاشیۆنی شەمەندەفەر و گەمارۆی فەرمانگاکانی حکومەت دەدەن. بۆ لەناو بردنی شۆرشگێرەکان لە رمێثە حکومەت هەڵسا بە ئەنجام دانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بە سەرپەرشتی بەکرد سدقی کە بە پیاوێکی توند ناسرابو ، هێزەکەی بەکر سدقی لە دوو لاوە هێرشی برد و بە فرۆکەش لە بلاوکراوەکاندا هۆشداریی دایە شۆرشگێرەکان کە لە ماوەی 24 کاتژمێر چەک دابنێن بە پێچەوانە خۆیان بەرپرسیار دەبن ، کاتێک ئەو موهلە تەواو دەبێ فەرمان بە فرۆکەکان دەدا زۆر بە خەستی بۆمبابارانی ناوچەکەیان بکا ، لە 11ی مایسی 1935 یش حکومەت (دادگای سەربازی ) لەو ناوچانە رادەگەیەنێ ، ناوچەی رمێسەش بە ناوچەی شەر دەناسێنێ ، کە یاسای سەربازیی بەسەردا جێبەجێ دەکا پاش ئەوەی فرۆکەکان ئەو ناوچانەیان بۆردوان کردو بە تۆپیش دوبارە ناوچەکانیان شێلا بە هاوکاری ئەو هۆزانەی سەربە حکومەتەوە بون بەکر سدقی هێرشی بردە سەر رمێثە و سوپا توانیی لە 17 ی مایسدا بچێتە ناو سەنتەری شار ودەست بەسەر دۆخەکاندا بگرێ ، ئەمە پاش ئەوەی هەردوو لا زیانی زۆریان پێدەگا لەوانە شۆرشگێرەکان توانیان فرۆکەیەکی عێراقی بخەنە خوارەوەو فرۆکەوانەکەش بکوژرێ هەروەها فرۆکەیەکی جەنگی بەریتانیشیان خستە خوارەوە .

## حکومەتی هاشمی فەرمانی دادگای سەربازی دەردەکا :

پاش ئەوەی حکومەتەکەی هاشمی توانیی ئاگری شۆرشی رومێثە دامرکێنێ ، فەرمانی حکومیی بە حوکمی عورفی(باری نائاسایی) دەرکرد ، یاسای ئەم حوکمەشی بەسەر شۆرشگێرەکاندا جێبەجێ کرد ، ئەم یاسایە بە ستەمترین یاسای ئەو سەردەم دێتە ئەژمار وەکو ماکێکی شەرمەزاری وابو، بەهۆی ئەوەی کە هەموو بنەماکانی یاسای مرۆڤ و پەیمانەکانی کە دابونی پێشێل کردن و خستنیە ژێر پێ و ئازادیەکانی کە لە دەستور هاتبون پێشێل کران ، ئەم سیستەمە بوو بە نەریت بۆ حکومەتەکانی دوای ئەویش تا کە

ئەمرۆ پیادەی بکەن ، بەهۆی مەترسیداری ئەو فەرمانە کە تا چەند بنەماکانی دەستوری پێشێل کردوە بە باشی دەزانین لە خوارەوە دەقی فەرمانەکە بخەینە روو :

**دەقی فەرمانی بەڕێوەبردنی عورفی(حوکمی نائاسایی و سەربازی.و):**

بەشی یەکەم:

بەندی یەکەم/ ئەنجومەنی دادگای سەربازی لە سەرۆک و چوار ئەندام پێکدێت ، بە مەرجێ دەبێ سەرۆک و دوو لە ئەندامەکانی لە سوپا بن ، لەسەر پێشنیاری وەزیری بەرگری، بە ئیرادەی مەلیک دادەمەزرێن ، دوو ئەندامەکەی تر لە دادوەری مەدەنی دەبن ، ئەمانیش لەسەر پێشنیاری وەزیری داد بە ئیرادەی مەلیک دادەمەزرێن.

بەندی دووەم/ بریکاری دادوەری سەربازی یا کەسێک کە وەزیری بەرگری دیاری بکا بەئەرکی داواکاری گشتیی ئەنجومەن هەلدەستێ .

بەندی سێیەم/ ئەنجومەنی داگای سەربازی ئەو کەسانە دادگایی دەکا کە لەلایەن فەرماندەی هێزەکانی سەربازی و داواکاری گشتی بۆی دەنێردرێ.

بەندی چوارەم/ ئەنجومەن بە گوێگرتن لە یاداشتی داواکاری گشتی ئەو کەسانە دادگایی دەکا بە تۆمەتی ئە تاوانانەی خراونەتە پاڵیان، تۆمەتبار دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا لە وتۆمەتانەی خراونەتە پاڵی دوای ئەوە گوێ لە شایەدحالەکانی بەرگریش دەگیرێ ئەگەر بونیان هەبوو ، ئەمە ئەگەر دادگا لەوە دڵنیابێ کە ئەم شایەدحالانە بۆ کات بەسەر بردن نیە، دواجار گوێ لە بەرگریەکانی تاوانبار دەگیرێ و حوکمەکە دەردەکرێ.

بەندی پێنجەم/ دانیشتنەکانی دادگای بە ئاشکەرا دەبن ، تەنها ئەو دانیشتنانە نەبن کە دادگا بە پێویستی دەزانێ نهێنی بن .

بەندی شەشەم/ بڕیارەکان بە رێککەوتنی هەمولایەک دەبێ یا بە زۆرینە .

بەندی حەوتەم/ دەبێ بڕیارەکان پشت بە بەندێکی یاسایی ببەستێ و هۆکاری ئاماژە پێدراوی هەبێ .

بەندی هەشتەم/ بڕیارەکانی ئەنجومەن راستەوخۆو دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێن جگە لە بڕیارەکانی لەسێدارەدان نەبن .

بەندی نۆیەم/حوکمی لە سێدارەدان جێبەجێ ناکرێ تا فەرماندەی گشتی هێزەکانی وولات واژۆی نەکا.

**بەشی دووەم:**

بەندی دەیەم/ دادگایی کردنی هەر کردەیەکی ناوەوە یا دەرەوەی ناوچەی سەربازی(عورفی) کە پەیوەندیان بە باری ئاسایشەوە هەیە یا بە کردە تاوانکاریەکانەوە هەیە جگە لەو کردە تاوانکاریانەی کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دەیدا بە دادگای دادوەری مەدەنی یا ئیداری.

بەندی یانزەهەم/ بە لەسێدارەدان حوکم دەدرێ هەرکەسێکی:

1- چەک یا هەر ئامێرێکی بریندارکەری دژی حکومەت یا هێزە چەکدارەکەی بە پۆلیس و سوپاوە هەڵگرت ، یا چەکی دژی فەرمانبەری حکومەت بەکار هێنا .
1- هەرکەسێک لە یاخیبونی چەکداریی دژی حکومەت یا هێزە چەکداریەکەی بەشدار بێ ،(مەبەست لە یاخی بونی چەکداری ، بونی زیاتر لەیەک کەس هەڵگری چەکی ئاگری بن یا هەر ئامێرێکی تری بریندار کەر) .
2- هەر کەسێک بەشداریبکا لە پەککستن یا تێکدانی هێلەکانی هاتوچۆ و هۆکارەکانی پەیوەندیی سەربازی .
3- هەرکەسێک بە چەک یا بە تەقەمەنی هاوکاری یاخی بوەکان بکا .
4- هەرکەسێک پرۆپاگەندە لە نێو ریزەکانی سوپا یا پۆلیس بلاو بکاتەوە بەمەبەستی دابەزاندنی ورەیان یا ناچاریان بکا گیانی بەرگریان نەمێنێ .
5- هەرکەسێک بە هەر شێوەیەک هانی خەلک بدا بۆ ئەنجام دانی ئەو کارانەی سەرەوە ئاماژەمان پێیان دا ، جا ئەگەر هاندەرەکە لە ناوەوەی ناوچەی سەربازی (عورفی) بێ یا دەرەوە گرنگ نیە .
6- هەرکەسێک لەناوەوەی ناوچەی سەربازی(عورفی) عەسکەری بۆ بەرژەوەندی یاخیبوەکان سیخوری بکا .

بەندی دوانزەهەم/ هەرکەسێک ئەم خالانە بیگرێتەوە بە هەتاهەتایی یا کاتی بەکاری سەخت حوکم دەدرێ یا زیندانی دەکرێ لە 15 سال زیاتر نەبێ .

1- زانیاری یا هەوال بدا بە یاخیبوەکان یا بەوکەسانەی دژی حکومەت چەکیان هەڵگرتوە یا خۆیان لە ناو بزوتنەوە چەکداریەکاندا دەبیننەوە لە ناوچەی ناوەوەی سەربازی(عورفی).
2- هانی یاخی بوەکان بدا تا درێژە بە کارەکانیان بدەن.
3- ئەو هەوالانەی بلاو کاتەوە کە دەبنە هۆی دابەزینی ورەی سوپا وچەکدارانی ولات .

بەندی سێنزەهەم/ ئەو کارە تاوانکاریانەی کە لەم فەرمانە ناویان نەهاتوە بە پێی یاسای سزای تاوانەکانی بەغدادی سزا دەدرێن .

بەندی چواردەهەم/ فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ولات دەتوانێ بە نوسین یا بە زارەکی ئەم فەرمانانە دەربکا :

1- لێسەندنەوەی مۆلەتی هەڵگرتن و هەبونی چەک و فەرماندان بە دانەوەی هەرچی چەکی هەیە بە تەقەمەنی وزەخیرەوە لە هەموو جۆرەکانی بە حکومەت و لە هەر شوێنێک هەبێ حکومەت دەسەلاتی دەست بەسەردا گرتنی هەیە .
2- رێگە پێدراوە لە هەر کات وساتێکی شەوو رۆژا بۆی هەیە هەر کەسێک یا ماڵێک بپشکنێ.

3- فەرماندەدا بە رۆژنامەو چاپەمەنیە دەوریەکان بەر لە دەرچونیان چاودێری بکرێن بێ ئەوەی پێشتر ئاگادار بکرێنەوە ، هەر چاپەمەنیەکیش لەسەری بسەلمێنرێ کە نوسراو یا هەر چاپکراوێکی بە چاپ گەیاندوە کە دەبێتە مایەی ورە دابەزین و تێکدانی باری ئاسایشی ولات جا ئەو چاپەمەنیە بلاو کرابێتەوە یان نا دەسەلاتی فەرماندەیە ئەم شوێنە دابخا.
4- فەرماندان بە چاودێری کردنی نامەو تەلەگراف و تەلەفۆنەکان .
5- دیاری کردنی کاتی کردنەوەی کۆگاو بازارەکان و دیاری کردنی کاتی داخستنیشیان هەر شوێنەی بە جیا یا بە تێکرا ، داخستنیان بە جیا یا بە تێکرا هەمووی لە دەسەلاتی فەرماندەدەبێ لە شوێنێکی ناوچەی سەربازی یا هەموو شوێنەکە بە گشتی .
6- گەراندنەوەی لەدایک بوان و نیشتەجێیانی هەر ناوچەیەک بۆ شوێنی خۆیان ، ئەگەر هیچ پاساوی مانەوەیان بەدەستەوە نەبوو کە لە شوێنێکی تر دەژین .
7- فەرماندان بە دەستگیرکردنی دەربەدەرەکان و نیشتەجێکردنیان لە شوێنێکی ئارام .
8- رێگەنەدان بە هیچ کۆبونەوەیەکی گشتی و بلاوە پێکردنیان بە زەبری هێز ، هەروەها رێگەنەدان بە کردنەوەو دامەزراندنی هیچ یانەو کۆمەڵەیەک و بلاوە پێکردنیان بە هێز.
9- رێگەنەدان بە هاتوو چۆی شەوانە لەوکاتانەی دیاری دەکرێت ، لە هەموو ناوچەکانی کە دادگای سەربازی دەیگرێتەوە یا هەندێک ناوچە بەتەنیا .
10- رێکخستنی هەمو جۆرە هۆکارەکانی هاتو چۆ لە سەرجەم ناوچەکانی دادگای سەربازی دەیان گرێتەوە یا لە هەندێک ناچە بە جیا .
11- چۆلکردن یا جیاکردنەوەی هەندێک شوێن کە پێویست دەکا لە سەرجەم ئەو ناوچانەی دادگای سەربازی دەیان گرێتەوەو لەو شوێنانەش هاتو چۆکان رێکبخرێ.
12- دەسەلاتی ئەوەی هەیە دەست بگرێ بەسەر هەر مولکێکی کەسی و تایبەتی یا گشتی لە ئۆتۆمبێل و کارگەو خانوو هەر مولکێکی گواستراو یا نەگواستراو یا راسپاردنی هەرکەسێک بۆ ئەنجام دانی هەر کارێکی پێی دەسپێردرێ ، ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ فەرماندەی گشتی سەرفرازکا بە راسپاردنی ئەرک بەسەر فەرمانگەی مافە پێشکەوتوەکان ، یا هەر فەرمانێک کە هاوکاربێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ولات .

بەندی پانزەهەم/ هەرکەسێک سەرپێچی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ولات بکا بەو سزایانە سزا دەدرێ کە لە راگەیاندنەکەدا هاتوە کە نابێ ئەم سزایانە لە زیندانی کردن بە 3 ساڵ یا 150 دینار زیاتر بێ .

ئەمە رێگر نابێ ئەگەر سزاکە بە پێێ یاسای سزادان سزایەکی قورستری بەسەر تاوانبارەکەدا سەپاند جێبەجیی بکا ، بە پێی یاسا بۆی هەیە هەرکاتێک هەر سەرپێچی کارێک دەستگیر بکا .

بەندی شانزەهەم/ ئەم فەرمانە لە رۆژی بلاو کردنەوەیدا لە رۆژنامە فەرمیەکان ، جێبەجێ دەکرێ .

بەندی حەڤدەهەم/ لەسەر وەزیرەکانی ناوەخۆ و بەرگری و دادە ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن ، کە دەبێ لە کۆبونەوەی داهاتوو بخرێتە بەر دەمی ئەنجومەنی نوێنەران .

لەبەغدا نوسراوە لە رۆژی یانزەی مانگی سەفەری 1435کۆچی کە دەکاتە 14ی مایسی 1935 زاینی.

یاسین هاشمی مەلیک غازی

ئەگەر بە وردی ئەم فەرمانە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە حکومەت سەرجەم ئازادیەکانی لەو خەلکە سەندۆتەوە کە دەستور پێیداون ، بەم فەرمانە دەستور بوە مەرەکەبی سەر کاغەز و ئەم فەرمانەش بوە شمشێرێک بەسەر ملی گەلی عێراقەوە زال بێ، بۆئەوەی هەر کاتەی داوای رەوای مافی خۆیان کرد جولە بەم شمشێرە بکرێ.

دەسەلات بەم فەرمانە نەوەستا بەڵکو چەندین فەرمانی تری لەم شێوە دەرکردن کە بتوانێ بە دروستی چنگ لە قورگی گەل گیر بکا، لەوانە:

1- فەرمانی رێگە نەدان بە پرۆپاگەندەی زیان بەخش، ژمارە 44 لە ساڵی 1937 لەسەردەمی حکومەتی جەمیل مەدفەعی .
2- فەرمانی رێگەنەدان بە پرۆپاگەندەی زیانبەخش، ژمارە 20 لە 1938 لەسەردەمی حکومەتی جەمیل مەدفەعی.
3- فەرمانی حالەتی نائاسایی ، ژمارە 57 لەساڵی 1938 لە سەردەمی حوکمەتی نوری سەعید .
4- یاسای تەواوکەری یاسای سزای بەغدادی ناسراو بە یاسای ( رایە تێکدەرەکان) ژمارە 51 لەساڵی 1938 لەسەردەمی حکومەتی جەمیل مەدفەعی .
5- فەرمانی پرەنسیپی فەرمانبەرانی حکومی، ژمارە 7 لە 1939لەسەردەمی حکومەتی نوری سەعید .

دوای ئەمەش حکومەتەکانی تر کە لەسەردەمی وەسی(الوصی عبدالاله) دوای کوشتنی مەلیک غازی هاتنە سەر حوکم بەردەوام بون لە دەرکردنی ئەم جۆرە فەرمانانە کە هەمویان نادەستوری بون و دژی بەرژەوەندیەکانی گەل بون هیچ رەچاوی مافەکانی خەلکیان نەدەکرد کە لە دەستوردا هاتبوو تا ئەو کاتەی شۆڕشێ 14ی تەموزی 1958 دێ .

---

## بەشی شەشەم
## کودەتای بەکر سدقی

# روداوەکانی سەردەمی کودەتاو رەنگدانەوەکانی و رۆلی نوری سەعید لەو روداوانە

یەکەم/ کودەتای بەکر سدقی و رەگدانەوەکانی .
دووەم/ کوژرانی جەعفەر عەسکەری و راکردنی نوری سەعید .
سێیەم/ کوشتنی بەکرد سدقی ومەدفەعی دەبێتە سەرۆک وەزیران.
چوارەم/ نوری سەعید پیلان بۆ روخانی حکومەتەکەی مەدفەعی دادەنێ.
پێنجەم/ نوری سەعید حکومەت پێکدەهێنێ وتۆلەلە کودەتاچیەکان دەکاتەوە.

## یەکەم/ کودەتای بەکر سدقی و رەنگدانەوەکانی:

### کورتەیەک لە ژیاننامەی بەکر سدقی:

بەکر سدقی لە سالّی 1866 لە دایک بوە و لە ئەسیتانە خوێندویەتی لە خوێندنگای سەربازی بە ئەفسەر دەرچوە لە سوپای عوسمانی ، بە پلەی ئەفسەری یەک ئەستێرە چورەریز سوپای عێراق لە 6ی کانونی دووەمی 1921 کە داگیرکەران دایانمەزراندبوو. هەرچەندە بەکر سدقی لە دایک و باوکێکی کورد لە دایک بوو بەڵام بەلای نەتەوەی عەرەبدا دەشکایەوە ، بۆیە لایەنگرانی نەتەوەی عەرەبی بە یەکێک لە کەسایەتیەکانی حوکمرانانی عێراق دەزانی ، پلەکانی ئەفسەریی بری تا لە سەردەمی مەلیک غازی گەیشتە پلەی (فەریق روکن) ، کاتێکیش فەرماندایەتی سوپای عێراق دەکا لە هەلمەتەکەی 1936 و دواتریش لە سەرکوت کردنی بارزانیەکان و دژی شۆڕشەکەی هۆزەکانی فوراتی ناوەراست لە 1935 لەسەردەمی رەشید عالی گەیلانیدا بە کەسێکی توند و ستەمکار دەناسرێ هەر بەم هۆیەوە دۆستایەتی ئەو لەگەل حیکمەت سلێمانی وەزیری ناوەخۆ خۆش دەبێ .

ململانێکەی نێوان وەزارەتی یاسین هاشمی و رکابەرەکانی توند دەبێ کە حکومەتەکەی هاشمیش هەموو شێوازەکان بەکار دێنێ تا دەستبەرداری حکومەت نەبێ ، لەوکاتاندا کە بەکرد سدقی فەرماندەی لەشکری(فرقە)ی دووی سەربازی دەبێ هامشۆی زۆری ماڵی حکمەت سلێمان دەکا کە بە لوتکەی رکابەر دەناسرا ، قسەو باسەکانیان لەسەر چۆنێتی تۆلە سەندنەوە بوو لە حکومەتەکەی یاسین هاشمی هەرچەندە

پێگەی جەماوەری خۆی لەدەست دابوو ، بیرۆکەیەک بە مێشکی بەکر سدقیداهات کە لە رێگەی بەکار هێنانی هێز و بە کودەتایەکی سەربازی حکومەتەکەی هاشمی بروخێنن ئەمەش بە هاوکاری فەرماندەی لەشکری(فرقە)ی یەکەم فەریق عەبدوشەتیف نوری کە دۆستایەتیەکی مکوم بەیەکیان دەبەستێتەوە .
ئەم دوو فەرماندەیە توانیان فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکان جەنەرال (موحەمەد عەلی جواد) یش بەگەڵ خۆیان بێخن، ئەم کارە زۆر بە نهێنی بەرێ دەبردرا کە هەواڵگری سەربازیش پێێ نەزانی ،کاتێک کاتی مانۆرە سەربازیەکەی پایزە هات لە 1936 ، بەکر سدقی ئەوکات شتە وون بوەکەیخۆی دۆزیەوە کە بەدوایدا دەگەرا ، خۆی بەرنامەی مانۆرەکە وا بڕیار بوو کە لە سەر چیای حەمرین ئەنجام بدرێ بەتەواوەتیش لەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان بەغداو خانەقین ، بڕیار وابوو کە لەشکری یەک بە فەرمانداریێتی عەبدوشەتیف نوری لە حالەتی بەرگری بەغدادابێ کە لەشکری دوەمیش بە فەرمانداریێتی بەکر سدقی لە حالەتی هێرش بردن دابێ ، لە 29ی تەموزی 1936 سوپاسالار فەریق (یاسین(دەبێ تەها بێ .. هاشمی) بە ئەرکێکی فەرمی سەردانی دەرەوە دەکاو بریکاریەکەی دەدرێتە فەریق (نوری عەبدوشەتیف) ئەمەش کارئاسانیەکی باش بوو بۆ کودەچیەکان . .
کاتی مانۆرەکە بە 3ی /1936/10 دیاری کرا کە درێژەی هەبێ تا 10 ی هەمان مانگ، بۆیە بەکر سدقی بڕیاری دا کە کودەتاکە لەم ماوەیە ئەنجام بدرێ . رۆژی سێشەم 936/10/27 بەکر سدقی وعەبدوشەتیف نوری یەکتریان بینی ، لەم بەیەک گەیشتنە لەسەر چۆنێتی ووادەی ئەنجامدانی کودەتاکە رێک دەکەون هەروەها لەسەر ناونانی جولانەوەکەش رێککەوتن کە ناویان نا ( بزوتنەوەی نیشتمانی چاکسازی) ، داوایان لە کامل چادرچی کرد یاداشتێک بۆ مەلیک بنوسێ تیایدا داوای هەلوەشاندنەوەی حکومەتی هاشمی بکرێ و حیکمەت سلێمان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ راسپێرێ ، لەهەمان کاتا بەیانی کودەتاکەشیان ئامادەکرد ، ژمارەیەک لە فرۆکەشیان بە فەرمانداریێتی جەنەرال (موحەمەد عەلی جواد ) ئامادە کرد بەمەش ئامرازەکانی جێبەجێ کردن ئامادەدەبن .

شەوی پێنجشەم 27ی تشرینی یەکەم 1936 سوپا بەرەوە بەعقوبە جولەی کرد ، بۆ بەیانیەکە گەیشتە شوێنی مەبەست و هێلی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەغدا پچراندن و دەستیان بەسەر فەرمانگەی پۆست و تەلەفۆندا گرت لەگەڵ چەند شوێنێکی ستراتیجی لە بەغداو دواتر هێزەکان بەرەو ناوەوەی بەغدا هەنگاویاننابە فەرمانداریێتی بەکر سدقی . بەیانی کاتژمێر هەشت و نیو هەمان رۆژ سێ فرۆکەی جەنگی لە ئاسمانی بەغدا دەخولانەوە کە جەنەرال موحەمەد عەلی جواد و دوو لە هاورێیانی لێیان دەخوری ، بە هەزاران پۆستەری بەیاننامەی کودەتاکەیان بەسەر شاری بەغدادا باراند،تیایدا داوایان لە مەلیک غازی دەکرد کە کابینەکەی یاسینهاشمی هەلوەشێنێتەوەو کابینە بە حیکمەت سلێمان بسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینە.

لەوکاتەی فرۆکەکان بەیاننامەیان بەسەر بەغدادا دەباراند حیکمەت سلێمان لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی سوار بوو وێنەیەکی لەو یاداشتە بەدەست برد بۆ مەلیک غازی کە بکر سدقی وعەبدوشەتیف نوری واژۆیان کرابوو کە تیایدا موهلەی 3 کاتژمێریان بۆ هەلوەشاندنەوەی کابینەی هاشمی دانابوو ، لەوێ دایە دەست سەرۆکی دیوانی مەلەکی (روستەم حەیدەر). هەرکە یاسین هاشمی بە هەوالەکەی زانی بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە بەکر سدقیەوە کرد وپێی راگەیاند کە مەلیک بەم کودەتایەی زانیوە ، کە لە تەلەفۆنەکە تەواو دەبێ بە راکردن بەرەوە کۆشکی زهور لای مەلیک غازی دەچێ تا کارێکی گونجاو بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە. .

روستەم حەیدەر یاداشتەکەی دایە دەست مەلیک ئەویش ماندوێتی وشۆکی بە روخسارەوە دیاربوو ، هەر زوو مەلیک داوای ئامادەبونی هەریەک لە یاسین هاشمی وجەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری ونوری سەعید وەزیری دەرەوەو بالوێزی بەریتانیی کرد تا لەم پرسە بدوێن. سەرەتا بالوێزی بەریتانیا پرسیاری ئاراستەی مەلیک کرد ووتی : پێشتر لە هەوالی کودەتا بەئاگا بویت؟ مەلیک ووتی: نەخێر. دواتر یاسین هاشمی پرسیارێکی ئاراستەی مەلیک کرد ئاخۆ هێشتا بروای بە وەزارەت ماوە ئەگەر ماوە ئەوا وەزارەت دەتوانێ بە توندی روبەروی کودەچیان بێتەوە ، دواتر نوری سەعید داوای لە بالوێزی بەریتانیا کرد بە توندی بێتە سەر هێل و وەلامی ئەمان بداتەوە ، بەڵام بالوێزی بەریتانیا ووتی: ئێمە دەست ناخەینە ناو کاروباری ناوە خۆ ، لە راستیشدا بەریتانیا مەبەستی بوو لە یاسین هاشمی نەجاتی بێ و ئەگەر ئەرکەکەش بگرێتە ئەستۆ وبە توندو تیژی کودەتاچیەکان لە ناو نەبردران ئەویش کارەساتێکی ترە بۆ بەریتانیا . ئەو موهلەی بۆ هەلوەشاندنەوەی وەزارەتی هاشمی و راسپاردنی حکمەت سلێمان دانرابوو تەواو بوو بۆیە لە کاتژمێر یانزە و نیوی تەواو فرۆکە جەنگیەکان بۆمبیان فرێدایە خوارەوەو ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوەخۆ و بنای پەرلەمان و فەرمانگەی پۆست کە نزیک ماڵی یاسین هاشمی بوو بۆمبارانیان کرد ، ناچار حکومەت لە 1936/10/29 دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند ، مەلیکیش دەست لەکارکێشانەوەکەی هەر زوو قەبول کرد و حیکمەت سلێمانی بۆ پێکهێنانی وەزارەت راسپارد کە داوای کودەچیەکان بوو ، بەڵام حیکمەت سلێمان داوای لە مەلیک کرد بە نوسین راسپاردنەکەی بۆ بکا .

.

لەو کاتەی حکومەت دەست لەکار دەکێشێتەوە لە هەمان کات مەلیک هەولدەدا شکست بە کودەتاچیەکان بێنێ لەو بارەیەوە جەعفەر عەسکەری چەند نامەیەک بۆ فەرماندەکانی سوپا نارد تیایدا داوای لێکردبون بە هانای بەغداوە بێن بەڵام بێ هودەبو.

## دووەم / کوشتنی جەعفەر عەسکەری و راکردنی نوری سەعید:

جەعفەر عەسکەری لە هەولەکانی بەردەوام دەبێ بۆ بەرسنگ گرتنی لێشاوی سوپا کە بەرەو بەغدا دەرۆیشت ، پەیوەندی بە بەکر سدقیەوە دەکا دەڵێ: هاتم بۆ دیدەنیت و نامەیەکی مەلیک غازیم پێیە ، جەعفەر عەسکەری کە زاوای نوری سەعید و پیاوە بەهێزەکەی حکومەت و کۆڵەگەی نوری سەعید بوو، دەرفەتێکی باش بۆ بەکر سدقی دەرەخسێو دەڵێ رۆژت هات ، کۆمەڵێک ئەفسەر بۆ مەبەستی لێدانی جەعفەر عەسکەری ئامادەدەکاو دەیکوژێ ، کاتێک هەواڵی کوشتنی بە نوری سەعید دەگا، بە راکردن

بەرەو بالوێزخانەی بەریتانیا دەروات لەوێشەوە دەتوانێ بەرەو دەرەوە دەربازی کەن . هێزەکانی کودەتاچیەکان لە پێشرەویاندا بەرەو بەغدا بەردەوام بون کاتژمێر چوارو نیو گەیشتنە ناو بەغدا ، تا ئەو کات مەلیک دەرفەتێکی نەبینی تا بە نوسین حیکمەت سلێمان راسپێرێ بۆ کابینەی نوێ ، کاتژمێر بوو بە پێنجی ئێوارە هێزەکان گەیشتنە ناوەراستی بەغدا بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەک بکرێ ، دیارە دوو رۆژ پێشتر حیکمەت سلێمان لە ماڵی کامل چادرچی کۆبونەوەیەکی سازدابوو بە ئامادە بونی هەریەک لە جعفەر ئەبو ئەلتمەن و موحەمەد حدید بۆ ئامادە کردنی لیستی ناوی وەزیرەکان ئەگەر کودەتایەکە سەرکەوێ ، لەو کۆبونەوەیە بۆ دڵنیاکردنی ئینگلیز پێشنیار کرابوو ناوی نوری سەعیدیش بخرێتە ئەو لیستەوە بەڵام ئەم پێشنیارە سەری نەگرت بەهۆی نارازیبونی کامل چادرچی وجعفەر ئەبو ئەلتمەن لەجیات ئەو پێشنیاری سالح جەبر کرا .

هەرچۆنێکی بێ ئەو رۆژ کودەتا چیەکان لیستی ناوی وەزیرەکانیان ئامادە کردو دایانە دەست مەلیک ئەویش لە کاتژمێر شەشی ئێوارە فەرمانی مەلەکیی بۆ دەرکردن کە بریتی بون لە:

1- حیکمەت سلێمان سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوەخۆ
2- جعفەر ئەبو ئەلتمەن وەزیری دارایی
3- سالح جەبر وەزیری داد.
4- ناجی الاصیل وەزیری دەرەوە.
5- کامل الچادرچی وەزیری گەیاندن و ئابوری .
6- یوسف ئیبراهیم وەزیری زانستی

بەکر سدقیش پۆستی سوپاسالاری پێ سپێردرا لە جیاتی تەها هاشمی کە خانەنشین کرا. هەریەک لە یاسین هاشمی و رەشید عالی گەیانی و نوری سەعید بە هاوکاری بالوێزی بەریتانیا لە ترسی بەکر سدقی ، هەر زوو لە عێراق چونە دەرەوە ، بالوێزی بەریتانیا سەردانی مەلیک غازیی کرد بە ئامادە بونی حیکمەت سلێمان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە نیازەکانی وەزارەتەکەی ئاگادار بێ ، حیکمەت سلێمان بالوێزی دڵنیا کردەوە کە لە پەیمانەکانی بەردەوام دەبێ و پێشێلی ناکا و وولات بەرەو پەرەپێدان دەبا لە هەموو روێکەوە ، هەروەها مەلیکیش دڵنیای بالوێز و حکومەتەکەی کرد .

بەکر سدقی ویستی یەکێک بنێرێ بۆ لەناو بردنی هەریەک لە یاسین هاشمی و رەشید عالی گەیلانی و نوری سەعید بەڵام حیکمەت سلێمان رێگەی پێنەدا ، یەکەم ئەرکی وەزارەت چەسپاندنی پێگەکانی بون بۆیە دەستی کرد بە گۆرانکاری ئەو کەسانەی لایەنگری وەزارەتە کۆنەکە بون لە بواری ئیداری و دبلۆماسی ودەسەلاتەکانی تردا . لەوکاتەدا خەلکە نیشتمانپەروەرەکە رژانە سەر شەقام بۆ پشتگیری کودەتاو حکومەتە نوێکەی ، خۆپیشاندەران دروشمی ئازاد کردنی زیندانە سیاسیەکانیان و ئازادی بۆ رۆژنامەگەری بەرز کردەوە ، هەروەها داوای ئازادی پێکهێنانی حزب وسەندیکاو رێکخراوەکانیان دەکرد بە نەهێشتنی ئاسەواری حکومەتە کۆنەکەو بەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی خەلک، خۆپیشاندانەکان تەنها بەغدای نەگرتەوە بەڵکو زۆربەی شارەکانی عێراقی گرتەوە .

دوای ئەوەی حکومەت کەوتە سەرپێ و پێگەکانی خۆی قایم کردن هەڵسا بە هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران لە 1936/10/31 بە ئیرادەی مەلەکی ئەنجومەن هەلوەشایەوەو ئامادە کاری کرا بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ . لەهەمان کاتدا حکومەت بەرنامەی خۆی خستە بەردەستی هاوڵاتیان کە بریتی بوو لە

خۆشکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دراوسێکان و بەریتانیا بە پێی بەرژەوەندیەکانی وولات و پاکسازی فەرمانگەکانی حوکمەت لە گەندەلچیان و بەرتیل خۆران و چاککردنی کاری بەرێوەبردن و بەرز کردنی ئاستی بژێوی خەلک و خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و روشنبیری و رێکخستنەوەی بەرێوەبردنی زیندانەکان بە شێوەیەک بکرێنە خانەی چاکسازی و چاکسازی کردن لە بواری دادوەری و چاوخشاندنەوە بەو فەرمانانەی پێشتر دەرکراون . هەروەها بەرنامەکە بریتی بوو لەوەی کار دەکەن بۆ دروست کردنی سوپایەکی بەهێز و مەشقپێکراو بۆ ئەوەی ببێتە شورەیەکی پۆلایین بۆ ولات و ئەنجام دانی چاکسازی لە فێرکاری و دام ودەزگاکانی و گەراندنەوەی ماڵ و مولکە دەستبەسەرداگیراوەکەو کردنەوەی رۆژنامە داخراوەکان و رێگەدان بەو کتێب و نوسراوانەی حکومەتی پێشو قەدەغەی کردبون بە گێرانەوەی فەرمانبەر و کرێکارە لەسەر کار لابراوەکانەوە بۆ سەر کاری پێشویان . دواتر حکومەت بڕیارێکی لێبوردنیشی دەرکرد .

بەڵام دوای ئەوەی بەکر سدقی پێگەی خۆی لە نا و دەسەلات توند کردو دەستی گرت بەسەر تواناکانی حکومەت هەستی بۆ زیاتر جولاو چاوی بریە دەسەلاتی زیاتر و قۆرخ کردنی بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ هاوپەیمانەکانی لە حزبی چاکسازی گەلەری (حزب الاصلاح الاجتماعی) بکا کە بەر لە کودەتا پەیمانی لەگەڵ بەستبوو و زۆرینەش بون لە ئەنجومەنی نوێنەران ، گۆچانەکەشی ئەو هەڵبژاردنە بوو کە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەکرا ، بۆ مەبەستی خۆسازدان بۆ هەلبژاردنەکان بەکر سدقی لە ماڵی خۆیدا کۆبونەوەیەکی لەگەل گەورە ئەفسەران و ژمارەیەک لە نەتەوەپەرستان سازدا بە پەراوێز خستنی چاکسازیە هاوپەیمانەکانی ، لەم کۆبونەوەیە لیستی کاندیدەکانی دانا کە زۆرینەیان لە دۆستەکانی خۆی بون و ژمارەیەکی کەمیش لە (حزب الاصلاح الاجتماعی) بون ، لە 20 ی شاباتی1937 هەلبژاردنەکە کراو ئەنجامەکەشی وادەرچو کە بەکر سدقی بۆی دارشتبوو .

بەرنامەی حزبی چاکسازی گەلەری (الاصلاح الاجتماعی) بریتی بوو لە ئەنجامدانی گۆرانکاری و چاکسازی لە گشت بوارەکانی ژیانی هاوڵاتیان بە دوبارە دابەش کردنەوەی داهاتەکانی وولات بەسەر هاوڵاتیان بە یەکسانی و چاکسازی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوریەوە . هەروەها دوبارە دابەش کردنەوەی زەویەکان بەسەر جوتیاراندا بە یەکسانی و کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و فەراهام کردنی ئازادی رۆژنامەگەری و سەرجەم ئازادیەکانی تاک و کۆ. بەرنامەی حزب پشتگیری تەواوی لێکرا لەلایەن حزبی شیوعی و هەندێک وردە ئەفسەرو باقی چینەکانی کۆمەڵ بۆیە حزبی شیوعی رۆلی باشی لە جولاندنەوەی شەقامدا گێرا بۆ داخوازیەکانی تاک .

بەڵام بکرد سدقی ویستی خۆی بکا بە ئەتاتورکی عێراق و بە هەوەست و ئارەزوی خۆی حوکم بگێرێ ، دواتر دەرکەوت کە نزیک بونەوەی بەکر سدقی لە حزبی چاکسازی گەلەری ( حزب الاصلاح الاجتماعی) ئەوەبوو بیکا بە پلیکان وخۆی پێ بگەیەنێتە دەسەلات ، کاتێکیش حزبی چاکسازی( حزب الاصلاح الاجتماعی) بەمەی زانی کە حکومەت حوکم ناگێرێ ئەوەی حوکم دەگێرێ تەنها بەکر سدقیە بەتایبەت ئەوکاتەی بەکر سدقی بۆ کپ کردنی راپەرینەکەی سماوە لە 13ی حوزەیرانی 1937 هێزی بەکار هێنا کە ژمارەیەک کوژراوو بریندار لێکەوتەوە ، ئەوکات وەزیرەکان دەستیان لە کار کێشایەوە، چونکە ئەو روداو دوا ئومێدی مانەوەی چاکسازیەکانی لە گۆڕنا ، بۆیە هەریەک لە جەعفەر ئەبو تمەن] و[کامل چادرچی] و[یوسف عزەددین) دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان رادەستی سەرۆک وەزیران کرد دواتر سالح جەبریش لەگەل ئەوان هەلوێستی وەرگرت ئەویش دەستی لە کار کێشایەوە ، بەم شێوە تەنها

دوو وەزیر مانەوە ئەوانیش عەبدوڵتیف نوري ] و[ ناجي الأصيل ) بوو .

کاتێک سەربەخۆخوازەکان (نەتەوە پەرستەکان) ئەمەیان بینی کە زۆریان لا خۆش دەهات پەیوەندیان بە بەکر سدقیەوە دەکرد و هانی ئەوەیان دەدا کە زیاتر دژی ئەم گروپە بێ و ئامادەیی خۆیشیان بۆ هاوکاری کردنی دەربڕی ئەگەر لەم هەلویستەی بەردەوام بێ و ئەنجومەنی نوێنەران هەلوەشێنێتەوەو ئەم کەسانە لە پەرلەمان دوربخاتەوە . ئەمان لە 24 ی حوزەیرانی لە وەزارەت چونەدەر هەمان ساڵ هەریەک لە موحەمەد عەلی مەحمود وعباس مهدي وعەلی مەحمود الشيخ عەلی وجەعفەر حمندي وموستەفا عومەری چونە ناو کابینەکەوە .

## سێیەم/ کوشتنی بەکر سدقی و روخانی وەزارەتی حیکمەت سلێمان:

گەلی عێراق کاتێک بینیان بەکر سدقی تەنها بەرژەوەندیەکانی خۆی لاگرنگن توشی بێ ئومێدی هات ، ئەو پەیمانانەی لە بیر چوبونەوە کە پێشتر بەو خەلکەی دابون کە چاکسازی زیاتر دواترئەنجام بدا دواتر بە دەست لەکار کێشانەوەی وەزیرەکانی ئەمەیان بۆ سەلمێندرا، بە هەلوێستی وەزیرەکان بەکر سدق زیاتر گۆشەگیر ونامۆ بوو لە ناو گەلی عێراق، متمانەی خەلکی لەدەست داو پشتگیری کەسی بۆ نەمابۆوە نە خۆی نە حکومەتەکەی. ئینگلیز و پیاوەکانی زۆر بە وردی و لە نزیکەوە چاودێری دۆخەکەیان دەکرد و بەدوای کەلێنێک دەرفەتەوە دەگەران تا تۆلە لە کودەتاچیەکان بکەنەوە ، دلە راوکێی ئینگلیز لە بەکر سدقی ودڵنیا نەبونی لێی رۆژ لەدوای رۆژ لە زیاد بوندا بوو بەتایبەتی کاتێک هاوسەرگیری لەگەل یەکێک لە خانەوادەکانی ئەلمانی دەکا ، دواتر هەوالەکانی بۆ بالوێزخانەی بەریتانی دەچون ئەوەیان دەگەیاندن کە بەکر سدقی بە نیازە کوێت داگیر بکا ، ئەم هەواله زیاتر ئینگلیزی تەنگەتاو کرد بۆیە هەوڵیدا پەلە لە ئەنجامدانی کردەیەک بکا ، دەرفەتی بۆ رەخسا کاتێک بەکر سدقی بریاری دا بچێتە تورکیا بۆ بەشداری کردن لە مانۆرەی سەربازی تورکی لە رۆژی 18ی ئابی 1937 ئەوکات ئینگلیز بریاری لەسەر لەناو بردنی بەکر سدقیی دا لە رێگەی سەفەرکردنیی بۆ تورکیا . بەکر سدقی لە 9 ی ئاب بە یاوەری موحەمەد عەلی جواد فەرماندەی هێزەکانی ئاسمانی بە فرۆکە سەفەردەکا بۆ موسل ، سەرەتا بریار وابوو بە شەمەندەفەر سەفەر بکا بەلام هەستی بە هەندێک شت کرد بۆیە بریارەکەی گۆری بە فرۆکە سەفەریکرد ، بەکر سدقی بە یاوەری موحەمەد عەلی جواد گەیشتە موسل و لە خانوی میوانداری دابەزی ، پیلانگێرەکان بە دەرفەتیان زانی لەم کاتەدا پیلانەکە ئەنجام بدەن ، بەکرسدقی چوە ناو باخچەی چێشتخانەی خانەی ستاشیۆنی شەمەندەفەر کە شوێنێکی گۆشەگیرەو تەنهاو ئارام بوو ، لەوکاتەی بەکرد سدقی بەیەکەوە لەگەڵ موحەمەد عەلی جەواد فەرماندەی هێزەکانی ئاسمانی و موسا عەلی فەرماندەی بنکەی هێزی ئاسمانی لە موسل خەریکی گفت و گۆ و دوان بون، لەوکاتە (نائب عەریف) ێک بەناوی (عەبدوللا تلعفری) لێیان دێتە پێش بۆئەوەی ساردەمەنیان پێشکەش بکا وەکو خزمەتچی لە ژێر چاکەتەکەشیدا دەمانچەی شاردبۆوە ، کاتێک لە بەکر سدقی نزیک بۆوە دەمانچەکە دەردهێنێا و روی لەسەری بەکر سدقی دەکاو لە کەڵەی

سەری چەند گولەیەک دەتەقێنێ و دەست بەجێ گیان لەدەست دەدا دواتر رو لە موحەمەد عەلی جواد دەکا ئەمیش بە چەند گوللەیەک دەکوژێ .

نائیب عەریفەکە دەگیرێ دوای تێهەڵدانێکی زۆر دان بە تاوانەکەیدا دەنێ کە لەلایەن ئەفسەرێکەوە بەناوی ( مەحمود هندی) هاندراوە کە ئەم کارە ئەنجام بدا ، هەر لەدوای کوژرانی بەکر سدقی ئەو ئەفسەرە وون دەبێ . دواتر دەرکەوت کە پیلانگێران چەندین پیلانی تریان بۆ لەناو بردنی بەکر سدقی دانابۆوە کە لە کەرکوک و هەولێر و پردێ و موسل دایان مەزراندبون بەو گومانەی کە بەکرسدقی لە کاتی چونیدا بۆ تورکیا بە یەکێک لەم شارانەدا تێپەر دەبێ ، دەوترا کە گوایە جەنەرال(فەهمی سەعید) ڕەوڕەی ئەو پیلانگێریە بوەو ئەفسەرێکیش بەناوی (مەحمود خورشید ) ئەقلی جێبەجێکاری بوە، هەروەها دەوترا کە ئەفسەری هەوالگری بەریتانی لە موسل لەدوای جێبەجێکردنیدا بوە ، فەرماندەی بنکەی ئاسمانی لە موسل مقەدەمی فرۆکەوان (موسا عەلی) بە بەرێز (عەبدولرەزاق الحسینیی وتوە کە موحەمەد جواد عەلی پێی وتوە کە بەریتانیا بەدوای لەناوبردنی بەکر سدقی دایە .

حکومەت هەولی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو دەستە ئاشکەرا بکا کە لە دوای کوشتنی بەکر سدقی و موحەمەد جواد عەلی دا بوو بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی لێکۆڵینەوەی بە سەرۆکایەتی جێگری داواکاری گشتی ( ئەنتوان لۆقا) دامەزراند و بۆ شوێنی روداوەکەی نارد ، ئەو لیژنەیە دەستی بە لێکۆلینەوە کرد تا دەهات کارەکانی بەرفراوان تر دەبون کە مەترسیی ئەوە لە ئەفسەرەکان نیشتەوە ئەوانیش بگرێتەوە یا ئاشکەرا بێ بۆیە فەرماندەی لیوا (ئەمین عومەری) لە بەغدا یاخی دەبێ ، وجێگری داواکاری گشتی کە سەرۆکی لیژنەی لێکۆلینەوەکە بوو دەستگیر دەکرێ و هەرچی کاغەز و دۆسیەی تایبەتە بەم لێکۆلینەوە هەیە دەیدرێنن و لەناویدەبەن، دەست دەکەن بە هەلمەتی ناردنە مالەوەی ئەو ئەفسەرانەی لایەنگری بەکر سدقی و حکحومەتی بەغدا بون ، بەیانێکیشی دەرکرد کە لە بەغدا جیا بۆتەوە .

سەرەرای ئەوەی مەلیک غازی پەیوەندی بە ئەمین عومەریەوە دەکاو داوای لێ دەکا کە فەرمانەکانی سەربازی جێبەجێ بکاو پابەندی بێ بەڵام کودەتا چیەکان لەسەر بریارەکەی خۆیان پێداگری دەکەن و داوا لە مەلیک دەکەن وەزارەتی حیکمەت سلێمان هەلوەشێنێتەوە و وەزارەتێکی نوێ لە جەمیل مەدفەعی دابمەزرێنێ ، هەروەها ئەو داوایەشیان رەت کردەوە بە دانەدەستی ئەو ئەفسەرانەی بە کوشتنی بەکر سدقی وموحەمەد جواد عەلیەوە تاوانبار کرابون . حکومەت هەولی دا بە هۆی لایەنگرانی بەکر سدقیەوە لە تیپی دوو لە کەرکوکەوە هێرش بکاتە سەر موسل و یاخی بوەکان دەستگیر بکا ، بەڵام ئەمەیان بۆ نەکرا ، لەلایەکی تر ئەمین عومەری هەولێدا چەند یەکەیەکی تری سەربازی لە خۆ بگرێ و بیان کا بە لاینگرانی خۆی، لەم روەوە توانیی فەرماندەی سەربازگەی رەشید لە بەغدا (سعید التکریتی) و هاوکاری دەستەراستی موقەدەم(سەلاحەدینسەباغ) رازی بکا کە بێتە لایەنگری ئەو و هەروەها دواتر فەرماندەی حامیەی دیوانیەش رازی بوو .

بەم شێوە وا نیشان دەدرا کە سوپا بۆتە دوو لەت ، ئەمەش مەترسیی شەری ناوەخۆی لێکەوتەوە شاسوارەکەشی سوپای عێراق بێ، بۆیە سەرۆکی وەزیران ناچار دەبێ لە 17 ی ئابی 1937 دەست لەکار کێشانەوەی خۆی رادەگەیەنێ و دەیدا بە مەلیک ، هەر ئەو رۆژە قەبول کرا . هەر زوو مەلیک غازی (جەمیل مەدفەعیی) راسپارد بۆ پێکهێنانی وەزارەت ، شتێکی دیار بوو کە راسپاردنەکە لە ژێر فشاری بەریتانیاو کوتلەکەی ئەمین عومەری دا بوو کە پیلانەکەیان جێبەجێ کرد ، چونکە ئەمین عومەری بوو کە

داوای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمانی کردو داوای کرد جەمیل مەدفەعی بۆ کابینەی نوێ راسپێردرێ بۆیە لە 19ی ئاب جەمیل مەدفەعی لەلایەن مەلیکەوە رادەسپێردرێ . هەر بە پێکهێنانی وەزارەت یاخیبوەکانی موسل رایان گەیاند کە کۆتاییان بە یاخیبونەکەی خۆیان هێناوە ،بەم شێوە کارەکان ئاسایی بونەوە پاش ئەوەی حکومەتەکەیان هەڵوەشاندەوەو بەکر سدقیشیان لەناو برد ، کەواتە کوشتنی بەکر سدقی کارێکی تاکەکەسی نەبوو بەڵکو پیلانێکی مەزن و هەمە لایەنەی سیاسی بوو تێیدا ئیمپریالیست وبەکرێگیراوان بەشدار بون ، چونکە دوای ئەوە ئەوانەی بە تۆلە سەندنەوە لە لایەنگرانی بەکر سدقی تینوێتیان پێ نەدەشاردرایەوە لە ئەنجام دانی تۆلە لەو کەسانە ، لە سەروی هەمویان نوری سەعید بوو کە تەنانەت مەلیک غازیشی بەوە تاوانبار کرد گوایە هاوکاری بەکر سدقی بوە

## چوارەم/ نوری سەعید بەدوای پیلانی روخاندنی حکومەتی جەمیل مەدفەعی دایە:

وەکو باسمان کرد پاش ئەوەی جەعفەر عەسکەریی زاوای نوری سەعید دەکوژرێ نوری سەعید خۆی دەگەیەنێتە باڵوێزخانەی بەریتانیاو ئەوانیش لە سەندوقی سەیارەی دەنێن و بە بەتانی دایدەپۆشن تا کەس پێی نەزانێ لە دەرگای پشتەوەی باڵوێزخانە دەیگەیەننە سەربازگەی رەشید ولەوێشەوە بۆ فرۆکەخانەو بە فرۆکەیەکی بەریتانی بۆ قاهیرەو لەوێشەوە بۆ بەریتانیا دەربازی دەکەن ، ئەمە وەکو ئەوەی لە کتێبی سێ پادشاکەی بەغدای (دی گوری) دا هاتوە لە لاپەرە 157 دیارە نوری سەعید کاتێک دەگاتە لەندەن لەوێ لە زنجیرە چالاکیەکدا پەیوەندی بە زۆر لە بەرپرسانی بەریتانیەوە دەکا بۆ ئەوەی لە بەکر سدقیی نەجات بێ و حکومەتەکەی حکمەت سلێمانیش بروخێنێ ، پاش کوژرانی بەکر سدقی نوری سەعید دەیەوێ بگەرێتەوە بەغدا لە مێشکیدا ئەو هزرانە دەخولانەوە کە دەسەلات بگرێتە دەست و تۆلە لەوکەسانە بکاتەوە کە پشتگیری بەکر سدقی وحیکمەت سلێمانیان کرد ، کاتێک جەمیل مەدفەعی دەبێتە سەرۆک وەزیران نوری سەعید بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی پشت بە سێ فەرماندە دەبەستێ، ئەوانیش جەنەرال (سەلاحەدین سەباغ) جەنەرال(فەهمی سەعید)وسەرتیپ (تەها هاشمی) دەبن ، بەڵام جەمیل مەدفەعی ومەلیک غازی رێگەیان بە نوری سەعید نەدا بگەرێتەوە ، داواشیان لە باڵوێزخانەی بەریتانیا کرد نەختێک هاتنەوەی نوری سەعید دوا بخەن تا ئەو کاتەی دۆخەکان هێور دەبنەوە و ئاسەواری کودەتاکەش نامێنێ ، بەڵام نوری سەعید لە رێگەی سەباح ی کوری پەیوەندی بە سەلاحەدینسەباغ و فەهمی سەعیدەوە دەکا تا لای جەمیل مەدفەعی رەزامەندی گەرانەوەی بۆ وەرگرن ، جەنەرالەکان توانیان رەزامەندی جەمیل مەدفەعی وەرگرن بەمەرجی ئەوەی هیچ چالاکی وکارێکی دژی حکومەت نەکا .

نوری سەعید لە 1937/10/25 گەرایەوە بەغدا، لە کوشتنی جەعفەر عەسکەریی زاوای و تۆقاندن و دەربەدەر بونی خۆی تورەو تینوی تۆلە سەندنەوە بوو . پێنج رۆژ بەسەر گەرانەوەیدا تێنەپەری کاتێک لە پیلانێکدا بۆ تۆلە سەندنەوە هەرچوار جەنەرالەکە هاندەدا بۆ روخاندنی حکومەتی مەدفەعی ، بۆیە جەمیل مەدفەعی رو لە باڵوێزخانەی بەریتانیا دەکا بۆ سکالا کردن لە نوری سەعید و داوای لێ کردن کە هەرنەبێ بۆ ماوەیەک لە عێراقی دور خەنەوە یا پۆستی وەزیری رێگەپێدراو لە بەریتانیا قەبولکا ،

هەرواشی کرد بالوێزی بەریتانیا داوای لە نوری سەعید کرد بچێتە دەرەوەی عێراق ئەویش تا مانگی دەی 1938 لە دەرەوە مایەوە.

سەرۆک وەزیران ئەفسەرێکی زۆری خانەنشین کرد لەوانەی لایەنگری بەکر سدقی بون و لە شوێن ئەوان هی تری دامەزراند ، لە 18 تشرینی دوەمیش هەلمەتێکی چرو توندیان دژی شیوعیەکان و هەوادارانیان دەستپێکرد و ژمارەکیان لێ دەستگیر کردن و دایانە دادگاو هەندێکیان لێ حوکم دران . لە 18 کانونی یەکەمیش هەلبژاردنێک کرا لە شێوەی هەلبژاردنی پێشو کە حکومەت خۆی ئەو خەلکانە کاندید دەکا کە لاینگری خۆیانن و دەنگدەرانیش بە زۆر دەنگی پێدەدان بەو کەسانەی ئەو دەستنیشانیان دەکا بۆئەوەی زۆرترین دەنگ وەدەست بێنن ، بەم شێوە حکومەت توانیی سەرجەم کەسایەتیە چەپەکان و لایەنگرانی سوپای پێشو دورخاتەوە .

## پێنجەم / روخاندنی حکومەتی جەمیل مەدفەعی بە فشاری سەربازیەکان :

لەوکاتەی نوری سەعید و تەها هاشمی گەرانەوە عێراق بەهۆی ئەوەی حکومەتی مەدفەعی دەسەلاتی خۆی چەسپاندبوو لەوکاتەوە کەوتنە راوەدونانی کودەتاچیەکان و فشار خستنە سەر حکومەت بۆئەوەی تەنگەیان پێ هەلْچنێ و لە سێدارەیان بدا ، بەلاْم جەمیل مەدفەعی ئەمەی لە بەرژەوەندی حکومەتەکەی نەدەزانی بۆیە گوێی پێنەدەدان ، ئیتر ئەوانیش لەگەلْی کەوتنە ململانێ و رکابەری کردنی .

لەپێناو بەجێ گەیاندنی مەرامەکانیان هەریەک لە نوری سەعید و تەها هاشمی ویستیان بە رێگەی بەکار هێنانی هێز حکومەتەکە بروخێنن ، ئەمەش لەرێگەی پەنا بردن بۆ هەرچوار جەنەرالەکە دەبێ، ئەو چوار گەورە ئەفسەرەی دوای روخاندنی حکومەتی حیکمەت سلێمان ئەستێرەیان کەوتە درەوشان کە هەریەک لە (سەلاحەدینسەباغ و فەهمی سەعید و مەحمود سلێمان و کامل شبیب) بون هەندێکیش لەو ئەفسەرانەی لەدەست بەکرد سدقی ئازاریان پێگەیشتبو چونە پالْیان . جەمیل مەدفەعی هەستی بەو تەلەی کرد کە نوری سەعید و تەها هاشمی و رەشید عالی بۆیان دانابۆوە ، بۆیە رەشید عالیی بۆ عانە دور خستەوەو هەولْی دا چوار جەنەرالەکەو هەندێک ئەفسەری تریش دور خاتەوە لەوانە جەنەرال یوسف العزاوی و عزیزی مکی بون ، بەلاْم نوری سەعید لەو بە خێراتر جولایەوە، بە هاوکاری چوار جەنەرالەکە پیلانی کودەتایەکی سازدا و رۆژی 24 ی /1938/12 ی دیاری کرد بۆ روخانی حکومەتی مەدفەعی ، هێزی تایبەتیان ئامادە کردو جەنەرال عزیز مەکی یان ناردەلای جەمیل مەدفەعی داوای دەست لەکار کێشانەوەیان لێی کرد . هەروەها فەریق حسین فوزی کە لە ئەفسەرە یاخیبوەکان بوو ناردیانە لای مەلیک غازی پێیان راگەیاند کە دەبێ وەزارەتی مەدفەعی هەلوەشێنێتەوە . مەلیک غازی لەم هەلوێستەی ئەفسەرەکان زۆر بێزارو نیگەران بوو بەتایبەت کە نوری سەعید وتەها هاشمی یان لە پشتە ، ویستی هێز بەکار بێنێ بۆ سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی یاخیبونەکە ، بەلاْم پاش ئەوەی زانیی کە جەمیل مەدفەعی بە نیازە دەست لەکار بکێشێتەوە لە بریارەکەی پاشگەز بۆوە ، ( بەلکو ئەمە سودی بۆ ولات هەبوبێ کە لە خوێن رشتنێک دور کەوتەوە) ، ئیتر مەلیک غازی لە 1938/12/24 دەست لەکار کێشانەوەی مەدفەعیی قەبول کردو لەژێر فشاری سەربازەکانیش نوری سەعیدی راسپارد بۆ کابینەی وەزاریی نوێ .

**شەشەم/ نوری سەعید کابینەی وەزاری پێک دێنێ و تۆلە لە کودەتاچیەکان دەکاتەوە :**

نوری سەعید بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە بۆ دامەزراندنی کابینەی سێیەمی خۆی، ئەمەش لە ژێر فشاری سوپا لەسەر مەلیک غازی و بە شەپۆلی سیاسیانەی یەک لە دوای یەک کە خەریک بوو لە ناویان دەبرد وکۆتاییان بە دەسەلاتەکەی دەهێنا ، هەرچەندە مەلیک حەزی لە دیدەنی سیمای نوری سەعید نەدەکرد بەڵام لەژێر فشارەکان ناچار لە 1938/12/25 رایسپارد بۆ پێکهێنانی کابینە. بەم شێوە دووقۆڵی هەریەک لە نوری سەعید و تەها هاشمی پر بایەخترین وەزارەتەکانیان وەرگەرت کە وەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوەو بەرگری بون بێجگە لە سەرۆکی وەزیران ، دوای دوو رۆژ نوری سەعید ناجی شەوکەت ی بە وەزیری ناوەخۆ دامەزراند. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پێش کابینەی نوری سەعید، هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجام دانی هەلبژاردنێکی نوێ بوو ، لە هەگبەی نوری سەعیدا ئەوە هەبوو کە تۆلە لە هەریەک لە مەلیک غازی و حیکمەت سلێمان بکاتەوەو سەرباری رکابەرە سیاسیەکانی و ژمارەیەک لەو ئەفسەرانەی سەردانی بەکر سدقیان دەکرد و بونە هۆی ئەوەی جەعفەر عەسکەریی وەزیری بەرگری لە حکومەتەکەی هاشمی و زاوای ئەو بکوژرێ .

لە22 ی شوباتی 1939 نوری سەعید رەزامەندی ئیرادەی مەلەکیی وەرگرت بە هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام حکومەت لە دیاری کردنی رۆژی هەلبژاردن خۆی هێناو برد بە بیانوی ئەوەی خەریکی لێکۆلینەوەیەکن کە حکمەت سلێمان بە هاوکاری ژمارەیەک لە ئەفسەر ویستویانە عەبدالالە و 50 کەسایەتیی سیاسی بکوژن، ئەفسەرە مەزنەکانی سوپا لە کۆشکی مەلەکی داوەت کرابون بۆ خوانێکی شەو، لەراستیداو لەسەر زاری وەزیرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پیران کە نوری سەعید خۆی دایمەزراندبوو گوایە پیلانەکە دروستکراو بوەو لە دروستکردنی نوری سەعید خۆی بوە بۆ تۆلە سەندنەوە بوو لە حیکمەت سلێمان و هەریەک لە م ئەفسەرانە[حلمي عەبدولکەریم ] و[إسماعيل عباوي] و[جواد حسين] ،و[عبد الهادي كامل] و[عەلی غالب] . ئەمەی بە دەرفەت زانی بۆیە هەمویانی دایە دادگای سەربازی کە حیکمەت سلێمان و چوار لە گەورە ئەفسەرانی بە حوکمی لە سێدارەدان حوکم داو دوانیشیان بە 7 ساڵ زیندانی حوکمدان. .

بەڵام نوری سەعید نەیدەتوانی حوکمی لەسێدارەدان جێبەجێ بکا چونکە لە دەسەلاتی مەلیک دابوو بۆیە حوکمی لەسێدارەدان بۆهەریەک لە (یونس عباوی وجواد حسێن و سماعیل عباوی) کرا بە زیندانی هەتا هەتایی ، حیکمەت سلێمانیش کرا بە 5 ساڵ و رەوانەی زیندان کرا لەوێ توشی نەخۆشی سیەکان هات لە زیندان مایەوە تا بزوتنەوەکەی رەشید عالی گەیلانی لە 1941 دەستپێدەکا ئەوسا ئازاد کرا .

## بەشی حەوتەم

## کوشتنی مەلیک غازی و رۆڵی بەریتانیاو نوری سەعیدو وەسی (الوصی عبدالالە) لە کوشتنی:

**یەکەم/ بەریتانیاو نوری سەعید پیلانگێری لە مەلیک غازی دەکەن.**
**دووەم/ کوشتنی مەلیک غازی .**
**فەیسەلی دوەمی منداڵ دەبێتە پادشا، وەسی (الوصی عبدالاله) پێسپێردراوو جێنشین.**

**دەست لەکارکێشانەوەی نوری سەعید، وەسی (الوصی عبدالاله) دوبارە رایدەسپێرێ بۆ کابینەی نوێ.**

**ئەرکە کانی حکومەتە نوێکەی نوری سەعید:**

**ا/ هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجام دانی هەلبژاردنێکی نوێی سەختە.**
**ب/ پیلانگێران لەسەر سوریاو هەولدان بۆ یەکگرتنی لەگەڵ عێراق.**

**یەکەم/ بەریتانیاو نوری سەعید پیلانگێری لە مەلیک غازی دەکەن:**

ئەوکاتەی مەلیک فەیسەل نەخۆشدەکەوێ و دەچێتە بەریتانیا غازی بەهۆی ئەوەی جێنشینی مەلیکە دەبێتە مەلیک هەر ئەوکات بەریتانیا رازی نەبوو بۆیە پەلەی لێدەکرد دەیوت بگەرێوە بەتایبەتی ئەو کات بە غیابی مەلی فەیسەلی یەکەم جولانەوەی ئاشوریەکان رویدابوو، چونکە شێوازێکی باشی بەکار نەهێنابوو لە چارەسەری کێشەکە کە بە سەرپەرشتی مار یوسف چەند رێکارێکی گرتبوە دەست .

هەروەها بەریتانیا چاودێری وردی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان مەلیک غازی و دکتاتۆری ئەلمانیا هیتلەر دانابوو کە رۆژ لەدوای رۆژ لە پەرەسەندن دابوو ، ترسی لەوە هەبوو کە ئەلمانیا بەهۆیەوە جێپێیەک لە عێراق یا کەنداوی پر لە نەوت بەدەست بێنێ . ئەمەو هەولەکانی مەلیک غازی بۆ داگیر کردنی کوێت لەکاتی سەفەرەکەی نوری سەعید بۆ لەندەن بۆ بەشداری کۆنگرەیەک تایبەت بە فەلەستین لە 7 ی شوباتی 1939 ، ئەوکات لە درەنگانێکی شەودا بانگی فەریق (حسین فەوزی) ی سوپاسالار دەکا کە بچێ هەر ئێستا کوێت داگیر بکاو بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە پارێزگاری بەسرەوە دەکا کە ئەوپەری کارئاسانی و هاوکاریی بکەن بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەی ، ئەم هۆکارانە هەموی لای بەریتانیەکان کەلەکەیان کرد تا

کەوتنە ئەو بروایە چەندو زوتر مەلیک غازی نەجاتی بن باشترە ، یەکەم پیاوی تەنگانەشی هەر نوری سەعید دەبێ کە کاتی خۆی زۆر هەولی دا لە دوای مردنی مەلیک فەیسەل ئەم نەبێتە مەلیک لە جیات ئەو (زید) بێ بەڵام هیچی بۆ نەکرا ، بۆیە نوری سەعید لەوپەری ئامادە باشیدا دەبێ بە هاوکاری وەسی (الوصی عبدالاله) و خوشکەکەی شاژن عالیە خێزانی مەلیک غازی ئەوکات لێی تورابوو لای نەمابوو بێ ئەوەی لیی جیابێتەوە ، بەلگەی زۆر هەن کە دەیانویست لەمەلیک رزگاریان بێ ، بالوێزی بەریتانیا لە کتابەکەیدا بەناوی Both sides of Curtain لەسەر رەفتارەکانی مەلیک دەڵێ : ( دیار بوو کە مەلیک غازی یا دەبوایە بەسەریدا زاڵ بی یا لە تەختی پادشایەتیی بێنیتە خوار ، من لە سەردانەکەی خواحافیزیمدا ئەمەم بە وەسی (الوصی عبدالاله) گوت ) . هەروەها (سەلاحەدین سەباغ ) لە یاداشتەکانیدا بەناوی ( سوارەکانی عروبە) ئەوکاتەی نوری سەعید لە قاهیرە جێنیش بوو دوای کوژرانی بەکر سدقی نامەیەکی بۆ من و جەنەرال فەهمی سەعید و سەباح کوری نارد تیایدا پرسیار دەکا سەبارەت بەوەی ئەگەر ئێمە لەگەڵیدابین بۆ ئەوەی چارەنوسی مەلیک غازیش بە هی بەکرد سدقی بگەیەنین وولات لەم کارەساتە رزگار کەین؟

دەڵێ فەهمی سەعید وەلامی سەباحی دایەوە بە دەنگێکی بەرز ووتی: ( نا سەباح ئەمە نابێ روبدا ).

سەلاحەدین سەباغ دەڵێ منیش بەم شێوە وەلامم دایەوە:

( سەبارەت بە کوشتنی مەلیک ئێمە لە هەموو کەس لەم کارە دورترین ، رێگەش نادەم جارێکی تر ئەمە لای من دوبارە بکەیتەوەو ئامۆژگاریشت دەکەم لەمرۆ بەدواوەئەم هەواله لای کەسیتر باس نەکەیت ) .

دەڵێ صباحی نوری سەعید بەم وەلامە لال بوو خۆیشی نەیزانی چی وەلام بداتەوە هەستی بەو هەڵەیە کرد کە بیرۆکەکانی باوکی لای ئەمان باس دەکا . توفیق سوێدی لەسەر هەمان پرس لە یادەوەریەکانی خۆیدا بەناوی ( نیو سەدە لە مێژوی عێراق و کێشەی عەرەبی) شتێکی نوسیوە دەڵێ: ( سەبارەت بەم پرسە لە بیرمە من کاتێک لە لەندەن بوم ، چاوم بە مستر (بتلەر)ی جێگری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی کەوت ئەو لای من گلەیی وگازندەیەکی زۆری لە مەلیک غازی کرد سەبارەت بە پرۆپاگەندەکانی رادیۆی کۆشکی زهور لەسەر کوێت ، بەراشکاوی پێی ووتم: ( مەلیک غازی توانای ئەوەی نیە خۆی بەرانبەر بەو ئاماژانەی لە کەسە نزیکەکانەوە بۆی دێ هەلوێستی خۆی راگرێ ، مەلیک بەم کارانەی یاری بە ئاگر دەکا، من لەوە دەترسم رۆژێک پەنجەکانی خۆی پێبسوتێنێ ) .

هەروەها مەلیک غازی بۆ رۆژی دواتر جێگری سەرۆک وەزیران (ناجی شەوکەت) ی بانگ کرد بە ئامادەیی وەزیری بەرگری و بریکاری سوپاسالار و سەرۆکی دیوانی مەلەکی ، بڕیارەکەی خۆی پێراگەیاندن کە بە نیازە کوێت داگیر کا، بەڵام ناجی شەوکەت داوای لێکرد سەبر بگرێ لەم بڕیارەو پەلەی لێنەکا چونکە هەرنەبێ سەرۆک وەزیران لێرە نیەو ئەم هەنگاوەش کێشەی زۆرمان بۆ دروست دەکا بەتایبەتی لەگەڵ بەریتانیا و پادشانشینی عەرەبی سعودی و ئێران ، بەم شێوە ناجی شەوکەت توانیی کار بکاتە سەر بڕیارەکەی مەلیک و داگیرکردنی کوێت دوا بخا .

کاتێکیش نوری سەعید دەگەرێتەوە بەغدا بەم کارە دەزانێ ، هەر زوو پەیوەندی بە بالوێزی

بەریتانیاوە دەکاو لە نەخشەو پلانەکانی مەلیک غازیی ئاگادار دەکاتەوە، هەردوکیان لەوکاتەوە بڕیاریان دا نەجاتیان بێ لە مەلیک غازی ، دیارە کە پاش ماوەیەکی کەم ئەمە رویدا ، ئەمەبوو پیلانەکەیان ئەنجام دا کە دوای ئەو کورە تاقانەکەی بێنن کە فەیسەلی دووەمەو وەسی (الوصی عبدالاله) بکەن بە پێسپێردراو چونکە تەمەنی 5 سالانەبوو .

-----------------------------------------------

**دووەم/ کوشتنی مەلیک غازی:**

لە بەرەبەیانیی رۆژی 5 ی نیسانی 1939 ئیزگەی بەغدا عێراقیەکانی بە هەواڵێک توشی شۆک کرد: (بە خەم و پەژارێکی زۆرەوە ، ئەنجومەنی وەزیران پرسەو سەرەخۆشی خۆی رادەگەیەنێ بە کۆچی دوایی گەنجی عێراق (خاوەن شکۆ مەلیک غازی) لە ئەنجامی روداوێکی هاتوچۆ کە خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوری و خۆیدا بە دارتێلێکدا لە کاتژمێر یانزەو نیوی شەوی دوێنێ لە لێژاییەکانی روباری (خر) نزیک (کۆشکی حارسە) و لە ئەنجام گیانی لەدەست دا. لەوکاتەی پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە خانەوادەی رادەگەیەنین لەو کارەساتە مەزنە کە بەسەر ولاتدا هات ، لە خوادەپارێنەوە کە کوڕپە تاقانەکەی فەیسەلی دووەمی بۆ بێڵێ وبیپارێزێ و ئارامی بە گەلی عێراق ببەخشێ و انا لله وانا الیه راجعون) بەغدا لە 4 ی نیسانی 1939

-----------------------------

هەرکە هەواڵی کوشتنی مەلیک غازی بڵاو بۆوە خەلکە تورەکە بە لێشاو رژانە سەر شەقام و ئاپۆڕی نارەزابوەکان بەرەو بالوێزی بەریتانیا بە هێتافی دژی ئیمپریالیزم وبەریتانیا و نوری سەعیدی نۆکەریان رۆیشت ، ئەم دەربرینەی نارەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەری سەرتاپای شارەکانی عێراقی گرتەوە لەم سەر تا ئەو سەر تیایدا بلاوکراوەیان بەسەر خەلکەکەدا دابەش دەکرد و دەیان ووت کە گوایە مەلیک غازی بە روداوێکی هاتوچۆ گیانی لەدەست داوە بەڵام راستیەکەی مەلیک بە روداو گیانی لەدەست نەداوە بەلکو بە پیلانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی کوژراوە لە سەروی هەمویان نوری سەعید ، ئەوکات ئەگەر نوری سەعید بەر دەستی جەماوەرە راپەریوەکە کەوتبایە ئەنجن ئەنجنیان دەکرد بۆیە هەر لە دوای رێورەسمی بەخاک سپاردنی لە گۆرستانی ئەعزەمیە بە بەلەمێکی هەڵمی خۆی گەیاندە مالەکەی خۆی لە کەرخ ، بەریتانیەکان هەولی ئەوەیان دا کە ئەم گومانە لە نوری سەعید و بەریتانیا دور کەنەوە بۆ ئەم

مەبەستە ووتیان ئەمە پرۆپاگەندەی مامۆستایانی زۆنکۆو بالویزخانەی ئەلمانیە ئەمەی هەڵبەستوە بۆ ئەوەی بەریتانیەکان تاوانبار بکەن و هانی خەلک بدەن تا ئاژاوە بنێنەوە .

لەم روەوە کاردانەوەی جەماوەری موسل توند بوو پاش ئەوەی جەماوەر رژانە سەرشەقام رویان لە کۆنسوڵگەری بەریتانیا کردو دەستیان بەسەردا گرت و کۆنسوڵەکەیان کوشت بە ناوی (مونک میسن) ، جەماوەرە تورەکە هیتافیان بە مردنی ئیمپریالیزم و نوری سەعید لێدەدا ئەگەر ئەوکات دەکەوتنە بەردەستیان بە دڵنیایەوە بە رۆح دەربازیان نەدەبوو ،بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو ئاپۆڕی جەماوەرە تورەکە رویان لە گەرەکی جوەکان کردو تالانیان کردن ، ئازارێکی زۆریان پێگەیاندن . نوری سەعید سودی لەم دەرفەتە وەرگرت لەوکاتە کە دادگای سەربازی بەرقەرار بوو، ماوەی مانگێک بەر لە کوشتنی مەلیک راگەیاندرابوو ، هێزێکی زۆری پۆلیسی لەو ناوچانە کۆکردەوەو کەوتە گیانی ئەو خەلکە راپەریوە بەهۆیەوە ژمارەیەک لەو خەلکەو سیاسەتمەدارانی دەستگیر کرد ، بۆ پەردە پۆش کردنی تاوانی کوشتنی مەلیکیش نوری سەعید بەیاننامەیەکی فەرمیی دەرکرد کە پشتی بە راپۆرتێکی پزیشکی بەستبوو بە هاوپێچ بلاوی کردەوە تیایدا هاتبوو :

( پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە گەلی عێراق رادەگەیەنین بە بۆنەی مردنی خاوەن شکۆ مەلیک غازی لە کات ژمێر دوانزەو چل خولەک لە شەوی 4/3 ی نیسانی 1939 لە ئەنجامی روداوی هاتوچۆ کە کەڵەی سەری تێکشکابوو، مێشکی تێکرژابوو، ئەمە لە ئەنجامی ئەو روداوە بوە کە لە نزیک کۆشکی زهور رویدا کە خۆی کێشابو بە دارتێلێکی کارەبایی و خۆی لێ خوریوە ، هەر لە چرکەساتی پێکدادانەکە خاوەن شکۆ لە هۆش خۆی چوەو بە هۆش نەهاتۆتەوە تا گیانی لەدەست داوە )

دکتۆر/جەلال حمدی...دکتۆر/صبیح وهبی..دکتۆر/سندر سن ...

دکتۆر/صائب شەوکەت...دکتۆر/ابراهام

بەهۆی گیان لەدەستدانی مەلیکەوە ئەنجومەنی وەزیران بە پێی دەستور دەسەلاتەکانی خۆی بەکار هێنا کە ئەنجومەنی وەزیران ماف و دەسەلاتەکانی مەلیکی دەبێ ئەمەش بە پێی بەندی 22 لە دەستوری عێراق ، بەم هۆیەوە رایگەیاند کە مەلیک فەیسەلی دوەم لە شوێن ئەو دابنرێ و بەهۆی تەمەن بچوکیشەوە بە یەکێکی تری بسپێرین ، دوای بانگێشکردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە پێشتر بریاری هەلوەشاندنەوەی دەرچوبوو ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا وەسی (الوصی عبدالاله) بکرێتە پێسپێردراوی مەلیک فەیسەلی دووەم ، گوایە نوری سەعید وتویەتی ئەمە لەسەر راسپاردەی مەلیک غازی خۆی بوە بەر لە مردنی ، بەڵام دەرکەوت کە هیچ راسپاردەیەکی لەم جۆرە نەبوە چونکە مەلیک غازی خۆی رقی زۆر لە وەسی (الوصی عبدالاله) دەبۆوە چۆن دەیکا بە پێسپێرداروو سەروەریەکانی عێراقی پێ دەسپێرێ؟ هەروەها مندالە جگەرگۆشەکەی بە هەمان شێوە . دواتر مەلیک غازی بەپێێ راپۆرتی پزیشکەکان دوای روداوەکە بەهۆش نەهاتۆتەوە چۆن ئەم راسپاردەی داوە؟ ئەم سیناریۆیە لە لایەن بەریتانیاو نوری سەعیدەوە رێکخرابوو ، دواتر کەس بەم سیناریۆیە دەستکردەی بروانەکرد کە گوایە مەلیک لە ئەنجامی روداوی هاتو چۆ گیانی لەدەستداوە، چونکە شایەدحال هەن کە ئەمە بسەلمێنن مەلیک غازی بە روداو نەمردوە بەلکو لە پیلانێکی هاوبەشی بەریتانیاو نوریسەعیدا کوژراوە لەم شایەدحالانەش:

1- بەر لە مردنی مەلیک غازی بە نۆ مانگ و بەتەواوەتی لە 1938/6/18 خزمەتکارەکەی مەلیک هی ناو کۆشکی مەلیک بە کوژراوی دۆزراوەتەوە ، لە راپۆرتی لێکۆڵینەوەی تاوانەکاندا هاتوە کە کوژراو لەئەنجامی ئەو گولەیە کوژراوە کە لە دەستی خۆی بە رێکەوت بە دەمانچە لەدەستی دەرچوە.

کوشتنی خزمەتکارەکەی ترسێکی لە دڵی مەلیک دروست کرد ، بۆیە هەستی بە بونی پیلانێک کرد بە کوشتنی ، گومانیشی هەر لای نوری سەعید و بەریتانیاو ژنە تۆراوەکەی بوو (عالیە) کە دەکاتە خوشکی عەبدوالالە چونکە ئەویان زۆر رقی لێی بوو .

2- هەر روداوێک کە دەبێتە هۆی مردنی شوفێرەکەی دەبێ ئەو ئۆتۆمبیلە زیانی زۆری بەر کەوتبێ ، بەڵام لە راستیدا بە پێچەوانەوە بوو ئۆتۆمبیلەکە کەمێک زیانی بەر کەوتبوو کە ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری سیناریۆکەیە.

3- سەرنشینی ئۆتۆمبیلەکە جگە لە مەلیک هەریەک لە بێسیم مانەکەو خزمەتکارەکەی کە برای خزمەتکارە کوژراوەکەی کۆن بوو ، ئەوان لە کورسیی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبون ، بەڵام لە دۆخێکی نادیاردا وون بون کەس هەوالیانی نەدەزانرا ، بۆیە گوم بونی ئەم دوو هاوسەفەرەی گومانێکی مەزنی لای ئەو خەڵکە دروست کرد کە ئەمە دەستکردی نوری سەعید و بەریتانیەکانە ، دواتر نورالدین مەحمود کە ئەکات سوپاسالار بوو لە 1952 بوو بە سەرۆک وەزیران لەسەر راستی پرسەکە دەڵێ:

( روداوی بەیەکدادانەکە شتێکی نارون و ئالۆزە ، مرۆڤ هەرچەندەی سادەو ئاسایی بێ کاتێک ئەوەی دەبیینێ لەگەڵ ئەوەی گوێی لێدەبێ لە ئەنجامی روداوەکە بەراوردی دەکا ، ناتوانێ ئەم درۆیەی حکومەت بروا بکا) . هەروەها جەنەرال سەلاحەدینسەباغ لە یادەوەریەکانیدا دەڵێ: ( بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا وایان خواست کە مەلیک غازی بکوژن ، بۆیە ئەمە لە شەوی ¾ ی نیسانی 1939 رویدا لەوکاتەی لە تەمەنی 27 ساڵیدا دەبێ ) .

هەروەها مامۆستا (جان وۆلف) لە کتابەکەی بەناوی ( وشیار بونەوەی دونیای عەرەبی): دەڵێ:

( مەلیک لە ئەنجامی روداوێکی نادیار مرد ، ئۆتۆمبێلەکەی بەبێ هۆ دەکێشێ بە دارتێلێکی کارەبادا و هاوار و قیژە لە خەڵکی بەغدا هەڵدەستێ بۆ مردنی مەلیک و لایەنێک تاوانبار دەکەن کە لە پشت ئەم روداوەدابێ ) .

هەروەها مامۆستا (کارتاکوز) لە کتابەکەی بەناوی (شۆڕشی عێراق) دا دەڵێ:

( بەڵکو سونبولە دیارەکەیان ( مەبەستی مەلیک غازیە) لە ئەنجامی روداوێکی توند گیان لەدەست دەدا کە گومانیان لە بەریتانیاو دارو دەستەکەیە ). بەڵام دوای چەند ساڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر وەدیار کەوتن کاتێک (عەبدولرەزاق الحسینی) دانەری کتابی (مێژوی وەزارەتەکانی عێراقی) لە 1975/4/8 چاوی دەکەوێ بە دکتۆر صائب شەوکەت (دکتۆری مەلیک غازی) و یەکەم کەس کە پشکنینی بۆ مەلیک کرد بەر لە مردنی، سەبارەت بە راستی روداوەکە لێی پرسی و لە وەڵامدا دەڵێ: ( من لەسەر داوای نوری سەعید و روستەم حەیدەر یەکەم کەس بوم دوای روداوەکە پشکنینم بۆ مەلیک غازی ئەنجام دا ، داواکەی ئەوان بۆ زانینی ئاستی مەترسیی ژیان و گیان لەدەستدانی بوو ، نوری سەعید بە منی ووت: بڵێ

روداوەکە لە ئەنجامی کێشانی ئۆتۆمبێلەکە بە دارتێلی کارەباوە رویداوە . بەڵام من گومان دەکەم . مردنەکە لە ئەنجامی لێدانی سنگە ئاسنێکەوە بوە کە کێشاویانە بە کەللەی سەری ، دەشبێ هەر برای ئەو خزمەتچیەیان بەکار هێنابێ بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەیان کە لە کۆشکی مەلیکا بە کوژراوی دۆزیبویانەوەو براکەشی لەو سەفەردا لەگەڵ مەلیکدا بوە ، دوای ئەوە برای خزمەتچیەکەیان هێنایە لام کە باسکی لە جومگە دەرچوبوو ، بۆم هێنایەوە جێی ، ئیتر لەوکاتەوە ئەوو کارمەندی بێسیمەکەیان وون کرد تا ئەمرۆ کەس چارەنوسیان نازانێ. (عەبدولرەزاق الحسینی ) دواتر چاوی دەکەوێ بە ناجی شەوکەت کە ئەوکات وەزیری ناوخۆ بوو، سەبارەت بە راستی ئەم روداوە لێی دەپرسێ و ئەویش لە وەڵاما دەڵێ : ( ئەوە ماوەیەکی زۆرە ئەم نهێنیەم لە گۆرنابوو بەڵام ئێستا کاتی هاتوە کە ئاشکەرای کەم ، دوای ئەوەی لە هەواڵی مردنی مەلیک غازی دڵنیا بون هەریەک لە نوری سەعید و رەشید عالی گەیلانی و روستەم حەیدەر و تەها هاشمی نیشانەی کەیف خۆشیان بە روخسارەوە دیار بوو ، هەر ئەم چوارەش بون لە کودەتاکەی بەکر سدقی زیانیان پێکەوتبو و مەلیک غازیان بەوە تاوانبار دەکرد کە ئاگای لەو کودەتایە بوە ، بۆیە من بروام وایە کە نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالاله) دەستیان لە کوشتنی مەلیک غازیدا هەبوە) .

بەم شێوە پەردەیان لەسەر مردنی مەلیک غازیداناو رۆژی دواتر 5 ی نیسان بە داشقەیەکی هاونی سەربازی تەرمی مەلیک غازیان گەیاندە گۆرستانی ئەعزەمیەو بەو ئاپۆرە جەماوەریەوە کە بەدوای کەوتبون کاتژمێر هەشتی بەیانی لەوێ ناشتیان بەدەم هاوارو دەربرینی نارەزایی و گوتاری مردن بۆ ئیمپریالیزم و پیلانگێران وبەریتانیا ئاپۆرەکە بەرێوە دەچو ، ئەوەبوو دوای ناشتنی، پیلانگێرەکان خەریکی رێکخستنی کاروبارەکانیان بون بە دانانی فەیسەلی دوەم بە مەلیک و وەسی (الوصی عبدالاله) بە پێسپێردراوی مەلیک .

------------------------------------------

## فەیسەلی دووەم دەبێتە پادشا، وەسی (الوصی عبدالاله) وەکو پێسپێردراوو جێنشینی پادشا:

کوشتنی مەلیک غازی روی یەکەمی پیلانەکەی نوری سەعید و ئینگلیز بوو ، روی دوەمی دانانی وەسی (الوصی عبدالاله) بە پێسپێرداروو جێنشینی پادشا بوو ، هەر لە یەکەم ساتی مردنی مەلیک غازیەوە نوری سەعید لە هەولی ئەوەدابوو کە بروا بە ئەنجومەنی پیران و نوێنەران بکا کە مەلیک غازی پێی ووتوەو وەسیەتی کردوە ئەگەر جارێک شتێکی نەخواستراوی هاتە سەر ئەوا دەبێ وەسی (الوصی عبدالاله) بکەنە پێسپێردراو. بەڵام تەها هاشمی لە یادەوەریەکانیدا دەڵێ:

( ئەو وەسیەتنامەی مەلیک غازی کە نوری سەعید هەلی بەستبوو ، ساختە بوو ) .
هەروەها وەزیری دەولەت (سەعید ئەلشەرقی)لە کتابەکەی خۆیدا بەناوی ( خەونەکان) دەڵێ: نوری سەعید داوای لە شاژن عەلیا کرد کە نوسراوێک بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکاتەوە تیایدا بڵێ کە مەلیک غازی پێی وتوە ئەگەر کارێکی نەخواستراو هاتە ڕێمان ئەوا وەسی (الوصی عبدالاله) بکەنە پێسپێردراوی کورەکەی .



فەیسەلی دووەم

هەروەها بالوێزی بەریتانیا (سندرسن) لە کتابەکەی خۆیدا بەناوی (هەردوو دیوی پەردە) [ Both Side of Curtain دەڵێ :

(شتێکی دیار و نەشاراوە بوو کە ئینگلیز وەسی (الوصی عبدالالە) یان لە مەلیک غازی خۆشتر دەویست )
. ئەمەو دکتۆر (صائب شەوکەت) دکتۆری تایبەتی مەلیک غازی دەڵێ : ( کاتێکی مەلیک غازی دوا هەناسەی دا وەسی (الوصی عبدالالە) و تەحسین قەدوری لە تەکمەوە بون ، تەحسین قەدوری سەری هێنایە بن گوێم ووتی : وەسی (الوصی عبدالالە) تکات لێدەکا کە بڵێی مەلیک غازی بەر لەمردنی پێی ووتم ئەگەر مردم وەسی (الوصی عبدالالە) بکەن بە پێسپێردراوی کورە بچکۆلەکەم ، بەڵام من رەتم کردەوە وا بڵێم و ووتم: مەلیک غازی کاتێک گەیشتوتە بەردەستم هۆشی نەمابوو چۆن وا بڵێم ، ئەو هەر لەگەڵ روداوەکە بێهۆش بوە) . .

دکتۆرە بەریتانیەکەش (سندر سن) لە کتابە کەیدا بەناوی ( هەزار و یەک شەو) [ Thousand and One Night دا لەسەر کوشتنی مەلیک دەڵێ: لە میانەی 20 خولەکی مردنی مەلیک غازیدا روستەم حەیدەر پێی ووتم کە بڵێم مەلیک غازی بەر لە مردنی پێێ ووتوم حەز دەکەم وەسی (الوصی عبدالالە) بکەنە پێسپێردراوی کورەکەم ، بەڵام من ئامادە نەبوم ئەمە بکەم ووتم کاتێک مەلیک گەیەندراوەتە ئێرە هۆشی نەبوە تا مردوە ، دواتر ئەگەر ئەم درۆ مەزنەش بکەم ئەوا خەلکانێک هەن ئامادەبن ئەم ووتەی من بەدرۆ بخەنەوە . سەرەرای ئەم هەموانە ، ئینجاش ئەنجومەنی وەزیران کۆبۆوەو بڕیاریدا لەسەر پێسپاردنی مەلیک فەیسەلی دوەم بە وەسی (الوصی عبدالالە) و بیکەن بە جێنشین ، پاشان نوری سەعید داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران و پیران کرد بۆ کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە 1939/4/9 بەڵام لە کۆی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەن تەنها 122 ئەندام ئامادە بون کە هەمویان لە لایەنگرانی نوری سەعید بون، ئەوانیتر کە کۆبونەوەکەیان بایکۆت کرد بۆئەوەی نەبنە شایەحالی سەختەکاری ژمارەیەکی زۆر بون لە هەردوو ئەنجومەن ، نوری سەعید لەو کۆبونەوەیە بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی خستە بەردەستیان و رەزامەندیی لە هەردوو ئەنجومەن لەسەر دانانی مەلیک فەیسەلی دووەم بە پادشای ولات و وەسی (الوصی عبدالالە) بە پێسپێردراوو جێنشینی پادشا وەرگرت.

---------------------------

**نوری سەعید دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی رادەگەیەنێ و جارێکی تر بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نوێ رادەسپێردرێ:**

پاش ئەوەی لە 1939/4/6 وەسی (الوصی عبدالالە) دەکرێتە پێسپێردراو نوری سەعید دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی پێشکەش بە وەسی (الوصی عبدالالە) دەکا ئەویش دەستبەجێ قەبولی دەکاو دوبارە نوری سەعید بۆ کابینەی نوێی وەزارەت رادەسپێرێ ئەمیش بەم شێوەی خوارەوە هات :

1 - نوري سەعید - سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە. .
2 - ناجي شەوکەت - وەزیری ناوەخۆ . .
3 - رۆستەم حیدر - وەزیری دارایی . .

4 ـ مەحمود سوبحي ئەلدەفتەری ـ وەزیری داد .
5 ـ تەها هاشمی وەزیری بەرگری .
6 ـ عومەر نظمي ـ وەزیری ئابوری وگواستنەوە .
7 ـ سالح جەبر ـ وەزیری زانستی .
ئەوەتا وەزیرەکان هەمان وەزیرە کۆنەکان بون جگەلە ناجی شەوکەت وەزیری ناوەخۆ نەبێ، نوری سەعید بۆیە کردی بە وەزیر چونکە(برای سائب شەوکەت)ی دکتۆری تایبەتی مەلیک غازی بوو، ئەمەش بۆ دل راگرتنی دکتۆر بوو تا درۆ شاخدارەکانی ئەوو وەسی (الوصی عبدالاله) ئاشکەراو رسوا نەکا .

------------------------------------------------------------

**ئەرکە نوێکانی حکومەتی نوری سەعید :**

**1/ هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی نوێ**

یەکەم ئەرک کە نوری سەعید خستیە سەرشانی خۆی ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی نوێ بوو. بەر لە مردنی مەلیک غازی، نوری سەعید رەزامەندی هەلوەشاندنەوەی پەرلەمانی لە مەلیک غازی وەرگرتبوو بۆ ئەوەی زۆرینەیەکی ساختە لە پەرلەمان مسۆگەر بکاو دەستەکانی والابن بۆ ئەنجام دانی پیلانەکانی، لە سەروی هەموشیانەوە پیلانی یەکخستنی سوریا لەگەل عێراق بوو .

دوای ئەوەی ئەوەی ویستی ئەنجامی دا لە 1939/4/29 هەلبژاردنێکی بەساختەکاریی ئەنجام دا کە ئەنجامەکەی بە دڵی خۆی هاتن ، ئەنجومەن لە 12 ی مانگ یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەست بە ئامادە بونی پێسپێردراوو جێنیشینی تەختی پادشایەتی وەسی (الوصی عبدالاله) دوای دەستبەکار بونی ئەمە یەکەم جار بوو ووتار بخوێنێتەوە ، لە گوتارەکەیدا پشتیوانی خۆی بۆ رێکارەکانی نوری سەعید دەربری کە لەگەل حیکمەت سلێمان و ئەفسەرەکانی لایەنگری بەکر سدقی ئەنجامی دابوو چونکە بە گوتەی ئەو ئەوان بە نیازی پیلانگێران بوون ، ئەمەو پاساوی بۆ حوکمی سەبازی موسل راگەیاند کاتێک لە ئەنجامی دەربرینی نارەزایی لە کوشتنی مەلیک غازی کونسۆلی بەریتانیا لە موسل دەکوژرێ و لە ئەنجامی کاردانەوەی ئەم کردە نارەوایە ژمارەیەک لە ئەفسەرو خەلکی سڤیلی موسل دەدرێنە دادگاو هەندێکیان بە حوکمی لەسێدارەدان حوکم دەدرێن ئەوانی تریش زیندانی دەکرێن. هەروەها هەلوەشاندنەوەی پرلەمان و ئەنجام دانی هەلبژاردنێکی نوێ لەلایەن نوری سەعیدەوە بە کارێکی گونجاوی زانی.

**2/ پیلانگێران لە دژی سوریاو هەولدان بۆ یەکخستنی لەگەڵ عێراق :**

پاش ئەوەی نوری سەعید لە کارەکانی تەواو دەبێ و هەلبژاردنەکە بە ئەنجامێکی باش دەردەچێ روو لە کارە گرنگەکەی دەکا کە پیلانگێران بو دژی سوریا تا لەگەڵ عێراقی یەکبخا . گۆچانی پرۆژەکەشی

(ناجی شەوکەت ) ی وەزیری ناوەخۆ بوو کە بینێرێتە تورکیاو لەگەل کاربەدەستانی ئەوێ سەبارەت بەم پرۆژە بدوێ و رای ئەوانی لەسەری وەرگرێ ، پاش وتووێژ دەرکەوت کە تورکیا لاریی نیە عێراق لەگەڵ سوریا یەکبگرن چونکە ئەو بۆخۆی پارێزگای ئەسکەندەرونی مسۆگەر کردبوو کە بەشێک بوو لە خاکی سوریا . ئەوکاتەی هێشتا ناجی شەوکەت لە تورکیا لە وتووێژدابوو لەگەل کاربەدەستانی تورکیا نوری سەعید هەموارێکی وەزاریی کرد لەم هەموارە ناجی شەوکەتی لە وەزارەت دەرهێناو وەزارەتی ناوەخۆی بەخۆی سپارد ، وەزارهتی دەرەوەش کە خۆی بەرێوەی دەبرد دایە (عەلی جەودەتئەیوبی) ، بەم شێوە نوری سەعید لە ناجی شەوکەت نەجاتیی دەبێ کە بۆ مەبەستی تایبەتیی بەکاری هێنابوو .

لە 10 ی تەموزی هەمان ساڵ (هاشم عەلەوی) بەرێوە بەری پۆلیسی گشتی لە رێگەی سەفەرکردنیدا بۆ لوبنان لە روتبە دەکوژرێ ، کوشتنەکەی لە بار و دۆخێکی نادیار بوو ، ئەوکات ووتیان خۆی کوشتوە ، بەڵام ئەوەی راستی بێ هاشم عەلەوی نهێنیەکانی کوژرانی مەلیک غازیی لابوو بۆیە نوری سەعید ترسی لێی هەبوو کاتێک دەگاتە لوبنان ئەو نهێنیانە ئاشکەرا بکا ئەوەبوو ویستی لێ نەجاتی بێ چونکە مەزنترین کەسی هەلگری نهێنیەکانی ولاتە .

---

## بەشی هەشتەم

## جەنگی دووەمی جیهانی و بزوتنەوەی گەیلانی و هەلوێستەکانی نوری سەعید

**یەکەم / نوری سەعید و هەلوێستی لە جەنگی دووەمی جیهانی .**
**دووەم/ نوری سەعید کابینەی وەزاریی پێنجەمی خۆی پێکدەهێنێ .**
**سێیەم/ دەست لە کارکێشانەوەی نوری سەعید و راسپاردنی رەشید عالی گەیلانی بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نوێ .**
**چوارەم/ گۆرانکاریی پەیوەندیەکانی عێراق و ئەلمانیا ، عراق و بەریتانیا**
**پێنجەم/ قەیرانێکی خەتەرناک لە نێوان وەسی (الوصی عبدالاله) و گەیلانی و دەست لە کار کێشانەوەی وەزرات .**
**شەشەم/ بزوتنەوەی گەیلانی و چوار جەنەرالەکەو هەولێستی نوری سەعید.**
**حەوتەم / هێزەکانی بەریتانیا حکومەتەکەی گەیلانی دەروخێنن و پێسپێردراو دەگەرێننەوە.**

## یەکەم / نوری سەعید و هەلوێستی لە جەنگی دووەمی جیهانی

هێشتا بەریتانیا بڕیاری جەنگی لەسەر ئەلمانیا رانەگەیاندبوو کاتێک بالوێزی بەریتانیا پەیوەندی بە نوری سەعیدەوە دەکاو دەڵێ کار بەو هاوپەیمانیەی 30 ی حوزەیرانی 1930 بکەن کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا واژۆکراوە ، نوری سەعیدیش بالوێز دڵنیا دەکاتەوە کە ئەوەی ئەوان مەبەستیانە ئەو دەیکا ، پەیوەندیەکانیان لەگەل ئەلمانیا دەپچڕێنن و جەنگی لەسەر رادەگەیەنین. هەر یەکسەر نوری سەعیدیش پەیوەندی بە وەسی (الوصی عبدالاله) وە دەکاو داخوازیەکانی بەریتانیای پێرادەگەیەنێ ، ، بڕیاردرا لە 1939/9/5 ئەنجومەنی وەزیران بە سەرپەرشتی وەسی (الوصی عبدالاله) کۆبێتەوە. نوری سەعید لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران داواکاریەکەی ئەلمانیای خستە روو. بەهۆیەوە ناکۆکیەکی توند کەوتە ناو ئەنجومەنی وەزیران ، تەها هاشمی وەزیری بەرگری و مەحمود صبحی دەفتەرچی وەزیری داد بیرۆکەی جەنگیان دژی ئەلمانیا رەت کردەوە ، لەجیات راگەیاندنی جەنگ داوایان کرد پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەلمانیا بپچڕێنن و ئەگەر نوری سەعید سورە لەسەر راگەیاندنی جەنگ ئەوا دەست لەکار دەکێشینەوە. بەهۆی ئەم هەلوێستەوە نوری سەعید بەوە رازی بوو کە تەنها پەیوەندیە دبلۆماسیەکان بپچڕێنن، هەر ئەو دەمەش بالوێزی ئەلمانیا (دکتۆرکروبا) ی ئاگادار کردەوە کە ولات بەجێ بێڵێ و لە ژێر پاسەوانیەکی توندی پۆلیسا بەرەو سوریا بەرێکرا ، دواتر نوری سەعید سەرجەم پارێزراوە ئەلمانیەکانی دەستگیر کردو دایە دەست بەریتانیا لە بنکەی حەبانیەو لەوێشەوە بۆ هیند وەکو دیلی جەنگ مامەلەیان لەگەلدا کرا.

وەسی (الوصی عبدالاله) یش بروسکەیەکی بۆ جور پادشا نارد (پادشای بەریتانیا) تیایدا بەڵێنی پێدا کە ئامادەن پەیماننامەی 30 حوزەیرانی 1930 وەکو خۆی جێبەجێ بکەین ، ئامادەشین ئەوەی لەو پەیماننامەیدا هاتوە بکەوێتە سەر عێراق جێبەجێی بکەین ، سیاسەتە چەوتەکانی نوری سەعید شەپۆلێکی تری نارەزایی بەدوای خۆیدا هێنا بەهۆی ئەوەی نوری سەعید بەنیازە عێراق لە شەرێک تێوە گلێنێ کە شەری ئیمپریالیزمەکانە .

نوری سەعید پەرلەمانی پەکخست هەرچەندە ئەوپەرلەمانە بوو کە کابینەی وەزارەتی بۆ پەسند کردبوو ، هەندێک فەرمانی نادەستوریی دەرکردن کە ئامانجی تۆقاندن و دەستگیرکردنی هەر کەسێک بێ کە دژی سیاسەتەکانی بەریتانیا دەجولێتەوە ، لەو فەرمانانە ،فەرمانی چاودێری بلاوکراوەکان ژمارە لە ساڵی 1939 ، و فەرمانی کتوپڕ ، ژمارە 57 لە ساڵی 1939 بەپێێ ئەم فەرمانانە مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردو دۆخێکی ئاورتەی خولقاند .

وەکو جێبەجێ کردنی پەیماننامەی 1930 لە نێوان عێراق و بەریتانیا حکومەتی عێراق دەرگاکانی بۆ هێزەکانی بەریتانیا خستنە سەرپشت و بۆ جارێکی تر رێگەی پێدان عێراق داگیر کەنەوە ، بەم شێوەش عێراق بوە لایەنێک لە جەنگێکدا کە هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نیە. بەر لە تەواو بونی جەنگی دوەمی جیهانی هیچ ولاتێک لە ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریکا نەما ئاگری ئەم شەرەی بۆ نەچوبێ و کاری تێنەکردبێ جا کارتێکردنی سەربازی بێ یا کۆمەلایەتی یا ئابوری ، بەهۆی ئەوەی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە داگیر کرایەوە لەبەر مەترسی ئەوەی ئەلمانیا بەو بیرە نەوتانە نەگا کە عێراق هەیەتی چونکە ئەلمانیا ئەوپەری پێویستیی پێیە، بەهۆیەوە عێراق لە گۆمی شەرەکەدا نقوم ببو. گەلی عێراق لەم روەوە لە دوولا مەینەتیان کێشا لەلایەک قات و قری خۆراک و جل و بەرگ کەوتە نیو خەلک وەدەست هێنانی کەمێک لە خۆراک کارێکی قورس بوو هەموو پێداویستیەکان لە بازار نەمان ، حکومەت ناچار بوو سیستەمی کۆبۆن بەکار بێنێ بۆئەوەی خێزانەکان کەمێک لەو بەشە خۆراک و جل و بەرگەی پێویستیانە بەدەست بێنن ، ئەو رۆژان رۆژی تەنگانەو قات و قری بوو نان بە ئەستەم دەست دەکەوت ناویان نابوو رۆژانی (نانەرەشەکە) چونکە بەهۆی کەمی گەنم جۆ دەکرایە نان ، خەلک بێزار بوو لە حکومەت و ئینگلیز و سیستەمی پادشایەتی . هەر لەورۆژان بوو وەزیری دارایی روستەم حەیدەر لە 1940/1/18 بەدەستی رێگەپێدراو(مفوض) ی پۆلیس لە نوسینگەکەی خۆی دەکوژرێ ، پاش ئەوەی بکوژەکە دەگیرێ نوری سەعید هەولدەدا سود لەم دەرفەتە وەرگرێ و کەسایەتیە سیاسیەکانی رکابەری پێ تاوانبار بکا ، بەتاوانی هاندان بە کوشتنی وەزیر هەردوو کۆنە وەزیر (صبیح نجیب و ئیبراهیم کمالی) دەستگیر کردن لەگەل هەردوو پارێزەری ناسراو نجیب راوی و شفیق السعدی، ، لە زیندان نوری سەعید سەردانی بکوژەکە دەکا وپێیدەڵێ کە حوکمەکەت کەم دەکەینەوە ئەگەر بڵێی هەریەک لە (صبیح نجیب و ئیبراهیم کمال) منیان هانداوە(روستەم حەیدەر) یی وەزیر بکوژم .

ئەم هەلوێست ورەفتارەی نوری سەعید زۆر لەو کۆنە سەرۆک وەزیر و وەزیرانەی پێشوی نیگەران کرد کە چۆن نوری سەعید دەیەوێ روداوی کوشتنی وەزیر بۆ مەرامەکانی خۆی دژی رکابەرە سیاسیەکان بەکار بێنێ لەوانە ناجی شەوکەت کە پێشتر وەزیری ناوەخۆ بوە لە حکومەتەکەی خۆیدا ، بۆیە ناچاربون بچنە دیداری وەسی (الوصی عبدالاله) و سکالا دژی نوری سەعید تۆمارکەن کە چۆن ناوبراو دەیەوێ روداوی کوشتن بۆ مەرامەکانی خۆی بەکار بێنێ و کەسایەتی سیاسیی پێ تاوانبار بکا ، لەوانەی چوبونە دیداری وەسی (الوصی عبدالاله) ، ناجي ئەلسوێدی، وجەمیل مەدفەعی، وتوفیق ئەلسوێدی بوون ، هەموشیان لە کۆنە وەزیرەکانی پێشو بوون .

سەرەرای ئەو هەموو نارەزاییانەش نوری سەعید ویستی بە رێگەی دادگای سەربازیەوە دادگاییان بکا بەڵام هەریەک لە وەزیری گواستنەوەو ئابوری (جەلال بابان و وەزیری دەرەوە عەلی جودەت ئەیوبی) زۆر بەتوندی دژی هەولەکانی نوری سەعید وەستانەوەو ووتیان ئەگەر نوری سەعید ئەمە بکا ئێمە دەست لە کار دەکێشینەوە ، دواتر دوو وەزیری تریش پشتگیری خۆیان بۆ بڕیارەکەی دوو وەزیرەکە راگەیاند

بەمەش نوری سەعید توشی دۆخێکی خەراپ بوو ئەگەر کار وا بروا ناتوانێ کابینەکەی بەردەوام بێ بۆیە هەلسا بە دەست لەکارکێشانەوەی کابینەکەی لە 18ی شوباتی 1940 دەست لەکار کێشانەوەی پێشکەش بە وەسی (الوصی عبدالاله) کرد .

**دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەتی نوری سەعید:**

بەرلەوەی نوری سەعید دەست لەکار کێشانەوەکەی بدا بە وەسی (الوصی عبدالاله) لە 14ی شوبات بانگێشتی فەرماندە سەربازیەکانی کرد بۆ نان خواردنی شەو لە ماڵی خۆی ئەوانەی لایەنگرو ئەلقە لەگوێی بون کە بریتی بون لەم جەنەرالانە [ سەلاحەددین سەباغ ] و[ فەهمی سەعید] و [مەحمود سەلمان ] و[ کامل شەبیب ] و[ سەعید یەحیا ] و [ئیسماعیل نامق ] . دوای نان خوارد هاتە سەر باسی وەزرەتەکەی دوای کوشتنی رۆستەم حەیدەرو دۆخەکان بەگشتی و نیازی خۆی بۆ دەربرین کە ئارەزوی لە وازهێنانەو بۆ ئەم مەبەستەش قسەی لەگەڵ تەها هاشمی کردوە کە سەرۆکایەتی وەزیران بە رەشید عالی گەیلانی بسپێرێ. فەرماندە سەربازیەکان نارەزایی خۆیان لەم بیرۆکە دەربری و پەیمانیان پێی دا کە پشتگیریی بکەن، بەڵام نوری سەعید دوای دوو رۆژی تر گەرایەوە سەر بیرۆکەی وازهێنان، لە هەمان کاتدا لە 18 شوبات تەها هاشمی فەرماندە سەربازیەکان کۆدەکاتەوەو پێیان رادەگەیەنێ کە بە پێویستی دەزانێ حکومەت هەلوەشێنێتەوەو حکومەتێکی نوێی بەهێز دابمەزرێ، کاتێک ئەم هەواڵە دەگاتە سوپاسالار فەریق (حسێن فوزی ) . ئەو فەرماندە سەربازیانە بانگ دەکاو پێیان دەڵێ کە نوری سەعید واز لە سەرۆکایەتی وەزارەت دێنێ و رەشید عالی کابینەی نوێ پێک دەهێنێ و نوری سەعید وەزارەتی دەرەوە دەگرێتە ئەستۆ و تەها هاشمیش وەزارەتی بەرگری ، هەریەک لە سوپاسالار فەریق (حسێن فوزی و فەرماندەی تیپی یەکەم لیوا ئەمین عومەری) پێیان باش بوو کە سوپا لە سیاسەت بەدور بگیرێ بەتایبەت ئەم دوو کەسە لە رابردوو سوپایان بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکار هێناوە بۆیە باشترە بۆ ئێمە دور بوەستین .

کاتێکیش نوری سەعید بە مەرام و بۆچونەکانی فەریق حسێن فەوزی و لیوا ئەمین عومەری زانی ، دەست لەکارێشانەوەی خۆی راگرت، فەرمانێکی دەرکرد بە خانەنشین کردنی هەریەک لە فەریق حسێن فەوزی و لیوا ئەمین عومەری و عزیز یامولکی لەوکاتە ئەمان خەریکی نەخشاسازیەکی دژبە حکومەت بوون ، بەڵام نوری سەعید لەوان بە خێراترو وشیارتر بوو دەستی خۆی پێش ئەوان خست ، گەرایەوە بە جۆشێکی تر کە وەسی (الوصی عبدالاله) دوبارە رایسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزاری.

---------------------------------------

**نوری سەعید کابینەی نوێی وەزاری پێکدەهێنی:**

سەرەتا وەسی (الوصی عبدالاله) ویستی کابینەیەکی نوێ بە سەرۆکایەتی( شێخ موحەمەد ئەلسەدر) ی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران پێک بێنێ ، بەڵام ئەم بەهۆی فشارەکانی ئەفسەرانی لایەنگری نوری سەعید رەتی کردەوە ، هەروەها رەشید عالی گەیلانیش لەبەر هەمان هۆ رەتیکردەوە . بەڵام نوری سەعید چوە دیادری وەسی (الوصی عبدالاله) و پێی ووت کە سوپا هەموی لەگەڵدایە، بۆیە وەسی (الوصی عبدالاله) هیچ چارەیەکی تری نەبو جگەلە راسپاردنی نوری سەعید بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزاری لە 22 ی شاباتی 1940 ، ئیتر لە هەمان رۆژ کابینەی پێنجەم پێک دەهێنی بەڵام ئەم کابینەیە تەمەنی کورت دەبێ کە لە پێنج هەفتە رەت ناکا لەو میانە نوری سەعید بەوەوە خەریک و ماندوو بوو کە گیراوەکان بە کوشتنی رۆستەم حەیدەر تاوانبار بکاو بیانداتە دادگایەکی سەربازی، بەڵام بەریتانیا رازی نابێ و داوا دەکا بیانداتە دادگایەکی سڤیلی (مەدەنی) ، نوری سەعید ناچار دەبێ داواکەی لە ئەنجومەنی دادگای سەربازی دەکێشێتەوەو دەیدا بە دادگایەکی مەدەنی ئەویش بێگوناه دەرچون وئازاد کران، جگەلە وەزیری بەرگریی کۆن (صبیح نجیب) بە تاوانی هێرش کردنە سەر حکومەتی نوری سەعید یەک سال حوکم درا، دادگا ئەو هێرش بردنەی وەزیری پێشوی بەرگریی بە هاندانی رای گشتی لەقەڵەم دا دژی حکومەت. بکوژەکە بە حوکمی لە سێدارەدان حوکمدرا و لە 23 ی ئاداری 1940 حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێکرا ، بەر لە سێدارەدانی بکوژەکە هەندێک ووشەی لەدەم دێتەدەر کە ئاماژەبون بەوەی نوری سەعید لە پشت کوشتنەکەی دابوو ، بە لەسێدارەدانی بکوژ ئەم دۆسیە پەردەپۆش دەکرێ کە نوری سعید دەیویست هەندێک لە سیاسەتمەدارانی وولات تێوەگلێنێ و تۆلەی سیاسیان لێ بکاتەوە ، بەم روداوە حکومەتەکەی نوری سەعید هەڵویستی لاواز دەبێ بۆیە ناچار نوری سەعید لە 1940/3/31 دەست لەکار دەکێشێتەوەو لە هەمان رۆژیش قەبول دەکرێ ، دوای ئەوە وەسی (الوصی عبدالاله) کەوتە وتووێژ لەگەڵ کۆنە سەرۆک وەزیرەکان کە هەریەک لە [عەلی جەودەت ئەیوبی] و [ توفیق ئەلسوێدی] و[ ناجي ئەلسوێدی] و[ جەمیل مەدفەعي] و[ نوري سەعید] و[ رەشید عالی گەیلانی] و[ ناجي شوکت ) بون بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ لە هەمو رەنگێک پێکبێت کە بتوانێ روبەروی ئەم دۆخە سەختەی ولات بێتەوە ، رایەکان لەسەر (رەشید عالی گەیلانی) وەستان ، ئەوکات ووتیان بالوێزی بەریتانیا بە وەسی (الوصی عبدالاله) ی وتوە کە کابینەیەک لە سەرجەم نەتەوەکان پێکبێنن .

---------------------------------------

**رەشید عالی گەیلانی کابینەی وەزاریی نوێ پێکدەهێنی :**



رەشید عالی گەیلانی

لە 31 ی ئاداری 1940 ئیرادەی مەلەکی بە راسپاردنی رەشید عالی گەیلانی دەرچو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزارەت، کە ئەوکات پۆستی سەرۆکی دیوانی مەلەکیی دەبرد بەرێوە . گەیلانی وەزارەتی ناوەخۆی بۆخۆی هێشتەوەو وەزارەتی دەرەوەشی دایە نوری سەعید و بەرگری بۆ تەها هاشمی و دارایش بۆ ناجی ئەلسویدی و داد بۆ ناجی شەوکەت ، بەم شێوە کابینەی گەیلانی چوار لە کۆنە سەرۆک وەزیرەکانی پێشوو سەرجەم کوتلەکانی لەخۆ گرتبوو، بە نیازی ئەوەی وێنەیەکی باش بداتە کابینەکەی و کار بکاتە سەر رای گشتیی عێراقیەکان ، هەنگاوی یەکەم دادگا سەربازیەکانی موسلی هەلوەشاندەوە، لێبوردنێکی گشتیشی بۆ ئەو گیراوانە دەرکرد کە بە هۆی دادگای سەربازیەوە زیندانی کرابون .

.

یەکەم گۆچان کە حکومەت وەشاندی دەرکردنی ئەو فەرمانە بوو بەناوی (پاراستنی ئاسایشی گشتی و سەلامەتی دەولەت) لە 1940/5/30 ، ئەم فەرمانە هەر ئەوە بوو کە نەختێک لە فەرمانەکەی نوری سەعید سوکتر بوو کە لە 1939/9/11 دەریکردبوو ، ئەوکات دادگای بالا رەتی کردبۆوە چونکە لەگەل فەرمانەکانی دەستوردا نەدەهاتنەوە ، هەرچی فەرمانە نوێکەی گەیلانیە دەسەلاتی بە حکومەت دابو ئەوکەسانەی هەرەشەن لەسەر ئاسایشی دەولەت دەستگیر بکرێن یا دوربخرێنەوە یا زیندانی بکرێن بەمەرجێ ماوەی زیندانیەکەیان لە 5 ساڵ زیاتر نەبێ ، فەرمانەکە فشار و چاودێریی توندی لەسەر بلاوکراوەو گۆڤار و رۆژنامەکان دانابوو هەروەها دەسەلاتی بە دەولەت دابوو چاودێری زیاتر لەسەر تەلەفۆنەکان دابنرێ و دەسەلاتی دابوو ئەو چاپخانە یا رۆژنامانەی سەرپێچی دەکەن دابخرێن و رێگە لە کۆبونەوە بێ مۆلەتەکان بگیرێ و خۆپیشاندان و دامەزراندنی رێکخراوەو سەندیکاکان قەدەغە کران، هەروەها دەسەلات درایە حکومەت کە بتوانێ بێ فەرمانی دادگا لەمالەکان بچێتە ژور و بیان پشکنێ جگە لەمانە گەلێک دەسەلاتی تری بە وەزارەتی ناوەخۆ دابو کە هەمویان دژی دەستور ویاسای عێراقی بون، بونە ماکێکی رەش بە نێو چەوانی حکومەتی گەیلانیەوە . .

هەر دوو مانگێک بەسەر تەمەنی وەزارەتەکەی گەیلانی رەت بوو کە ناکۆکیەکان لە نێوان کوتلەو لایەنەکانی حوکم سەریان هەڵدا بەهۆی هەلوێستی جیاوازیان لەسەر ئیتالیا کە لە 1940/6/10 جەنگی دژی بەریتانیاو فرەنسا راگەیاندبوو و چوبوە پاڵ ئەلمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی .
.

پاش ئەم راگەیاندنەی ئیتالیا بالوێزی بەریتانیا بەدوای نوری سەعیدی وەزیری دەرەوەدا دەنێرێ و موهلەی تا 12ی نیوەرۆی پێدەدا کە بریار بدەن پەیوەندیەکانی دبلوماسیان لەگەڵ ئتالیا بپچرێنن ، هەر راستەوخۆ نوری سەعید پەیوەندی بە سەرۆک وەزیرانەوە دەکاو داوای لێدەکا کە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی وەسی (الوصی عبدالاله) ببەسترێ بۆ دیراسەو یەکلایی کردنەوەی داواکەی بەریتانیا . لە ناو کۆبونەوەکە لە ئەنجامی وتووێژ لەسەر ئەو بریارە ناکۆکیەکی توند کەوتە نێوان ئەندامان ، بون بە دوو بەرە بەرەی یەکەمیان رەزامەندیی لەسەر پچرانی پەیوەندیە دبلۆماسیەکان بو لەگەل ئیتالیا بۆئەوەی رەزامەندی و پشتگیری بەریتانیا لەدەست نەدەن ، ئەمانیش بریتی بون لە [ نوري سەعید]و [موحەمەد أمین زەکي] و[ەصادق ئەلبەسام] و[رؤوف بەحرانی] و[عومەر نظمي] . بەرەی دوەمیش کە لەگەل پچرانی پەیوەندیەکاندا نەبون سەرۆک وەزیرانی لەگەڵ بوو بریتی بون لە [ رەشید عالی گەیلانی ] و [ تەها هاشمی] و[ناجي شوکت] و[ناجي ئەلسوێدی] ئەمان پێیان باش بوو ماوەیەک سەبر بگیرێ بۆ دەرکردنی ئەم بریارە وپێیان وابو کە هێشتا زوە پێویست ناکا پەلە لە چونەناو جەنگ بکەین چونکە شەرەکە ئاراستەیەکی مەترسیناکی وەرگرتوە بەتایبەت کە ئەلمانیا توانیی بچێتە ناو خاکی چەند ولاتێکەوە دەبێ ئێمە بەرژەوەندی عێراق نەخەینە مەترسیەوە تا بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانمان نەگەرێتەوە ، پەیوەندیەکان زۆر مەترسیدار بوو بۆیە وەزیر (موحەمەد امین زکی) هەرەشەی دەست لەکار کێشانەوەی کرد ئەگەر داواکاریەکەی بەریتانیا جێبەجێ نەکرێ . بەڵام ئەنجومەنی وەزیران نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک بۆیە بریاریان دا هەمان رۆژ ئێوارە لە بارەگای ئەنجومەنی وەزیران دوو بارە کۆببنەوە . لە هەمان کات و شوێنی دیاریکراو کۆبونەوە ئەنجام درا گفتوگۆ و بەبەریەکدا هەڵچون دوبارە بۆوە دواجار بریاریان دا کە بۆ ماوەیەکی تر ئەم بریارە دوا بخرێ بە هاوبەستەگی حکومەتی عێراق بە هاوپەیمانی 1930 لەگەڵ بەریتانیا و دەربرینی ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک لەگەل ئەو پەیماننامەیە

بێتەوە .

ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق بالوێزی بەریتانیای تورە کرد بۆیە لە 12ی حوزەیران دیدارێکی لەگەڵ سەرۆکی وەزیران ئەنجام دا تیایدا سەرسورمانی خۆی و نیگەرانی بەریتانیای لەم بڕیارە دەربڕی کە حکومەتی عێراق لە پچراندنی پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئیتالیا دوودڵە ، پێی ڕاگەیاند کە هەولێستی حکومەتی عێراق لەم داواکاریەی بەریتانیا سەنگی مەحاکە بۆ پابەند بونی بە پەیماننامەی 1930 .

بەڵام گەیلانی ووتی حکومەت ئەو بڕیارە دەدا کە لە بەرژەوەندی ولاتە ، بالوێز لەم وەلامە تورە بوو ، ووتی ئەمە ڕایخۆتە یا هی حکومەتەکەتە؟ گەیلانی وەلامی دایەوە ووتی حکومەت بڕیاری داوە منیش بەباش دەزانم کە عێراق خۆی لە کێشەیەک تێوە نەگلێنێ کە بە دڵنیایەوە چارەنوسی دەخاتە مەترسی و ڕای گشتی عێراق بەهۆیەوە دەکەوێتە دڵەراوکێ . ئەم هەلوێستەی سەرۆک وەزیران مستەر (چرچل)ی زۆر تورەو نیگەران کرد بۆیە دەڵێ:

(حکومەتەکەی گەیلانی وادیارە بە سەربەخۆیی ڕەفتار دەکا ، ئەمە لە هیچ سەرۆک وەزیرێکی پێشوی عێراق ڕوی نەداوە ) .

ئەمجارە حکومەتی بەریتانیا هەوڵی دا لە ڕێگەی سەربازیەوە فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق ، بالوێزخانەی بەریتانیا بە نوسراوی ژمارە 284 لە 1940/6/21 ئاگاداری حکومەتی عێراقی کردەوە کە بەریتانیا بڕیاری داوە هێزی سەربازی لە بەسرە دابەزێنێ بۆئەوەی لە وێوە بەرەو حەیفا بڕۆن . بۆیە دەبێ حکومەتی عێراق شوێنێک لە بەسرە و بەغداد و موسل بۆ پشو و حەوانەوەی هێزی ئاسمانیی سەربازیی بەریتانی تەرخان بکا و دامەزراندنی هێلێکی ئاسنین لە بەغداوە بۆ حەیفا .

حکومەتی عێراقی لە 22 ی تەموز بە پێی پەیماننامەی 1930 وەلامی دایەوە، ئەمەش مەزنترین هەڵەی حکومەتی گەیلانی بوو ، دیارە کە مەبەست لە هێنانی سوپای بەریتانی بۆ عێراق بۆ خۆسەپاندن و چاوزەقکردنەوە و دەست وەردان لە حکومەت بوو تا بتوانێ بە هەوەستی خۆی حکومەتێک بێنیتە سەر حوکم کە خۆی دەیەوێ.

------------------------------

## گۆرانکاریی پەیوەندیەکانی عێراق و ئەلمانیا ، عێراق و بەریتانیا :

تەنها یەک هەفتەی پێ نەچو کە ئیتالیا چوە پاڵ ئەلمانیا لە جەنگی جیهانی، ئەلمانیا توانیی فەرەنسا داگیر بکاو دەست بەسەر پاریسدا بگرێ ، لەوڕۆژاندا بوو کە موفتیی فەلەستین (حاجی ئەمین حوسەینی) لە ترسی بەریتانیا ڕایکردبوو گەیشتبوە عێراق ، شاراوە نەبوو کە ئەم پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ئەلمانیای دوژمنی بەریتانیادا هەیە ، حوسەینی ئامۆژگاری گەیلانیی کرد کە پەیوەندیەک لەگەڵ بالوێزی ئەلمانیا لە

ئەنکەرە(ڤۆن بابن) بکا بۆئەوەی لەسەر ناوچەی عەرەبی بەگشتی و سوریا بە تایبەتی کە ئەوکات لە ژێر دەستی فرەنسادا بوو لەگەڵی بدوێ . گەیلانی و حوسەینی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە شاندێکی حکومی کە پێک بێت لە وەزیری دەرەوە (نوری سەعید و وەزیری داد ناجی شەوکەت) بنێرنە تورکیا بە بیانوی گفتوگۆ لەسەر چارەنوسی سوریا دوای روخانی فرەنسا ، دوای ئەوەی وتووێژەکان لەگەل حکومەتی تورکیا تەواو دەبن نوری سەعید بابگەڕێتەوەو بە بیانوی پشو وەرگرتن ناجی شەوکەت بچێتە ئەستەنبۆل بۆ ماوەی چەند رۆژێک لەوێ با چاوی بە بالوێزی ئەلمانیا (ڤۆن بابن) بکەوێ بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵیدا بدوێ ، بێ ئەوەی نوری سەعید پێی بزانێ چونکە گەیلانی متمانەی پێ نەبوو ، بەر لە سەفەریان ئەمین حوسەینی نامەیەک بۆ بالوێز (ڤۆن بابن) دەنوسێ کە پەیوەندیان باش بوو دەیدا بە ناجی شەوکەت . سەفەرەکەیان کرد لەگەڵ تورکیا وتووێژیان لەسەر چارەنوسی سوریا کرد بۆ دوای روخانی فرەنسا، پاشان نوری سەعید دەگەڕێتەوەو ناجی شەوکەتیش بە بیانوی پشو وەرگرتن بۆ چەند رۆژێک دەچێتە ئیستەنبۆل ، لەوێ چاوی بە بالوێزی ئەلمانیا دەکەوێ و لەسەر پرسی چارەنوسی ناوچەی عەرەبی بە گشتی و سوریا بەتایبەتی دەدوێ و پێی رادەگەیەنێ کە عەرەب لە داگیرکاری بەریتانیاو فرەنسا بێزارە دەیەوێ لێیان نەجاتی بن. داواشی لێکرد کە ئیتالیاو ئەلمانیا بەیانێکی هاوبەش بۆ ئەم پرسە دەربکەن ، بالوێزی ئەلمانیاش پەیمانی پێدا کە ئەو گفتوگۆیەی ئەنجام دراوە بە سەرۆی خۆی رادەگەیەنێ ئەوەی لە تواناشیدایە لە پاراستنی ئاسایشی عەرەبی دەیخەمە گەر ، لە کۆتایی سەفەرەکەی بەدواداچونی ئەم هەولەی بۆ بالوێزی عێراق (کامل الگیلانی) جێهێشت کە بەدواداچونی بۆ بکاو لە ئەنجامەکەی ئاگاداری رەشید عالی گەیلانی بکاتەوە، لە 12 ی مانگ گەرایەوە بەغدا و هاورێکانی الکیلاني والهاشمي، وناجي ئەلسوێدی لە ئەنجامی وتووێژەکە ئاگادار کردەوە . بالوێزی ئەلمانیاش دوای ئەوە سەفەری کرد بۆ ئەلمانیا تا بەرپرسانی حکومەتەکەی لەو پەیوەندیە ئاگادار بکاتەوەو بروایان پێبێنێ کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئیتالیا بەیاننامەیەکی دوو قۆڵی لەسەر هەلوێستیان لە ناوچە عەرەبیەکان و چارەنوسیان دەربکەن ، دواتر دەگەڕێتەوە ئەستەنباۆل و لە ئەنجامی سەفەرەکەی کامل الگیلانی برای سەرۆک وەزیران و بالوێزی عێراق لە تورکیا ئاگادار دەکاتەوە ، بالوێزیش بە رۆڵی خۆی سەرۆک وەزیران ئاگادار دەکاتەوە .

.

بە پشت بەستن بەو زانیاریانە رەشید عالی گەیلانی دوبارە ناجی شەوکەت بە بیانوی پشودان بۆ ئەستەنبۆل بەرێ دەکا بۆ لای (ڤۆن بابن) ی بالوێزی ئەلمانیا لە تورکیا ، نامەیەکی بە نێردەی خۆی ناجی شەوکەت دا کە ئەو بنەمایانەی لێ نوسیبون کە دەبێ لە بەیاننامە هاوبەشەکەی ئیتالیاو ئەلمانیادا هەبێ ، بریتی بون لە : داننان بە سەربەخۆیی ولاتانی عەرەبی و مافی عەرەب بە یەکیەتی نەتەوەیی عەرەب و رەت کردنەوەی دروست بونی دەولەتێکی سەهیۆنی لە فەلەستین .

ناجی شەوکەت نێردەی گەیلانی لە 1940/8/2 بەرەو ئەستەنبۆل بەرێکەوت لەوێ چاوی کەوت بە بالوێزی ئەلمانیاو داخوازیەکانی گەیلانیی دایە دەست و داوای لێکرد کە ئەم داواکاریانە بگەیەنێتە ولاتەکەی و ئێمەش لە چاوەروانی ئەو بەیاننامە هاوبەشەین کە ئەو خالانەی تیایدا داوامان کردوە لەخۆ بگرێ .

لە 1940/10/23 لە رادیۆی بەرلین و رۆما ئەو بەیاننامە هاوبەشە خوێندرایەوە بەڵام ئەو خالانەی لە خۆ نەگرتبوو کە لە نامەکەی گەیلانیدا هاتبون ، بە شێوەیەکی گشتی باسی لە رەوشەکەو هەلوێستی

خۆیان کردبوو لەسەر ناوچەی عەرەبی ، دواتر بالوێزی ئەلمانیا (ڤۆن بابن) بە بالوێزی عێراقی ڕاگەیاندبوو کە ئەمە تەنها سەرەتایەکە.

--------------------------------------

## تێکچونی پەیوەندیەکانی عێراق و بەرەیتانیا :

بەهۆی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق لەسەر پچڕاندنی پەیوەندیەکانی عێراق و ئیتالیا دەری کردبوو کە تیایدا هاتبوو دەبێ جارێ پەلە نەکرێ و هەلوەستە لەم بابەتە پێویستە ، پەیوەندیەکانی عێراق و بەریتانیا گرژیی تێکەوت ، بەتایبەت کاتێک ئەو زانیاریە گەیشتە بەریتانیا کە ناجی شەوکەت سەردانی بالوێزی ئەلمانیای کردوە لە تورکیا.

بەریتانیا بۆی رون بۆوە کە کار کردن لەگەڵ حکومەتی گەیلانی ئاسان نابێ بۆیە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەرا کە بیروخێنێ ، لە بەرانبەریشدا حکومەتی عێراقی تەنگەی بە بەریتانیا هەڵچنیبوو بەتایبەتی رێگری لەو پرۆپاگەندانە دەگرت کە لەسەر دەولەتانی ناوچەکە دەیکرد بۆ ئەوەی عێراق لەو شەرو کاولکاریە بپارێزێ.

کاتێک بەریتانیا رازی نەبوو چەک بە عێراق بدا بۆ خۆپاراستن لە ئەگەرەکانی شەری جیهانی ئالۆزیەکانی نێوانیان زیاتر بون ، دواتر بەپێێ پەیماننامەی 1930 عێراقی بەوە بەستبۆوە کە دەبێ تەنها چەک لە بەریتانیا بکرێ، کاتێکیش گەیلانی درکی بەوە کرد کە دەرگاکانی چەک کرینی لێ داخراوە ناچار روی لە ئیتالیاو ژاپۆن کرد بۆ چەک کرین ، کاردانەوەی بەریتانیاش بۆ ئەم هەلوێستەی گەیلانی ئەوەبوو کە رەتی کردەوە لۆکە لە عێراق بکرێ سەرەرای دابەزینی نرخی لۆکە ، لە بەرانبەردا گەیلانی ناچار دەبێ گرێبەستێک لەگەڵ ژاپۆن واژۆ بکا کە هەموو لۆکەو خورمای عێراقی پێ بفرۆشێ. بەریتانیا بەمە هەر زۆر تورەو نیگەران بوو بەتایبەت کە ژاپۆن بەشداری جەنگی کردبوو چوبوە پاڵ ئەلمانیا ، لە روێکی دیکەشەوە حکومەتی عێراقی پەیوەندی دبلۆماسیی لەگەڵ یەکێتی دۆڤیەت بەست ، ئەمەش هەنگاوێکی تری خستە سەر گرژی و ئالۆزی پەیوەندیەکانی عێراق و بەریتانیا کە هەر زۆر لێی تورەبوو ناچار بوو بەریتانیا نوری سەعید ئاگادار بکاتەوە کە بەریتانیا هیچ متمانەی بە حکومەتەکەی گەیلانی نەماوە بۆیە دەبێ عێراق یەک لەم دوو رێگایە هەڵبژێرێ یا حکومەتەکەی گەیلانی یا پاراستنی

پەیوەندیەکانی بەریتانیای مەزن.

ئیتر ململانێکە بە ئاشکەرا کەوتە نێوان بالوێزی بەریتانیاو حکومەتی عێراق کە گەیلانی سەرۆکایەتیی دەکرد. گەیلانی ناچار دەبێ داوای کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران دەکا تیایدا بێزاری ونارەزایی خۆی لە هەرەشەکانی بەریتانیا دەردەبرێ ، دەگەنە ئەو بڕیارەی کە نامەیەکی نارەزایی بۆ حکومەتی بەریتانیا بنێرن لە دەستێوەردانی بالوێزی بەریتانیا لە کاروباری حکومەتی عێراق .

بۆ زیاتر فشار خستنە سەر حکومەتی عێراقی وگەیلانی ، بەریتانیا روو لە ئەمریکا دەکا کە فشار بخاتە سەر گەیلانی ، بالوێزی ئەمریکا لە بەغدا پەیوەندی بە گەیلانیەوە دەکاو داوای لێدەکا هاوکاری بەریتانیا بکەن و رێگە لەو پڕۆپاگەندانە بگرن کە لە نێو گەلی عێراق دژی بەریتانیا دەکرێ.

.

گەیلانی بۆ بالوێزی ئەمریکای دوپات کردەوە کە حکومەتی عێراق نایەوێ زیان بە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بگەیەنێ و پابەندی برگەکانی پەیماننامەی 1930 ش دەبێ ، بەڵام دوای چەند رۆژێک دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە حکومەتی عێراق بە نیازە پەیوەندیەکانی دبلۆماسی لەگەل ئەلمانیا ئاسایی بکاتەوە .

نوری سەعید نەیتوانی لەوە زیاتر لە گەیلانی قەبولکا چونکە ئەو بۆ پەیوەندیەکانی لەگەل بەریتانیا زۆر بە پەرۆش بوو ،نوری سەعید نامەیەکی نوسی وێنەیەک بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) و گەیلانی و بالوێزی بەریتانیا ، تیایدا رەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەت گرت سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی بەریتانیای مەزن و باسی لە نارێک و ناتەبایی وەزیرەکان کرد و مەترسی خۆی لەوە دەربری ئەگەر کارەکان وا برۆن باش نابێ بۆیە دەبێ حکومەت بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە . وەسی (الوصی عبدالاله) داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد لە کۆشکی پادشایەتی لە 12/17 بۆ گفتوگۆ لەسەر یاداشتەکەی نوری سەعید وسیاسەتەکانی حکومەت ، لە کاتی گفتوگۆکاندا لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت وەسی (الوصی عبدالاله) تورە بون و بێزاریی پێوە دیار بوو لە رەفتارەکانی گەیلانی، ووتی:

( من دەبینم تەبایی لە ناو وەزیرەکان نەماوە ، ناکۆکیش لە نێو لوتکەکاندا لە زیاد بوندایە ، بەتایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەوەو پەیوەندیەکانمان لەگەل دۆستی مەزنمان بەریتانیا). ناجی ئەلسویدی وەلامی دایەوە کە هیچ ناکۆکیەکی مەترسیدار لە گۆرێدا نیە پێویستی بە باسکردن بکا ، بەڵام نوری سەعید پێداگریی لەوە کرد کە ناکۆکی هەن ، کۆبونەوەکە لەگەڵ وەسی (الوصی عبدالاله) تەواو دەبێ بێئەوەی هیچ گۆرانکاریەک روبدا. وەزیرەکان هێشتا لە کۆشکی پادشایەتی نەچوبونەدەر کە عبدالقادر گەیلانی سەرۆکی دیوانی پادشایەتی خۆی گەیاندە سەرۆک وەزیران رەشید عالی گەیلانی و پێی ووت پێسپێردراو دەڵێ بۆئەوەی بەریتانیا لەم هەلوێستە دەرچێ و بۆ راگرتنی دڵی بەریتانیا با دەست لە کارکێشانەوەی خۆی بدا ، ئەم هەلوێستەی وەسی (الوصی عبدالاله) لەسەر داوای بەریتانیا بوە. .

بەم شێوە پەیوەندیەکانی نێوان وەسی (الوصی عبدالاله) و گەیلانی تێک دەچن بۆیە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەوە رێکدەکەون شاندێک بنێرنە لای وەسی (الوصی عبدالاله) بەسەرۆکایەتی سەرۆکی وەزیران رەشید عالی گەیلانی و یاوەری تەها هاشمی وەزیری بەرگری و ناجی شەوکەت وەزیری دارایی ، لە چاوپێکەوتنەکە بە وەسی (الوصی عبدالاله) رادەگەیەنن کە ئەم داواکاریەی جەنابی کارێکی دەستوری نیە کە داوا لە سەرۆکی وەزیران بکەیت دەست لەکار بکێشیتەوە بۆیە بە پێێ دەستور ناتوانی ئەم فەرمانە بدەیت . ئەوکات رەشید عالی گەیلانی لایەنگری چوار جەنەرالەکەی (سەلاحەددین سەباغ ] و[ فەهمی سەعید] و[مەحمود سلمان] و[کامل شبیب) ی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو پشتی بە سوپاوە بەهێز بوو

سەرباری موفتیی فەلەستین کە ئەویش خاوەنی پێگەو لایەنگرێکی زۆری ئەفسەرە نەتەوەییەکان بوو.
لە 1940/12/21 رەشید عالی گەیلانی لەبەر دەمی ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند کە عێراق دەولەتێکی سەربەخۆیە بۆیە لە هەموو رەفتارەکانیدا دەبێ رەچاوی بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی ونەتەوایەتی بکا و بەم بۆنەیەوە دەڵێم حکومەتی عێراق سورە لەسەر ئەوەی کارێکی وانەکا ولات لەو جەنگە تێوەگلێنێ
.

لە ئەنجامی ئەمە بالوێزی بەریتانیا هەموو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سەرۆکی وەزیران پچراند ، کار و پەیوەندیەکانی راستەوخۆ لەگەڵ وەسی (الوصی عبدالاله) دەستپێکرد کە ئەمەش سەرپێچی دەستور دێت.
.

قەیران و ناکۆکیەکان لە نیو ئەنجومەنی وەزیران توند بون بەتاییەتی لە نێوان نوری سەعید کە لایەنگری سەرسەختی ئینگلیز بوو لەگەڵ ناجی شەوکەت کە رکابەری بوو ، بۆ چارەسەری ئەم پرسە تەها هاشمی پێشنیاری کرد کە هەریەک لە نوری سەعید و ناجی شەوکەت دەست لە کاری وەزاری بکێشنەوە بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان لە نێو ئەنجومەنی وەزیراندا نەمێنێ ، هەرواش کرا لە 19 ی کانونی یەکەم نوری سەعید دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند و ناجی شەوکەتیش لە 25 ی هەمان مانگ دەستی لەکار کێشایەوە ، بەڵام وەسی (الوصی عبدالاله) دەستلەکار کێشانەوەکانی رەت کردنەوەو داوای لە رەشید عالی گەیلانی کرد کە کابینەکە بەگشتی دەست لەکار بکێشێتەوە ، بەڵام دەستێوەردان و فشارەکانی چوار جەنەرالەکە زۆریان لە وەسی (الوصی عبدالاله) کرد کە دەستلەکار کێشانەوەکانی دوو وەزیرەکە قەبول بکاو لە شوێن ئەوان هەریەک لە ناجی سویدی و عومەر نەزمی دابنرێن ، ئەم پێشنیارە بە دڵی بالوێزی بەریتانیا نەبوو بۆیە ئەمیش لەلای خۆیەوە فشاری خستە سەر وەسی (الوصی عبدالاله) تا کابینەی گەیلانی هەلوەشێنێتەوە ، لەم ناوە وەسی (الوصی عبدالاله) دەکەوێتە نیوان دوو فشار واژۆکردنی هەموو فەرمان و یاساو ئیرادەی پادشایەتیێکی راگرت ، بەم شێوە هانی وەزیرەکانی دەدا تا دەست لەکار بکێشنەوە ، دواجار لە 1940/12/25 عومەر نەزمی رەوانەی لای گەیلانی دەکا و پێیڕادەگەیەنێ ئەگەر گەیلانی دەست لەکار نەکێشێتەوەو کابینەکە هەلنەوەشێنێتەوە ئەوا ناچارە دەستبەرداری پێسپێردراویەکە ببێ .
.

ئەنجومەنی وەزیران لە 26 ی مانگ کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم کێشە لەو کۆببونەوە وەزیرەکان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران توشی سەرسورمان دەکەن کاتێک سەرجەم وەزیرەکان دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان رادەگەیەنن تەنها رەوف بەحرانی نەبێ لە نێو کۆبەندیەکە چوەدەر .

**قەیرانێکی توندی نێوان وەسی (الوصی عبدالاله) و گەیلانی و دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی وەزاری:**

به دەست لەکار کێشانەوەی وەزیرەکان کێشەو قەیرانەکانی نێوان پێسپێردراو وەسی (الوصی عبدالالە) و رەشید عالی گەیلانیی سەرۆک وەزیران توند تر دەبێ ، وەسی (الوصی عبدالالە) هەولی دەدا بە هەموو شێوەیەک گەیلانی ناچار بکا دەست لەکار بکێشێتەوە بۆیە رێگەچارەی سەربازیی گرتە بەر ، سەرەتا بانگێشتی سوپاسالار و بەرێوەبەری گشتیی پۆلیس دەکاو پێیان رادەگەیەنێ کە هیچ فەرمانێکی سەرۆکی وەزیران جێبەجێ نەکەن چونکە شەرعیەتی نەماوە ، بەڵام گەیلانی پەنای بۆ چوار جەنەرالەکە برد ، ئەوانیش بڕیاریان دا شاندیک بۆلای وەسی (الوصی عبدالالە) بنێرن و پێی رابگەیەنن کە دەمانەوێ گەیلانی لە سەر لوتکەی وزارەت بمێنێتەوە ، ئەوەبوو یەکێک لە چوار جەنەرالەکە (مەحمود سلێمان) دەبێ دەینێرنە لای وەسی (الوصی عبدالالە) وپەیامەکەی پێدا دەنێرن . .

وەسی (الوصی عبدالالە) هەوڵی زۆریدا تا چوار جەنەرالەکە لە هەلوێستی خۆیان بێنە خوار بەڵام بێ سود بوو ، بۆ جاری دوەم (مەحمود سلێمان) سەردانی پێسپێردراو دەکا ئەمجارەیان بە ئامادە بونی (موحەمەد ئەلسەدر) ی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران، ئەمجارەشیان دوپاتی خۆیانی پێراگەیاند کە چوار جەنەرالەکە لەسەر بڕیاری خۆیان سورن ، (موحەمەد ئەلسەدر) ئامۆژگاری پێسپێردراوی کرد کە لە هەلوێستەکەی خۆی بێتەخوار بۆ ئەوەی وولات توشی کارەساتێک نەبێ کە هەرگیز چاوەروانی نەبوین.

ئەوکات ناچار وەسی (الوصی عبدالالە) لە رای خۆی دادەبەزێ ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێ لەسەر داوای گەیلانی و فەرماندە سەربازیەکان لە 1941/1/28 فەرمانێکی مەلەکی دەردەکا بە دامەزراندنی یونس السبعاوی بە وەزیری ئابوری و عەلی مەحمود الشێخ بە وەزیری داد ، لە رۆژی دوایی ناجی ئەلسویدی دەست لەکار دەکێشێتەوەو گەیلانی هەر زوو موسا شابەندەر لە جێی دادەنێ بە وەزیری دەرەوەو پارێزەر موحەمەد عەلی مەحمودیش بە وەزیری دارایی دادەنێ بۆئەمەش لە 29 ی کانونی دووەم ئیرادەی پادشایەتیان بۆ دەرکرا. .

گەیلانی لەهەولی چەسپاندن و توندکردنی پێگەکانیدابوو، بۆ ئەم مەرامەی بڕیاری دا ئەنجومەنی نوێنەران هەلوەشێنێتەوە تا لە هەلبژاردنێکی نوێدا بتوانێ زۆرینە بۆخۆی مسۆگەر کا ، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی وەسی (الوصی عبدالالە) ی کرد تا فەرمانی پادشایەتی دەربکا بە هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان ، وەسی (الوصی عبدالالە) بۆ ئەم داواکاریەی ووتی تا ئێوارە خۆتم لێبگرە تا بیرێکی لێدەکەمەوە ، گەیلانی کۆشکی پادشایەتیی جێهێشت بە نیازی وەرگرتنی فەرمانی هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان ، بەڵام وەسی (الوصی عبدالالە) دوای ئەو بە نهێنێ سەفەری دیوانیەی کرد بۆ دیدەنی فەرماندەی تیپی چوارەم لیواروکن (ئیبراهیم راوی) تا دژی گەیلانیی هانبدا ، هەر لەوێشەوە پەیوەندیی بە فەرماندەی تیپی دووەمی کەرکوکەوە کرد (قاسم مەقسود) بۆ هەمان مەبەست کە دوژمنایەتی کردنی حکومەتەکەی گەیلانی بوو.

جگە لەمان پەیوەندیی بە چەندین سیاسەتمەدار وکۆنە پارێزگاو وەزیرە کۆنەکانەوە کرد کە کاربکەن بۆ روخاندنی حکومەتی گەیلانی ، نوری سەعیدیش بەرەو مەحمودیە رایکرد بۆ ناو کێلگەی هاوزاوای (هادی عەسکەری) کە ئەمە پیشەی بوو لەکاتی بۆنکردن بە هەر مەترسیەک ئەم خۆی دەشاردەوە، ئەگەر هەلوێستی هەردوو فەرماندە (راوی و مەقسود معتەقەل) نەبوایە شەر دەکەوتە نێوان هەردوو بەرەی سەربازی ، بەوەی کە وەسی (الوصی عبدالالە) یان ئاگادار کردەوە کە ئەوان ئامادە نین سوپا لە کێشە سیاسیەکان تێوەگلێنن و کوشتار بخەنە نێو ریزەکانی سوپاوە ، بە پێی دەستور و یاسای سەربازی ئێمە

فەرمان له سوپاسالار وەردەگرین .
گەیلانیش کاتێک بە وون بونی وەسی (الوصی عبدالاله) ی زانی داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد بە ئامادە بونی فەرماندە سوپاییەکان وئەمین حوسەینی یونس سەبعاوی و مەحمود امین زکی، لە کۆبونەوەکە بڕیاردرا کە روبەروی ئەنجومەنی نوێنەران ببنەوەو متمانەی وەزاریان لێبسەننەوە ، ئامادەبوان داوایان کرد ئەنجومەنی وەزیران دژی هەولەکانی هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی وەزیران بوەستنەوە ، لە کاتی بەستنی کۆبونەوەکە (موحەمەد ئەلسەدری) و تەها هاشمی ئامادە دەبن و داوا لە گەیلانی دەکەن کە کارێکی وا نەکا خوێن رشتنی لێبکەوێتەوەو سوپا توشی شەڕێکی ناوەخۆ بکات، ئەمان توانیان لە دواجار گەیلانی رازی بکەن کە دەست لە کار بکێشێتەوەو حکومەتەکەی هەلوەشێنێتەوە .

بەم جۆرە لە 1941/1/31 گەیلانی بروسکەی دەست لە کارکێشانەوە بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) دەنێرێ لە مەحمودیە ، بەگەیشتنی بروسکەکە راستەوخۆ وەسی (الوصی عبدالاله) دەستلەکار کێشانەوەکەی قەبول کردو بانگێشتی چەند کۆنە سەرۆک وەزیر و کۆنە وەزیرو سەرۆکی ئەنجومەنی پیران کرد ئامادە بن بۆ وتو وێژ لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێ ، لە بەغدا بانگێشتکراوەکان کۆبونەوە لەسەر ئەو پرسە و بڕیاریان دا هەریەک لە موحەمەد ئەلسەدر و صادق ئەلبەسام بنێرنە لای وەسی (الوصی عبدالاله) لە مەحمودیە و لێی تێبگەن ئاخۆ مەبەستی چیەو چی دەخوازێ ؟
هەردوکیان لە فرۆکەیەکی سەربازی سواربون و چونە مەحمودیە لای وەسی (الوصی عبدالاله) کاتێک لەگەڵی دانیشتن موحەمەد ئەلسەدر وەسی (الوصی عبدالاله) ی جیاکردەوەو مەترسیەکانی دۆخەکەی پێراگەیاندو ووتی ئەگەر دەتەوێ لەم قەیرانە دەربازبی و جەنگی ناوەخۆ رونەدا (تەها هاشمی) راسپێرە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ .

-------------------------------------------

## پێسپێردراو وەسی (الوصی عبدالاله)) تەها هاشمی رادەسپێرێ بۆ کابینەی نوێی وەزاری :

لە ئەنجامی ئەو دیدارەی نێوان وەسی (الوصی عبدالاله) و شێخ ئەلسەدردا ،وەسی (الوصی عبدالاله) بەدوای تەها هاشمیدا دەنێرێ بە ئامادە بونی صادق ئەلبەسام بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزاری رایدەسپێرێ ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە وەسی (الوصی عبدالاله) نە بروای بە هاشمی هەبوو نە لێی دلخۆش بوو بەڵام کاتێک ئەلسەدر ئامۆژگاریی دەکا کە هاشمی راسپێرێ ئەویش بەگوێی دەکا .

وەسی (الوصی عبدالاله) ویستی بە ئامادەیی ئەلبەسام و شایەدی ئەو هاشمی ئەو پەیمانەی پێبدا کە کوتلەی چوار جەنەرالەکە پەرتەوازە بکا ولەبار یکیان ببا و هۆشداری ئەوەشی پێدا کە مەلە لە ئاوی لێل نەکا و نەکەوێتە نێوان ئەمو ئەوان.
هاشمی پەیمانی بە وەسی (الوصی عبدالاله) دا کە دەیانهێنێتە بەردەمی و دلسۆزی خۆیان بۆی

دەردەخەن ، بەڵام بەهۆی ئامۆژگاری بالوێزی بەریتانیا ئەم دیدارە روی نەدا .

لە 1941/1/31 کابینەی نوێی وەزاری پێکهات ، لە بروسکە یەکیشدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بالوێزی بەریتانیا بە وەدەرنانی گەیلانی لە پێکهاتەی وەزاری خۆشحالی خۆی دەربری ، بالوێز ستایشی رۆلی نوری سەعید و الجمیل ی کرد کە هەلوێستی باشیان نواندوە لە پشتگیریان بۆ بەریتانیا ، دوای ئەوەی لە گەیلانی نەجاتیان دەبێ ئەمجارەیان خەمی گەورەی بالوێزخانەی بەریتانیا نەجات بونە لەم چوار جەنەرالەکە .

هاشمی بەدوای وەسی (الوصی عبدالاله)دا دەنێرێ تا بگەرێتەوە بەغدا بۆ ئەم مەبەستە عومەر نەزمیی وەزیری ناوەخۆو جێگری سوپاسالار ئەمین زەکی بەدوادا نارد تا یاوەری بن لە گەرانەوەیدا بەڵام ئەم رازی نەبوو مەترسی ئەوەی هەبوو پیلانی کوشتنی بۆ دانرابێ ، ناچار هاشمی خۆی چوە دیوانیەو بەیەکەوە لە 3 ی شوباتی 1941 گەرانەوە بەغدا .

------------------------------------

**بزوتنەوە کودەتاکەی گەیلانی و هەلوێستی نوری سەعید :**

پاش ئەوەی باهۆز و رەشەبای نێوان گەیلانی و وەسی (الوصی عبدالاله) دەرەوێتەوە بە پێکهێنانی حکومەتی هاشمی دۆخەکان بەرەو ئارامی دەرۆیشتن ، بەڵام ئاگرەکە هێشتا لە ژێر خۆلەمێشدا مابوو ، متمانە لە نێوان پێسپێرداراوو هاشمی کاڵ ببۆوە ، دواتر متمانە لە نێوان گەیلانی و هەرچوار جەنەرالەکەش لەگەڵ وەسی (الوصی عبدالاله) دا روخابوو.

وەسی (الوصی عبدالاله) بە پاڵپشتی بالوێزی بەریتانیا ژێر بەژێر لە هەولی لەبار یەک بردنی فەرماندە سوپاییەکان بوو بە چوار جەنەرالەکەوە، بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانێ لە گەیلانی نەجاتی بێ ، بۆ ئەم مەبەستە بالوێزی بەریتانیا فشاری خستە سەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تا رۆلی چوار جەنەرالەکە نەهێلێ و رێگەیان پێنەدا دەست لە کاری سیاسی وەردەن، فشاریشیان خستە سەر هاشمی تا پەیوەندیە دبلۆماسیەکان لەگەڵ ئیتالیا بپچرێنێ بەڵام هاشمی لە کاردانەوەی گەلی عێراق دەترسا ئەگەر ئەم هەنگاوە بنێ ، بۆ رەواندنەوەی مەترسیەکان وەکو ئامادەباشیەک بۆ ئەگەرەکان هاشمی وەکو بریکاری وەزیری بەرگری لە 26 ی ئاداری 1941 کامل شەبیب ی بۆ تیپی چوارەم گواستەوە لە دیوانیە تا جێێ (لیوا

ئیبراهیم الراوی) برادەرەی وەسی (الوصی عبدالاله) بگرێتەوە کە پەنای بۆ بردبوو ، هەروەها بڕیارێکی دەرکرد بە گواستنەوەی بارەگای تیپی سێیەم کە جەنەرال (سەلاحەدین سەباغ) فەرماندەیی دەکرد لە بەغداوە بۆ جەلەولا . ئەم رێکارانەی هاشمی گرتنیە بەر وەکو ئەوە وابوو کە باری کەرەکەی کردبێتە دوو لەت . کاتێک ئەم بڕیارە دەگاتە فەرماندەکان ، رەتی دەکەنەوەو پابەندی نابن بۆ ئەم مەبەستە ئامادە باشی وەرگیرا بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە ، ئێوارەکەی 1941/4/1 چوار جەنەرالەکە هۆشداری وئامادەباشیان دایە کەرتە سەربازیەکانی بەغدا و پێیان راگەیاندن کە چی دەکەن ،کاتێک بوە نیوەی شەو سوپا دابەزیە ناو شاری بەغداو شوێن وفەرمانگە گرنگەکانیان داگیر کردن و دەستیان بەسەر داگرتن، وەکو فەرمانگەی پۆست وتەلەفۆن و پردەکان و دەروازەکانی شار و هەموو شوێنە گشتیەکانی تر ، ئیتر جەنەرال (فەهمی عەزیز) بەیاوەری سوپاسالار (موحەمەد امین زەکی) دەچێتە ماڵی سەرۆک وەزیران تەها هاشمی و ناچاری دەکا دەست لە کار بکێشێتەوە . هاشمی بۆ ئەوەی خوێن نەرژێ ناچار دەبێ بە دەست خەتی خۆی دەست لەکارکێشانەوەی بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) دەنوسێ و دەیداتە دەست ئەوان .

.

وەسی (الوصی عبدالاله) یش کاتێک خزمەتچیەکان بەخەبەری دێننەوە دەڵێن دۆخەکان ئارام نین و دەوروبەری کۆشک بە سوپا گیراوە ، وەکو هەموو جارێک وەسی (الوصی عبدالاله) بیر لە راکردن دەکاتەوە ئەمجارەیان ناگاتە بالوێزخانەی بەریتانیا، روو لە بالوێزخانەی ئەمریکا دەکاو خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ بەم شێوە لەدەست سوپا رزگاری دەبێ ، دواتر بالوێزی ئەمریکا دەیگەیەنێتە بنکەی سەربازی بەریتانی لە حەبانیە لە وێشەوە بە فرۆکەیەک گەیاندیانە بەسرە ، ئەوانیش بردیانە ناو زرێپۆشە کەی بەریتانیا بەناوی (کۆک شبیر) لە کەنارەکانی بەسرا، لەم راکردنەی هەریەک لە (عەلی جودت) یاوەری سەربازیی (عبید عەبدوللا المظایفی) و دواتریش ( جەمیل مەدفەعی) ش بوە یاوەریان . بالوێزخانەی بەریتانیا هەوڵیدا پەیوەندی بە وەزیرەکانی هاشمیەوە بکا تا بیانگوازێتەوە بەسرە بەڵام چوار جەنەرالەکە رێگەی لێگرتن نەیان توانی دەرچنەدەرەوە ، بەریتانیەکان لە 4/4 ئیزگەیەکی کاتیان بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) دانا تا لەرێگەیەوە گوتار و فەرمانەکانی بلاو کاتەوە. دوای ئەمە ئیزگەی بەریتانی لە لەندەنەوە هەمان گوتاری وەسی (الوصی عبدالاله) ی دوبارە دەکردەوە ، لە گوتارەکەیدا پێسپێردراو هێرشی دەکردە سەر گەیلانی وچوار جەنەرالەکە بە پێشێلکردنی دەستورو زەوت کردنی دەسەلات تاوان باری کردن. هەروەها گوتارەکە هانی فەرماندەی تیپی چوار (ئیبراهیم الراوی) لە دیوانیە و فەرماندەی سەربازگەی بەسرە جەنەرال (رشید جودەت) و ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان لایەنگرانی بەریتانیاو کۆشکی پادشای دەدا کە دژی گەیلانی و فەرماندەی سوپا راپەرن و بەرەو بەغدا هەنگاو بنێن بەڵام الراوی ئەم گوتارو فەرمانەی وەسی (الوصی عبدالاله) ی رەت کردەوە چونکە ئەگەر ئەمە بکا شەری ناوەخۆ بەرپا دەبێ .

پاش ئەوەی وەسی (الوصی عبدالاله) رادەکا چوار جەنەرالەکە ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانی دادەمەزرێنن و رەشید عالی گەیلانی دەکەنە سەرۆکی ئەنجومەن کە شوێن ئەنجومەنی وەزیران دەگرێتەوە . لە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانیدا یاداشتێک دەدەنە بەریتانیاو تیایدا ئاگاداری دەکەنەوە کە دەست لە کاروباری ناوەخۆی ولات وەرنەداو هاوکاری وەسی (الوصی عبدالاله) نەکا بە هیچ شێوەیەک ، هەروەها بڕیاریان دا هێز بنێرنە بەسرە تا کەس دژی بەرگری نیشتمانی هیچ کردەیەک ئەنجام نەدا ، پارێزگاری بەسرە کە هاوکاری وەسی (الوصی عبدالاله) ی کرد دەستگیر کراو بۆ بەغدا دورخرایەوە .

---------------------

## دورخستنەوەی وەسی (الوصی عبدالاله) و دامەزراندنی شەریف شەرەف بە پێسپێردراو:

وەکو کاردانەوەی هەولەکانی وەسی (الوصی عبدالاله) بۆ روخاندنی بەرگری نیشتمانی و راکردنی و دەرچونی لە پایتەخت و هاوکاری کردنی بەریتانیەکان بۆ ئەم مەبەستە، حکومەتی بەرگری نیشتمانی هۆشداری دەداتە وەسی (الوصی عبدالاله) بە زوترین کات بگەرێتەوە بەغدا ئەگینا ناچار دەبن پێسپێردراوێکی تر لە شوێن ئەو دابنێن. وەسی (الوصی عبدالاله) گوێ بە هۆشداریەکەی حکومەتی بەرگری نیشتمانی نادا ئەوان ناچار دەبن دوری دەخەنەوەو لە شوێن ئەو شەریف شەرەف دەکەن بە پێسپێردراو، لە کۆبونەوەی رۆژی 1941/4/16 ی ئەنجومەنی نوێنەران پەسندی دەکەن. (الشریف شەرەف) دەبێتە پێسپێردراو حکومەتی بەرگری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی گەیلانی لە 1941/4/12 دەست لەکار کێشانەوەی خۆی دەدا بە پێسپێردراوی نوێ ، ئەویش دەست لەکارکێشانەوەکە قەبول دەکاو هەمان رۆژ گەیلانی رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ کە لەم وەزیرانە پێکهات:

1 - رەشید عالی گەیلانی - سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوەخۆ .
2- ناجي ئەلسوێدی - وەزیری دارایی. .
3 - ناجي شوکت - وەزیری بەرگری . .
4 - موسی شابەندەر وەزیری دەرەوە . .
5 - رؤوف بەحرانی - وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی . .
6 - عەلی مەحمود الشیخ عەلی -وەزیری داد . .
7 - یونس سەبعاوی - وەزیری ئابوری . .
8 - موحەمەد عەلی مەحمود -وەزیری کار و هاتوچۆ . .
9 - موحەمەد حسن سلمان - وەزیری زانست .

لەگەڵ پێکهێنانی کابینە گەیلانی لە وتەکەیدا رایگەیاند کە سورین لەسەر ئەوەی عێراق دورخەینەوە لە ناکۆکی و تێوەگلانی لە شەرەکاندا بە پابەند بونمان بە پەیماننامەی 1930 ی نێوان بەریتانیا وعێراق و پابەندیمان بە پەیمان و رێککەوتنە نێودەولەتیەکان ، ئەم حکومەتەی گەیلانی پشتگیری و دلخۆشی جەماوەرێکی زۆری تینوی ئازادی وتورە لە داگیرکاری بەریتانی بەدەست هێنا .

## بەریتانیا حکومەتی گەیلانی دەروخێنێ و وەسی (الوصی عبدالاله) دەگەڕێنێتەوە:

دوای ئەوەی رەشید عالی گەیلانی و چوار جەنەرالەکە چنگیان لە لوتکەی دەسەلات گیرکرد روداوەکان بەخێرا دەرۆیشتن ، بەتایبەتی کە ئەو حکومەتە پشتگیریەکی زۆری خەلکی وەدەست هێنابوو کە پێشتر بێئومێد ببون لە رزگار بونیان لە چنگ داگیرکاری بەریتانیا ، بۆیە کارەکان بۆ بەریتانیا سەخت و ناخۆش بون پێشبینی مەترسیی زۆری لێدەکردن. لەبەر ئەو هۆیانە بالوێزی بەریتانیا (کورنولیس) بروسکەیەکی بۆ ( چرچل ) ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ناردتیایدا هاتبوو :

(یا سوپایەکی تەواو بۆ عێراق بنێرن یا چاوەروان بن تا عێراق دەکەوێتە دەستێکی پاک وئەمین).
کاتێک چرچل ئەمەی خوێندەوە بروسکەی بۆ وەزیری هندی نارد تا زو بە زو هێزی سەربازیی تەواو بۆ عێراق بنێرێ و لە بەسرە جێنیشی بکا، دیارە پێشتریش بەر لە کودەتاکە بەریتانیا عێراقی ئاگادار کردبۆوە کە هێز دەنێرێتە بەسرا تا لەوێشەوە بەرەو حەیفای جولە پێبکا ئەگەر پێویستی کرد ، بە پێێ پەیمانی عێراقیی بەریتانی لە 1930 بەریتانیا بۆی هەیە پاش ئەوەی پادشای عراق ئاگادار دەکاتەوە هێز لە سەر خاکی عێراق دابەزێنێ .

بە پشت بەستن بەم برگەیە کونسۆلی بەریتانیالە بەسرە لە 10 نیسان پەیوەندی بە جێگری پارێزگاری بەسرەوە دەکا و پێی رادەگەیەنێ کە سێ تیپی سەربازی هندی لەسەر پشتی کەشتیەکی سەربازین و بە پاسەوانی دوو بەلەمی راوەدونانی سەربازیەوە لەگەل سێ فرۆکەی جەنگی لە ماوەی 48 کاتژمێردا دەگەنە ناو سنوری ئاوەکانی هەرێمیی عێراق ، بۆیە داواتان لێدەکەم کە ئاگاداری حکومەتەکەت بکەیتەوە تا لە بەسرە جێنیشیان بکەین ، هەروەها راوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆ لە بەغدا (ئەدمۆنس) ، سەردانی گەیلانیی سەرۆک وەزیرانی کردئەویش هەمان فەرمانی پێراگەیاند، ئەنجومەنی وەزیران بەپەلە بۆ ئەم پرسە کۆبوەوە و بریاری رێگەپێدانی بە هێزەکەی بەریتانیا دا لە بەسرە دابەزێ بەپێێ ئەو رێکەوتنەی لە 1940/6/21 کە دەلێ رێگە بە هێزەکانی بەریتانیا دەدرێ لیوایەک لە دوای لیوایەکی تر لە خاکی عێراق دابەزێ تا بەرێ دەکرێ بۆ خاکی فەلەستین بەمەرجێ ماوەی مانەوەی لیواکان گونجاو بێ ، کە یەکێکیان بەرێکرا ئینجا ئەویتر دابەزێ بەومەرجەی حکومەتی بەریتانیاش پێشتر لە کاتی دابەزینی هێزەکە حکومەتی عێراق ئاگادار بکاتەوە ، هەروەها حکومەتی عێراقیش وەکو نیاز پاکی لیوا (ئیبراهیم الراویی) ناردە بەسرە بۆ پێشوازی کردنی ئەو هێزە بۆئەوەی هەست بە نیگەرانی نەکەن.

بەڵام نیازەکانی بەریتانیا ئەوە نەبون ، ئەو بریاری دابوو عێراق داگیر بکاو بە هێز پێسپێردراوە نوێکە وەلانێ و وەسی (الوصی عبدالاله) بگێرێتەوە ، وەکو هەنگاوی یەکەم شعیبیە داگیربکا تا ببێتە بنکەی لێدەرچونی هێزەکە بەرەو شوێنە ستراتیجەکانی تر ، لە 17و 1941/4/18 هێزەکەی بەریتانیا گەیشتە بەسرەو لێی دابەزی ، هەر ئەودەم چرچل سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بە بروسکە ئەگاداری جەنەرال (ایمسی) دەکات لە سەرۆکایەتی سوپاسالاری بەریتانی کە بە زوترین کات 3 لیوای سەربازی لە بەسرە دابەزێنێ .

لە سیماو رەفتارەکانی ئەو هێزە دیاربوو کە عێراق جێناهێلن چونکە چالیان لێدەداو جێگەی خۆیان قایم دەکرد ، ئەمە ناوەرۆکی رێکەوتنەکە یە،لە 1941/4/28 راوێژکاری بەریتانیا لە بالوێزخانە بە وەزارەتی دەرەوەی عێراقی راگەیاند کە بەریتانیا بە نیازە هێزێکی تر بە ژمارەی 3500 سەرباز لە 29 مانگ دابەزێنێ، ئەمە بێ ئەوەی هێزەکەی تر جولە بکاو شوێنەکە بۆ هێزی دواتر چۆل بکا، ئەوسا حکومەتی

گەیلانی کەوتە گومان لە هێزەکەی بەریتانی و لە مەبەستی گەیشت کە ئەمە ئەوە نیە کە لەسەری رێککەوتون، بۆیە بڕیاری دا کە رێگە بە هێزێکی تری بەریتانی نەدرێ تا هێزە کۆنەکە نەروات و لە بالوێزی بەریتانیاشیان داوا کرد کە نامەی متمانە بەخشینی بالوێزیی بداتە عێراق تادڵنیابین لەوەی بەریتانیا ئەو دۆخە نوێیەی عێراقی قەبولەو بروای پێیەتی. بۆ ئامادە باشی سوپاو وشیار کردنەوەی خەلک لە هەنگاوە کانی بەریتانیا چەند بەیاننامەیەکی سەربازی دەرکران کە لەو خەلکە بگەیەندرێ بەریتانیا نیازی باش نیەو ئێمە بە نامەی فەرمی نارەزایی خۆمان لە رەفتارەکانی دەربریوە و گەیاندومانەتە دەست حکومەتی بەریتانیا کە ئەمە پێشێلی رێکەوتننامەکەیە ، هەروەها بەیاننامەکە سوربونی حکومەتی عێراقی دەربری بە مافەکانی خۆی لە پاراستنی سەروەری عێراق . .

بەڵام حکومەتی بەریتانیا گوێی بەو نارەزایی و بەیاننامانە نەدا لە 30 نیسان هێزێکی تری لە بەسرە دابەزاند و هەولیدا کە رێگری لە هێزەکەی عێراقیش بکا بۆئەوەی پاشەکشە نەکاو گەمارۆیبدا بەڵام هێزەکەی عێراق توانیی خۆی بگەیەنێتە موسەیب کە بارەگای هەمیشەییان بوو ، بەم شێوە حکومەتی عێراق لەوە دڵنیا بۆوە کە روبەرو بونەوەی سوپای عێراق و بەریتانی شتێکی حەتمیە بۆیە چەند رێکارێکی سەربازیان گرتە بەر بۆ پاراستنی بەغدا ، هەندێک هێزی سەربازیان نارده نزیک بنکەی حەبانیە کە بنکەیەکی ئاسمانی بەریتانیی لێبوو ، بەڵام لە 1941/5/2 سێ سربی فرۆکەی بەریتانی هێزەکانی عێراقیان بۆردومان کرد ئەوانەی لە ( سن الذبان) جێگیر ببون لە تەنیشت دەریاچەی حەبانیە. بەم ئیتر شەر لە نێوان عێراق و بەریتانیا دەستی پێکرد بەهۆیەوە بالوێزی بەریتانیا بەیانێکی دەرکرد کە پێشتر ئامادە کرابوو تیایدا هێرشی توندی کردە سەر گەیلانی و چەندین تۆمەتی خستە پاڵی، ئەوە بوو نیازەکانی دوژمنکاری ئیمپریالیزمی بەریتانی پەردەیان لەسەر هەلمالراو لەیەکتری ئاشکەرا بون.
.

لە هەمان رۆژ بالوێزی بەریتانیا هۆشداریی دایە حکومەتی عێراق کە هێزەکانی لە دەوروبەری حەبانیە بکێشێتەوە ئەگینا رێکاری توند دەگرینە بەر . بەهۆی ئالۆز بونی دۆخەکان ئەنجومەنی وەزیران کۆبونەوەیەکیان سازدا چەند بڕیارێکیان دەرکرد بۆ بەرگریکردن لە عێراق :

1- گەراندنەوەی پەیوەندیەکان لەگەل ئەلمانیاو داوای ناردنی نوێنەری سیاسی ئەوانیان کرد ،لەگەل هاوکاریکردن.
2- هەر ئێستا پەیوەندیەکان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دەبەستین.
3- بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی سەرۆکی وەزیران تایبەت بە هێرشەکانی هێزی بەریتانی بۆ سەر هێزەکانی عێراقی .
4- ناردنی نارەزایی نامەیەک بۆ حکومەتی بەریتانیا لەسەر رەفتارە نابەجێکانی لەگەڵ عێراق.
.

لەسەر ئەم بنەمایە بالوێزی عێراق لە تورکیا راستەوخۆ دیدارێکی لەگەڵ بالوێزی ئەلمانیا (ڤۆن بابن) لە تورکیا ئەنجامداو داوای هەموو هاوکاریەکانی کرد کە بتوانن بەهۆیەوە روبەروی هێزەکانی بەریتانی ببنەوە ، بالوێزی ئەلمانیا ووتی:

پرسی هاوکاریە سەربازیەکان کاتی دەوێ ، لێێ پرسی هێزەکانی عێراقی تا چەند دەتوانن بەرانبەر بە هێزەکانی بەریتانی خۆراگر بن؟ دواتر لەسەر ئەوە رێککەوتن کە چەند سربێکی فرۆکە بنێرن تا بەرگری

خۆیان پێبکەن و شارەکان لە هێرشی فرۆکەکانی بەریتانی بپارێزن تا ئەوکاتەی ئەلمانیا دەتوانێ هاوکاریەکی تەواوی هێزەکانی عێراقی دەکا ، لە هەمان کات ئەلمانیا لە رێگەی سوریاوە ئەو هاوکاریانەی گەیاندە عێراق کە لە هێزەکانی فرەنسا دەست کەوتبوو لە کاتی شکست پێهێنانی فرەنسا لەلایەن ئەلمانیا وئیتالیاوە.

لە دژی کشاندنەوەی دراوەکانی لە بانکەکانی عێراقی گەیلانی بڕیاری دا لە ناوچەی ئستەرلینی بکشێتەوە، هەوڵی دا پارەکەش بگۆڕێ بەڵام کات ئەو دەرفەتەی پێنەدا ، قەیرانەکان توند تر دەبن ئەوکاتەی هێزەکانی بەریتانیا تەقە لە فەوجێکی عێراقی دەکەن لە بەسرە بەڵام هێزەکەی عێراقی توانیی لە 1941/5/2 بکشێتەوە دواوە . رەفتارەکانی سوپای بەریتانی خەلکەکەی تورەو هار کرد لە بەریتانیا ، پیاوە ئاینیەکان فەتوایان دژی هێزەکەی بەریتانیا دەداو جیهادیان دژی بەریتانیا راگەیاندو حەلالیان کرد، لە سەروی ئەو پیاوە ئاینیانە ( ئەبولحەسەن موسا ئەسفەهانی) بوو لە ئەتەنی شیعی هەروەها ئیمام (موحەمەد حسین ئەلکەشاف) هەردوکیان فەتوای جیهادیان دژی داگیرکەر دا ، پاش ئەوەی هێزەکانی بەریتانی لە بەسرە خۆیان قایم دەکەن گەلی عەرەبیش هاو سۆز دەبن لەگەل عێراق ، دوای ئەوەی پێگەکانی لە بەسرە توند دەکا لە 1941/5/7 بەرەو ناوچەی (العشائر) جولە بە ئامێر و هێزەکانی دەکا و خەلکە قارەمانەکە روبەروی هێزێکی نابەرانبەر بونەوە توانیان سنگی داگیرکەربگرن، کوژراو بریندارێکی زۆر لەو خەلکە کەوت و دواجار توانیان سەرجەم خالە ستراتیجەکان و پردەکان دەست بەسەردا بگرن دوای ئەوەی زیانێکی زۆری لە گەلی قارەمانی بەرگریکار داو ژمارەیەک کوژراو بریندار‌ی لێکەوتەوە ، لە 9 ی مانگ بڕیاردرا کۆتایی بە خزمەتی ئەفسەرە بەریتانیەکان لە ناو سوپای عێراق بێنن ، لە 11 ی مانگیش سەرجەم کرێکار و فەرمانبەری بەریتانیی لەسەر کار لادا ، لە 13 ی مانگیش سەرۆک وەزیریان سەرفراز کرد کە دەسەلاتی ئەوەی هەبێ رێککەوتن بۆ کرینی هەموو جۆرە چەکێک واژۆ بکا .

شەڕو پێکدادان لەگەڵ سوپای بەریتانی لە دەورو بەری حەبانیە بەردەوام بوو لە کاتێکا دوو هێزی نابەرانبەر بون هەرچەندە سوپاکەی عێراق خاوەنی ئیرادەو ورەیەکی پۆلایین بوو بەڵام ئەمە بەس نەبوو بۆ شکست پێهێنانی سوپاکەی بەریتانیا چونکە ئەوان لە روی چەک و تەقەمەنیەوە بێ ئەندازەو بەهێز بوون فرۆکە جەنگیەکانیان بەردەوام هێزەکانی عێراقیان لە ( سن الذبان) لە 2 ی مایسەوە بۆردومان دەکرد لە کاتێکا سوپاکەی عێراق لە روی چەک و تەقەمەنیەوە پێویست بوو، هەروەها بەریتانیا هێزێکی تری لە فەلەستینەوە نارد کە پێکهاتبوو لە لیوایەک سەربازی پیادەو چەند کەتیبەیەکی تۆپ و ئالیەت بە هەموو جۆرە ئامێرێکەوە لەگەڵ یەک تیپی سەربازی عەرەبی کە (کلۆب پاشا) ی ئینگلیز فەرماندایەتیی دەکرد لە رۆژهەلاتی ئوردنەوە ناردی بە هانای هێزەکانی لە عێراق .

لە19 مانگ هێزەکانی بەریتانی بە پاسەوانی فرۆکە جەنگیەکانی لە ئاسمانەوەو هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر هێزەکانی عێراق کە زۆر نابەرانبەر بون، دوای شەرێکی سەخت و خوێناوی هێزەکانی عێراق تێکشکێنران و 320 سەرباز و 32 ئەفسەری عێراقیش بەدیل گیران و پاشماوەی هێزەکەش بەرەو بەغدا گەرایەوە بەم شێوە هێزەکانی بەریتانیا توانیان لە 5/20 فەلوجە بگرن، لە رۆژی دواتردا هێزەکانی عێراقی هێرشێکی بەرانبەریان کردەوە سەر هێزەکانی بەریتانیا لە فەلوجە بە نیازی ئازاد کردنی، ئەو هێزە پێکهاتبوو لە دوو فەوج کە 8 تانکیان لەگەڵدا بوو بەڵام لەو هێرشەیان کە شکان زیانی زۆریان بەر کەوت بریتی بوو لە کوژرانی 237 سەرباز و 11 ئەفسەر وتێکشکانی 7 تانک.

پاش ئەو شکستە مەزنەی هێزەکانی عێراقی لە فەلوجە، حکومەت هێلە بەرگریەکانی بەغدای توند کرد

چونکە هێزەکانی بەریتانی تەنها 60 کم لە بەغداوە دوربون بەڵام هێزەکانی بەریتانی پەلەیان کرد لە هێرش بردن لە سێ لاوە هێرشیان کردە سەر بەغدا لەگەڵ بۆردومانی بەردەوام، خەڵکی بەغدا پاش ئەوەی زیانی زۆری پێکەوت لە روی دەرونیشەوە شلەژان وا پێدەچو کە کار لەکار ترازابێ و جلەوەکە لە دەست گەیلانی و چوار جەنەرالەکە دەرچوبێ ، بۆیە داگیرکردنی بەغدا بوە پرسێکی کات و بەس ، ئەوکات گەیلانی و چوار جەنەرالەکە چاریان نامێنێ جگە لە راکردن بەرەو دەرەوەی بەغداو لە دوای خۆیان چارەنوسی نادیاری ئەو خەلکە جێبێلن ، لە 29 ی مایس چوار جەنەرالەکە رایان کردە ئێران دواتر هەریەک لە شریف شرف ،موحەمەد أمین زکي، ویونس سەبعاوی و رەشید عالی گەیلانی ،وأمین الحسيني ، بەدوایاندا رۆیشتن. پاشان لیژنەیەک بۆ دانوستان لەگەل بەریتانیەکان بە سەرۆکایەتی (ئەرشەد عومەری) پێکهات بۆ چۆنیەتی هاتنیان بۆ ناو بەغداو وەستانی تەقە لە هەردوو لا و گەرانەوەی وەسی (الوصی عبدالاله) بۆ شوێنی خۆی وەکو پێسپێردراو. .

لە 30 ی مانگ تەقە وەستا وەسی (الوصی عبدالاله) لە حوزەیران گەرایەوە بەغدا لە ژێر سێبەری داگیرکەرو بە یاوەری نوری سەعید،وعەلی جەودەت ئەیوبی، وداؤد الحیدري ، بەم شێوە بەریتانیاو وەسی (الوصی عبدالاله) لە گەیلانی و چوار جەنەرالەکە نەجاتیان بوو کە رۆلی مەزنیان لە سیاسەتی عێراق بینی، ئینگلیز دوبارە توانیی چنگی لە خێرو سەروەریەکانی عێراق قایمکا . نە بەریتانیا نە وەسی (الوصی عبدالاله) مێشکیان دەهەسێتەوە تا چوار جەنەرالەکە نەگیرێن ، ئەوەبوو هەوالگری بەریتانیا بەدوایانەوە بوو تا توانیی لە ئێران دەستگیریان کا. جگەلەمان یونس السبعاوی و صدیق شنشل (بەرێوەبەری گشتی پرۆپاگەندە ) کە کودەتا چیەکان دایانمەزراندبوو ، دواتر ئەنجومەنی دادگای سەربازی لەسەر یونس سەبعاوی دامەزراند و بە خنکاندن حوکمیان داو صدیق شەنشەل یش بە 5 ساڵ زیندانی کرا. لە 6 ی کانونی 1942 هەر چوار جەنەرالەکەشیان لە سێدارەدا بەم شێوە وەسی (الوصی عبدالاله) تا هەتایی لە لایەنگرانی ناحەزانی نەجاتی بوو بەڵام گەیلانی توانیی خۆی بگەیەنێتە تورکیا لای بالوێزی ئەلمانیا کە ئەویش بە دەوری خۆی بە یاوەری (ئەمین الحسینی) بیانگەیەنێتە ئەلمانیا ، لەوێ مایەوە تا ئەو کاتەی دلنیا بوو لە روخانی ئەلمانیا ئەوکات لە سویسراوە گەیشتە عەرەبی سعودی .

دوای ئەوە ئیدارەی ولات بوە ئیدارەیەکی سەربازی و دادگایەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی جەنەرال (مستەفا راغب ) دامەزراو حکومەت هەلمەتێکی گرتن و راوەدونانی هەموو ئەوکەسانە دەست پێکرد کە لایەنگری حکومەتی گەیلانی بوون ژمارەی گیراوەکان گەیشتە 20 هەزار کەس بە شێوەیەک نە زیندانەکان توانیان جێێ بکەنەوە نە بنکە پۆلیسیەکان ، دادگاش بە هەوەست و ئارەزوی خۆی کەوتە حوکمدانی ئەو خەلکە حوکمی بێویژدانانەی بەسەریاندا سەپاندن ، ئەم دادگا سەربازیە بەردەوام بوو تا ئاداری 1946 . .

هەروەها حکومەت هەلسا بە هەلوەشاندنەوەی مافی ئیمتیازی رۆژنامەکانی سەردەمی گەیلانی و مافی ئیمتیازی بەخشیە رۆژنامەنوسی تر کە کاریان تەنها هێرش کردنەسەر گەیلانی و چوار جەنەرالەکەو هەڵدان بە بەژن وباڵای ئینگلیز بوو ، گوشاریشی خستە سەر چاپەمەنیەکان هەر ئاماژەیەک بە خەراپی بۆ ئینگلیز بوایە قەدەغەی دەکرد و مافی کۆبونەوە گشتیەکان و دامەزراندنی رێکخراوەکانی دەرکرد ، لە جیات گەرانەوە بۆ ئەنجومەنی نەتەوە کە گەیلانی لەوێوە بریاری دەردەکرد، ئەمان فەرمانیان لەجیات پەرلەمان دەردەکرد بۆیە دەبینین لە 2 ی حوزەیرانەوە تا 7 ی تشرینی یەکەم لە 1941 حکومەت 11 فەرمانی دەرکردوە یەکێک لەو فەرمانانە ، فەرمانی هەموار کردنی ئیدارەی سەربازی بوو ، کە بە پێی

ئەو فەرمانە دەسەلاتی دابوو لایەنگرانی بزوتنەوەی گەیلانی دادگایی بکرێن ، فەرمانێکی تر ئەو کەسانەی هاوکاری یابەشداریان لە بزوتنەوەکە کردوە پلەکانیان لێ بستێندرێتەوە ، فەرمانی سێیەمیان ئەو ئەفسەرە پلە بەرزانەی گەیلانی خانەنشینی کردبون یا لەکاری دوری خستبونەوە یا بگەرێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان، هەروەها حکومەت هەڵسا بە خانەنشین کردنی ژمارەیەکی زۆر لەو ئەفسەرانەی گومانی لێ دەکردن کە هاوکاری یا بەشداری بزوتنەوەی گەیلانیان کردوە یا دلسۆزیان بۆ ئینگلیز نیە .

داگیرکەر، بەغدای کردبوە سەربازگەیەکی مەزن، نزیکەی سەدهەزار سەربازی لێ دابەزاندبوو ، حکومەتیش رێگەی پێدابوو ئەو سەربازانە تا تەواو بونی جەنگ لەوێ بمێننەوەو رێگەی پێدابون لە بەرێوە بردنی بەندەری بەسرا بەشداری بکەن بەم جۆرە ئینگلیز عێراقی بەرێوە دەبرد ، حکومەت ببوە گەمەی دەستیان ، بەم هۆیەوە گوزەرانی ژیانی هاوڵاتیان زۆر سەخت بوو کەرەستەی ناوماڵ و خۆراک دەستکەوتنیان کارێکی ئەستەم بوو لە هەموو روێکەوە بوبە قات و قری ، لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی حکومەتەکەی مەدفەعی پێشکەشی بە ئینگلیز کرد ئەوساش لە رەفتارو رێکارەکانی رازی نەبوو کە بەرانبەر بە لایەنگرانی گەیلانی کراوە پێی وابو دەبوایە زۆر لەمە زیاتر سزا بدرێن ، بۆیە لەو بروسکەی کە بالوێزی بەریتانیا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ناردوە لە 18 ی ئاداری 1941 بۆمان دەردەکەوێ کە تا چەند لە مەدفەعی نارازین و داوای دورخستنەوەی مەدفەعی و هێنانەوەی نوری سەعید دەکا کە پیاوی ئینگلیزەو بروای تەواویان پێی هەیە، لە بروسکەکەدا هاتوە :

( هەڵس وکەوتەکانی حکومەتی پێنجەمی مەدفەعی وا پیشان دەدەن کە روداوەکانی ئایار کودەتایەک بوە بەسەر حکومەتدا هاتوە وەکو ئەوەی حکومەتێک بچێ و یەکێکی تر بێ کە ئەمەش لە دوای مردنی مەلیک فەیسەلی یەکەم بۆتە نەریت بۆیە حکومەتەکەی مەدفەعێ وادەزانێ سەردەمێکی نوێیە و بە پەرۆشەوە سەیری ئەم گۆرانکاریەی روداوەکانی ئایاری 1941 دەکا، دەیەوێ پەردەی ریزو جوامێری لەسەر روداوەکان دادەتەوە کاتێک دەبینن وەزیرەکان بەدوای وەدەست هێنانی کانزاکانی بەریتانیەوە وێل دەبن، فەرمانبەران بە نابەدڵی کارەکانیان ئەنجام دەدەن ، دواتر مەدفەعی رێگری لە دەستێوەردانی ئینگلیز دەکا لە کاروبارەکانی ناوخۆی عێراق و رێکاری توند لەگەڵ ئەوکەسانە ناگرێتە بەر کە ناحەزی ئینگلیزن بەتایبەتی سوپایان لێ پاک ناکاتەوە ، مەدفەعی بالوێزخانەی بەریتانیا بەوە تاوانبار دەکەن کە کار بۆ روخاندنی حکومەت دەکا وناکۆکی لە نێوان کاربەدەستان دروست دەکا . .

دواتر ئینگلیز هەوڵیدا وەزارەتی مەدفەعی بروخێنێ بە نانەوەی ئاژاوە لە نێوان کاربەدەستان بەتایبەتی لەگەڵ (ئیبراهیم کەمال)ی وەزیر کە مەدفەعی بەوە تاوانباری دەکا کە هاوکاری کودەتا چیەکان بوە و دەمەقالێیان لە نێوان دروست بوو ، ئەم فشارانە وایان لە مەدفەعی کرد دەست لەکار بکێشێتەوە لە 2 ی ئەیلول یاداشتی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی دایە وەسی (الوصی عبدالاله) و ئەویش دەست بەجێ قەبولی کرد ، بالوێزی بەریتانیا داوای لە وەسی (الوصی عبدالاله) کرد نوری سەعید راسپێرێ بۆ کابینەی نوێی وەزاری ، ئێستا کاتەکە هات کە دوبارە نوری سەعید رۆلی هەبێ و دەست بکا بە سەرکوتکردنی جولانەوە ئازادیخوازەکان و دەستگیر کردنی ناحەز و ئەوانەی لە روداوەکان بەشداریان کردوە بەتایبەتی لایەنگرانی گەیلانی .

-----------------------------------

## بەشی هەشتەم

## نوری سەعید تۆلە لە کودەتا چیەکان دەکاتەوە :

**1- نوری سەعید کابینەی شەشەم پێکدەهێنێ و تۆلە لە کودەتاچیەکان دەکاتەوە.**
**2- نوری سەعید عێراق توشی شەڕی ئیمپریالیزم دەکا:**
**3- نوری سەعید دەستور هەمواردەکا،وەسی (الوصی عبدالاله) بە پێسپێردراو دادەمەزرێنی و دەسەلاتی زۆری پێدەدا.**
**4- نوری سەعید سەختەکاری لە هەلبژاردندا دەکا، کابینەی هەشتەمیش پێکدەهێنین.**
**5- دروست بونی ناکۆکی لە نێوان نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالاله) ، ودەستلەکارکێشانەوەی حکومەت .**

### یەکەم/ نوری سەعید کابینەی شەشەم پێکدەهێنێ و تۆلە لە کودەتاچیەکان دەکاتەوە

لە 1941/9/2 لەگەڵ حکومەتی جەمیل مەدفەعی دەست لە کار دەکێشێتەوە ، بالوێزخانەی بەریتانیا فەرمانیان بە وەسی (الوصی عبدالاله) دا کە نوری سەعید بۆ کابینەی نوێێ وەزاری راسپێرێ ، ئەوکات نوری سەعید وەزیری رێگەپێدراوی عێراق بوو لە قاهیرە، لە 1941/10/9 ئیرادەی مەلەکی دەرچو بە راسپاردنی نوری سەعید بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ، ئیتر نوری سەعید کەوتە خۆ بۆ دەستنیشان کردنی وەزیرەکانی لەوکەسانەی لایەنگری تەواویان بۆ ئینگلیز هەیە و دوژمنایەتی و ناحەزیان لەگەڵ گەیلانی و

چوار جەنەراڵەکە هەیە ، بۆئەوەی حسابەکانی لەگەڵ ئەوکەسانە یەکلایی بکاتەوە کە دژی پەیمانی 1930 بون و پشتگیری گەیلانیان دەکرد بۆئەوەی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا مسۆگەر بکا، پێکهاتەی وەزارەتیشی بەم شێوەیە هات :

1 - نوری سەعید- سەرۆکی وەزیران و وەزیری بەرگری .
2 - سالح جەبر- وەزیری ناوەخۆ .
3 - عەلی ممتاز ئەلدەفتەری - وەزیری دارایی .
4 - صادق ئەلبەسام - وەزیری داد .
5 - تحسین عەلی - وەزیری زانست .
6 - موحەمەد أمین زكي - وەزیری گواستنەوەو کار .
7 - جەمال بابان - وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی .
8 - عبد المهدي -وەزیری ئابوری .

**1/ بەرنامەی حکومەتی نوری سەعید.**

نوری سەعید بەرنامەی کاری حکومەتەکەی بە هەشت خاڵ دارشت و دایە دەست باڵوێزی بەریتانی و وێنەیەکیشی لەو بەرنامە دایە باڵوێزی ئەمریکاو ئەویش بە دەوری خۆی بە بروسکە لە 10/9 بۆ حکومەتەکەی نارد کە بریتی بوو لە :

1- پەیمان دەدەین پەیماننامەی بەریتانیی عێراقی بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ دەکەین بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بونی هێزەکانی بەرەگری بەریتانیەوە هەیە لە عێراق .
2- پەیمان دەدەن سوپا لە لایەنگرانی رەشید عالی گەیلانی و تەوەرەکەی پاک کەینەوە .
3- پەیمان دەدەین گەیلانی و هەر چوار جەنەراڵەکە کە لە بزوتنەوەکە بەشداریو پاڵپشتیان کردوە بیان دەینە دادگا.
4 - پەیمان دەدەین سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی لایەنگری گەیلانی وتەوەرەکەی بون لە سەرکار لابەرین و کەسە چالاکەکانیان دەستگیر دەکەین .
6- پەیمان دەدەین سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لایەنگری گەیلانیان کردوە لەسەر کاریان لابەین و بەرنامەی خوێندنەکانیش لەو بابەت و زاراوانە پاک کەینەوە کە دژی بەریتانیان.
7- پەیمان دەدەین گۆرانکاریەکی ریشەیی لە وەزارەتی ناوەخۆدا بکەین بە راوێژ لەگەڵ راوێژکاری بەریتانیا لە وەزارەت .
8- پەیمان دەدەین لە ماوەی جەنگدا پرسی فەلەستین و پرسەکانی تری عەرەبی نەوروژێنین .
9- پەیمان دەدەین باڵوێزخانەی (فیش) دابخەین کە ئەلمانیادوای داگیر کردنی فرەنسا دایناوە .

بەم شێوە لە 1941/10/29 نوری سەعید دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی، سەرەتا بە دەستگیر کردنی گەورە کەسایەتی سیاسیی نیشتمان پەروەر دەست پێکرد و لە گرتوخانەی (فاو)

دەستبەسەری کردن لە 10/20 ش هەلمەتی گرتنی دوەمی دەست پێکرد کە ژمارەیەک لەو کەسانەی دژایەتی سیاسەتی بەریتانیایان دەکرد، دەستگیری کردن، لە 27 ی هەمان مانگ ئەمجارەیان ژمارەیەکی لەو ئەفسەرانە دەستگیر کرد کە لە دوای شکستی بزوتنەوەی گەیلانی خانەنشین کرابون ، هەمویانی لە گرتوخانەی (فاو) دەستبەسەر کردن.

لە 7 ی ئاداری 1942 هەلمەتی گرتنی چوارەمی دەست پێکرد کە ژمارەیەک لە نیشتمان پەروەرەکانی گرتەوە، هەلمەتی پێنجەمیش لە 7ی تەموز دەستپێکر ئەمانیان لە گرتوخانەی عمارە زیندانی کرد، لەم هەلمەتانەی دواییدا باشترین مامۆستاو دکتۆر و پارێزەرو میدیاکاری تێدابوو وێرای کاسبکارو بازرگان، ئەم هەلمەتەی گرتنانەی لە ژێر پاساوو فەرمانی( پاراستنی ئاسایشی گشتی و سەلامەتی وولات) بە ژمارە 56 لە ساڵی 1940دەستپێکرد، بە پێێ ئەم فەرمانە مافەکانی دەستوری هاوڵاتیان بلۆک کرابوو دەستی دەزگا کانی ئاسایش و پۆلیس و وەزارەتی ناوەخۆی والا کردبوو بۆ راوەدونانی خەلک و زەوت کردنی مافی سڤیلیان بە هەوەستی خۆیان .

بەهۆی پەرەسەندی هەلمەتی راوەدونانی خەلک و گرتن وزەوتکردنی مافەکان وەزیری داد (صادق ئەلبەسام) وەکو نارەزایی لەم رەفتارانەی نوری سەعید دەستی لەکار کێشایەوە ، لە 1942/2/9 دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبول کراو ئیرادەی مەلەکی بۆ (داود حەیدەری ) دەرکرا کە شوێن ئەو بگرێتەوە .

.

توفیق السوێدی رەفتارەکانی نوری سەعید بەم شێوەیە باس دەکا :

(حکومەتی نوری سەعید بەوکارانە هەڵسا کە حکومەتی جمیل مەدفەعی پێی هەلنەدەستا ، ئەوە مەزندە دەکرا کە حکومەتی نوری سەعید بەوکارانە هەڵدەستێ کە لەگەڵ ئارەزوەکانی بەریتانیا دێنەوە ، ئەمە ئەوکاتە بەدیکرا کاتێک ئەو کەسانەی هەلبژارد کە جیاوازیان خۆشەویستیانە بۆ بەریتانیا، ئەگەر پیاوی ئەویش نەبن) .

پاش هەلمەتی دەستگیرکردنەکان حکومەتی نوری سەعید هەڵسا بە دادگایی کردنی گەیلانی و هاورێ وەزیرەکانی هەریەک لە [عەلی مەحمود شیخ عەلی] و [ یونس سەبعاوي] و[ فەریق ئەمین زەکي]جێگری سوپاسالارو چوار جەنەرالەکە[ سەلاحەددین سەباغ] و[ مەحمود سلمان ] و[ کامل شبیب] و[ فەهمی سەعید] دادگای سەربازی حوکمی گوللە بارانی بۆ هەرهەمویان دەرکرد، تەنها بۆ ئەمین زەکی حوکمی لە سێدارەدانەکەی بۆ کرایە هەتاهەتایی و لەگەل کاری قورس. هەروەها حوکمی پانزە سال بە کاری قورسەوە بۆ وەزیر(ناجی شەوکەت دەرکرا) و دکتۆر موحەمەد حسن سلمانیش بە ساڵێک و (صدیق شەنشەل) بە پێنج ساڵ حوکم دران، نوری سەعید بەوەندە دڵی ئاوی نەخواردەوە بۆیە هانی ئینگلیزی دا تا کۆنە وەزیرەکانیش هەریەک لە[ ناجي ئەلسوێدی] و [ رؤوف بەحرانی] و[ موحەمەد عەلی مەحمود] و[ موسا شابەندەر] و[ عەبدولقادر الکیلاني دەستگیر بکا و بۆ سالزبۆریی باشوری ئەفریکایان دور بخاتەوە.

.

لە 1942/5/4 ش بەریتانیا ئەم کەسایەتیانەی رادەستی عێراق کرد تا دادگاییان بکا: [ یونس سەبعاوی] و[ مەحمود سلمان] و[ فەهمی سەعید] کە هەمان رۆژ لە دادگای سەربازی ئەو حوکمەی پێشتر بەسەریاندا درابوو پەسند کرا کە حوکمی لەسێدارەدان بوو لە 1942/5/5 واتە رۆژی دواتر بە ئامادە بونی وەسی (الوصی عبدالالە) حوکمەکەیان بەسەردا جێبەجێ کرا . بەم هۆیەوە نیگەرانی و نارەزاییەکی زۆری خەلک دژی حکومەتەکەی نوری سەعید دروست بوو، خەلک تۆقاندن و راوەدونان ببوە نەریتی رۆژانەی

حکومەت ئاستی نارەزایی خەلک لە نوری سەعید و بەریتانیای داگیرکەر گەیشتبوە ئاستێکی بەرز چونکە ترس و تۆقاندنێکی زۆری خستبوە دڵی خەلک ، لە ترسی تورەیی ئەو خەلکە نوری سەعید بۆماوەی مانگێک لە ماڵ دەرنەچو. بۆ گیانی ئەو ئەفسەرە شەهیدانە شاعیری عێراقی (مەعروف الرصافی ) هاتۆتە دەنگ بە هەلبەستی (عصماء) (پارێزراو). پاش جێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدان بەسەر حوکمدراوەکان نوری سەعید داوای لە ئینگلیز کرد تا دورخراوەکانی باشوری ئەفریکا بگەرێنێتەوە ولات تا دادگاییان بکەن ، بەریتانیا داواکەی جێبەجێ دەکاو دەیانگەرێنێتەوە ولات و لە 1944/8/16 بە دادگای سەربازی دادگایان دەکا، لەوانە (کامل شەبیب) بە سێدارەدان حوکم درا و هەر رۆژی دوایی واتە 8/17 حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و هەریەک لەم وەزیرانەش بە پێنج سال زیندانی حوکم دران ( موحەمەد عەلی مەحمود] و[ موسی شابەندەر] و[ رؤوف بەحرانی] و شەریف شەرەف کە کرابوو بە پێسپێردراو لە شوێن وەسی (الوصی عبدالاله) بە سێ ساڵ زیندانی و رەووف بەحرانی بە دوو ساڵ و عبدالقادر گەیلانی بە سێ مانگ ، دواتر وەسی (الوصی عبدالاله) بریاریدا کە ئەمان بە زیندانی ئاسایی حساب بکرێن پێکانیان بە زنجیر بەستنەوە . (سەلاحەدین سەباغ) یش رایکردە تورکیاو تا 1945 لەوێ مایەوە تا ئەوکاتەی لە ژێر فشاری بەریتانیا حکومەتی تورکیا لە تشرینی یەکەمی 1945 رادەستی عێراقی دەکاتەوەو وەسی (الوصی عبدالاله) بریار دەدا لەبەر دەمی بارەگای وەزارەتی بەرگری لەسێدارەت بدەن ، لە 16 هەمان مانگ فەرمانەکە جێبەجێ کراو تا ماوەی چەند کاتژمێرێک لاشەکەی بە هەلواسراوی لەو شوێنە دەمێنێتەوە کە لێی لە سێدارە دەدرێ. لەوکات وەسی (الوصی عبدالاله) خۆی ئامادەدەبێ وخنکزندنەکە دەبینێ . ناجی شەوکەت یش دوای شەرەکان لە ئیتالیا ئەمریکا دەستگیری دەکاو دەیداتەوە بە عێراق ئەوانیش بە 15 ساڵ حوکمی دەدەن.

بەم شێوە نوری سەعید سەلماندی کە پیاوی کارە سەختەکانی بەریتانیایە وشایەنی سوپاس و ستایشی (چرچل)ی سەرۆک وەزیرانیەتی کە لە بروسکەیەکدا وای بۆ دەنوسێ: ( لەماوەی ئەم پانزە مانگەی رابردوو بە ووردی چاودێری روداوەکانی عێراقم کردوە، ئەو چاک بونەی دۆخەکانی عێراقی ئەم دواییە بە چاودێری وەسی (الوصی عبدالاله) و ئامۆژگاریی حەکیمانەتان ئەنجام دراوە مایەی دلخۆشی هەموو برادەرانی عێراقە ، من بەراستی ئەو وەفاداریەی عێراق کە خستیە ئەستۆی خۆی لە جێبەجێ کردنی پەیماننامەی نێوان بەریتانیا وعێراق بە ریزەوە سەیری دەکەم ، هەروەها ئەو شێوازو رەفتارانەی لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی دەکا لە هاوکاری کردن و دژایەتی کردنی ستەمکار و نازیەکان و جنۆکەکانی شەردا) .

ئەم رێکارە ستەمکاریەی حکومەتی نوری سەعید دۆخێکی نالەبارو ترسناکی خولقاند مەترسی کەوتە دڵی هەموو خەلک، لە ترسی تۆلە سەندنەوە وەزیرەکانیش لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر دزەیان دەکرد و خۆیان حەشاردەدا تا وای لێهات نوری سەعید ناچار دەبێ لە 1942/10/3 دەست لەکار کێشانەوەی وەزارەتەکەی رادەگەیەنێ . وەزارەتی دەرەوەی بەرەیتانیا داوا لە وەسی (الوصی عبدالاله) دەکا دوبارە نوری سەعید بۆ پێکهێنانی کابینە راسپێرێ ، داواش لە نوری سەعید کرا کەسێکی بەهێز بۆ وەزارەتی دارایی دەستنیشان بکا ، ئەمیش(صالح جەبر ) دەست نیشان دەکاو پێکهاتەی کابینەی حەوتەمیشی بەم شێوەیە بوو :

1 - نوري سەعيد سەرۆک وەزيران و وەزيری بەرگری.
2 - تحسين عەسكري - وەزيری ناوەخۆ.
3 - صالح جەبر - وەزيری دارايی.
4 - عبد الإله حافظ - وەزيری دەرەوە .
5 - داود حەيەدري - وەزيری داد .
6 - عبد المهدي - وەزيری كار و هات و چۆ .
7 - تحسين عەلی - وەزيری زانست .
8 - عبد الموحسين شلاش - وەزيری ئابوری.
9 - ئەحمەد موختار بابان - وەزيری كاروباری كۆمەڵايەتی.

لە درێژەی باسەكانيدا سەبارەت بە بەرنامەی كابينەی، ووتی بەرنامەی كابينەكەمان درێژە پێدەرو تەواوكەری بەرنامەی كابينەی پێشوە ، هەولەكانيشمان لەسەر چاكسازی لە وەزارەتی زانست و كاروباری ئابوری و بوژاندنەوە چر دەكەينەوە.

دوو حەفتە بەسەر پێكهێنانی كابينەكە تێنەپەری كە دوو لە وەزيرەكان بەهۆی نارەزاييان لە سياسەتی دەرەوەو ئابوری دەست لەكار دەكێشنەوە كە هەريەک لە عبد الموحسين شلاش ـ وەزيری ئابوری و عبد المهدي ـ وەزيری كار و هاتوچۆ بوون ، ناچار نوری سەعيد دوانی تر لە شوێنيان دادەمەزرێنێ كە (عەبدولرەزاق ئەازەري] و[ سەلمان ئەلبەراك] بوون .

---

## دووەم/ نوری سەعيد عێراق توشی شەڕی ئيمپرياليزم دەكا:

نوری سەعيد دەبوايە بەردەوام بێ تا هەموو داواكاريەكانی داگيركەرجێبەجێ دەكا، لە سەروی ئەم داواكاريانە راگەياندنی جەنگە لەسەر ولاتانی محوەرەكە بۆيە تەنها 28 رۆژ بەسەر پێكهێنانی كابينەكەيدا تێپەری كە جەنگ لەسەر ئەو ولاتانە رادەگەيەنێ ، لە شەوی 17/16كانونی دوەمی 1943 ئيرادەی مەلەكی دەردەچی بە راگەياندنی جەنگ لەسەر ولاتەكانی محوەر بەم بڕيارەيان نوری سەعيد و وەسی (الوصی عبدالاله) عێراقيان لە كارەساتی جەنگ تێوە گلاند لە كاتێكا هيچ بەرژەوەنديەكی عێراقی تێ نەبوو جگە لە بەرژەوەنديەكانی بەريتانيا نەبێ ، ئيتر نوری سەعيد لە راوەدونان و تۆقاندنی كەسە نيشتمانپەروەرەكان بەردەوام دەبێ تەنانەت هەموو ئەوكەسانەی بۆنی دژايەتی بەريتانيايان لێدێ دەستگيريان دەكا، بەم جۆرە دادگا سەربازی كە بوو بە ئاشی خەلک هاڕين، خەلكە نيشتمانپەروەر و بێ دەسەلاتەكە ، نوری سەعيد خۆيشی وەكو ئامێرێكی لێهاتبوو لەدەست ئينگليز، دەستی دەخستە نێو هەموو

کارەکانی وولات بە درشت و وردەوە ، فەرمانی بە هەوەست خۆی دەردەکرد بە گرتن و دادگایی کردنی خەلک .

## سێیەم/ نوری سەعید دەستور هەمواردەکا،وەسی (الوصی عبدالالە) بە پێسپێردراو دادەمەزرێنێ و دەسەلاتێکی زۆری پێدەدا:

دوو مانگ بەسەر دامەزراندنی حکومەتەکەیدا تێنەپەری کە نوری سەعید هەمواری دەستور دەکا بۆ ئەوەی دەسەلاتەکانی وەسی (الوصی عبدالالە) و حکومەت زیاتر بکا ، هەموارەکە بەندی 43 ی گرتەوە، یەکێک لە مەزنترین گۆرانکاریەکان ئەوەبوو دەسەلاتی لەسەرکار لابردنی وەزیری بە وەسی (الوصی عبدالالە) بەخشی ، سەرەرای ئەوەی کە لە دەستوردا هاتوە نابێ هیچ دەسەلاتێک لە پادشا کەم بکرێتەوە تا ئەو کاتەی پێسپێردراو لەسەر کارە و مافەکانی پادشا پیادە دەکا ، هەروەها دانانی بە پێسپێردراو ئەمەشیان لە هەموارە گرنگەکان بوو. .

نوری سەعید لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی [ جەمیل مەدفەعی] و ئەندامێتی [ توفیق ئەلسوێدی] و[ عومەر نظمي] و[ مەحمود صبحي ئەلدەفتەری] و[ موستەفا عومەری] و[ نوري القاضي] و[ عەبدولوەهاب مەحمود) دروست کرد بۆ دیراسەکردنی هەمواری دەستور لیژنەکە بریاری دا بە پێکهێنانی دادگایەک بە سەرۆکایەتی موحەمەد ئەلسەدر و ئەندامێتی چوار لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران هەریەک لە [ عومەر نظمي ] و[ مەحمود صبحي ئەلدەفتەری ] و[ صالح باش ئەعیان] و[ موحسین شلاش) لەگەل سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەو سێ ئەندامی ئەو دادگایە ، لە دیارترین ئەو هەموارانە :

1- لەسەر کار لادانی وەزیر لە دەسەڵاتی پادشا یا پێسپێردراو بێ.
2- هەلوەشاندنەوە یا سڕ کردن یا بڵاوە پێکردنی ئەنجومەنی وەزیران لە دەسەڵاتەکانی پادشا بێ .
3- دەسەلات بدرێتە حکومەت یاسا یا فەرمان دەربکا تایبەت بە دەستبەسەردا گرتنی مولک و مال و سەپاندنی قەرز بەسەر خەلک .
4- رێگە بە سەرکردەی حزبەکان نەدرێ یاداشت دژی سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکان بۆ پێسپێردراو یا حکومەت بەرز بکەنەوە، تەنها دەزگا حکومیەکان بۆیان هەیە یاداشت بەم مەبەستە بەرزکەنەوە .
5- پادشا مافی خۆیەتی لە دەولەت دورکەوێتەوەو یەکێک بە جێگری خۆی دابنێ پاش ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریاری لەسەر دەدا .
6- ئەو بەندە هەموار بکرێت کە تایبەتە بە دیاری کردنی جێنشینی پادشا و ئامادە کاری بکرێ بۆ دامەزراندنی وەسی (الوصی عبدالالە) بە جێنشینی پادشا ( دواتر ئەمەش کرا).
7- نابێ هیچ یاسایەک دابرێژرێ بە لێبوردن لەوکەسانەی دەستدرێژیان کردۆتە سەر حکومەت، (مەبەستی نوری سەعید لەمەیان گەیلانی و لایەنگرانی بوو ئەوانەی لە روداوی 1941/5/2 بەشداریان کردوە )

8- ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران بکرێتە چواریەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، پاش ئەوەی کە لە دەستوردا هاتبوو دەبێ ژمارەیان بیست بن، ئەم هەموارەی بۆ مەرامەکانی خۆی بون تا شوێن کۆنە سەرۆک وەزیر و وەزیە کۆنەکان.

بەم شێوە هەموارەکان بۆئەوە بون تا دەسەلاتی زیاتر بە وەسی (الوصی عبدالالە) و حکومەت بدەن، ئەمانەش هەمویان لەسەر حسابی مافەکانی گەل و دەستور بون.
ئەمە دوا هەموار نەبوو نوری سەعید ئەنجامی دا بەلکو لە کابینەی دواتریشی دوبارە هەمواری هەندێک لە ئاربەندەکان کرد کە بە جارێک ئازادیەکانی پێپەست کردن دەستوریشی لە هەموو مافێکی هاوڵاتیان خالی کرد ، دواتر نوری سەعید مەبەستی بوو ئەم هەموارانە لەلایەن پەرلەمانی حکومەتی بەرگری نیشتمانی حکومەتی( رەشید عالی گەیلانی) پەسند بکا بۆئەوەی شەرعیەت وەرگرێ، دیارە ئەمەشی بۆ چوە سەر و لە دانیشتنەکەی 1943/5/27 پەسند کرا کە 78 ئەندام رەزامەندیان لەسەردا دیارە تەنها ئەوەندە ئەندام ئامادە ببون ژمارەی 59 ئەندامیش ئامادە نەببون، دواتر خرایە بەردەم ئەنجومەنی پیران ئەوانیش لە دانیشتنی 1943/6/9 وەسی (الوصی عبدالالە) پەسندی کرد.

## چوارەم / نوری سەعیدسەختەکاری لە هەلبژاردندا دەکا، کابینەی هەشتەمیش پێکدەهێنین:

کاتێک نوری سەعید توانیی رەزامەندی ئەنجومەنی نوێەران لەسەر هەموارەکە وەرگرێ دەبوایە ئەنجومەنەکە هەلوەشێنێتەوەو هەلبژاردنێکی تری ساختە ئەنجام بدا ئینجا ئەنجومەنە نوێکە بڕیارەکەی ئەنجومەنە کۆنەکە پەسند بکەن ، بۆیە لە 1943/6/9 پەرلەمانی هەلوەشاندەوە و لەژێر دادگای سەربازی (فەرمانی پاراستنی ئاسایشی ولات و سەلامەتی دەولەت)ی بێ ئابرو هەلبژاردنێکی تری ئەنجام دا، بۆ ئەم مەبەستە لیستێکیان ئامادە کرد کە لیستی وەسی (الوصی عبدالالە) و بالوێزی بەریتانیاو نوری سەعید بوو ، ئەنجامی هەلبژاردنەکە بە زۆرینەی لایەنگرانی عبدلالە تەواو بوو . نوری سەعید لە دانیشتنی رۆژی 1944/1/15 سەرزەنشتی ئەو ئەندامە رکابەرانەی کرد کە دژی حکومەتن، پێی ووتن :
( سیستەمی حوکمرانی ئەوەیە کە هەلبژاردن لە وولاتدا ئەنجام بدرێ، گەل ئەوکەسە هەلدەبژێرێ کە دەبێتە چاودێر لەسەر کارەکانی حکومەت و بەرێوە بردنی کاروبارەکانی دەولەت، ئەمە بنەمای حوکمرانیە) . بەڵام لەبەر ئەوەی یاسای هەلبژاردن لەدەست ئێمەیە من بانگتان دەکەم ئێوەو ئەو خودایە هیچ کامێکتان جا هەر پێگەیەکتان هەبێ لە هەر پێکهاتەو توێژێک بن هیچ گرنگ نیە با خۆی کاندید بکا بە بێ رەزامەندی حکومەت من روبەروی ئەو کەسە دەبمەوە ئەگەر توانیی لەو هەلبژاردنە دەرچی چی دەلێن من وا دەکەم ، بەڵام پێتان دەلێم ئەوەی حکومەت بیەوێ ئەو دەردەچێ، ئەوەی تر هەرکەسێکی لە پشت بێ ناتوانێ دەرچێ ئەوە چاک بزانن.
ئا بەم شێوە نوری سەعید هەلبژاردنی ئەنجامدا تا بتوانێ زۆرینەی رەها بەدەست بێنێ ئەوساش بتوانێ

به ئاسانی بەرنامەکانی بەریتانیا جێبەجێ بکا کە لەسەروی هەموویانەوە سەپاندنی هەیمەنەتی بەریتانی بوو بەسەر عێراقدا.

له 1943/12//19 دوای هەلبژاردنەکان نوری سەعید دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی راگەیاند ، وەسی (الوصی عبدالاله) دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبول کردو دواتر هەر نوری سەعیدی راسپاردەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ کە لەم وەزیرانە پێکهاتبون :

1 - نوری سەعید- سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری.
2 - توفیق ئەلسوێدی - بریکاری سەرۆک وەزیران .
3 - مەحمود صبحي ئەلدەفتەری - وەزیری دەرەوە .
4 - عومەر نظمي - وەزیری ناوەخۆ .
5 - عەلی ممتاز ئەلدەفتەری - وەزیری دارایی.
6 - ئەحمەد موختار بابان - وەزیری داد .
7 - صادق ئەلبەسام - وەزیری کار و هاتو چۆ .
8 - عبد الإله حافظ - وەزیری زانست .
9 - سلمان البراك - وەزیری ئابوری .
10 - موحەمەد حسن کبە - وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی .
11 - ماجد موستەفا - وەزیری بێ وەزارەت .

یەکەم ئەرک دوای دامەزراندنی کابینەکەی کە نوری سەعید کردبویە بەرنامە، کەمکردنەوەی سوپا بوو لەرێگەی بێهێزکردن و بەرتەسک کردنیەوە و کەمکردنی چەکەکانیان، بۆئەوەی جارێکی تر ئەوەی لە بزوتنەوەی رەشید عالی گەیلانی لە نیسان و ئایاری 1941 بەسەری هات دوبارە نەبێتەوە کاتێک لە ئەنجامی دوبارە داگیر کردنەوەی عێراق لەلایەن بەریتانیەکانەوە هەستی ئەفسەرو سەربازەکان بریندار دەبێ و بەگژ بەریتانیادا دێنەوە .

دوای ئەوەی ژمارەی سوپای عێراق بەر لە روداوەکانی 1941(45) هەزار سەربازو (1800) ئەفسەر بوو نوری سەعید ئەم ژمارەی بۆ (25) هەزار سەرباز کەم کردەوەو ژمارەیەکی زۆریشی لە ئەفسەران لە خزمەتی سەربازی دورخستەوە بە ئەندازەی نیو بەنیو، لە جیات ئەوان ئەفسەرە دورخراوەکانی گەراندەوە ریز سوپا. لە هەمان کاتیشدا ژمارەی پۆلیس وئاسایشی زیاد کرد بە زیاد کردنی بودجەی سالانەیان بۆ سێ بەرانبەری بەر لە روداوەکانی 1941دیارە ئەمانەش هەموی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و نارەزاییەکان بوو .

هەروەها سەرجەم کارگەو کۆگاکانی خستنە ژێر خزمەت سوپای بەریتانی و چالاکیە سەربازیەکانی ، دوای ئەوە روباری دیجلە لافاوێک لەگەڵ خۆیدا دێنێ سەربازگەی رەشیدو بارەگای هێزی ئاسمانی و کۆگاکانی تەقەمەنی دادەگرێ و هەموی ژێر ئاو دەکەون، ئیتر عێراق دەبێتە خاوەنی کۆگایەکی خاڵی و بێ تەقەمەنی یەدەگ.

ئەو سەربازەی هەشی بوو لە دژی کوردەکان لە کوردستانی عێراق خستنیە حالەتی شەرو گێچەل پێکردن بە کوردەکان ، بەهۆیەوە مەلا مستەفا شەری دژی بەغدا راگەیاند ، ئەوکات دەوترا کە بالوێزخانەی بەریتانیا ئەم پیلانەی بۆ عێراق ناوەتەوە کە سوپاکەی بە لێدانی کوردەکان ماندوو بکا تا بێهێز

بێ. نوری سەعید بەمەش نەوەستا هەرچی توانای وولات هەیە بە خێر وبێریەوە خستیە خزمەت سوپای داگیرکار. بەنمونە بەندەر و فەرمانگەی پۆست و هێلی شەمەندەفەر و تەلەفۆن و بروسکە و نەخۆشخانەو فەرمانگەی کارو کارگەکانی هەمویان لە خزمەتی هێزەکانی بەریتانیدا بون بێ بەرانبەر، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرە مەزنەکانی هێزەکانی بەریتانی ڕێگاو بانەکانی عێراق هەمویان پەکیان کەوت و کاول بوون .

پوختەی وتەکان ئەوەیە کە هیچ شتێک نەما نوری سەعید نەیخاتە بەردەست بەریتانیەکان تەنانەت بەرهەمی دانەوێلەو بەرهەمە ئاژەلیەکانیش لە ئەنجامی دەست بەسەردا گرتنی حکومەتی بەریتانیا لە بەرانبەر نرخێکی سومبولی ، قات و قری ولاتی گرتەوە نرخی بەرهەمەکان لە بازار بەرز بونەوە خەلکی هەژار بۆ وەدەست هێنانی دەبوایە بە نرخێکی زۆر بیکرن ئەمەش کاری کردە سەر جولەی بازرگانی و کرین و فرۆشتن لە بازارەکان. لە روی سیاسەتی ناوەخۆشەوە ، نوری سەعید مۆلەتی کارکردنی سەرجەم حزب و کۆمەڵەکانی هەلوەشاندەوە کە پێشتر بونیان هەبوو بەهۆی ستەم و فشاری حکومەت لەکار کەوتبون ئەم هەلوەشاندنەوەشی بە بڕیارێک جێبەجێی کرد کە لەو بڕیارە نوێیە دەسەلاتیان بە وەزیری ناوەخۆ دابوو سەرجەم حزب و کۆمەڵەکان هەلوەشێنێتەوە ئەوەی هەوەستی بێ ، دەستیش بەسەر مومتەلەکاتە کانیاندا بگرێ بۆ بەرژەوەندی دەولەت .

ئەو سیاسەتەی نوری سەعید لە هەرسێ حکومەتەکەی پیادەی دەکرد ببوە مایەی گالتەجاری خەلک، هەرچەند نوری سەعید درێژەی بەو سیاسەتانە دەدا نارەزایی لە نێو ریزەکانی خەلک لە زیادبوندا بوو تا گەیشتە ئەو رادەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە خۆی هێنابونی ئەوانیش نارەزاییان لە سیاسەتەکەی دەردەبری هێرشیان دەکردە سەری لەو تاوانانەی ئەنجامی دەدا .

## پێنجەم/ ناکۆکیی نێوان نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالاله) ، دەست لەکار کێشانەوەی حکومەت.

ئەو هەلوێست و رەفتارانەی نوری سەعید بەرانبەر بە وەسی (الوصی عبدالاله) نواندی نەبونە مایەی رەواندنەوەی گرژی و ناکۆکیەکانیان بەڵکو توندتر بون لەسەر ململانێی فراوان کردنی پێگەو لایەنگریان ، پاش هەموار کردنی دەستور و پێدانی دەسەلاتی رەها بە وەسی (الوصی عبدالاله) بەتایبەتی بونی بە جێنشینی پادشا، توشی لەخۆبایی بون هات، هەوڵی بەهێز کردن و قایم کردنی پێگەکانی دا خۆی دەدا لە ناو حکومەت ، کاری بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی دەکرد لە نێو ئەنجومەنی پیران و نوێنەران، بە ئاشکەرا بۆ بەرژەوەندی پیاوەکانی دەستی لە هەلبژاردنەکانی 1943/6/9 وەردەدا ، نوری سەعیدیش ئەمەی بە پێشێلکاری دەزانی بەهۆیەوە گرژی کەوتە نێوانیان ئەگەر نوری سەعید بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) ی دانەنابا توشی قەیرانی وەزاری دەبون .

ئەم ناکۆکیەش ئەوکاتە دەرکەوت کاتێک لە نێو پەرلەمان دەمەقاری لە نێوان ئەندامانی لایەنگری نوری سەعید و لایەنگری وەسی (الوصی عبدالاله) دروست دەبێ ، ئەمە لەو یاداشتەی نوری سەعیددا هاتوە کە

له حالەتێکی تورەوە بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) ی نوسیبوو ،ئەمەش بوە هۆی ئەوەی وەسی (الوصی عبدالاله) تورە ببێ .

کاتێک نوری سەعید لە هەموارکردنی دەستور تەواو دەبێ هەست بە خۆشی و سەرکەوتن دەکا هەست دەکا کە دەستی بەسەر تواناکانی ولاتدا گرتوە ، بەڵام بە پێچەوانەوە دەردەچێ ناکۆکیەکان بەهۆیەوە قولدەبنەوەو هەرلایەو لە هەولی قۆرخ کردنی دەسەلات و پەراوێز خستنی لایەنی تردان. ناکۆکیەکان زیاتر وەدەردەکەون کاتێک نوری سەعید لە 1943/12/25 حکومەتی هەشتەم پێکدەهێنێ وەسی (الوصی عبدالاله) لیستی کۆشکی مەلەکی بە 10 ناو دەیدا بە نوری سەعید تا بخرێنە نێو کابینەکەی بەڵام لیستی نوری سەعید کاتێک دەدرێ بە کۆشکی پادشا جیاواز دەبێ لەگەل لیستی عبدلاله بە بیانوی ئەوەی کارێکی سەختە لایەنەکان لە یەک لیست کۆبکرێنەوە ، وەسی (الوصی عبدالاله) لیستەکە دەبینێ تورە دەبێ بەتایبەت کە چاوی دەکەوێ بەناوی(عەلی ممتاز ئەلدەفتەری ] و[ صادق ئەلبەسام } کە لە حکومەتەکەی هاشمیدا وەزیر بون ، چونکە ئەوکاتەی وەسی (الوصی عبدالاله) لە بەغدا رادەکا ئەمان رازی نابن هاوسەفەری بن. لەم ناکۆکیانەدا بەریتانیەکان بێلایەن وەستان ، چونکە ئەوان نایانەوێ دڵی نوری سەعید برەنجێنن کە پیاوی کارە سەختەکانیانە، هەروەها ناشتوانن دڵی وەسی (الوصی عبدالاله) برەنجێنن نەبادا تورەیی خەلکی لێ بکەوێتەوەو ولات روبەروی قەیرانێکی سیاسی ببێ و ناکۆکیش بکەوێتە نێوان پەیوەندیەکانی عێراق و بەریتانیاوە.

کە ناکۆکیەکان درێژەیان دەبێ ئەندامانی لایەنگری وەسی (الوصی عبدالاله) لە پەرلەمان هیرش دەکەنە سەر نوری سەعید بەهۆیەوە نوری سەعید تەنگەیان پێ هەڵدەچنێ و فشار دەخاتە سەر هەڵس و کەوتەکانیان، ئەوانیش لای وەسی (الوصی عبدالاله) سکالای خۆیانی لێ دەکەن ، دیارە ئەمەش زیاتر وەسی (الوصی عبدالاله) نارەحەت دەکا لە کاتێکا ئەو حەزی نەدەکرد نوری سەعید بەم شێوە سوکایەتیی پێبکا بەتایبەتی لای بالوێزخانەی بەریتانی بۆیە هانی ئەندامانی لایەنگری خۆی دەدا کە بە جنێو دانیش بێ هێرش بکەنە سەر نوری سەعیدو حکومەتەکەی ، ئەمە وا لە نوری سەعید دەکا لە 1944/4/19 دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی بە هاوپێچی یاداشتێک رادەستی وەسی (الوصی عبدالاله) بکا ، لە یاداشتەکە ئاماژەی بەو خزمەتانە کردبوو کە بە ولات و گەلەکەی کردوەو خۆی کردبوو بە پالەوانی خزمەتگوزاریەکان لەکاتێکا تەنها پالەوانی خزمەتکردنی داگیرکەر بوو هیچی تر نا .

وەسی (الوصی عبدالاله) نەیدەتوانی راستەوخۆ رەزامەندی لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی نوری سەعید بدا بەر لەوەی رەزامەندی بالوێزی بەریتانیا وەرنەگرێ و لەسەر سەرۆک وەزیرانی نوێ رێکنەکەون ، بۆیە وەلامدانەوەکەی ماوەی زیاتر لە مانگێک دواکەوت،ئیتر نوری سەعید تورە دەبێ و لە 23 ی مانگ یاداشتێکی توند بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) دەنێرێ کە وەسی (الوصی عبدالاله) یش تورە دەکا، تیایدا دەڵێ: ( رەفتاری هەندێک لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نوێنەران کە حکومەت بۆ ئەو شوێنەی کاندید کردبون ناویان لەخۆ نابوو ئۆپۆزسیۆن و لای خەلکیش وا بلاویان کردبۆوە کە لەلایەن کەسانی بالا بەرزەوە لە کۆشکی پادشایەتی پشتگیری دەکرێن، وایان لێهاتبوو بەبێ بنەما سوکایەتیان بە وەزیرو حکومەت دەکرد ، ئەوان هیچ لاریان نەبوو نەک سوکایەتی بەلکو لە هەموو رەفتاری ناشیرن نەدەگەرانەوە کە بوە هۆی ئەوەی روداوی وا روبدا کە لە مێژوی پەرلەمان شتی وا نەبوبێ ،ئەم سوکایەتیە هەلدانەوەیەکی لاپەرەی سیاسیی عێراقی پیوە دیار بوو ، لە یاداشتەکە هۆشداریەکی شاراوەی لە خۆ گرتبوو ،کە دەڵێ: دەبێ دەورو بەری کۆشک حساب بۆ ئەم پرسانە بکا نەبادا درۆیەک بۆ مەبەستی

تایبەتی بهوندرێتەوە و لە ئابروی کۆشک بدا و لە ئەنجام گومان بکەوێتە نێوان سەرۆکی دەولەت و وەزیرەکانی، جا ئەگەر ئەم پرسە بە شێوەیەکی جدی چارەسەر نەکرێ ئەوکات لەسەر ئاستی تاک و کۆ خوا نەخواستە ئەگەری هەموو کارێک هەیە کە لە مەقامتان نەوەشێتەوە ).
بەڵام وەسی (الوصی عبدالاله) ئەم یاداشتەی پشت گوێخست و لە 1944/6/3 دەست لەکار کێشانەوەکەی قەبول کرد بێ ئەوەی ئاماژە بە یاداشتەکە بدا .
لە هەمان رۆژ وەسی (الوصی عبدالاله) حمدی پاچەچیی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ راسپارد ، بەڵام ناکۆکیەکانی نێوان نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالاله) درێژەی نەکێشا چونکە لای ئینگلیز نوری سەعید ئەوکەسەیە کە مەرامەکانی دەهێنیتە جێ ، (کۆنوالیس) بالویزی بەریتانیا لەسەر ئەم ناکۆکیەی نێوانیان ووتی هەرچەندە نوری سەعید منی بەم پرسە نوێیە ئاگادار کردۆتەوە بەڵام من ووتم ئەمە پرسێکی ناوەخۆیە پێویست ناکا من لایەنگری هیچ کامیان بم ) .
ئەوەی راستی بێ هەلوێستەکانی بالوێز لەسەر بنەمای دیدی بەریتانیا سەرچاوەیان گرتبوو کە بەریتانیا نایەوێ هەموو هێلکەکانی خۆی بخاتە ناو یەک سەبەتەوە، هەروەکو لە بروسکەکەی بەریتانیادا هاتوە لە 1943/9/3 ، بۆیە هەوڵی خۆشکردنی پەیوەندیەکانی کۆشکی پادشاو نوری سەعیدی دا تا توانیی لە 1947/11/21 دوبارە نوری سەعید بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بگێرێتەوە ، کە لە داهاتو دێینە سەر ئەم باسەش.

----------------------------------------

## بەشی دەیەم

## نوری سەعید سەرلەنوێ دێتەوە سەرحوکم و

## کابینەی وەزاریی نۆیەم پێکدەهێنێ

**یەکەم / ئەو بار ودۆخانەی بونە رێخۆشکەر بۆ گەرانەوەی نوری سەعید بۆ حوکم:**
**دووەم/ نوری سەعید کابینەی نۆیەمی خۆی پێکدەهێنی:**
**سێیەم/ نوری سەعید کەش و هەواکان خۆش دەکا بۆ هاوپەیمانێتیەکی نوێ لەگەڵ بەریتانیا :**

**چوارەم/ دەست لەکارکێشانەوەی نوری سەعید و راسپاردنی صالح جەبر:**
**پێنجەم/ هەوڵدان بۆ سەپاندنی پەیمانی پۆرت سمۆث و رۆلی نوری سەعید:**
**شەشەم/ دەستپێکردنی راپەرینی کانونی دووەم و روخانی کابینەی وەزاری:**

## یەکەم / ئەو بار ودۆخانەی بونە رێخۆشکەر بۆ گەرانەوەی نوری سەعید بۆ حوکم:

کاتێک (ئەرشەد عومەری) بەبیانوی ئەنجامدانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کابینەی وەزاریی لە 1946/6/1پێکهێنا، ئەوەی لەبەر چاوی گرتبوو رۆلی حزبە سیاسیەکان کە وەزارەتی (السوێدی) دوای تەواو بونی جەنگی دومی جیهانی رێگەی پێدابون ، کەم کاتەوەو بیانخاتە ژێر گوشار ، بۆ ئەم کارەی پاساوی هەمە جۆرەی دەهێنایەوە، تا بوە هۆی ئەوەی ئەو حزبانە لەگەڵ حکومەت توشی روبەرو بونەوە هاتن بەتایبەتی کاتێک لە ئەنجامی بریاری لیژنەی هاوبەشی بەریتانی و ئەمریکی، فەلەستین دابەش کرا ئەو حزبانە ویستیان پرسی فەلەستین بوروژێنن.
حزبە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکان بریاریان دابو پشتگیری گەلی فەلەستین بکەن و هەرچی هاوکاریی لە تواناشدایە بۆ روبەرو بونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم بە گەلی فەلەستینی بکەن ، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا بۆ پشتگیری کردنی کێشەی فەلەستین و کۆکردنەوەی هاوکاری بۆیان ، بەڵام حکومەتی (ئەرشەد عومەری) ئەو لیژنەی قەدەغە کردو رێگەی پێنەدان کار بکەن، بە بیانوی ئەوەی حکومەت بەم کارە هەلدەستێ و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی پێکهێناوە، ئەم هەولێستەی حکومەت بوە مایەی تێکچونی پەیوەندیەکانی حکومەت و پێنج حزبە سیاسیەکە، بۆیە یاداشتێکی نارەزاییان دایە حکومەت ، بریاریان دا کاری لیژنەکە بوەستێنن بەهۆی نەگونجانی بارو دۆخەکە ، لە یاداشتەکەشدا هاتبوو :
( لیژنەی پێنج حزبە عێراقیەکان بۆ بەرگری لە گەلی فەلەستین لە ئەنجامی دەرچونی راپۆرتی لیژنەی لێکۆلینەوەی هاوبەشی ئەمریکی وبەریتانی دروست بوو ، گۆچانی کارەکانیشیان بریاری مانگرتنی سەرتاسەری بوو لە پادشانشیندا ، هێمنی و لەسەرەخۆیی مانگرتنەکەش نیشانەی خۆراگری و وشیاری خەلکەکە بوو .
لەوکاتەی ئەم وەزارەتە پێکهێندراوە، لیژنەکە پێی وابوو کە ناتوانێ کارەکانی لەگەل ئەم کابینە رەهایی بکا و یارمەتی گەلی فەلەستین بدا چونکە حکومەت بە دەستێکی ئاسنینەوە سەرکوتی حزبەکان دەکاو رێگەی چالاکیان لێدەگرێ ، بۆیە پێیان وایە ئەو حکومەتەی دواتر دێت هەر چۆنێکی بێ لەو باشتر دەبێ

بۆ پرسێکی وا چارەنوسساز ، چونکە ئەوەندە خرابونە ژێر چاودێری نەدەتوانرا ناونوسی خۆشیان بە ئاشکەرا بکەن ، بۆیە لیژنەی پێنج حزبە سیاسیەکە وا دەبینێ لەگەل ئەم حکومەتە ناتوانێ هاوکاری پرسی فەلەستین بکا بۆیە کارەکانی خۆی دەوەستێنێ تا ئەو کاتەی دۆخەکە گونجاو دەبێ .لە 1946/8/14 حکومەت بە بەیاننامەیەک وەلامی یاداشتەکەیانی دایەوە لە وەلامەکە هەولێ دەدا پاساو بۆ ئەم هەلویستەیان بێنێ بەڵام بێهودە بو ، چونکە دیار و ئاشکەرا بوو حکومەت مەبەستی نەبوو هاوکاری پرسی فەلەسین و گەلەکەی بکا.

وەکو پەرچەکرداری سیاسەتی حکومەتی (ئەرشەد عومەری) بەرانبەر بە پرسی فەلەستین و هەلویستی لە حزبە سیاسیە عێراقیەکان لە 1946/6/28 بریاری مانگرتنێکی سەرتاسەری درا، لە سالحیەی بەغدا خۆپیشاندناێکی جەماوەریی مەزن دستی پێکرد دژی رەفتارەکانی سەیهۆنیەکان بەرانبەر بە گەلی فەلەستین و دژی سیاسەتی حکومەتی عێراق و بەریتانیا بەرانبەر بە فەلستین، لەوکاتە ئەو هێزەی پۆلیس کە بۆ مەبەستی سەرکوتکردنی خۆپیشاندنەکان مەشقیان پێکرابوو لە ئامادە باشیدابون بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان ، لە روبەرو بونەوەیەکدا لەگەل جەماوەری سڤیل هێزە پرچەکە مەشقپێکراوەکە دەست دەکا بە بەکار هێنانی چەک دژی ئەو خەلکەو لە ئەنجام پێنج لە خۆپیشاندەران دەکوژرێن و ژمارەیەک بریندارى لێ دەکەوێتەوەو خەلکەکی زۆریش دەستگیر دەکرێ ، بێ روحمانە ئەو هێزە چەکدارە بە هەموو شێوەیەک سەرکوتی ئەو خەلکەی دەکرد ، دەستی لە هیچ نەدەپاراست . حکومەت ویستی لە ژمارەی کوژراوەکان کەم کاتەوەو جەماوەر بە کاری تێکدان و گێرەشێوێنی تاوانبار بکا بۆ ئەوەی ببنە پاساو بۆ بەکار هێنانی چەک دژی خەلکی سڤیل ، بەڵام بەکار هێنانی چەک دژی خەلک نارەزایی زۆری لێ کەوتەوەو بەهۆیەوە شەقام وروژاو حزبە سیاسیەکان ناچار بون دژی ئەم هەلوێست و رەفتارەی حکومەت بەرانبەر بەو خەلکە نارەزایی دەربرن و یاداشتێکیش بدەنە جێگری پێسپێردراو (میر زەید) .

لە 1946/7/3 کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دژی نالەباری گوزەرانیان مان دەگرن و داوای دابین کردنی خانوو زیاد کردنی کرێی رۆژانەو باشکردنی باری کۆمەڵایەتی وتەندروستی دەکەن لەگەڵ دابین کردنی هۆکاری هاتو چۆ بۆ گەیشتن بە کارەکانیان ، کاتێکیش حکومەت گوێ بەو داواکاریەیان نادا ناچار مان دەگرن لە کارەکانیان . حکومەت بە هەموو شێوەیەک فشارو زۆری خستە سەر کرێکارەکان کە بێ گوێدانە داواکاریەکانیان بچنەوە سەر کارەکانیان بەڵام بێ سود دەبێ .

لە 7/7 وەزیری ئابوری دێتە کەرکوک لە پارکی (گاورباغی) چاوی بە گرد بونەوەی ئەو کرێکارانە دەکەوێ بە ترساندن و تۆقاندن وگفتی بێ بنەما هەوڵ دەدا بیان گێرێتەوە سەر کار بەڵام سودی نابێ ، لەو گرد بونەوەیە کرێکارەکان وتار دەخوێننەوەو پێداگری لە داواکاریەکانیان دەکەن ، بەڵام حکومەت تەلەی بۆ ئەم گردبونەوەیە دانابوو ، بە دوو فەوج سوپا دەوری گردبونەوەکەی دا کاتێک بێ ئومێد دەبن لە گەرانەوەیان بۆ سەرکارەکانیان بە دەستریژ و تەقە لێکردن بلاوەیان پێدەکەن لە ئەنجامی ئەو تاوانە درندانەییە 16 کەس دەکوژرێ و 30 کەس بریندار دەبن، حکومەتەکەی ئەلعومەری بەم تاوانەش نەوەستا لە ترسی تۆلەسەندنەوەو کاردانەوەی جەماوەرە تورەکە تانک و هێزێکی زۆری سوپا دەرژێنێتە ناو شەقامەکانی کەرکوک وبریاری قەدەغە کردنی هاتوچۆ دەدا (منع التجول) ،ئەمەشیان دەبێتە تاوانێکی تر دەرهەق بەو گەلە .

کوشتارگەی (گاورباغی) ئاگری نێوان گەل و هێزە سیاسیەکان دژی حکومەت هەلکرد، نارەزاییان دژی ئەو تاوانە دەربری وداوای سزادانی کاربەدەستانیان دەکرد، هەرچەندە لە ژێر فشاری گەل وحزبە سیاسیە

نارازیەکان حکومەت بڕیاری دا لێکۆڵینەوە لە کارەساتی گاوڕباغی بکاو دادگایی بەرپرسان بکا لەم تاوانە، بەڵام لە وتەکانی ڕاست گۆو جدی نەبوو ، هەر چەندە حکومەت سێ لە بەرپرسانی دایە دادگای تاوانی کەرکوک بەڵام لە دادگاییەکی شکلی دا هەرسێکی بێتاوان دەرکردن ، ئەمەش بوە مایەی نارەزابونی وەزیری ناوەخۆ ( عەبدوللا قەساب) کە لە 8/17 بەهۆیەوە دەست لە کار دەکێشێتەوە .
عەبدوللا قەساب دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 بە عەبدولرەزاق الحسینی کە دانەری کتابی ( مێژوی وەزارەتەکانی عێراقی) یە دەڵێ: بالوێزخانەی بەریتانیا ڕێگەی نەدا کەس لەو تاوانبارانە سزابدرێن ، نەک هەر ئەمەندە بەڵکوو بە حکومەتی ووت کە نابێ ئەمان لە شوێنی کارکردنیان بگوازرێنەوەو دەبێ هەر لە کەرکوک بمێننەوەو نابێ قەرەبوی کوژراوو زیان لێکەوتوانیش بکرێتەوە ، هەرچەندە پێشتر حکومەت بڕیاری دابوو بە جدی لە پرسەکە بکۆڵێتەوەو قەرەبوی زیان لێکەوتوان بکاتەوە بەڵام بۆ ڕازی کردنی دڵی بالوێزخانەی بەریتانیا ناچار سەر بۆ بڕیارەکەیان دادەنوێنی . .
پەرچەکرداری خەڵک بۆ ئەو تاوانە دڕندانەییە گەلێک توند بوو ئەویش هێرشی توندی حزبەکان بۆ حکومەتی عومەری و سیاسەتی حکومەتەکەی بوو ، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەردەوام هێرش دەکرایە سەر سیاسەتی حکومەت بۆیە حکومەت هەڵدەستێ بە داخستنی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار بەتایبەتی ڕۆژنامە حزبیەکان و دەستگیر کردنی سەرنوسەرو خاوەنەکانیان و ڕەوانەکردنیان بۆ دادگایی کردن بە تۆمەتی هاندانی خەڵک دژی حکومەت ، کاتێک بێتاوان دەردەچون و ئازاد دەکران دوبارە دەگیرانەوە بەم شێوە ژمارەیەکی زۆری بێ هۆ لە زیندانەکان ئاخنین. بەهۆی ئەم ڕەفتارە نا دەستوریانە هەرسێ حزبە ڕکابەرە نیشتمانپەروەرەکە(حزبی یەکێتی نیشتمانی، حزبی نیشتمانیی دیموکراسی، حزبی گەل) داوایان لەو خەڵکە کرد بۆ کۆبونەوەیەکی جەماوەری مەزن لە 30/8/ 1946 ئامادەبن، زیاتر لە 5000 کەس کۆبوەوە، لەم کۆبونەوە مەزنە وتاری توند ودژی سیاسەتەکانی حکومەت خوێندرانەوە لەو وتارانە ئاماژەیان بەو ڕەفتارە نادەستوریانەدا کە گەلیان پێ دەچەوساندەوەو مافیان زەوت دەکردن ، لە کۆتایی کۆبونەوەکە بڕیاریان دا یاداشتێکی نارەزایی بدەنە وەسی (الوصی عبدالاله) و حکومەت دژی سیاسەتەکانیان کە خۆیان لە زەوت کردنی ئازادیەکان و سەرکوت کردنی خەڵک دەبینیەوە تیایدا هاتبوو: ( بەناوی ئەم کۆمەڵە خەڵکەی لەسەر داوای هەرسێ حزبە نیشتمانیەکە لێرە کۆبونەتەوە (حزبی یەکێتی نیشتمانی، حزبی نیشتمانیی دیموکراسی، حزبی گەل) نارەزایی خۆمان دەردەبرین بەرانبەر بە ڕەفتارەکانی حکومەت بەرانبەر بەو خەڵکەو بە دەم کوتکردن وگرتن و ڕاوەدونانیان و داخستنی ڕۆژنامەکان و دەستگیر کردن و دادگایی کردن و زیندانی کردنی سەرنوسەر و خاوەنەکانیان ، لە کاتێکا ئەمە مافی ڕەوای خۆمانە پیادەی بکەین و ڕای سەربەستی خۆمان دەربرین بەڵام وەزارەت ئەم مافە دیموکراسیەی لێ زەوت کردوین بەمەش خۆی لە حوکمی دیموکراسی دوردەخاتەوە و ولات بەرەو حوکمێکی ستەمکارو دور لە یاسا بنەرەتیەکان دەبا ، لە سەردەمی ئەم وەزارەتە مەزنترین پێشێلکاری دژی گەلی سڤیل ئەنجام دراوە کە بەردەوام بونی ولات بەرەو پارچە بون دەبا ، ئەمڕۆ خەڵک متمانەی بەخۆی نیە ترس و دڵەڕاوکێی لەو حکومەتە هەیە کاتێک ئازادیەکان بەرقەرار نەبن سەروەریەکانی عێراقیش ناپارێزرێن بۆیە ئەویش دەکەوێتە مەترسیەوە، هەر لەسەردەمی ئەم کابینەیە سوپای بەریتانیا لە بەسرا دابەزیوە لەکاتێکا گەلی عێراق داوای ڕزگار کردنی فەلەستین دەکا بەمەش ناتوانێ هەڵوێستێکی دروست لە پرسی فەلەستین دەربڕێ کە ئەمە کێشەی هەموو عەرەبە ، بەم شێوە کێشەی فەلەستین ناتوانرێ بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی کە ئەمە داواکاری گەلی فەلەستین و سەرجەم

گەلی عەرەبە ، ئەم حکومەتە بەم رەفتارانەی سوکایەتیی بە مافەکانی فەلەستین و گەلی عەرەب کردوە ، ئەو خۆی لە مەبەستە سەرەکیەکە دور خستۆتەوە کە لە سەرەتا بەرزی کردبۆوە ئەویش هەلبژاردنێکی نوێیە ، بۆیە داوا دەکەین ئەم حکومەتە هەلبوەشێتەوەو لە هەلبژاردنێکی خاوێندا حکومەتێکی نوێ دابمەزرێ کە بە دڵی گەل بێ ) .

عەبدولرەزاق الحسینی لە باسکردنیدا بۆ ئەو نارەزاییانە دەڵێ ( ئەگەر بمانەوێ هەموو نارەزاییەکانی دژی حکومەتی عومەری بلاو کەینەوە ، ئەوکات پیویستیمان بە چەند بەرگێک هەیە .

.

لە ئەنجامی ئەو گۆرانکاریە مەترسیانە ، فشارەکانی سەر حکومەتی عومەری ، ناچار لە 1846/10/16 حکومەت دەست لەکار کێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد و لە هەمان رۆژیش قەبول کرا بێ ئەوەی رۆژی هەڵبژاردن دیاری بکرێ .

لە ئەنجامی تێکچونی دۆخەکان بە شێوەیەکی مەترسیدار ، لە نیوەشەودا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا مستەر(بیڤن) بروسکەیەک بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) دەنێرێ و داوای لێدەکا نوری سەعید راسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزیران بۆئەوەی ئەو دۆخەی عومەری خولقاندویەتی چارەسەر بکا .

---------------------------

**نوری سەعید کابینەی نۆیەمی وەزیران پێکدەهێنی :**

ئیتر لەسەرداوای (بیڤن) وەسی (الوصی عبدالاله) ئیرادەی پادشایەتی بۆ نوری سەعید دەردەکاو ئەویش لە 11/16/ کابینەی نوێی پێکهێنا، بەم هەنگاوەی ئینگلیز دەیەویست نوری سەعید ئەو ئەرکە قورسە جێبەجێ بکا کە بریتی بوو لە دروست کردنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ نوێکردنەوەی پەیماننامەی 1930 کە کاتی خۆی نوری سەعید بەرێی کردبوو . سەرەتا نوری سەعید ویستی دۆخەکان ئارام بکاتەوە بۆیە پەیوەندیی بە هەردوو حزبی نیشتمانی دیموکراسی وحزبی ئازادیەوە کرد تا لە حکومەتەکەی بەشداریان پێبکا بەلکو لەناو خەلک لایەنگری پەیدا دەکا ، هەرواش هات توانیی هەردوو حزبەکە بەشداری پێبکا بە هەریەکەو یەک وەزارەت مەرجی حزبەکانیش بۆ بەشداربون بریتی بوو لە : ئەم حکومەتە حکومەتی گواستنەوەبێ تا ئەنجامدانی هەلبژاردنەکان و پێدانی ئازادی رادەربرین بە حزب و رۆژنامەکان و کاندید کردنی ئەو کەسەی بیەوێ خۆی کاندید بکابێ دەستێوەردانی دەسەلاتی خۆجێیی بە پرۆسەی هەلبژاردن، هەموو کەسێک بتوانێ بە ئازادی دەنگ بدا ، کردنەوەی بارەگاو بنکەی هەلبژاردن لە پارێزگاکان و رێگری لە هەلمەتی هەلبژاردنەکان نەکرێ . .

نوری سەعید ئەم مەرجانەی هەموو قەبول بون ، لە حزبی نیشتمانی دیموکراسی موحەمەد حدید لە

حزبی ئازادیخوازانیش عەلی ممتاز دەفتەری پۆستی وەزاریان وەرگرت ، کابینەکەش بەم شێوەیە هات :
:

1 ـ نوری سەعید ـ سەرۆک وەزیرران و وەزیری ناوەخۆ . .

2 ـ عومەر نظمي ـ وەزیری داد . .

3ـ سالح جەبر ـ وەزیری دارایی . .

4 ـ صادق ئەلبەسام ـ وەزیری زانست . .

5 ـ عەلی ممتاز ئەلدەفتەری ـ وەزیری کارو هاتوچۆ . .

6 ـ فاضل الجەمالي ـ وەزیری دەرەوە . .

7 ـ بابا عەلی الشیخ مەحمود ـ وەزیری ئابوری . .

8 ـ جمیل عەبدولوەهاب ـ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی . .

9 ـ موحەمەد حدید ـ وەزیری بوژاندنەوە .

10ـ شاکر ئەلوادی ـ وەزیری بەرگری .

*****

## دووەم/ بۆ نوێکردنەوەی پەیماننامەکە، نوری سەعید دۆخەکان ئارام دەکاتەوە:

### هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجام دانی هەلبژاردنێکی نویی ساختە :

کارتە بەهێزەکەی نوری سەعید بۆ یاری کردن هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان بوو ، وەکو پێشوەختیەک بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردنێکی نوێ ، لە 1946/11/21 ئیرادەی پادشایەتی بە هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان دەرچو ، هەر بە خێرا دەستکرا بەورێکارانەی ئامادەسازین بۆ هەلبژاردن بەر لەوەی حزبە سیاسیەکان بارەگای خۆیان لە پارێزگاکان بکەنەوە چونکە ئەم بارەگایانە بۆ حزبە سیاسیەکان گەلێک گرنگ بو بەتایبەت بۆ هەڵمەتی هەلبژاردنەکانیان .

کاتێکیش قۆناغی یەکەمی هەلبژاردن دەستیان پێکرد بۆ هەلبژاردنی کاندیدەکانی دواینەوەندی ، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە کوتلەیەک دەردەکەوێ بۆ دەستوەردان لە هەلبژاردنەکان بە سەرۆکایەتی (سالح جەبر) وەزیری دارایی ، سەرەرای ئەوەی نوری سەعید پەیمانی دابوو کە هەلبژاردنێکی بێگەرد دەبێ بەڵام دەستتێوەردانەکان بونە مایەی بێزاری ونیگەرانی خەلک و حزبە سیاسیەکان بەهۆیەوە لای سەرۆکی وەزیران سکالا دەکەن، بەڵام بێسود دەبێ دەستتێوەردانەکان بەردەوام دەبن بۆیە نوێنەری حزبەکان لە ئەنجومەنی وەزیران هەریەک لە موحەمەد حدید لە حزبی نیشتمانی دیموکراسی وممتاز دەفتەری لە حزبی ئازادیخوازان لە 1946/12/31 دەستیان لە کار کێشایەوە. ئیرادەی پادشایەتی بە قبول کردنی دەست لەکار کێشانەوەکەیان دەردەچێ. سەرەرای نارەزایی دەربرین دەستتێوەردانەکلان بەردەوام دەبن ، بۆ وەدەست هێنانی ئەنجامی باش حکومەت لە بەرێوە چونی پرۆسەی هەلبژاردن بەردەوام دەبێ ناچار حزبە سیاسیەکان هەلبژاردنەکبایکۆت دەکەن. کاتێکیش وەسی (الوصی عبدالاله) رەفتارەکانی حکومەت دەبینێ کە لە رادەدەرچونە ، بانگێشی موتەسەریفەکان( پارێزگاری پارێزگاکان) دەکاو پێیان رادەگەیەنێ کە کار بۆ ئەو کاندیدانە بکەن کە خۆی دەست نیشانیان دەکا، بەم شێوە هەلبژاردنەکان ئەنجام دران بە دەستتێوەردان و ساختەکاری لە بەرژەوەندی حوکمەت و وەسی (الوصی عبدالاله) کە پشکی شێر بەر وەسی (الوصی عبدالاله) دەکەوێ و ئیرادەی ئەو خەلکەش پشتگوێ دەخرێ ، هەر چەندە حزبی نیشتمانی دیموکراسی بەشداری لە هەلبژاردنەکاندا کردو پێنج کورسیی وەدەست هێنا بەڵام لە دوایی دژی دەستتێوەردان و پێشێلکاریەکانی حکومەت و وەسی (الوصی عبدالاله) ئەندامەکانی خۆی لە ئەنجومەن کێشایەوە .

حزبی نیشتمانی دیموکراسی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە بۆیە بەشداریی لە هەلبژاردنەکاندا کردوە بۆئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری دەستتێوەردانەکانی حوکمەت و وەسی (الوصی عبدالاله) بێ و پێشێلکاریەکان رسوا بکا و بە خەلک رابگەیەنێ کە چۆن حکومەت دەیەوێ خۆل بکا بە چاوی ئەم خەلکە و ئەندامەکانی پێشوەخت دامەزراندن و ئەم هەلبژاردنەش هیچ بەهایەکی دەستوریی نیە بۆیە داوا لەو خەلکە دەکەین درێژە بە خەباتیان بدەن لە پێناو مافە دەستوریەکانیان .

-----------------------------------------

**سێیەم/ لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە حزبەکان ڕەخنە لە حکومەت و پرۆسەی هەڵبژاردن دەگرن :**

پێنج حزبە سیاسیەکان سستیان نەدایێ ، لە 1947/3/24 داوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نوێنەرەکانیاندا کرد بۆ گفتقگۆ و دوان لەسەر بارو دۆخی سیاسی ولات و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. لەم دیدارە هەلسەنگاندنێکی وردی دۆخەکان کراو لە کۆتاییدا بەیاننامەیەکی توند دەرکرا تیایدا رەخنە لە حوکمەت و هەڵبژاردنەکان کرا کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا کردوەو مافی گەلی تیا زەوت کردوە بەهۆیەوە ئەنجومەنێکی هێناوە نوێنەرایەتی ئەوان ناکا بەلکو دامەزرێنراون ، بۆیە دان بەو ئەنجامەی هەڵبژاردن نانێین و داوا دەکەین ئەم حکومەتە هەلبوەشێتەوە حکومەتێکی بێگەرد دابمەزرێ تا هەڵبژاردنێکی پاک ئەنجام بدا تیایدا خەلک بتوانێ رای سەربەستی خۆی بدا بۆئەوەی ئەم ئەنجومەنە بە نوێنەری خۆیان بزانن ، بە پێچەوانە ئەنجامێکی خەراپ لە چاوەرواندایە .

--------------------------------------

**چوارەم / دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتی نوری سەعید و راسپاردنی سالح جەبر :**

پاش ئەوەی نوری سەعید ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاند کە بەریتانیاو هەوالگری بەریتانیا پێیان سپاردبوو ، ئەویش خولقاندنی کەشو هەوایەکی گونجاو بۆئەوەی سالح جەبر بەرز بکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

لە 1947/3/11 نوری سەعید دەست لەکار کێشانەوەی حوکمەتەکەی دایە وەسی (الوصی عبدالاله) ، دوای 16 رۆژ قبولکرا و لە 29 ئادار راگەیندرا ، وەسی (الوصی عبدالاله) سالح جەبر رادەسپێرێ بە پێکهێنانی کابینەی وەزاری ئەویش وەزارەتی ناوەخۆ بۆخۆی جێدەهێلێ و دەرەوەش دەدا بە فاضل ئەلجەمالی و بەرگری بۆ شاکر وادی ، ئەم وەزارەتە بە فەرمانی ئینگلیز پێکهات بەرنامەکەشی بە هەماهەنگی لەگەڵ لوتکەکانی بالوێزخانەی بەریتانی و بە ئاماژەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی پێکهات ، ئامانجە هەرە لە پێشەکانی ئەم کابینە بریتی بون لە :

1- نوێکردنەوەی پەیماننامەی عێراقیی بەریتانی 1930.

2- لەناو بردنی شیوعیەکان یا ئەوانەی حکومەت ناوی لێنابون (وره روخێنەکان).
3- جێبەجێ کردنی نەخشەی بەریتانیی ئەمریکی سەبارەت بە فەلەستین .
4- بەهێز کردن و بەرفراوان کردنی دەزگای ئاسایش و پۆلیس و مەشق پێکردنی کارمەندانیان.

حکومەت بەرنامەی بە کۆمەڵێک پرۆژەی خەیالی کۆتایی پێهێنا بۆ چەواشەکردنی ئەو خەلکە و پەردە پۆشکردنی پرۆژەکەی بەریتانیا وئەمریکا کە (ئەلسویدی) لە بارەیەوە دەڵێ: ( بەرنامەکە پرە لە ئومێد و خەیال کە بە سەدەیەک جێبەجێ ناکرێ ، ئەگەر لە سەدا دەی ئەم بەرنامە جێبەجێ بکرێ، عێراق دەبوە بەهەشتی عەدەن، بەڵام بەرنامەکە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوو).

## پێنجەم/ هەوڵدان بۆ سەپاندنی (پەیماننامەی پۆرت سمۆث) و رۆلی نوری سەعید:

هەرچەندە نوری سەعید لە کابینەی سالح جەبر بەشداریی نەکرد بەڵام پاش ئەوەی وەزیرەکانی دەستیان لەکار کێشایەوە ئیرادەی پادشایەتیی بۆ دەرکرا بە دامەزراندنی وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پیران ، بەڵام لە راستیدا سەربەرشتی دانوستانەکانی عێراق و بەریتانیای دەکرد، کاتێک شاندی دانوستانی عێراقی بۆ لەندەن دەچن وەسی (الوصی عبدالاله) بۆ صالح جەبر پێشنیار دەکا کە نوری سەعید و توفیق السوێدی بکاتە یاوەری خۆی بۆ لەندەن ، ئەمیش بە خۆشحالیەوە قەبولی کرد، ئەوکات نوری سەعید ئەرکی چاودێری کردنی دۆخە سیاسیەکانی پێسپێردرابو چونکە قات و قریەکی بێوێنە روی لە ولات کردبوو کالاو شتومەکەکان بەهایان پەنجاقات بەرز ببۆوە ، خەلک ناوی لەو سەردەم نابوو سەردەمی(نانی رەش) چونکە بەهۆی خەراپی ئاردەکەوە شتی زۆری تێکەوتبوو کە رەنگی نانەکەی گۆریبوو ، خەلک بۆ وەدەست هێنانی چەند نانێک بە ماوەیەکی زۆر لە نۆرەی نانوەرگرتن لەبەردەمی فرنیەکان دەوەستان بۆیە بازارەکان ووشک و خالی بون، خەلک بەدەست گرانیەوە دەینالاند، نوری سەعیدیش پێشبینی ئەوەی دەکرد بەم هۆیەوە روداوی گرنگ رو بدەن.

ئەو کات و سات بون کە خاکی فەلەستین لە ئەنجامی پیلانەکەی ئەمریکاو بەریتانیا و بە هاوکاری چەند رژێمێکی عەرەبی زەوت کرا ، ئەو روداوەی ناویشیان لێنا شەری عەرەب و ئیسرائیل تەنها خۆلکردنە چاوی خەلک بوو بۆ چەواشەکردنی پیلانەکە ئەمەیان ئەنجام دا تا ولاتە عەرەبیەکان ئەمە بدەنە بەر روی خۆیان و بڵێن ئەم خاکە لە ئەنجامی شەر داگیرکراو ئێمەش هەر هەندە توانامان هەیە ، بۆیە تائێستاش لە ئەنجامی ئەو روداو دونیای عەرەب بەگشتی و فەلەستینیەکان بە تایبەتی بەدەست دەرهاوێشتەکانیەوە دەنالێنن .

ئەوکات نوری سەعید درکی بەم پێشهاتانە دەکرد بۆیە بۆ وەسی (الوصی عبدالاله) ی پێشنیار کرد کە پەیماننامەکە دوابخرێ بەهۆی نەگونجانی دۆخەکانی ناوەوەو دەرەوەی عەرەبی، بەڵام وەسی (الوصی عبدالاله) پێداگریی لەسەر رای خۆی کردو ووتی دەبێ هەر ئێستا پەیماننامەکە ئەنجام بدرێ ئەوەبوو نوری سەعید پێشنیاری کرد وەزارەتەکە دەست لەکار بکێشێتەوەو لە شوێن ئەو وەزارەتێک دابمەزرێ کە لایەنی تری رکابەری وەزارەتەکەی صالح جەبر لەخۆ بگرێ ، بەڵام وەسی (الوصی عبدالاله) هەر پێداگریی لەسەر رای خۆی کردو پێی باش بوو نوری سەعید دانو ستانەکان بەرێوە ببا.

توفیق ئەلسویدی لە یاداشتەکانی دەنوسێ دەڵێ: حکومەتەکەی صالح جەبر حکومەتێکی لاوازبوو ئەوە نەبوو بتوانێ بە سەرکەوتویی دانو ستانەکان ببا بەرێوە بۆیە عبدالالە پێشنیاری بۆ صالح جەبر کرد کە نوری سەعید و توفیق ئەلسویدی ببنە هاوسەفەری بۆ لەندەن لە بەرێوە برندی دانوستانەکان لەگەل بەریتانیا .

لە ئەنجامی دزە کردنی هەوالی چونی ئەو شاندە بۆ دانو ستان لە کۆشکی ریحابەوە ، حزبە سیاسیەکان نارەزایی خۆیان دەربڕی دژی پەیماننامەکەو ئەوانەی پێی هەڵدەستن، هەریەک لە حزبی ئیستقلال و حزبی نیشتمانی دیموکراسی وحزبی ئازادیخوازان بەیاننامەیان دەرکردو تیایدا رەخنەی توندیان لە حکومەت گرت. مەترسیی پەیماننامەی ( پۆرتسمۆث) لەم بەیاننامەیە ئاشکەرا کرا کە ئەنجامی خەراپی دەبێ،( ناوی پۆرت سمۆث بۆ ئەوشارە دەگەرێتەوە کە پەیماننامەکەی لێ واژۆ کراوە لە بەریتانیا) .

هەواڵی ئەوەش دزەی کردبوو کە شاندێکی بەریتانی بە نهێنی گەیشتۆتە عێراق تا رەشنوسی ئەو پەیماننامەیە لەگەل حکومەتی صالح جەبر ئامادە بکا کە شوێن پەیماننامەی 1930 دەگرێتەوە، شاندەکەی بەریتانیا پێکهاتبون لە ، مارشالی هێزی ئاسمانی (بریان بیکەر) و (البریکادر کیرتس) و جێگری مارشالی ئاسمانی (کرای) و بەرێز (بسک) میجەر(رنتن) و میجەر(برتواک) شاندی عێراقیش پێک هاتبون لە سالح جەبر] و [شاکر ئەلوادی ] و [ صالح صائب جبوري ] سوپاسالار ، دەرکەوت کە دانوستانەکان لە 5/8 دەستیان پێکردو درێژەیان هەبون تا 1947/5/17 و لە کۆشکی ریحاب بە سەرپەرشتی وەسی (الوصی عبدالالە) بەرێوە چون .

لە 15 ی تەموزیش وەسی (الوصی عبدالالە) خۆی سەردانی بەریتانیای کرد تا لەگەل (بیڤن) درێژە بەو دانوستانانە بدا کە لە بەغدا ئانجامیان دابو ، کاتێکیش وەسی (الوصی عبدالالە) دەگەرێتەوە بەغدا دوبارە دان وستانەکان درێژەیان دەبی لە 1947/11/22 تا 1947/12/4 ، شاندی بەریتانی چەندین رەشنوسیان پێشکەش بە شاندی عێراقی کردن ، بەهۆیەوە سەعید فاضل الجەمالی وەزیری دەرەوە سەردانی بەریتانیا دەکەن و چەندین دانیشتن و چوپێکەوتنیان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئەنجام دا تا دواجار یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا رەشنوسێکی نوێ دەداتە شاندی عێراقی . نوری سەعید بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە سەرۆک وەزیران (صالح جەبرەوە) دەکا وداوای لێدەکا کە بێتە لەندەن بۆ دوان لەسەر پرۆژە یا رەشنوسە نوێکە ، ئەمیش دوای ئەنجام دانی دوو کۆبونەوە لە کۆشکی ریحاب بە سەرۆکایەتی وەسی (الوصی عبدالالە) ،یەکەمیان لە 12/28 بە ئامادە بونی 7 لە کۆنە سەرۆک وەزیرەکان و 12 وەزیر و سەرۆکی دیوانی پادشایەتی (ئەحمەد موختار بابان ) و کۆبونەوەی دوەمیش لە 1948/12/3 بە ئامادە بونی هەریەک لە وەسی (الوصی عبدالالە) و صالح جەبر ونوری سەعید توفیق ئەلسویدی و ئەحمەد موختار بابان سەرۆکی دیوانی پادشایەتی ، لەو کۆبونەوەش وەسی (الوصی عبدالالە) بە تێرو تەسەلی باسی لەو پەیماننامەیە کردو بەو خالانەشەوە کە پەیماننامەکە لەخۆ دەگرێ . دوای ئەوە صالح جەبر داواکەی نوری سەعید قەبول دەکاو بە یاوەری شاکر وادی وەزیری بەرگری و توفیق ئەلسویدی، دەگاتە لەندەن .

توفیق ئەلسویدی لە یاداشتەکانیدا دەڵێ ،صالح جەبر پەیماننامەکەی بە دەقە ئینگلیزیەکە بەسەر ئامادە بواندا دابەش کرد کاتێک لێیان پرسی ئەی دەقە عەرەبیەکە ؟ ووتی: پێرانەگەیشتین وەریگێرینە سەر زمانی عەرەبی ، ،لەروی سیاسیەوە هیچ نارەزاییەک نەبوو بەڵام لەروی سەربازیەوە رەخنەی زۆر هەبون ، لە وەڵامی رەخنەکان صالح جەبر ووتی : ئەمە براوەتەوەو پێشتر باس وخواستەکان کراوە باس

لە هەموی بە تێرو تەسەلی کراوە پێویست بە هیچ رەخنە گرتنێک ناکا ، واپێدەچو وەسی (الوصی عبدالالە) هەموی یەکلایی کردبۆوە ئەوەی مابوو پرسە خەسوانێ بوو بۆئەوەی شەرعیەت بدا بە پەیماننامەکە ئەگینا کەس دەسەلاتی دەستکاریی نەبوو ، لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا دەسەلات دەدەنە صالح جەبر واژۆ لەسەر پەیماننامەکە بکا.

کاتێکیش هەواڵی کۆبونەوەکەی کۆشکی ریحاب بلاو بۆوە ، بەهۆی بەشداری پێنەکردنی کەسایەتیە نیشتمانپەروەرەکان حزبە سیاسیەکان کەوتنە دەربرینی نارەزایی وتورەبونی خۆیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکانیان دەربڕی و رەخنەیان لە حکومەتی عێراق گرت بەوەی بە پەیماننامەیەکی ئاست نزمتر لەوی تریان قەبول کردوەو عێراقیان خستەوە ژێر داگیرکاری و سەروەری عێراقیان پێشل کردەوە ، بەڵام حکومەت گوێی بە نارەزاییەکانی جەماوەرو حزبە سیاسیەکان نەداو لە بەرنامەکەی بەردەوام بوو رۆژی 1948/1/5 شاندی عێراق چوە بەریتانیا بۆ تەواو کردنی پەیمانەکە.

لە وتەیەکی وەزیری دەرەوەی عێراق (فاضل ئەلجەمالی) دا هاتوە، سەبارەت بەو پەیماننامەیەو پەیماننامەی 30/حوزەیرانی 1930 لەگەڵ بەریتانیای هاوپەیمان و پیاهەڵدان بەو رێککەوتننامەیە کە یەکەم کاردانەوەی ئەم لێدوان و رێککەوتنانە گلپەی راپەرینی حوزەیرانی 1948 بوو ، خوێندکارانی زانکۆ و بەتایبەتی کۆلێژی یاسا دژی ئەو سوکایەتیە وپەیماننامەکە راپەرین و رژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربرینی نارەزایی بەتایبەت دژی لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەو پەیماننامەکە ، بەڵام حکومەت گوێی بە مافەکانی مرۆڤ و نارەزاییە مەدەنیەکان نەدا پۆلیسی رژاندە سەر شەقامەکان و بە دەستێکی توند سەرکوتی راپەریوەکانی کرد ژمارەیەکی لێ دەستگیر کردن و خۆپیشاندانەکەی بلاوە پێکرد ، هەر وەکو کاردانەوەی ئەم نارازی بونە لە 12/5حکومەت دەوامی خوێندنی لە کۆلیژی ماف راگرت و کۆلیژەکەی بە شێوەیەکی کاتی داخست ، مامۆستاکان هاتنە پاڵ خوێندکاران لە نارازی بون لە داخستنی کۆلێژ و وەلامدانەوەی توندی خوێندکاران ، حکومەت گوێی بەم چونە پالە نەداو لە بری گوێ لێگرتن ژمارەیەک لە مامۆستای دەستگیر کرد بە تۆمەتی هاندنانی خوێندکاران بە ئاژاوەگێری دایە دادگا .

وەکو پشتگیری و وەلامی خوێندکارانی کۆلیژ و پەیمانگا بالاکان مانیان لە خوێندن گرتن و بۆ خۆپیشاندان چونە سەر شەقام بەرەو بنای ئەنجومەنی نوێنەران کشان ، بۆ هێور کردنەوەی دۆخە تێکچوەکان بریکاری وەزارەت (جەمال بابان) بڕیاری دا کۆلیژی ماف بکاتەوەو خوێندکاران بگەرێنەوە سەر خوێندنی خۆیان و ئازاد کردنی مامۆستاکانیان . کاتێکیش قەیرانی دانەوێلەو نان لە 1947 روو دەدا گرژی و جۆشبونی شەقام زیاتر دەبێ و ناکۆکیەکانی نێوان حکومەت و جەماوەر بەرەو هەڵکشان دەچن .

سیاسەتە هەڵەکەی حکومەت بۆ رازی کردنی دەرەبەگ و سەرمایەداران رێگەیدا بڕێکی زۆر لە دانەوێلە بنێردرێتە دەرەوە بەهۆیەوە ئەم قەیرانە دروست دەبێ ، ئەمە وێرای ئەوەی ئەوسال ووشکەساڵی بوەو دانەوێلە لەبازار وکۆگاکاندا نامێنێ سەرەڕای ئەوەی پسپۆرانی خۆراک بە رێگەگرتن لە ناردنی دانەوێلە حکومەتیان وشیار کردبۆوە بەڵام حکومەت گوێی بەم هەموو ئاگادارکردنەوانە نەدا لەبەر بەرژەوەندی چەند سەرمایەدارو دەرەبەگێک ، بەهۆیەوە ئەو برسێتیە لە نیو ولات دروست دەبێ و نرخی دانەوێلەو نان بە رێژەیەکی مەترسیدار بەرز دەبێتەوە ، ئەمەش یەکیک بوو لە هۆکارە سەرەکیەکانی راپەرینە جەماوەریەکەی 1948 .

## دەسپێکی واژۆ کردنی پەیماننامەی پۆرت سمۆث :

شاندی عێراقی لە 1948/12/6 گەیشتنە لەندەن و لەگەل وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەسەر پرۆژەی پەیماننامەکەی پێشنیارکراو کۆبونەوە کە پێشتر ئامادە کرابوو ، کۆبونەوەکان پێنج رۆژیان خایاند تا 12/10 کاتێک لەسەر برگەکانی پێکهاتن بڕیاریاندا لە 12/15 رابیگەیەنن و لە بەندەری پۆرت سمۆث واژۆی بکەن ، صالح جەبر وێنەیەکی بە ئینگلیزی ناردەوەو وتی بلاوی مەکەنەوە تا دەقە عەرەبیەکەش نەگات، لە 12/16 بلاو کرایەوە ، بوە مایەی نارەزابونی جەماوەر کە هەردەمێک مەترسی تەقینەوەی لێدەکرا . .

لە ئەنجامی بلاو کردنەوەی پەیماننامەکە کە لەلایەن شاندی عیراقی صالح جەبر واژۆ کرابو لایەنی بەریتانیش وەزیری دەرەوەی (ئەرنست بیڤ) واژۆی کردبو ، شەپۆلێکی نارەزایی بەرزبۆوە بەتایبەت لەلایەن حزبە نیشتمانیەکان کە لە 12/18 بەیاننامەیەکی نارەزاییان دەرکرد و داوای هەلوەشانەوەی حکومەتیان کرد کە ئەم جۆرە پەیماننامەی واژۆ کردوە زۆر لە پەیماننامەکەی حوزەیرانی 1930 نزمترە .

------------------------------------

## هەڵگیرسانی راپەرینی کانونی دوەم و روخانی حکومەتی صالح جەبر:

خوێندکارانی پەیمانگەو کۆلیژەکان دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و پێکهێنانی (لیژنەی هاوکاری خوێندکاران) کە نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی لەخۆ دەگرت خۆپیشاندان گەرمی تێکەوت تا لە 12/18 سەرجەم شارەکانی ولاتی گرتەوە ، رۆژی دوایی لە گەرەکی سەراف کرێکارو زەحمەتکێشانی بەغدا بەشداری دەکەن خۆپیشاندانەکان گەرمتر دەبن بەتایبەت کە کاتێک خوێندکارو مامۆستاو پارێزەرو فەرمانبەرو سەرجەم توێژەکان دێنە ریز خۆپیشاندەران ئەوسا بە هیتافی روخانی حکومەت و نوری سەعید هەلوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و پەیماننامەکە بەرەو ئەنجومەنی نوێنەران دەچن ، حکومەت بەیاننامەیەکی هەرەشە ئامێزی لە رادیۆ خوێندەوە کە ئەگەر بلاوە بە خۆپیشاندان نەکرێ بە دەستێکی توند وەلامیان دەدرێتەوە، بەڵام ئەم هەرەشە خوێندکارەکانی زیاتر تورەکرد تا سەرجەمیان بەشداریان کرد،12/20 خوێندکاران بەگشتی خۆپیشاندانیان راگەیاند بە هیتافی روخانی حکومەت وهەلوەشاندنەوەی

پەیماننامەکە ئاپۆری خۆپیشاندەران لە پێشەوەیان ژمارەیەک لە خوێندکاری شەریعە بە جلی جوبەو عەمامەوە بەرەو ئەنجومەنی نوێنەران دەرۆیشتن ، بەڵام حکومەت بە ئاگر وئاسن وەلامی دانەوە تەقە لەو خەلکە سڤیلە کراو ژمارەیەکیان لێ کوژراو بریندار بون ، بریندارەکانیان بۆ کۆلیژی بزیشکی گواستنەوە کە لە شوێنەکەیان نزیک بوو. ئەم وەلامە توندە خەلکی نەترساند و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان نەهێنا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێکهاتەو جەماوەری زیاتر بەشداریان تێدا دەکرد و بە دەستی خالی ڕوبەڕوی چەکی پۆلیس دەبونەوەو مەیدانیان پێ چۆل دەکردن بەراکردن بە دەستی چەکەوە خۆیان نەدەگرت بەرانبەر بە تەوژمی تورەیی جەماوەر . لە خۆپیشاندانی ئەورۆژە چوار خوێندکار دەکوژرێن و ژمارەیەکیش بریندار دەبن ئەمە دەبێتە مێژوێکی درەوشاوە لە خەباتی جەماوەر ، ڕۆژی دواتر 12/21 ئاپۆری جەماوەر ڕوو لە نەخۆشخانەی فێرکاری دەکا بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکان ، بەڵام پۆلیس ڕاوەدوی ئەو خەلکە دەنێن بۆ بلاوە پێکردن بە تەقە دوایان دەکەون هەرچەندە ئەوان بۆ خۆپاراستن و خۆحەشاردان پەنا بۆ بنای کۆلیژی دەرمانسازی و کۆلیژی پزیشک دەبەن، ئەوەندەی مامۆستاکان ڕێگە لە پۆلیسەکان دەگرن سودی نابێ لەوێ بە تەقە کردن دوو خوێندکاری تر دەکوژن کە یەکێکیان خوێندکاری کۆلیژی دەرمانسازی دەبێ ، وەکو نارەزایی دەربرین مامۆستاکان دەست لەکار دەکێشنەوە کە پارێزبەندی زانکۆیان شکاندوەو بە چەکەوە هاتون خوێندکاریان کوشتوە ، هەروەها لەسەر ئەم کردەوە درندانە کۆمەڵەی پزیشکانی عێراقی بەیاننامەیەکی توندی دەرکرد .

دۆخەکان لە بەغداو شارەکانی تری عێراق زۆر بەخێریی تکچون ، وەسی (الوصی عبدالاله) بۆ دیراسەکردنی دۆخەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک تا لەو تەنگەژە دەرباز بن کە تێی کەوتو، بەپەلە داوای کۆبونەوەیەکی کرد بە بەشداری کۆنە سەرۆکوەزیران و نوێنەری حزبە نیشتمانیەکان و ئەندامانی حکومەت لە کۆشکی ریحاب لە 12/21 لە نێو ئامادەبواندا هەریەک لە( شێخ موحەممەد ئەلسەدر ] و [جەمیل مەدفەعی] و[ حکمت سلیمان] و[ حمدي پاچەچی] و[ ئەرشەد عومەری ] و[ نصرت فارسي] و [ جەعفەر حمندي ] و [ موحەممەد رضا الشبيبي ] و[ موحەممەد مەهدي کبە ] سەرۆکی حزبی ئیستقلال و[ کامل چادرچی] سەرۆکی حزبی نیشتمانی دیموکراسی و[ وعەلی ممتاز ئەلدەفتەری ] نوێنەری حزبی ئازادیخوازان و[ عەبدولعەزیز قەساب ] و[ صادق ئەلبەسام ] ونەقیبی پارێزەران [ نەجیب ئەلراوی] بون . لەو کۆبونەوە گفتوگۆو دەمەتەقێی زۆری لێ ڕودرا لە نێوان لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت. عەبدولمەهدیی وەزیر، خەلکە خۆپیشاندەرەکەی بە شیوعی و گێرەشێوێن و تێکدەر ناو بردو تاوانبار کرد ، کامل چادرچی بە توندی وەلامی دایەوەو ووتی: (خۆپیشاندەرەکان کەسانی نیشتمانپەروەر و نەتەوە پەروەری عەرەبی ڕەسەن) .

دوای پێنج کاتژمێر لە گفتوگۆ وەسی (الوصی عبدالاله) هەستی بە مەترسیەکان کرد بۆی ڕون بۆوە کە ناتوانێ بەم شێوەیە کۆنترۆلی دۆخەکان بکا بۆیە بڕیاری دا پەیماننامەکە هەلوەشێنێتەوەو لە بڕیارەکەدا هات :

( من پەیمان بە گەل دەدەم کە هیچ پەیماننامەیەک واژۆ ناکرێ ئەگەر مافەکانی گەلی عێراق دەستەبەر نەکا ) .

وەسی (الوصی عبدالاله) ویستی بەم بەیاننامەیە تورەیی خەلک دامرکێنێ کە خەریک بوو ڕژێمەکە لە ناوبەرێ ، لە ڕاستیشدا ئەو ناچار بوو ئەم هەنگاوە بنێ ، ئەم ڕاستیە دواتر بریکاری سەرۆک وەزیران (جەمال بابان) بۆ عەبدولرەزاق الحسینی پشتراست کردەوە دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 پاساوی

بۆ بێدەنگیی لەو ماوە درێژە ئەوەبوو کە نەیەویست وەسی (الوصی عبدالاله) لە خۆی زویرکا .
بەیاننامەی وەسی (الوصی عبدالاله) ریزەکانی حزبە نیشتمانیەکانی کردە دوو لەت ، بەنمونە حزبی ئیستقلال داوای لە جەماوەری خۆی کرد کە دەست لە خۆپیشاندان هەڵگرن ، بەڵام حزبە نیشتمانیەکانی تر درێژەیان بە خۆپیشاندان داو داوایان لە جەماوەری خۆیان کرد تا روخانی حکومەتی صالح جەبر نەوەستن و ئەوساش حکومەتێکی بێلایەن بێتە سەر کار بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی پاک وبێگەرد بە ئازاد کردنی گیراوە سیاسیەکانەوە .
لەوکاتەی وەسی (الوصی عبدالاله) بە هەموو توانایەکیەوە لە هەولی هێورکردنی دۆخەکاندا بوو ، صالح جەبر لە لەندەنەوە هێرش دەکاتە سەر خۆپیشاندەران و بە تێکدەر و کۆمۆنیستیان لەقەلەم دەدا ، دەڵێ: ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن کە لە 1941 لە سەردەمی حکومەتی گەیلانی بەدەستی بەریتانیەکان دەستگیر کرابون ، هەر لە وتەکەیدا هەرەشە لە خۆپیشاندەران دەکا ودەڵێ: دەگەرێمەوە بەغداو سەری هەمویان پان دەکەمەوە ، بەم لێدوانەی جەبر نەوت کرایەسەر ئاگرەکەو خۆشتر بوو .
لە 12/25 حکومەتی بەریتانی فرۆکەیەکی تایبەتیی تەرخانکرد بۆ گەرانەوەی صالح جەبر وشاندی یاوەری بۆ بەغداو سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران ، بەڵام فرۆکەکە بەهۆی گەمارۆدانی فرۆکەخانەی بەغدا لەلایەن جەماوەری راپەریو ، نەیتوانی لە فرۆکەخانەی بەغدا دابەزێ ناچار لە بنکەی سوپای بەریتانیا لە حەبانیە دابەزین ، بە زرێپۆش و تانک بەنهێنی خۆیان گەیاندە کۆشکی ریحاب و لەگەڵ وەسی (الوصی عبدالاله) کۆبونەوە بە ئامادە بونی توفیق سویدی و سەعید ، لە کۆبونەوەکە صالح جەبر (جەمال بابان) ی بریکاری تاوانبار کرد کە درێغیی لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران کردوە ، داواشی لە وەسی (الوصی عبدالاله) کرد مۆلە تی 24 کاتژمێری پێبدا بۆ کۆتایی پێهێنانی خۆپیشاندان ، بەڵام جەمال بابان ووتی ئەستەمە کۆتایی بەم خۆپیشاندانانە بهێندرێ بێ ئەوەی حکومەت دەست لەکار نەکێشێتەوە ، جەمال عبدالوهاب وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی پشتگیری بۆچونەکەی جەمال بابانی کرد و نوری سەعیدیش پشتگیری راکەی صالح جەبری کرد ووتی دەبێ بە توندترین گورز لێیان بدرێ ، لە بەرانبەر رەخنەکانی صالح جەبریشدا ، جەمال بابان دەستی لەکار کێشایەوە.
لە شەوی 27/26 صالح جەبر بەیاننامەیەکی توند دەردەکاو تیایدا هەرەشە لە جەماوەر دەکا کە بە توندی وەلامیان بداتەوەو ئاگاداری پارێزگارو ئەمینی پایتەخت و بەرێوەبەری پۆلیسەکان دەکا کە بۆ بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران دەتوانن چەک بەکار بێنن و دەسەلاتی بەکار هێنانی توندترین رێکاریان پێدەدا ، هێزی سوپاو پۆلیسیشی نارد بۆ کۆنترۆلکردنی خالە ستراتیجەکانی پایتەخت.
ئەو شەوە دۆخەکان بەرەو توندی دەچون جەماوەر روبەرووی حکومەت و صالح جەبرو نوری سەعید بۆوەو تەحەدای بریارەکانی کرد، خەلک بەجارێ خرۆشا حزبە سیاسیەکان وریا بون، هەمویان لە چاوەروانی رۆژداهاتنەوە بون هەرلایەی بە شێوەیەک خۆی کۆدەکردەوە کاتێکیش رۆژداهات لە 12/27 بەجارێک شەر و روبەروبونەوە باڵی بەسەر دۆخەکاندا کێشا و شەقامەکان بونە بەرەی جەنگ، حکومەت بە تانک و زرێپۆش و سوپا شەقامەکانی پر کرد جەماوەری راپەریویش روبەرویان بونەوە ، دۆشکەو رەشاشەکان لەسەر بنایە بلندەکان دامەزرابون ، نۆی بەیانی جەماوەری کازمیەو ئەعزەمیەو و هەردوو بەری کەرخ و رەسافە لە مەیدانە گشتیەکان کۆبونەوەو دەستیان بە رێرەو کرد تا لە خاڵێک یەک بگرنەوە بەڵام روبەروی هێزی پۆلیس بونەوە، بە چەکی ئۆتۆماتیک وەلامی ئەو خەلکەی دایەوە لە ئەنجامدا 4 هاوڵاتی دەکوژرێ و ژمارەیەکیش بریندار دەبن . ئەم توندو تیژیە زیاتر خەلکی هارکرد زیاتر لەسەر

روبەروبونەوەی پۆلیس سوربون ، ئاپۆری خەلکە نارەزاییەکە لە ئەعزەمیەوە گەمارۆی وەزارەتی بەرگریانداو راوی پۆلیسیاننا ناچار پۆلیس بەرەو شەقامی غازی پاشەکشەدەکا( دواتر ناونرا بە شەقامی کفاح) خەلکەکە سەریان لە دو هێزەکەی پۆلیسنا ئەو هێزەی بە زرێپۆشەوە رایان دەکرد ، جەماوەر دەستیان گرتن بەسەر بنکەی پۆلیسی (العباخانە) و بەرەو مەیدانی (ئەمین) هەلکشان کە ئێستا بە (الرصافە) ناسراوە، دواتر بەرەو کەرخ هەنگاویان نا بۆ ئەوەی لەگەل جەماوەرە راپەریوەکە یەکگرن بە رێگەی پردی (مەئمون)ەوە کە ئێستا پردی (الشهدا)ی پێدەلێن . پۆلیس لەوسەری پردەکە بۆسەیان بۆ جەماوەر دانابوو لە سەر بانەبەرزەکان و تەلارەکان و هەردوو سەری پردەکەی کەرخ لە سەر منارەی مزگەوتەکانا رەشاشیان دابەزاندبوو ، ئەو هێزە فەرمانی تەقەی پێدرابوو بۆیە لە ناوەراستی پردەکە پۆلیس بۆیان دانیشتن ودەستیان بە تەقە کرد لێیان ، کاتێک لە بەری کەرخ تەقە لە جەماوەر دەکرێ بۆ ئەوەی بە ئاپۆرەکەی تری جەماوەر نەگا، ئەمجارەیان جەماوەرە راپەریوەکەی بەری رەسافە لێشاو دەباو بە ئاپۆری جەماوەری کەرخ دەگا ، ئەوسا هەردوو ئاپۆرەکە هەلمەت دەبەن لە سەر منارەکانی وەزیریەو ئاصفیە و منارەی مزگەوتی (حەنان) لە ناوەراستی پردەکە و بە زرێپۆشەکانیان تەقەیەکی زۆر لەو جەماوەرە کرا بوە مایەی شەهید بونی 40 کەس وبریندار بونی 130 کەسی تر ، کاتێک لاشەی کوژراوو بریندارەکان بەسەر پردەکەدا بلاو دەبنەوە، جەماوەر هێرش دەباتە سەر هێزەکانی پۆلیس لە مەیدانی ئەمین ، پۆلیسیان ناچار کرد بەرەو سەری پردەکە رابکا ، ترس و تۆقان کەوتە نیو هێزی پۆلیس و بە راکردن مەیدانی پێکدادانیان جێهێشت . .

ئەمجارەیان وەسی (الوصی عبدالالە) لە 12/27 کاتژمێر سێو نیوی دوای نیوەرۆ ویستی سوپا دژی جەماوەر بەکار بێنێ ، بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە سوپاسالاروە کرد فەریق ( صالح صائب جبوری) ، داوای لێکرد سوپا دابەزێنێتە شەقامەکانی بەغدا ، بەلام جبوری هۆشداری دایە وەسی (الوصی عبدالالە) لە ئەنجامەکانی ئەم کارە مەترسیدارە چونکە هێشتا تالی داگیرکاری بەریتانیای 1941 لە بیر نەکراوە ئەمجارەیان ئەمەشیان بێتە سەر ، دواتر جبوری بۆ وەسی (الوصی عبدالالە) ی رونکردەوە کە دلنیایە لەوەی سوپا دژایەتی گەل ناکا ، وەسی (الوصی عبدالالە) بروای بە وتەکانی جبوری کرد وپێی ووت کە پەیوەندیی بەردەوامی هەبێ لەگەڵ کۆشکی پادشایەتی تا دۆخەکان ئارام دەبنەوە . .

لەوکاتەی دۆخەکان بەرەو توندی دەچن دژی هەلوێستەکانی حکومەت 20 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەستیان لە کار کێشایەوە ، وێرای ئەمان وەزیری دارایی (یوسف نغیمە) و وەزیزری کاروباری کۆمەلایەتی (جمیل عبدالوهاب) ،ئەمە لەوکاتەدابوو کە وەسی (الوصی عبدالالە) لە کۆشکی پادشایەتی لەگەڵ( موحەمەد ئەلسەدر) و[ نوری سەعید] لە کۆبونەوەدابوو بۆ لێکۆلینەوە لەسەر دۆخەکان .

نوری سەعید زۆری لە وەسی (الوصی عبدالالە) دەکرد توندو تیژی دژی هاولاتیان بەکار بێنی و دادگای سەربازی رابگەیەنێ ، شێخ موحەمەد ئەلسەدریش ئامۆژگاری وەسی (الوصی عبدالالە) ی دەکرد وەزارەت هەلوەشێنێتەوە بۆئەوەی دۆخەکان ئارام ببنەوە لەکاتێکا خۆپیشاندانەکان هەموو شارەکانی عێراقیان گرتبوەوەو کارەکان لەدەست پۆلیس دەرچوبون ، خۆپیشاندەران نوسینگەی رابەری بەریتانیان لە کەرکوک و سلێمانی و موسل سوتاند ، هەرچەندە شێخ موحەمەد لە ناخا حەزی لێبوو خۆپیشاندەران سەرکوت بکرێ بەلام وەسی (الوصی عبدالالە) گوێی لە ئامۆژگاریەکانی گرتن ، پەیوەندی بە سەرۆکی دیوانی پادشایەتی(ئەحمەد موختار بابان)ەوە دەکاو دەلێ: بە صالح جەبر رابگەیەنە، حکومەتەکەی هەلوەشێنێتەوە . لە 1948/12/27 کە شەرو روبەرو بونەوە لەوپەری توندیدا دەبێ صالح جەبر دەست

لەکار دەکێشێتەوەو وەسی (الوصی عبدالالە) لە رادیۆوە گوتارێک بلاو دەکاتەوەو هەلوەشاندنەوەی حکومەت رادەگەیەنێ و دوا لە هاوڵاتیان دەکا ئارامی بپارێزن .
هەر زوو وەسی (الوصی عبدالالە) لە رێگەی دەرکردنی چەند بریارو رێکارێکەوە شێخ موحەمەد ئەلسەدر رادەگەیەنێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ و ئەرکی هێور کردنەوەی دۆخەکان لە ئەستۆ بگرێ چەند، لەوانە : هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئازاد کردنی گیراوەکانی بەشداربوو لە راپەرینەکان و هەموار کردنی یاسای هەلبژاردن کە بکرێتە یەک قۆناغ و گەراندنەوەی رۆژنامە راگیراوەکان و چەندین رێکاری تر بۆ ئارامکردنی دۆخەکان بەڵام ئەمانە هەمووی تەنها بۆ ئەوەبون ئاسانکاری بۆ دروست بونی دۆخێکی نوێ و راهێنای ئەو خەلکە لە دوبارە هێنانەوەی دەموو چاوەکانی ئەنجامدەری پۆرت سمۆث کە کاتی خۆی سوکایەتیان بەو خەلکە دەکرد و ئەمجارەش تۆلە لەوکەس و هێزانە بکەنەوە کە پشتگیری هاوڵاتیانیان دەکرد لە خۆپیشاندانەکان بە تایبەتی حزبی شیوعی کە دوبارە درانەوە دادگا لەوانە ( یوسف سەلمان) (زکی سلیم)و حسین موحەمەد شبینی) کە پێشتر بە هەتاهەتایی حوکمدرابون و ئەمجارە بە حوکمی لەسێدارەدان حوکمدران و لە گۆرەپانەکانی بەغدا جێبەجێ کران و بە سەدان کادیری ئەو حزبەش دەستگیرکران.
لەم راپەرینە دوو سود وەدەستهاتن : یەکەمیان هەلوەشاندنەوەی پەیماننامەی پۆرت سمۆث و دوەمیشیان، روخانی حکومەت ، سەرەرای راکردنی نوری سەعید و صالح جەبر بۆ دەرەوەی ولات تا دۆخەکان ئارام بونەوە بەڵام راپەرینەکە نەیتوانی سەرجەم ئامانجەکانی بپێکێ و پەیوەندیەکانی لەگەل حکومەت رەهایی بکا .

---

## بەشی یانزەهەم

## نوری سەعید دووبارە دەگەرێتەوەو کابینەی دەیەمی خۆی پێکدەهێنێ:

**ئەرکەکانی وەزارەتی نوری سەعید:**

**1- لەناوبردنی کێشەی فەلەستین.**
**2- نوری سەعید ئاسەواری راپەرین لەناو دەباو سوکایەتی بە کەسانی نیشتمانپەروەر دەکا.**

**3- نوری سەعیدو وەسی (الوصی عبدالاله) و ئیمپریالیزم پیلان دژی سوریا دەگێڕن.**
**4- نوری سەعید و کێشەی کورد.**

## نوری سەعید سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەرحوکم:

لەوکاتەی (مزاحم پاچەچی لە 1948/6/26 حکومەت پێکدەهێنێ ، ئاشکەرابوو کە هاتوە رێخوشی بکا بۆ گەرانەوەی پیاوەکانی پەیماننامەی پۆرتسمۆث بۆ حوکم ، بەتایبەتی کاتێک وەزیری بەرگری ( صادق ئەلبەسام) دەست لەکار دەکێشێتەوە وەسی (الوصی عبدالاله) داوادەکا هەمواری وەزارەتەکەی باکا، ئەمیش هەندێک لە وەزیرەکانی صالح جەبر دادەمەزرێنێ لەوانە (شاکرد وادی) وەزیری بەرگری کە یەکێک بوو لە واژۆکەران لەسەر پەیماننامەی پۆرت سمۆث ، ئەوەتا دوبارە پۆستی وەزارەتی بەرگری وەردەگرێتەوە .

وەزارەتەکەی مزاحم پاچەچی شەش مانگ تەمەنی بوو کاتێک وەزارەتەکەی هەلدەوەشێنێتەوە، نوری سەعید دوبارە رادەسپێردرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ کە بریتی بون لەم وەزیرانە :

1 ـ نوری سەعیدـ سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوەخۆ . .
2 ـ شاکر ئەلوادی ـ وەزیری بەرگری . .
3 ـ عبد الإله حافظ ـ وەزیری دەرەوە . .
4 ـ جەلال بابان ـ وەزیری کار و هاتو چۆ . .
5 ـ موحەمەد حسن کبە ـ وەزیری داد . .
6 ـ نەجیب ئەلراوی ـ وەزیری زانست . .
7 ـ ضیاء جەعفەر ـ وەزیری ئابوری . .
8 ـ خەلیل ئیسماعیل ـ وەزیری دارایی . .
9 ـ بەهائەدین نوري ـ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی .

لە دەسپێکی پێکهێنانی حکومەتەکەی، نوری سەعید رایگەیاند کە هەولەکانی بۆ رزگار کردنی فەلەستین چڕ دەکاتەوە بۆئەوەی لەم قەیرانەی دەربازکا، بەڵام لە راستیدا ئەوەی لە هەگبەی ئەودا بوو لەناو بردنی کێشەی فەلەستین بوو بە پێی بەرنامە دارێژراوەکەی ئینگلیز و جێبەجێ کردنی هەندێک لە حوکمرانە عەرەبیەکان بۆ قایم کردنی داگیرکاری سایۆنیزم ، ئەمەش تەها هاشمی لە یادەوەریەکانی پشتراستی دەکاتەوە کاتێک نوسیویەتی دەڵێ : :

(ئەو نامەی لە نێوان نوری سەعیدو وەسی (الوصی عبدالاله) ئالوگۆر کرابون وا دەردەخەن کە باسکردنی کێشەی فەلەستین لای ئەوان تەنها بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیان بوە، من چاوەروانی خەراپترین کارەساتم لەم حکومەتە ، پێموایە گرتن و راوەدانانی هاوڵاتیان دەستپێدەکا، دەمگرتن و کپ کردنی دەنگە نارەزاییەکان دەبەستپێدەکاو دۆخێکی نالەبار دەخولقێ و هانی مەلیک عەبدوللا شدەدەن تا خاکەکانی فەلەستین بخاتە سەر میرنشینی رۆژهەلاتی ئوردنەوە.)
سەبارەت بە گەرانەوەی نوری سەعید بۆ سەر حوکم (کامل چادرچی) دەڵێ:
( گەرانەوەی نوری سەعید بۆ سەر حوکم دوای راپەرین، یەکێکە لە روداوە مەزنەکانی دوای راپەرینی کانونی دووەمی 1948 ) ئەم کابینە بۆیە هاتە کا چونکە هەندێک ئەرکی مەزنی لە پێش بوو بە نوری سەعید نەبوایە بە کەس نەدەکرا.

---------------------------------------------

## ئەرکەکانی وەزارەتی نوری سەعید:

## 1/ لەناوبردنی کێشەی فەلەستین.

نوری سەعید گەرایەوە سەر حوکم تا پیلانەکانی ئیمپریزلیزم لەسەر فەلەستین بەهاوکاری عەبدوللا پادشاو سەرۆک وەزیرانی (توفیق ابو الهدی) تەواو بکا، لە 1949/4/25 ابو الهدی گەیشتە بەغدا لەگەڵ وەسی (الوصی عبدالاله) و نوری سەعید کۆبوەوەو لەسەر داخوازی مەلیک عەبدوللا داوای لە حکومەتی عێراق کرد هێزەکانی خۆی لە فەلەستین بکێشێتەوە ، ئەوانیش داواکەیان بۆ جێبەجێ کرد و هێزی عێراقیان لە فەلەستین کێشایەوە. لە 29 /4 پێشەنگی هێزەکان گەیشتنە رومادی و لە 5/1 گەیشتنە بەغدا. مەلیک عەبدوللا لە 1949/3/15 ئەم بروسکە بۆ (موشێ شرتوک) کە یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسیەکانی ئیسرائیل دەنێرێ لە بروسکەکەدا دەڵێ:
( خۆشەویستم شرتوک، لێکۆڵینەوەکەی دوێنێم کە بوە مایەی لێدوانەکانتان لەسەر بەرەی عێراقی لەکاتی کشانەوەیدا تەنها بۆ ئەم خالە گەوهەریانە بوە :
لەکاتی ئامادە بونی ساسون ئەفەندی و فەرماندە دایان لە (الغور) بۆ دیدەنیمان، باسمان لەو نارەحەتیانەکرد لەکاتی تەقەوەستان ئەگەر عێراق پێی قەبول نەبێ، ئەوا سوپای عێراق لەوێ دەکشێتەوە، لەپێناو تەقەوەستانێکی بە ئومێد بریارماندا ئێمە شوێن سوپاکەی عێراق بگرینەوە، ئەم لێدوانەو ئەوەی لە باشور کە چەندجموجۆلێک رویدا، دەبێتە مایەی دودڵیمان لە ئەنجامەکەی ، بۆیە داوا دەکەم کە شاندی دانوستانتان لەگەڵ شاندەکەی ئێمە هاو هەلوێست بن و هەست بە رێکەوتن بکەن نیگەران نەبن لەوەی لە کاتی ئالوگۆری سوپای ئێمە لەگەڵ سوپای عێراق ئەگەر چەند تەقەیەکیش کرا ئەوا نەبێتە مایەی نیگەرانیتان. لەگەڵ ریزو سلاوم بۆ ئێوەو بۆ بەرێز بنگۆریۆن) . .
هەرکە هێزەکانی ئوردنی بەپێی ئەو رێککەوتنە شوێنەکانیان لە هێزەکانی عێراق وەرگرتنەوە کە سێگۆشەی عەرەبی بون ( سێگۆشەی جەنین_نابلس_تولکەرەم) شا عەبدالله لە دەستپێشخەریەکدا رادەستی هێزەکانی ئیسرائیلیی کردنەوە بە بیانوی ئەوەی لە برگەکانی تەقە وەستانەکەدا هاتوە کە لە رودس ی

ئوردن له نێوان ئورد و ئیسرائیل واژۆکراوەو به تەواوکەری دادەنرێ . رادەستکردنەکەش له 1949/5/19 ئەنجام درا ، ئەم کاره بوی مایەی تورەبونی گەلی فەلەستین که دواجار له تۆلەی ئەم خیانەتەی ژیانی خۆی لەسەردانا کاتێک له 20 ی تەموزی/1951 تیرۆر دەکرێ.
لەم روەوه عەبدولرەزاق الحسینی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی عێراقی دەڵێ:
کشانەوەی هێزەکانی عێراقی له کاره مەترسیدارەکان بوو ، چونکه ئەمه پەیوەندیی به هەستی گەلی عەرەبیەوه هەبوو له سەرجەم پایتەختەکان ، حکومەته یەک لەدوای یەکەکان نەیان دەتوانی ئەمه ئەنجام بدەن تەنها حکومەتی دەیەمی نوری سەعید نەبێ ، به رێگەی دادگای سەربازیەوه ئەم هەنگاوەی نا، له ئەنجامی ئەو کاره شەرمەزاریەی ئەم دوو سەرۆکه عەرەبه ئەنجامیان دا نیگەرانی و دڵتەنگی بەسەر گەلی فەلەستین داهات ، پێیان وابو سوکایەتیان بەرانبەر به هەستی گەلی فەلەستین کردوه که بەم شێوه مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی گەورەی عەرەبیدا کرد که کێشەی پیرۆزی فەلەستینه .
حکومەتی عێراق بەمه نەوەستا بەڵکو حکومەتی توفیق سویدی له 1950/3/2 به بڕیارێک رەگەزنامەی عێراقیی له سەرجەم جوەکان سەندەوەو هەموویانی رەوانەی ئیسرائیل کردنەوه بۆئەوەی دەولەتی ئیسرائیل که تازه دامەزراوه له روی ئادەمیزادەوه بەهێزیکا. .
بەم شێوه نوری سەعید کاتێک دەستی بەسەر خاکی فەلەستیندا گرت و خستیه سەر میرنشینی ئوردن له رێگەی سیناریۆ کەوه ، کۆرسی پیلانی ئمپریالیزمی بەریتانی و ئەمریکیی به هاوکاری مەلیک عەبدوللا تەواو کرد.

-----------------------------------

## 2/ نوری سەعید ئاسەواری راپەرین لەناو دەباو سوکایەتی به کەسانی نیشتمانپەروەر دەکا.

پاش ئەوەی نوری سەعید پیلانەکەی ئەنگلۆ ئەمریکی له سەر کێشەی فەلەستین تەواو کرد ، روی کرده لەناوبردنی کەسانی نیشتمانپەروەر، له سەروی هەموویانیشەوه ئەندام و کادرانی حزبی شیوعی که رۆلی سەرەکیان هەبوو له راپەرینەکەی ساڵی 1941 ، دەسپێکی ئەو هەڵمەتەش له سکرتێری حزب (فەهد) و هەڤالانی له سەرکردایەتی( زەکي بەسیم] و[حسین موحەمەد شبیبي] و [ یەهودا صدیق] وه دەست پێکرد که دوباره دادگایی کرانەوە، (یەهودا صدیق ) کاتی خۆی به دادگای سەربازی حوکمی لەسێدارەدان حوکدرابو بەڵام دواتر حوکمەکەی بۆ کرابوو به هەتاهەتایی ، پاش ئەوەی له سەردەمی حوکمی نوری سەعید دوباره حوکم دەدرێتەوه له ناوەراستی 1947 ، ئیتر دەرفەتەکان بۆ نوری سەعید دەرەخسێن که به

هەوەستی خۆی حوکمەکان بگۆڕێ بۆ حوکمی قورس و جێبەجێیان بکا، بۆیە لە 10و1949/2/11حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنێ لە 14و15ی هەمان مانگ لە مەیدانی تەحریر و مەتحەف بەسەریاندا جێبەجێ دەکا، بۆماوەی چەند کاتژمێرێک لاشەکانیان بە هەلواسراوی بۆ تۆقاندنی هاوڵاتیان مابۆوە .

لەسێدارەدانی فەرماندەکانی حزبی شیوعی لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە دەنگۆو کاریگەریەکی زۆری هەبوو ، خۆپیشاندانی مەزن دژی ئەم تاوانە بەرێوە چون رۆژنامەکانی عێراقی و عەرەبی هێرشی توندیان کردەسەر حکومەت کە پیلانەکانی ئیمپریالیزم جێبەجێدەکا، تاوانەکانی نوری سەعید بەمەندە نەوەستا ، هەلمەتێکی بەرفراوانی کردە سەر هاوڵاتیان و ئەندام وکادرەکانی حزبی شیوعی و ژمارەی 370 کەسی لێ دەستگیر کردن ، بۆ وەرگرتنی دانپیانانی بەزۆر کاربەدەستانی (ئەمن العامە) ئاسایشی گشتی خەراپترین شێوازی ئەشکەنجەیان دژی کادرو ئەندامانی بەکار هێنا ، دواتر هەموویانی رەوانەی دادگای سەربازی کردن بۆ حوکمدان حوکمەکان لە نێوان زیندانی هەتاهەتایی تا سێ ساڵ زیندانی و دوای ئازاد بونیشیان دەکەوتنە ژێر چاودێری پۆلیسەکانیان ، تینوێتی نوری سەعید بەم گرتن و راوەدونانە نەشکا بۆیە لە بڕیارێکی نادادپەروەرانە ئازادیەکان کپ دەکاو ئەم فەرمانە دەردەکا :

( بە پشت بەستن بە بەندی 26 لە یاسای بنەرەتی، لەسەر ئەوەی کە وەزیری ناوەخۆ پێشکەشی کردوەو ئەنجومەنی وەزیرانیش رەزامەندی لەسەر داوە بڕیارمان دا ئەم فەرمانە دەرکەین:

**فەرمان:**

بەندی یەکەم/ لەسەر دام ودەزگاکانی فێرکاری، زانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکان لەناویان مامۆستاو فەرمانبەران بە هەموو جۆرەکانیانەوە گەر حکومی بن یا ئەهلی ئەمانەیان لێ قەدەغەیە:

1- پڕۆپاگەندەی سیاسی لە نێو خوێندکاران بلاو بکەنەوە.
2- هاندانی خوێندکاران بۆ پێشێل کردنی یاساو رێنماکان.
3- هاندانی خوێندکاران بۆ خۆپیشاندان لە هەرکوێیەک بن.
4- هاندانی خوێندکاران بۆ مانگرتن لەناو کۆلیج و پەیمانگاو خوێندنگاکان، سەرجەم فەرمانبەرو کرێکارەکانی ئەم دەزگایانە خالەکان لە یەکەوە تا چوار دەیانگرێتەوەو دەبێ پیادەی کەن .

بەندی دووەم/ ئەگەر لیژنەی لێکۆلینەوە نەیتوانی کەسی بەرپرس لەو تاوانە بدۆزێتەوە دەستەی خوێندنگاکان لە کۆلیژو پەیمانگاو خوێندنگاکان بە مامۆستاو فەرمانبەرانیانەوە بەرپرسن لە رێگەگرتن لە کاری ئاژاوەو ئەو خالانەی لە سەرەوە هاتون لە بەندی یەکەوە تا چوار .

بەندی سێیەم/ لەسەر داوای وەزیری تایبەت ، ئەنجومەنی وەزیران ئەو فەرمانبەرە لە کار دور دەخاتەوە کە سکالای لێ دەکرێ ، ئەگەر یەکێک لەو تاوانانەی لە بەندی یەکەم لەسەری بوە ماڵ، یا لە ئەنجامی کەمتەرخەمی یا گوێ پێنەدانی رویدابوو.

بەندی چوارەم/ ئەو فەرمانبەرە یا هەر ئەندامێکی دەزگای وانە وتنەوە بە پێی بەندی سەرەوە کەلەکار دوردەخرێتەوە، لە مافەکانی خانەنشینی و پاداشت و خەلاتەکانی وەزیفی بێبەش دەبێ، ئەگەر کۆچی دوایی کرد جێماوەکانی سود لە مافی خانەنشینی ئەو وەردەگرن.

بەندی پێنجەم / ئەم فەرمانە لە رۆژی بلاو کردنەوەیدا لە رۆژنامە فەرمیەکاندا ، جێبەجێ دەکرێ.

بەندی شەشەم/ لەسەر وەزیرە پەیوەندی دارەکانە ئەم فەرمانە وەکو خۆی جێبەجێ بکەن ، دەبێ لە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بخرێتە بەر دەستیان .

لە بەغدا لە رۆژی شەشەمی مانگی رەبیعی یەکەمی 1368 کە رێکەوتە بە 1949/2/5 ی زاینی نوسراوەتەوە .

بەم شێوە نوری سەعید پێشێلی دەستور دەکاو ئیدارەی خوێندنگاو کۆلیژو پەیمانگاکان دەکاتە پۆلیس وسیخور بەسەر خوێندکاراندا و دەسەلاتی سزدانیان پێدەداو هەرەشەی سزدانیشیان لێدەکا ئەگەر هاوکاری دەزگاکانی پۆلیس و هەوالگری نەدەن ، بەڵام دواتر نوری سەعید هەرەشەکانی دەگەیەنێتە جێ ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستاو فەرمانبەرانی دەزگا فێرکاریەکان لەسەرکار لادەباو دەستگیریان دەکاو ژمارەیەکی زۆریش لە خوێندکاران لە خوێندن دوردەخاتەوە وەکو تۆلە سەندنەوەیەک لە بەشدار بونایین لە راپەرینە مەزنەکەی کانونی 1948 .

لە 1951/12/15 لیژنە هاوبەشەکەی پەرلەمان کە پێک هاتبوو لە لیژنەی ماف و لیژنەی زانست ئەم فەرمانەیان دیراسەکردو راپۆرتی خۆیان لەسەری بەرز کردەوەو بریاری خۆیان لەسەری ئەوە بوو کە ئەم فەرمانە نادەستوریەو بەهۆیەوە رەتی دەکەنەوە.

بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەن بە فشاری کۆشکی پادشایەتی ، بریاری لیژنە هاوبەشەکەیان نە خستە بەردەستی ئەنجومەن تا ساڵی 1955 درێژەیان بە کارکردن بەو فەرمانە دا، هەرچەندە پاش ئەوە نوری سەعید چەندین فەرمانی لەوە نزمتر و نادەستوری تر دەرکردن بۆ دژایەتی کردنی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کە دواتر دێینە سەری .

## 3/ نوری سەعید و وەسی (الوصی عبدالاله) و ئیمپریالیزم پیلانگێری لەسەر سوریا دەکەن.

ئاسەواری ناپاکی رژێمە عەرەبیەکان بەرانبەر بە پرسی فەلەستین شەقامی وروژاند، هەر لە دارمانی سوپای ولاتانی عەرەب و شکست خواردنیان بەرانبەر بە سوپای ئیسرائیل و رازی بونیان بە تەقەوە ستاندنەکەی ئیمزاکراو لە (رودس) لە نێوان عەرەب و سایۆنیزمەکان و دواتر رازیبونیان بە دابەشکردنی خاکی فەلەستین. ئەمانە هەمویان کاردانەوەی توندیان لای جەماوەر دروست کرد ، خۆپیشاندانەکان کە دژی کاربەدەستانی ولاتانی عەرەبی بەرپا ببو شەقامەکانی تەنیبوە خۆ ، هوتافەکان دژی پیلانەکانی ئەنگلۆ ئەمریکی و بە هاوکاری ولاتانی عەرەبی بوو ، بۆیە ئەم بروایەیان لا چەسپی کە گەلی عەرەبی بەم

کەرەستەو دام و دەستەی سەرانی عەرەبیەوە ناتوانێ داخوازیەکانیان بەدەست بگەیەنن ، بەهۆی گرنگی جیوپۆلەتیکی سوریش ئەمریکا بایەخی بە دەستگرتن بەسەر سوریادا تا ئاسایشی ئیسرائیلی پێ بپارێزێ بۆیە سودی لەم هەلانە وەرگرت، دروست بونی رژێمێکی نیشتمانپەروەر لە سوریا دژی ئامانج و داخوازیەکانی ئەمریکا دەبێ. ئەمەیان لەلایەک لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا هەموو هەولەکانی خستبوە گەر بۆئەوەی دەسەلاتی بەریتانیا لە رۆژهەلاتی ناوەراست کەمکاتەوە یا هەر نەهێلێ تا خۆی تەنیا جلەوی کارەکان بگرێتە دەست ، چونکە ئەم ناوچە بۆ ئەمریکا جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بوو ئەوەتا مەزنترین عەمباری نەوت لەم ناوچەیە ، هەر بۆیەش بەریتانیاش لە هەمان هەولدابوو کە رژێمێک لە سوریا بێنێتە کا بەهۆیەوە کەوانەی بەپیت (هیلالی خەسیب) بە سەرۆکایەتی تەختی پادشایەتیی هاشمی دروست بکا کە ئەمەیش لە ژێر هەیمەنەتی خۆیدا بێ، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی نوری سەعید رۆلی گرنگی گێرا.
بەڵام ئەمریکا بۆ ئەم بەرنامە خێراتر کاری دەکرد ئەوەبوو کودەتاکەی حوسنی ئەلزەعیمی لە 1949/3/30 ئەنجام دا حوسنی ئەلزەعیم توانیی دەست بەسەر دۆخەکاندا بگرێ و لوتکەی دەسەلات بگرێتە دەست بێ ئەوەی هیچ روبەروبونەوەیەک دژی کودەتاکەی روبدا، ئەو سودی لە بێزاری ئەو خەلکە وەرگرت، خۆی وەکو دلسۆزێکی کێشەی فەلەستین نیشتمانپەروەرێک نیشانداو و هاتە مەیدان، لە راستیشدا ئەم کودەتایە تەنها کودەتایەکی ئەمریکی بوو هیچی تر نا ، لەم روەوە (کوبلاند) نوسەری ئەمریکی لە کتێبەکەیدا بەناوی ( گەمەی نەتەوەکان) دا دەڵێ :

( کودەتاکەی حوسنی ئەلزەعیم لە نەخشەسازی و ئامادەکردنی خۆمان بوو، تیپی سیاسیی تایبەت بەم پرسە بە سەرۆکایەتی میجەر(مید) هەلسا بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەل (حوسنی ئەلزەعیم ) کە ئەوکات سوپاسالاری سوریا بوو .
لە میانی ئەو دۆستایەتی وپەیوەندیانەیدا میجەر (مید ) بۆ حوسنی زەعیم پێشنیاری کودەتایەکی سەربازی دەکا کە ئێمە لە بالوێزخانە نەخشەسازیمان بۆی کرد بە دابین کردنی هەموو پێداویستیە گرنگەکانیشەوە .
.

کودەتاکەی حوسنی ئەلزەعیم دلەراوکێی لە نێو فەرمانگەکانی بەریتانی و کۆشکی پادشایەتی هاشمی لە عێراقدا دروست کرد، هەر زوو نوری سەعید خۆی گەیاندە دیمەشق تا لە ناوەرۆک و ئاراستەکانی کودەتاکە بگا ، نوری سەعید بەنهێنی لەگەڵ حوسنی زەعیمدا کۆدەبێتەوەو ئامۆژگاری ئەوەی بۆ دەکا کە لە رێرەوی ئەرکەکانی لانەدا وەکو سەربازێك، دەست لە کاری سیاسەت وەرنەدا ، دیارە لە کاتی سەردانەکەشیدا نوری سەعید بۆ ئەوەی سەرنجی حوسنی زەعیم راکێشێ بە جلی ئەفسەری دەچێتە لای بەلکو حەزی بۆ دەچێ وکاریتێدەکا. .
بەڵام بەریتانیا خۆی رادەستی ئەمری واقع نەکرد هەولی پەرچە کودەتای دا ، بۆیە بەریتانیا لەم روەوە سەرکەوتن بەدەست دێنێ کاتێک بە سەرۆکایەتی (سامی ئەلحناوی) لە 14 ی ئابی 1949 دژە کودەتایەک ئەنجام دەدا و تیایدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ، ئەمە لە کاتێکا شەش مانگ بەسەر کودەتاکەی حوسنی زەعیم رەتناکا ، ئەم کودەتایەش زۆر بە ئاشکەرایی پێیەوە دیاربوو کە بە سەرپەرشتی بەریتانیا ئەنجام دراوە ، بە سەرکەوتنی کودەتاکەی سامی حەناوی ، هەریەک لە حوسنی ئەلزەعیم و سەرۆک وەزیرانی (موحسین بەزاز) لەسێدارە دەدرێن لە دادگاییەکدا کە تەنها دوو کاتژمیر دەخایەنێ، بەم کارەش ئەمریکا تورە دەبێ .

کۆشکی پادشایەتی عێراق و نوری سەعید نەیان توانی دلخۆشی خۆیان بە سەرکەوتنی کودەتای سامی حەناوی بشارنەوە ، هەر زوو سامی ئەلحناوی بەیاوەری کونسۆلی سەربازی عێراق لە سوریا (عبدالمطلب الامین) سەردانی بەغدا دەکا ، لەو سەردانەیدا لەگەڵ هەریەک لە وەسی (الوصی عبدالاله) و نوری سەعیدا کۆدەبێتەوەو لە هەمان رۆژدا دەگەرێتەوە دیمەشق .

ئەوەندەی نەبرد بۆ تاوتوێ کردنی پرسی یەکگرتن لەگەڵ عێراقا حکومەتی عێراق (ئەحمەد موختاربابان) سەرۆکی دیوانی پادشایەتی دەنێرێتە دیمەشق ، بەڵام ئەم پرۆژە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ بەهۆی ئەوەی ئەمریکا دوبارە کودەتایەک بەسەرۆکایەتی (ئەدیب الشیشکلی) و بە هاوکاری (ئەکرەم حۆرانی) و (فوزی سەلۆ) لە 19 ی کانونی یەکەم ئەنجام دەداو سامی حۆرانیش دەستگیر دەکەن .

بەڵام ئەدیب الشیشکلی بە راستەوخۆ حوکمی نەگێرا بەڵکو لە پەنای پەردەوە حوکمرانیی دەکرد بە گوتەی خۆی حوکم رادەستی دەسەلاتی سڤیلی دەکا ، ئەم رەوشە تاتشرینی دووەمی ساڵی 1951 درێژەی دەبێ تا ئەوکاتەی دوبارە کودەتایەکی تر ئەنجام دەداو حوکمی مەدەنی لەناو دەباو خۆی وەکو دکتاتۆرێک رادەگەیەنێ .

شیشکەلی تا شوباتی 1954 لەسەر حوکم دەمێنێتەوە کاتێک لە کودەتایەکی نوێدا (فەیسەل ئەتاسی) بە هاوکاری (غەسان جەدید) جولە بە سوپا دەکەن و حوکمی شیشکەلی سەرنگون دەکەن . لەم کودەتایە پارتە سیاسیەکان کە لە حوکمی دکتاتۆری تاکرەوانەی شیشکەلی پەست وبێزار ببون هاوکاری کودەتاکەیان کردو شیشکەلی یان ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوەو سیستەمی پەرلەمانیان کردە سیستەمی حوکم و بەم کودەتایەش هەولەکانی نوری سەعید و بەریتانیاش بەبا درا.

*      *

## نوری سەعید حزبی (یەکێتیی دەستوری) دادەمەزرێنێ.

نوری سەعید لە رێگەی کێش کردنی حزبە سیاسیەکان لەوانە حزبی ئیستقلال لە هەولی بەهێز کردنی پێگەی خۆیدا بوو ، بۆ ئەم مەبەستە پەیماننامەیەک لەگەل حزبی ئیستقلال واژۆ دەکا ناوەرۆکی ئەو پەیماننامەیە کە خۆی دەینوسێتەوە بەناوی (میساقی نیشتمانی) ناو دەبا ، یەکێک لە برگەکانی ئەو میساقە، لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان بوو ، هەروەها دژایەتی کردنی ئەو کارانەی حکومەت لاواز یا لەناو دەبا و بەرگری کردنی ئەو کردارانەش بە هەموو رێگایەک .

ئەمە پوختەی ناوەرۆکی پەیماننامەکەی نوری سەعید بوو کە بە دروشمی بریقەداری داپۆشیبو گوایە ریزگر لە دەستور دەگرێ و دەیپارێزێ، لە کاتێکا خۆی یەکەم پێشێلکاری دەستور بوو، هەروەها نەهێشتنی بەرتیل و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی و پاراستنی مافەکانی کرێکارو جوتیاران و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەل ولاتانی عەرەبی و چەندین دروشمی تری لەم بابەتە.

بەڵام نوری سەعید لەم هەولەیدا سەرکەوتو نەبوو چونکە (موحەمەد مهدی برکە) ی سەرۆکی حزبی ئیستقلالی بروای بە بانگخوازیەکەی نەکرد ، لە بری ئەمە داوای لێکرد کار بۆ چاککردنی سیستەمی

سیاسی و ئابوریی ولات بکرێ بەپێی ئەو بەرنامەی حزب دیاری کردوە . ئەمە کاتێک نوری سەعید لە کێشانی حزبی ئیستقلالی بێ ئومێد دەبێ ناچار دامەزراندنی حزبێکی بەناوی (حزبی یەکێتیی دەستوری) راگەیاند، دیارە کە بەرنامەی حزبەکەشی هەمان ئەو بانگێشتانەی لەخۆ گرتون کە لە پەیماننامەکەدا هوتبون ، لە سەر یاداشتی داواکاری دامەزراندنی حزبەکەش ئەم کەسانە واژۆیان لەسەر کردبوو :

1 - موحەمەد عەلی مەحمود. .
2 - موسی شابندر . .
3 - جمیل الأورفلي . .
4 - خەلیل کنە . .
5 - عەبد ولوهاب مەرجان . .
6 - سەعد عومەر . .
7 - مجید عباس. .
8 - ئەحمەد العامر .

لە 1949/12/24 لەلایەن وەزیری ناوەخۆ بڕیاری دامەزراندی حزبەکەی دەردەچ ، لە نێو ریزەکانی ئەو حزبە ژمارەیەک لە دەرەبەگ و گەورە بازرگان و چاوچنۆکی سامانەکانی ولات و خاوەن بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و گەورە فەرمانبەرو وەزیر هەبوون کە هەرهەمایان لایەنگرانی بەریتانیا بون ، پاش ئەوەی نوری سەعید ئەرکەکەی بە تەواوەتی بەکۆتایی دێنێ کە بریتی دەبێ لە راوەدونانی کۆمۆنیستەکان و نینۆک کردنیان و تۆلە سەندنەوە لە کەسە نیشتمان پەروەرەکان بەتایبەت ئەوانەی لە راپەرینی کانونی دوەم بەشداریان کردبوو بە لەناوبردنی دەستکەوتە کانیشیانەوە و تەواوکردنی بەشە پیلانەکانی سەر کێشەی فەلەستین ،کاتێک هیچ ئەرکێکی تر نامێنێ لەو قۆناغە بیکا ئەوسا لە 1949/12/9 یاداشتی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بە وەسی (الوصی عبدالاله) دەکا، ئەویش هەر یەکسەر بۆ رۆژی دواترقەبولی دەکا.

* * *

## بەشی دوانزەهەم

## ئەرکەکانی حکومەتە نوێکەی نوری سەعید

**یەکەم/ بەستنەوەی عێراق بە پەیمان و نەخشەکانی ئیمپریالیزمەوە.**
**دووەم/ دانوستانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەریتانیاو ئەمریکا .**
**سێیەم/ بەردەوام بون لە قەلاچۆکردنی کۆمۆنیزم بزوتنەوە نیشتمانیەکان.**
**چوارەم/ نوری سەعیدو پرسی کورد.**

**یەکەم/ ئەرکەکانی حکومەتە نوێکەی نوری سەعید:**

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێی دا ، نوری سەعید هەردەم پیاوی ئەرکە قورسەکانی ئیمپریالیزمی بەریتانی بوە . هەرکاتەی پێویستیان پێی بوایە ئەرکی پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان پێیدەسپارد. .

هەر لەسەردەمی ئەو وەسی (الوصی عبدالاله) بوو پەیماننامەی 1930 واژۆ کرا، بە لە پرۆسەی لەناوبردنی مەلیک غازی رۆلی دیاری هەبوو، دواتر پۆستی پێسپێردراو(وصی) وەردەگرێ و کاری جێنیشی دەبا بەرێوە ، هەرخۆی بوو ئەرکی تۆلەسەندنەوە لە لایەنگرانی بەکر سدقی و هاوکارانی ئەنجامدا بەتایبەت لە چوار جەنەرالەکەی سوپا کە هاوکاری بەکر سدقی بون ، ئەوەبوو هەرچواریانی بە لەسێدارە حوکم داو بەسەریانیدا جێبەجێی کردن، ئەمەو لە جەنگی دووەمی جیهانی شەری دژی ئەلمانیاو ئیتالیا راگەیاندو هەلمەتێکی رەشبگیریشی دژی شیوعیەکان بەرپا کردو حوکمی لەسێدارەدانیشی بەسەر سەرکردەکانی جێبەجێ کرد و تۆلەشی لە هەموو ئەوکەسانە سەندەوە کە بەشداریان لە راپەرینەکەی کانونی دووەمی1948 کردبوو . ئەوەتا ئێستاش ئەرکێکی تری پێدەسپێرن ئەویش دروستکوردنی حوکمەتێکی بەهێزە کە بتوانێ هەموو بزوتنەوە نیشتمانیەکان سەرکوت بکاو لەناویان بەرێ کە بتوانێ ئەو ئەرک و فەرمانانە جێبەجێ بکا کە بەریتانیا پێی دەسپێرێ یا داوای لێ دەکا بۆیە دەبوایە دوبارە نوری سەعید راسپێرنەوە تا ئەم کارانە ئەنجام بدا :

1- بەستنەوەی عێراق بە پەیمان و نەخشەکانی ئیمپریالیزمەوە.
2- ئەنجام دانی دانوستانی نەوتی لەگەڵ حکومەتەکانی بەریتانیاو ئەمریکا.
3- بەردەوام بون لە قەلاچۆکردنی کۆمۆنیزم و بزوتنەوە نیشتمانیەکان.
4- نوری سەعید و پرسی کورد.

بەم شێوە لە 1950/9/15 نوری سەعید رادەسپێرن بە پێکهێنانی حکومەت، کابینەکەشی لەم وەزیرانە پێکدێ:

1- نوری سەعید –سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوەخۆ .
2- شاکر ئەلوادی ـ وزیری بەرگری وجێگری وەزیری دەرەوە .

3- ماجد موستەفا - وزیری کاروباری کۆمەڵایەتی .
4- حسن سامي تەتەر - وزیری داد .
5- خلیل کنه - وزیری پەروەردە .
6- ضیاء جەعفەر - وزیری ئابوری .
7- عەبدولوەهابمرجان - وەزیری گواستنەوەو کار و جێگری وەزیری دارایی.

هاتنی نوری سەعید وەکو سەرۆکی وەزیران خۆی ئاماژە بوو بە دروست بون و درێژە پێدانی کێشەو ململانێکان لە نێوان نوری سەعید و هێزە سیاسیەکان و بە پشتیوانی هێزەکانی ئیمپریالیزم . .

سەرەتای کێشەکان ئەوکاتە سەریان هەڵدا کە 28 ئەندامی نوێنەران لە لستی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیەکیان پێشکەش کرد تیایدا داوای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنیان کرد ، تیایدا هاتبوو پرۆسەی هەڵبژاردن بە یەک پلە ئەنجام بدرێ نەک دوو پلە ئەمەش بۆئەوە بوو رێگە لە دەستێوەردانەکانی حکومەت بگیرێ، کە بەهۆیەوە دەسەلات کاریدەکردە سەر دەنگدەرانی پلە دوو ، جا ئەم کارتێکردنە چ لەرێگەی کرینی ویژدانیانەوە بێ یا ترساندن و تۆقاندنیان ، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران کە زۆرینەیان سەعیدی دەبن ئەم پرۆژە بە زۆرینەی 52 دەنگ دژی 32 دەنگ و بە ئامادە نەبونی 56 ئەندام رەت دەکەنەوە، بۆیە پرۆژەکە سەرناگرێ .

*** *** ***

## 1- نوری سەعید هەوڵدەدا عێراق بە پەیماننامەکانی رۆژئاواوە ببەستێتەوە.

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی وسەرکەوتنی وولاتانی هاوپەیمان بەسەر ولاتانی محوەرداو دەرکەوتنی هەردوو زلهێزەکەی یەکێتی سۆڤیەت و ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر مەیدانی گۆرانکاریەکان کە هەریەکەیان هەلگری ئایدیۆلۆژیایەکی جیاو دژ بەیەک بون ، لەم ناوە ململانێ لە نێوان هەردوو هێزەکە بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت هەلگری بیروباوەری چەپ وەکو نوێنەری بلۆکی سۆشیالیزم و بلۆکی سەرمایەداری رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ، لەم میانە ململانێکان رۆژ لەدوای رۆژ لە هەلکشاندابوو هەرلایەن لەهەولی بەرفراوان کردنی لایەنگرانیدا بوو. ململانێکەش زیاتر لە ناوچەی رۆژهەلات گریگرتبوو چونکە مەزنترین عەمباری نەوت بوو لە جیهان. .

هەر بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیاو ئەمریکاو رۆژئاوا لەهەولی گرتنەخۆی ولاتانی عەرەبیدا بون لە ژێر دروشمی ( بەرگری لە رۆژهەلاتی ناوەراست ) تا بیانخەنە ژێر نەخشەو بەرنامەکانیان و دژی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت ئاراستەیان کەن.
زۆر لە ولاتانی عەرەبی هەستیان بەو هەلانە کرد کە چارەنوسیان بە بەرژەوەندیەکانی رۆژئاواو ئەمریکا

ببەستنەوە ، بەتایبەت دوای ئەوەی لەسەر دەستی ئیمپریالیزم ئەو کارەساتە بەسەر فەلەستین دا هات، دیارە لە بەرژەوەندی عەرەبیشدا نەبوە خۆیان لەم شەرەی ساردی ئەو دوو زلهێزە تێوەگلێنن ، بۆئەوان باشتر ئەوەبوو خۆیان لەم ململانێیانە بێلایەن راگرن نەک ئەوەی عێراق کردی کە خۆی بەو هاوپەیمانیەی ئیمپریالیزمە بەستەوە .

بەڵام لەم هاوکێشە نوری سەعید خۆی لە دۆلێکی تر دەبینیەوە ئەویش ئەو دۆلە بوو کە ئیمپریالیزمی تای بوو ، هەموو هەولەکانی خستبوە گەر تا عێراق بە هاوپەیمانیتی و نەخشەسازی ئیمپریالیزم ببەستێتەوە ، ئەمەش بوە مایەی وروژاندنی هەستی نیشتمانپەروەرەکان کە داوای بێلایەنیان لەو دوو بلۆکە دەکرد بۆیە بەیاننامەیەکیان دەرکرد تیایدا خەلکیان لەو پیلانانە و مەترسیەکانی ئاگادار کردەوە ، داوایان لەو خەلکە کرد ریزەکانیان دژی پیلان و نەخشەکانی نوریسەعید یەکخەن و هەولی دورخستنەوەی عێراق بدەن لە تێوەگلانی لە لایەنگری هیچ کام لەودوو لایەنە زلهێزانە تا نەبنە بەشێک لە پیلان و بەرنامەکانی ئەوان و لە شەری ساردی ئەوان بەدور بن تا ولات لە مەترسیەکان دورخەنەوە ، بەیاننامەکەش لەلایەن ئەم کەسایەتیە سیاسیانە واژۆ کرابوو :

1ـ کامل چادرچی 2 ـ صادق ئەلبەسام 3 ـ مزاحم پاچەچی 4_ تەها هاشمی
5 ـ حسین جمیل 6 ـ موحەمەد حەدید
7 ـ حسین فوزي 8 ـ عەبدولرەزاقالظاهر 9 ـ حسن عبد الرحمن 10 ـ عەبدولهادي زاهیر 11 ـ جەعفەر حەمندي 12 ـ عارف قفطان
13_ صالح شكارة 14 ـ جەمیل صادق 15 ـ جەعفەر البدر 16 ـ برهان الدین باش ئەعیان17 ـ قاسم حەسەن 18 ـ رەجەب عەلی الصفار 19 ـ عەبدولرەزاق حمود 20 ـ مەحمود درة 21 ـ نائل سمحیري 22ـ عەبدولرەحامن جەلیلي. 23 ـ عەبدولجەبار جومەرد

ئەم بەیاننامەیە دەنگۆیەکی مەزنی لە نێو خەلکدا دروست کرد ، کۆمەلێک بروسکەو نامەی پشتگیری بۆ کەسەکان چون دژی بەرنامەو نەخشەکانی نوری سەعید.

ململانێکە گەیشتە نێو پەرلەمان ئەوکاتەی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان رەخنەیان لە نەخشەو بەرنامەی نوری سەعید گرت و داوایان کرد کە ولات لە شەری ساردی زلهێزەکان دور راگرن ، بەهۆی ئەوەی هەلمەتی نارەزایی پەرەدەسەنێ ، نوری سەعید ناچار دەبێ بەیاننامەیەک دەربکاو تیایدا حاشا لە بەرنامەکانی باکا کە عێراق بە پەیماننامەکانەوە دەبەستەوە.

بەڵام کەسایەتیە سیاسی وحزبەکان ئەوانەی لەسەر بەیاننامەی نارەزایی واژۆیان کردبوو بەم بەیاننامەی نوری سەعید دلنیا نەبون و بروایان پێی نەکرد بۆیە لە هەلمەتەکەیان بەردەوام دەبن و دەنگی نارەزایی بەرزتر دەکەنەوە ، لەم پێناوە لە نێو خۆیاندا بەرەیەک پێکدەهێنن بەناوی ( بەرەی گەلەریی یەکگرتوو) هەر ئەم بەرەیەش لە 1951/4/14 بە فەرمی یاداشتێکیان دایە وەزیری ناوەخۆ بۆ وەرگرتنی مۆلەتی کارکردن . وەزارەتی ناوەخۆ بە بیانوی ئەوەی ئەم بەرە لە چەند لایەن و حزبی سیاسی پێکهاتوە ئەمەش لەگەل بەندی سێیەمی یاسای کۆمەلەو هەروەزەکان نایەتەوە بۆیە لە 19ی نیسان داواکەی رەتکردەوە ، بەڵام لایەنە سیاسیەکان تانەیان لە رەتکردنەوەکەی وەزیری ناوەخۆداو داواکەیان دایە ئەنجومەنی وەزیران ئەویش بە دەوری خۆی رەوانەی وەزارەتی دادی کرد . وەزیری داد بریارەکەی وەزارەتی ناوەخۆی

پەسند کرد ، بە بیانوی ئەوەی داوای لێکردن کە دەستەواژەی (لە چەند حزب و لایەنێک ) پێک هاتون لابەرن . پاش دەستکاری کردن داواکەیان لە 1951/4/16 جێبەجێ کرا ، ئەمە دوای ئەوە هات کە حزبی نیشتمانی دیموکراسی لە دەستەی دامەزرێنەر دەکشێتەوە ، بەمەرجی ئەوەی هەردوو لایەن هەولەکانیان یەکخەن لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی ولات دور لە هەیمەنەی ئیمپریالیزم و بەرنامەکانی دوژمنکاریی.

هەردوولایەن بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد تیایدا دوپاتی ئەوەیان کردەوە کە کاربکەن دژی بەستنەوەی عێراق بە نەخشەکانی ئیمپریالیزم ، کە لە ژێر ناوی ( بەرگری لە رۆژهەلاتی ناوەراست ) ناو دەبردرا. بەیاننامەی لایەنە سیاسیەکان ئاماژەی بەو مەترسیانە دان کە خۆبەستنەوە بەو نەخشانەی ئیمپریالیزم عێراق بەرەو چ کارەساتیک دەبا ، هەر لەو بەیاننامەیە ئاماژە بەوە دراوە کە عێراق نە کرێتە بنکەیەکی سەربازی هیچ کام لەو لایەنانە کە بەهۆیەوە دەخرێتە نیو شەرێکەوە هیچ کاتێک لە بەرژەوەندی ئەودا نیە ، داواش کرا ئازادیەکانی دەستوریی گەل بپارێزرێن و یاسای هەلبژاردن هەموار بکرێتەوە، بکرێتە هەلبژاردنی راستەوخۆی یەک پلەیی بۆئەوەی دورخرێتەوە لە ساختەکاری ، هەروەها داواکرا لێکۆلینەوە لە روداوەکانی ئەشکەنجەداندا بکرێ و ئەوەی لێی بەرپرسە سزابدرێ و گرتوخانە سیاسیەکان دابخرێن و ئەوانەی بەهۆکاری سیاسیەوە گیراون ئازاد بکرێن و کێشە بژێویەکانی گەلیش چارەسەر بکرێن و کەرەستەی پێویستی هاولاتیان دەستەبەر بکرێ و دیاردەی قۆرخکاری لەناوببردرێ .
.
لەلایەن حزبی نیشتمانیی دیموکراسی کامل چادرچی واژۆی کردو لەلایەن بەرەی گەلیش تەها هاشمی واژۆی کرد .

------------------------------

**- دانوستانی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەریتانیاو ئەمریکا .**

**خۆمالیکردنی نەوتی ئێران لەلایەن دکتۆر مسەددەق و کاریگەریەکانی لەسەر عێراق.**

هێزە سیاسیە نیشتمانپەروەرەکانی ئێران لە ژێر سایەی بەرەی نیشتمانی کە دکتۆر موسەددەق پێکیهێنابوو لە 1951 هەلبژاردنیان ئەنجام دا ، لەو هەلبژاردنە بەرەی نیشتمانی توانیی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و بەهۆیەوە دکتۆر مسەددەق دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێران . .
حکومەتەکەی مسەدەق ئەو نادادپەروەریەی کۆمپانیا نەوتیەکانی کردە کارە سەرەکیەکانی خۆی تا بە یاسای بە کارکانیاندای بێتەوە لەسەرویانەوە کۆمپانیان کارتالی نێونەتەوی، چونکە بەهۆیەوە دەستکەوتی

زۆر لەسەر حسابی گەلی ئێران بەو کۆمپانیا نەوتیە درابون ، هەموو هەولەکانی بۆ لابردنی ئەو نادادپەروەریە بون، بەڵام کۆمپانیاکە سەری بۆ داخوازیەکانی حکومەتی ئێران دانەنواند و رازی نەبوو دەستبەرداری دەستکەوتەکانی بێ بۆیە حکومەت ناچاردەبێ لە 1951/3/20 نەوتی ئێران خۆماڵی بکا، ئەم بڕیار و هەنگاوەی حکومەتی ئێران گۆمەکەی شلەقاند و رایەخی ئیمپریالیزمی لێژ کرد ، بۆیە زورناکان کەوتنە ژەنین و هەرەشە ، بەریتانیا بەبیانوی پاراستنی گیانی کارمەندانی کۆمپانیاکە لە ئەندازیارو کارمەندانی کە ژمارەیان 300 کەس دەبون ، هێزی لە نزیک (عەبادان) دابەزاند .

دیارە بڕیارەکەی ئێران بە خۆمالی کردنی نەوتی نیشتمانی لە عێراقیش دەنگ دەداتەوەو لە نێو ریزەکانی جەماوەریشدا بە خۆشحالی و پشتگیریەوە پێشوازی لەم هەنگاوەی دەکەن. لەم میانە دەنگۆی ئەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان و هەروەها کۆشک و تەلار و دیوەخان و تەنانەت پەرلەمانیش دەبیسترا کە داوای ئەوە دەکرا بە شون هەنگاوەکانی ئێرانەوە دابچن و عێراقیش هەمان بڕیار دەربکا .

لە 1951/3/25 بیست لە ئەندامانی پەرلەمان یاداشتێک واژۆ دەکەن و دەیدەنە پەرلەمان تیایدا داوا دەکەن پەرلەمانیش یاسایەک بە خۆمالی کردنی نەوت ئامادە بکا ، ئەم یاداشتەش لە رۆژی 27 ی هەمان مانگ لە رۆژنامەکان دادەبەزێ .

هەر لە هەمان تەوەر پارێزەرانی بەسرەش یاداشتێک دەدەنە حکومەت داوای خۆمالی کردنی نەوت دەکەن ، وەکو پشتگیریش لە هەموو لایەکەوە بروسکەیان بۆ دەچێ .

حکومەت کەوتە ژێر فشار بە چەندین بیانوی نابەجێ هەولیدا گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە لە پەرلەمان دوا بخا تا ئەوکاتەی لە 31 ی مایس خولی پەرلەمان کۆتایی دێ. حکومەت هیچ کاتێکی بۆ گفتوگۆکە دیاری نەکردو ئەم لاپەرەیەشی داخست، بەتایبەت کاتێک بەریتانیا ئاگاداری حکومەتەکەی نوری سەعید دەکاتەوە کە بە هیچ شێوەیەک رێگە بە ئۆپۆزسیۆن نەدا ئەم بابەتە بکاتەوە چونکە بابەتێکە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە عێراق دەخاتە مەترسی.

*** *** ***

## حکومەتی نوری سەعید دانوستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکاندا دەکا :

لەوکاتەی هەلمەتی دەنگ هەلبرین و داواکاریەکانی جەماوەر و پەرلەمان لەوپەری بەرزبونەوەدابوو بۆ خۆمالی کردنی نەوتی عێراق ، کەچی حکومەتی نوری سەعید لە درێژەی دانوستانەکانیدا بوو لەگەل کۆمپانیا نەتیەکان بۆ تەواو کردنی دانوستانەکانی سەردەمی حکومەتی سێیەمی سوێدی ، نوری سەعید بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی بەدواداچونی پێکهێنابوو لە جێگری سەرۆک وەزیران( توفیق السوێدی) و عبدالوهاب مرجان ی وەزیری دارایی و عبدالمجید مەحمودی وەزیری ئابوری بۆ تەواو کردنی دانوستانەکان .

له هەمانکاتدا لە نیسانی 1951 ڕۆژنامەکان ئەو بروسکەی هەرەشە ئامێزەی بەریتانیا بلاو کردبۆوە کە بۆ حکومەتی عێراقی ناردبوو لەوەی باس لە پرۆژەی خۆمالی کردنی نەوت نەکرێ ، کە تیایدا هاتبوو: :

( چاودێرە سیاسیەکان وا بیردەکەوەنە کە لێرە بیرۆکەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەمریکاو بەریتانیادا هەیە کە ڕێکارێکی مەیدانی بگرنەبەر بۆ ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست چیتر ڕێگە بە داواکاری خۆمالی کردنی نەوت نەدرێ. حکومەتی بەریتانیا و ئەمریکا لەسەر ئەوە ڕێککەوتون یاداشتێکی وشیارکردنەوە بدرێتە حکومەتی عێراق تا بیر لە پرۆژەی خۆمالی کردنی نەوت نەکرێتەوە لە پەرلەمان .

لە بەرانبەریشدا کۆمپانیاکان بەوە رازی بونە کە قازانجەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق بە نیوە بەشکەن ، نوری سەعیدیش ڕێککەوتننامەیەکی واژۆکردوە کە پالاوگەی نەوتی (وەند) لە خانەقین بە حکومەتی عێراق بفرۆشن ، بەو مەرجەی کۆمپانیای نەوتی خانەقینی بەریتانی مافی ئەوەی هەبێ تا سالی 1961 لە جیاتی حکومەتی عێراق نەوتی خانەقین دابەش کا. .

هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کە (پالاوگەی دورە) لە بەغدا دروست کەن ، بەو مەرجەی ئەرکی بەرێوە بردنی دابەشکردنی بەرهەمەکانی تا ساڵی 1961 لە ئەستۆی کۆمپانیاکان بێ ، بەڵام کۆمپانیاکان لە پێدانی نەوتی خاو بەرپرس نین .

دیسان لەسەر ئەوەش ڕێککەوتون کە کۆمپانیای نەوتی عێراق لانی کەم 22 ملیۆن تۆن نەوت بەرهەم بێنێ و کۆمپانیای نەوتی بەسرەش سالانە 8 تۆن نەوت بەرهەم بێنێ ، کۆمپانیاکان پەیمانی ئەوەشیان داوە کە داهاتی عێراق لە سالەکانی 1953،1954 سالانە لە 20 ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە ساڵی 1955 و سالەکانی دواتری لە 25 ملیۆن کەمتر نەبێ، گومانی تیا نیە کە ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەل قازانجی کۆمپانیاکان نابەرانبەرە چونکە قازانجی ئەوان بە ڕێژەیەکی خەیالیە .

لە دانیشتنی ڕۆژی 9 ی شوباتی 1952 ی پەرلەمان ، نوری سەعید ڕێککەوتننامەکەی خستە بەردەست ئەوان بۆ دەنگ لەسەردان ، بەهۆی ئەوەی ڕێژەی لایەنگرانی نوری سەعید لە پەرلەمان زۆرینە دەبی بۆیە زۆر بەخێرایی و بە پەلە گفتوگۆی لەسەر کرا تا 1952/2/14 کاتێک خرایە دەنگدان و دەنگی زۆرینەی وەرگرت، ئەمە وێرای ئەوەی ژمارەیەک لە پەرلەمانتار نارەزایی توندیان دەربری لە ڕەنگدانەوەی ئەمە لە 27 ی مانگ دەستیان لە کار کێشایەوە. .

لە ئەنجامی ئەم بەرێکردنەی ڕێککەوتننامەیە هەردوو حزبی نیشتمانی دیموکراسی و حزبی بەرەی گەلەری ، بەیاننامەیەکی نارەزاییان دەرکرد بەوەی سامانی ولات بەم شێوەیە بەهەدەر دەدرێتە دەست کۆمپانیا بیانیەکان و خێرو بێری ولات لە قورگی ئەوان دەکرێ ، بەیاننامەکە دەستەواژەی (نیوە بەنیوە) یان رسوا کرد بە کارێکی شەرمەزار دایە قەلەم ، لە بەیاننامەکەدا هاتبوو ئەم ڕێککەوتنە لە جیات ئەوەی مافەکانی خەلک بگێرێتەوە زیاتری پێشێل کردوەو خستیە بەردەست کۆمپانیاکان ، لە ڕێککەوتنەکە نرخی ئەو نەوتە دیاری کرابوو کە حکومەتی عێراق بەری دەکەوێ لە نرخی نێو دەولەتی کەمتر تەخمینکرابوو ئەمەش زیانێکی مەزن بە داهاتی عێراق دەگەیەندرا وێرای ئەوەش بە پارەی (ئەسترلینی) دەدرایە عێراق کە دیسان زیانی پێدەکەوت لە پارەی بە بەها بێبەش دەبوو ، چونکە ئەستەرلینی بەردەوام لە دابەزیندا بوو .

لە 1949/9/17 حکومەتی بەریتانی بەهای ئەستەرلینیی لە چوار دۆلارەوە بۆ دوو دۆلار و هەشتا سەنت دابەزاند ، دیارە بە هەمان شێوە دیناری عێراقیش دادەبەزێ بەمەش مەزنترین زیان بە خەزینە و

ئابوری عێراق دەکەوێ . .

حکومەت ناچار دەبێ بڕیاری دەست بە سکەوە گرتن دەربکا ، چونکە هەر خۆی دەیزانی چ زیانێکی بەرکەوتوە . .

لە بەیانی حزبەکاندا هاتبوو داوا لە کۆمپانیاکان دەکەین بەشە نەوتەکەی عێراق لە نەوتی خاو کە 50% یە بە کاش بیدەنە دەست تا خۆی سەرانگێری فرۆشتنی بکا تا ئەوکاتەی کێشەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان چارەسەر دەکرێن کە خۆمالی کردنە، داواکاریە مەزنەکەی گەل. لەسەر بەیاننامەکە هەریەک لە کامل الچادرچی و تەها هاشمی واژۆیان لەسەر کردبوو ، حزبەکەی سالح جەبریش رازی نەبوو وەزیرەکانی لەگەل نوری سەعید بچنە بن باری ئەو زیانەی لە حکومەتی عێراق دەکەوێ لە ئەنجامی ئەم رێککەوتننامەیە ، بۆیە نوێنەرانیان لە پەرلەمان لە دانیشتنەکە کشانەوە، بەڵام وا مەزندە دەکرا کە رازی نەبونی سالح جەبر لە سەر رێککەوتننامەکە لە دڵیەوە نیە ، بەلکو تەنها بۆ ئەوەی بوە روی رەشی خۆی لای جەماوەر سپی کاتەوە ، چونکە ئەگەر بە دڵەوە بوایە ئەوا نوێنەرانی لە پەرلەمان درێژەیان بە خۆکێشانەوەکە دەدا یا دەنگیان دژی رێککەوتنەکە دەدا هەروەکو ئەندامە ئۆپۆزسیۆنەکان ، دواتر کشانەوەیان لەو دانیشتنە رێخۆشکەر بوو بۆ نوری سەعید تا رێککەوتنەکە بە خێرایی بەرێکا. .

پەسند کردنی رێککەوتننامەکە بوە مایەی مانگرتنێکیی سەرتاسەری خەلک لە کاتژمێر شەشی بەیانیەوە تا دوانزەی نیوەرۆی رۆژی 1952/2/19 لەسەر داوای هەرسێ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکە مانیان گرت، مانگرتنەکە سەرجەم توێژەکانی خەلکی گرتبوەوە بۆیە حکومەت لە بەیاننامەیەکی هەرەشە ئامێزدا لە 1952/2/18 هەرەشە لەو خەلکە دەکا کە توندترین سزای ئەو کەسە دەدا ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر حکومەت . لەگەڵ ئەمەشدا خۆپیشاندانەکان بەردەوام دەبن و روبەرو بونەوەش لەگەڵ پۆلیسا دروست دەبێ و ژمارەیەک بریندار دەبن و حکومەتیش ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران دەستگیر دەکا لە نێویاندا خوێندکار و فەرمانبەر لە کۆلیژ وزانکۆکان ، وەکو دەستخۆشی و پاداشتیش نوری سەعید فەرمانیدا خەلاتی ئەو پۆلیسانە بکا کە روبەروی خۆپیشاندەران بونەتەوە، خەلاتەکەش بۆ ئەفسەران 20 دینار و رێگەپێدراو(مفوض) 10 دینار و پۆلیسیش 5 دینار .

## نوری سەعید خۆی چاودێری ئەشکەنجەدانی زیندانە سیاسیەکان و کەسو کاریان دەکا :

حکومەتی نوری سەعید هەموو شێوازی هونەریی بۆ لەناوبردنی شیوعیەکانی بەکار هێنا ، فەرمانی نارەوای دەرکردن و یاسای سزدانی بەغدادیی هەموار کرد تا بتوانێ بە هەموو شێوەیەک سزای زیندانیان

بداو ڕێگە لە چالاکیەکانی شیوعیەکان  بگرێ ، بەم شێوە نوری سەعید زیندانەکانی پرکردن لە باشترین مامۆستای زانکۆ و زاناو رۆشنبیری ولات ، بەڵام ئەم شێوازە بۆ نوری سەعید سەرکەوتو نەبوو چونکە کاتێک بەخۆی زانی کە زیندانەکان بونەتە خوێندنگاو پێگەیاندنی کادران بەتایبەت ئەو زیندانیانەی لەسەر تاوانی ئاسایی سزادراون .ئەوەتا زیندانیە ئاساییەکان داواکاری نیشتمانی و دیموکراسی بەرزدەکەنەوە بۆیە زیندانیە شیوعیەکانی جیاکردەوەو بۆ زیندانی نوگرە سەلمان و سەماوە دور خستنەوە کە 150 کم لە ناوجەرگەی بیابانەوە دور بوون . ئەو زیندانانە لە خزم و کەس و کاریان دور کەوتنەوە بۆیە بە هەموو شێوەیەک دەیانتوانی بەربنە گیانیان و ئەشکەنجەو شەری دەرونیان لەگەڵدا بکەن، بەهۆی خەراپی دۆخیان لە نوگرە سەلمان 162 زیندانی یاداشتێکیان دایە حکومەت تیایدا هاتبوو :

1- بیانگوازنەوە شوێنێک کە لە کەس و کاریانەوە نزیک بێ .
2- مافی یاسایی زیندانیانی سیاسیان پێببەخشن.
3- پێداویستیە چارەسەریەکانی پزیشکیان بۆ دابین بکەن .
4- چیتر سوکایەتیان پێنەکرێ ، چاو بەو حوکمە نا دادپەروەریانەیاندا بخشێندرێتەوە کە دادگای سەربازی بەسەریاندا سەپاندون..

بەڵام حکومەتی نوری سەعید داواکاریەکانیانی رەت کردنەوە بۆیە ئەوانیش مانیان لە نانخواردن گرت تا ئەوکاتەی داواکاریەکانیان دێننەجێ ، توانیان داواکەشیان بگەیەننە کەس و کاریان کە ئەوانیش حزبەسیاسیەکانیان لێ ئاگادار کردنەوەو رۆژنامەکان هەواڵەکەیان بلاوکردەوە، لە ئەنجام رۆژنامەکان هەڵمەتێکی توندیان کردە سەر حکومەت کە مافی زیندانیا پێشێل دەکاو ئازادیان لێ زەوت دەکا ، حزبەکانیش بە دەوری خۆیان بەیاننامەیان دەرکردن و فشاریان خستە سەر حکومەت بەوەی کاری دژ بە دەستور پیادە دەکا ، هەروەها لە 14،25 ی تەمووز کەس و کاری زیندانیان  ژن و منداڵەکانیان لە بەغدا خۆپیشاندانێکیان ئەنجام داو داوایان کرد زیندانی نوگرە سەلمان نەهێلدرێ و کەس وکاریان ئازاد بکرێن .

بەڵام وەڵامی حکومەتی عێراق توند بوو، بلاوەی بە خۆپیشاندانەکە کرد ، بوە مایەی ئەوەی رۆژنامەکان دوبارە هێرش بکەنە سەر حکومەت و داوای دەست لەکار کێشانەوەی لێ بکەن ، نوری سەعید ناچار دەبێ لە بەیاننامەیەکدا پاساو بۆ گواستنەوەیان دێنی بۆ نوگرە سەلمان و ئەوەش رادەگەیەنی کە هەرکەسەی ئامادە بێ ریز لە یاسای زیندان بگرێ دەیگێریتەوە شوێن جارانی ، بۆ کەم کردنەوەی تورەیی خەلک ژمارەیەک لەو زیندانیانە دەگێریتەوە شوێن جارانیان .

***     ***     ***

## چوارەم/ نوری سەعید و کێشەی کورد :

کاتێک دەولەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەروخێ، ئینگلیز عێراق داگیر دەکاو تورکیاش لە هەولی ئەوەدادەبێ سۆزی شێخ مەحمود بۆخۆی بکێشێ ، لەوساوە پرسی کورد خۆی بەسەر ناوچەکەدا دەسەپێنێ، هەولەکانی تورکیا سەرچاوەیان لەوەوە گرتبوو کە شێخ مەحمود لە نێو کوردان لایەنگرو دەسەلاتێکی زۆری هەبوو بە مسۆگەر کردنی شێخ مەحمود ویلایەتی موسل کە ئەوکات هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و موسلی دەگرتە خۆو زۆرینەی رەهای کورد بون ، گوایە تورکیا بەهۆیەوە دەتوانێ ویلایەتی موسل داگیرکا.

بەڵام شێخ بە نهێنی پەیوەندیی بە ئینگلیزەوە کرد و ئەم پێشنیارەی خستە بەردەم، کە دەست بگرێ بەسەر پادگای تورکی لە سلێمانی لە بەرانبەردا ئینگلیز مافی بەرێوە بردنی کاروباری لە سلێمانی پێبدا بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتی خۆی لە ژێر سێبەری بەریتانیا .

بەریتانیا ئەم پێشنیارانەی شێخی پێ باش بوو چونکە شێخ خاوەن دەسەلات و لایەنگری زۆر بوو لە نێو کوردان بۆیە لە 1918/11/18 دوو نوێنەر لە گەورە ئەفسەرانی دەنێرێتە لای شێخ تا گفتوگۆی ورد لەسەر ئەم پرسە بکەن و کارئاسانی بۆ چونی سوپای بەریتانی بکەن بۆ ناو سلێمانی ، شێخ مەحمود زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکردن و پادگاکەی تورکیای رادەست کردن کە دەستی بەسەردا گرتبوو ، ئەوانیش دلخۆشی خۆیان راگەیاندوو هەر ئەوکات فەرمانی حاکمێتی سلێمانیان بۆ دەرکرد، بە تەرخان کردنی موچەیەکی مانگانە بە 15 هەزار روپیە ، میجەر (نوئیل) یشیان کردە راوێژکاری ، بەم شێوە ناوکی حکومەتێکی کوردیان لە کوردستانی عێراق دامەزراند کە لە پەیماننامەی سیڤەر لە بەندی 62،63،64 ئاماژەی پێدراوە.

بەڵام کاتێک بەریتانیەکان کار بۆ بەرتەسک کردنەوەی دەسەلاتەکانی شێخ دەکەن و لە هەولی نامۆکردنیدا دەبن ، پەیوەندیەکانیان تێک دەچن بۆیە شێخ لێیان یاخی دەبێ و شۆرشیان بەسەردا رادەگەیەنێ ،شێخ لە 21 ئایاری 1921 هێزەکانی لیفی ( کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دایمەزراندبوو هەمویان لە رەگەزی ئاشوری بون) لەگەڵ هێزەکانی تری بەریتانی لە سلێمانی وەدەر دەنێ و سلێمانی رزگار دەکا و ژمارەیەکی زۆریش لە گەورە ئەفسەرانی بەدیل دەگرێ و دەولەتی کوردیی لەو ناوچەیە راگەیاند و خۆی کرد بە پادشای ئەو دەولەتە و ئالایەکی تایبەتیشی دیار کرد ، شێخ مەحمود توانیی پانتایی دەسەلاتەکانی بەرین کاو ناوچەی تر لە دەسەلات و هێزەکانی بەریتانی پاک کاتەوە لەوانە تاسلوجە ودەربەن (مەبەستی دەربەندی بازیانە..و) هەروەها توانیی کەمیەکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی لە هێزەکانی بەریتانی و لیفیی ئاشوری دەست بەسەردا بگرێ ، شێخ لە بەرفراوانکردنی هەرێمەکەی بەردەوام دەبێ کاتێک ناوچەکانی رانیەو کۆیە وهەڵەبجەش دەگرێتە خۆو رزگاریان دەبێ لە داگیرکاری ، بەڵام بەریتانیەکان هێزێکی مەزنیان بۆ ئامادە کرد کە بریتی بوو لە تیپی دوانزە بە فەرماندایەتی جەنەرال(فریزەر) بۆ تێکشکاندنی شۆرش و حکومەتەکەی شێخ بە پشتگیری فرۆکەو چەکی قورسی زەمینی، لەم هێرشەیدا بەریتانیەکان بەهۆی زۆری چەکی قورس و فرۆکەو درندەییانەوە توانیان شێخ بە دیلی بگرن پاش ئەوەی بە خەستی لە شەرێکی روبەروبونەوەیدا بریندار دەبێ ولە دەستگیرکردنەکەیدا بە دیلی دەیبەنە بەغداو لەوێ لە دادگاییەکی شەکلیدا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنن ، بەڵام دواتر حکومەتی بەریتانیا حوکمەکەی بۆ دەکەن بە هەتاهەتایی و بۆئەوەی کوردەکان جارێکی تر سەر هەڵ نە دەنەوە شێخ دوردەخەنەوە بۆ هیند.

شێخ تا سالی 1922 لە ئاوارەیی لە هیند دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی بەریتانیەکان دەیگەرێننەوە کوردستان و

دوباره کارەکانی دەخەنەوە دەست ، بەڵام ئەوەندەی نەبرد شێخ دوباره دژیان دەوەستێتەوەو لێیان یاخی دەبێ ، ئەمجارەیان بەریتانیەکان بە هێزەوە دوباره هێرش دەکەنەوە سەر سلێمانی بەڵام ئەمجارەیان شێخ دەست ناداو لە 1923/7/11 لە شەرێکی قورسدا بەرۆکیان دەگرێ و رێگەیان پێنادا بێنەوە سلێمانی ، ماوەیەک بەم شێوەیە شێخ حوکمرانی سلێمانی دەکا تا ئەوکاتەی حکومەتی یاسین هاشمی کابینەی وەزاری پێکدەهێنێ یەکێک لە ئەرکە بەراییەکانی گێرانەوەی سلێمانی بوە بۆ ژێر دەسەلاتی عێراقی ، بۆیە هێزێکی مەزن بە پشتیوانی هێزەکانی بەریتانی و هێزی ئاسمانی هێرشێکی بەربلاو دەکاتە سەر سلێمانی دوای شەرێکی قورس دەتوانێ سلیمانی بگرێت و بۆ یەکەم جار پارێزگا(متەسەرف) ێک بۆ سلیمانی دامەزرێنێ پاش ئەوەی شێخ مەحمود لە ئەنجامی تێکشکانی هێزەکانی رادەکاتە دەرەوەی سلێمانی .   بە دیدی بەریتانی ئەوکات دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی کێشەی بۆ دروست دەبێ بەتایبەتی لە بەرژەوەندیەکانی دەدرێ دواتر لە پەیماننامەی 1920 ی بەریتانی عێراقی ئاماژە بەم پرسە دراوەو کۆتایی پێهاتوە ، بۆیە بۆ دوایین جار ئەم پرسە دادەخاو کۆتایی پێدێنێ بەوەی ولاتی کوردستان بخاتەوە سەر عێراق.  حکومەتی عێراقیش لەلای خۆیەوە بریاری دا هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە کوردستان دانامەزرێنی جگە لە پیشەوەرو بسپۆران نەبن ،هەروەها رایگەیاند کە کوردەکان دەتوانن بە زمانی زگماکیان قسە بکەن و بخوێنن و حکومەت مافەکانی ئاینی و مەدەنیی خەلکەکە دەستەبەر دەکا ، ئەمەو پێنج لە کوردەکانیشی کردە ئەندام لە ئەنجومەنی دامەزراندن .

لە 25 ی شوباتی 1925 کاتێک لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ پرسی ویلایەتی موسل دێتە ناوچەکە ، دیراسەو لێکۆلینەوەیەکی وردی لەسەر ناوچەکە کردو بە راپۆرت دایە کۆمەڵەی نەتەوەکان ، لیژنەکە رای بەریتانیایان پەسند کرد بە یەکخستنی ویلایەتی موسل لەگەل عێراق ، چونکە ئەمەش بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەپارێزێ بۆیە هەر ئەم بۆچونە پەسند دەکرێ بەڵام لە راپۆرتەکەدا هاتوە ، بە رەچاوکردنی مافەکانی کورد لە روی زمان و دامەزراندنی فەرمانبەرانیش لە کوردەکان بن .   لە تشرینی یەکەمی 1926 راوێژکاری بەریتانی لەگەڵ شێخ کۆدەبێتەوە و لەسەر کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانەوە .لەسەر مەرجەکانی رێککەوتن لەگەل حکومەتی عێراق رێکدەکەون و شێخ رێککەوتنەکە لە حوزەیرانی 1927 واژۆ دەکا. بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە شێخ پەیمان دەدا خۆی و خانەوادەی لەدەرەوەی عێراق بژین و هەموو مولکەکانیشی بۆ بگەرێننەوە و ئەو نوێنەر یا بریکارێک دیاری بکا بۆ بەرێوە بردنی کاروباری مولکەکانی ، بەم شێوە کارەکان بە هێمنی لە کوردستان بەرێچون تا سالی 1930کاتێک لە 30 ی حوزەیران حکومەتی نوری سەعید پەیماننامە لەگەل بەریتانیا واژۆ دەکا شێخ وا هەست دەکا کە بەریتانیا مافەکانی کوردی پشتگوێ خست ، بۆیە شێخ مەحمود ئەو هەڵە دەقۆزێتەوە کە خەلکی سلێمنی جولانەوەیەکی نارەزایی ئەنجام دەدەن دژی نوری سەعید و پەیماننامەکە ، ئیتر شێخ لایەنگرەکانی بە چەکەوە کۆدەکاتەوەو لە ناوچەی شارەزور دەست بەسەر رەوشەکەدادەگرن، ئەوکات یاداشتێک بۆ کۆمیسەری بەریتانی دەنێرێ داوای دامەزراندنی دەولەتی کوردی دەکا لە زاخۆوە تا خانەقین، حکومەتی عێراقی هۆشداری دایە شێخ کە لە عێراق بچێتەدەر و هێزەکانیشی بلاوە پێبکا ، بەڵام شێخ مەحمود گوێی بە هۆشداریەکە نەداو لە هەولی بەرفراوانکردنی دەسەلات و ناوچە رزگارکراوەکانی بەردەوام دەبێ ، حکومەت هێزێک بە دوو رەتلەوە ئامادە دەکا بۆ هێرش بردنە سەر ناوچەکە رەتلی یەکەم بەرەو چوارتاو دوەمیشیان بەرەو پێنجوین ، لەم هێرشانەدا فرۆکەکانی بەریتانی زۆر بە توندی بەشداری دەکەن و شەرو پێکدادان ماوەی شەش مانگ دەخایەنێ، دواجار حکومەت بە هاوکاری هێزەکانی ئاسمانی بەریتانی

دەتوانێ دەست بەسەر ناوچەکاندا بگرێ و شێخ مەحمود بۆ جارێکی تر رابکاتە دەرەوە تا لە 31 ی ئایاری 1931 ناچار دەبێ خۆی رادەستی سوپا دەکات ئەوانیش دەیگوازنەوە بۆ سەماوەو دواتر بۆ ناسریەو دواتر بۆ شارۆچکەی عانە دواجار حکومەتی عێراقی رێگەی پێدەدەن لە بەغدا نیشتەجێ بێ بەڵام دەست دەگرن بەسەر هەموو مولکەکانیدا لە سلێمانی .

--------------------------------

## شۆڕشی بارزانی بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد :

حکومەت هەولی قایم کردنی پێگەکانی خۆی بوو لە کوردستان بۆ ئەوەی چیتر هیچ سەرکردەیەکی تری کورد دژی حکومەت یاخی نەبێ و رانەپەری ، یەکێک لەو رێکارانە ئەوە دەبی چەند بنکەیەکی سەربازی لە ناوچەی بارزان دادەمەزرێنی لە ناوچەکانی نێوان زێبارو ئاکرێ و زابی مەزن کە گوندی بارزان دەکەوێتە نێوانیان کە جێنیشی شێخی بارزان ( شێخ ئەحمەد ) دەبێ ناوبراو سەرکردەیەکی روحی خێلی بارزانیەکان و خاوەن پێگە ودەسەلاتێکی مەزنی ناوچەکە بوو . .

شێخ ئەحمەد رێگەی بە دامەزراندنی ئەو پێگە سوپاییانە نەدا ، ئەم رێگەگرتنە لەلای حکومەت بە یاخی بون دانرا ، بۆیە حکومەت بریاری دا بە هێز ئەم خالانە دابمەزرێنێ بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت لە 9 ی کانونی یەکەمی 1930 هێزی کۆکردەوەو هێرشی بردە سەر ئەو ناوچانە ، شێخ ئەحمەد بە هیز روبەروی سوپاکەی عێراق بۆوە شەر بە توندی لە نێوانیان رویدا، لەم میانە زیاتر لە 50 کەس لە سوپای عێراق دەکوژرێ ، هێزەکانی شێخ ئەحمەد دەتوانن سوپاکەی عێراق راوەدو نێن و لەو ناوچانەیان وەدەر نێن، ئیر شێخ هەولی دا ناوچەی دەسەلاتەکانی بەرفراوان بکا .

هەر لەم میانە لە نیسانی 1932 حکومەت بریار دەدا هێرشێکی بەربلاو بکاتە سەر ناوچەکانی دەسەلاتی شێخ ئەحمەد ، بۆ ئەم هێرشە حکومەتی عێراقی هانا بۆ هێزی ئاسمانی بەریتانی دەبا بۆ بۆردومانکردنی ناوچەکەو یاوەریکردنی هێرشەکەی سوپای عێراقی ، پێشتریش لە 25 ی ئایاری 1931 فرۆکەکان هێرشیان کردبوە سەر بارزانیەکان و لەبەر توندی هێرشەکان ناوچەکە جێ دەهێلن و رو لە شاخ و ئەشکەوتەکان دەکەن بۆ خۆ حەشاردان ، ئەوکات لە 22 ی حوزەیرانی 1931 کاتێک حکومەت بە هاوکاری فرۆکە جەنگیەکانی بەریتانی هێرش دەکەنە سەر بارزانیەکان لەبەر توندی هێرشەکە شێخ رو لە تورکیا دەکا ئەوانیش بۆ ناوچەی ئەدەرنە کەدەکەوێتە سەر سنوری بولگاریا دەیگوازنەوە ، بەڵام ئەوەندە نابا دوبارە دەیگێرنەوە ناوچەکانی سنوری عێراق ، کاتێکیش حکومەتی عێراق بەمە دەزانێ ، داوا لە حوکمەتی تورکیا دەکا رادەستی بکەنەوە، بەڵام حکومەتی تورکیا ئەو داوایەی رەت دەکاتەوە بە مەرجی ئەوەی لێبوردنێکی گستیی بۆ دەربکا بۆ خۆی و لایەنگرانی ، بەم هۆیەوە دوای دەرکردنی لێبوردنی گشتی

لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، شێخ دەگەرێتەوە عێراق و لە موسل نیشتەجی دەبێ ، دواتر بۆ ناسریە دەیگوازنەوە دوای ئەویش بۆ حلە و دواجار لە دیوانیە جێگیر دەبێ ، تا لە دوایین جار دەیبەنە سلێمانی.

## شۆڕشی کوردی بە سەرۆکایەتی بەرێز موستەفا بارزانی:

سەرەرای ئەوەی حکومەتی عێراقی بزوتنەوەی شێخ ئەحمەدی لەناو بردبوو بەڵام هێرشی کوردەکان لیرەو لەوێ بۆسەر سوپای عێراق بەردەوامیی هەبوو ، حکومەت هەولیدا بنکەیەکی پۆلیس لە گوندی بلە دابمەزرێنێ کە نزیک لە بارەگای بارزانیەکانە ، ئەمجارەیان مەلا مستەفا ئەمەی رەت کردەوەو رێگەی نەدا، ووتی: ئامادەم هەرکەسێک بکوژم کە دەینێرنە ئەوێ ، هەرواش بوو سەرەتای دامەزراندنی بنکەکە قایمقام و ئەندازیارێک کە بە کاری دامەزراندنی بنکەوە خەریک بون کوشتنی، دوای ئەو روداوە حکومەت دادگای سەربازیی لەو ناوچانە راگەیاند (مزوری بالا ، بارزان،میرگەسۆر،کانی رەش) وهێزێکی سەربازیشی دژی بارزانیەکان بەرێکرد.
لەم روەو حکومەتی تورکیش هاوکاری حوکمەتی عێراقی کرد، ئەوەبوو سنورەکانی بەروی بارزانیەکاندا داخست و هێزی لەسەر سنور کۆکردەوە ، بۆیە لە 30 /1935/11 حکومەت دەتوانێ بەسەر شۆڕشەکەی بارزانیدا زال بێ و دایمرکێنێ .

## دوبارە سەرهەلدانەوەی شۆڕشی کوردی بەسەرۆکایەتی موستەفا بارزانی لە ئابی 1945

سەرەرای رەفتارە توندەکانی سوپای عێراقی بەرانبەر بە کورد ، کوردەکان لە شۆرش هەلگیرسان و رەتکردنەوەی داگیرکاری نەوەستان بەردەوام داوای مافی خۆیان لە بەرکەوتنی داهاتی عێراق و مافەکانی تری نەتەوایەتیان لە گەشەپێدان و بایەخپێدان بە بواری کۆمەلایەتی وئابوری بەردەوام بون ، مەلا موستەفا بۆ ئەم داخوازیانە لە یاداشتێکدا داوای ئەم داخوازیانەی کرد:

1- فەرمانبەری ئیداریی کورد لە ناوچەی کوردستان دەبمەزرێندرێن.
2- یاریدەدەرێکی کورد بۆ هەر وەزارەتێک بێتە دامەزراندن.
3- زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان ببێتە زمانی فەرمی .
4- ئازاد کردنی زیندان و گیراوە سیاسیەکانی کورد ئەوانەی بەهۆی کێشەی کوردەوە گیراون.

بەڵام حکومەت بە پێچەوانەی داواکاریەکان جولایەوە بە ئاگر وئاسن وەلامی بزوتنەوەی کوردی دایەوە ، لە بری جێبەجێ کردنی داخوازیەکانیان داوای لێکردن هەرچی چەکی لایە رادەستی حکومەت بکەنەوە

لەگەل رادەست کردنی هەندێک کورد کە لەلایەن حکومەتەوە داواکرابون . لە 1945/1/25 حکومەتی عێراق بڕیاری دا مەلا مستەفای بارزانی دورخاتەوە لە بارزان و بەناچاری لە پیران جێنیشی بکا .
مستەفا بارزانی سەردانی ناوچەکانی برادۆست و بالەک و بەدنان و ئامێدی و ئاکرێ و شێخانی کرد لەو گەرانەیدا هانی کوردەکانی دەدا تا یەکریز بن و پێداگری لە داواکاریەکانیان بکەن بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ناچارکەن بێتە بنبار چونکە داواکاری رەوان . .
لە روێکی تریشەوە رێکخراوە سیاسیەکانیش کەوتنە جولەو چالاکی نواندن لە سەروی هەموویان حزبی (هیوا) کە پەیوەندیی بە چەندین ئەفسەری کوردی بەردەوام لە خزمەتی سەربازی و ئەفسەری خانەنشینەوە کرد تا بچنە ریز بزوتنەوەی کوردی و هاوکاری جولانەوەکە بکەن ، چەند ئەفسەرێک لەوانە بە پیر بانگەوازەکەیانەوە چون لەوانە [عەزیز عەبد شەمزيني ] [ میر حاج ئەحمەد] [ ئەمین رواندزی] [ موستەفا خوشناو] ئەفسەری دوو ئەستێرە[ خەیر الله عەبدولکەریم] ئەفسەری یەک ئەستێرە [ موحەمەد قودسی ] . .
بەم شێوە بزوتنەوەی کوردی گەشەی سەند بە چونی ئەو ئەفسەرانە بۆ ناو ریسەکانی شۆڕش، کاتێک بالوێزی بەریتانیا بینیی کارەکان بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار هەنگاو دەنێن ، یاریدەدەری خۆی نارد بۆ دیدەنی مەلا مستەفا وهۆشداریان دایە مەلا مستەفای بارزانی کە هیچ جولەیەک دژی حکومەتی عێراقی ئەنجام نەدا دواتر حکومەتی عێراقی و بەریتانی بەنیازن ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە شێوەی مانۆرە لە کوردستان ئەنجام بدا ، بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە روبەروی سوپای عێراق نەبیتەوەو گوێرایەلی فەرمانەکانی عێراقیش بە و ئەو ئەفسەرانەی چونەتە پال بزوتنەوەکەش بیانگێرەوە یەکەکانی خۆیان.

سەبارەت بە روبەروبونەوە لەگەل سوپاکەی عراقی ووتی: ئەگەر سوپای عێراق هەمان رەفتار بکا روبەروی نابینەوە ، سەبارەت بە ئەفسەرەکانیش دەبێ وەزارەت بەرگری رێکاری تایبەتی بگرێتە بەر بۆئەوەی بە ئاسودەیی بگەرێنەوە .
لە نێوان 5 تا14 ی ئادار فەوجی چواری سوپای عێراقی بە ئەرکی هەوالگری هەلسا، کە بوە مایەی گومانی کوردەکان چونکە یەکێک لە خالەکانی بارزانی بەناوی (ئۆلی بەگ) لەو ئۆپەراسیۆنە بەدەستی پۆلیسەکان کوژرا کە ویستیان یەکێک لە پاسەوانەکانی چەک کەن ، ئەم کارە بووبە هۆی هەلچون و هەراسان کردنی بارزانیەکان بۆیە هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی پۆلیس لەو ناوچەیەو هەموویانیان چەککردن و بەرپرسی بنکەکەشیان کوشت ، بارزانی ناچار شوێنی حەوانەوەی جێدەهێلێ و رودەکاتەوە بارزان ناو کەس و کار ی ، ئیتر دەکەوێتە خۆ بۆ کۆکردنەوەی خەلک و پرچەککردنیان لە ئامادەباشی هێرشی سوپای عێراقی و بەرپەرچدانەوەی کە ئەوکات لە ناوچەکانی نێوان ئاکرێ لە باشورەوەو باپشتیان لە رۆژهەلات و پۆلیسەکانیش لە رێکانەوە ، فرۆکەکانی بەریتانیش دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی گوندەکانی کوردان بەوپەری سەختی ، لە هەمان کاتدا بارزانیش روو لە ئاکرێ دەکا بۆ هاندانی خێلە کوردەکان بۆ بەشداری و بەرگری کردن ، لەم گەرانەیدا ژمارەیەکی زۆر بە پیر داواکەیەوە چون و بەشداری بزوتنەوەی کوردیان کردو خۆیان ئامادە کرد بۆ رۆژی روبەروبونەوە . لە 1945/8/8 حکومەتی عێراق بڕیار دەدا بە زەبری هێز هەرێمی کوردستان داگیر بکا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارەش وەزیری بەرگری سەرفراز دەکا هەرچی رێکاری پیویستە بگرێتە بەر .
سوپای عێراقی بە هاوکاری هێزەکانی بەریتانی دەستیان کرد بە هێرش بردن بەرەو ناوچەکانی ژێر

دەستی شۆڕشی کوردی ، سەرەتا (نەهلە)یان داگیر کرد کە دەکەوێتە نێوان چیای ئاکرێ و پیرس ئەم هێرشە روبەروی بەرگریەکی توندی هێزەکانی کوردی بونەوە کە بارزانی خۆی سەرپەرشتیی دەکردو بەشدار بوو، زیانێکی زۆر بە هەردوو لایەن کەوتن ، دواتر هێزەکانی عێراقی بەرەو ئامێدی هەڵکشان و لەوێشەوە بەرەو نێروەی رێکانی ، دواجار توانیان بگەنە بارزان کە شوێن بارەگای بارزانی بوو ، ئەو هێزەی عێراقی توانیی دەست بگرێ بەسەر سیدەکان و برادۆست و دواتریش باپشتیان و گەمارۆی هێزەانی بارزانی بداو پیرس داگیر بکا .

لە 1945/10/3 هێزەکانی عێراقی لە روباری زاب پەرینەوە و سەنتەری قەزای زێباریان داگیر کرد کە بلە بوو ، لەو میانە هێزەکانی کوردی بەرەو چیای شیرین پاشەکشەیان کرد . هێزێکی تری عێراقی بەرەو (دیزی) جولەی کردو گوندی ئەرگوشی داگیر کرد ، هێزەکەی حکومەت لە پێشرەویدا دەبن بەرەو خەلیفان و رێزان هەلکشان توانیان گوندی خەلان و جافریان داگیر کەن ، لە 1945/10/6 هێزەکانی عێراقی سەرجەم ناوچەی بارزانیان دەست بەسەردا گرت ، دواتر بەرەو مێرگەسور هێرشدەبەن و داگیری دەکەن ، هەروەها گەلی بالنداشیان دەست بەسەردا گرت ، هێزەکە بەردەوام دەبی لە هێرش بردن بە هاوکاری هێزەکانی بەریتانی لە ئاسمانەوە هێرش روو لە چامەو شێروان مازن و کانی بوت دەکاو داگیری دەکەن ، هێزەکانی کوردی ناچار دەبن بەرەو سنورەکانی ئێران پاشەکشە دەکەن ، بەراورد لە نێوان هێزەکانی کوردی و هێزەکانی حوکمەت بەهاوکاری هێزەکانی بەریتانیدا نەبوو لە روی چەک و تەقەمەنیەوە بۆیە بە ناچاری مەلا مستەفا بە یاوەری شێخ ئەحمەدی برای روو لە ئێران دەکەن ، بەم شێوەیە بزوتنەوەی کوردی ئەمجارەشیان دەروخێ و سوپای عێراق دەست بەسەر سەرجەم ناوچەو هەرێمی کوردستاندا دەگرێ .

دوای ئەوە حکومەت کەوتە گیان ئەوانەی بەشداریان لە بزوتنەوەکە کردوەو رەوانەی دادگای سەربازی کردن، مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای و 35 کەسی تر لە نێویاندا 7 ئەفسەر بە حوکمی لەسێدارەدان حوکمدران، 70 کەسیش بە حوکمی کاری قورسی هەتاهەتایی حوکمدران ، توانیی لەو حوکمدراوانە چەندئەفسەرێک دەستگیر بکاو حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ بکا کە بریتی بون لە [عزيز عبد الشمزيني ]، [ مير حاج ئەحمەد]،و [ئەمین رواندزی] [ موستەفا خوشناو] ،وئەفسەری دووئەستێرە[خەیر الله عەبدولکەریم] ،وئەفسەری یەک ئەستێرە [ موحەمەد قودسی ].

داتر فەرماندەی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 بە شەهیدی رزگاری نیشتمان دانە ناسین وخانەوادەیانی لە مافی خانەنشینی و خەلاتی شەهیدیی سود مەند کردن .

دیسان کۆتایی بە شۆڕشی کورد هات و مەلا مستەفا دەتوانێ خۆی بەگەیەنێتە یەکیتی سۆڤیەت. کە تا بەرپا بونی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 دەمێنێتەوە دوای شۆڕش عبدالكريم رێگەی دەدا بگەرێتەوە عێراق و لە گەرانەوەیدا پێشوازیەکی فەرمی و جەماوەریی کەم وێنەدا پێشوازیی لێکرد ، بارزانیی لە خانوەکەی نوری سەعیدا نیشتەجێ کردو موچەی وەزیری بۆ تەرخان کرد ، بۆ هاوەلانیشی لەسەر بودجەی حکومەت جێنیشی کردن و موچەی بۆ تەرخان کردن.

*** *** ***

## بەشی سیانزەهەم

## تێکچونی باری سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوریی وولات

**یەکەم/ یاداشتی حزبە نیشتمانیەکان کە بۆ وەسی (الوصی عبدالالە) بەرزکراوەتەوە.**
**دووەم/حزبە نیشتمانیەکان بایکۆتی هەلبژاردن دەکەن.**
**سێیەم/ تێکچونی دۆخەکان وسەرهەلدانی راپەرینی 1952**
**چوارەم/ فەیسەلی دووەم دەبێتە هەژدەسالان وتاجی پادشایەتی لەسەر دەنێ .**
**پێنجەم/ حزبی نیشتمانی دیموکراسی یاداشتێک بۆ پادشا بەرزدەکاتەوە .**
**شەشەم/ حکومەت تاوانێکی مەزن دژی زیندانیە سیاسیەکان ئەنجام دەدا.**
**حەوتەم/ حکومەت بە ئاگرو ئاسن سەرکوتی خۆپیشاندانی کرێکارانی نەوتی بەسرا دەکا.**

### یەکەم/ یاداشتی حزبە نیشتمانیەکان کە بۆ وەسی (الوصی عبدالالە) بەرزکراوەتەوە.

بەهۆی سیاسەتی هەڵەی حکومەتە یەک لەدوایەکەکان باری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ولات تێکدەچێ ، بەم هۆیەوە حکومەت سامانی ولات بە هەدەر دەداو پێشێلی مافەکانی هاوڵاتیان دەکا ئەو مافانەی لە دەستور دانیان پێدا نابوو، ولات گەیشتە قۆناغێک کە بێدەنگبون لە ئاستیدا کارێکی مەحال بوو .

له ئەنجامی ئەم نالەبارییەی دۆخەکان حزبە نیشتمانپەروەرەکان بێ ئومێدی دەیان گرێ لە حکومەتەکان و سیاسەتەکانیان ، هیچ دەرفەت و کەلێنێکیان نە هێشتبو تا راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەسی (الوصی عبدالاله) دا بکەن تەنیا رێگەی یاداشتەکان نەبێ، لەو رێگەیەوە پێیان راگەیاند کە ولات لە دۆخێکی خەراپ و مەترسیداردایە مەترسیەکانیشیان بە یاداشت خستە بەردەستی بەڵام هیچ چارەسەریەکیان نەدەبینی. ئەو یاداشتانەی لەلایەن هەریەک لە حزبی ئیستقلال و حزبی نیشتمانی دیموکراسی و حزبی بەرەی گەل پێشکەش کرابون لە ناوەرۆکدا پێکدەچون کە هەمویان باسیان لە دۆخی خەراپی ولات وگەندەلی و پێشێلی دەستور و ساختەکاری هەلبژاردنیان دەکرد .

بۆیە یاداشتی حزبەکانی تر بەرز نەکرانەوە بەهۆی لەیەکچونیانەوە تەنها یاداشتی حزبی نیشتمانی دیموکراسی نەبێ کە (کامل چادرچی) گەیاندیە دەست وەسی (الوصی عبدالاله) ئەو یاداشتەش زۆر بە راشکاوی باسی لە هەموو پێشێلکاری و نادادپەروەری ومەترسیەکان کردبوو .

تیایدا هاتبوو :

خاوەن شکۆ:

مەبەست لە م یاداشتە تەنها گلەیی و نارەزایی نیە لە دۆخی ئەمرۆی ولات ، چونکە بیستومانە جەنابیشتان گلەیی و نارەزاییتان لەم دۆخە هەیە ، بۆیە چەند داواکاریەکمان هەیە بەلکو بەهۆیەوە ولات لەم قۆناغە نالەبارە رزگاری دەبێ. کاتێکیش ئێمە ئەم گلەیی و داواکاریانەمان بەرزدەکەینەوە ئەوەمان لە بیرە کە یاسای بنەرەتی عێراقی ئاماژەی بەوە داوە کە سەرۆکی دەولەت بەرپرس نیە لە کەمو کوریەکان چونکە هەموو بەرپرسیارێتیەکی خستوتە ئەستۆی وەزیرەکان. جیاوازیی داناوە لە نێوان دەسەلاتەکانی یاسادانان و بەرێوە بردن و دادگوەزاری ، بەڵام وەدەر خستنی پادشا لەو بەرپرسیارێتیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێیداوە بۆتە هۆکاری ئەوەی نادادپەروەری و ناهەمواری لە دۆخەکاندا بخولقێ و کاری بەرێوە بردن بە پوختی بەرێ نەچێ پابەند نەبونی پادشا لەو یاسایانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان داوە، هەر ئەم هۆکارەشە ئێوە لەو بەرپرسیارێتیە وەدەر دەنێین و هانای چارەسەریتان بۆ دەهێنێن .

دەتوانین دان بەمەشدا بنێین کە تێکچونی دۆخی ولات بە تەواوی لەوکاتە دەستی پێکردوە یا زیادی کردوە کاتێک دوای بزوتنەوەکەی 1941 بەرپرسیارێتی ولات خرایە ئەستۆی ئینگلیز ، لەوکاتەوە تیرۆر و دادگای سەربازی و ئیدارەی پۆلیسی و گیانی تۆلەسەندنەوە لە ولات پەرەی سەندوە. بە درێژایی ماوەی شەر گەلی عێراق ئازار وئەشکەنجەیەکی زۆری چێشتوە ، لە هەموو لایەک باجی لێوەرگیراوە ، باجی هەلاوسانی ئابوری وقەیرانەکانی دارایی. بەهۆی گرانی کالاکانەوە زۆربەی هاوڵاتیان نەیانتوانیوە پێداویستیەکانیان دابین کەن، لە کاتێکا کەسانی مشەخۆر و دەولەمەندی وا هەبوون لە قوتی ئەم میلەتە دەخۆن کە بەشێکن لە کاربەدەستانی ئینگلیز و کرێگیراوەکانیان ، میلەت زۆری چێشتوە لەم پێناوە ئەوەی هەیبوو داویەتی ، جگە لە سامان و سەروەت بە ئازادی و مافە تایبەتیەکانیش قوربانیی داوە و خۆی بەخت کردوە ، ئەمانە هەمووی بە ئومێدی ئەوەی دوای شەرەکان ژیانیکی ئاسودەو بەختەوەر بژین ولات ئازاد و سەربەخۆ بێ گەل دلخۆش و ئازاد بژی بتوانێ رێگەی راستی خۆی هەلبژێری و بەرێوە بردنیکی دروست بۆ ولات دەستنیشان بکەن بە ئازادی و دیموکراسی لە رێگەی ئەنجومەنەکانی شارو نیشتمانیەوە .

ئەوەی جێگەی داخە دوای تەواو بونی شەر دۆخەکان هەر بەردەوامن ئەمە وێرای ئەوە ئاستی وشیاری

گەل بەرزترو خەلک بە ئاگاترە ، تۆی گەندەلی لەنوێوە دەبوژێتەوە هەرچەندە رۆژنامەکان لە رسواکردنی گەندەلکاران درێغیان نەکردوە ، بەڵام دادگا راستگۆیی و سەروەری خۆی لەدەست داوە بەهۆی دەستێوەردانی کاربەدەستانی دەسەلات بۆیە حوکمرانی بۆتە حوکمێکی پۆلیسی ، ئازادیە گشتی و تاکەکەسیەکان پێشێل دەکرێن ، سەرەرای ئەوەی بانگەشەی بێگەردی و دەستپاکی دەکرا بەڵام کاربەدەستان لەسەر هەمان رێچکەی گەندەلی و ساختەکاری هەلبژاردن بەردەوامن ، هەلبژاردنەکانی 1948،1947 ساختەکاریەکی کەم وێنەی بەخۆوە بینی ، کار گەیشتە ئەوەی موتەسەریفەکان(پارێزگارەکان) داوای بەغدا کران بۆ دیدەنی سەرۆکی دیوانی پادشایەتی و بەرپرسە وەزیرەکان، رێنمای توندی تازەیان پێدران بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەران. ئاسایی بوو رێنماکان جێبەجێ کران بەهۆیەوە وەزیرەکان لە بەرپرسیارێتی دەرچون بەرانبەر بە ئەنجومەنە نوێکە کە بەبێ ئیرادەی گەل دانران بێ ئەوەی گوێ بدەنە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکتری ، ئەمەش پێشێلکاریەکی مەزنی دەستورو دیموکراسیەتە ، بەم شێوە پرۆسەیە ئەنجومەنی نوێنەران ناتوانێ لێپێچانەوە لەگەل بەرپرسانی بەرێوە بردندا بکا لەوانەش وەزیرەکان چونکە ئەوان لەلایەن وەزیرەکانەوە دامەزراون نەک لەلایەن گەل هەلبژێردراون . ئەم دەستێوەردانە هەموو بوار و حالەتەکانی گرتۆتەوە لەوانە دامەزراندنی فەرمانبەران و گواستنەوەو خانەنشینکردنیان .

لەوکاتەی کە ئێمە ئەم یاداشتە بۆ جەنابتان بەرز دەکەینەوە مەبەستمان ئەوە نیە دەست لە کاروباری بەرێوە برد وەردەیت کە ئەمەش پێشێلی دەستورە ، بەلکو مەبەستمان ئەوەیە سنورێک بۆ ئەم گەندەلی و دەستێوەردان و پێشێلکاریانە دابنێین .

پێمان وایە ئەو چاکسازیەی ئێمە مەبەستمانەو داوای دەکەین سەرەتا لە یاسای بنەرەتیەوە دەبێ دەستپێبکرێ کە لە ژێر دۆخیکی نادیار هەموار کرابۆوە لەوکاتە هەموارکرابۆوە کە ولاتمان لە ژێر داگیرکاری بەریتانیا دەینالاند و بە دادگای سەربازی دەبردرا بەرێوە و زیندانەکان پر بون لە خەلکانی نیشتمان پەروەر ، بۆیە بە هەموو پێوەرەکان دەبێ ولات سنورێک بۆ ئەم حالەتانە دابنێ و پیادەی بنەماکانی دیموکراسی و برگەکانی دەستور بکرێ هەروەکوو لە بەیعەی رۆژی 1921/7/11 دا هاتبوو کە هەموارەکەش ئەنجام بدرێ کە خرابوە ناو یاسای ساڵی 1942 تیایدا هاتبوو دەسەلاتەکان زیاتر لە پێشان پێی بدرێ وەکو لادانی وەزیر لەسەر کارەکەی و بریارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیش بەندبێ بە رەزامەندی خۆی ، ئەمانە وهەندێ برگەی تر کە هەموار کرابونەوە ناکۆکن لەگەڵ یاسای دیموکراسی . بەمەرجێ هەموارەکەی ئەمجارەیان رێگە لە سەرۆکی دەولەت و هەموو کاربەدەستە بالاکان بگرێ کە نەبنە بەشێک لە کاری بازرگانی و مامەلەکردن کە دەبێتە مایەی دەستگرتن بەسەر بازاردا ، بە دیدی ئێمە هەموارەکەی ئەمجارەیان سەرەتایەک دەبێ بۆ گێرانەوەی ژیانی تەندروست بۆ نوێنەرەکان لە پێش هەموشیان هەلبژاردنی راستەوخۆ ، ئەم یاسایەی هەلبژاردنەی ئێستا هەمانە لە نمونەی نیە لە هیچ ولاتێکی کۆنەپەرست ، کە لە دوا رۆژەکانی حوکمی نوری سەعید ئازادیەکانی هاولاتیان خستنە ژێر کۆت و بەند ، بۆیە دەبێ هەلبژاردنی داهاتوو راستەوخۆ بێ و لەسەر بنەماو لیستی ئامارو سەرژمێری بێ ، کە دەبێ هەموو تەگەرەو کۆسپێک وەلابنرێن کە دەبنە رێگر لەبەردەم هەر کەسێک بیەوێ بێتە ئەنجومەن و ئەندامێتیی وەدەست بێنی ، کاتێک ئەو کۆت و بەندانە وەلا دەنرێن و وەزیرەکان متمانەی ئەنجومەن وەدەست دێنن ئەوکات هاولاتیان هەست دەکەن، ئەمە نوێنەری ئەوانەو وەزیرەکانیش خەمخۆرن لەسەر جێبەجی کردنی کاروبارەکاناین ، ئەوسا وەزیرەکان لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرسیار دەبن،

دەتوانن لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکەن و ولاتیش دەبێتە ولاتێکی دیموکرات و هاوڵاتیانیش ئەو متمانەی لە حکومەتیان سەندۆتەوە بۆی دەگێرنەوەو لە حکومەتەکەیان دڵنیا دەبن .

خاوەن شکۆ گەل پێویستی بە وەلانانی یاساکانی کۆنەپەرستە ، پێویستیان بە ژیانێکی دیماکراسیە ئەو ژیانەی ئازادیان بۆ دەستەبەر دەکا ، کاتێک هاوڵاتی لەژێر سایەی یاساکانی پۆلیسیدا بژیێ هەست بە گیرانی قورگ و لێسەندنەوەی ئازادیەکانیان دەکەن ، هەر بە بچوکترین دەربرین دەخرێنە کونجی زیندانەکان و ئازادیەکانیان لی زەوت دەکرێ ، بۆیە ولات پیویستی بە یاسای گشتی هەیە کە سەرجەم هاوڵاتیان لە ژیر سایەیەوە بە ئازادی و ئاسودەیی بژین ، تاوان دەبێ بە یەکچاو سەیر بکرێ هەروەکو لەشار تاوانە هەمان شێوە لە گوندو لادێکانیش هەمان ئاستی تاوانە . ئەمەو ولات پیویستی بە یاسایەک هەیە سەروەری و بێلایەنی دادگاکان دەستەبەر بکا ، ئەنجومەنی دەولەت دەبێ هەموو دەسەلاتەکان بە دادگا ببەخشێ تا هاوڵاتیان هەست بە ئازادی و یەکسانی بکەن ، رێگە لە کرێکارەکان نەگیرێ سەندیکای تایبەتی خۆیان هەبێ هەروەها پیشەوەر و سەرجەم توێژەکانی تر، دەزگا پۆلیسیەکان رێگر نەب لەبەردەم دامەزراندنی ئەم جۆرە سەندیکایانە، ئەمەو لێبوردنێکی گشتی دەربکرێ بۆ سەرجەم زیندانیەکان کە هەمویان قوربانیی ئەم حوکمە سەربازی یا دادگا نایاساییانەن ، هەموو یاسایەک هەلبوەشێندرێتەوە کە لەگەل بنەماکانی دیماکراسی کۆک نین ، بیرۆکەی هەموار کردنەوەی یاسای سزادان وەلابندرێ کە هەردەم دەسەلات وەکو شمشێر بەرزی دەکاتەوە بۆئەوەی بەهۆیەوە بتوانێ ئازادیەکان کپ کاو دەمی خەلک بگرێ و پێشێلی دیموکراسی بکا ، دام و دەزگاکانی دەولەت لە بەرتیل خۆر و بەرتیل دەران پاک بکرێتەوە ، لەودەستانە بدرێ کە خەلک دەچەوسێننەوە ، ئەمەش بەرێگەی دارشتنی یاسایەکی تایبەت دەکرێ کە هیچ کەسێک نەتوانێ لێی دەرباز بێ ئەوانەی مافی خەلک دەخۆن و خەلک دەچەوسێننەوە. .

گەلی عێراق برسێتی و چەوسانەوە تەنگەی پێهەلچنیوە دەیەوێ نەختێک ببوژێتەوەو بە ئازادی بژیێ بۆیە داوا دەکا لە دەرەبەگایەتی رزگاریانبێ ، ئەمەش بە دارشتنی یاسایەکی تایبەت بە کشتوکاڵ و زەویە کشتوکالیەکان هەیە مافی هەبونی زەوی دیاری بکرێ مولکەکانی تر بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێ ، باجەکان کەم بکرێنەوە ، ئەوانەی داهاتیان کەمە باجیان لیوەر نەگیرێ و ئەوانەی دەولەمەند و خاوەن داهاتی زۆرن باجەکانیان بەرزبکرێتەوە ، ئابوری ولات لە ژێر هەیمەنەی بێگانە وەدەر بێنرێ، دواتر میللەت دەیەوێ لە پەیماننامە نادادپەروەریەکەی 1930 رزگاری بێ کە سەربەخۆیی و سەروەری ولاتی سنوردار کردوە ، هەروەها هاوڵاتی هەموو بەرگریەکی هاوبەش رەت دەکاتەوە چونکە لەم پرۆژەیە مەترسی بەدی دەکا مەترسی لەسەر کیان و چارەنوسی ولات ، گەلی عێراق کە بانگەشەی ئاشتی دەکا دەیەوێ رابگەیەنێ کە بێلایەنە لە هەردوو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا ئەم تەرەفگیریە لە کارەسات بەولاوە هیچ بۆ ولات بەدوای خۆیدا ناهێنێ بەستنەوەی ولات بە پەیماننامەی بەرگری ولات دەخاتە مەتسریی داگیرکاری ولاتانەوە و ژیانی هاوڵاتیانیشی دەخاتە مەتسری و هەلاکەت .

مایەی ئابرومەندیە بۆ ئێمە خاوەن شکۆ کە لەم یاداشتە داخوازیەکانی میللەتمان خستە بەردەم ئێوەی شکۆدار و چارەسەری کێشەکانمان لەم یاداشتە دەربری ، لەگەل ئەوپەری ریزی تایبەتیمان .

بەغدا لە 8 ی سەفەری 1372 بەرانبەر بە 28 /1952/10

کامل چادرچی

بەم شێوەیە یاداشتەکە دەستی خستبوە سەر هەموو زامەکانی هاوڵاتیان و گلەیی و کێشەو چارەسەریەکانی بە راشکاوانەو بێ ترس و بێ هیچ دودڵی راگەیاندبوو. یاداشتەکەش لەلایەن هاوڵاتیانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا.

لەجیات ئەوەی وەسی (الوصی عبدالاله) بەوردی و ئەسپایی وەلامی یاداشتەکە بداتەوەو کاری لەسەر بکا، بەخێرا بانگێشی هەریەک لە نوری سەعید و موستەفا عومەریی کرد تاوتوێی یاداشتەکە بکەن ، ئەوانیش بەر لە هەموو شتێک کەوتنە بەرگری کردن لە خۆیان و بە ناراست زانینی یاداشتەکە و بەرگریان لە خۆیان و حکومەتەکەو دارو دەستەکەیان و سیاسەتە دژ بە هاوڵاتیان کرد ، وەلامەکەشی کە ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتی حزبە سیاسیەکان کرابوو لە 1952/10/28 بەفەرمانی وەسی (الوصی عبدالاله) لەسەر دەستی سەرۆکی دیوان (ئەحمەد موختار بابان) هات کە زۆر بە هەست بریندار کردن و نا شایستە هاتبوو ،. وەسی (الوصی عبدالاله) هەولیدابو لەو دەستێوەردانانەی کە کردبونی لە سەرەتای حوکمرانیەوە خۆی بێگوناه کا، لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و سیاسەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەموارکردنی دەستور بە شێوەیەک دەسەلاتی هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشی بەخۆ نەدابوو ئەمە لە کاتێکا هیچ کارێکی بێ پرس و راوێژی بالوێزخانەی بەریتانیا ئەنجام نەدەدا لە دانانی وەزیرەوە تا بچوکترین کار . بەڵام وەسی (الوصی عبدالاله) لە شێوازی یاداشتەکە دەترساو لێی توشی دلەراوکێ بوو لەو بێزاریەی سەرتاپای ولاتی گرتوتەوە و دواتر ترسی لە کودەتای سەربازیش پەیدا کرد هەروەکو لە میسرو سوریا رویاندابوو بۆیە لە 1952/10/27 بریاری هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی داو و ئامادەکاری بۆ هەلبژاردنێکی نوێ کرد بێ ئەوەی ئاور لە داواکاریەکانی حزبە سیاسیەکان بداتەوە کە داواکاری هاوڵاتیان بوو لە سەروی هەمویانەوە هەموار کردنەوەی یاسای هەلبژاردن کە داواکرابوو هەلبژاردن بکرێتە راستەوخۆ و بە یەک پلەش بێ بۆ ئەوەی رێگە لە ساختەکاری بگیرێ .

*** ***

## دووەم/حزبە نیشتمانیەکان بایکۆتی هەلبژاردن دەکەن

حزبە نیشتمانیەکان بروایان بەو هەنگاوەی وەسی (الوصی عبدالاله) نەهات کە ئەنجومەنی هەلوەشاندەوەو ئامادەکاریی بۆ هەلبژاردنێکی نوێ کرد بە هەمان کەرەستەو یاساوە ، چونکە پێشوەخت دەیان زانی کێ دەردەچی لە پیاوەکانی دەسەلات و بەریتانیا ، بۆیە هیچ سودێکیان لە بەشداریکردندا نەبینی ، بریاریان دا بەیکۆتی هەلبژاردنەکان بکەن .

بڕیاری حزبە سیاسیەکان زیاتر دلەراوکێی خستە دیوانی پادشایەتی و دلێ دەسەلاتدارانەوە، بەوەی جارێکی تر راپەرین روبدا کە مەوداو ئەنجامەکەی نەزاندراوە، بۆیە حکومەت لە هەولێستەکانی پاشگەز بۆوەوە لە 1952/11/16 بەیاننامەیەکی دەرکرد ، تیایدا هاتبوو کە حکومەت بە نیازە لیژنەیەک لە یاساناسان دابمەزرێنێ بە بەشداری حزبە سیاسیەکان بە مەبەستی هەموارکردنەوەی یاسای هەلبژاردن کە بەشێوەیەک بێت بکرێتە (هەلبژاردنی راستەوخۆ) ئەو لیژنەیە پرۆژە یاسایەک ئامادە دەکا ودەیداتە ئەنجومەنی نوێنەرانی هەلبژێردراو بۆ دیراسە و بڕیار لەسەردان، لەم پرۆژەیەش حکومەت بێلایەن دەوەستێ .

دواتر حکومەت رایگەیان کە لە مەترسیەکانی ئەم قۆناغە دەگا بۆیە بە پێویستی دەزانی چاکسازی ئەنجام بداو هەمواری یاسای هەلبژاردن بکا ، بۆ ئەم مەبەستەش ئاگاداری حزبە سیاسیەکانی کرد کە دەستنیشانی نوێنەریان بکەن بۆ ئەو لیژنەی کە بەنیازە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەلبژاردن پێکبێنێ .

بەڵام حزبە سیاسیەکان بروایان بە پەیمان و گفتانەی حکومەت نەبون و رازی نەبون هەلبژاردنەکە بەبێ هەموارکردنی یاساکە ئەنجام بدرێ، حکومەت ئەوکات بە هەوەستی خۆی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دابمەزرێنێ بۆ بەرێکردنی ئەوەی خۆی مەبەستیەتی ، بۆیە داوایان کرد بەر لە ئەنجامدای هەلبژاردن بڕیارێک دەرکا بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەلبژاردن ئەگینا لەسەر داواکەیان سور دەبن. بەهۆی تێکچونی دۆخەکان موستەفا عومەری سەرۆک وەزیران داوای لە وەسی (الوصی عبدالاله) کرد لەگەل سەرکردەی حزبە سیاسیەکان وکەسایەتیە سیاسیەکان کۆبێتەوە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک . لە سەرەتا وەسی (الوصی عبدالاله) داواکەی رەتکردەوە بەڵام کاتێک سەرۆک وەزیران خەراپی دۆخەکەی بۆ شی کردەوەو ئەگەری مەترسیەکانی بۆ خستە بەرچاو بەتایبەت ئەو روداوانەی لەمیسر و سوریا ئەوکات رویان دەدا ، بەم شێوە لە 28 ی /11 وەسی (الوصی عبدالاله) ناچار دەبێ داوا لە هەریەک لە [ کامل چادرچی ] و[ موحەمەد مهدي کبة] و[ تەها هاشمی] و[ نوري سەعید] و[ سالح جەبر] کرد دواتر داوەتنامەکە جگە لە سەرۆک وەزیران [موستەفا عومەری] ، هەریەک لە [ جەمیل مەدفەعی] و[ عەلی جەودەت ئەیوبی ] و[ موحەمەد ئەلسەدر] و[ توفیق ئەلسوێدی ] و[ئەرشەد عومەری ] و[ حکمەت سلیمان )یشی گرتەوە .

وەسی (الوصی عبدالاله) لە دەسپێکی وتەکانیدا وا خۆی نیشاندا کە باری دەرونی ئاساییەو لە حالەتێکی دەرونی باش دەگوزەرێنێ وەکو ئەوەی دۆخە نالەبارەکانی پێ ئاسایی بێ و خۆی لە سەروی هەموو پرس و خەلکەوە دەبینێ و سورە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی گەلی عیراق و لە وتەکانیشیدا بە شان وباڵی فەیسەل کوری عەلی پاشای هەڵداو دواتر کۆتایی بە وتەکانی هێناو داوای لە ئامادەبوان کرد کە گوێی لە وتەی ئەوانیش بێ بەتایبەتی سەرۆک حزبە سیاسیەکان ، بەڵام هەر زوو تەها هاشمی لە جیات کامل چادرچی و موحەمەد مهدی برکە وەلامی دایەوەو ووتی : ئێمە هیچی نوێمان نیە بلێین ئەوەی هەمان بوو لە یاداشتەکە نوسیومانە ئێستاش چاوەروانی وەلامین لە ئێوە . هەریەک لە تەها هاشمی و عەلی جودەت ئەیوبی لەسەر دۆخی خەراپی ولات و داواکاریەکانی حزبە سیاسیەکان نەختێک دوان ، کاتێک درێژە بە وتووێژەکە درا دەمەقالی لە نێوان لایەنگرانی دەسەلات و حزبە سیاسیەکان دروست بوو ، وتە راشکاویەکانی تەها هاشمی وەسی (الوصی عبدالاله) ی تورە کردو وای لێکرد لە رێرەوی دانیشتنەکە دەرچێ و چەند وتەیەکی نابەجێ بە هاشمی بلێ لەوانە چەندین جار بە درۆزن ناوی برد، هاشمی لەو وتە نابەجێیانەی وەسی (الوصی عبدالاله) تورەدەبێ و هەلدەستێ بچێتە دەرەوە کۆبونەوەکە جێ بهێلێ بەڵام

وەسی (الوصی عبدالاله) بە رویدا دەقیژێنێ و پێی دەڵێ دانیشە .. دانیشە ، هاشمی دانانیشێ و رویتێدەکا دەڵێ من کەسێکی بە ئابروم ، من بە ئابروم و وەدەر دەکەوێ ، لەدوای ئەو کامل چادرچیش بەدوایدا دەردەکەوێ بەهۆی سوکایەتی کردن بە هاشمیەوە بەم شێوە کۆنگرەی کۆشکی پادشایەتی بە سەرنەکەوتویی کۆتایی پێهات و سەرجەم ئامادەبوان هۆلی دانیشتنەکەیان جێهێشت .

سەرۆکی وەزیران ویستی دۆخەکە ئارام کاتەوەو نەتەقێتەوە ، پەیوەندیی بە هەردوو بەرێز تەها هاشمی و کامل الچادرچیەوە کرد و لە جیات حکومەت داوای بوردنی لێکردن بەهۆی ئەو دۆخەی لە کۆنگرەی کۆشکی پادشایەتی پێی گەیشت .

پاشان هەریەک لە ئەحمەد موختار بابان سەرۆکی دیوانی پادشایەتی وتەحسین قەدوری سەرۆکی پێشوازی دیوان سەردانی هاشمیان کرد لە مالەوەی بۆئەوەی کەمیک لە ئازارەکانی کەمکەنەوە کە بەهۆی سوکایەتی پێکردنی وەسی (الوصی عبدالاله) وە پێی گەیشتبو، سەرۆک حزبەکانیش پشتگیری و هاوهەلوێستی خۆیان بۆ تەها هاشمی راگەیاند ، ئامادەیی خۆشیان نیشاندا بۆ هەر هەنگاوێکی هاوبەش دژی ئەو سوکایەتی پێکردنە، لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی کۆنگرەی کۆشکی پادشایەتی و تێکچونی پەیوەندیەکانی حکومەت و حزبە سیاسیەکان و دروست بونی قەیران و ناکۆکی، وەزیری دارایی موسا شابەندەر دەست لەکار دەکێشێتەوە وەکو خۆ دورخستنەوە لە بەرپرسیارێتی ئەو کێشەی حکومەت تێیکەوت.

هەروەها هەریەک لە وەزیران جەمال بابان وندیم پاچەچیوعبد الله الدملوجي دلەراوکێ و مەترسی خۆیان لەو دۆخە دەرخست و بە پێویستیان زانی وتووێژ لەگەل حزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا بکرێ، بە پێچەوانە دەست لەکار دەکێشنەوە، بەم شێوە حکومەت کەوتە مەترسیی روخان. بالوێزی بەریتانیا پەیوەندیی بە العمەری سەرۆک وەزیرانەوە کردو راوێژکاری وەزارەتی ناوەخۆی ناردەلای، داوای لێکرد کە هەرشتێک روبدا نابی بیر لە دەست لەکار کێشانەوە بکاتەوە. لە کانونی دوەمی 1952 کۆبونەوەیەک لە ماڵی بەرێز جەمیل مەدفەعی بەسترا هەریەک لە بەرێزان نوری سەعید وعەلی جەودەت ئەیوبی وموحەمەد ئەلسەدر وتوفیق ئەلسوێدی وموستەفا عومەری ئامادە بون لەو کۆبونەوە باس لە دۆخی ولات و چارەسەریەکان کرا ، تۆفیق السوێدی پێشنیاری کرد وتووێژ لەگەڵ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بپچرێندرێت و کاری حزبیان لێ قەدەغە بکرێ و پرۆسەی هەلبژاردنیش بە یاسای حالی ئەنجام بدرێ ، لەم پێشنیارەی هەریەک لە عەلی جەودەت ئەیوبی و نوری سەعید پشتگیریان لێ کرد و داوایان کرد لەومیانە دەستێکی توندیش لە شیوعیەکان بوەشێندرێ .

شێخ موحەمەد سەدر داوای کرد یەکەم جار داوالە ئۆپۆزسیۆن بکرێ رازی بن بێنەوە ناو پرۆسەکە، ئەگەر رازی نەبون حزبەکان هەلبوەشێندرێنەوەو پرۆسەی هەلبژاردنیش بەم یاسایە ئەنجام بدرێ . پاش ئەوەی حکومەت داواکاریەکانی حزبە سیاسیەکان رەت دەکاتەوە پەیوەندیە کانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و حکومەت تێکدەچن ولەسەر لێواری تەقینەوەدا دەبن ، بۆیە دۆخەکان لە چاوەروانی بچوکترین روداودا بون کە راپەرین دەست پێبکا و ئالۆزی سەر هەلبدا.

*** *** ***

## سێیەم/ تێکچونی دۆخەکان وسەرهەڵدانی راپەرینی تشرینی 1952

جەماوەر لەوپەری جۆش و خرۆشیدا بوو، لە ئەنجامی گوێنەدانی حکومەت بۆ داواکاریەکانیان تورەو هەڵچونیان گەیشتبوە ئاستێک تەنها لە چاوەروانی بچوکترین روداودا بون بۆ دەستپێکردنی راپەرین ، بەڵام بریاری ستونی کۆلیژی تەندروستی کە بریاری دابوو هەر خوێندکارێک لە وانەیەک بمێنێتەوە واتە لە گشت وانەکان ماوەتەوە . ئەم بریارە خوێندکارانی بێزار کرد بۆیە لە 1952/10/16 بریاری مانگرتنیان لە خوێندن دا ، حکومەت لە مەترسیی ئەو مانگرتنە گەیشت هەستی بەوەکرد کە دەبێتە دەستپێکێک بۆ تێکچونی دۆخەکان زیاتر بۆیە هەرزوو رایگەیاند کە ئەم بریارە خوێندکارانی سالی کۆتایی ناگرێتەوە .
بەڵام خوێندکارە مانگرتوەکان بەم راگەیاندنە رازی نەبون داوایان کرد بریارەکە هەلبوەشێتەوە ، کاتێک وەزارەت بینیی دۆخەکان بەم راگەیاندنە ئاسایی نابنەوە ناچار وەزارەتی تەندروستی بە بریارێک بریاری ستونی کۆلیژی تەندروستیی هەلوەشاندەوە ، بەڵام رۆژی دواتر خوێندکارەکان بینیان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر هەندێک لەو خوێندکارە چالاکانەی مانیان گرتبو ، ئەمەش بوە مایەی ئەوە مانگرتنێکی گشتی رابگەیەنن کە سەرجەم خوێندکارانی کۆلیژی دەرمانسازو دانیشگاکانی گرتەوەو دواتر لە 22 ی تشرینی دووەم خوێندکارانی ئامادەیی و دوا ئامادەییش چونە پالیان . خۆپیشاندانەکان گەشەیان سەندو وردە وردە جەماوەر چوە پالیان بەمەش ئاراستەیەکی تری وەرگرت ، بوو بە خۆپیشاندانێکی سیاسی و داواکاریەکانی حزبە سیاسیەکان بەرزکرانەوە کە پێشتر حزبە سیاسیەکان دابویانە وەسی (الوصی عبدالاله) ، داواکاری خۆپیشاندەران لە روخانی حوکمەتەوە بوو بە وەدەرنانی ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئەمریکی لە ولات . خۆپیشاندانەکان لە گەرەکی (فەزل) دەستیان پێکردو روبەروبونەوە لەگەڵ هێزەکانی حکومەت و پۆلیس رویاندا ئەوان بە چەک و خۆپیشاندەرانیش بە چەقۆو دار وهەندێکیش دەمانچە بەدەستی تیابوو لە ئەنجام خۆپیشاندەرێک دەکوژرێ و 14 شیان بریندار دەبن ژمارەی 38 پۆلیسیش بریندار دەبن، کاتێک دۆخەکان بەم شێوەیە تێکدەچن موستەفا عومەری سەرۆک وەزیران ناچار دەبێ خۆی لە دۆخەکان دەکێشێتەوەو دەست لە کارکێشانەوە رادەستی وەسی (الوصی عبدالاله) دەکا . بەڵام خۆپیشاندانەکان توندتر دەبن و روبەروبونەوەی زۆر لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران رودەدا لەم میانە 25 خۆپیشاندەر بریندار دەبن کە زۆربەیان کرێکار و خوێندکار دەبن، ئاپۆری خۆپیشاندەرانی شیوعی و دیموکراسخوازو یەکگرتوی گەنجان و لاوە نەتەوەپەروەرەکان دەستیان بەسەر بنکەی پۆلیسی (قەنبەر عەلی) و (باب الشیخ) دا گرت و دەست بەسەر برێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنیداگیرا دواتر دەستیان بەسەر نوسینگەی پرسگەی ئەمریکیشدا گرت کە دەکەوتە نزیک بازاری سفرچیەکان ، لەم روبەرو بونەوەیەدا لەگەڵ پۆلیسا12 هاوڵاتی شەهید دەبن، لە تۆلەی ئەو شەهیدانە تورەیی جەماوەر پۆلیسێکی سوتاند ، ئیتر کارەکان لە دەست دەردەچن و دۆخەکە بە یەکجارەکی ئالۆز دەبێ .
سەر لە ئێوارەی 23 ی تشرینی دووەم بەهۆی ئالۆز بونی دۆخی بەغدا پەنا بۆ پۆلیسی گەرۆک بردرا، بە تایبەتی بۆ چارسەری ئەم جۆرە کارانە دامەزرێندرابون ، ئەم پۆلیسانە کاتێک دەرژێنە سەر شەقامەکانی بەغدا لەگەل خۆپیشاندەران بە گژ یەکدا دەچنەوە لەم میانە 23 هاوڵاتی شەهید دەبن لەگەل کوژرانی 4 پۆلیس ، خۆپیشاندانەکەی ئەو رۆژە بە هەلهاتنی پۆلیسی گەرۆک کۆتایی دێ پاش ئەوەی

ژمارەیەک لە ئۆتۆمبێلە کانیان دەسوتێنن وئەم خۆپیشاندانەش سەرجەم شارەکانی تری ولات دەگرێتەوە ، کارەکان بەشێوەیەک ئالۆز دەبن لە دەست دەردەچن بەهۆیەوە وەسی (الوصی عبدالاله) توشی هەستریا دەبێ و لە 1952/11/23 هیچ چارەیەکی نامێنێ تەنها قەبول کردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی العمەری نەبێ و بانگێشتی سوپاسالار (نورالدین مەحمود)یش دەکا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی وەزاری ، بۆ کۆنترۆلکردنی دۆخەکەش سوپا دادەبەزێتە سەر شەقامەکان و هەر ئەوکاتەش کابینەی نوێ رادەگەیەندرێ .

نورالدین مەحمود بۆ ئەوەی بەسەر دۆخەکاندا زاڵ بێ وێرای پۆستی سەرۆک وەزیران پۆستی وەزیری بەرگریش بەدەست خۆیدا دەهێلێتەوە ، حکومەتە نوێکە هەر زوو باری نائاسایی بەسەر ولاتدا راگەیاند و دادگای سەربازیان پێکهێناو خۆپیشاندان و هەموو گردبونەوەیەکیان قەدەغە کردن . راشیانگەیاند کە ئەوەی سەرپێچی بڕیارەکان بکا توندترین سزا وەردەگرێ . ئەم حکومەتە سەرجەم حزبەکانی هەلوەشاندەوەو زۆربەی رۆژنامەکانیشی لەدەرچون راگرت ئەوانەی ئەو بڕیارەی گرتەوە رۆژنامەکانی(الاهالی ،استقلال،جبهە الشعبیە) هەمویان زمانحالی حزبە سیاسیەکان بون جگە لەمانیش ئەم رۆژنامانەش هەمان بڕیاریان گرتەوە( القبس ، النبأ ، الیقظة ،صوت الشعب، السجل،الحصون ،الأفکار،ئەلوادی ،الآراء، العالم العربي،عراق الیوم،الجهاد.) .

ئەم رێکارانە نەبونە رێگر لەبەردەم جەماوەر ، خۆپیشاندانەکان بە توندتر بەردەوام بون وداوای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتیان دەکردو دامەزراندنی حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتی کامل الچادرچی، بەڵام سوپا بە توندی وەلامی دانەوە بە گولەی زیندوو تەقەی لێدەکردن کە 8 هاوڵاتی شەهید دەبن و 48 یشیان بریندار ، لەم میانە حکومەت بڕیاری قەدەغەکردنی گەران دەدا لە کاتژمێری شەشی ئێوارەوە تا شەشی بەیانی ، لە شەویشدا حکومەت هەلمەتی گرتن و راوەدونانی خەلکی ئەنجام دەدا کە 300 کەسی بەم شێوازە دەستگیر کرد و خستنیە زیندانەکانەوە لەو گیراوانە 220 یان لە کۆنە وەزیرو سەرۆک حزب و رۆژنامەنوس و ئەندام پەرلەمانەکان بوو، هەمویانیان دایە دادگا لەوانە 2 یان بە حوکمی لە سێدارەدان حوکم داو 958 یان بە زیندانی حوکمی جۆراوجۆر حوکمدران 582 بە سزای پارە لێوەرگرتن سزادران 294 یشیان بە کەفالەت ئازاد کران و 1161 یشیان ئازاد کران .

پاش ئەوەی حکومەت توانیی بە ئاگر وئاسن کۆنترۆلی دۆخەکان بکا دوای ئەوەی ژمارەیەکی شەهید وبریندار کردن و ژمارەیەکی زۆریشی لە زیندانەکان ئاخنی ، بۆئەوە کەمێک لە تورەیی جەماوەر کەمکاتەوە هەندێک بڕیاری روکەشیی دەرکردن لەوانە نەهێشتنی باجی خۆراک و زەوی کە بەژمارەی بڕیاری 1،2،5 دەرچون گرنگ ترینیشیان بڕیاری ژمارە 6 بوو کە هەمواری یاسای هەلبژاردنی کرد بۆئەوەی هەلبژاردن ببێتە یەک قۆناغ واتە راستەوخۆ. .

بەڵام ئەو بڕیارانەی سەرەوە هیچیان بڕیارێک نەبون چارەسەری تینوێتی و برسێتی خەلک بکا جگە لە بڕیاری ژمارە6 نەبێ هەرچەندە ئەویشیان کە بڕیاری هەمواری یاسای هەلبژاردن بوو ، مەرەکەبی سەرکاغەز بوو ، هیچ کارێکی پێنەکرا چونکە ئەو دەستێوەردانەی لە هەلبژاردنەکەی 1953/1/17 ئەنجام درا لە دەستێوەردانەکانی پێشو خەراپتر بوو ، لە کۆی 135 ئەندام 76 ئەندامیان بە تەزکیە هەلبژێردران ، کارەکە ئەوەندە قێزەوەن بوو جەمیل مەدفەعی لەوکاتەی سەرۆک وەزیران دەبێ لە 17 ی شوبات رادەگەیەنێ دەڵێ: من پێم وایە هەندێک هەلبژاردنی ناراستەوخۆ کە پێشتر ئەنجام درابون زۆر لەو هەلبژاردنە راستەوخۆیەی ئێستا باشتر بون)

دواتر یەکێک لە وەزیرە هەمیشەییەکانی نوری سەعید بەناوی ( عبدالمهدی) دەڵێ: پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بە رێگایەکی تەندروستدا نەرۆیشت، چونکە هەرەشە لە هەندێک لەو کاندیدانەی کە خۆشەویست نەبون کرا بەوەی خۆیان لە پرۆسەکە بکێشنەوە ئەگینا پیاوەکانی کۆشک خۆیان دەزانن چیتان پێدەکەن ، هەروەها بانگێشی متصرف(پارێزگار) ەکان کرابون و لسیتی کۆشکی پادشایان پێدابون کە دەبێ ئەمان دەرچن ، دواتر سالح جەبر وموحەمەد مەهدی برکە دانیان بەوەنا کە دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا بوە ، هەر بەهۆیەوە حزبی ئیستقلال چوە پاڵ حزبی نیشتمانی دیموکراسی بۆ بایکۆت کردنی پرۆسەکە .

حکومەتەکەی نورالدین لەو هەولانەی جەماوەر بێبەش نەبو کە بۆ رزگار کردنی ولات لە جۆش و خرۆشدا بون ، تۆی شۆڕش وردە وردە لە نێو ژانەکانی میللەت دەرواو خەلکی خۆیان بۆ سەرنگون کردنی حکومەت ئامادە دەکرد ، چونکە میللەت هیچ ئومیدێکی بەو حکومەتانە نەبوو چاکسازی ئەنجام بداو میللەت لەو نەهامەتیە دەستڕۆیشتنەی ئمپریالیزم رزگار بکا ، بۆیە ئەفسەرو سەربازە نیشتمانپەروەرەکان بە هاوکاری میلەتی چەوساوە گەیشتنە ئەو بروایە کە دەبێ بە هەماهەنگی لە رێگەی سەرنگونکردنی دەسەلات ولات رزگار بکرێ و چاکسازی سیاسی ئەنجام بدرێ . بەم شێوەیە حکومەتەکەی نورالدین ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو لە سەرکوت کردنی خەلکی راپەریوو بێدەنگ کردنی جەماوەر جێبەجێی کرد بۆیە هیچی لانەما تەنها ئەوە نەبێ لە 1953/1/23 یاداشتی دەست لەکار کێشانەوە نەداتە وەسی (الوصی عبدالاله) ئەویش لە 29 ی مانگا قەبولی دەکا .

لەو رۆژان نوری سەعید نەختێک لەبەر چاوان وون ببو ئەو کەسەی کە ئاشقی دەسەلات وحوکمرانیە، کە هەرگیز ناتوانێ بێی دەسەلات بژیێ .

وەسی (الوصی عبدالاله) هەر زوو لە 1953/1/29 (جەمیل مەدفەعی) رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت ، ئەوەی جێێ سەرنج بێ لەم کابینەیە زۆرترین ژمارەی جەمسەرەکانی دەسەلاتی تێدابوو بەنمونە چوار لە کۆنە سەرۆک وەزیرانی لەخۆ گرتبوو ، نوری سەعید کە وەزارەتی بەرگریی پێسپێردرابوو ، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە هەموو ئەو هێزانە کۆبکاتەوە کە بەر لە راپەرینی 1948 لە سەر دەسەلات بون و بەرپرسیارێتی حوکمرانیان گرتبوە دەست ، ئەو سیاسەتمەدارە پێگەیشتوانەی عێراق رۆلێکی شەرمەزاریان لە حوکمرانیدا هەبوە رۆلێک نەبوە مایەی شانازی بێ، ئەوان جێبەجێکاری سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم و داگیرکەر بون.

هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکان مەردانە دەوەستان لە گوتارەکانیاندا هێرشیان دەکردە سەر حکومەت و دارو دەستەکەی بەنمونە نوێنەری بەسرە( عەبدولرەزاق مەحمود) لە پەرلەمان روی دەمی کردە حکومەت و ووتی: کەسێک ئەگەر مێژوی عێراق بخوێنێتەوەو لیستی وەزارەتەکانی عێراقیی بەرچاو کەوێ وادەزانێ کە پارێزەران خۆیان کۆکردۆتەوەو یەکریز وەستاون مێژوی ولات دەکێشن دەیانەوێ بگەرێنەوە بۆ مێژوی بەر لە راپەرینی 1948 ، ئەوانن کە مێژوی عێراقیان وێنە کێشاوە. بەڵام لەوە بێخەبەرن کە ئەو سیاسەت مەدارە پێگەیشتوانە رۆلێکی بە ئابرویان نەبوە کارەکانیان مایەی شەرمەزاری بونە، دەبا ئەو حکومەتە وا بیر نەکاتەوە کە بەم دارو دەستەکە دەتوانێ شەقام رازی بکا چونکە ئەگەر شەقام تەقیەوە وەکو ئەوە وایە کە بورکانیک بتەقێتەوە چونکە ئەوەندە لەم دۆخە پەست بوە ) ، هەروەها شێخ موحەمەد رەزا الشبیبی کە لە زۆربەی کابینەکان بەشدار بوە دەڵێ:

( ولات بەسەر خەمی خۆیا کەوتوە ، بێگانەی نەزانیش دەست دەخاتە ناو کاروبارەکانی لە رێگەی

مامەلە کردنی لەگەل چەند کەسانێکی دیار کە بەسەر میلەتیاندا دەسەپێنێ و گوێ لە راو بۆچونی تەندروست ناگرێ ، بۆیە دەلێم بەداخەوە کە ولاتمان بەهۆی ئەم سیاسەتەوە دابەش بوە بەسەر چەند لایەنێک گوێ لە نەوەی نوێ ناگرێ و ئێمەی نەوەی کۆنیش پۆستەکانمان قۆرخ کردوەو بوینەتە رێگر لەبەردەم بیری نوێ و هزری تازەی نەوەکانمان ) .

بەم شێوەیە دادگای سەربازی لە ولات بەردەوامیی هەبوو رۆژنامەکان بە داخراوی مانەوەو برسێتیش تەنگی بە هاولاتیان هەلچنی بوو ، کاربەدەستانیش ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو داخوازیەکانی داگیرکەران جێبەجێ بکەن لە رێگەی دامەزراندنی کابینەی تازە بەگوێرەی داخوازی ئەوان و جێ بەجێ کردنی ئەو بەرنامەی کە لە بالوێزخانەی بەریتانیاوە بۆیان دەهات ، سەرەرای پێشکەش کردنی چەندین داواکاری لە لایەن کامل چادرچی سەرۆکی حزبی نیشتمانی دیموکراسی و موحەمەد مەهدی برکە سەرۆکی حزبی ئیستقلال بە رێگەدان بە کاری حزبی بەلام داواکاریەکان بەردەوام رەتدەکرانەوەو درێژە بە داخستنی رۆژنامەو قەدەغەکردنی کاری حزبی و دادگای سەربازی کرا لە میانی ئەو هەموو کابینانەی کە بەردەوام مەدفەعی بەرێوەی دەبرد ، یەکەم یاداشتی داواکاریەکان موحەمەد مەهدی برکە لە 1953/1/31 پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرد دوای ئەو کامل چادرچی لە شوباتی هەمان سال یاداشتێکی تری دابە ئەنجومەن بەلام وەلامێکی وایان نەدرایەوە کە رۆژنامەکان ئازاد بکرێن و رێگە بە چالاکیەکانی حزبان بدرێ ، وێرای وەلام نەدانەوەی لەم یاداشتانە زۆر تورەو هەراسان دەبوو . ئەمجارەیان هەردوو بەرێز کوبە و چادرچی لە 1953/2/14 دوبارە یاداشتێکی تریان دایە ئەنجومەنی وەزیران و بە کەمتەرخەمیان تاوانبار کرد کە گوێ لە داواکاریە کانیان ناگرێ .

بەلام وا پێدەچو دەسەلات لە دۆلێکەو حزبەسیاسیە نیشتمان پەروەرەکان و جەماوەریش لە دۆلێکی تردان هەریەکەو بە بەرنامەی خۆیەوە خەریکە ، لە ئەنجامی ئەو گوێ پێنەدانەی حکومەت بە داخوازیەکان پەیوەندیەکانیان تێک دەچن و دۆخەکان لەسەر لێواری تەقینەوە دەبن کە جارێکی تر ئاژاوەو گێچەل بکەویتە نێوان حکومەت و هاولاتیانەوە .

**** *** ***

## چوارەم/ فەیسەلی دووەم دەبێتە هەژدەسالان وتاجی پادشایەتی لەسەر دەنێ.

لە 2 ی ئایاری 1953 فەیسەلی دووەم تەمەنی بالغ دەبێ بە پێی دەستور دەبێتە پادشای عێراق و تاجی پادشایەتی لەسەر دەنێ، بۆ ئەم بۆنەیە لە بەغدا رێورەسمێکی مەزن بەرێوە چو فەیسەلی دووەم سوێندی یاسایی دەخواو هاولاتیانیش بەهۆی کۆتایی هاتن بە سیستەمی پێسپێردراوی و کۆتایی هاتن بە دەسەلاتی

وەسی (الوصی عبدالالە) کەیف خۆش دەبن چونکە خەلک رقی لەو پیاوە بوو هەموو نەهامەتیەکانی ولاتیان لەو دەزانی هەر ئەویشیان بە بکوژی غازی پادشا دەزانی بە هاوکاری نوری سەعید و ئینگلیز.
.
خەلکی عێراق بەهاتنی فەیسەلی دووەم لە چاوەروانی چاکسازی دابوو ، بەڵام کاتێک ماوەیەکی بەسەر چو ئەو ئومێدەشیان نەزۆک بوو بێئومێد بون لەوەی بتوانێ هیچ چاکسازیەک ئەنجام بدا چونکە ئەو پادشایە وشیاریەکی ئەو تۆی نەبوو لەسەر دۆخەکان ببوە گەمەی دەست وەسی (الوصی عبدالالە) و نوری سەعید و ئینگلیز ، وەکوو یاسای بەرێوە بردن بە هاتنی فەیسەلی دووەم جەمیل مەدفەعی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی دایە مەلیک ، ئەویش دوای قەبولکردنی لە 5 ی ئایاری 1953 هەر خۆی رادەسپێرێتەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ، پێکهاتەی کابینەی نوێش هەمان پێکهاتەی کۆن بوون جگە لە دوو وەزیر نەبن ئەوانیش (عەلی الشرقی و نەدیم پاچەچی) بون دواتر بوو بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە کە لە 23 ی حوزەیران دورستکرا.
بە خستنەسەری تاجی پادشایەتی لەلایەن فەیسەلی دووەم هیچ گۆرانکاریەک روی نەدا ، جەمیل مەدفەعی وەکو جاران لەسەر لوتکەی وەزاری مایەوەو هەمان لوتکەی دەستە تاقمی ئەوان کە لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمدا لە خزمەتیاندا بون ، دۆخەکان وەکو جاران مانەوە دادگای سەربازی بوو بە شمشێر لەسەر گەردنی ئەو خەلکە رۆژنامەکان داخراو مانەوە چالاکی حزبەکان بە قەدەغەیی مانەوە یاداشتی داخوازیەکانیش بەردەوام بون .
بۆ ئەم دۆخە حزبی نیشتمانی دیموکراسی لە 18ی ئایاری 1953 یاداشتێک دەداتە مەلیک فەیسەلی دووەم تیایدا رەوشی ولاتی بۆ شیدەکاتەوەو داوای ئازادکردنی رۆژنامەو وەلانانی دادگای سەربازی و رێگەدان بە چالاکی حزبەکان دەکا ، هەروەها حزبی سەربەخۆش بۆ هەمان مەبەست یاداشتی بە مەلیک فەیسەلی دووەم دا تیایدا داوای چاکسازی یاساکان و باشکردنی گوزەرانی خەلکیان کرد .

**** ***** ***

### پێنجەم / یاداشتی حزبی نیشتمانی دیموکراسی بۆ مەلیک فەیسەلی دووەم .

جەنابی هێژاو بەرێز خاوەن شکۆ :

جەنابی خاوەن شکۆ، دەبێ یاداشتەکەی ئێمەت خوێندبێتەوە کە لەلایەن ئێمەو حزبی ئیستقلال و بەرەی گەلەری لە 1952/10/28 پێشکەشی جێنیشمان کردبوو؟ کە ئەوکات بورپرسیارێتی پێسپێردراوی دەبرد بەرێوە ، باری گوزەرانی خەلک لەوپەری ناخۆشیدابوو دۆخەکان ناخۆش و پر لە تەنگ و چەلەمە بون داخوازیەکانمان بۆ چاکسازی سەریان نەدەگرت ، وتەکانی ئەو یاداشتانەی ئەوکات هەمویان لەسەر ئەوە یەکیان دەگرتەوە کە دۆخەکان لەوپەری ناهەمواریدان ولات پێویستی بە چاکسازی و پاراستنی بەرژەوەندیەکان هەیە دەبێ سیاسەتێکی یەکگرتومان هەبێ بەرانبەر بە ولات و ئیمپریالیزم دەبێ لەو میانە

خۆمان بێلایەن بگرین لە کێشەی دەولەتان بۆ ئەوەی ولات لە کارەسات بەدور بێ و هاولاتیان ژیانێکی خۆش بەرنەسەر ، ئەم داواکاریانە تا ئێستاش داواکاری زەرورین لای خەلک چارەسەر کردنیان بە پێویستی دەزانین ئێمە لە چاوەروانی دەست پێشخەریداین .

بەلام کۆتایی هاتنی کۆنگرەی کۆشک لە 1952/11/3 بە سەرنەکەوتویی و گوێنەدان بە داخوازیەکانی خەلک و ئەنجامدانی هەلبژاردن بەر لە هەموارکردنەوەی و هەلس و کەوتی نا بەرپرسانەی حکومەت بونە مایەی ئەوەی ئەو روداوە خوێناویانە روبدەن و دواجار موستەفا عومەری دەست لە کار بکێشێتەوە و کارەکان رادەستی سوپا بکا و دادگای سەربازی رابگەیەندرێ و رۆژنامەکان بوەستێندرێ و چالاکی حزبەکان قەدەغە بکرێ و دەستگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سیاسی و خوێندکار وخاوەن کاری فەرمی بێ گوناهی لێبکەوێتەوە، ئەمانە هەموی بونە مایەی ئەوەی دۆخێکی نالەباری مەترسیداری تاڵ لە ولات بخولقێ کە لە بەردەوامی ئەو دۆخانە ئەستەمە هاولاتی بتوانێ رای سەربەستی خۆی بداو هەلبژاردنێکی تەندروست ئەنجام بدرێ، دەستگرتنی سوپا بە جومگەکانی دەسەلات دادگای سەربازیی بەسەر ولاتدا سەپاند بەهۆیەوە رێچکەی بەرێوە بردنی حکومەت دەگۆردرێ و یاساکانی دیموکراسی بنپێ دەخرێن و کەش و هەوایەکی پۆلیسی ولات دەبا بەرێوە. رۆژنامەکان تائێستا داخراون، کارو چالاکیەکانی حزبی قەدەغەن ئازادی رادەربرین رێگە پێدراو نیە ، راوەدونانی خەلک بە بیانوی جیاجیا بەردەوامە ، لە ژێر ئەم رۆشناییە جەنابتان تێدەگەن کە ولات لە دۆخێکی خەراپ گوزەر دەکا چاکسازیی پێویستە بەردەوام بون بەم دۆخە زیان بە بەرژەوەندیەکانی ولات دەگیەنێ و بەرەو ئاراستەیەکی تری دەبا، بە بیانوی ئەو دۆخەوە دەسەلات مافەکانی هاولاتیان پێشێل دەکا. حزبی نیشتمانی دیموکراسی چەندین یاداشتی داوەتە جەمیل مەدفەعیی سەرۆک وەزیران تیایدا دۆخی نالەباری ولاتی بۆ شی کردۆتەوەو پێی راگەیاندوە کە ئەمە هەڵەی سیاسەتەکەتانە ولات تێی کەوتوە، داخوازیەکانی گەلی خستۆتە بەردەمی لە ئازادکردنی رۆژنامەکان و رێگەدان بە حزبەسیاسیەکان ئەنجامدانی چالاکی خۆیان و وەستاندنی راوەدونانی خەلکانی رۆشنبیری و خوێندکار ، پێمان راگەیاندوە کە ئەمە دۆخێکی یەکانەیە لە ولات دروست بوە لە ژێر سایەیدا هاولاتیان هەست بە چەوسانەوەو مافخوران دەکەن پێشێلی بەرانبەر بە مافەکانیان دەکرێ ، بەلام لەجیات چاکسازی وگوێدان بە داخوازیەکانی حزبە سیاسیەکان دادگای سەربازی رادەگەیەنێ وولات بەرەو ئاقارێکی تر هەنگاو پێدەنێ .

لە کاتێکا ئەوپەیمانەی حکومەت بەخۆیدابوو کە لە هاتنی مەلیک فەیسەلی دوەم ئەم دۆخە بەردەوام نابێ و چارەسەری دەکرێ، بەدڵنیایەوە گوێنەدان بە داخوازیەکانی حزبە سیاسیەکان و درێژە بونی ئەو سیاسەتەی حکومەت تا ئیستا لەسەری دەروا و پێشێل کردنی مافی هاولاتیان بەم شێوەیە کارێکی باش نیە لە کاتێکا هاولاتیان لە چاوەراونی ئەوە بون ولات بە یاساو دەستور حوکمرانی بکرێ و ببردرێ بەرێوە تیایدا هەموو هاولاتیەک مافەکانی پارێزراو بی و حزبە سیاسیەکان کارو چالاکی خۆیان بە ئاسایی ببەن بەرێوە . ئێستاش حزبی نیشتمانی دیموکراسی کاتێک ئەم یاداشتە بۆ جەنابتان بەرز دەکاتەوە ئومێد دەخوازێ کە سەردەمی شکۆتان سەردەمێک بێ دەستور سەروەر بێ لە ولات بۆ ئەوەی سەردەمێکی نوێ پر لە دیموکراسی بێ و هاولاتیان بە مافەکانیانەوە شادبن ، بەم شێوەش دۆخێکی نوێ لە عێراقێکی نوێ دێتە کا . هیوادارم ریزمان قەبول کەن .

بەغداد لە 5ی رەمەزانی 1372 دەکاتە 18ی ئایاری 1953

كامل الچادرچی

سەرۆکی حزبی نیشتمانی دیموکراسی

---------------------------------

**شەشەم/ حکومەت تاوانێکی مەزن دژی زیندانیە سیاسیەکان ئەنجام دەدا.**

تاوانەکانی حوکومەت بەوەندە نەوەستا بەڵکو تاوانێکی مەزنی دژی زیندانە سیاسیەکانی شیوعیەکان ئەنجام دا لەو تاوانە 7 زیندانی بە گوللەی پۆلیس شەهید دەبن و 23 شیان بریندار دەبن ، ئەمەش تاوانێکی تری حکومەتە.
کوشتن و بریندار کردنی زیندانیانی سیاسی خەڵکی تورەو هەراسان کرد دەنگی نارەزایی لە هەموو لایەک بەرز بۆوە بۆ رسواکردنی حکومەتێک لە نێو چوار دیواری زیندانا بە گوللە هاوڵاتیانی خۆی بکوژێ وبریندار بکا کە دورە لە رەوشتی مرۆڤایەتی.
دەنگۆی کوشتنی زیندانیان دوبارە کەش و هەواکەی بەغدای ئالۆز کردو خەڵک بە تایبەتی خانەوادەی زیندانیان بە قومشەڵ دەرچون روو لە نەخۆشخانە بکەن تا سۆراخی کەس و کارە زیندانیە کانیان بزانن بەڵام دوو بارە پۆلیس لێیان دینەوە دەست و تەقەیان لێ دەکەن ژمارەیەکیان لێ دەکوژن و بریندار دەکەن هەندێکیشیان پەلپێچی زیندان دەکەن بۆ دادگایی کردنیان بە دادگای سەربازی کە پێشتر لە 20 حوزەیرانی 1953 وەکو ئامادە کاری هەمواری یاساکەیان کردبۆوە بۆئەوەی بتوانن بە هەوەستی خۆیان ئەو خەڵکە راوبنێن ، وەکو پەرچە کردار هەردوو حزبی نیشتمانی دیموکراسی و سەربەخۆ یاداشتێکیان بە زمانێکی زبر بەرز کردەوە تیایدا داوای لێکۆڵینەوەیان لە وتاوانەدا کرد کە چۆن دەبێ چاوپۆشی لەو تاوانە بکرێ کە دژی بێدەسەلاتان ئەنجام دراوە ، دەبێ ئەوانەی ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە بدرێنە دادگا، دواتر لە پەرلەمانیش 20 ئەندام داوایانکرد لێپێچانەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێ کە ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە . بەڵام زۆرینەی پەرلەمان کە لایەنگری نوری سەعید بون دژی ئەم داواکاریە وەستانەوە کە ژمارەیان 69 ئەندام دەبوو ، بۆیە داواکاری بیست ئەندامەکە سەرکەوتو نابێ و حکومەتیش چاوپۆشیی لە تاوانەکە کرد .
بەم شێوەیە حکومەتی مەدفەعی بەرانبەر بە وتاوانانە چاوی نوقاند وهیچی نەبینی بەڵکو بەرنامەی بۆ ئەنجامدانی تاوانی تریش دارشت لە زیندانی کوت کە 123زیندانی شیوعیی تیا بوو کە نارەزاییان دەربریبوو لە تاوانەکەی زیندانی بەغدا و حکومەت هەولیدەدا بیانگوازێتەوە زیندانی بەعقوبە ، بۆ ئەم مەبەستە حکومەت کاری بۆئەوە کرد کە زیندانیەکان لە هەموو ئامێر یا هەر کەرەستەیەکی بریندارکەر

راماڵی تا بتوانێ مەزنترین سزایان بدا و تاوانیان دژ ئەنجام بدا ئەمەش لە ئەزمونی زیندانی بەغداوە فێر ببو . حکومەت هەڵمەتێکی پشکنینی لە نێو زیندانیەکان ئەنجام دا هەر کەرەستەیەکی ئاشپەزی هەبوایە لێیان دەسەندرا ، کاتێک حکومەت ئەوەی ویستی کردی ئەوسا ویستی بیانگوازێتەوە زیندانی بەعقوبە بەڵام زیندانیەکان بە هەموو شێوەیەک دژی راگواستنەوە وەستانەوەو ئامادە نەبون بچنە دەرەوە لە زیندانەکەیان .

بۆ ناچار کردنیان حکومەت ئاوو کارەباو خواردنی لێ برین ، ماوەیەک بە بێ ئاو خواردن بردیانە سەر بەڵام کاتێک بێئاوی تەنگەیان پێ هەدەچنێ بەدوای ئاودا دەگەڕێن بیرێک لە ناو زیندان هەڵدەکەنن بەڵام ئاوەکەی سوراو دەبێ بەهۆیەوە چەند کەسێکیان لێ نەخۆش دەکەون. ماوەیەک هیلاک و بێ هێز دەبن پۆلیس هێرشیان دەکاتەسەر سەرەتا بە بەرد لێیان دەدا ئەوەی لە ژورەکەی دێتەدەر دایدەگرنە بەر بەرد بەڵام زیندانیە کانیش بە سەرقەپاغی مەنجەڵ و گۆسکەی ئاو بەرگری لە خۆیان دەکەن ، ئیتر پۆلیس بە تەقە دەکەوێتە ناویان لەو میانە 8 یان لێ شەهید و 96 یان بریندار دەبن ئەو حەوشەی زیندان وەکو سەربرخانەی لێهاتبوو لە خوێنداچۆرین و برینداری لەو زیندانیانە تەنها 19 یا لێ بە سەلامەتی دەردەچن، هەرچەندە ئەم تاوانەش خرایە سەر تاوانەکەی تر و دەنگو دەنگدانەوەی زۆری دروست کرد ، ئەو خەڵکە بۆی رون بۆوە کە حکومەت هیچ باکی بە رای گشتی نیەو بە ئەنقەست دەیەوێ زیندانیە شیوعیەکان لەناو بەرێ ، گوێ نەبە دەستور نەبە رای گشتی نەبە یاساکانی دیموکراسی نادا ، پەیمانەکانیشی وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز وان ، پاش ئەوەی شەپۆلی تورەیی جەماوەر سەرجەم ولات دادەگرێ و لە پێناو بەرۆک پێگرتن لە راپەرینێکی تر داوا لە سەرۆک وەزیران دەکرێ دەست لەکار بکێشێتەوە بەڵام ئەوە پاش ئەوە دێ کە ئەو کابینە بەرنامەکانی بەریتانیاو دارودەستەکەی جێبەجێ دەکا ، هەر زوو جەمیل مەدفەعی لە 15ی ئەیلولی 1953 دەست لەکار کێشانەوەی دەداتە مەلیک ئەویش لە 17 ی مانگ قەبولی دەکا .

لە ئەنجامی دەست لەکارکێشانەوەی جەمیل مەدفەعی ، مەلیک و وەسی (الوصی عبدالاله) ی خالی بانگێشتی هەریەک لە سەرۆکی دیوانی پادشایەتی (ئەحمەد موختار بابان و شێخ موحەمەد سەدر سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و دکتور فازل الجەمالی سەرۆکی پەرلەمان کرد بۆ کۆبونەوە لە هاوینە هەواری سەرسەنگ بۆ تاوتوێ کردنی پرسی کابینەی نوێی وەزاری ، شێخ موحەمەد السەدر بۆ مەلیکی پێشنیار کرد کە کابینەیەک لە دەم و چاوی نوێ پێکبهێندرێ و ئەنجومەنی نوێنەرانیش هەڵوەشێنێتەوە.
.

پاش ئەوەی مەلیک راوێژ بە بالوێزخانەی بەریتانیا وەدەکا لەسەر راسپاردنی دکتۆر فازل الجەمالی رێک دەکەون بەو مەرجەی دەم و چاوی نوێیان تێبکەوێ ، مەلیک لەلای خۆیەوە وەزیری بەرگری و ناوەخۆی دەستنیشان کرد، لە 17ی ئەیلولی 1953 فەرمانی مەلەکی دەرچو بە راسپاردنی جەمیل مەدفەعی بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نوێ ، سەرەرای زۆرینەی پەرلەمانیی نوری سەعید بەڵام لە پێکهاتەی وەزاریی دەردەهێنن . حکومەتی ئەڵجەمالی دەستی بەکارەکان کرد بە رەخساندنی هەندێک بوار بۆ هاوڵاتیان تا بەدروستتر بتوانن هەناسە بدەن و نەختێک لەو ئازادیانەی لە سەردەمی نورالدین مەحمود لێیان قەدەغەکرابوو لە ئەنجامی راپەرینەکەی تشرینی 1952 پێیان بدرێ، لە 5 ی تشرین حکومەت بڕیاریدا دادگای سەربازی لە ولات هەڵوەشێنێتەوە ، بڕیارەکەی حکومەتی نورالدین مەحمود بە قەدەغەکردنی حزبە سیاسیەکانی رەوانەی ئەنجومەنی لێکدانەوەی یاسایی کرد، دواتر بڕیارەکە دێتەوە بەوەی بڕیاری قەدەغە کردنەکە شەرعی نەبوە ، بەم شێوە حزبەکان هاتنەوە مەیدانی خەباتی ئاشکەراو

رۆژنامە داخراوەکان ئازاد کران و هاوڵاتیان هەناسەیەکیان هەلکێشا بەو برە ئازادیەی پێیان درا، هەروەها لە بڕیارێکی تریدا دابڕێندراوەکان لە فەرمانبەر و خوێندکاران گەرێندرانەوە سەر کاری خۆیان ، هەندێک وردە چاکسازیش لە بواری باج و داهاتی تردا کردن کە سودی بە هاوڵاتیان گەیاند، بەڵام ئەم وردە چاکسازیە نەبونە مایەی هێورکردنەوەی دۆخەکان بە یەکجارەکی تا ئەوکاتەی مانگرتنی کرێکارانی نەوتی بەسرە دێ ئەوکات ئیتر ئەو کەمە دەستکەوتەی لە سەردەمی جەمالیش وەدەست هاتبون هەمویان تێدەچن و هەلدەوەشێنەوە .

**حەوتەم/ حکومەت بە ئاگرو ئاسن سەرکوتی خۆپیشاندانی کرێکارانی نەوتی بەسرا دەکا.**

کرێکارانی نەوتی بەسرە کۆمەلێک داواکاریان بەرز کردبونەوە بۆئەوەی باری ژیانیان باش بکرێ لەوداواکاریانە زیاد کردنی رۆژانەیان بوو، بەڵام حکومەت بە ئاگر و ئاسن وەلامی داواکاریەکانی دانەوە، ناچار دەبن ئەوانیش مان دەگرن ، لە یەکی کانونی یەکەم وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی سەردانی بەسرا دەکا بۆهێور کردنەوەیان و گفتیان پێدەدا فشار بخەنە سەر کۆمپانیاکان تا باری گوزەرانیان باشتر بکا، کرێکارەکانیش گوێیان لە پەیمانەکەی راگرت و لە 14 ی کانونی یەکەم گەرانەوە سەر کار ، بەڵام کۆمپانیاکان رازی نەبون داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن بۆیە دوبارە گەرانەوە سەر دۆخی مانگرتن.
.

سەعید قەزاز وەزیری ناوەخۆ هەر زوو شیوعیەکانی تاوانبار کرد بەوەی لە پشت ئەو مانگرتنەدان ، بۆئەوەی لە نزیکەوە لەگەل چارەسەری دۆخەکەدابێ سەعید قەزاز سەردانی بەسرا دەکاو راستەوخۆ سەرپەرشتی سەرکوت کردنی مانگرتنەکە دەکا ، دەزگا پۆلیسیەکەی سەرفراز دەکا بە هەموو شێوەیەک چارەسەری دۆخەکە بکرێ بۆیە تەقە و توند و تیژی روو دەداو کرێکارێک لەم میانە شەهید دەبێ و ژمارەیەکیش بریندار دەبن . دۆخەکان بەرەو ئالۆزتر دەچن کارەکان لەدەست دەردەچن بۆیە پەنا بۆ سوپا دەبردرێ و دادگای سەربازی رادەگەیەندرێ و رۆژنامەکان قەدەغە دەکرێن بەوەی هانی خەلکیان داوە بۆ ئاژاوە نانەوە ئەو رۆژنامانەی راگیران گرتنیەوە (النداء ،الأخبار،المیثاق ،الدفاع ،الجیل ،الآراء ،الجریدة ،العزة .

رۆژنامەی الاهلی ی حزبی نیشتمانی دیموکراسی و لیوای استقلال ی حزبی ئیستقلال ی دایە دادگای تاوان بە تۆمەتی سوکایەتی کردن بە حکومەت و هاندانی خەلک بۆ ئاژاوەنانەوە ، ئەمەش چونکە ئەو دوو رۆژنامە لەوانی تر زیاتر حکومەت ورەفتارەکانیان رسوا دەکرد. .

حزبی بەرەی گەل کە دوان لە ئەندامانی لە کابینەی وەزاریەکە بەشدار بون هەریەک لە حەسەن عەبدولرەحمان و عەبدولرەحمان عەبدولجەلیل ، حزب بەهۆی ئەو زیادەرۆییانەی حکومەت لەسەر مافی گەل بڕیاریدا وەزیرەکان لە کابینەکە بێنەدەر ئەوەبوو لە 1954/1/17 هەردوکیان دەستیان لەکار کێشایەوە، دوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەو دوو وەزیرە الجەمالیش دەست لەکارکێشانەوەی خۆی دەداتە

مەلیک ، ئەویش هەرزوو قەبولی دەکاو دوبارە خۆی رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ . پێکهاتەی نوێی الجەمالی ئەمجارەیان دوربوو لە ویستی بەریتانیەکان و نوری سەعیدی ئەلقەلەگوێی ، بەڵام بە دل و دەستی ئەمریکیەکان بوو، واژۆ کردنی رێککەوتنی ئاسایشی هەردولایەن و هاوکاریەکانی ئەمریکی لە 21 ی نیسانی 1954 ئەو بۆچونەی سەلماند کە حکومەتی الجەمالی بە ئارەزوی ئەمریکا بوە.

پێکهێنانی کابینەی نوێ دور لە دەست و کاریگەریەکانی نوری سەعید وایکرد نوری سەعید تورە ببێ و لە عێراق بچێتە دەرەوەو بۆماوەی زیاتر لە سێ مانگ لە بەریتانیا نیشتەجێ ببێ، وەکو دەربرینی نارەزایی کە بێ پرسی ئەو حکومەت پێک هێندراوە ، نوری سەعید بەهۆی زۆرینەی پەرلەمانیی لە ژوانی ئەوەدابوو حکومەتەکەی الجەمالی بروخێنێ لە رێگەی متمانە پێنەدان و کێشە بۆ دروستکردندا. مانگێک بەسەر تەمەنی کابینەکەی الجەمالی دا تێنەپەری کرد لایەنگرانی نوری سەعید لە پەرلەمان و بالوێزخانەی بەریتانی کەوتنە نانەوەی کێشەو گرفت لەبەردەم کابینە نوێکەی الجەمالی تا ناچار بوو لە 19 ی نیسانی 1954 دەست لەکار بکێشێتەوەو لە 29 ی هەمان مانگ لێی قەبول بکرێ .

---

# بەشی چواردەهەم

## حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرەو پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی هەنگاو دەنێن

**یەکەم/ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرەی نیشتمانی پێکدەهێنن بۆ بەشداری لە هەلبژاردنەکان .**
**دووەم /نوری سەعید دەگەرێتەوە سەر حوکم تا بزوتنەوەی نیشتمانی لەناو بەرێ.**
**سێیەم/ نوری سەعید دەست بەهێرش دەکا وهەموو دیاردە دیموکراسیەکان لەناودەبا.**
**چوارەم /نوری سەعید پەرلەمان هەلدەوەشێنێتەوەو ژمارەیەک بیریش دەردەکا .**
**پێنجەم/کاردانەوەی حزبە سیاسیەکان لەسەر فەرمانەکانی نوری سەعید.**
**شەشەم/ نوری سەعید پەیوەندیەکانی عێراق لەگەل یەکێتی سۆڤیەتدا دەبرێ.**
**حەوتەم/ نوری سەعید پەیماننامەی بەغدا بەسەر عێراقدا دەسەپێنی.**

**یەکەم/ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرەی نیشتمانی پێکدەهێنن بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان**

وەکو کاردانەوەی حزبە سیاسیەکان بۆ وەلامنەدانەوەی حکومەت و گوێ پێنەدانی بە داخوازیەکانی هاوڵاتیان. حزبە نیشتمانیەکان بانگەشەیەکیان بۆ سەرجەم حزبی سیاسی و رێکخراوو سەندیکاو یانەی نیشتمان پەروەر راگەیاند تا لە کات و شوێنی دیار ئامادە بن بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان. ئەو بانگەشە کۆبونەوەی بەدوای خۆیدا هێنا کە هەریەک لە حزبی نیشتمانی دیموکراسی و حزبی ئیستقلالی و حزبی شیوعی و بزوتنەوەی لایەنگرانی ئاشتی و رێکخراوی خوێندکار و لاوان و سەندیکای کرێکاران و سەندیکا پیشەییەکانی پارێزەران و مامۆستایان وپزیشک و نوێنەری جوتیاران هەمویان بەیەکەوە تاوتوێی پرسی هەڵبژاردن و پێکهێنانی بەرەی گەل یان کرد، لەسەر دامەزراندنی ئەم بەرەیە رێککەوتن و لە 12ی ئایاری 1954 هەمویان واژۆی پەیماننامەیان کرد ، ئەم پەیماننامە گورزێکی توند بوو بەر حکومەت کەوت کە برگەکانی بیریتی بون لە :

1- هەموو ئازادیەکان فەراهام بکرێن بە ئازادی رادەربرین و ئازادی رۆژنامەوانی ئازادی کۆبونەوەو بلاوکردنەوەو خۆپیشاندان و پێکهێنانی کۆمەڵەو حزب و رێکخراو و سەندیکا .
2- بەرگری لە ئازادی هەڵبژاردن بکرێ .
3- هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی 1930 و بنکەی سوپای بێگانەکان و هەموو ئەو پەیماننامە سەربازیانەی کراون لەگەڵ تورکیاو پاکستان و هەر پەیمانێکی تری سەربازی کرابێ هەڵوەشێندرێتەوە .
4- هاوکاریەکانی ئەمریکا رەت بکرێتەوە کە بەهۆیەوە سەروەریەکانی عێراق سنوردار دەکا و بە پەیماننامە سەربازیەکانی خۆیەوە دەبەستێتەوە.
5- کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی کۆمپانیا بیانیەکان بکرێ و یەکسانی و دادپەروەری پیادە بکرێ و رۆلی دەرەبەگ کۆتایی پێ بهێندرێ و کێشە ئابوریەکان چارەسەر بکرێ و چاکسازی لە سیستەمی پیشەسازی و گوزەرانی ژیانی هاوڵاتیان ئەنجام بدرێ .
6- کار بۆ نەهێشتنی ئاسەواری کارەساتی لافاوەکە بکرێ، ئەمەش بە نیشتەجێ کردنی کۆچبەران و قەرەبو کردنەوەی زیان لێکەوتوان دەکرێ بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دەستنیشان کردنی کەس یا لایەنی خەمسارد لەم روداوە .
7- پالپشتی کردنی ولاتانی عەرەب و رزگار کردنی فەلەستین.
8- کار بۆئەوە بکرێ عێراق و ولاتانی عەرەبی لە کارەساتی شەر دور بخەنەوە.

ئەوانەی لەسەر ئەم میساقەش واژۆیان کرد ئەمانە بوون :

1- نوێنەری حزبی نیشتمانی دیموکراسی . .
2 - نوێنەری حزبی ئیستقلال . .
3- نوێنەری جوتیاران - نایف ئەلحەسەن. .
4- نوێنەری کرێکاران - کلیبان صالح . .

4- نوێنەری گەنجان - صفاء الحافظ . .
6 - نوێنەری پزیشکان - د.ئەحمەد چەلەبی . .
7- نوێنەری پارێزەران - عەبدولستار ناجي . .
8 - نوێنەری خوێندکاران - مەهدي عبدالك

دیارە کە پێنج کەسەکەی دوایی نوێنەرایەتی حزبی شیوعی بون ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو حزبە زیاتر راوەدو دەنرا بۆئەوەی نوێنەریان ئاشکەرا نەبن لەسەر ئەوە رێککەوتن کە نوێنەرەکانیان بە نوێنەرایەتی خوازیارەوە بێن ، راگەیاندنی لەدایک بونی بەرەی گەل لە 12 ئایاری 1954 بۆ حکومەت بومەلەرزە بوو بەتایبەتی کاتێک بینیی نوێنەرانی هەرسێ حزبی نیشتمانی دیموکراس و سەربەخۆ و حزبی شیوعی بەیەکەوە دانیشتون بە ئاشکەرا ، بۆیە دەسەلات هەموو هەولەکانی خۆی خستبوە گەر تا نوێنەرانی حزبی نیشتمانی دیموکراسی لە هەلبژاردن دەنگ وەدەست نەهێنن ، لە بەرانبەریشدا بەرەی نیشتمانی کەوتە چالاکی و خەلک هاندان و کۆکردنەوەیان بۆ بەشداریکردن لە هەلبژاردنەکان بە تەوژمێکی تون، لە بەرانبەردا لایەنگرانی کۆشکی پادشایەتی لە حزب و دەرەبەگ و کۆنەپەرستان و حزبەکانی نوری سەعید و سالح جەبر کە حزبی یەکێتی دەستوری و حزبی نەتەوەی ئیشتراکی بون بەرەیەکیان لە نێوان خۆیاندا پێکهێنا ، هەرچەندە ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان حزبەکەی نوری سەعید وکۆشکی پادشادا هەبوو بەتایبەت ئەوکاتەی ئەرشەد عومەری کابینەی وەزاری پێکدەهێنێ و هیچ کەسێک لە ئەندامانی حزبەکەی نوری سەعید بەشداری ناکەن .
رۆژی 9 ی نیسان دیاری کرا وەکو رۆژی هەلبژاردن ، هەردوو بەرەکەش کەوتنە نواندنی چالاکی و پەیوەندی کردن بە خەلکەوە ، من تائێستاش ئەورۆژانەی بەرلە هەلبژاردن و رۆژی هەلبژاردنم لە بیر ناچێتەوە کە چۆن بەرەی نیشتمانی وەکو شانەی هەنگ لە کاردا بون بۆ پەیدا کردنی دەنگدەران بۆ کاندیدانی بەرەی نیشتمانی لە موسل، مایەی شانازیە بۆ من کە وەکو چالاکوانێک لەو هەلمەتە بەشداریم کرد نەمانهێشت نوێنەرانی کۆشکی پادشایەتی بە تایبەت لە موسل هیچ دەنگێکی وا بەدەست بێنن بەراستی ئەورۆژە وێرای چاو سورکردنەوەو تۆقاندن بەلام ئاهەنگی شادیمان گێرا بە بۆنەی سەرکەوتنەکانمان چونکە لە کۆی چوار کورسی هەرچوارمان بەدەست هێنا ئەورۆژە ئاهەنگەکان گشت توێژەکانی جەماوەری هەژار ی گرتەوە، رۆژی دواتر کاتێک کاندیدە دەرچوەکان بەرەو بەغدا کەوتنە رێ بۆ بەشداری لە یەکەم کۆبونەوە جەماوەر بە ئاپۆڕ بۆ بەرێکردنیان دەرچون ،پۆلیس لە ترس و نیگەرانی خۆیەوە کەوتە تەقە کردن لەو خەلکە سڤیلە و ژمارەیەکی لێ دەستگیر کردن.
بەلام پرۆسەکە لە شارەکانی تر جیاوازی هەبوو ئەمەش بەهۆی بەهێز بونی دەرەبەگ و دەستێوەردانەکانی دەسەلات لە پرۆسەی هەلبژاردن بۆیە ئەنجامەکان جیاوازیان هەبوو ئەوەتا لە کۆی 135 ئەندام بەرەی نیشتمانی تەنها 10 ئەندامی دەبێ کەچی حزبەکەی نوری سەعید(حزبی یەکێتی دەستوری) 51 ئەندامی وەدەست هێناو حزبەکەی سالح جەبر (نەتەوەیی ئیشتراکی ) 21 ئەندام و 38 دەرەبەگیش بەبێ بەشداری لە پرۆسە بونە ئەندام بە دامەزراندن لەلایەن کۆشکی پادشایەتیەوە .
لە 1ی حوزەیرانی 1954 بەرەی نیشتمانی یاداشتێکی دایە وەزیری ناوەخۆ بۆ رەخنەگرتن لەو پێشێلکاریانەی لە پرۆسەکەدا کراوە لەوانە رێگەنەدان بە کاندیدەکانی بەرەی نیشتمانی رێکلام بۆخۆیان بکەن ورێگە لە کۆبونەوەی جەماوەری بەرە گیراوەو حکومەت بە ئاشکەرا دەستی لە پرۆسەکە وەرداوەو

لە قازانجی پێیاوەکانی خۆیدا شکاندوتیەوە، وێرای ئەمەش حکومەت چەندین چالاکوانی بەرەیان دەستگیر کردوە و خەلکانی ئێمەی لە زۆر لە بنکەکان رێگەیان پێنەداون بچنە سەر سەندوقی دەنگدان و کێشەیان بۆ دروست کردون سەرەرای ئەمانەش کاندیدەکانی بەرەیان لە کوت و حلە بە نهێنی و بە سەیارەی پولیس گواستۆتەوە بۆ شوێنی نەدیار.

لە گەرەکی حی کاتێک ویستویانە رکابەرێک بۆ دەرەبەگی مەزن (عەبدوللا ئەلیاسین) دەست نیشان کەن روبەروی مەزنترین توندو تیژی وکوشتار بونەتەوە ، پیاوە چەکدارەکانی ئەو دەرەبەگە کە ژمارەیان لە 100 کەس دەبوو دەستدرێژیان کردۆتە سەر خەلکی سڤیل کە لە ئەنجامدا یەکێک کوژراوەو 15ی تریش بریندار بونە ، ئەو دەستدرێژی و کوشتارگەریە خەلکی هەراسان و تورە کرد بۆیە دانیشتوانی ئەو گەرەکە بە ژن و مندال و پیر دەرژێنە سەرشەقام ولەگەل پۆلیس توشی روبەرو بونەوە دەبن لە ئەنجامدا 74 کەسیان لێ دەستگیر دەکرێ و 52 یان دەدرێنە دادگا و لەو میانە حوکمی لە سێدارەدان بەسەر کەسایەتیی شیوعی (عەلی الشێخ) دا دەسەپێنن ، کە حوکمەکەیان بەسەردا جێبەجێ کرد وئەوانیتریش خرانە زیندانەوە.

حکومەت بەم شێوەیە پرۆسەی هەلبژاردنی ئەنجامدا کە سەرکەوتن بۆ لایەنگرانی مسۆگەر بکا ، هەرچەندە ژمارەی ئەندامەکانی بەرە تەنها 10 کەس بوون بەڵام ئەم دەستە رۆشنبیرە لە ئەنجومەن حکومەتی هەراسان کرد هەردەم لە ژوانی ئەوەدابون رێگری لە بەرێکردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم ونۆکەران بکەن و رێگەنەدەن پیلانەکانیان بە ئاسانی بەرێبکرێ بۆیە حکومەت لە هزری ئەوەدابوو چۆن لەم کابینە هەلبژاردەی پەرلەمان نەجاتی دەبێ ، ئەوەتا ئەنجومەن تەنها یەک کۆبونەوە ئەنجام دەدا کاتێک لە 26 ی تەموزی 1954 ئەنجومەن سر دەکەن تا ئەوکاتەی لە 3 ی ئابی 1954 لەسەر دەستی حکومەتەکەی نوری سەعیدا کە لە دوای حکومەتی عومەری و دوای هەلبژاردنەکان دادەمەزرێ ، هەلدەوەشێندرێتەوە و هەبژاردنێکی تر ئەنجام دەدرێ بەهۆیەوە دەتوانن هیچ ئەندامێک لە ئۆپۆزسیۆن نەگاتە ئەنجومەن ئەمەش بە رێگەی پەراندنەوەو پشتگیری( تەزکیە) کە دواتر ناویان لێنا ئەنجومەنی پەراندنەوە ( تەزکیە )

**** ***** ****

## دووەم / نوری سەعید دەگەرێتەوە سەر حوکم بۆئەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی لەناو بەرێ

سەرکەوتنی ئەو 10 ئەندامەی ئەنجومەنی نیشتمانی ، بالوێزخانەی بەریتانیای توشی تەنگەتاو کرد ئەمە وێرای ئەو هەموو پێشێلکاریەی حکومەت دژی بەرەی نیشتمانی کردی و دەستێوەردانە شەرمەزاریەکانی لە پرۆسەی هەلبژاردن، کەچی ئەو دە ئەندامە بۆئەوان شتێکی چاوەروان نەکراو بوو ، بەتایبەت کە ئەوکات حکومەت خۆی مەلاس دابوو تا عێراق لەگەل هەریەک لە تورکیاو پاکستان و بەریتانیاو ئەمریکا بخاتە نیو هاوپەیمانێتیەک کە پێودەوترا هاوپەیمانیتی بەغدا .

بەبۆنەی تەواو بونی هەلبژاردنەکان و بەپێی دەستور حکومەتی ئەرشەد عومەری دەستی لەکار

کێشایەوەو لە 3 ی ئابا قەبول کرا، لە ماوەی نێوان 17ی تەموز تا 3 ی ئاب بالوێزخانەی بەریتانیا چالاکانە کەوتە خۆ بۆ راسپاردنی نوری سەعید بە پێکهێنانی کابینەی وەزاریی نوێ ، بۆ ئەم مەبەستە داوایان لە وەسی (الوصی عبدالاله) کرد بچێتە لۆندن و هەولی رازی کردنی نوری سەعید بدا تا کابینەی نوێ پێکبهێنی، چونکە ئەو ئەرکانەی کەوتونەتە سەر ئەستۆی حکومەت گەلێک مەزنن بەتایبەت کە خەریک بو پەیماننامەی 1930 کۆتایی پێدەهات بۆیە ئەم ئەرکە قورسە بەکەس ناکرێ تەنها نوری سەعید نەبێ ، وەسی (الوصی عبدالاله) فەرمانەکەی بەغداو بالوێزخانەی بەریتانیای جێبەجێ کردو چوە بەریتانیاو چاوی بەنوری سەعید کەوت و رازیی کرد بگەرێتەوە حکومەت پێکبهێنێ و بەو مەرجەی کەس دەست نەخاتە نیو پێکهاتەکەی جگە لە خۆی نەبێ ، نوری سەعید بۆ داخوازیەکانی وەسی (الوصی عبدالاله) ئەم مەرجانەی هەبوو :

1-ئەنجومەنە هەلبژێردراوەکە هەلبوەشێندرێتەوەو هەلبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدرێ
2- هەلوەشاندنەوە سەرجەم حزب و رێکخراوو سەندیکا وکۆمەڵەکان .
3- دەرمالەی سەرجەم رۆژنامەکان ببرێ و هاوکاری بۆ راگەیاندنەکانی حکومەت تەرخان بکرێ .
.
4- هەلمەتێکی توند دژی ئازادیەکانی گەل و دیموکراسی ئەنجام بدرێ.

دیارە داواکاریەکانی نوری سەعید هەمان داواکاری ئینگلیز بون بۆیە بە خۆشحالیەوە داواکاریەکانی جێبەجێ دەکرێن و لە 3 ی ئاب کابینەی نوێ دادەمەزرێنێ کە بە خەراپترین کابینەی ئەو سەردەم دێتە ئەژمار پێکهاتەکەشی بەم شێوەیە دەبێ :

1 ـ نوري سەعید سەرۆک وەزیران ووەزیری بەرگری . .
2 ـ سەعید قزاز ـ وەزیری ناوەخۆ . .
3ـ موسی شابەندەر ـ وزیری دەرەوە . .
4ـ شاکر ئەلوادی ـ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی . .
5 ـ موحەمەد عەلی مەحمود ـ وەزیری داد . .
6 ـ ضیاء جەعفەر ـ وەزیری دارایی . .
7ـ عەبدولوەهاب مەرجان ـ وەزیری کشتوکاڵ . .
8 ـ عەبدولمەجید مەحمود ـ وەزیری ئاوەدانکردنەوە. .
9 ـ نەدیم پاچەچی وەزیری ئابوری . .
10 ـ موحەمەد حەسەن سەلمان ـ وەزیری تەندروستی. .
11 ـ خلیل کنە ـ وەزیری زانست . .
12 ـ صالح صائب جبوري ـ وەزیری گواستنەوەو کار . .
13 ـ عەلی الشرقي ـ وەزیری بێوەزرەت . .
14 ـ ئەحمەد موختار بابان ـ وەزیری بێ وەزارەت . .
15 ـ برهانەددین باش ئەعیان ـ وەزیری بێ وەزارەت .
16 ـ رشدي چەلەبی ـ وەزیری بێ وەزارەت.

**سێیەم/ نوری سەعید دەست بەهێرش دەکا وهەموو دیاردە دیموکراسیەکان لەناودەبا.**

هەر دوای دەست بەکار بونی یانزەمین حکومەتی نوری سەعید نیازەکانی ئاشکەرابون بە هێرش بردنەسەر حزبە سیاسیەکان و راونانی کەسایەتیە نیشتمانپەروەرو دەم کوت کردنی خەلک و کپ کردنی دەنگی ئازادی گەل. یەکەم هەنگاوی سەرکوت کردنی دیموکراسیی هەلوەشاندنەوەی ئەجومەنی نوێنەران دەبێ .

**چوارەم /نوری سەعید پەرلەمان هەلدەوەشێنێتەوەو ژمارەیەک بڕیاریش دەردەکا .**

لە یەکەم رۆژی دەست بەکار بونی حکومەتی نوری سەعید توانیی ئیرادەی مەلەکی وەدەست بێنێ بە هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجومەنێک پێکبێنێ کە نوێنەرایەتی تەنها خۆی و کۆشکی پادشا بکا رێگر بێ لە گەیاندنی دەنگی گەل، ئەوە بوو لە ئەنجامی هەلبژاردنە نوێکەی کە پاشان ناویان لێنا ئەنجومەنی بەرێکردن(تەزکیە) چونکە لە کۆی 135 ئەندام 121 ئەندامی بە دانا یا بەرێکردن(تزکیە) دانران ئەوانی تریش هەر پیاوو ئەلقە لەگوێکانی خۆیان بون کە هەمویان بێ رکابەر دانران، نوری سەعید رێگەی بە کەسێک نەدالە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان کاندید بکەن بۆیە ئەوانیش هەلبژاردنەکەیان بایکۆت کرد کە لە 12ی ئەیلولی 1954 ئەنجام درا، ئەم حکومەتە نمونەی نەبوو لە درندەیی و نادادپەروەری، چەندین روبەروبونەوەی لەگەل خەلکی نارازیی سڤیل ئەنجام دا بەتایبەت لە سلێمانی ، ئەو هەلبژاردنەی ئەنجام درا عێراق هەرگیز پرۆسەی لەم شێوە نارەوای بەخۆوە نەبینی، حکومەتێک لەخۆی نەگرێ قبولی تەنها 10 ئەندامی ئۆپۆزسیۆن هەبێ بە ناچاری ئەنجومەن هەلوەشێنێتەوە بۆئەوەی بتوانێ بەتەواوەتی دەمی ئەو خەلکە ببەستێ بۆ ئەوەی بە سوک و ئاسایی هاوپەیمانی لەگەل ولاتانی داگیرکەر ببەستێ و دەستی ئیمپریالیزم لە ولات بەهێزبکا .

## نوری سەعید ژمارەیەک فەرمان دەردەکا :

دوای ئەوەی نوری سەعید توانیی ئەنجومەنێکی دروستکراو بێنێتەکا ئیتر کەوتە گیانی حزبەکان و دوابین ئاسەواری دیموکراسیی لەناوبرد ، وەکو هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەی ژمارەیەک فەرمان دەردەکا کە بریتن لە :

**1- فەرمانی ژمارەی 16 ی ساڵی 1954**

ئەم فەرمانە هەموارکردنی برگەی تایبەت بە یاسای سزاکانی بەغدادی ژمارە 51 لە 1938 لەخۆ گرتبوو دەقەکەشی بەم شێوەیە بوو( ئەگەر کارەکە بە راستەوخۆ ئەنجام درابێ یا ناراستەوخۆ لە رێگەی دامەزراوو رێکخراوەکان کە خزمەتی هەمان ئەتەنی(مەزهەب) بکا لەژێر هەر ناوێکدا بێ بەنمونە (لایەنگرانی ئاشتی ، گەنجانی دیموکراسی یا هەر ناوێکی تر).  ئەو بەندە ئەم برگەیەشی بۆ زیادکرا بەم شێوەیە بوو ( هەریەک حەزی کرد یا بانگەشەی بۆ هەریەک لەم مەزهەبی بەلشەفی ، کۆمۆنیستی،ئاژاوەگێری،بەرەڵلایی یا هەر مەزهەبێکی لەم بابەتە کرد کە بانگخوازی بۆ سەرنگون کردنی رژێم دەکا و بەهۆیەوە باری کۆمەلایەتی وسیاسی ولات تێکدەچی بە سزای 7 ساڵ زیندانی یا زیندانی هەتاهەتایی یا لەسێدارەدان حوکم دەدرێ .

2- فەرمانی ژمارە17 ساڵی 1954 تایبەت بە لێسەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقی:

ئەم فەرمانەش ئەمە دەقەکەیەتی :

بەندی یەکەم:

هەر ئێراقیەک بەپێی بەندی دواهاتوی یاسای سزاکانی بەغدادی ژمارە 51 لەساڵی 1938 حوکم بدرێ لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوەخۆ ، ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە رەگەز نامەی لێبسەنێتەوە .

بەندی دووەم:

هەرکەسێک رەگەزنامەی ئێراقیی لێبسەندرێتەوە بۆ وەزیری ناوەخۆ هەیە دەستگیری بکا تا ئەوکاتەی لە ئێراقی دوردەخەنەوە .  ئەوکەسایەتیانەی بەپێێ ئەم بەندە رەگەزنامەی ئێراقیان لێ سەندرایەوە ئەمانە بون :

1- المحامي عزيز شري  2 ـ عدنان ئەلراوی  3 ـ الدکتور صفاء الحافظ  4 ـ کاظم السماوي  5 پارێزەر کامل قزانجي  6 - پارێزەر توفيق منير

3- فەرمانی ژمارە 18 لەساڵی 1954 تایبەت بە داخستنی سەندیکاکان:

بەندی یەکەم :

هەر سەندیکا یا کۆمەڵە یا رێکخراوێک پێشێلی یاساکانی دەولەت بکاو نائارامی و دلەراوکێ لە نێو هاوڵاتیان دروست بکا، وەزیری ناوەخۆ بۆی هەیە پێشنیار بکا ئەنجومەنی وەزیران ئەو سەندیکایە یا رێکخراوە بە شێوەیەکی کاتی یا هەمیشەیی دابخا.

بەندی دووەم:

لەکاتی داخستنی سەندیکا یا رێکخراوێک بەپێی بەندی یەکەمی سەرەوە ، ئەرک و دەسەلاتەکانی کە لەدەست لیژنەی دیاری کراودابون دەدرێنە دەست وەزیری ناوەخۆ یا بریکارەکەی.

هۆکاری هاتنی ئەم بڕیارە بەم شێوەیە دێ:

بۆمان رون بۆتەوە کە هەندێک لە سەندیکاکان لە چوار چیوەی دەسەلات وئامانجەکانیان دەرچونەو بانگەشە بۆ هەندێک لایەنی سیاسی دەکەن ئەمەش زیان بە هاوڵاتیان و ئاسایشی ولات دەگەیەنێ بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم فەرمانە دەرکەین ، بەم شێوەیە چارەنوسی سەندیکاکان کەوتە دەست وەزیری ناوەخۆ ، دوای داخستنی چەند سەندیکایەک حکومەت خۆی چەندین سەندیکای ساختەو کارتۆنیی دروست کردن .

4- فەرمانی ژمارەی 19 لە ساڵی 1954 تایبەت بە هەلوەشاندنەوەی حزب ورێکخراوی سیاسی و کۆمەڵەو یانەکان.

بەپێێ ئەم فەرمانە حکومەت سەرجەم حزب و یانەو کۆمەڵەو شانۆی نواندنی هەلوەشاندەوە ئەم بەیاننامەیەشی بەم بۆنەوە دەرکرد :

بەپێێ ئەم بەیاننامەیەو بەندی 25 ئەم یانەو شانۆ وحزبە سیاسیانەی لەم لیستە ناویان هاتوە (465 یانەو حزب و شانۆ بون) هەلدەوەشێنەوە .

ا/ لە مێژوی ئەمرۆ بەولاوە هەر یانە یا حزب یا شانۆیەک لە بەغدا بیەوێ کاربکاو درێژە بە کارەکانی بدا ئەوا دەبێ داواکاری نوێ بداتە وەزیری ناوەخۆ بۆ وەرگرتنی رێگە پێدان ئەگەر یانە یا حزب یا شانۆکە لە دەروەوەی بەغدا بوو داواکاریەکە بداتە متەسەرف(پارێزگار) ئەم بڕیارەشمان لە رۆژی 22 ئەیلولی 1954 ەوە کاری پێدەکرێ .

ب/ هەر کۆمەڵە یا یانە یا شانۆیەک کە ناوی لەو لیستەی هاوپێچدا نەهاتوەو تا ئەمرۆ کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا ئەمەی لە برگەی یەک هاتوە ئەویش دەگرێتەوە .

ج/ داواکاریەکانی ناومان هێناون لە وەزارەتی ناوەخۆ دەدرێنە دەست فەرمانبەری تۆمار لە دیوانی وەزارەت .

لە هۆکارەکانی هاتنی ئەم فەرمانەشدا هاتوە :

کۆمەڵە و یانەو شانۆکان وەکو شمشێری دوو سەر وان هەم بۆ خزمەتی گەل و پێشکەوتن بەکار دێ لەهەمان کاتیشا ئەگەر بە تەندروستی بەکاری نەهێنێ ئەوا ئاژاوە دەنێتەوەو شیرازەی کۆمەڵ تێکدەدا دیارە هەندێک لەو کۆمەڵە یانانە لایەنی دوەمیان هەلبژاردوە و سودیان لەو هاوکاریانەی حکومەت وەرگرتوە کە بۆ رۆژنامەو یانەکان وەکو دەرمالە پێدەدرا لەجیات ئەوەی خزمەتی گەلی پێبکەن خزمەتی لایەنی سیاسیان پێدەکرد چونکە لای ئەوان بەرژەوەندی حزبی لە بەرژەوەندی گەل مەزنترە بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم بڕیارە دەرکەین . بەڵێ بەم جۆرەو بەم ئەقلیەتە نوری سەعید دەیوسیت حوکمی عێراق بکا بە هەلوەشاندنەوەی حزب و یانەو سەندیکاو کۆمەڵەکان و داخستنی رۆژنامەکان کە هەمویان تەنها لە خزمەتی بێگانەو ئیمپریالیزمدا بون .

5- فەرمانی ژامارە 25 ساڵی 1954 تایبەت بە نەهێشتنی مۆلەتی رۆژنامەکان :

بەپێێ بەندی 41 لەم فەرمانە وەزارەتی ناوەخۆ لە 12ی کانونی یەکەمی 1954 بڕیاری برینی مۆلەتی رۆژنامەو گۆڤارەکانی دا کە بەپێێ بڕیاری 57 لەساڵی 1933 پێیدابون ، ئەو رۆژنامە یا گۆڤارەی مەبەستیەتی درێژە بە کارەکانی بدا با داواکاریەک بۆ وەزارەتی ناوەخۆ بەرزکاتەوە، بەڵام حکومەت تەنها مۆلەت بە 7 رۆژنامە دەدا ، ئەمەش دەقی بەندی 41 ی فەرمانەکەیە:

( مۆلەتی سەرجەم رۆژنامەو گۆڤارەکان هەلدەوەشێتەوە ئەوانەی بەپێێ یاسای چاپەمەنیی ژمارە 57 لە 1933 و هەموارکراوەکەی ژمارە 33 لە 1934 پێیاندرابوو ، 30 رۆژ دوای دەرچونی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێ ، ئەوانەی پێشتریش بەهەر هۆکارێک راگیرابن ئەم فەرمانە دەیانگرێتەوە) .
هۆکاری دەرچونەکەش بەم شێوەیە هاتبوو :

( بە پێێ سیاسەتەکانی حکومەت وادەبینێ ئەو یاسایەی لە 1933 بۆ چاپەمەنیەکان دەرچوە کەم و کوریی تیایە کە کاردەکاتە سەر دۆخی ولات ، بەم هۆیەوە ئەوان ببونە سەرچاوەی ئاژاوەو جیاکاری ونانەوەی کێشە بۆ حکومەت و هاوڵاتیان، بەلگەشمان بەدەستەوەبون کە لە لایەنی نادیارەوە هاوکاریان وەرگرتوە بۆئەوە دژی حکومەت پرۆپاگەندە بلاوکەنەوە، گوایە ئازادیەکان کپ کراون ، دواتر لە رێگەی هەرەشەکردن لە خەلک ببونە سەرچاوەی خۆ دەولەمەندکردن ، بۆیە فەرمانی ژمارە 24 ی ساڵی 1954 دەرکرا بۆئەوەی هەرکەسێک بیەوێ رۆژنامە یا گۆڤارێک دەرکا دەبێ چەند مەرجێک هەن تیایدا بەدی بکرێن .)

6- فەرمانی ژمارە 25 ساڵی 1954 تایبەت بە کۆبونەوە گشتیەکان.

بەپێێ ئەم فەرمانە دەسەلات درایە وەزیری ناوەخۆ خۆپیشاندان و کۆبونەوە جەماوەریەکان قەدەغە بکا ئەوانەی دژی دەسەلات هوتاف لێدەدەن یا لافتە بەرز دەکەنەوە بە پێی ئەم فەرمانە وەزیری ناوەخۆ دەسەلاتی گرتن و بلاوە پێکردنی خۆپیشاندانەکانی دەبێ بە هەموو رێگایەک تەنانەت بە رێگەی بەکار هێنانی چەکیشەوە.

*** ***

## پێنجەم/ کاردانەوەی حزبە سیاسیەکان لەسەر فەرمانەکانی نوری سەعید

دەرکردنی ئەم کۆمەڵە فەرمانە لەلایەن حکومەتی نوری سەعید نارەزاییەکی زۆر بەدوای خۆیدا هێنا بروسکەو نامەی نارەزایی ئاراستەی حکومەت کران کە بەم کۆمەڵە مەراسیمە هەموو رێگاکانی ئازادیان لە گەل گرتن و هەرچی سیمای دیموکراسیە لەولات نەما بۆئەم مەبەستەو بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایی خەلک دژی ئۆرگانە حکومەیەکان، حزبی نیشتمانی دیموکراسی ئەم بەیاننامەی ئاراستەی گەل کرد : تیایدا کارە نارەواکانی حکومەتی پەردەلەسەر هەلمالی و داوای لەو خەلکە کرد یەکریزی بپارێزن ،ئاماژەی بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دا کە ئەم حکومەتە پیادەی دەکا بەیاننامەکە لە 1ی ئەیلولی 1954 لە بەغدا دەرکراو لەلایەن کامل چادرچی واژۆ کرا. .

دواتر هەریەک لە کامل چادرجی و موحەمەد مەهدی برکە سەرۆکی حزبی نیشتمانی دیموکراسی و سەرۆکی حزبی ئیستقلال یاداشتێکیان بەم ناوەرۆکە دایە پادشا ، لەوەلامی بەیاننامەکەی حزبی نیشتمانی دیموکراسی کە کامل چادرچی سەرۆکایەتیی دەکرد ، نوری سەعید بڕیاری قەدەغەکردنی کاری سیاسیی لەو حزبە دەرکردو مۆلەتی کارکردنی لێسەندەوە بەتاوانی ئەوەی بەیاننامەکە کە لەلایەن بەرێوەبەری ئاراستەی سیاسیی ئیزگەی بەغدا (حسن الطالەبانی) خوێندراوەتەوە بەیانێکی چەواشەکاری و گێرەشێوێنیە مەبەستی نانەوەی ئاژاوەیە .

لە 4 ی ئەیلول حزبی نیشتمانی دیموکراسی تانەی لە بریارەکەداو ووتی کە قەدەغەکردنی کاری سیاسی لە حزبی شیوعی ئەمیشیان نایاساییە ، لەژێر ئەم هەرەشەو حوکمە پۆلیسیە نوری سەعید هەلبژاردنە نوێکەی ئەنجامدا کە ناونرا بە ئەنجومەنی رەتکردن(تەزکیە).

## شەشەم/ نوری سەعید پەیوەندیەکانی عێراق لەگەل یەکێتی سۆڤیەت دەبرێ.

بەهۆی زۆری رق بونەوەی لە حزبی شیوعی و رازی کردنی ئاغاکانی نوری سەعید لە یەکی کانونی دووەمی 1955 بە بیانوی ئەوەی بالوێزخانەی یەکێتی سۆڤیەت بۆتە لانەی جاسوس و خیانەتکاران بەهۆیەوە پەیوەندیەکانی لەگەل یەکێتی سۆڤیەت دەبرێ . لەوکاتەوە عێراق لە دونیای ولاتانی چەپ و سۆشیالیست دادەبرێ و پابەندی دەکا بە پەیوەندی لەگەل ولاتانی ئیمپریالیزم لەم روەو لە 3 ی کانونی دووەمی 1955 بەیاننامەیەکی بە واژۆی بەرێوەبەری ئاراستەی سیاسی دەرکرد تیایدا هاتوە :

( ئەمرۆ وەزیری دەرەوەی عێراق بانگێشتی بالوێزی یەکێتی سۆڤیەتی کرد و پێی راگەیاند کە لەمرۆ بەدواوە نوێنەرایەتی دبلۆماسی یەکیتی سۆڤیەت و عێراق کۆتایی دێ )

## حەوتەم/ نوری سەعید پەیماننامەی بەغدا بەسەر عێراقدا دەسەپێنی.

نوری سەعید کاتێک لە 3 ی ئابی 1954 کابینەی دوانزەهەمین پێکدەهێنێ تەنها بۆئەوە بوە تا مەرامەکانی بێگانە بێنێتە جێ و عێراق بە کۆمەڵێک هاوپەیمانیی نازەلالەوە ببەستێتەوە بە دەم کوتکردنی هاوڵاتیان و قەدەغەکردنی رۆژنامەو گۆڤار ولێسەندنەوەی مۆلەتی حزبە نیشتمانیەکانەوە . لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی رۆژئاوا لە هەولی ئەوەدابوە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە ئەمریکا وئینگلیز نزیک کاتەوە بەمەبەستی دورخستنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دەستگرتن بەسەر سامانە سروشتیەکانی ناوچەکە لە سەروی هەمویان نەوت، لەم رێگەیەوە دەرگا بۆ ئەمریکیەکانیش دەکرێتەوە لە رێگەی دروستکردنی چەند پرۆژەیەک چنگیان لە ناوچەکە گیربێ و ببنە هابەشی رۆژئاوا، لەو پرۆژانەش بەنمونە:

1- قەرزی بەنکی بۆ دامەزراندنو بنیادنانەوە.
2- بەنکی نێودەولەتی و سەندوقی بەنکی نێودەولەتی .
3- پرۆژەکانی خالی چوارەم.
4- پرۆژەی فولبرایت .

مەبەستی ئەمریکا ئەوەبوو لە رێگەی ئەم پرۆژانەوە دەست بخاتە نێو ولاتانی ناوچەکە بەتایبەت کاتێک هەست دەکا هەستی نەتەوایەتی لەو ناوچەیە لە بوژانەوەدایە ئیتر ترسی لە چارەنوسی ئەم ناوچە لێدەنیشێ .

هەرچەندە بەریتانیا دەستی بەسەر زۆربەی ناوچەکەدا گرتبوو بەڵام نەیتوانی بەرگەی هێرشی ئەمریکی بگرێ لە دەستێوەردان چونکە ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانی لە هەموو ولاتێک بەهێزتر دەرچو دواتر لە پێناو مانەوەی پەیماننامەکانی نێوان بەریتانیاو ئەمریکا بەریتانیا رێگریەکی ئەوتۆی لە چاوتێبرینەکانی ئەمریکا نەکرد بەنمونە لە 1951/10/14 ئەمریکاو بەریتانیا وفەرەنسا داوایان لە ولاتانی عەرەبی کرد هاوپەیمنیەکی هاوبەش بۆ بەرگریکردن لە ناوچەی رۆژهەلات واژۆ بکەن، بەپێی ئەو پەیماننامەیەش دەبێ بنکەی هێزەکانی ولاتانی بەشداربوو واتە ئەمریکا وبریتانیاو فرەنسا لەو ولاتانە جێبکەنەوە و لەژێر فەرماندەی فەرماندایەتی هێزی ناوچەکەدا بێ . .
دوای ئەو بەیاننامە لە 1951/11/10 بەیاننامەیەک دەردەکەن تیایدا هاتوە کە (بەرگری کردن لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست کارێکی زیندوە بۆ جیهانێکی ئازاد) ئەمەش بۆئەوەی ولاتان تەنگەتاوکەن بچنە ژێر باری هاوپەیمانێتیەکان. بەڵام هەولەکانیان سودی نەبوو چونکە بەرەنگاریەکی توند لەلایەن جەماوەری ناوچەکە بینیەوە نەشیان توانی یەکیک لەو دەولەتە مەزنانەی عەرەبی وەکو میسر یا سوریا یا

سعودیە بکێشنە ناو ئەو هاوپەیمانێتیە . جەمال عبدالناسر زۆر بەتوندی دژی ئەو هەولانەی ئەمریا بۆوە تەنها عێراق نەبی کە بەریتانیەکان بە تەواوەتی دەستیان بەسەردا گرتبوو سەروەریەکانی لەدەست دابوو نوری سەعیدیان هێنا کە بە پیاوی ئەرکە قورسەکان ناویان دەبرد ، پاش ئەوەی هەلبژاردنێکی ساختەی ئەنجامداو حکومەتێکی یەک رەنگیی پێکهێناو هەرچی سیماو دیاردەی دیموکراسین لە رێگەی قەدەغە کردنی حزبە سیاسیەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە نەیهێشتن لەرێگەی ئەو پەرلەمانەشیەوە کە ناویان نابوو پەرلەمانی رەتکردن(تەزکیە) پیلان و پرۆژەکانی ئیمپریالیزمی رەتکردن و جێبەجێکردن. .

ئەمجارەیان لە رێگەی رێککەوتنی دوو قۆلیەوە ویستان ناوچەکە بخەنە ژێر رکێفی هاوپەیمانێتی وەکو رێککەوتنی تورکیاو پاکستان لە نیسانی 1954 ، کاتێک نوری سەعید میساقی هاوکاری لەگەڵ تورکیا واژۆدەکا لە 24 ی شوباتی 1955 هاوکاری بەریتانیەکانی کرد بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیان ئەمە دەستپێکی پرۆژەکەی بوو دواتر هەر لە هەمان سال لە نیساندا بەریتانیاش دەچێتە ناو ئەو میساقەوە ، بەم هەنگاوەی ئەلتەرناتیفێکی پەیماننامەی 1930 بۆخۆی دروست کرد هەروەها پەیماننامەی پۆرت سمۆث کە عێراقیەکان لە راپەرینی 1948 لەناویان برد ، بەگوێرەی ئەو دۆکۆمێنتانەی دەست کەوتن بەریتانیا لەو میساقەیدا لەگەڵ عێراق و تورکیادا واژۆکرد لە 1955 زۆر لە پەیماننامەکەی 1930 زیاتر بەدەست کەوت ، نوری سەعید نەیدەوێرا هاوپێچەکانی یاساکان بخاتە بەردەم پەرلەمان بەلکو هەموو وەزیرەکانیش ئاگاداری وردەکاری ئەو پەیماننامانە نەبون تا ئەوکاتەی ماوەیەکی بەسەردەچی بەرەزامەندی بەریتانیا عەبدولرەزاق الحسینی ئەم دۆکۆمێنتانە بلاو دەکاتەوە . .

لە 23 ئەیلول پاکستانیش دەچێتە ناو ئەو هاوپەیمانێتیە ودواتر لە 1955/11/3 ئێرانیش دەچێتە ناویەوە . نوری سەعید داوای لە ئەمریکا کرد بە فەرمی بێتە ناو ئەو هاوپەیمانێتیەوە بەڵام ئەمریکا پێی باش بوو لە پشتەوەی پەردە ئەو هاوپەیمانێتیە بەرێوەببا و لە رێگەی چەند لیژنەیەکی سەربازی و ئاسایش و ئابوری ئەندامی کارا بوو ، دواتر ناوی ئەو میساقە گۆردرا بۆ پەیماننامەی بەغدا ،بارەگای فەرمیشی بوە بەغدا بۆ گێرانی پیلان دژی ولاتانی عەرەبی بەتایبەتی سوریا کە چەندین پیلانی کودەتایان لێ هۆنینەوە بەڵام سەریان نەگرت ، ئەم هاوپەیمانێتیە کاری زۆری کردە سەر بزوتنەوەی رزگاری عەرەبی . دواتر ئەم هاوپەیمانێتیە پشتیوانیەکی باش بوو بۆ ئیسرائیل ئەوەتا لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتوە دەڵێ :

(پەیماننامەی بەغدا لەخۆیدا پالپشتیە بۆ ئیسرائیل سیاسەتی ئێمە لەسەر ئەوە بنیادنراوە کە تۆرێکی بەرگری سەربازی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست دروست کەین لەو تۆرەدا ئیسرائیل بە هاوشانی ولاتانی عەرەبی بەرگری باکا ) .

نوری سەعید زۆری هەولدا کە ئوردن بخاتە ناو ئەو هاوپەیمانێتیە بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری و دەستکەوتی زۆری خستنە بەردەمی هەروەها بەریتانیاش لەگەڵی هەولیدا کە مەلیک حسێن رازی بکەن بێتە ناو هاوپەیمانێتیەکە ، مەلیک حسێن رازی دەبێ و نوێنەری خۆی دەنێرێتە بەغدا بۆ وتووێژ دەربارەی چونەناوو مەرجی بەئەندام بون .

لە 1955/12/8 هێشتا شاندی ئوردنی نەگەرابونەوە عەممان کە خۆپیشاندان سەرتاپاو ولاتی ئوردنی گرتەوە دژی ئەم هاوپەیمانێتیە ، بەهۆی ئەمەوە حکومەتی (سەعید مفتی) ناچار دەبێ دەست لەکار بکێشێتەوە ، هەرزوو مەلیک حسێن رەزامەندی داو (هەزاع مەجالی) ی راسپارد بە پێکهێنانی کابینەی وەزاری ، ئەویش هەر زوو داوای لە نێردەی بەریتانی جەنەرال (تامبلر) کرد بۆئەوەی ولات هێور بێتەوە

له ئوردن وەدەر كەوە ، بەڵام خۆپیشاندانەكان توند بون و تێكدانی دام و دەزگاكانی لێكەوتەوە ، بۆئەوەی خەڵک هێور بێتەوە مەلیک حسێن فەرماندەی سوپای ئوردنی (كلوب پاشا) لەسەر كار لابرد و داوای لێكرد ولات جێبهێڵێ لە شوێن ئەو فەرماندەیەكی ئوردنیی دامەزراند . .

نارەزاییەكانی ولاتانی سوریاو ئوردن و لوبنان و سعودیەو میسر كاریگەری خۆیان هەبوو لەسەر رێگەگرتن لە ئوردن، ئەو ولاتانە گفتیان بە ئوردن دابوو كە ئەو دەستكەوتە داراییانەی لە عێراق و بەریتانیا دەستت دەكەون ئێمە بۆتی قەرەبو دەكەینەوە بۆیە نوری سەعیدیش لە ئەمریكای داوا كرد كە پارەی نەوتی سعودی نەدا رایگرێ بەهۆی ئەوەی رێگری لە مەلیک حسێن كردوە بێتە ناو هاوپەیمانێتیەكە .

جەمال عەبدولناسر كە ئەوكات فەرماندایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبیی دەكرد هێرشی كردە سەر نوری سەعید بەوەی تاوانبار كرد كە ولاتانی عەرەبی بە هاوپەیمانێتی سەربازیەوە دەبەستێتەوە رادیۆی (صوت العرب) لەم روەو رۆلی باشی بینی . نوری سەعید ناچار دەبێ لە 6 ی مایسی 1955 بەیاننامەیەک دژی میسر دەردەكا و هەرەشەی ئەوەی لێدەكا ئەگەر دەمی (صوت العرب) نەگری رێكاری توند دەگرینە بەر ، ئەم هەلوێستانەی نوری سەعید بونە مایەی ئەوەی پەیوەندیەكانی ولاتانی عەرەبی لەگەل عیراق بپچرێ تا بەرپا بونی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958.

**** ****** ***

## بەشی پانزەهەم

## نوری سەعید کابینەی سیانزەهەم پێکدەهێنێت

## کاردانەوەی گەل و حزبە نیشتمانیەکان

**یەکەم/ ئەرکە نوێکانی کابینەی نوێی نوری سەعید**

**1- بەرپەرچ دانەوەی خۆپیشاندانی موسل و دەرکردنی فەرمانی ئاوەرتە(کتوپر)**
**2- پشتگیری کردن لە هێرشی سەر میسر سەرکوتکردنی راپەرینی 1956**
**3- بەردەوام بون لە پیلانگێران دژی سوریا.**
**4- پشتگیری کردنی رژێمی شەمعون لە لوبنان لە دژایەتیکردنی شۆڕشی لوبنانی.**

**دووەم/ حزبە نیشتمانیەکان بڕیاری پێکهێنانی بەرەی یەکێتی نیشتمانی دەدەن.**
**سێیەم / پەرچە کرداری دەسەلات لەسەر بەیاننامەی یەکێتی نیشتمانی .**

**یەکەم/ ئەرکە نوێکانی کابینەی نوێی نوری سەعید**

لە راستیدا کابینەی سیانزەهەمی نوری سەعید درێژە پێدەری کابینەکانی پێشوی بوو ، کاتێک ئەنجومەنی نوێنەرانی هەلوەشاندەوەو هەلبژاردنێکی ساختەی ئەنجامدا کە بەهۆی سەختەکاریەوە هیچ لە ئۆپۆزسیۆنەکان نەیانتوانی بگەنە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەوکاتە 116 ئەندام لە کۆی 135 ئەندامی بە تەزکیە دامەزراندن ئەوانی تریش پیاوی خۆی وکۆشک بون، ئەم هەنگاوانەی رێخۆشکەر بون بۆ دەرکردنی کۆمەڵێک مەراسیمی بێویژدان کە هەمویان ئازادیەکانیان سەرکوت دەکردن و رێگر بون لە هەلبرینی دەنگی نارەزایی تا توانیی ئەو دەستە وەزیرە لە کابینەی سیانزەمی کۆکاتەوە کە ئەم ئەرکە قورسانەی خستبونە بەردەمیان :

1- بەرپەرچ دانەوەی خۆپیشاندانی موسل و سەرکوتکردنیان.
2- بەرپەرچ دانەوەی بزوتنەوەی عەرەبی کە دژی پەیماننامەی بەغدا هەلگیرسابو.
3- بەردەوام بون لە پیلانگێری دژی سوریا بە ئەنجامدانی کودەتاو دواتر خستنەوەی بۆ سەر خاکی عێراق.

4- پشتگیری کردنی رژێمی شەمعون لە لوبنان لە دژایەتیکردنی شۆڕشی لوبنانی.

ئەوکات ئیتر بالوێزخانەی بەریتانیا ئاماژەی بە مەلیکدا تا نوری سەعید راسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ چونکە ئەرکی ئەم کابینەیە گەلێک قورس دەبێ بەتایبەت دوای ئەوەی دۆخی ناوەخۆ تێکدەچی ، نوری سەعید کابینە پێکدەهێنی کە زۆربەیان لە وەزیرە کۆنەکان دەبن جگەلە [ موسی شابەندەر] و[ شاکر ئەلوادی] و[ موحەمەد عەلی مەحمود] و[ موحەمەد حسن سلمان] لە بەرانبەریشدا ئەم کەسایەتیە نوێیانە هاتنە شوێنیان [ برهان الدین باش ئەعیان] و[ عەبدولرەسول خالصي] و[ عەبدولجەبار التكرلي] و[ منیرئەلقازي) .

## 1/ خۆپیشاندانی موسل ، نوری مالکیش بە دەرکردنی فەرمانی ئاورتە (نائاسایی) وەلام دەداتەوە

لەنێو ئەو کێشەو ئالۆزی و نالەباریی دۆخەکاندا نوری سەعید فەرمانێک دەردەکا باجی سەربڕینی ئاژەل لە 30 فلسەوە دەکاتە 60 فلس ، وەکو هەلوێست وەرگرتن دژی ئەم فەرمانە کوشتارگەکان مانیان گرت، لە یەکی ئەیلول سەرجەم گۆشت فرۆشەکان داخران ، دواتر ئەم مانگرتنە پیشەوەرەکانی تریشی گرتەوە وەکو نانەواو بەرگدروو زێرەنگر و ئەوانیتریش ، ئەمەش حکومەتی خستە مەترسی و لێی نارەحەت بوو بۆیە فەرمانی ژمارە 1 ی سالی 1956 دەردەکا کە بەهۆیەوە حکومەت دەسەلاتداران سەرفراز دەکا لە گرتن و زیندانی کردنی هەرکەسێکی سەرپێچی رێنماو یاساکانی دەولەت بکا ، بەهۆی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانەش 200 هاولاتی دەستگیر دەکرێن و بۆ زیندانی نوگرە سەلمان دوردەخرێنەوە لە ناویشیاندا پارێزەر و مامۆستاو خوێندکار هەبون مانگرتنەکان ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک دەخایەنێ، حکومەت لە رێگەی بەکارهێنانی هێزی پۆلیس روبەرویان بۆوە ئەمەی خوارەوەش دەقی ئەو فەرمانەیە :

### فەرمانی ئاورتەی (نائاسایی) ژمارە 3

ئێمە وەکو فەیسەلی دوەمین پادشای عێراق ، دوای ئەوەی سەیری بەندی 26 ی هەموارکراولە یاسای بنەرەتیمان کرد ، لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوەخۆ کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانیش رەزامەندیان لەسەر داوە ، ئێمەش بڕیارمان دا :

بەندی یەکەم/

هەرکاتەی حالەتی ئاوەرتە(نائاسایی) راگەیاندرا ئەم فەرمانە کارا دەبێ ، ئەمەش بە پێێ بەندی 120 لە یاسای بنەرەتی ، لەو شوێنانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێیداوە ، هەرکاتەی حالەتی نائاسایی تەواو بوو ئەم فەرمانەش کاری پێناکرێ ، بەومەرجەی تەواو بونی ماوەی بەکارهێنانی کار نەکاتە سەر ئەو فەرمانانەی سەبارەت بەو ناوچانە دەدرێن .

بەندی دووەم/

سەرۆکی وەزیران پاش ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریار دەردەکا بۆی هەیە دەسەلاتەکانی بەکار بێنی لە دەرکردنی بەیاننامەو فەرمان و بریاری تایبەتی بە رێگەدان یا رێگە گرتن بەنمونە :

1- چاودێری کردنی نامەی پۆستکراوو بروسکەو تەلەفۆنەکان ، رێگەیان لێبگیرێ یان سنورداریان بکا .
2- چاودێری کردنی رۆژنامەو گۆڤارەکان تەنانەت ئەگەر زمانحالی حزبیش بن هەروەها کتێب و وێنەی وروژێنەرو لۆگۆ و سەرجەم چاپەمنیەکان ، دەتوانێ رایانگرێ یا سنورداریان کا ، بەتایبەت ئەوانەی ئازادی ورای گشتی دەوروژێنن و خەلک بۆ بەگژدا چونی حکومەت هاندەدەن .
3- رێگەگرتن لە هەر کۆبونەوەیەکی حزبی یا جەماوەری یا سەندیکاو کۆمەڵەکان کە ئاژاوە دەنێتەوەو باری ئاسایش دەخاتە مەترسی تەنانەت ئەگەر حزبیش بن .
4- قەدەغەکردنی چەک هەلگرتن و هەبون و هەلوەشاندنەوەی مۆلەتاکیان و رادەست کردنی چەک و تەقەمەنی و ئاگری یاری و داخستنی کۆگاو کارگە کانیان.
5- رێکاری نوێ دیاری بکرێن بۆ هاتنەناوەوە و چونەدەرەوەی عێراق.
6- قەدەغەکردنی قۆرخ کاری و دیاری کردنی نرخی کالا و سەرپێچکار بدرێتە دادگا .
7- دەستگیر کردنی ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرێ باری ئارامی ولات تێکدەدەن جا ئەو کەسانە لە هەر پلەو پایەک بن.

بەندی سێیەم: لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەن دەتوانێ هەموو یا بەشێک لە دەسەلاتەکان بداتە وەزیرەکان .

بەندی چوارەم:

1- هەرکەسێک سەرپێچی بریار و راگەیاندن و ئاگادریەکانی بەندی یەکەم و دووەم بکا کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێیداوە بەپێێ بەندی چوارەم و شەشەمی ئەم فەرمانە سزادەدرێ .
2- ئەگەر سزاکە بەپێی یاسایەکیتر لە سێ ساڵ زیاتر حوکم دەیگرێتەوە ئەوکات دەتوانن بەو یاسا حوکمی بدەن .

بەندی پێنجەم:

ئەنجومەنی وەزیران بە ئیرادەی مەلەکی ئەم دەسەلاتەی دەبێ ولە رۆژنامەکانی ولات بلاو دەکاتەوە : دامەزراندنی دادوەری تاوان پلەیەک ، پلەی سەربازی و سڤیلی بو بەدواداچون بۆ جێبەجێ کردنی راگەیاندنەکانی بەندی 2،3 و جێبەجێ کردنی سزاکانی سەپێندراو بە پێی بەندی چوار و جێبەجێ کردنی بەندی شەشی ئەم فەرمانە.

بەندی شەشەم:

1- دادگاکان بۆیان هەیە داوای بروانامەی پاشخان پاکی بکەن ، پاراستنی ئاسایش و ئارامی بۆ ماوەی سێ ساڵ بە کەفالەتی کەسێکی تر یا بە گوژمەی 5000 دینار لەوکەسەی کە گومانی خەراپەکاریی لێدەکرێ هەر خەراپەکاریەک بێ بە زمان یا راگەیاندن و رۆژنامە بێ کە ببێتە مایەی نانەوەی ئالۆزی و ئاژاوە .
2- بۆیان هەیە هەر کاتێک و هەر شوێنێک بپشکنن بەدوای ئەو کەرەستانەی نائارامی دروست دەکەن جا ئەو شوێنە ماڵ بێ یا سەیارە یا کارگە.
3- مەرج نیە پسولەی بانگکردن کە بەپێێ بەندی 79 بە رێک و پێکی بۆ کەسی داواکراو هاتبێ .

بەندی حەوتەم:

1- دادگای تایبەتی کە لە بەندی هەشتەم ناوی هاتوە بۆی هەیە پێهەڵچونەوە لە بڕیارەکانی دادگای تاوان بکاو بیڕیای ئەویش بڕیاری کۆتایی دەبێ .
2- لەماوەی 45 رۆژدا لە رۆژی دەرچونیەوە دەبێ داوای تێهەڵچونەوە بکرێ.

بەندی هەشتەم:

لە ناوچەیەک یا گەلێک ناوچە کە پێویست دەکا ئەم دادگا تایبەتیانە دادەمەزرێن بۆئەوەی ئەوکەسانە بدرێنە دادگا کە باری ئارامی تێک دەدەن و دەبنە هەرەشە لەسەر ئاسایشی ولات ، بەپێێ پاشکۆی یاسای سزای بەغدادی ژمارەی 51 لە 1938 و یاسای هەموارکراوی ژامارە 11 سالی 1948 و فەرمانی هەموارکراوی ژمارە 16 لە 1954 ئەم تاوانانە پێی دەدرێنە دادگا.

بەندی نۆیەم:

1- دادگای تایبەتی لە 5 دادوەر پێکدێ کە بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن پاش ئەوەی ئیرادەی مەلەکی وەردەگیرێ ، دەبێ لە نێویاندا دوو دادوەر لە پلەی یەک بن لە دادوەرە مەدەنیەکان کە وەزیری داد دەستنیشانیان دەکا ، ئەوانیتریش لە دادوەری سڤیلی یا سەربازی دەبن کە ئەنجومەنی وەزیران متمانەیان پێدەکا ، ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانی سەرۆک و بریکاری دادگاکە دەکا لە نێو ئەو پێنج دادوەرە .
2- دەبێ دادوەریتر بە هەمان پلە لە شوێن ئەو دادوەرانە دامەزرێنن ئەگەر یەکێکیان ئامادە نەبوو ئەمەش پاش ئیرادەی مەلەکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە فەرمان دەرکا .
3- دەبێ دادگای تایبەتی تەنها لە 3 دادوەر پێکبێت، ئەگەر حوکمەکان لەسێدارەدان یا هەتاهەتایی نەبون بە کاری قورسەوە ، بەمەرجێک لەو سێ دادوەرە یەکێکیان مەدەنی بێت ئەویش یا ببێتە سەرۆکی دادگا یا بریکاری.

بەندی دەیەم:

1- دادگای تێهەڵچونەوەی تایبەتی دەبێ سەرۆکایەتیەکەی دادوەرێکی دادگای تێهەڵچونەوە بێ لەگەڵ ئەندامێتی دوو دادوەری لە گەورە دادوەرەکان و دوان لە گەورە ئەفسەر یا فەرمانبەری سڤیلی کە دەبێ پلەیان لە ئەفسەر و فەرمانبەرەکان بالاتر بێ کە دەبنە ئەندامی ئەو دادگایە.
2- تێهەڵچونەوەی بڕیارەکانی دادگای تایبەتی لەلایەن دادگای تێهەڵچونەوەی تایبەتی دەبێ لە ماوەی دە رۆژدا بێ لە رۆژی دەرچونیەوە.

بەندی یانزەهەم:

وەزیری داد دوو داواکاری گشتی دادەمەزرێنێ لەگەڵ دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای تایبەتی ، ئەگەر ئەمەی نەکرد وەکو کە نەریتە لە دادگاکان ئاوەها رێکاری بۆ دەکرێ.

بەندی دوانزەهەم:

1- دادگای تایبەتی حوکمەکانی لەسێدارەدان راستەوخۆ بۆ دادگای تێهەڵچونەوەی تایبەتی دەنێرێ تا چاوی پێدا بخشێنێ.
2- حوکمەکانی لە سێدارەدان جێبەجێ ناکرێن تا دادگای تێهەڵچونەوەی تایبەتی پەسندیان نەکا.

بەندی سیانزەهەم:

1- ئەو کەسەی بە پێێ برگەی 7 لە بەندی دوو دەستگیر دەکرێ بە گیراوێکی یاسایی دادەندرێ .
2- دادگای تایبەتی لەو تاوانانە دەکۆلێتەوە کە بەپێی بەندی 5،7،8،11 لە دەرگای دوانزەهەم و لە هەردوو بەندی 80،82 لە یاسای سزای بەغدای بە لە سێدارەدان و کاری قورس و هەتاهەتایی و حوکمی کاتی یا گرتن کە لە 15 ساڵ تێپەر نەکا دەیانگرێتەوە.
3- بەندی 3 لە دەرگای دوانزەهەمی یاسای سزاکانی بەغدادی هەموار دەکرێ کە ئەم برگەیەی دەخرێتە سەر( رێگاو ، هاتو چۆکان و بەنداوی ئاودانی مەزن) ئەمە لە دوای ئەو دەستەواژەیەدێ (هێلی ئاسنین و پردەکان).

بەندی چواردەم:

ئەم فەرمانە ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی ناوچە تایبەتیە نائاساییەکاندا دەژین ئەگەر دادگا بڕوای هەبوو کە ئەو کەسە بەشداریی لەو کارەدا کردوە .

بەندی پانزەهەم:

دەکرێ ئەو فەرمانە بۆ هەندێک تاوان کەلە بەندی هەشتەمدا هاتوە کورت کرێتەوە ، ئەمەش بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەکرێ .

بەندی شانزەهەم:

ئەم فەرمانە لە رۆژی وەرگرتنی ئیرادەی مەلەکیەوە جێبەجێ دەکرێ .

بەندی حەڤدەم:

لەسەر وەزیرەکانی دەولەتە ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن ، لە بەغدا نوسراوە لە رۆژی دوەمی مانگی سەفەری ساڵی 1376 ی کۆچی دەکاتە 1956/9/8 ی زاینی.

ئەنجومەنی وەزیران          مەلیک فەیسەلی دووەم

بەمشێوە نوری سەعید دەستوری لە ئازادیەکانی گەل خالی کردو هیچ سودێکی نەما ، گەلیش بوە کۆیلەی دەست ئامرازەکانی تۆقاندن و دادگا نارەواکانیان کە رۆژانە سەدان کەسیان رەوانەی زیندانەکان دەکردو سیاسەتمەدارو کەسایەتیەکانیشیان دوردەخستنەوە بە نیازی خۆی نوری سەعید بەم رەفتارانەی دەتوانێ دەمی خەلک بگرێ و سەرکوتیان کا بەڵام نازانێ کە پیلان و تۆقاندنەکان لێی هەڵدەگەرێنەوە و لە بەرەبەیانی 14 ی تەموز سەری خۆی و و مەلیک دەخوا.

*** **** ***

## 3- پشتگیری کردن لە هێرش بردنەسەر میسر و سەرکوتکردنی راپەڕینی گەل.

کاتێک جەمال عەبدولناسر نەوتی ولات خۆمالی دەکا، هەلوێستی گەلی عێراق و نوری سەعید دژی یەک بون، نوری سەعید پشتی لە میسر کردو رادیۆکانی عێراقیش هەلوێستی گەلی عێراقی دەشاردەوە، رادیۆکانی عێراقی گۆرانیی هەراسانکەریان پەخش دەکردن کە خەلک زۆر لەم هەلوێستەی حکومەت بێزارو تورە بو فرۆکە خانەکانی لەخزمەت فرۆکەکانی بەریتانیادا بون و نەخۆشخانە کانیش پێشوازیان لە برینداری دوژمنان دەکرد ، نەوتیشی بۆ بەندەرەکانی ئیسرائیل دەنارد تا دوژمنان تێر نەوت کا ، ناجی شەوکەت کە یەکێکە لە کۆنە سەرۆک وەزیرەکان لە یاداشتەکانیدا دەڵێ: :
(ئەوکاتەی میسر کەنالی سوێس خۆماڵی دەکا ئیزگەی عێراق گۆرانیی ناشیرن و نابەجێی پەخش دەکردن چونکە ئەوان لە حالەتی ئامادەباشی و هۆشداری دابون ، بەراستی هەولێستێکی قێزەوەن بو، هەرگیز لە یادمان ناچێ لەوکاتدا گەلی عێراق و شەقامی عێراقی دلیان وەکو کورهی ئاگر بۆ براکانیان لە میسر گری

گرتبوو كە ئەوان لە ساتەوەختێكی تەنگانەدابون ) .
میسر كەنالی سوێسی خۆماڵی كرد نوری سەعید لە لۆندۆن بوو لەگەڵ ئەنتۆن ئایدنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی كۆبوەوە ، هانی بەریتانیای دەدا تا دەست لە میسر بوەشێنێ ، دواتر ئەمەش سەلمێندرا كە بەرلەوەی بەریتانیا لە میسر بدا نوری سەعید پێی ئاگادار بوو ، دوای ئەمە بە خێرا دەگەڕێتەوە عێراق تا بتوانێ كۆنترۆلی شەقامی عێراقی بكا و رێگە لە پشتگیری میسر بگرێ . كاتێكیش هێرشە سێ قۆلیەكە بۆسەر میسر دەستیپێكرد عبدالاله لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران كۆدەبێتەوەو تاوتوێی روداوەكان دەكاو لە چاوەروانی لەناو چونی حكومەتی میسردا بون، لەو مانگ دادگای سەربازی رادەگەیەنێ و چوار دادگای سەربازیش پێكدەهێنێ بۆ روبەروبونەوەی روداوەكان ، لە چاوەروانی ئەوەی رێگری بكا لە نارەزایی دەربرینی خەڵك دژی هەڵوێستەكانی ئیمپریالیزم. .
لەم میانە نوری سەعید پەیوەندی بە حكومەتی ئوردنەوە دەكاو بڕیار دەدەن عێراق هێز بۆ ئوردن بنێرێ لە 14،15ی تشرینی دووەم هێز دەنێرن، ئەمەش بۆ مەبەستی ترساندنی سوریا بوو تا پشتگیری لە میسر نەكا و هێلە نەوتیەكانی ناو خاكی سوریاشی بری ، نوری سەعید پەیوەندیی بە بەریتانیاو ئەمریكاوە كرد كە نیازی نیە لەم روداوانە هیچ هێرشێك بكاتە سەر ئیسرائیل ، ئەوانیش لەم هەڵوێستەی دلخۆش بون و ئاگاداری ئیسرائیلیان كردەوە تا دڵنیابێ لەم مەترسیە. .
لەوكاتە فرۆكەكانی بەریتانی لە بنكەی ئاسمانی حەببانیەو شوعەیبە هەڵدەفرین و هێرشیان دەكردە سەر كەنالی سوێس نوری سەعیدیش لە رێگەی حەیفاوە هەناردەی نەوتی دەكرد لەكاتێكا سعودیە و سوریا پەیوەندیەكانیان لەگەڵ فەرنساو بەریتانیا بریبو ، حكومەتی نوری سەعید هەستی گەلی عێراقی بریندار دەكرد و رێگری لە خۆپیشاندان و هەر هاوكاریەكی دەكرد .
ئەوكات كامل چادرچی سەرۆكی حزبی نیشتمانی دیموكراسی لە میسر بوو بۆ جێبەجێ كردنی بڕیارەكانی كۆنگرەی گەلی عەرەبی لەوێوە لە 14 ی تشرینی دووەمی 1956بروسكە بۆ ئەنجومەنی پیران لێدەدا كەئەمە دەقەكەیەتی :
( لیژنەی پەیوەندیەكانی كۆنگرەی گەلی عەرەبی داواتان لێدەكا ویژدان ببزوێنن دژی ئەوكەسانەی لەم رۆژگارەدا نەوت بۆ بەندەری حەیفا دەنێرن سزابدرێن چونكە ئەم نەوتە بۆ لەناوبردنی گەلی عەرەبی بەكاردێ ، مێژوو ئەم هەڵوێستە جوامێریەی ئێوە دەنوسێ و لەبیری ناكا، گەلی عەرەبی لە چاوەروانی ئێوەیە ، خوا سەركەوتوتان دەكا لەوكارانەی لە بەرژەوەندی گەلی عەرەبیدایە) .
ئەم بروسكەی چادرچی وەكو بەڵگە دژی بەكارهێندرا كە سوكایەتی بە حكومەت دەكا ، دواتر 61 مامۆستای زانكۆش یاداشتێكی نارەزاییان دایە نوری سەعید دژی هەڵوێستەكانی حكومەت لە بەرانبەر روداوەكان ، هەر لەو رۆژاندا لە 20 تشرینی دووەم 23 كەسایەتیی سیاسیش بە هەمان مەبەست یاداشت دەدەنە مەلیك كە تیایدا هاتبوو نوری سەعید دژی ئیرادەی گەلی عێراق پیلان دەگێرێ و ئەمەش سوكایەتیە بە گەلی عێراق ، داوادەكەن لەم پرسە بكۆڵێتەوەو چارەسەر بكا بەر لەوەی كاتەكەی بەسەرچێ. هەروەها سعد عومەر سەرۆكی سەندیكای پارێزەران بەهۆی دەستگیر كردنی ژمارەیەك پارێزەر یاداشت دەداتە مەلیك و داوای ئازادكردنیان دەكا ، بەڵام حكومەت لەسەر كارە ناپاكەكانی بەردەوام دەبێ و لە پشتگیری كردنی ئیمپریالیزم ونەخشەكانی، لەئەنجام گەلی عێراق بە هەموو توێژەكانیەوە لێی رادەپەرن و نارەزایی دەردەبرن بە خۆپیشاندان كە روبەروبونەوەو توندو تیژیی لێكەوتەوە .

پاش ئەوەی خۆپیشاندانەکان لە نێو توێژی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکان توند دەبێ حکومەت ژمارەیەکی زۆری دەستبەسەر کردن لەو ژمارە 378 یان خوێندکاری ئامادەیی بون لەوانە 37 ی لە خوێندن دابراندن و خلیل کەنە کە وەزیری زانست بوو فەرمانی دا هیچ خوێندنگایەک ئەو خوێندکارانە وەرنەگرێ .

مەزنترین ئەو خۆپیشاندانانە هی گەرەکی (حی) بوو لە 18 تشرین کە خەلکێکی زۆر لە ئەنجامی روبەروبونەوە ئازارو ئەشکەنجەو برینداربوو رۆژی دواتر حکومەت 1500 سەربازی بەم شارە وەرکرد مال بەمال و کۆلان بەکۆلان بەدوای خەلکە بەشداربوەکەدا دەگەران ژمارەیەکی زۆری لێدەستگیر کردن لەوانە دوانی لە سێدارەدا (عەلی الشێخ موحەمەد و مهدی الدباس) بون لەکاتێکا شەهید عەلی دەباس لە ژێر ئەشکەنجە گیانی لەدەست دابوو بەڵام لاشەکەیان هێنایە مەیدانێکی گشتی بەبەر چاوی خەلکەوە بە مردویی هەلیان واسی. هەرچەندی توندو تیژیی بەکار هێنا سودی نەبوو تا ئەو کاتەی خۆپیشاندانەکان ئەم شارانەش دەگرنەوە کوفەو دیوانیەو شامیە و حللەو کەربەلاو ناسریەو نەجەف و بەسراو عمارەو کوت وموسل و هەولێرو کەرکوك و سلێماني و عانە و بەغدا . .

دواتر روبەروو بونەوە لە نەجەف وکەربەلا توند بوو لە هەردوو خوێندنگای سەدیر و خورنەق ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران دەستبەسەر دەکرێن و تەقەیان لێ دەکرێ ژمارەی 42 خوێندکار بریندار دەبن ، لەئەنجام مانگرتنێکی گشتی دژی ئەم رەفتارانەی حکومەت رادەگەیەندرێ کە پیاوە ئاینیەکانیش لەکاتی چونیان بۆ نوێژ بەشداری دەکەن، هەر لە خۆپیشاندانەکە دوو هاوڵاتیی تر لە نەجەف شەهید دەبن بەناوەکانی عبد الأمیر ناصرو ئەموري عەلی. دواتر پیاوە ئاینیەکان نارەزاییەک دەدەنە مەلیک بەناوی ئەم پیاوە ئاینیانە واژۆ دەکرێ شیخ [عەبدولکەریم الجزائري ] وسەید[ حسین حەمامي ] وشیخ [ موحەمەد کاظم شیخ راضي ] وسەید [ موحسین الحکیم ] وسەید [ موحەمەد صالح بحر العلوم ] و ژمارەیێک پارێزەر [ موسی صبار ] و [ ئەحمەد جبوري ]. وەکو پشتگیری لە خەلکی نەجەف بەغداش رۆژی 28 ی تشرین مانگرتنی راگەیاند سەرجەم دوکان و دەرمانخانەو شوێنە گشتیەکان داخران .

کاتێک مەلیک هەست بە مەترسیەکان دەکا ، عبدالالە و مەلیک فەیسەل وێرای نوری سەعید، کۆنە سەرۆک وەزیرەکان بانگێش دەکا تا چارەسەیەک بۆ ئەم تەنگەشەیە بدۆزنەوە ، لەو کۆبونەوە کەسێک نوری سەعید تاوانبار دەکا گوایە لەوکاتەی لە لۆندۆن بوە هانی ئەنتونی ئایدنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای داوە تا هێرش بکاتە سەر میسر . بەڵام نوری سەعید لەسەر هەلوێستە ناپاکەکانی بەردەوام دەبێ و بە مەلیک و عبدالالە دەڵێ ئەگەر لە بڕیارو هەلوێستەکانتان پاشگەز ببنەوە مەترسی لەسەر کۆشکی پادشایەتی دەبێ، بەڵام عبدالالە لە راوێژەکانی بەردەوام دەبێ بۆیە بانگێشی هەریەک لە جەمیل مەدفەعی و عەلی جەودەت ئەیوبی دەکا بەمەبەستی پێکهێنانی کابینەی وەزاری ، مەدفەعی پێشنیار دەکا نوری سەعید لەم پۆستە دور بخاتەوە هەریەک لە حسین جمیل ومهدي کبە بێنێتە پێش ، عبدالالە بانگێشی هەریەک لە کامل چادرچی و حکمەت سلێمان و موحەمەد رضا شبیبي دەکا داوایان لێدەکا کە چی بکەن بۆ رزگار کردنی حکومەت لەم تەگەرە ، هەمویان لەسەر ئەوە کۆک دەبن کە نوری سەعید دورخاتەوە و حکمەت سلێمانیش پێی رادەگەیەنێ کە ئەم دۆخە درێژەی هەبێ مەترسیەکان زۆردەبن . .

بەڵام نوری سەعید گوێی بەم مەترسیانە نەدا وچەندین کەسایەتیی سیاسی وئاینیی دەستگیر کرد لەوانە کامل چادرچی ، حسین جمیل، وصدیق شنشل، فائق السامرائي، عبد الرحمن بەزاز، جابر عومەر و چەندین کەسایەتیی ئاینیی تر ولە 16 ی کانونی یەکەم دایە دادگای سەربازی و 19 لەوانە حوکمدارن

چادرچی  بە سێ سال زیندانی کرا ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بروسکەی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی ناردبوو لە میسرەوە بەسەریان کردە بەڵگە .
فایق سامەرائی و سەدیق شەنشەل  بە حوکمی خستنە ژێر چاودێری حوکمدران بۆماوەی یەک ساڵ، ئەم مامۆستایانەش دور خرانەوە بۆ پێنجوین عەبدولرەحمان بەزازو جابر عومەر وموحەمەد ئەلبەسام وفیصل وائلي ، حەسەن دجیلي  و زیاتر لە 10 هەزار خوێندکاریشی لە خوێندن دابراند لەگەل دەیان مامۆستای زانکۆ.
بەم شێوە حکومەت توانیی بە ئاگر و ئاسن لە ڕێگەی بەکار هێنانی توندو تیژی دژی جەماوەری سڤیل دەست بەسەر دۆخەکاندا بگرێ دیارە کاتی ئینگلیز لە سالی 1921 سوپای عێراقی دامەزراند هەر ئەمەی مەبەست بوە کە بەهۆی ئەو سوپایە بتوانێ خەلک سەرکوت بکاو بتۆقێنێ بەڵام تووی شۆڕشگێری لە هەناوی میللەت دەبوژێتەوەو لە وەستان ناکەوێ تا ئەوکاتەی لە 1958 رژێم سەرنگون دەکا.

## 3_ درێژەدان بە پیلانگێری دژی سوریا .

بەهۆی هەلکەوتی جیوگرافیی سوریا، ئیمپریالیزمی بەریتانی وئەمریکی لە بچوکترین دەرفەتدا هەلیان دەقۆستەوە تا کودەتا لەسەر دەسەلاتدا بکەن بۆئەوەی سنوری ئیسرائیل باشتر بپارێزرێ ، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا لە هەولی بەرتەسک کردنەوەی دەسەلاتەکانی بەریتانیادا بوو لە ناوچەکە ، بەهۆی گرنگی جیوپۆلۆتیکی سوریاو بونی نەوت لەم ولاتە هەولی ئەنجامدانی کودەتای دەدا بۆئەوەی دەستەیەکی کرێگرتەی خۆی بێنێتە سەر حوکم ئەمەش بۆ دروست کردنی کەوانەی بەپیت(هلال الخصيب) لەگەل دەسەلاتی هاشمی و لەژێر هەیمەنەتی خۆی و دەرکردنی ناوچەکە لە ژێر دەستی نوری سەعید و بەریتانیا .
ئەمریکا لەم پیلانەیدا زۆر بەخێرایی پالپشتی سوپاسالاری سوریا(حسنی ئەلزەعیمی) کرد بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک کە لە  لە  30ئاداری 1949 ئەنجامیدا، لەم کودەتایە حوسنی زەعیم سودی لە هەلوێستە نا نەتەویەکەی دەسەلاتی پێشوی کرد بەرانبەر بە کێشەی فەلەستین بۆیە کودەتاکە بێ بەرگری و خوێن رشتن سەرکەوت لەراستیشدا کودەتاکە ئەمریکی بوو ئەوەتا نوسەری ئەمریکی (کوبلاند) لە کتابەکەی بەناوی (یاریی نەتەوەکان) دەنوسێ ، کودەتاکەی حوسنی زەعیم لە ئامادەکردن و دارشتنی خۆمان بوو دەستەی سیاسیی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی (میجەر مید) پەیوەندیی لەگەڵ حوسنی زەعیم دروست کرد ، لە میانەی ئەو دۆستایەتیە میجەر مید بیرۆکەی کودەتای خستە بەر دەم حسنی زەعیم ئەویش بروای پێکردو بە هاوکاری ئەمریکا ئەنجامی دا ، ئەم هاوکاریەی ئەمریکا ئەوکاتە رسوا دەبێ کاتێک وەزیری دەرەوەی حکومەتی حسنی زەعیم (ئەمیر عادل ئەرسەلان)وتارێک لە رۆژنامەی حەیاتی لوبنانی بلاو دەکاتەوە لە 26 ی ئابی 1949 تیایدا پەیوەندیەکانی حوسنی زەعیمی لەگەل ئیسرائیل و بەتایبەتیش لەگەل موشێ شاریت ئاشکەرا دەکا ، بەڵام تەمەنی حکومەتەکە ئەوەندەی نەبرد کاتێک دەیروخێنن و ئەویش لەناو دەبەن. کودەتاکەی حوسنی زەعیم بەریتانیای نارەحەت کرد بۆیە هەرزوو نوری سەعید سەردانی دیمەشق دەکاو چاوی بە حوسنی زەعیم دەکەوێ و بەتەنیا لەگەڵی دەدوێ وئامۆژگاریی دەکا کە ئەمە بۆ ئەو دەست

نادا بگەڕێتەوە سەرکاری وەکو سوپاسالار بۆئەو باشترە ، لەم سەردانەیدا نوری سەعید بە جلی رازاوەی سەربازیەوە دەچێتە لای بۆئەوەی ئەمیش دڵی بۆ جلە سەربازیەکە بچێ ، بەڵام بەریتانیا کاری لە بواری ئەنجامدانی کودەتایەک کرد بەسەر حوکمەی حوسنی زەعیمدا ،ئەوەبوو لە 14 ی ئابی 1949 بە سەرۆکایەتی لیوا سامی ئەلحناوی کودەتایەک ئەنجام دەدا و حوکمی حوسنی زەعیم سەرەوژێر دەکا و حوسنی زەعیم گوللە باران دەکا لەگەل موحسین بەرازی سەرۆک وەزیرانی و دەست بەسەر حوکمدا دەگرێ ئەم لەناوبردنەش لە رێگەی دادگایەکی دوو کاتژمێری ئەنجام دەدا ، حوکمرانی حوسنی زەعیمیش شەش مانگی نەبردبوو کە ئەمریکای تورەکرد. .

نوری سەعید بەدوای سامی ئەلحناویدا دەنێرێ ئەویش بە یاوەری (عەبدولموتەلیب ئەلئەمین) هاوپێچی سەربازی عێراق سەردانی بەغدا دەکاو لەگەل عبدالالە و نوری سەعید کۆدەبێتەوەو لە هەمان رۆژدا دەگەرێتەوە دیمەشق. ئەمجارەیان بەغدا سەرۆکی دیوانی مەلەکی ئەحمەد موختار بابان دەنێرێتە دیمەشق بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە یەکگرتن لەگەل عێراقا بەڵام ئەم پرۆژە سەرناگرێ کاتێک لە 19 ی کانونی یەکەم ئەمریکا دوبارە کودەتایەکی تر ئەنجام دەدەن بە سەرۆکایەتی (ئەدیب الشیشکلی) بە هاوکاری لەگەل فوزی سەلۆ و ئەکرەم حۆرانی و سامی ئەلحناوی شیان دەستگیر کرد بەڵام الشیشکلی راستەوخۆ حوکمی نەگرتە دەست بەلکو لە پشت پەردەوە حکومەتی دەبرد بەرێوە ، تا تشرینی دووەمی 1951 حوکمی مەدەنی دەگەرێتەوە بەڵام دواتر هەرخۆی کودەتایەک لەسەر حکومەتە مەدەنیەکە دەکاو خۆی دەکا بە دکتاتوری ولات .

ئەدیب الشیشکلی لەسەر حوکم دەمێنێتەوە تا 1954 کاتێک فەیسەل ئەتاسی بەهاوکاری غەسان جەدید کودەتای لەسەر دەکاو لەناویدەبا ، بەم شێوە حوکمی پەرلەمانی دەگێرنەوە بەڵام حوکم لە سوریا سەقامگیر نابێ بەهۆی دەستێوەردانی نوری سەعید کودەتا لەدوای کودەتا ئەنجام دەدرێ ، ئیمپریالیزم دەستی لە سوریا هەلنەگرت بەتایبەتی کاتێک گەلی سوری لە نیازەکانیان دەگەن کە رێگەیان پێنادەن ببێتە خاوەنی سەرچاوەی چەکی خۆی بۆیە روو لە یەکێتی سۆڤیەت دەکەن بۆ دابین کردنی چەک ، ئەوکات ئیتر ئیمپریالیزم لەم هەنگاوە نیگەران و تەنگەتاو دەبێ ، کاتێک بەمە دەزانن کە میسرو سوریا دەیانەوێ چەک لە سۆڤیەت بکرن ئەمە بە مەترسیەکی مەزن دەزانن کە دەستی سۆڤیەت بێتە ناوچەکە بۆیە ولاتانی پەیماننامەی بەغدا دەکەونە خۆ دژی سوریاو میسر بەبیانوی بونی شیوعیەکان لەو ولاتانە بەنیازیش بون هێرشیان بکەنە سەر .

بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی خۆی [ لوي هندسن ] دەنێرێتە ئەستەنبۆل لەگەل هەریەک لە [ مەلیک فەیسەلی دووەم ] [ عبد الإله ] و[ نوري سەعید ] و[ ئەحمەد موختار بابان ] سوپاسالار [ وەفیق عارف ]. کۆبوەوە لەم دانیشتنانە لەلایەن تورکیاوە سەرۆککۆمار [جەلال بایار ] سەرۆکوەزیران [عەدنان مندرس ] وەزیری دەرەوە [ فؤاد کبرلو ] ئامادەبون باس لە چۆنیەتی رێگرتن لە شیوعیەت کراو سەبارەت بەو کۆبونەوانە فازل الجەمالی لە کۆنوسەکەی خۆیدا دەڵێ:

هندسن دەڵێ، ئەمریکا پێێ خۆشە دەرفەتێکی پێبدەن لە عێراق و ئوردن کارێک بکا بە پشتگیری تورکیا بۆ ئەوەی دەسەلاتەکانی میسر و یەکێتی سۆڤیەت کەم ببنەوە، بۆ ئەم مەبەستە من پەیوەندیم لەگەل سەرۆکی ئەمریکا (ئایزن هاوەرو) و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا(جن فوستر دلس) دا کرد ئەمان پێیان خۆشە تا پارسەنگی ناوچەکە بگەرێننەوە دۆخی جاران و ئەم هەلوێستەش بە نەتەوە یەکگرتوەکان بسپێرێ.

وەزیری دەرەوەی عێراقیش ئەحمەد موختار بابان لەبەردەم دادگا دانی بەوەنا کە نوری سەعید کاری بۆ ئەوە دەکرد لەرێگەی سەربازیەوە دەست لەکاروباری سوریا وەربدا هەر لەم روەوە ئەحمەد موختار بابان دەڵێ: ( لە رێگەی گەرانەوەماندا بۆ بەغدا لەگەڵ عبدالالە و رفیق عارف سوپاسالار، بۆ رۆژی دواتر عبدالالە بانگی کردم و پێی ووتم : دۆخەکان لەسوریا مەترسیدار بونە تەنها چوار رێگا هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشە ئەوانیش ئەمانەن:

1- لەسەرکار لابردنی هەندێک لە بەرپرسان لە سوریا.
2- هەڵگیرساندنی شۆرشێک لە ناوەوەی سوریا بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانە.
3- دەستپێکردنی شۆرش لە رێگەی هۆزەکانی سەرسنورەوە.
4- پاش ئەوەی رێخۆشکاری کرا ئەوسا لە رێگەی سوپاوە دەستبخەینە ناوی.

لەبەردەم دادگا ئەحمەد موختار ئەمەی راگەیاند کە (عەلی مومتاز دەفتەری) وەزیری دارایی و وەزیری بەرگری بە وەکالەت لە ئەیلولی 1957 لە لۆندۆن لەگەل ژمارەیەک لە بەرپرسی بەریتانی کۆبوتەوە ئەمە جگە لە نوری سەعیدیش ، لەوان تێگەیشتوە کە دۆخەکان لە سوریا مەترسیان هەیە بە دوری نازانێ لەم رۆژانە ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەلاتی ناوەراست بریارێکی مەترسیدار دەربکا . .
لە 10 ی ئەیلولی 1957 سەردانی بالوێزی ئەمریکای کردوە لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە بەئامادەبونی ئەمین مومەیەز و باسی لە دۆخی سوریا کردوەو دەریخستوە کە بەرای ئەمریکا دۆخەکان مەترسیدارن دەبێ کارێکی خێرا ئەنجام بدرێ .
لە 13 ئەیلول 1957 بالوێزی ئەمریکا داوای کردم بە تەلەفۆن پێی راگەیاندم کە ئەم زانیاریانەم لە حکومەتەکەمەوە پێگەیشتوە :

1- دۆخەکان بەهۆی دەستێوەردانی شیوعیەکانەوە مەترسیدار بوە .
2- ئەگەر حکومەتی سوریا دەستدرێژی کردە سەر هەر ولاتێکی عەرەبی و ئەو ولاتەش داوای هاوکاریی لێ کردین ئەوا بە پیر داواکاریەکانیەوە دەچین .
3- ئەگەر سوریا بۆریە نەوتیەکانی عێراقی لە خاکی سوریا بری ئەوسا ئەمریکا بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیەکانی هاوکاری عێراق دەکا..
4- ئەگەر سوریا بە هاوکاری سۆڤیەت دەستدرێژیی کردە سەر عێراق ئەوا ئەمریکا ئامادەیە بە چەک هاوکاریتان بکا.
5- کەشتیگەری شەشەمی ئەمریکی لە دەریای ناوەراست لە ئامادە باشیدایە بۆ هەر ئەگەرێک .
6- ئەگەر لە هەولی دەستێوەردان لە سوریا بون ئەمریکا ئامادەیە هاوکاریتان بکا.
7- ئەم کارانەمان بۆئەوەیە دۆخەکان وەکوخۆیان لێبکەینەوە نەک بۆ دەستوەردانە ناو کاروباری سوریا .
8- تورکەکانیش هەست بە تێکچونی دۆخەکان دەکەن.
9- پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە کراوەو پێی راگەیەندراوە کە هیچ دەستدرێژیەک نەکا .
10- ئەم زانیاریانەمان بە تورکەکان و بەریتانیەکان داوە .

ئەمریکا بەوەندە نەوەستا لە پشت پەردەوە پیلان و دەستتێوەردانە کان بەرێوە ببا بۆیە بە ئاشکەرا ( جۆن فۆستەر دلس) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە دۆخەکانی سوریاوە ئەم راگەیاندنەی دەرکرد ئەمەش دەقەکەیەتی:

لە 17 ی ئەیلولی 1957 کۆبونەوەیەک لە نێوان (لوی هندرسن و ولیم ونتری) و من و سەرۆک ئەیزنهاوەر ئەنجام دراوە ، لەم کۆبونەوە بەرێز هندرسن راپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەسەر ئەو وتووێژانەی لەگەڵ کاربەدەستانی تورک و عێراقی و ئوردنی و لوبنانی ئەنجام داوە پێشکەش کرد ، لە راپۆرتەکەدا هندرسن دەڵێ: ئەو بایەخەی یەکێتی سۆڤیەت بە سوریا دەدا ئەمان زۆر بە گرنگی دەبینن بەتایبەت بونی ئەو هەمو چەکەی سۆڤیەتی لەو ولاتانەی شتێکی ئاسایی نیە ، سەرۆک ئایزنهاوەر گرنگی بەو راپۆرتەی هندرسن و نێردە ئەمریکیەکانی تر دا کە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست ناردبونی ، لەسەر ئەو رۆشناییانە سەرۆک چاوی بە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکاندا خشاندەوە سەبارەت بە دۆخی سوریا کە نابێ چەک بەکار بێنێ تەنها لەو حالەتانەدا نەبێ کە بەرگری لە خۆکردنن لە پێناو سەربەخۆیی.).

ئەمانە ئەو راستیە دەردەخەن کە ئەمریکا بەنیازی گۆرینی رژێمی حوکمە لە سوریا بەتایبەتی عبدالالە لەم بابەتە بایەخی پێدەداو هانی دەدا چونکە چاوی لە وەرگرتنی حوکمی پادشایەتی سوریا بوو ئەگەر ئەمریکا داگیری بکا یا رژێمەکە بە مەبەستی خۆی سەرنگون بکا، ئەم بۆچونە زیاتر ئەوکاتە سەلمێندرا کاتێک کاربەدەستانی حوکم دادگایی دەکرێن ئەوان دان بەوە دەنێن کە هەریەک لە نوری سەعید وعبدالالە بەدوای ئەم چاوتێبرینەوە وێڵن. لەم روەوە لیوای روکن غازی داغستانی یاریدەدەری سوپاسالار لە کاتی دادگایی کردنی دانی بەوە ناوە کە لە کۆشکی پادشایەتی بەشداری کۆبونەوەیەکی کردوە تیایدا هەریەک لە من [ مەلیک فەیسەلی دووەم] و[ عبد الإله ] و[ نوری سەعید] سوپاسالار [ رەفیق عارف] و[ ئەحمەد موختار بابان ] و[ برهانەددین باش ئەعیان ] و[ عەبدوالله بەکر] سەرۆکی دیوانی پادشایەتی بەشدار بون ،بڕیاردرا کە هاوکاری لە رێگای هاوپێچی سەربازی لوبنانیەوە بگەیەندرێتە دەست رکابەر کانی سوری
.

رکابەرە سوریەکانیش داوای بیست هەزار پارچە چەکیان کردبوو کاتێک نەکرا ئەم کەمیە چەکە دابین بکرێ نوری سەعید لە ئیتالیا چەکی بۆ کرین ، کرینەکە لە رێگەی ئەفسەرێکی عێراقیەوە ئەنجام درا کە سالح مەهدی عەماش بوو بە هاوکاری رێگەپێدراوی عێراقی لە روما ، چەکەکان سەرەتا ناردراونەتە عێراق و دواتر بۆ لوبنان لەوێشەوە بۆ سوریا ، داغستانی دەڵێ دواتر من خۆم چومە سوریاو چاوم بە شیشکلی کەوت بۆ دلنیابون لە گەیشتنی چەکەکان کە بەشی یەک تیپی سەربازیی دەکرد.

زەعیم ئەحمەد مرعی سەرۆکی هەوالگریی عێراق دەڵێ: پەیوەندیەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەگەل عێراق لە ژێر ناوی خوازیارەوە دەبردران بەرێوە بۆ ئەمریکیەکان دەستەواژەی (ب.رەسافە) بەکار دەهاتو بۆ بەریتانیەکانیش (ب.کەرخ) بەکار دەهات، دەڵی: عێراق هۆزی شەمەری لە هەردوو دیوەکەی سنوری عێراق و سوریا بەکار دەهێنا بۆ پرچەککردن و گواستنەوەی چەکەکان ، هەروەها دەڵێ فەرمانەکانی لە فەرماندەی گشتی سوپاوە پێ رادەگەیەندرا . .

رەفیق عارف ی سوپاسالار دەڵێ من هەردەم هەولم دەدا کەمێک لەو سۆزو جۆشەی نوری سەعید و عبدالالە کەم کەمەوە کە بەرانبەر بە کارە سەربازیەکانی دژ بە سوریا هەیانبو بۆ روخاندنی رژێم و هاوکاری کردنی کودەتاچیەکان . هەر لە دان پیانانەکانیدا دەڵێ: جارێکیان لەگەل سیاسەتمەداری سوری(معروف الدواليبى) لە بەغدا دیدارمان کرد، لەو دیدارەیدا دوالیبی پێێ وتوە پەلە بکەن لە

ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بۆ روخاندنی رژێمی ، دەڵێ دوالیبی دژی ناردنی سوپا بوە بۆ سوریا لە ترسی ئەوەی روبەروبونەوە لە نێوان سوپای سوری و عێراقی روبدا ، دەڵێ: نوری سەعید لەم بۆچونەی بێزار دەبوو. دەڵێ: نوری سەعید بریاری دابوو هەردوو لیوای بیست و لیوای نۆزدە رۆژی چواردەی تەموز بنێریتە ئوردن تا لەوێوە هێرش بکاتە سەر سوریا نەیدەزانی کە لەناوچونی خۆی و مەلیک و عبدالالە بەدەستی ئەو دوو لیوایە دێت بەهۆی توند بونی دۆخەکان و زیاد بونی نارەزایی سوپاسالار (عەفیف بەزاز) دەکوژرێ ، ئەمەش دڵەراوکێی زۆری لە دلی سوریەکاندا دروست کرد کە بەدوای پوچەلکردنەوەی پیلانەکانی دوژمنانیاندا دەگەران. یەکێک لەو هەنگاوانەی پوچەلکردنەوەی پیلانەکان راگەیاندنی یەکێتی لە نێوان میسرو سوریا بوو لە 4 ی شوباتی 1958 .، بەڵام بەهۆی ئەوەی کارەکە بە پەلە کرابو ویەکێتیەکی تەندروست نەبوو پێشێلی بنەماکانی دیموکراسی کرابوو بۆیە لە 1961 هەرەس دەێنێ .

## 4-پشتگیری کردنی رژێمی شەمعون لە سەرکوت کردنی گەلی لوبنانی

بەهۆی ئەوەی رژێمی کەمیل شەمعون دژی پرس و داخوازیەکانی عەرەبی وەستابۆوە باری کۆمەلایەتی و سیاسیی دۆخەکان لە لوبنان تێکچوبون ئەمەش کاری کردبوە سەر باری دەرونی خەلک ، کاتێکیش لە 1956 هێرشە سێ قۆلیەکە کرایە سەر میسر ، لەم هێرشانەدا رژێمی کەمیل شەمعون لەگەل هێرشبەران وەستاو ئەمەش زیاتر میسرو گەلی لوبنانی تورە کرد ، لەم کاتەدا کەمیل شەمعون ویستی دەستور هەموارکاتەوە تا رێگە بەخۆی بدا دوبارە ببێتەوە سەرۆک ئەمەش دوبارە نارەزایی خەلکی لوبنانیی لێکەوتەوە لە ئەنجام خۆپیشاندان و دەربرینی نارەزاییەکان سەرتاپای لوبنانی گرتەوەوبۆیە لوبنان میسر بە دەستتێوەردان و نانەوەی ئاژاوە تاوانبار دەکا، عێراقیش پشتگیری رژێمی کەمیل شەمعون دەکا بە ئاماژەی ئیمپریالیزم بۆ ئەم مەبەستە هێز دەنێرێتە ئوردن تا هێرش بکاتە سەر سوریاو فشارەکانی سەر لوبنان کەم بنەوە ، هێرش و نارەزاییەکان توند بون بۆ روخانی رژێمی کەمیل شەمعون کە نەیتوانی خۆی راگرێ و بەرگریێ بکا . ئەم پشتگیریەی نوری سەعیدو رژێمی عێراق بۆ لوبنان بەرەی نیشتمانیی بەهێز کردو نارەزایی جەماوەر زیادیان کردن بۆ سەرنگونکردنی رژێمی پادشایەتی و رزگار کردنی عێراق ، نارەزاییەکانی دژی عێراق و رژێمی کەمیل شەمعون لە زیادبوندا دەبن تا ئەو کاتەی سەرنگونی رژێمی پادشایەتی عیراق دەکرێ لە 14 ی تەموزی 1958 کاتێکیش شۆرش سەردەگرێ هەرزوو ئەمریکا هێزەکانی لە لوبنان دادەبەزێنێ و وەکو گۆرانکاری لە دۆخەکان کەمیل شەمعون لەسەر حوکم وەلادەنرێ و (فواد شهاب ) کە سەرکردەیەکی سەربازی دەبێ بە سەرۆک هەلدەبژێردرێ و ئاشتی باڵ دەکێشێ بەسەر لوبناندا .

*** ***** ****

**دووەم / حزبە نیشتمانیەکان بڕیاری پێکهێنانی بەرەی یەکێتی نیئشتمانی دەدەن**

لای حزبە نیشتمانیەکان رونبۆوە کە ناتوانن رژێمی دیکتاتۆر بروخێنن ئەگەر هاوکاری وهەماهەنگیەک لە نێوانیاندا نەبێ ، لە ئەنجامی ماندوبونی دلسۆزان و خەمخۆران و هەول وتەقەلای سیاسەتمەدارو لایەنەکان توانرا دانیشتنێک لەلایەن ئەم لایەنە سیاسیانە ئەنجام بدرێ بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بیرۆکە ، ئەمانیش سەرۆکایەتی حزبی یەکێتی نیشتمانی دیموکراسی و حزبی ئیستقلال و حزبی شیوعی و حزبی بەعس و ژمارەیەک لە کەسایەتیە نیشتمانیەکان ، ئەم دانیشتنە دروست بونی بەرەی نیشتمانیی لێ کەوتەوە لە شوباتی 1957 ،سەرەتا لیژنەیەکی بالایان پێکهێنا کە نوێنەری حزبە سیاسیەکان لێێ ئەندام بن ، حزبی شیوعی هەوڵی دا پارتی دیموکراتی کوردستان لەو بەرە بکاتە ئەندام بەڵام هەردوو حزبە رەگەزپەرستەکەی بەعس و سەربەخۆ دژی ئەو داخوازیە وەستانەوەو رێگەیان نەدا بێتە ناوەوە بۆیە حزبی شیوعی ئەوەندەی پێمایەوە لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان وەکو سوێندخۆر بمێنێتەوە .
لە 9 ی ئاداری 1957 بەیاننامەی دامەزراندن دەرچو ، بەیاننامەکە هۆکاری دروست بون و ئامانجەکانی دیارخستن کە بەم برگانە ئاماژەی پێدرابوو:

1- روخاندنی حکومەتی نوری سەعید و گرتنەبەری سیاسەتی بێلایەن.
2- دەرچون لە پەیماننامەی بەغدا.
3- ئازادیەکانی دیموکراسی فەراهام بکرێن و هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نائاسایی بە یاساو بڕیارەکانیەوە.
4- هەلوەشاندنەوەی فەرمانی دادگای سەربازی و ئازاد کردنی زیندانیە سیاسیەکان و گەراندنەوەی فەرمانبەرو کرێکارە لەسەرکار لابراوەکان و خوێندکارەکان و پوچەلکردنەوەی فەرمانی لێسەندنەوەی رەگەزنامەی عێراقی.
5- خۆش کردنی پەیوەندیەکان لەگەل ولاتانی عەرەبیە ئازادکراوەکان.

**ئەمەش دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانیە**

--------------------------------------------------------------------------------

گەلی عێراقی بەرێز

جیهان ئێستا بە دۆخێکی جیادا تێدەپەڕێ ئەویش توند بونی ململانێی نێوان هێزە نیشتمانیەکان و هێزی ئیمپریالیزمە بەتایبەت دوای ئەو هێرشە نارەوایەی کرایە سەر میسر ئەم ململانێیانە پێیان خستۆتە قۆناغێکی نوێ و دوای ئەوەی ئەو چەواشەکاریەی بەهۆی هاوپەیمانێتیە ئیمریالیزمەکانیش پەردەی لەسەر هەلمالرا بەتایبەت ئەوەی بەناو پەیمانی بەغدا لە نێوان تورکیاو عێراق بەسترابوو .

ئاساییە کە بە زیادبونی هەستی نەتەوایەتیی عەرەبی و جموجۆلی حزبە نیشتمانیەکان پێگەی یئمپریالیزم لەق دەبێ چونکە لە دژایەتی ئەواندان ، بۆیە ئاساییە ئەگەر رۆل ئیمپریالیزم سیاسەتەکانیان بگۆرن و دروشمی نوێ بەرز کەنەوە بۆ چەواشەکاریەکی تر ، سەرەرای ئەوەی هەنگاوە سەرەتاییەکانیان ئەو سیاسەتەیان رسواکرد کە هێرشیان کردە سەر میسرو سوریا بۆ ئەوەی رژێمی حوکم بە هەوەستی خۆیان بگۆرن کاتێک ئەمەیان پێناکرێ فشاری ئابوری و سیاسی وکۆمەلایەتیان بۆ دەهێنن لەوانە هەرەشەو تۆمەتبار کردن، وێرای ئەمانەش پاراستنی ئیسرائیل و بەهێز کردنیشی هەنگاوێکی تری ئەو فشارانەن ، هەروەها پەلکێش کردنی عێراق بۆ ناو کێشەکانی خۆیان لە رێگەی بەستنەوەی بە پەیمانامەی بەغداو نانەوەی ئاژاوە لە ولاتانی عەرەبی و دامەزراندنی بنکەی سەربازی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە کەنداو و رێگەگرتن لە هەر گۆرانکاریەکی دیموکراسی لە رۆژهەلاتی ناوەراست هەمویان بەشێکن لەو زۆر و ستەمەی ئیمپریالیزم بۆ سەر ولاتانی عەرەبی.

بەلام وێرای ئەو هەموو پیلان و تەلانە دەلێن ولاتانی عەرەب بە تواناو هێزەوە لەم پیلانانە دەرچون وێرای ئەو هێرشانەی سەر میسرو پیلانەکانی تر توانیی هێرشەکە تێکبشکێنێ و پەیماننامەی کەنالی سوێس هەلوەشێنێتەوە کە لە 1954 بەسترابوو دەولەتانی ئیسرائیل و فرەنساو بەریتانیای ناچار کردن پاشەکشە بکەن و توانیی مافی فەلەستینیەکان لە خاکی خۆیان مسۆگەر بکا، بەلام ئیمپریالیزم وا بە ئاسانی چەک دانانێ ، بۆیە هاتنە پێشی ئەم دۆخە نوێو نالەبارە وا لە خەلکە نیشتمانپەروەرەکە دەکا بەرەو پیر یەک بچن و یەکگر بن بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی وەدەست بێنن و شکست بە دوژمن بێنن ، ئەو ئامانجە مەزنانەش کە ئەو حزبە سیاسیانە لەسەری رێککەوتن و لە پێناویدا ئەم بەرەیان پێکهێنا بریتین لە :

**1- هێنانە خوارەوەی نوری سەعید لەسەر حوکم و هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان :**

یەکێک لە ئەرکە هەرە مەزنەکانی ئەم بەرە هێنانە خوارەوەی نوری سەعیدە لەسەر حوکم چونکە ئەو هۆکاری هەموو مەینەتەکانەو یاریدەدەری داگیرکەرانە لە پشتگیری کردنیان لە هێرشەکەی سەر میسرو یارمەتیەکانی ئیسرائیل و لە هەموو سیاسەتەکانی ناوەوەو دەرەوە شکستی خواردوەو سەرکەوت و نەبوە ، تەنها لە دژایەتی کردنی کێشەی عەرەب و حزبە سیاسیەکان سەرکەوتو بوە بۆیە بەبێ هێنانە خواری ئەم پیاوە ولات لە پەیماننامە کلکایەتیەکان دەرناچێ کە عێراقیان بە کۆمەلێک هاوپەیمانی بەستۆتەوە بێ ئەوەی لە بەرژەوەندی خەلکی عێراقدا بێ هەر ئەویش بوە جێبەجێکاری پرۆژەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەی عەرەبی بۆیە هێزە سیاسیەکان ئەم ئامانجەیان بە زەرور زانیە .

2- دەرچون لە پەیماننامەی بەغداو یەکخستنی سیاسەتەکانی عێراق لەگەل ولاتانی عەرەبیی ئازاد.

3- رێگەگرتن لە دەستێوەردانەکانی داگیرکەر ، گرتنەبەری سیاسەتێکی عەرەبیی بێلایەن.
4- فەراهام کردنی ئازادیەکانی دیموکراسی .
5- نەهێشتنی بەرێوەبردنی عورفیو ئازادکردنی زیندان و گیراوە سیاسیەکان
6- گەراندنەوەی فەرمانبەرو کرێکارو خوێندکارەکان بۆ سەر کارەکانیان ئەوانەی بە هۆکاری سیاسیەوە دورخراونەتەوە

لیژنەی باڵای بەرەی یەکێتی نیشتمانی

9 ی ئاداری 1957 بەغدا

**سێیەم / پەرچە کرداری دەسەلات لەسەر بەیاننامەی یەکێتی نیشتمانی**

کۆشکی پادشا و بەریتانیاش لەگەڵی بۆی رون بۆوە کە ئیتر گەلی عێراق ئەم دۆخە قەبول ناکاو ستەم و زۆرداریەکان گەیشتونەتە لوتکەی بۆیە مەتسری روخانی رژێمی لێ نیشتەوەو بەتایبەتیش دوای ئەوەی نوری سەعید هەموو دەرگاکانی بەروی کاری سیاسی داخست و دەستوری پەکخست و ژمارەیەک لە فەرمانی نارەواشی دەرکردن کە بوە مایەی ئەوەی حزبە سیاسیەکان بیر لە یەکریزی و یەکخستنی تواناکانیان بکەنەوە ئەوەبوو دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانیی لێدەکەوێتەوە ، دواتر بەریتانیاش هەستیکرد کە عێراق پاش پەیمانی بەغداو هێرشە سێ قۆلیەکەی سەر میسر بە دروستی لە ولاتانی عەرەبی دابراوەو بۆتە ولاتێکی نامۆ ، بە پێویستی زانی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ نوری سەعید لە دەسەلات دور خاتەوە بۆ نەهێشتنی دابرانی عێراق و دامرکاندنەوەی تورەیی خەلک ، ئاماژە بە نوری سەعید دەکەن تا دەست لەکار بکێشێتەوە ، لە 8 ی حوزەیرانی 1957 نوری سەعید دەست

لەکارکێشانەوەی دەداتە مەلیک ، ئەویش قەبولی دەکاو لە 20 ی حوزەیران 1957 عەلی جودەت ئەیوبی ڕادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری.
بەڵام حکومەت نەیتوانی ئەمجارە کلاو بنێتە سەر خەلک و بەم چەواشەکاریە حکومەت ورژێم لە دەست تولەی جەماوەر رزگارکا .

**** ****** ****** ****

## بەشی شانزەهەم

## یەکگرتنی میسرو سوریە، عێراقیش بە یەکێتی هاشمی وەڵامی دەداتەوە

**یەکەم/ چڕ بونەوەی پیلانەکانی سەر سوریا ناچاری دەکا لەگەڵ میسر یەکبگرن**
**دووەم/ بە فەرمانی بەریتانیا عێراق بە یەکێتی هاشمی وەلامی دەداتەوە.**
**سێیەم/ ئالۆزتر بونی دۆخەکان و گەرانەوەی نوری سەعید بۆ سەر حوکم.**
**چوارەم/ نوری سەعید سەرۆکایەتی حکومەتی هاشمی دەکا .**
**پێنجەم/ روخانی حوکمی پادشایەتی و کوژرانی نوری سەعید و عبدالالە.**

**یەکەم/ تچڕ بونەوەی پیلانەکانی سەر سوریا ناچاری دەکا لەگەڵ میسر یەکبگرن.**

بەهۆی زیاد بونی فشارو پیلانەکانی حکومەتی عێراق لەسەر سوریاو بەستنی پەیمانی بەغدا، سوریا لەوە دڵنیا بوو کە نیازی عێراق خەراپەو لە هەولی روخاندنی رژێمەکەیدایە بۆیە ناچار دەبێ لەگەڵ میسر بە سەرۆکایەتی جەمال عبدالناسر یەکێتی رابگەیەنن. لەئنجامی ئەو بڕیارە مێژوییەی سەرکردەکانی سوریا شاندێکی سوری بەسەرۆکایەتی شوکری القوتەلی و ئەندامێتی سەرۆکی وەزیران و سوپاسالارو

ژمارەیەک لە بەرپرسی سیاسی و سەربازی ولات سەردانی میسریان کرد لەگەل بەرپرسانی میسر پرسی یەکگرتنیان تاوتوێ کرد بە هۆکارەکانی ئەم بڕیارەو مەترسیەکانی پیلانی دوژمنان لەسەر سوریاوە. دیارە ئەم بابەتە خەونێکی دیرینی سەرۆک جەمال عبدالناسر بوو کە ولاتانی عەرەبی یەکبخاو بیانکا بە هێزێکی کاریگەر ، دانوستانەکان ئەوەندەیان نەبرد لە 4 ی شوباتی 1957 پاش ئەوەی لەسەر هەموو بابەتەکان رێککەوتن ئەم یەکێتیەیان راگەیاند ، دەستیان کرد بە یەکخستنی دەزگا سەربازی و سیاسی و ئیداریەکان و پێکهێنانی دوو حکومەتی هەرێمی بۆ هەردوو ولاتی میسرو سوریا . .

ئەنجامدانی ئەم پرۆسە بوە تێکەوتنی هەڵەی زۆر کە ئەمەش بوو هەرەسی پێهێنا یەکێک لەو هۆکارانە سەرکوت کردنی ئازادیەکان و پێشێلکردنی دیموکراسی چونکە لە میسر پێشتر ئازادی و دیموکراسی وەکو سوریا بەرقەرار نەبوو بەهۆی یەکگرتنیشیان ئازادیەکانی سوریایان سەرکوت کردن بەتایبەتی ئازادی سیاسی کە حزبی شیوعیی گرتەوە ، ئەگەر جەمال عبدالناسر ئەم رێچکە دیماکراسیەی بگرتایەتە بەر بەدوری نازانین عێراق کاتێک لە شۆرشی 14 تەموزی 1958 سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەویش بگەیشتبایە ئەو کاروانەو لەگەل میسرو سوریا یەکی بگرتبا ، بەڵام جێگای داخە کە جەمال عبدالناسر رێچکەیەکی تری گرتەبەرو حزبی شیوعیی راوناو بوە مایەی نارەزایی وبێزاری خەلک لەم حکومەتە تازە ، دیارە لەم حالەتەدا ئیمپریالیزم بەدوای هەلێکدا دەگەرێ نەک لە پەرۆشی سوریاو دیموکراسیەکە بەلکو بۆ هەرەس پێهێنان بەو ئەزمونە نوێیە کە دواجار پیلانەکانیان سەردەگرن ، بەڵام لەگەل ئەمەشدا یەکگرتنەکەی سوریاو میسر راگەیەندرا بێ ئەوەی هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژی سوریا ئەنجام بدرێ و خەونەکەی عبدالالە و نوری سەعیدیش لە گۆرنرا دوژمنیش تەنگەتاو بوو. .

ئەم یەکگرتنە بەر لە هەموو شتێک گورزێک بوو بە ئیسرائیل کەوت بۆیە ئاساییە ئەمریکا هەموو هەولەکانی بخاتە گەر بۆ هەرەس پێهێنان ، لەگەل ئەمەشدا ئۆباڵی ئەم هەرەسە باری زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی جەمال عبدالناسر کە ئازادیە سیاسیەکانی کپ کردن و حزبی شیوعیی تۆقاند . .

دەبا هەلوێستی گەلی عێراق و حزبە سیاسیەکان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14 ی تەموز دیارکەین لەسەر ئەم یەکێتیە ، حزبی بەعس و نەتەوە پەرستەکان دروشمی یەکگرتن لەگەل کۆماری عەرەبی یەکگرتوویان بەرز کردەوە بێ ئەوەی بیر لە نەرێنیەکانی بکەنەوە کە ئەنجامەکەی بەچی دەگاو گەیشت ، حزبە دیموکراسی و شیوعیەکانیش دروشمی فیدرالیزمیان بەرز دەکردەوە بۆئەوەی نەکەونە هەمان هەڵەی میسر و سوریاوە بەرەچاوکردنی جیاوازیەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیی کۆمەلگاکان چونکە لە عێراق جگە لە عەرەب نەتەوەی تریش هەیە .

**** ***** ****

**دووەم/ بە فەرمانی بەریتانیا عێراق بە یەکێتی هاشمی وەلامی دەداتەوە.**

هەرکە یەکێتیەکەی نێوان سوریاو میسر راگەیەندرا ، رژێمی هەردوو ولاتی عێراق و ئوردن بەرچاویان تاریک دەبێ نازانن چی بکەن وەکو پەرچە کردار ، هەروەها بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی هەردوو ولاتیش بەتایبەتی کە لەو ماوەیە ئەو رژێمەی عێراق روبەروی چەند راپەرین و شۆڕشێک ببوەوە وەکو هەولی روخانی رژێمەکە، راپەرینی کانونی 1948 ، شەرەکانی راپەرینی تشرینی 1952،راپەرینی 1956 لە سەروبەندی هێرشە سێ قۆلیەکەی سەر میسر ، هەردوو رژێم دانیان بە ولاتە نوێکە نەناو بالوێزی عێراق و ئوردنیش نامەی پشت پێبەستنەکانیان پێشکەش بە سەرۆکە نوێکە نەکرد تا نەبێتە دانپیانان. لە بەرانبەردا سەردانی بەریتانیاو ئەمریکایان کرد داوای هاوکاری ورێگەچارەیان لێکردن ، لای ولاتانی ئیمپریالیزم پاراستنی هەردوو رژێمی ئوردنی و عێراقی گرنگترین شت بوو بۆیە یەکێتیان لە نێوان ئەو دوو ولاتە راگەیاند وەکو پەرچەکردار تا هێزەکانی عێراق بکێشنە ئوردن بۆ پاراستنی رژێمی ئوردنی لە هەرهێرشێک ، لە کۆبونەوەی پەیمانی بەغدا وەزیری دەرەوەی بەریتانی (سلوین لوید) پێشنیار دەکا کە :

1- یەکێتی لە نێوان ئوردن و عێراق و سعودیە ئەنجام بدرێ تا لە یەکێتیەکەی میسرو سوریا بەهێز تر بێت .
2- هاندانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو بلاو کردنەوەی پرۆپاگەندەی خەراپ دژی یەکێتیەکەیان .

ئوردن لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی بەریتانی (سلوین لوید) وەزیری دەرەوەی خۆی ناردە بەغدا ، نامەیەکی بۆ مەلیک فەیسەلی دووەم و عبدالالە نارد داوای لێکرد هەندێک لە وەزیرو کاربەدەستانی بنێرنە ئوردن بۆ وتووێژ لەسەر ئەم پرسە .

لە 11 ی شوباتی 1958 مەلیک فەیسەلی دووەم بە یاوەری بەرێزان برهان الدین باش أعیان وندیم پاچەچیوعبد الرسول الخالصي وەزیری دەرەوەو دارایی و داد گەیشتە عەممان دواتر تۆفیق السوێدی و رەفیق عارف سوپاسالار و سەرۆکی دیوانی مەلەکی عەبدوللا بەکریش گەیشتنە لایان سەرەتا عبدالالە لە بەغدا مابۆوە تا نوێنەرایەتی مەلیک بکا بەڵام دواجار لە 13ی شوبات ئەویش گەیشتە لایان ، دوای گفتوگۆیەکی زۆر بریاریان دا یەکێتی عەرەبی لە نێوان عراق و ئوردن رابگەیەنن کە بەلایانەوە باشترین پالپشتە بۆ مسۆگەری مانەوەی هەردوو رژێم .

## راگەیاندنی دروست بونی یەکێتیی عەرەبی

----------------------------------------

لە 14 ی شوباتی 1958 هەردوو رادیۆی بەغداو عەممان هەواڵێکیان بلاو کردەوە کە راگەیاندنی لەدایکبونی یەکێتیی عەرەبی بوو لە نێوان بەغداو عەممان ئەمەش دەقەکەیەتی:

راگەیاندنێکی هاوبەش:

لەسەر داوای خاوەن شکۆ مەلیک حسێن کوری تەلال ، پادشای پادشانشینی ئوردنی هاشمی ، رۆژی 11 ی شوباتی 1958 جەنابی خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەلی دووەم پادشای عیراق لە عەممان ئامادە بوو ، هەروەها لە 13 ی شوباتیش خاوەن شکۆ جێنشین عبدالالە یش ئامادە دەبێ .

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کۆبونەوە بە ئامادە بونی هەردوو خاوەن شکۆو ، لە لایەن عێراقیشەوە ئەم بەرێزانە ئامادە دەبن توفیق ئەلسویدی، ئەندامی ئەنجومەنی پیران، برهان الدین باش ئەعیان وەزیری دەرەوە وندیم پاچەچیوەزیری دارایی و عەبدولرسول خالصي وەزیری دادو عبد الله بكر سەرۆکی دیوانی مەلەکی و بەهائەددین نوري بالوێزی عێراق لە عەممان، رەفیق عارف سوپاسالاری عراق ئامادە بون لەلایەن ئوردنیشەوە ئەم خاوەن شکۆو بەرێزانە ئامادە بون إبراهیم هاشم ،سەرۆک وەزیران، [ سەمیررفاعي ] جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە و[سلێمان طوقان ] وەزیری کۆشک [خلوصي خیري ] وەزیری ئابوری نیشتمانی و[ ئەحمەد طراونة ] وەزیری داد و پەروەردە و[ بەهجەت تلهوني ] سەرۆکی دیوانی مەلەکی و [عاكف فائز] وەزیری کشتوکاڵ و بەرگری و [ فەرحان شبیلات] بالوێزی ئوردن لە بەغدا و [سەرتیپ حابس ئەلمەجالي ] سوپاسالاری ئوردن [صادق ئەلشەرع ] یاریدەدەری سوپاسالار.

ئەنجامی ئەو رێککەوتنە ئەوەبوو یەکێتیی عەرەبی دروست کەین کە ئێستا رامان گەیاند لەمرۆوە لە 24 ی رەجەبی 1377 دەکاتە 14 ی شوباتی 1958لە کۆشکی بەسمانیی ئاوەدان لە عەممان .

**دەقی رێککەوتنی یەکێتی عەرەبی**

پێشەکی:

لەبەر ئەوەی شۆڕشی مەزنی عەرەبی کە بە سەرۆاکیەتی خاوەن شکۆی مەزن مەلیک حسێن کوری عەلی هەلگیرسا ئامانجی یەکگرتنەوەی عەرەب بوو بە خاک و گەلەوە بۆ ئەوەی عەرەب لە کۆمەلگای نیودەولەتی پێگەی شیاوی خۆی بگرێ ، چونکە ئەو نامەی هەلی گرتبوو نامەیەکی زیندوو نەمرە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگواسترێتەوەو کاری پێدەکرێ بۆئەوەی مەشخەلی شۆڕشی عەرەبی هەمیشە گەشاوە بێ تا رابردوی شکۆدار زیندو بکرێتەوە ، لەم روانگەیەوە هەردوو دەولەتی هاشمی بریاریان دا یەکێتی لە نێوانیان دروست کەن بۆئەوەی ئامانجە نەتەوایەتیەکان بێننە دی لەسەر ئەم خالانە رێککەوتن :

1- یەکێتیەک دادەمەزرێ لە نێوان پادشانشینی عێراق و ئوردنی هاشمی بەناوی یەکێتیی عەرەبی لە رۆژی هەینی 24 ی رەجەبی 1377 دەکاتە 14 ی شوباتی 1958 ئەم یەکێتیەش کراوە دەبێ لەبەردەم ولاتانی عەرەبیی تر ئەگەر بیانەوێ بێنە ناوی .
2- هەردوو دەولەت کەسایەتیی نێودەولەتی خۆیان دەپارێزن بە سەروەریەکانی خاک و حکومەتەوە.
3- ئەو پەیمان و رێککەوتنانەی بەر لەو یەکێتیە لەگەل ولاتانی تر ئەنجام دراون بۆ هەریەک لەم دوو ولاتە پارێزراو دەبن ، ولاتی لایەنی دوەمیش دەتوانێ پابەندی نەبێ .

4- له رۆژی راگەیاندنی ئەم یەکێتیە، رێکارە فەرمیەکانی یەکگرتن دەست پێدەکرێ لەسەر ئەم بابەتانە:

ا/یەکێتی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی .
ب/ یەکخستنی سوپای عێراق و ئوردن .
ج/نەهێشتنی رێگریە گومرگیەکان و یەکخستنی هێزی گومرگی .
د/ یەکخستنی بەرنامەکانی خوێندن.

5- هەردوو لایەن بەزوترین کات لەسەر یەکخستنی پارەو سیاسەتی دارایی رێکدەکەون .
6- کاتێک بەرژەوەندیەکانی یەکێتی ئەوەیان دەوێ کارێک یا فەرمانگەیەک کە لە برگەی چواری سەرەوەدا نەهاتوەدروستی کەن ، دەکرێ یەکیبخەن بەپێێ دەستوری یەکێتی.
7- ئالای شۆڕشی عەرەبی دەبێتە ئالای یەکێتی هەردوو ولات.
8- ا/ کاروباری یەکێتی حکومەتێکی یەکگرتو دەیبا بەرێوە کە لە دوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن پێکدێ .

ب/ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئوردن لە نێو خۆیاندا ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان هەلدەبژێرن بە یەکسانی .
ج/ئەندامانی دەسەلاتی جێبەجێکردن بەپێی دەستوری یەکێتی دادەمەزرێن بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکان .

9- پادشای عێراق سەرۆکی حکومەتی یەکێتی دەبێ ، لە کاتی ئامادە نەبونی پادشای عێراق ، پادشای ئوردن سەرۆکایەتی حکومەت دەکا ، هەریەک لەو مەلیکانە دەسەلاتی مەلەکی خۆیان لە ولاتەکەیاندا دەبێ ،ئەگەر ولاتێکی تر هاتە ناو ئەو یەکێتیە ئەوکات دەستور هەموار دەکرێتەوە.
10- بارەگای حکومەتی یەکێتی بە شێوەیەکی دەوری هەر شەش مانگ لە بەغداو عەممان دەبێ
11- ا/حکومەتی یەکێتی دەستور بۆ یەکێتی دادەنێ بە پێێ ئەو رێککەوتنە ، بە پێێ پێویستیش دەکرێ هەموار بکرێتەوە .
ب/ ئەنجام دانی رێکارە پراکتیکیی یەکێتی نابێ لەماوەی سێ مانگ تێپەر بکا.
12- ئەم رێککەوتنە بەپێێ دەستوری هەردوو ولات ئەنجام دەدرێ .
ئەم رێککەوتنە لە کۆشکی بەسمانی ئاوەدان نوسراوە لە رۆژی هەینی رێکەوتی 24 ی رەجەبی 1377 دەکاتە 14 ی شوباتی 1958 .

ئاشکەرایە کە ئەم یەکێتیە وا بەپەلە ئانجام دراو راگەیەندرا کە تەنها 10 رۆژ بەسەر یەکگرتنەکەی میسرو سوریا تێپەر ببوو ئەمەش تەنها بۆئەوەی دڵی بەریتانیاو ئەمریکا ئاو بخواتەوەو رێگری لە پەرەسەندنی شۆڕشی عەرەبی بکەن ، هەولی زۆریاندا کە سعودیە بکێشنە ئەو رێککەوتنە بەڵام سعودیە بەهۆی ئەوەی پێشتر مەلیک عبدالعزیز دەسەلاتی لەدەست ئەوان دەرهێنابوو بۆیە متمانەی بە خانەوادەی هاشمی نەدەکرد و بەهۆیەوە نەچوە ناو ئەو یەکێتیە .
ئەوەش بلێین کە ئەمریکاو بەریتانیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو لەو ناوچەیە لەسەر نەوتی

رۆژهەلاتی ناوەراست ، هەرچەندە ئەمریکا لە ژێرەوە لە هەولی ئەوەدابوو کە رایەخەکە لە ژێر پێی بەریتانیا دەربهێنێ و خۆی لە کەنداو ببێتە خاوەن دەسەڵات دیارە دواتر ئەمەشی ئەنجام داو وردە وردە دەسەلاتەکانی بەریتانیای لەو ناوچانە کەم کردنەوە.

لە راگەیاندنی یەکێتیی عەرەبی و جەماوەری عەرەبی زۆر بەساردی پێشوازیی لەم یەکێتیە کرد چونکە دیاربوو کە پەرچەکرداری یەکگرتنەکەی میسرو سوریا بوو گەمەی ئیمپریالیزمیشی پێوە دیار بوو ، ئەو یەکگرتنەیان بە یەکگرتنی پادشاکان دەزانی نەک یەکگرتنی جەماوەری ولاتەکان ، بۆیە ئیرادەی جەماوەر لە پیلانەکانیان بەهێز تر بوو ئەوەتا ئەو یەکێتیە تەنها پێنج مانگ بەرگری دەکا کاتێک ئاپۆری جەماوەرە تورەکەی عێراق لە 14 ی تەموز هەڵدەکوتێتە سەر دەسەلات و کۆشک و تەلاری پادشا دەروخێنێ و مەلیک و نوری سەعید و عبدالاله لەناو دەبەن .

**** **** ****

## سێیەم/ ئالۆزتر بونی دۆخەکان و گەرانەوەی نوری سەعید بۆ سەر حوکم.

بەهۆی تێک چونی دۆخی ناوچەکە لە ئەنجامی راگەیاندنی یەکێتی لە نێوان میسرو سوریاو کاردانەوەی لە عێراق و هەراسان بونی ئیمپریالیزم ونۆکەرانی ، بەهۆیەوە حوکمگێران لە عێراق بوە کارێکی قورس و سەخت ، تاقە کەس کە بیتوانیبایە حوکم لەو سەردەم بگێرێ نوری سەعید بوو کە پیاوی ئەرکە مەزنەکانی بەریتانیاو جێی متمانەی ئەوان بوو ، بەم شێوەیە بە عبدالوهاب مەرجانیان راگەیاند بەهۆی راگەیاندنی یەکێتیی هاشمی .دەست کێشانەوەی حوکمەتەکەی رابگەیەنێ چونکە دەبێ پەرلەمان هەلوەشێندرێتەوەو هەلبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێ لە راستیدا عبدالوهاب سەرۆک وەزیران لە پیلانەکەی نوری سەعید و عبدالاله رازی نەبو کە سوپا بۆ سەر سوریا بنێرێ ، بۆیە لەم هەلوێستەی هەردوکیان لێێ تورە دەبن و ئەم بەزمەی بۆ دروست دەکەن .

ئیتر لە 2 ی ئاداری 1958 عبدالوهاب دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی رادەستی مەلیک دەکا و بۆ رۆژی دواتر مەلیک قەبولی دەکاو نوری سەعید رادەسپێرێ کابینەی چواردەهەمی پێکبێنێ ، چونکە لەوکاتەی عێراق دامەزراوە بۆ ئەو چواردەمین کابینەیە ، حکومەتەکەش لەم وەزیرانە پێکهاتبوو:

1 - نوري سەعید - سەرۆکی وەزیران و وەزیری بەرگری .
2 - فاضل جەمالي - وەزیری دەرەوە .
3 - سەعید قەزاز - وەزیری ناوەخۆ .
4 - جەمیل عەبدولوەهاب وەزیری داد .
5 - ضیاء جەعفەر - وەزیری ئابوری .
6 - عەبدولکەریم ئەلئەزري - وزیری للمالیة .
7 - سامي فەتاح - وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی .

8 - موحەمەد مشحن حەردان - وەزیری کشتوکاڵ .                                .
9 - عەبدولحەمید کاظم - وەزیری زانست .                                .
10 - عەبدولئەمیر عەلاوي - وەزیری تەندروستی .                                .
11 - صالح سائب جبوري - وەزیری گەیاندن و کار .                                .
12 - رشدي چەلەبی - وەزیری ئاوەدان کردنەوە                                .
13 - برهانەددین باش ئەعیان - وەزیری بێوەزارەت.                                .
14 - مەحمود بابان - وەزیری بێوەزارەت.                                .
15 - رابح ئەلعەتیە - وەزیری بێ وەزارەت .

لەگەڵ دامەزراندنی کابینەکە نوری سەعید رادەگەیەنێ کە ئەم کابینە کابینەیەکی تایبەتیە بەهۆی ئەوەی عێراق بە دۆخێکی تایبەتیدا تێپەر دەبێ و ئەرکەکانیشی پشتگیری یەکێتی هاشمی و بەهێز کردن و چەسپاندنی حکومەتەکەیە بە هەر شێوەیەک بێ ، لە راستیشدا نوری سەعید بەهۆی ئەو دۆخە نوێیە گەرایەوە کە یەکێتی سوریاو میسر بوو تا تێکی بداو ئەگەر دۆخەکانیش لەبار بون هێرش بکاتە سەر سوریا ،(ئەرسکین چایلەر) لە کتابەکەی خۆیدا بەناوی (راستی لە سەر جیهانی عەرەبی) دەنوسێ: ( نوری سەعید لە دوجار لەگەڵ کەمیل شەمعون دەکەونە رێککەوتننامەیەک کە بە مردویی لەدایک بوو ، ئەویش هێرش بردنەسەر سوریابوو لە سنوری ئوردنەوە و لەناوبردنی یەکێتیی نێوان ئەوان و میسرو سەرکوت کردنی رکابەرانی کەمیل شەمعونی سەرۆکی لوبنان.\، عبدالوهاب مەرجان سەرۆک وەزیران ئەم راستیەی بۆ عەبدولرەزاق الحسنی پشتراست کردەوە کە نیازی نوری سەعید چی بوە و پێی ووتوە :

( کاتێک نوری سەعید لە کۆبونەوەی پەیماننامەی بەغدا کە لە ئەنکەرە بەسترا گەرایەوە لەگەڵ من و عبدالاله و سەرۆکی دیوانی مەلەکی کۆبوەوەو وتی دۆخەکان لە سوریا مەترسیدارن دەبێ ئێمە لەم کاتە یارمەتی گەلی سوریا بدەین هەرچۆنێکی بێ تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد بە هێز و سوپا سنورەکانی ببەزێنین دەبێ بیکەین، منیش دژی ئەم بیرۆکە وەستام و ووتم چی پێویست دەکا سوپای عێراق لە شەرێک بئاخنین کە هی ئێمە نیە، پێشم ووت هەر حکومەتێک فەرمان بە سوپا بدا هێرش بکاتە سەر سوریا ئەو هێرش:ە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە ، نوری سەعید ئەمەی پێ سەیر بوو ، ووتی ئەمەت لە کوێ هێناوە؟ ووتم: بەرێوە بەری ئاسایشی گشتی (بەهجەت العطیە) پێێ ووتم. ووتی ئەمە راست نیە ، خۆی دەبوایە سوپا بچێتە سەر سنوری ئوردن تا لە کاتی گونجاو هێرش بکاتە سەر سوریا . خەڵک لە هاتنەوەی نوری سەعید و پێکهێنانی کابینەی سیانزەمی بە دلەراوکێ چاوەروانیان دەکرد چونکە هاتنەکانی پێشتریش بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو پرۆژەکانی داگیرکاری ئینگلیز بون بۆیە چاوەروانی هەموو ئەگەرێکیان دەکرد . لەبەر ئەو مەترسیە چاوەروانکراوانە41 کەسایەتی سیاسی و کۆنە سەرۆک وەزیر و کەسایەتیی نیشتمانی و مامۆستای زانکۆ یاداشتێکیان دایە نوری سەعید کە ئەم کارە ئەنجام نەدا کە بەتەمایە بیکا . بەلام نوری سەعید خۆی دا لە گێلی و یاداشتەکەی پشتگوێ خست تەنانەت ئامادە نەبوو دەقەکەی لە رۆژنامەکانیش بلاوکاتەوە بۆیە ، ئەوانەی یاداشتەکەیان دابوو ناچار بون لە رۆژنامەیەکی میسری بەناوی (الشعب) رۆژی 4 ی نیسانی 1958 بلاو کەنەوە، ئەو یاداشتە لە نێو ریزەکانی جەماوەر دەنگۆیەکی زۆری پەیداکرد.

ئەمەش دەقی یاداشتەکەیە :

جەنابی سەرۆک وەزیران بەرێز.

لەکاتێکا ئێوە دەگەرێنەوە سەر حوکم عێراق لە دوریانێکە ، دەبێ عێراق ئەو رێگایە هەلبژێرێ کە چارەنوسی نەوەی داهاتوو مسۆگەر دەکا ، ئێوە لەلایەن کەسان و لایەنێکەوە دەست نیشان کراون کە عێراقیان بەرەو چارەنوسێکی خەراپ ئاراستە کردوە لەوانە بەستنەوەی بە پەیماننامەی وەکو بەغداو پەیمانە تایبەتیەکان لەگەل بەریتانیا بەمەش روتان لە نەتەوەی عەرەبی وەرگێراوە . گوزەران لە ژێر ئەو دۆخە کارێکی ئەستەمە کە دەستوری ئەفلیج کردوەو مافەکانی گەلی پێشێل کردوە . بۆیە ئێمە ئەوانەی لە خوارەوە واژۆمان کردوە بەباشمان زانی بە راشکاوی پێتان بلێین کە ئەوەی ئێوە دەیکەن لە بەرژەوەندی گەلی عێراق دا نیە ، خۆتان بینیتان گەلی عەرەبی چۆن نارەزاییان دژی پەیماننامەی بەغدا دەربری ، بۆیە نابێ ئەم پەیماننامەیە بگەیەنیتە هیچ دەولەتێکی تری عەرەبی بەلکو دەبێ هەولی ئەوە بدەیت لێی دەرچی، بەدەرچونت مافە پێشێلکراوەکانی گەل دەگەرێنەوەو بەدلنیایەوە کاتێک میلەت دەبینێ ئازادەو ئەو کۆت و بەندانەی لەسەری هەبون وەلانراون هەرخۆی داوای یەکێتی لەگەل ولاتانی تری عەرەبیدا دەکا، بەلام خەلک پێێ سەیرە لەکاتێکا ئێوە بانگخوازی یەکیتی ولاتانی عەرەبی دەکەن کەچی دژی یەکێتیەکەی میسرو سوریا دەوەستنەوە ، میساقی یەکێتی کراوەیە هەر دەولەتێک دەتوانێ وێرای سوریاو میسر بچێتە ناو ئەو یەکێتیە ، کاتێک دەگوترێ یەکێتی میسرو سوریا دژی عێراق ئەنجام دراوە ئەمە جێی برواکردن نیە ، ئێمە پێمان سەیرە بۆ دژی یەکێتین لەگەل میسرو سوریا لە کاتێکا داوای یەکێتی لەگەل ئوردن دەکەن؟ .
جەنابی سەرۆک کاتێک گەلی عێراق هیچ دەرفەتێک نابینێ دەنگی زولالی خۆی بە دونیا بگەیەنێ ، رۆژنامەکانی لێ قەدەغەن و کاری سیاسی قەدەغەدەبێ ناچارن دەنگ بە کەسانێک بدەن کە جێگەی متمانەی ئەوانن تا دەنگی نارەزایی و مەترسیەکانی ئەم قۆناغە بە ئێوە رابگەیەنین بۆئەوەی چیتر دەستور پێشێل نەکرێ و ئازادیەکان فەراهام بکرێن و زیندانیە سیاسیەکان ئازاد بکرێن تا گەل بە ئازادی لە رێگەی هەلبژاردنێکی رەوادا داوای یەکێتی بکا. لەگەل ئەوپەری ریزمان بفەرمون .

24 ی شەعبانی 1377 دەکاتە 15 ی ئاداری 1958

وێنەیەک بۆ دیوانی مەلەکی

ئەوانەی واژۆیان کردوە :

موحەمەد رضا شبیبي ـ موحەمەد مەهدي کبە ـ ناجي شوکەت ـ مزاحم پاچەچی تەحسین عەلی ـ سەعد عومەر ـ حسین جەمیل ـ فائق سامرائي ـ موحەمەد صدیق شنشل ـ سامي باش عالم ـ جەمال عومەر نظمي ـ حەسەن عەبدولرەحمان ـ عەلی الصافي ـ موحەمەد حەدید ـ جەمیل کبە ـ موحەمەد ئەحمەد ئەلعومەر ـ نەجیب ئەلصائغ ـ صالح شالچي ـ موحەمەد بابان ـ فیصل حەبیب خیزران ـ کامل شالچي ـ ئەحمەد زەکي خیاط ـ مظهر فەهمی العزاوي ـ مەحمود رامز ـ زەکي جەمیل حافظ رەمزي عومەری ـ ناجي یوسف ـ عواد عەلی النجم ـ ئیبراهیم عطار باشي ـ مەحمود ئەلدرة ـ عەبدولحەمید

یاسري ـ هدیب حاج حمود ـ عەبدولشەهید یاسري ـ نعمان العاني ـ فؤاد رکابي ـ جەمیل ئەمین ـ عەبدولرەحمان بەزاز ـ موحەمەد طریحي ـ د .موستەفا کامل یاسین ـ د . عبد الله ئیسماعیل بستاني ـ د . فیصل الوائلي ـ د . عباس الصراف .
هەر ئەمانیش ناجی شەوکەتی کۆنە سەرۆک وەزیریان پشتراست کرد لەوەی یاداشتەکە بگەیەنێتە عبدالالە و داواشی لێبکا میساقی بەغدا سر بکرێ و نوری سەعیدیش دور بخرێتەوە لە حوکم، بکرێ بە بالوێزی عێراق لە ئەمریکا ، ئەحمەد موختار بابان راسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی تازە و چاوێکیش بە سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی عێراقدا بخشێنێ .
بەلام عبدالالە داواکاریەکانی رەت کردنەوە تەنانەت ئامادە نەبوو چاویشی پێیان بکەوێ.
نوری سەعید لە سیاسەتەکەی بەردەوام دەبێ بێ گوێدانە هیچ یاداشتێک لە 11 ی ئایاری 1958 دەستور هەموار دەکاتەوە بەشێوەیەک بتوانێ عێراق و ئوردن یەکێتی هاشمی پێکبێنن ، لە 28 ی ئاداریش پەرلەمانی هەلوەشاندەوە ،5 ی ئایاریشی دیاری کرد بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی هەلبژاردن ، بەلام حزب و لایەنە سیاسیە نیشتمانیەکان بایکۆتی ئەم هەلبژاردنەیان کرد کە لە بار و دۆخێکی ناهەموار ئەنجام دەدرێ ، چونکە ئەو حوکمەی ئەوکات نادەستوری دەربردرا بەرێوە بۆیە بەر لە ئەنجامدانی هەلبژاردنەکە ئەنجامەکەی دیاربوو کە لە کۆی 148 ئەندام 118 ئەندام لەلایەنگرانی نوری سەعید بە پشتراست کردن دەرچون بێ رکابەر، ئەوانی تریش لایەنگری سیاسەتەکەی بون ئەو پەرلەمانە دەستوری هەموار کردەوە بەشێوەیەک بتوانرێ یەکێتی هاشمی ئەنجام بدرێ ، پاش ئەوەی نوری سەعید ئەرکەکە بەجێ دەگەیەنێ لە 14 ی ئایار 1958 دەست لەکار دەکێشێتەوە تا ئەرکی سەرۆک وەزیرانی یەکێتی بگرێتە ئەستۆ ، ئەو دەست لەکارکێشانەوە قەبول دەکرێ و مەلیک لە 19 ی ئایار 1958ئەحمەد موختار بابان رادەسپێرێ بۆ کابینەی نوێ و نوری سەعیدیش بۆ کابینەی یەکێتی هاشمی .

**** ****** ****

دروست بونی یەکێتی هاشمی کە بە یەکێتی عەرەبی ناونرابوو نوری سەعید دەست لە کابینەی وەزاریی عێراق دەکێشێتەوە مەلیکیش لە 19ی ئاداری 1958 رایدەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی یەکێتی هاشمی .

**چوارەم/ نوری سەعید سەرۆکایەتی حکومەتی هاشمی دەکا .**

له ئەنجامی پێیکهێنانی یەکێتی هاشمی کە بە یەکێتی عەرەبی ناونرابوو ، نوری سەعید دەست لە کابینەی وەزاریی عێراق دەکێشێتەوەو مەلیک فەیسەلی دووەمیش لە 19 ی ئایاری 1958 رایدەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاریی یەکێتی هاشمی.. کابینەکەش لەم وەزیرانە پێکهاتبوو:

1 - نوری سەعید- سەرۆک وەزیران . .
2 - ئیبراهیم هاشم - جێگری سەرۆک وەزیران. .
3 - توفیق ئەلسوێدی - وەزیری دەرەوە . .
4 - خەلوصي ئەلخیري - وەزیری دەولەت بۆکاروباری دەرەوە . .
5 - سلێمان طوقان - وەزیری بەرگری . .
6 - سامي فەتاح - وەزیری دەولەت بۆ کاروباری بەرگری . .
7 - عەبدولکەریم ئەلئەزري - وەزیری دارایی.

وێڕای ئەوەی نوری سەعید ئەرکی سەرۆکی وەزیرانی یەکێتیی گرتبوە ئەستۆ بەلام هەر خۆی لە عێراق هەموو شتێک بوو هەولەکانی بۆ بەهێز کردنی یەکێتی و لەبار بردنی یەکێتی میسرو سوریا و پشتگیریکردن لە رژێمی لوبنان و لەناوبردنی رکابەرانی کەمیل شەمعون تەرخان کردبوو ، هەروەها لە هەولی ئەوەدابوو کە هێز بنێرێتە سەرسنوری ئوردن و سوریا بۆئەوەی لە دەرفەتێکا هێرش بکاتە سەر سوریا .

## پێنجەم/ شۆڕشی 14 ی تەموزی 1958 و کوژرانی نوری سەعید و عبدالاله

وەکو شاعیرەکە دەڵێ: بایەکە بە خواستی کەشتیوانەکە هەلناکا . لە بەرەبەیانی 14 ی تەموزی 1958 ئەو هێزەی بەنیاز بو رەوانەی سوریا بکەن و هێرشی پێ بکەنە سەر سوریا لە پڕ رو وەردەگێرن و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا کۆشکی پادشاو دارو دەستەکەی بەسەریاندا دەروخێنن و هەریەک لە مەلیک فەیسەلی دووەم وعبدالاله و نوری سەعید لەناو دەبەن . بەم روداوە ئیمپریالیزم مەزنترین گورزی بەردەکەوێ ، بەرچاوی تاریک دەبێ لە تاوا هێز لە لوبنان دادەبەزێنێ بۆئەوەی دوبارە عێراق بگەرێنێتەوە باوەش خۆی بەلام گەلی عێراق دەورە لە شۆڕشەکە دەدەن و پێشوازیی لێدەکەن پیلانەکانی دوژم نەزۆک دەکەن .

رۆیشتنی نوری سەعیدو هاتنی ئەحمەد موختار بابان هیچ لە سیاسەتەکانی ناوەوەو دەرەوەی عێراقی نەگۆری بەلکو درێژە پێدەری سیاسەتەکانی نوری سەعید بوو تاقە کار کە ردبێنتی دەرکردنی لێبوردن بوو بۆ کامل چادرچی لەو ماوەی ماوەیەتی لە زیندان و ئازادی کرد چونکە ناوبراو لە 1956 بە دادگایەکی سەربازی حوکمدراب و، سەبارەت بە لوبنانیش حکومەتەکەی ئەحمەد موختار بابان لە هاوکاری و پشتگیریەکانی بۆ کەمیل شەمعون و رژێمەکەی بەردەوام دەبێ، ئەم سیاسەتەی کاتێک لە ئەنجامی

هەڵگیرسانی شۆڕشی 14 ی تەموز دەستگیر دەکریّ و لە بەردەم دادگا گەل (دادگای سەربازیی باڵا) ئەم سیاسەتەی رسوا دەکریّ و گشت نهێنیەکان ئاشکەرا دەبن ، لەوانە جەنەرالی هێزی ئاسمانی (یوسف عەزیزی) لە دادگای سەربازیی تایبەتیی باڵا لە 23 ی ئابی 1958 دان بەو راستیانە دەنێ و دەڵێ: لە 20 ی ئایاری 1958 لەسەر فەرمانی (ئەحمەد مرعی) جێگری سەرۆکی دیوانی مەلەکی بە دەستی یوسف مەحمود بە فرۆکە3 تۆن چەک و تەقەمەنی بۆ لوبنان گواستۆتەوە . لە لوبنانیش (سید عەباس) و کەسێکی تری لوبنانی لە هێزەکانی دەرەک بەناوی (نەخلە مغبغب) لێیانی وەرگرتوە . کاروانی دووەمی چەکەکانیش لە 14 ی حوزەیرانی 1958 رەوانە کراون ، لە 15 ی حوزەیرانیش هێزەکانی راپەری و ئۆتۆمبێلێکی بالوێزخانەی عێراقیان دەستگیر کرد کە پربوو لە چەک و تەقەمەنی ، ئەمەش بەلگەیەکی ترە کە رژێمی نوری سەعید هاوکاری کەمیل شەمعونی دەکرد .

دوای شۆڕشی 14 ی تەموز ئومێدەکانی کەمیل شەمعون دەروخێن وپشتگیریی نامێنێ بۆیە خۆی لەسەر حوکم ناگریّ لە 24 ی تەموزی 1958 سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران داوای کۆبونەوە لە ئەندامانی دەکا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارێکی نویّ لەجیات شەمعون کە لە 23 ی هەمان مانگ ماوەی حوکمرانیی تەواو دەبوو.

بەرنامەی نوری سەعید ئەوە بوو کە لە رێگەی ئوردنەوە هێزەکانی عێراقی بچنە ناو سوریاو رژێمەکەی بروخێنن و هاوکاریەکانیان بە کەمیل شەمعون بگەیەنن تا ئەویش دانیان پێدا بنێ و پشتگیریان بکا بەلام کاتێک فەرمان بە لیوای 19 و لیوای 20 دەدا کە فەرماندەکانی جەنەرال عەبدولکەریم قاسم و لیوای بیستیش کە دوو لە و سێ فەوجەی خۆی لەگەڵدا بوو فەرماندەی فەوجەکان هەریەک لە جەنەرال (عەبدولسەلام عارف و جەنەرال عەبدوڵتیف ئەلدراجی بون ، هەردوکیان لە ئەفسەرانی لیژنەی بالای بزوتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکان بوون ، ئامادە کرابون بۆ هێرش بردنە سەر سوریا بەمەبەستی لەناو بردنی یەکێتی میسرو سوریاو رزگار کردنی رژێمی کەمیل شەمعون بەپێی نەخشەی ئیمپریالیزم .

نوری سەعید وای دەزانی لە توانایدایە بەرنامەو نەخشەکانی بۆی دارێژراوە جێبەجێیان بکا ئەو گوتەی ئەو هەردەم دەیگوتەوە ( خانوی سەید پارێزراوە) ئەمە راست دەرنەچو ، ئەوەتا چەند رۆژێکی کەمی پێچوو کە ئەو خانوە بەسەریدا دەروخێ و ئەوەی خۆی و ئاغاکانی نەخشەیان بۆ دارشتبوو بنیادیان نابوو روخاو نەما ئاسەواری .

بڕیار وابوو هەردوو لیواکەی 19 و 20 کە لە جەلەولاو بەغداوە دەهاتن بەرەو ئوردن بکەونە ریّ تا لەوێوە هێرش بکەنە سەر سوریا ، بەلام لەوە بێخەبەر بون کە رێگە دەگۆرن و کۆشک و تەلارەکانیان بەسەریاندا دەروخێنن و سەردەمێکی نویّ لە عێراق دادێنن . پاش ئەوەی ئیمپریالیزم نوری سەعیدو عبدالالە لەدەست دەدا هیچی پێنامێنێ تەنها ئەوەنەبیّ هێز بنێرێتە لوبنان و ئوردن تا رژێمی ئوردنی لەدەست نەچیّ و لەوێوە هێرش بکاتە سەر عێراق و هەردوو هاوپەیمانەکەشی لە پەیمانی بەغدا تورکیاو ئێرانی ئاگادار کردەوە کە هێز بنێرنە سەر سنورەکان عێراق وەکو ئامادە باشی هێرش کردنە سەر عێراق ، بەلام هەلوێستی یەکێتی سۆڤیەت نەخشەکانی بەباداو رێگەی نەدا ئەم هێرشە ئەنجام بدریّ ، بۆیە ئیمپریالیزم تەکتیکەکانی خۆی گۆری هەولی ئەوەیدا نۆکەرانی لە ناوەوە وەکو حزبی بەعس بخاتە گەر بە لەناو بردنی کارەکتەرانی شۆڕشی 14 تەموز و تیرۆر کردنیان بە نیازی هەرەس هێنان بە شۆڕش ،

ئەوەبوو لە 8 ی شوباتی 1963 لە کودەتایەکدا عبدالکریم لەناو دەبەن و لەوساوە ولاتیان نقومی خوێن کرد



KING FAISAL I

لملك فيصل الأول مؤسس الدولة العراقية



عەبدولكەریم قاسم



جەعفەر عەسکەری



ياسين هاشمي


فەیسەلی دوەم و عبدالاله
نوری سەعید



فەیسەلی دووەم و عبدالاله


عەبدولکەریم قاسم لە
ژوری ئۆفیسی تایبەتی خۆی


سير برسي كوكس



رشید عالی


بەکر سدقی


ئەلوەسی عبدالالە


مەلیک فەیسەلی دوەم



شيخ محمد الصدر


عبدالمحسن ئەلسەعدون

# و سالح جەبر





# الوزارة السعدونية الاولى

رئيس مجلس الوزراء ووكيل وزارة الداخلية

عبد المحسن السعدون

وزير العدلية * ناجي السويدي

وزير المالية * ساسون حزقيل

وزير الاشغال * ياسين الهاشمي

وزير الدفاع * نوري السعيد

وزير المعارف * عبدالحسين الجلبي

وزير الاوقاف * عبداللطيف المنديل

# الوزارة السعدونية الثالثة

رئيس الوزراء ووزير الخارجية
ووزير الدفاع بالوكالة


عبدالمحسن السعدون


وزير الداخلية * عبد العزيز القصاب


وزير العدلية * حكمت سليمان


وزير المالية * يوسف غنيمة


وزير المواصلات والاشغال * عبدالمحسن شلاش


وزير المعارف * توفيق السويدي


وزير الري والزراعة * سلمان البراك


وزير الاوقاف * الشيخ احمد الداود







وزير العدلية • حكمت سليمان




ن وزير المعارف ، توفيق السويدي





نوری سەعید و سالح جەبر






## ئەم چەند دێرەی خوارەوە لە بەرگی دواوەی کتێب دادەبەزێ و وێنەکە دەکرێتە باگگراوندی ژێرەوەی نوسینەکە بە روبەری بەرگی دواوەی

**وەرگێر لە چەند دێرێکدا**

-----------------------



- لە پایزی 1955 لە هاوینە هەواری سەلاحەدین لە خێزانێکی هەژاری کورد پەروەری خزم دۆست چاوی بە دونیا هەڵێناوە.
- لە 1962 چۆتە بەر خوێندن و خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە شارۆچکەی سەلاحەدین ( سەربەن) تەواو کردوە و بۆ خوێندنی دوا ناوەندی چۆتە هەولێر لە (خەبات) خوێندنی کشتوکاڵی دوا ناوەندی تەواو دەکا .
- لە 1974 بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول دەکا بەهۆیەوە لە خوێندن دادەبرێ لە 1975 دوای نسکۆ دەگەرێتەوو ئامادەیی تەواو دەکا .

- له هەمان ساڵ لە بانکی کشتوکاڵی شەقلاوە دادەمەزرێ.
- لـە بـەهاری 1977 بـەهۆی ئاشـکەرابونی کـاری سیاسـیی لـە لایـەن رژێـم دەسـتگیر دەکـرێ و بـە دەسـاڵ زینـدانی حـوکم دەدرێ لـە زینـدانی ئـەبوغرێب دەبـێ تـا 1979 لەگەڵ هەڤالانی بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێو ئازاد دەکرێ .
- دوای ئازاد بونی رو لە شاخ دەکاو دەبێتە پێشمەرگە لە ریزەکانی ی.ن.ک .
- حالی حازربەرپرسی بەشی روناکبیریە لە مەڵبەندی 3ی هەولێر(ی.ن.ک).
- ئاستی زانستیی : هەڵگری بروانامەی بکالۆریۆسە لە زانستە سیاسیەکان .
- بـاری کۆمەڵایـەتیی : خێزانـدار و خـاوەنی دوو کـچ وسـێ کـورە ( جوتیـار، شـەنگار، بژار،پاڵە ،هێرۆ).
- بەرهـەمی (ا) وەرگێـردراوە چاپکراوەکـانی : ( 1/مێـژووی هاوچـەرخ، ئـەوروپا لـە شۆڕشـی فەرەنسـی یـەوە تـا جـەنگی دووەمـی جیهـانی .2/ دیگۆل ، پیـاوی سیاسـەت وحـــوکمران.3/ کـــوردو ئەرمـــەن ، پەیوەندییـــە مێژووییـــەکان .4/ کوردســـتان وکوردەکـان.5/گیڤـارا 6/ مکیـافیللی ،سـێبەری شـەیتان لەسـەر زەوی 7/ نـوری ســەعید،پیاوی ئەرکــە مەزنــەکانی بــەریتانیا) لــە ژێــر چــاپیش ( ماکســیم گۆرکی،بیرەوەریەکانی رۆژنامەگەریم ) هەیە .
- (ب) بەرهەمی نوسینی خۆی لە ژێر چاپە ( دەوڵەت ،دروست بون و بەرێوە بردنـی ) هەیە ، ئەمەو بە دەیان بەڵکو سەدان نوسین وچاوپێکـەوتنی رۆژنامـەوانیی لـە گۆڤارو رۆژنامە کاندا بڵاو کراوەتەوە ) .